# بۆ ئەوەی ڕاستییەکان ون نەبن

## لەزاری کەمال محێدین

# بۆ ئەوەی ڕاستییەکان ون نەبن
# لەزاری کەمال محیّدین

**چاپی دووەم**

**ئامادەکردنی:**
**ستار محەمەدئەمین**

**پێداچوونەوە:**
**عەبدولڕەحمان مەعرووف**

**هەولێر - ٢٠٢٦**

* ناوی کتێب: بۆ ئەوەی ڕاستییەکان ون نەبن لەزاری کەمال محێدین
* نۆرەی چاپ: چاپی دووەم
* ئامادەکردنی: ستار محەمەدئەمین
* پێداچوونەوە: عەبدولڕەحمان مەعرووف
* بەرگ و سەرپەرشتی هونەری: عوسمان پیرداود
* نەخشەسازی: عیسام موحسین
* تایپ: بەیار خالید بەکر
* چاپخانە :چاپخانەی ڕۆژهەڵات - هەولێر
* لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی سپاردنی(٢٨٠٠)ی ساڵی ٢٠٢١ی پێدراوە.

## سەرە قەڵەمێك بۆ چاپی دووەم

دیارە لەچاپدانەوەی کتێبی بیرەوەرییەکانی پارێزەر کەمال محیەدین، هۆکار و مەغزای خۆی هەیە، لەهەمان کات ئەگەر یەکێك لە هۆکارەکانی ئەوە بووبێ، چاپی یەکەمی ئەم کتێبە لە هیچ شوێنێك لەبەردەست نەمابێ، کە ئەوەش بۆشایی لە کتێبخانەکانی کوردستان دروست کردووە، ئەوی تریان ئەوە بووە، کە زانیاری تر و بەڵگەنامە و وێنەی تر بووینە، کە بۆی زیاد کراوە. لەهەمان کاتدا هەندێ زانیاری گرنگ و بابەتی نوێ لەناو کتێبەکە لە چاپی دووەم جێگای خۆی کردۆتەوە، کە بۆتە بەشێکی تری ڕاستییەکان لەسەر زاری مامۆستا (کەمال محیەدین)، کە دڵنیام لەدوای ئەم چاپی دووەمە هی تریشی بەدواوەوە دێت.

ئەگەر بووە پرسیاری ئەوەی بۆ لەچاپی دووەم بۆتان زیاد نەکردووە، دیارە مامۆستا کەمال وەکوو کانیاوێکە بە بەردەوامی هەرچەندە ئاوی لی هەڵدەهێنجی زیاتر دەتەقێتەوە و زانیاری نوێتر لە زەین و هۆشی ئەو پەنگ دەخواتەوە و هەر سروشتی خۆشی وایە، دەیەوێ زۆر ڕاستگۆیانە هەق بداتە هەموو بیرەوەرییەکانی و ئەوانەی لەگەڵ یادەوەرییەکانی ئەو ژیاون، ئەوەی گرنگە لەچاپی دووەم جگە لە زیادکردنی کۆمەڵێك وێنە کە بوونەتە بەڵگەنامەی مێژوویی گرنگ و نوێ، کە لە چاپی یەکەمدا نەبوونە یان لەبەردەستدا نەبوونە، ئەوە لە چاپی دووەم زۆر وردتر و جوانتر بەرچاو دەکەوێت، هەروەها چەند بابەتێك، کە لەگۆڤاری دۆکیومێنت بڵاوی کردبوونەوە پێمان باش بووە لەبەر گرنگی بابەتەکان ئەویشی بخەینە سەر خەرمانی یادەوەرییەکانی مامۆستا کەمال، هەروەها ئەوەی زۆر گرنگیشە چاکردنەوە و ڕاستکردنەوەی ئەو هەڵە و کەموکوڕیانەیە، کە لە چاپی یەکەمدا هەبوون، هەرچەندە کەمترین هەڵەی تێدا هەبووە، بەڵام ئەوەی زۆر گرنگە ئەو زانیارییە گرنگانەیە، کە لەسەر مامۆستا برایم ئەحمەد ـ ە، کە لەم چاپەدا زیاتر و دەوڵەمەندتر باسی کردووە، ئەوەی لێرەدا شایەنی گوتنە لە چاپی ئەم جارە سوپاسی تایپیست (بەیار خالید بەکر ئەیوب) و هەورەها دیزاینەر (مامۆستا عوسمان پیرداود) بکەین کە بەڕاستی هەر لەسەرەتاوە هەردووکیان وەکوو سەربازێکی ون پاڵپشتیان کردووم بۆ ئەوەی لەم چاپەدا بەجوانترین شێوە کتێبی (بۆ ئەوەی ڕاستییەکان ون نەبن) بگەیەنێتە بەردەستی خوێنەران، هیوادارم هەموان لێرەوە ڕاستییەکان بزانن بۆ ئەوەی ون نەبن.

**ستار محەمەدئەمین**

**٢٠٢٥/٥/٥ – هەولێر**

هەواڵنامەی کتێب

## بۆ بڕیارماندا کتێبەکە چاپ بکەینەوە

چاپکردنی ئەو کتێبە لەسەرەتاوە کارێکی ئاسان و بەردەست نەبوو لەپێشەوە لەبەر ئەوەی ناونیشانەکەی زۆر گەورە و قورس و فرە ڕەهەند بوو لە ڕووی کات و ڕووداو و لایەنە پەیوەندیدارەکان لەلایەکی ترەوە زۆر لە هەڤاڵ و دۆستەکانم هانیان دەدام، کە پەلە بکەم لە ئەنجامدانی ئەم کارە پیرۆزە، خۆشم هەستم دەکرد بە نەمانی خۆم زۆر لە ڕاستییەکان زیندەبەچاڵ دەبن، زۆر گلەیی و گازاندەش لە قەبرەکەم بەرۆکم دەگرن، چونکە ئەوەی لەسەر شانم بووە جێبەجێم نەکردووە بۆ خزمەتی مێژووی میللەتەکەم.

بۆیە بڕیارمدا و ناوی خوام هێنا و دەستم کرد بەم کارە پیرۆزە، ئەگەر ناکامیش بێت، چونکە کاری بێ کەموکووڕی تەنیا کاری خوایە.

بەشی زۆری ئەرکەکانی چاپ و تێچوو و ناساندن و بڵاوکردنەوەی کتێبەکە کەوتە سەر شانی کاک مەسعوودی مەلا هەمزە، خاوەن ئیمتیازی گۆڤاری دیوان و هەڤاڵ ستار محمدئەمین سەرنووسەری گۆڤاری دۆکیومێنت بەسوپاسێکی زۆرەوە خۆم بەقەرزاریان دەزانم.

پاش بڵاوبوونەوەی کتێبەکە ژمارەیەك لە گلەیی و ڕەخنە و سوپاس و تێبینیمان ئاراستە کرا، کە پێویست بوو وەڵامیان بدەینەوە، ئەمە لەلایەك.. لەلایەکی دیکەوە خۆتان دەزانن قەبارەی نووسینەوەی ژیاننامە و بیرەوەرییەکان بەندە بە ژیانی نووسەرەکە، چونکە هەتا نووسەرەکە لەژیان بەردەوام بێت ژیاننامە و بیرەوەرییەکانی بە نووسینی کتێبێك کۆتایی نایەت، کە لە ساڵی "٢٠٢٢"دا نووسیومە، واتە دەبێ ژیاننامە و بیرەوەرییەکانم کە لەدوای ئەم ساڵەوە بنووسمەوە، جا یا ئەوەتا سەربەخۆ بە بەرگێکی دیکە چاپی بکەم یان بیخەمە سەر کتێبەکەی پێشوو جارێکی تر چاپی بکەمەوە، کە ئەوەتا ئەوەی دووەممان هەڵبژارد.

دیسان خۆتان دەزانن بەشی هەرە زۆری ئەو بەڕێزانەی ژیاننامە و بیرەوەرییەکان دەنووسنەوە بە خۆشمەوە لەدوا قۆناغی ژیانیان ئەم ئەرکە جێبەجێ دەکەن، کە بێگومان نیوەی تواناکانیان لەدەستداوە بۆ نووسینەکانیان و پێویستییان بەپێداچوونەوە و دەوڵەمەندکردن هەیە، بۆیە پێویستە بەرهەمەکانیان چاپ بکەینەوە.

یەکێك لەهۆیە هەرە گەورەکانیش بۆ چاپکردنەوەی کتێبەکە ئەوە بوو، کە

ژمارەیەکی زۆر لە هەڤاڵ و دۆست و خوێندەوارانی کورد لە ناوەوە و دەرەوەی کوردستان کتێبەکەیان دەست نەکەوت، چونکە ژمارەیەکی کەممان چاپ کردبوو.

لێشتان ناشارمەوە ڕەنگە زۆر لە ڕووداو و هەڵوێست و کار و کاردانەوەکانم باس نەکردبێ، چونکە نەمویستوە بەنزین بە ئاگرەکاندا بکەم، ئومێد دەکەم لەکاتێکی نزیك و گونجاو و سوودبەخش بتوانم ئەم ڕاستییانەش بخەمە بەردەستی بەڕێزتان وەك (خۆ بەستنەوە بە مارکسیەت و ماویەتی و داگیرکەرانی کوردستان و شەڕی سوننە و شیعە و عەرەب و ئیسرائیل و دژایەتی ئیسلام و بەربەرەکایەتی کردنی زلهێزەکانی جیهان و دابەشکردنی عێراق بەسەر کورد و شیعە و سوننە و مافی چارەنووسی میللەتی کورد و دژایەتی کردنی خەباتی کوردایەتی لە هەموو کوردستان، کارەساتی هەکاری و ڕیفراندۆمی کوردستان و دژایەتی کردنی ڕیفراندۆمە پیرۆزەکە بۆ سەربەخۆیی و پاشەکشەی دیموکراسیەت و پەیڕەوکردنی دیکتاتۆریەتی زۆرینە لە بەغدا و هەوڵ و پیلانەکان بۆ پووکانەوە و لەناوبردنی هەرێمی کوردستان و خۆ دزینەوە لە فیدرالیەت...) زۆری تریش، چونکە زۆرینە و کەمینە لەو وڵاتانە پەیڕەو دەکرێت، کە یەك میللەت و نیشتیمانن، نەك وەکوو عێراقی دروستکرا و لە دوو میللەت و دوو نیشتیمان، بۆیە هەموو ئەو دەستوور و یاسا و بڕیارانەی دەدرێن دەبێ بە ڕێککەوتن بێت، نەك بە دەنگی زۆرینە، چونکە لە عێراق زۆرینە عەرەبی شیعەن، واتە ئەگەر بڕیاردان لە پەرلەمان و ئەنجوومەنی وەزیران بە زۆرینە بێت دەبێ هەموو شتێك بە بەرژەوەندی و ئارەزووی عەرەبی شیعە بێت، ئەمەش پێچەوانەی دەستووری عێراق و دیموکراتییەت و ئیتیحادی ئیختیاریە.

**پارێزەر : کەمال محیەدین**
**هەولێر ـ ٢٠٢٤/٢/٢٢**

## بۆ بەڕێز پارێزەر کەماڵ محێدین غەفووری

ڕێز و سڵاومان قبوڵ بفەرموون

بەڕێز جەنابی پارێزەر کاك کەماڵ.

دوای گوێگرتنم بە وردی لە گفتوگۆیەکەت دەمەوێ ئەو سەرنجانەت بۆ دەربڕم:

١. دەتوانم بڵێم یەکەم جارە بینەری گفتوگۆیەکی ئاوا سەرنجڕاکێش بم، کەوا لە بینەر دەکات بیر و هزری بۆ لای خۆی بگێڕێتەوە، من نەمزانی ئەم "٤٥" خولەکە چۆن کۆتایی پێهات.

٢. یەکەمجارمە بینەری گفتوگۆیەکی ئاوا بەسوود بم کە بتوانم تێی بگەم.

٣. یەکەمجارمە لە مەفهومی دەستوور تێبگەم، وە ناوەکەی لەچییەوە هاتووە.

٤. یەکەمجارمە بزانم وشەی (اتحاد) واتای چی دەگەیەنێت و (اتحاد) بەچەند واتا هاتووە.

٥. فیدراڵی مانای چییە؟ و چەند جۆر فیدراڵی هەیە؟ و کامە فیدراڵی بۆ گەلی کورد باشە؟

٦. وەك بەڕێزتان ئاماژەتان پێکردووە لە چاوپێکەوتنەکەتدا، ئەو کەسەی کە دیاری دەکرێت بۆ لیژنەی نووسینەوەی دەستوور، مەبەستم نوێنەری کوردە، دەبێت چەند تایبەتمەندییەکی تایبەتی هەبێت:

یەکەم: دەبێت کەسێکی لێزان بێت.

دووەم: دەبێت کەسێکی زیرەك و شارەزا بێت لە زمانی عەرەبی.


سێیەم: لەبەرئەوەی وشە هەیە لە زمانی عەرەبیدا بەهۆی گۆڕینی (کەسرە و فەتحە و شەدە و... هتد) بە حەوت جۆر واتاکەی دەگۆڕێت.

لە کۆتاییدا زۆر سوپاسی بەڕێزتان دەکەم بۆ ئەم چاوپێکەوتنە، دەتوانم بڵێم بەچاوپێکەوتنێکی گرنگی دۆکیۆمێنتی مێژوویی دابنێم.


چونکە بە بۆچوونی من دەتوانرێت ئەم چاوپێکەوتنە ببێتە بناغەیەك بۆ نەوەکانی داهاتوو تا سوودی لێ ببینن بۆ هەر گۆڕانکارییەك لە دەستووری داهاتووی عێراقدا.

**مامۆستا شوان گۆمەشینی**

٢٠٢٠/١/٢٠




درەختی بنەماڵەی غەفوریان




پارێزەر

کمال محی اسعد

٢٠٢٥/١٠/٥

هەواڵنامەی کتێب

## کاروانی هۆزی غەفوورییان لە کۆمەڵ کوشتنیان
## بۆ ڕابەرایەتی خەباتی کوردایەتی

بە پێویستم زانی، بە کورتی و بە پووختی چەند نموونەیەك بخەمە بەر دیدی بەڕێزتان، لەبەر ئەوەی هۆزی غەفوورییان دژی ستەم و ستەمکاران بوونە و هەمیشە بەرگرییان لە بەرژەوەندیی گەلەکەیان کردووە، بۆیە چەندەها جار دەربەدەر بوونە و کۆمەڵکوژ کراون، زێدی غەفوورییەکان لە کوردستانی ڕووسیا لە ناوچەکانی گورجیستان، ئازربێجان، ئەرمینیا و نیگۆرنی گەرەباغ، بووە.

١. قەیسەرەکانی ڕووسی زۆر ستەمیان لە هۆزی غەفووری کردووە، بە تایبەتی لەسەردەمی ئەلیکسندەر ئیڤان الرهیب و بطرس الاكبر، دەربەدەر و کۆمەڵ کوژ کراون، بۆیە قارەمانی هۆزی غەفووری (ئەحمەد خان) ناسراو بە ئەمیر خان، خۆی و ٦٠٠ شەش سەد کەس لە زێدی خۆیان کۆچیان کرد و ڕوویان کردە ئیمارەتی سۆران، کە ماوەی دەسەڵات و سەردەمی عومەر بەگی میری سۆران بووە، خان تووشی شەڕێکی قورس و کوشندە بووە، لەم شەڕەدا دەستێکی پەڕیوە، ئیدی ڕوویان کردۆتە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، کە ئەو دەمە شا عەباسی سەفەوی لەسەر تەختی ئێران بووە، لەبەرئەوەی شا عەباس هەمیشە ناحەزی زۆر بووە، بۆیە دوای گفتوگۆیەکی زۆر بە پەناهەندە وەری گرتن ... غەفوورییەکان لە چەندان داستان، کە دژی شا عەباس ئەنجام دەدران، سەرکەوتنیان بەدەستهێنا، شا عەباس بەم سەرکەوتنانەی هۆزەکە، زۆر سەرسام بووە.

**بۆیە شا بانگی کردە کوردانە**
**دەستێك لە زێر و دوڕانە**
**دروست کەن بۆ خانی کوردانە**
**وەستا هاتنە دوکانی**
**چەکوشیاندا لە سندانی**
**دەستیان چەسپاند لە قۆلی خانی**

لەم ڕۆژەوە ناو لە ئەحمەد خان نرا خانی لەپ زێڕ، ڕۆژ لەدوای ڕۆژ هۆزی غەفوورییان ئەستێرەیان دەدرەوشایەوە، خان داوای لە شا عەباس کرد لە ناوچەی شنۆیە قەڵایەك دروست کات، ئەحمەد خان قەڵای دروست کرد، قەڵای ناونا (دمدم)، بۆ وەرگرتنی زانیاری لەسەر ئەم قەڵایە، چاو لە کتێبی (ئۆسکار مان) نووسەری بەناوبانگی

ئەڵمانی بکە، کتێبەکە بە ناوی (التحفة المظفرية)یـە، کـە هـێمن موکریـانی کردوویەتییـە کوردی.

٢. ناحەزانی ئەحمەد خان چاویان بەم پلەوپایەی هۆزی غـەفووریان هەڵنـەدەهات، بە تایبەتی سەرکردەکانی هۆزی جەلالیان، لەلای شا عەباس شکایەتیان لەئەحمەد خان کرد، گوایە ناحەزی شا عەباس لەناو قەڵاکەیـە، شـا عەباسـیش بـەم کـارە زۆر نیگـەران بوو، داوای لەئەحمەد خـان کـرد ناحـەزەکانی تەسـیلم کـات، ئەحمـەد خـان پێـی گـوتن ئەوانە لەلای من پەناهەندەن، هـیچ شـتێکی وایـان نـەکردووە دژی جـەنابتان تـا خۆیـان نەڕۆن ناتوانین تەسلیم بە ئێوەیان بکەین، دابونـەریتی ئێمـە ڕێگامـان نـادا بیـان دەینـە بەڕێزتان ...، بۆیە شا عەباس پاش زیـاتر لـە سـاڵێك بـە خیانـەتی وەلـی بـەگ مـوکری سەروچاوەی ئاوی قەڵای پێ گوتن، لەبەر بێ ئاوی و پاش شەڕێکی قورس قەڵاکە گـیرا، کۆمەڵکوژیەکی زۆریان لێ کردن و زۆریشیان دەربەدەر بوون، خێزانی ئەمیر خانیش، کە ناوی (دەوڵەت خانم) بوو خۆی کوشـت، بـە هـەزارانیان کۆمـەڵ کـوژ کـران و زۆریشـیان دەربـەدەر بـوون، ڕوویـان کـردە کوردسـتانی عێـراق، لـە گونـدی وەرتـێ گیرسـانەوە، هەندێکیشیان بەرەو ئامێدی ڕۆیشتن، پێیان دەڵـێن شـەرەفانی و هەندێکیشـیان چـوونە ئەسپیندارە، لەوانەی وەرتێ پـاش چـەندین سـاڵ لـە زیـادبوونی وەچـەیان سـێ برایـان ڕوویان کردە شاری کۆیـە، لەوانـە: غـەفوور ئاغـا، سـاڵح ئاغـا، کـەریم ئاغـا، دیوەخـانی نوێیان دامەزراند و خەریکی کەسابەت بوون، بە تایبەتی پیشەی دەباغچێتی.

٣. حـاکمێکی عوسمـانی لـە کۆیـە بـوو بـە نـاوی (عیسـا)، زۆر بەدڕەوشـت بـوو، دەچووە سەر ڕێگای ئافرەتـان لـە حـەمام، ڕۆژێکیـان خێزانـی یـەکێك لـە غەفووریـەکان دێتەوە منداڵێکی لە باوەش دەبێ ئەم بەدڕەوشتە هەوڵ دەدات منداڵەکەی مـاچ بکـات، ئافرەتەکە مستەکۆڵەیەکی لێدەدا و ناهێڵێ منداڵەکەی ماچ بکا و زۆر قسەی ناشرین بەم عیسا بەدڕەوشتە دەڵێ، دوایی بە مێردەکەی دەڵێ شتێکی وا بووە نەکـەی لێـی قبـووڵ بکەی، (عیسا)ی بەدڕەوشت هێزێکی زۆر کۆدەکاتەوە بۆ کۆمەڵ کوژی کەسوکاری ئـەم ئافرەتە، کە غەفووری بوون، زۆریـان دەکـوژن و هەنـدێکیان ڕا دەکـەن بـۆ چـیا، دوایـی بـەفێڵی چـۆلەکەکە ! ! ! دەیـان گەڕێنێتـەوە بـۆ کۆیـە، هـەموویان لـە قشـڵەی کۆیـە دەستبەسەر دەکەن و داوایان لێ دەکەن لەم قسانە پەشیمان ببنـەوە، بـەڵام پەشـیمان نابنەوە، بۆیە فەرمانی کۆمـەڵکوژیان بـۆ دەدا و هـەموویان شـەهید دەکـەن، زۆریشـیان

چوونه ناو نوینی (ئاوەڕۆ) شارەکەی و خۆیان شاردەوە، دوایی بە شەو ڕایان کردە لای میری سۆران، لای پاشای گەورە، لەوێ بە پەناهەندە وەرگیران.

مەلا عەبدوڵڵای یەکەمی جەلی زادە، ناسراو بە (واثق باللە) لەم کۆمەڵکوژیە (چاوەڕ) بوو، واتە شاهید بوو، بەم بۆنەیەوە ئەم هەڵبەستەی بە عەرەبی فەرمووە:

**لقد جرى حكم الحكيم الأوحد**

**في ثالث الشـــوال فجر الأحد**

**بنهـــب كـــو وقتل للأكـــابر**

**للظهر في (غرلجـــد) بالأبجـــد**

**واثق بالله**

**فجر الأحد ثالث شوال ١٢٣٧ هجري**

٤. پاش ئەوەی چەند ساڵێك غەفوورییەکان لەلای میری سۆران مانەوە، چەندەها کاری باشیان ئەنجامدا، میری سۆران خودی خۆی بەڕێی کردنەوە بۆ کۆیە، دامودەزگای دیوەخانیان دامەزراندەوە، پیاوی زۆر گەورەیان لی هەڵکەوت، لەوانە: مەحموود ئاغای غەفووری، دوایی حەمە ئاغای گەورە و نەوەکانی، حەمە ئاغا زۆر خێرخواز بوو، دیسان لە سەردەمی عوسمانییەکان لە ساڵانی ١٩٠٥ ـ ١٩١٧ سوپای عوسمانی زۆر پەرێشان و برسی بوون و گرانی بوو، حەمە ئاغای گەورە لە هەموو گەڕەکەکانی کۆیە فرنی نانی دانابوو و خواردنیان دەبەخشییەوە بەسەر هەژاراندا، عوسمانییەکان زانیان حەمە ئاغا عەمباری گەنم و جۆی هەیە، ویستیان تاڵانی بکەن، حەمە ئاغا بەرگری کرد و نەیهێشت تاڵان بکرێ، بۆیە عوسمانییەکان ویستیان حەمە ئاغا و هەڤاڵەکانی بگرن، بەڵام حەمە ئاغا و هێزەکەی چوونە گوندی میر سەیدی لەدیوی چیای هەیبەت سوڵتان، عوسمانییەکان بەهۆی ئافرەتێکی بەدرەوشت کە خەڵکی کۆیە نەبوو ناوی (کەسکە)ی بەدرەوشت بوو، بەهۆی ئەوەوە شوێنەکەیان زانی، بەرەبەیانییەکی زوو دەورەی میر سەیدیان دا، شەڕێکی قورس ڕوویدا، شەڕەکە نابەرامبەر بوو، جەماعەتی حەمە ئاغا زۆر شەهیدیان دا، حەمە ئاغاش بریندار بوو و بە دیلی گیرا، ١٥ ساڵ حوکمدرا و بردیانە بەغدا، مەحموود ئاغای باوکی بە شوێنیدا ڕۆیشت، لە کەرکووك وەفاتی کرد، ئەو ماوەی لە زیندان بوو، نانی هەموو حەپسەکانی دەدا، دوای گەڕانەوەی بۆ کۆیە لە ساڵی ١٩٢٠ بووە حاکمی کۆیە، یاریدەدەرەکەشی خوالێخۆشبوو جەمیل ئاغای حەوێزی بوو، لەو

هەولێرنامەی کتێب

سەردەمەشدا جەنابی مەلای گەورە قازی کۆیە بوو، ئەم سێ پیاوە گەورە و مەزنە، کۆیەیان بەڕێوە دەبرد، سەردەمی ئەم بەڕێزانە، کۆیە لە لوتکەی بەرزیدا بوو، هەزاران ڕەحمەت لە گیانی پاکیان بێت و سڵاوی گەرم لە هەموو شەهیدانی بنەماڵەکانی کۆیە بێت بەبێ جیاوازی.

کۆیەی ئەوکات لە هەموو ڕوویێکەوە گەلێك لە کۆیەی ئێستا پێشکەوتووتر بوو.

کۆیەی شاری شەهیدان و هونەرمەندان و ڕۆشنبیران و بیرمەند و ناوداران، هەزاران سڵاوتان لی بێت هەردەم ئێوە نەمرن.

**حاجی محیەدین ئەسعەد غەفووری**

**هەینی : ٢٠٢٤/٨/١٦**

هەواڵنامەی کتێب

# نووسینەوەی ژیاننامە و بیرەوەرییەکان

## ئەرك و دەستکەوتن

ئێمەی مرۆڤ لە ڕۆژی لەدایکبوونمانەوە تا کۆتایی ژیان و ماڵئاوایی لە کەسوکار و کۆمەڵگا و جیهان، قەرزاری نیشتیمان و میللەتی کورد و جیهانین بە هەوا و ئاو و خۆراك، بە پەروەردە و پێگەیاندن، بە شەونخوونی دایك و باوك و خوشك و برا و بە بوونی ئاشتی و خۆشگوزەرانی، لە سایەی کۆمەڵگا و فەرمانڕەوا باشەکانمانەوە قەرزاری جیهانین بە زانست و زانیارییەکانیانەوە .. بەڵێ زۆر قەرزارین، کە لەدایك بووین بریتی بووین لە پارچە گۆشتێك و هەندێ ئێسقانی نەرم، لە هەناسەوەرگرتن و خواردن و گریان بترازێت، شتێکی دیکەمان نەدەزانی، ڕۆژ بە ڕۆژ ئەرکمان زیاتر دەکەوتە سەر شانی دایك و باوکمان، دوایەش سەر شانی نیشتیمان و کۆمەڵگا و جیهان تا لە پڕێك دەبینە مرۆڤێکی کامل و خاوەن پێگە و پلەوپایەی شایستە بە خۆمان، واتە ئێمە تەنیا بە شان و پیل و بازووی خۆمان نەبووینە ئەو مرۆڤە ڕێك و پێك و بەتوانا و ژیر و چاك و ئازا و بەڕێزە، بەڵکوو بەشی زۆری ئەو لایەنانەی ئێمەیان گەیاندۆتە ئەو پێگە و کەسایەتییە مەزنە، بریتین لە دایك و باوك و خێزان و گەل و نیشتیمان و جیهان، ناشتوانین توانا و ئامادەیی خودی مرۆڤەکە فەرامۆش بکەین، بە تایبەتیش لە ڕووی جەستە و هەست و بیروبۆچوونەکانی.

واتە ئێمەی مرۆڤ قەرزارین و دەبێ ئەم قەرزە بدەینەوە، ئەویش بە یاداشتکردن و چاپکردن و بڵاوکردنەوەی هەموو ژیاننامە و بیرەوەرییەکانمان بە شێوەیەکی ڕاست و دروست و دوور لە خۆهەڵکێشان و بەرز و بڵندکردنەوەی ئەملا و ئەولا یا نزمکردنەوەی هیچ کەس و لایەن و هەڵوێستێك، بێ بنەمای ڕاست و دروست و بەرچاو، چونکە نیشاندانی کار و هەڵوێستە باشەکان، بۆیە باشن کە کار و کردەوەی باشتریان لەسەر دروست بکەین بۆ بەرژەوەندیی گەل و نیشتیمانەکەمان، نیشاندانی کار و هەڵوێستە خراپەکانیش پێویستن بۆئەوەی دووبارە ڕیسوا بکرێن و سەرچاوەکانیان وشك بکرێن تا دووبارە و سێ بارە نەبنەوە.

نامەوێ درێژە بە باسەکە بدەم و لە ناوەڕۆکەکەی دووربکەومەوە، واتە ئەگەر ژیاننامە و بیرەوەرییەکان بنووسینەوە و بڵاوبکرێنەوە لە شوێنی پێویست، ئەوا قەرزەکانی سەرمان دەدەینەوە و سوودیش بە خۆمان و کەسوکار و گەل و نیشتیمان و

جیهانیش دەگەیەنین.

* خۆ ئەگەر ژیاننامە و بیرەوەرییەکان نەنووسینەوە لەگەڵ خۆمان لە گۆڕستانەکان بیان نێژین، ئەوا (٣) سێ گوناهـ و تاوانی گەورە دەکەین:

١. ئەو قەرزەی لە سەرمانە تا ڕۆژی قیامەت بەرۆکمان بەرنادا و بە قەرزار دەمێنینەوە، گەل و نیشتیمان و کەسوکار لێمان قەبووڵ ناکەن و بە گلەیی و گازاندە باسمان دەکەن.

٢. گەل و نیشتیمان و خێزان و دەوروبەرەکانمان بێبەش دەکەین لە دیتنی کار و کردەوە و هەڵوێستە باش و خراپەکان.

٣. پێگە و کەسایەتی خۆمان ون دەکەین وەك بەردی بن گۆمێ، خێزان و نەوەکانمان بێبەش دەکەین لە پێگە و کەسایەتی خۆمان و نیشاندانی کارە باش و خراپەکان تا نەوەی نەوەکانیشمان سوودیان لێ ببینن و کاری باشتریان لەسەر دروست بکەن و ڕێگا نەدەن کارە خراپەکان سەر هەڵدەنەوە و تەشەنە لەناو گەل و نیشتیمان بکەن.

لە سەدەی ڕابردووەوە تا ئیمڕۆ هەزارەها بیرمەند و داهێنەر و کوردپەروەر و وڵاتپارێز و دیموکراتخواز و شۆڕشگێڕ و نووسەر و شاعیر و مامۆستا و پیشەساز و ... لە کوردستانی گەورە زۆربەیان ماڵئاواییان کردووە و هەموو کردار و هەست و بیر و بیستن و دیتنە باش و خراپەکانیان لەگەڵ خۆیان بردۆتە ژێر خاکەوە، بەبێ ئەوەی خاوەن قەرزەکان و خۆشیان پاش مردنیان سوودی لێ وەربگرن.

ڕێگا بە خۆم نادەم گلەیی و گازاندە ئاڕاستەی کۆچکردوان بکەم، چونکە ڕەنگە هەر یەکەیان بەڵگە و بەربەستی هەبووبێت، بەڵام دەتوانم بڵێم دەبوایە بەپێی توانا قەرزەکانیان بدەنەوە گەل و نیشتیمان و خێزانەکانیان، ئەگەر سەرنج بدەینە پێگە و کەسایەتی گەورەی هەندێ لەو کۆچکردوانە، وەك هەمیشە زیندوو: (شێخ سەعیدی پیران، شێخ مەحموودی مەلیکی کوردستان، شێخ عەبدولسەلام، قازی محەمەدی سەرۆکی کۆماری کوردستان، مەلای گەورەی کۆیە، شێخ نوری، کاك مەسعوود محەمەد، حاجی قادری کۆیی، دڵدار، مەلا مستەفا بارزانی، جگەر خوێن، بەدرخانییەکان، مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد، د. سەید عەزیز شەمزینی، حەمەد ئاغا، جەمیل ئاغا، کاکە زیاد، کاك نوری شاوێس، کاك هەمزە عەبدوڵڵا، عەلی عەبدوڵڵا، عومەر مستەفا، مام جەلال، د. خالید سەعید، عەلی عەسکەری، نەوشیروان مستەفا، مەلا جەمیل ڕۆژبەیانی،

کەمال موفتی، محەمەدی حاجی تاهیر، عەبدولڕەحمان قاسملۆ، عەزیز محەمەد، حەمید عوسمان، مامۆستا ڕەقیب یووسف، عەبدولڕەحمان ڕووتە، کاکە حوسێنی خانەقا، کاك ڕەئوف عەسکەری، شەهاب شێخ نوری، ... تاد) هەموو ئەوانە و زۆری دیکەش وەك پێویست ژیاننامە و بیرەوەرییەکانیان نەنووسیوەتەوە، بەڵکوو هەندێکیان بە وشەیەك یا بە چەند لاپەڕەیەك بەم کارە پیرۆز و پێویستە خۆیان ماندوونەکردووە و هەموو خەبات و ئەزموون و زانیارییەکانیان لەگەڵ جەستەی خۆیان زیندەبەچاڵکرد و گەل و نیشتیمان و کەسوکارەکانیان لەو هەموو سەرمایە گەورەیەیان بێبەشکرد، خۆیان هەتا هەتایە بە قەرزاری هێشتەوە و پاش چەند سەدەیەك ناوونیشانیان نامێنێ، ئومێددەکەم زیندووەکان بە پەلە ئەگەر ئیمڕۆ زوو بێ سبەی درەنگە ئەم کارە پیرۆزە جێبەجێ بکەن.

ڕۆژێك چوومە خزمەت بیرمەندی گەورەی کورد حەزرەتی (مەسعوود محەمەد)ی کۆیە لە ماڵی خۆی لە بەغدا، لەناو قسەکردن و پرسیاران لێم پرسی گوتم: کاك مەسعوود ڕۆژێك دێت زانست و زاناکان بتوانن زانیارییەکانی ناو مێشکمان بهێننەدەرەوە پێش یا پاش مردنمان، بۆئەوەی ون نەبن و میللەت و نیشتیمان و کەسوکار و هەموو ئادەمیزاد سوودی لێ وەربگرن و مێژووی خۆمان و میللەتی کورد دەوڵەمەندبکەن..؟؟ کاك مەسعوود گوتی: زانست و زاناکان قەت و قەت سنووردارنەبوونە و ناشبن، بەلای من ئەو ڕۆژە دوور نییە. منیش گوتم: کاك مەسعوود (١٠٠) سەد ساڵ تەمەن تۆزێکە ماڵئاواییش لە پڕێکە، واتە بۆ ژیاننامە و بیرەوەرییەکانت نانووسیتەوە..؟ گوتی: بە سەری جەنابت ئەگەر تەمەن و کەشوهەوای سیاسی ژیان ڕێگەم نەگرن، ئەوا لە ماوەی دوو ساڵێك ئەم ئەرکە بەجێدێنم، گوتم: درەنگ نابێ ...؟ گوتی: کارەکە قورسە و زۆری دەوێ، دوایی بە دەنگێکی بەرز و پڕ لە پەرۆشەوە فەرمووی: کاك کەمال خۆت بۆ دەست پێناکەی ...؟ تا ئێستاش ئەم قسە و پرسیارانەی کاك مەسعوودی بەڕێز لەبن گوێم و ناو مێشکم دەزرینگێنەوە، لەو کاتەوە بڕیارمدا ئەم ئەرکە بەرهەم بێنم و قەرزەکانی سەر شانم سووك بکەم، بۆئەوەی نیشتیمان و میللەت و جیهان و کەسوکار و هاوڕێیانم سوودی لێ ببینن، بەڵام دەبوایە زووتر ئەم کارە پێویست و گرنگە ئەنجام بدەم، بەڵام کاری سیاسی و دەربەدەری و پێشمەرگایەتی و بەندیخانەکانی کۆیە و کەرکووك و ڕانیە و دوو جار بریندارِبوونم بە فڕۆکەکانی سەدام حوسێنی دیکتاتۆر لە حاجی قەلا و پردی هیزۆپ لە ساڵانی: (١٩٦٣ – ١٩٦٤) و سەرقاڵیم بە ڕێکخستنە

نهێنییەکانی یەکێتیی نیشتیمانی کوردستان لە بەغدا و لێپرسراوێتی مەڵبەندی بەغدا و مەکتەبی پەیوەندییەکانی نیشتیمانی لە ساڵانی: (٢٠٠٤ – ٢٠٠٩) پاشان لێژنەی یاسایی لە مەکتەبی سیاسی و لە لای ڕابەر و پێشمەرگە و سەرۆك کۆماری عێراق مام جەلالی هەمیشە زیندوو، هەموو ئەو کارانەی سەرەوە نەك نابن بە بەڵگە بۆ نەنووسینەوەی ژیاننامە و بیرەوەرییەکان، بەڵکوو دەبێ جارێکی تر ببن بە هاندەر بۆ ئەم کارەی سەرەوە، لەبەرئەوەی تەمەنیش تەنگاوی کردووم و هەست و بیر و هۆش و چاو و گوێش وردە وردە لە پاشەکشەدان، بۆیە دوا بڕیارمدا ئەم کارە پیرۆز و گرنگە بەرهەم بێنم، هەرچەندە گومانم نییە لەوەی کارەکەم بێ کەموکوڕی نییە و نابێت.

دەبێ ئەو ڕاستییەش بڵێم ئەگەر هەوڵ و توانا و یارمەتی هەڤاڵ کاك ستار نەبوایە، بەمزوانە ئەم بەرهەمە لەدایك نەدەبوو، لەبەر هەندێ خۆم بە قەرزاری دەزانم و زۆر سوپاسی دەکەم و داوای تەندروستی و سەرکەوتن و تەمەن درێژی لە یەزدانی گەورە بۆ دەکەم.

قەت نەمویستووە و ناشتوانم ئەو ڕاستییەش بشارمەوە، کە پێگە و کەسایەتی و مانەوەم بە سەربڵندی لەناو میللەتەکەم تا ئیمڕۆ بەشی هەرە زۆری دەگەڕێتەوە بۆ ماندووبوون و شەونخوونی و لەخۆبووردەیی دایك و باوك و خوشك و خێزان و براکانم، کە بە درێژایی ژیانم بێ ناز و بێ ئومێدیان نەکردوومە، سەرەڕای هەموو ئەو بارگرانییەی لە هەموو قۆناغەکانی ژیانم خستبوومە سەرشانیان، بە تایبەتیش لە ڕۆژانی منداڵی و خوێندن و خەباتی سەختی کوردایەتی لە شار و شاخ، بۆیە پاداشتی ئەو بەرز و بەڕێزانە، ئەو خۆشەویست و ئازایانە ئەوەندە زۆر و گرنگن، کە هەر خزمەتێکیان بکەم ناکاتە دڵۆپێك لە دەریایەك، بۆیە لە پێشەوە داوای لێبووردنیان لێ دەکەم، چونکە زۆر پێمەوە ماندبوون و ئازاریان دیت، خۆڵی سەر گۆڕی کۆچکردووەکان و دەست و چاوی زیندووەکان ماچ دەکەم، لە خوای گەورەش دەپاڕێمەوە کۆچکردووەکان بە خۆشەویستی خۆی و بەهەشتی مەزن شادبکات، ئەوانەی لە ژیانیش ماون تەمەن درێژ و تەندروست و سەرکەوتووبن، لە دوا قسەم داوای لێبوردن و دەست خۆشی لە هەموو ئەو خوشك و برایانەی سەرانسەری کوردستانی گەورە دەکەم، کە لە کەموکوڕی ئەو بەرهەمە بچووکەم ئاگادارم بکەنەوە بۆ دەوڵەمەندکردنی.

هەولێر: ٢١-٣-٢٠٢١

پارێزەر کەمال محیەدین

هەواڵنامەی کتێب

# کەمال محیەدین لەچەند قۆناغێکی ژیانی

١. لە زستانی ١٩٣٦ لە شاری کۆیە، لە خێزانێکی ناسراو و کوردپەروەر لە دایك بووە.

٢. لە منداڵییەوە تا هەرزەکاری زۆر چالاك و بزێو بووە، هەمیشە هەوڵی دەدا لە ڕیزی پێشەوە بێت، لەگەڵ برادەرەکانی زۆر خولیای شەڕە کەڵەشێر و کەو و شەڕە گەڕەك بووە لە کۆیە، تەنانەت دوو جاریش لەم شەڕانە، بریندار بووە.

٣. هەموو قۆناغەکانی خوێندنی لەکۆیە تەواو کردووە پاشان چووەتە کۆلێژی ماف، لە بەغداد لە ١٩٦٠/٦/١٢ بڕوانامەی بەکالۆریۆسی وەرگرتووە.

٤. لە ١٩٤٨ بووە بە ئەندامی یەکەمین ڕێکخراوی قوتابیان لە کوردستان K.P.X بەناوی ڕێکخراوی پێشکەوتن و خوێندەواری، کە مامۆستای بەڕێز کەمال عەبدولقادر سەرۆك و مام جەلال سکرتێری بوون.

٥. لە نەورۆزی ١٩٥٣ بووە بە ئەندامی پارتی، ناوی نهێنی "خۆر" بووە و ئابوونەشی پەنجا فلس بوو.

٦. لە ١٩٦٠/٦/٢٣ بووە بە پارێزەر، لە هەمان ساڵدا بردوویانە بۆ (کلیة الاحتیاط) بۆ ماوەی شەش مانگ بووە بە سەرباز و پاشان بووە بە ئەفسەر.

٧. لە ١٩٦٢ گەڕاوەتەوە کۆیە وەك پارێزەر لە هەمان کات بە نهێنی بووە بە لێپرسراوی لیژنەی ناوچەی کۆیەی پارتیدا لەگەڵ هەڤاڵان (کاك جەمال تاهیر و حاجی محیەدین) کاری کردووە.

٨. لە ڕۆژی ١٩٦٣/٣/١٨ کۆنگرەیەکی گەورە لە کۆیە بە سەرۆکایەتی بارزانی نەمر، زیاتر لە "٢٠٠٠" کەس ئامادە بوون، کەمال محیەدین لەگەڵ یاریدەدەرەکانی توانیان پێویستییەکانی کۆنگرە لە هەموو ڕوویێك ئامادە بکەن.

٩. لە ١٩٦٤/٤/٤ بوو بە ئەندامی کۆنفرانسی ماوەت، هەر لەم کۆنفرانسە بۆ کۆمیتەی ناوەندی پارتی، هەڵبژێردرا.

١٠. لە ١٩٦٤/٤/٩ بوو بە لێپرسراوی لقی دووی هەولێر بە نهێنی.

١١. لە ئەنجامی شەڕی ناوخۆ لە ١٩٦٤/٥/١٢، لە ڕانیە بۆ ماوەی شەش مانگ لە ژووری تاکە کەسی بەند کراوە.

١٢. لــه ســەرەتای ساڵی "١٩٦٧"دا گواسترایەوە بۆ بەغدا بۆتە لێپرسراوی لقی پێنج.

١٣. لە ١٩٦٧/١٢/١٢ بوو بە ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتی، لەگەڵ بەڕێزان کاك (ئیبراهیم ئەحمەد، عومەر دەبابە، د. سەید عەزیز، زەبیحی، مام جەلال، حیلمی عەلی شەریف)، بــە لێپرسراوی لقی بــەغداش مایەوە.

١٤. لە ١٩٦٨/٩/٢٦، لەگەڵ هەڤاڵان: عومەر دەبابە، حیلمی عەلی شەریف، خالید دلێر، محەمەد حەسەن برزۆ بوو بە خاوەنی ڕۆژنامەی (النور).

١٥. دوای ئاشتبوونەوەی مەکتەبی سیاسی لەگەڵ بارزانی ڕەحمەتی، بوو بە ئەندامی لقی بەغدا، کە ساڵح یووسفی لێپرسراوی بوو.

١٦. پاش هەڵگیرسانەوەی شەڕ بوو بە ئەندامی لقی هەولێر، کە مەلا محەمەد مەلا قادر، لە ناحیەی هیران لێپرسراوی بوو.

١٧. لــە ١٩٧٤/١١/١٢ گواسترایەوە بۆ بارەگای مەکتەبی سیاسی وەك ئەندامی لیژنەی ڕێکخستن و پشکنین، کە جەنابی کاك نوری شاوەیس لێپرسراوی بوو.

١٨. دژی بانگەشەی ئاش بەتاڵ و چەك دانان بوو لەگەڵ هەڤاڵان کاك (ئیبراهیم ئەحمەد، عومەر دەبابە، عەلی عەسکەری، د.خالید، جەمال ئاغا، فەوزی ڕەشید، نەجمەدین گلی، نورەدین عەبدولڕەحمان، د. نەوزاد ساڵح ...).

١٩. لــە ١٩٧٥/٣/٢١ نامەی هەڤاڵانی لە تارانەوە بۆ سەدام حوسێن دەربارەی ئاشتبوونەوە و گەڕانەوە بۆ جێبەجێکردنی بەیانی ئازار، برد.

٢٠. لە مانگی ١٩٧٥/٩ بۆ شاری "القرنە" لە خوارووی عێراق، دوور خراوەتەوە.

٢١. پاش دەستپێکردنی گفتوگۆ گواسترایەوە بۆ بەغدا و بووە بە بەڕێوەبەری دەزگای حقوق لە شارەوانی بەغدا (أمانة العاصمة).

٢٢. لــە ١٩٧٥/١/١٢ لەسەر بڕیاری بارزانی ڕەحمەتی، کاك ئیدریس بارزانی ڕەحمەتی، داوای لێ کردووە بچێت بۆ لێکۆڵینەوە لە کێشەکانی نێوان ڕەحمەتی (ئەسعەد خۆشەوی و عەلی سنجاری)، لەگەڵ بەڕێز کاك شاخەوان نامیق چوونەتە لایان.

٢٣. ئەندامی (سەندیکای پارێزەرانی عێراق و کوردستان و ماف مرۆڤی عێراق و پەرلەمانتارانی عێراق و ڕۆژنامەنووسان) بووە.

٢٤. وەك پارێزەر خۆبەخشانە داکۆکی لە کرێکارەکانی وڵاتی مەغریب و فەلەستین

و بەندکراوەکان لە میسر و پێشمەرگە دیلەکانی کوردستان لە دادگای سەورەی عێراق، کردووە.

٢٥.لەساڵی ١٩٩٦ بە پلە یەك/ئەلف، خانەنشین کراوە.

٢٦.لە ١٩٩٩/٣/١١ لەسەر داوای مام جەلال، لەگەڵ کاك چوستی محیەدینی برای لە بەغداوە چووە بۆ قەڵاچوالان، مام جەلال داوای لێ کردووە ببێت بە لێپرسراوی ڕێکخستنی نهێنی لە بەغدا، ئیدی خۆبەخشانە قبووڵی کردووە، لیژنەکەیان بریتی بوو لە: دکتۆر مستەفا زەلمی و کاك عەقید محەمەدئەمین دەربەندفەقەری و عەمید روکن سەردار عەلی خۆشناو، کە لەلایەن سەدامی دیکتاتۆر شەهیدکرا.

٢٧.پاش رووخانی سەدام حوسێن و دروستکردنی مەڵبەند بۆتە یاریدەدەری لێپرسراوی مەڵبەندی بەغدا، پاش تەقینەوەی مەڵبەند لە ٢٠٠٣/٦/١ و بریندار بوونیان لە مانگی ئابی ٢٠٠٣ بۆتە لێپرسراوی مەڵبەند پاشان بە بڕیاری ژمارە: (١٥٥٩) لە ڕۆژی ٢٠٠٤/٨/٢٩ی مەکتەبی سیاسی بۆتە لێپرسراوی مەکتەبی پەیوەندییەکانی یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان لە بەغدا، کە دەبوایە ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی ئەم پۆستە وەربگرێ بەپێی پەیڕەوی ناوخۆ، بەلام زۆر بەداخەوە کەسیان ئامادەنەبوون بێن بۆ بەغدا، خۆشی پێی باش بووە لە مەڵبەند بمێنێتەوە بۆ بەرژەوەندی حیزب، بەلام مام جەلال گوتوویەتی کەسمان نییە و عادل مرادیش چۆتە دەرەوە، دەبێ خۆت ئەو پۆستە وەرگری، ناچارکراوە کە وەری بگرێت.

٢٨.لە ڕێکەوتی ٢٠٠٥/١/٣٠ بە هەڵبژاردن بۆتە ئەندامی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق لە بەغدا.

٢٩.بە نووسراوی مەکتەبی سیاسی ژمارە ٢٥٨٥/١٦٠ لە ٢٠٠٧/٩/٢٠ بۆتە ئەندامی لیژنەی ئامادەکردنی کۆنگرە.

٣٠.لە ساڵی ٢٠٠٩ گواستراوەتەوە بۆ مەکتەبی سیاسی ـ دەزگای یاسایی، بەلام تا ئێستا چاوەڕوانن ئەم دەزگایە دروست بکرێت، بەداخەوە وا دیارە یاسا لەناو یەکێتی ئەو گرنگییەی نییە!!!

**بەرەو یەکڕیزی**

ڕەنگـــم زەردە پـــارتی نـــیم
چـاو ســەوزم یــەکێتی نـیم
ئیســـــلامم ئیســــلامی نــــیم
خوێنم سوورە خۆم سوور نیم
چەپ نووسم بەبیر چەپ نیم
بۆ هەمووان بێ حورمەت نیم
خزمـــەتکاری کەســـیان نــیم
* * *   * * *   * * *

ئـــارام و تێـــــر و پۆشـــــتەم
پـــەروەردەی کـوردە جەســتەم
مــن پێشــمەرگەی بێتواتـــەم
یەکـــەم بنکـــەی شۆڕشـــەکەم
بـــۆ کوردســـتانە پێگـــــەم
بۆچـــی دەبـــێ سەرشـــۆڕ کـــەم
بـــۆ دوژمنـــــی نەوەکـــــەم
* * *   * * *   * * *

بـە هـەر سـی جـوزئی قورئـان
بــەخوێنی گشــت شــەهیدان
یـــەکێتی و پـــارتی و گـــۆڕان
لـــە بەغـــدا و لـــە هەنـــدەران
یـــەکڕیز نـــەبن لـــە دەنگـــدان
دەخرێنـــە دەریـــا و زینـــدان
وا وەیـــلاش لـــە بـــۆ کـــوردان

* ئەم شیعرە لە هەفتەنامەی (بەدرخان) بە ناوی خوازراوەوە بڵاو کراوەتەوە، هی "کمال محی الدین"ە.

# پێشەکی چاپی یەکەم

ئـەو کتێبــە یــادەوەری کەســایەتییەکە لــە زۆربــەی ڕووداوەکــانی نــاو ئــەم بیرەوەرییانەیدا کەسی دیاربووە و لـەناو زۆربـەی ڕووداوەکانـدا خـۆی لەگەڵیـدا ژیـاوە. هەروەها لە زۆربەی ڕووداوەکـانی نـاو ئـەو یادەوەرییانـە زۆر نزیـك بـووە لـە بـەڕێز مـام جەلال، هەرچـەندە کەسـانی تـر زۆربووینـە لـە دەورەی بیروبـاوەڕی جەلالیزمـدا، بـەڵام کەمال محیەدین کەسایەتییێکی ئەکادیمی خاوەن بڕوانامە و مێژوویەکی پڕشنگدار بـووە، هــەروەها تــاکوو ئێســتا لــە ژیانــدا مــاوە و ئــەو جــۆرە مرۆڤانــە لــە پەنجــەکانی دەســت تێپەڕناکەن.

ئەو لە سەرەتادا تامەزرۆ و ڕێبواری سیاسەتی ئەم ڕێبازە بـووە، هـەروەها لـە نـاو کەشتییەکەی مام بە ناو دەریای قووڵی سیاسەتدا لە ئەویێ ڕۆژێدا ڕێگای هاتوو و نەهات و هــەوراز و نشــێوی ســەختدا بــە تووڵــە ڕێگاکانــدا بــەڕێ کــەوتووە، ئەگەرچــی لەچــەند وێستەگەدا لێکدابڕاون، بەڵام لە کۆتاییەکەی، پێك گەیشتوونەتەوە.

زۆر شت لە مـام جـەلال فێربـوون، هـیچ کـاتێکیش متمانـەی خۆیـان بـۆ ئـەو پـیرە پیاوەی سیاسەت لەق نـەکردووە، لـەو هەڤاڵانـەی مـام، کـە تـەمـەنێکی دووروودرێـژ سـێ چارەگە سەدە دەبێت هەگبەی کوردایەتی شان بەشانی مام جەلال و هەڤاڵەکانی لەکۆڵ ناوە، چەندین جار لە تونێلە تەنگەبەرەکانی سیاسەتدا لەسەر ئەم ڕێبازەدا ژیانی خـۆی خستووتە لێواری مەرگ.

چەندیین جاریش لێپرسراوێتی لە خەباتی نهێنی و ئاشـکرادا وەرگرتـووە و جێگـای متمانە بووینە بۆ مـام و کوردایـەتی، بۆتـە دەروێشـی تـەریقـەتی ڕێبـازی جـەلالیزم، کـە تاکوو ئێستاش بەردەوامە لە ژیان، وەك خۆی گوتەنی بۆ ڕێبازی مام تا مـاوم بـەردەوام دەبم و خزمەتکاری گۆڕەکەی دەبم.

لەناوەڕاستی چلەکانەوە بەشێکی هەرە زۆری ژیانی پارێزەر کەمال محیـەدین، ئـەم نیشتمانپەروەرە لەگەڵ مام بۆتە مێژوو، زۆربەی یادەوەرییـەکانی لەگـەڵ مـام جـەلال و هەڤاڵەکانی بووە، بۆیە بە باشم زانی دیمانەیەکی تەلەڤزیۆنی بۆ کەناڵی هـەولێری گـەلی کوردستان لە تەواوی بوار و بابەت و کون قوژبنەکان، لەگەڵـدا ئـەنجام بـدەم، دواتـریش وەك دیکۆمێنت و مێژوو، خزمەتێك بە لاپـەڕەکانی مێـژووی بزووتنـەوەی سیاسـی کـورد بکەم.

له ئاكامدا بۆ ماوەی چەند ڕۆژێك توانیم ماوەی (١٢) كاتژمێر تۆماربكەم و چوار بەشی تەلەڤزیۆنیی لە بەرنامەی بۆ مێژوو بە بینەران ئاشنابكەم، هەرچەندە بەداخەوە لەم چوار بەشەدا نەمتوانی تامەزرۆیی خۆم و بینەران بە یادەوەرییەكانی بشكێنم، بۆیە بە باشم زانی لەگەڵ هەندێك لە ئەزموون و نووسینەكانی خۆی، كە پڕن لە بەڵگەنامە و بیرەوەری زۆر بە سوود بۆ نەوەی داهاتوومان خوێنەری بابەتە مێژوییەكان تۆمار بكەین.

پاش ڕاوێژكردن لەگەڵ مامۆستا كەمال محیەدین ڕەزامەندی خۆی نیشاندا، منیش زۆر بە خۆشحاڵییەوە بڕیاری شەرەفی لە چاپدانم لێ وەرگرت، كە لە ڕێگای ناوەندیی ڕاگەیاندنی هەولێر بڕیارمان دا بیكەین بە بابەتێكی دیكۆمێنتاری مێژوویی بەكەلك لە دووتوێی كتێبێك بە چاپی بگەیێنین، كە گومانم لەوە نییە شوێنی خۆی دەگرێت و زانیاری و باس و بابەتەكان دەبنە جێی سەرنج و مشتومڕ و قسە لەسەر كردن، بە هەندیش وەردەگیرێن.

هەرچەندە لەپاڵ ئەو دیمانەیە هەندێك بابەتی دیكەش هاتنە پێشەوە، كە ئەوانیش بیروبۆچوونی تایبەتی خۆیین و بەشێك لەو بابەتانەی، كە لە ڕۆژنامە و گۆڤارەكان بڵاوكراونەتەوە.

هیوادارم لە ڕێگەی ئەم كارە و بەرهەم و بیرەوەری و بۆچوونە بەپێزانەی مامۆستا كەمال محیەدین، توانیبێتمان خزمەت بە مێژوو و كتێبخانەی كوردی بكەین.

**ستار محەمەد ئەمین**

**دەقی دیمانەکە:**

لە دیمانـەیێکی تەلـەڤزیۆنی گـەلی کوردسـتان کـەناڵی هـەولێردا لەگـەڵ یـەکێك لـە مرۆڤە جوانەکانی تێکەڵ بە دنیایی سیاسەت، کە بەدەم ڕێگاوە دەمانباتەوە پێش زیاتر لە سێ چارەگە سەدە، بە تووڵە ڕێگاکـانی ژیـانی کـوردەواری و کوردایەتیـدا ئاشـنامان دەکات، زۆر بیرەوەری جوان و بە سوودی لە هەگبەدایە، لەو ماوە زۆرە لای خۆی هەڵی گرتبوو و بە ئەمانەتـەوە لـە ڕێگـای بەرنامـەی: (بـۆ مێـژوو) هەگبەکـەی هەڵدەڕێـژێت و بەرچـاوڕوونی بـە خوێنـەران و بینـەران دەدات. وەك خۆشـی مامۆسـتا کـەمال محێـدین دەڵـێ: (ئـەوەی باشـە، کـەلکی لـێ وەربگـرن، ئـەوەی خراپیشـە پەنـد و وانـەی لـێ وەربگیرێت.)

لە سەرەتادا باس لە ژیانی خۆی و خانەوادەکـەی دەکـات، دەگێڕێتـەوە و دەڵێـت: من ناوم کەمال محێدین ئەسعەد غەفوورییە، خـەڵکی کۆیـەم لـە مـانگی شـوباتی سـاڵی: (١٩٣٦) لـە دایـك بوویمـە، بـاوکم خـەڵکی کۆیـە و دایکـم خـەڵکی گونـدی کێشـکێیە و باوکیشی بە بنەچە خەڵکی سووسێیە، کە دەکەوێتە ناوچەی خۆشناوەتی، بـاوکم تـەنیا



**کەمال محیەدین و ستار محەمەدئەمین لە کاتی چاوپێکەوتنەکە**

یەك ژنی هێناوە، هەشت برا و سێ خوشك بووین، باوکم بازرگانی تووتن و ئاژەڵداری کردووە، لە کۆیە لەگەڵ چەند هاوڕێیەکی بازرگانی قوماش بووە.

مامۆستا کەمال لەبارەی کشتوکاڵیکردنی تووتن لە ناوچەکە دەڵێت: لە دەیەی چلەکان تا کۆتایی ساڵانی پەنجاکانیش، باشترین کار و کاسبی لە کوردستان بە گشتی و لە دەوروبەری کۆیە بە تایبەتی، بازرگانی کردن بە تووتن بووە، شادەماری ئابووری ئەم ناوچانە بوو، بە تایبەتی (بیتوێن، داریێ قەمتەران، پێبازۆك، کەلکان، ...)، کە تووتن پێ ڕادەگەیشت لە مانگی یازدە و دوازدە دەستکەوتی زۆری دەبوو، تووتن جووڵەی بازرگانی زۆری لە بازاڕ دروست دەکرد، بۆیە ئێمە گوزەرانمان زۆر باش بوو، ئەگەر لە کۆیێ لە ڕیزەکانی پێشەوەش نەبووبین، ئەوا لە ڕیزی دووەم بووین، باوکم تاکوو ئەو کاتەی کۆچی دوایی کرد، خەریکی بازرگانی بوو. هەر لە زووەوە دایکم و باوکم لە ڕێگای عەلی عەبدوڵڵای خاڵم تێکەڵ بە سیاسەت بووینە، عەلی عەبدوڵڵا برا بچووکی دایکم بووە، لە ساڵی: (١٩٣٥)ەوە لەناو سیاسەت بووە، دایکم بنەگەیەکی بەهێزی عەلی خاڵم بووە، هەرچی نهێنی و بڵاوکراوە و نووسراو و ڕۆژنامە و برووسکەی نهێنی بوو، لای دایکم بوو، لەناو پرێسکەیێك هەڵی گرتبوو و لای خۆی شاردبوویەوە، چەند جارێکیش عەلی خاڵم تووشی خۆشاردنەوە دەبێت، هەموو جارەکان باوکم سەرپەرشتی خۆشاردنەوەکەی عومەر دەبابە و خاڵم عەلی دەکرد لە گوندی قورتە لاس، ئەم گوندە هی ماڵی کاکە زیاد بوو، پیاوێکی دانا و بەهێز لەم گوندە هەبوو، ناوی مەلا فەتاح بوو، لە پیاوە دەسەڵاتدارەکانی کۆیە بوو، ئامۆزای کاکە زیاد و باوکم بووە، هەر جارێك خاڵم عەلی و عومەر دەبابە خۆیان بشاردبایەوە، دەچوونە ئەم گوندە، باوکیشم سەرپەرشتی دەکردن، بۆیە دایکم و باوکم لە زووەوە کەوتبوونە ناو کاروباری سیاسەتەوە. لە ڕووی پەروەردەی خێزانیش دایکم و باوکم پەروەدەیەکی زۆر ڕێکوپێك و جوانیان کردووین، من منداڵی سێیەمی دایك و باوکم بووم، لە ساڵی: (١٩٤٢)، چوومە قوتابخانە، ئەوکاتە لە کۆیە تەنیا دوو قوتابخانە هەبوو، یەکیان کۆیەی یەکەم، ئەوی تریان کۆیەی دووەم، هەردووکیان سەرەتایی بوون، من لە قوتابخانەی کۆیەی دووەم دەمخوێند، تا پۆلی پێنجەمی سەرەتای تێدابووم، هەرکە پۆلی پێنجەمم تەواو کرد، گوازرامەوە بۆ کۆیەی یەکەم، من لەگەڵ کۆمەڵێك برادەر، لە پۆلی شەشەم کەوتینە ناو سیاسەت و کوردایەتی، لە منداڵیدا زۆر بزۆز بووم، بەشداری شەڕە گەڕەکم کردووە، لە کۆیە

لەنێوان گەڕەکی قەڵات و گەڕەکی بایزائاغا دوو جار سەرم شکاوە، ئەوەی سەرپەرشتی شەڕە گەڕەکەکەی ئێمەی دەکرد، ناوی خالیدی مام ڕەشیدی بوو، پیاوێکی زۆر ئازابوو، برای عەلی مام ڕەشیدی بوو، کە یەکێك بوو لە تێکۆشەرەکان، لە شەستەکان، لێپرسراوی پێشمەرگەبوون، زۆر حەزم بە شەڕە کەلەشێر و شەڕە کەو دەکرد، خولیای بەخێوکردنی مامز و بزنە کێویی و ئەمانە بووم، بەڵام لە خوێندندا خوێندکارێکی زیرەك نەبووم، لەهەمان کاتدا ئەو مامۆستایانەی کە فێری کوردایەتی و سیاسەتیان دەکردین پێویستە ناوی هەندێك لەو مامۆستایانەی سەرەتایی بهێنم، لەوانە: (مەجیدە فەندی شێخ نووری جەلیزادە، تاهیر سەعید، سابیرە فەندی، مامۆستا کەمال جەلیزادە و سدیقە فەندی)، زۆریتریش ئەمانە نموونەی کوردایەتی بوون، هەر لەو سەردەمەش کۆمەڵەیەك هەبوو بە ناوی: (کۆمەڵەی پێشکەوتن و خوێندەواری)، ئەم کۆمەڵەیە یەکەمین ڕێکخراوی قوتابیان بوو لە سەرتاسەری کوردستان، کە مامۆستا کەمال عەبدولقادر جەلیزادە سەرۆکی ڕێکخراوەکە بوو، مام جەلال سکرتێری ڕێکخراوەکە بوو، هێشتا من مام جەلالم نەناسی بوو، کاك محەمەد سادق، کە ئەو منی بردە ناو ئەو ڕێکخراوە، ئەو کاتە ئەوانەی تێدا بوو (حەمیدی کاکە زیاد و فاروقی جەلی زادە، محەمەد سادق و کاك جەمال و عەلائەدین و کۆمەلێك لەو برادەرانەی تێدا بوو. لە درێژەی بیرەوەرییەکانی مامۆستا کەمال لەناو ئەو ڕێکخرەوەدا دەڵێت: ئەم ڕێکخراوە بەیانێکی دەر دەکرد بە ناوی دەنگی قوتابیان، کە بە دەست دەنووسرایەوە، لەبەرئەوەی ئامێری چاپمان نەبوو، مۆریشمان نەبوو، توورمان بەکار دەهێنا، بۆ مێژوو، لەم ڕێکخراوەی قوتابیان من مام جەلالم ناسی، ئەو کاتە بوو کە دوو کۆبوونەوەمان لە ماڵی کاك جەمال تاهیر ئەنجام دا، مام جەلالم لەوێ ناسی، دوای گفتوگۆ و گۆڕینەوەی بیرورا، مام جەلال حەوت قوتابی هەڵبژارد، لەم ڕێکخراوەدا خولێکی ڕۆشنبیری لە ماڵی خۆیان کردەوە، لە هەفتەی دوو جار تا سێ جار ئێمەی کۆ دەکردەوە، نیشتمانپەروەری و کوردایەتی و مارکسییەتی فێر دەکردین، لە سەرەتادا خۆم لەم خولە دەشاردەوە، جارێکیان مام جەلال لە دوکانی مەلا حەسەن دانیشت بوو لە بەرامبەر قوتابخانە، منی دیت. ڕێك دەستی گرتم و گوتی: ئەوە بۆ دیارنیت، ئێستا نایێی بۆ خولەکە، لەوێدا من بەڵێنم دا، کە لەمەودوا ئامادەبم، چونکە لە ڕێگای ئەم خولە ڕۆشنبیرییە، مام جەلال بیری ئێمەی لەبارەی کوردایەتی و ڕۆشنبیری گشتی، فراوان

کردەوە، باوکی مام جەلالیش لەم ڕۆژانەی کە بۆ خولەکە دەچووینە ماڵیـان، زۆر ڕێـزی دەگرتین و یارمەرتی دەداین. ئەوە بوو بە سەرەتای یەکتر ناسـینی، مـن و مـام جـەلال. ڕۆژ دوای ڕۆژ زۆر سەرسام دەبووم بـە فیکـری مـام جـەلال، زۆر ژیـر بـوو، زۆر یارمـەتی ئێمەی دەدا، ژیری و دانایی مام جەلال، لە قەدەر تەمەن و توانای خۆی نەبوو.

لە سەر خوێندنەوەی کتێب مامۆستا کەمال تیشك دەخاتە سەر توانای مـام جـەلال و دەڵێت: لە کۆیە دوو کتێبخانە هەبوو، یەکیان نـاوی حـاجی قـادر بـوو، سـاڵح شـەمس بەڕێوەی دەبرد، پیاوێکی زۆر ڕاستگۆ بوو، چەندین جار زیندانی کرابـوو، کتێبخانەکـەی تر بە ناوی کۆیسنجق بوو، کە هی شیوعییەکان بوو، پارتی و شیوعییەکان بە بـەردەوام ناکۆکیان هەبوو، مام جەلال هاتووچۆی هەردوو کتێبخانەکـەی دەکـرد، مـام جـەلال ئـەو کاتە هەموو کتێبێکی دەخوێندەوە، لە ڕووی لایەنگیری حیزبیش لـەم کاتـەدا بـێ لایـەن بوو تا ئەو کاتـەی لەسـەر دەسـتی مامۆسـتا کـەمال عەبـدولقادر جـەلیزادە، دەبێـت بـە پـارتی، وردە وردە مـام جـەلال لـە ڕووی حیزبییـەوە پێشـکەوت، دوایـی چـوو بـۆ لای مامۆسـتا تـاهیر سـەعید، لەپاشـان هاتـە لای عومـەر دەبابـە پاشـان چـووە لای عـەلی عەبدوڵلا و بە تەواوی کەوتە ناو حیزبایەتی، ئەوە بوو، بوو بە ئەندامی لیژنـەی مەحـەلی کۆیە و کەرکوك و لێژنەی مەرکەزی و مەکتـەبی سیاسـی پلـە بـە پلـە پێشـکەوت، مـام جەلال دوای ئەوەی بۆ خوێندن چووە هەولێر و کەرکوك، من نەمدیتەوە تا ئەو کاتـەی، لە ساڵی: (١٩٥٥)، ڕۆژێك عەلی عەبدوڵلای خاڵم، گوتی: نامەیەکم هەیـە ببیـە بەغـدا بـۆ مـام جـەلال، لـە کۆلیـژی حقـوق بـوو، سـەرەتا چـووم بـۆ کـەرکووك، لەوێشـەوە بـە شەمەندەفەر ڕۆیشتم بۆ بەغدا، ئەو کاتە بەغدا بۆ من شارێکی غەریب بوو، لەبەرئـەوەی زمانی عەرەبیم نەدەزانی، یەکەم جاریشم بوو بەغدا ببیـنم، لـە ڕێگـای قوتابییێکـەوە بـە ناوی فائیق سەبری، بە ڕێکەوت کە بینیم لە کۆلیژی حقوق منی بە کەسێکی تر ناسـاند، منیان بردە ماڵی عەبـدوڵلا کـانی مـارانی و ئەحمـەد کاکـەخان.. مـن لـەوێ مـام جـەلالم بینیەوە، دوای چاك و چۆنیێکی گەرم گوتی چۆن منت دۆزییەوە، گوتم لە ڕێگـای فـائیق سەبری، نامەکەی کـاك عـەلی عەبـدوڵلام گەیانـدە مـام جـەلال، زۆر تـەکلیفی کـرد شـەو بمێنمەوە، بەڵام گوتم دەبێت بگەڕێمەوە، نیوەڕۆکەی لەوێ لای مام جەلال نـانم خـوارد، ئەویش وەڵامی نامەکەی دامەوە و یەکسەر گەڕامەوە، نامەکەم بۆ کاك عەلی بردەوە.

لە بارەی سەفەرەکەی مام جەلال لە ساڵی: (١٩٥٦)، بـۆ وارشـۆ، مامۆسـتا کـەمال

دەڵێت: بۆ کۆنگرەی وارشۆ، حیزب مام جەلالی دیاری کردبـوو بچێت بەشـداری بکـات، مام جەلالیش ئەو کاتـە پاسـپۆرتی نـەبوو، ئـەوە بـوو کـاك عـەلی بـەدوای مـن و دکتـۆر خالیدیدا نارد، ئەو کاتە هـەردووکمان قوتـابی ناوەنـدی بـووین، هـەردووکمانی، نـارد بـۆ گوندی نازەنین لای ئەندامێکی حیزب بە ناوی جەمیل شەرەف، کە خوێندکاری کۆلیـژی ئەندازیاری بوو، لە بەغدا دەی خوێند و ئیکمال بوو و هاتبۆوە نازەنین، ماڵی لەوێ بوو، گوتی بڕۆن پاسپۆرتەکەی ئەوم بۆ بهێنن، کاك عەلی نامەیێکی بۆ ئەو بـرادەرە نووسـی، بە پێ هەر بە غاردان، ڕێگای باواجیمان گرتەبەر، چووینە گونـدی نـازەنین بـۆ لای کـاك جەمیل، نامەکەی کاك عەلی عەبدوڵڵامان گەیاندە دەستی، ئەویش زۆر بە خۆشحاڵییەوە پاسپۆرتەکەی دا بە ئێمـە و یەکسـەر گەڕاینـەوە بـۆ کۆیـە، ئـەوە بـوو مـام جـەلال بـەم پاسپۆرتە سەفەری وارشۆی کرد و لەوێشەوە چوو بۆ مۆسکۆ و جـەنابی مـەلا مسـتەفای بینی بوو، لەبەرئەوەش بوو مـام جـەلال لـە کۆلیـژی حقـوق دوور خرابـۆوە. دوای ئـەوە مامۆسـتا کـەمال محێـدین بـاس لـە چـوونی خـۆی دەکـا بـۆ کۆلیـژی حقـوق لـە بەغـدا، دەگێڕێتەوە و دەڵێت: من کە پۆلی شەشی ئامادەییم تەواو کرد لـە ماڵـەوە زۆر حـەزیان دەکرد بچم بۆ کۆلیژی سەربازی، بەڵام من خۆم پێداگریم کرد لەسەر ئەوەی، کە بچم بـۆ کۆلیژی حقوق، ئەوە بوو پێشکەشی حقوقم کرد، ئەو کاتە عەبدولڕەحمان بەزاز عەمیدی کۆلیژی حقوق بوو، لێی پرسیم بۆ حقوقت هەڵبژاردووە؟ منـیش بـە عـەرەبێکی شـەق و پەق باسی عەدالەت و یاسا ئەوانەم بۆ کرد. ئەوە بوو گوتی تۆ وەرگیرای. مـن بـووم بـە خوێندکاری حقوق. ئەو کاتەی مـن چـووم بـۆ حقـوق مـام جـەلال لـە کۆلیـژ دەر کرابـوو لەبەرئەوەی مام جەلال کـە چـووبووە وارشـۆ لێـدوانی دابـوو بـۆ ئێزگـە و ڕۆژنامـەکان و زانیبوویان، لە مۆسکۆ مەلا مستەفای بینیـوە. بۆیـە لـە کۆلیـژی قـانوون دەریـان کـرد، مامۆستا سەرەتای چوونی خۆی بۆ قانوون دەگێڕێتەوە و دەڵێت: کە چـووم بـۆ قـانوون یەکەم ساڵ زەحمەت بوو، لەبەرئەوەی عـەرەبیم نـەدەزانی، مـام جـەلالیش لـەوێ نـەما بوو، بەڵام کوردێکی لێ بوو ناوی قادر بوو، خـەڵکی کـانی مـاران بـوو، لـە پـێش مـن لـە بەغدا بوو و چاوی کراوەتر بوو، تا ساڵی دواتر من پەیوەندیم بە حیزب کردەوە لە بەغدا ساڵی: (١٩٥٧) بوو، بۆ ساڵی دواتریش لە سەرەتای سـاڵی: (١٩٥٨) بـووم بـە ئەنـدامی لێژنەی بەغدا، ئەوە بوو لـە (١٤)ی تـەممووزی: (١٩٥٨) پشـووی هـاوین بـوو، ئێمـە لـە کۆیە بووین، کە شۆڕشەکە بەرپابوو، حـوکمی پاشـایەتی کۆتـایی پێهـات، عەبدولکـەریم

قاسم هاتە سەر حوکم، من ئەو کاتە لە کۆیە بووم، شەو لەسەر بان خەوتبووم، بەیانی زوو دکتۆر خالیدی مامم لە خەوی هەڵساندم و گوتی هەستە کەمال شۆڕشە و دنیا هەستاوە، کە لە خەو خەبەرم بوویەوە و لەسەربان هاتمە خوارەوە، بەر دەرگای ماڵی ئێمە زیاتر لە دووسەد کەسی لێ بوو، وێنەیەکی گەورەی عەبدولکەریم قاسمیان بە دەرگای ئێمە هەڵواسیبوو، ئەوە بوو چووین بۆ بەردەم دەرگای سەرای کۆیە، من و کاك خالید بە نوێنەرایەتی پارتی، کاك فاتیح ڕەسووڵیش وەك لێپرسراوی شوعییەکان بوو لە کۆیە، بۆ خەڵکەکە قسەمان کرد و باسی شۆڕشی (١٤)ی تەممووزمان بۆ کردن، گوتمان ئەم شۆڕشە بۆ کورد و عەرەب وەکوو یەکە. لەسەر پشتگیری خەڵکی کۆیە بۆ شۆڕشی (١٤)ی تەممووز، مامۆستا کەمال دەڵێت: ئەو کاتە هادی چاوشلی لە کۆیە قائمقام بوو، پیاوێکی زۆر ئیداری بوو، بەڵام برووسکەی پیرۆزبایی و پشگیری بۆ شۆڕشەکە لێ نەدابوو، ئەوە بوو نوێنەرەکەی حیزبی شیوعی ناڕەزای بەرامبەر مامۆستا هادی چاوشلی دەربڕی، کاك خالیدیش هەوڵی ئەوەی دەدا شیوعییەکان خاو بکاتەوە، چووین سەردانی کاك هادی چاوشلیمان کرد. پەیوەندیی بە پارێزگاری هەولێر خالید نەقشبەندی کرد و پێی گوت ئەوە نوێنەرانی حیزبی شیوعی و پارتی هاتوون داوا دەکەن برووسکەی پیرۆزبایی بە ناوی جەماوەری کۆیە بۆ پاڵپشتی شۆڕشی (١٤)ی تەمموز بنێرین، ئەویش گوتی زۆر چاکە بۆ نیوەڕۆکەی برووسکەی بیرۆزبایی قائمقامیەتی کۆیە لە رادیۆی بەغدا بۆ پاڵپشتی شۆڕشەکە خوێندرایەوە. بە بەردەوامی لەنێوان ئێمە و شوعییەکان گرژییەك هەبوو. بە بەردەوامی هەر لایەنە و هەوڵی زیاتری دەدا دەنگی جەماوەرەکە بۆ لای خۆی ڕابکێشێت، دوای دەست پێکردنەوەی خوێندن لە کۆلیژ ئێمەش چووینەوە بۆ بەغدا.

## ڕۆڵی مامۆستا کەمال محێدین لەجوولانەوەی خوێندکاران دوای شۆڕشی (١٤)ی تەممووزی "١٩٥٨" لە بەغدا:

هەر کە گەڕاینەوە بۆ بەغدا من ئەو کاتە لە بەغدا ئەندامی لیژنەی ناوچەی قوتابیان بووم، لەناو کۆلیژی حقوق لێپرسراوی یەکێتیی قوتابیان بووم، یەکێتیی گشتیی قوتابیانی عێراقیش، کە شیوعییەکان سەرپەرشتیان دەکرد، جگە لە یەکێتیی قوتابیانی کوردستان و یەکێتی نیشتیمانیی قوتابیانی عێراقیش هەبوو، کە بەعسییەکان بەڕێوەیان دەبرد، ئێمە بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردن بۆ نوێنەرایەتی قوتابیان لەگەڵ

شـیوعییەکان ڕێـك کـەوتین لەسـەر پێکهێنـانی بەرەیـەك بـۆ قوتابیـان و چـۆنیەتی بەشـداریکردنمان لـە هەڵبـژاردن بـۆ قوتابیـان نوێنەرایـەتییێك هەڵبـژێرین، ئـەوە بـوو لێژنەیەکمان لە بەغدا پێك هێنـا، بۆئـەوەی سـەردانی شـارەکانی کوردسـتان بکـەین بـۆ سەرپەرشتی کردنی هەڵبژاردن، ڕێك کەوتین، مـن و دکتـۆر ئەسـعەد خـەیلانی بـووین بـە نوێنەری یەکێتیی قوتابیـانی کوردسـتان، نوێنـەری شـیوعییەکانیش پێـك هـاتبوون لـە: ماجد عەبدولڕەزا و باسم مشتاق، یەکەم شار کە سەردانمان کـرد شـاری کـەرکووك بـوو، ئێمە لەم هەڵبژاردنە بردمانەوە و لە سلێمانی و هـەولێریش هـەر ئێمـە بـراوە بـووین، لـە شاری موسـڵ قەومییـەکان بردیانـەوە، دوای شۆڕشـی (١٤)ی تـەممووز، مـام جـەلالیش گەڕایەوە کۆلیژی حقوق، لە قۆناغی چوار دەستی بـە خوێنـدن کـردەوە، ئـەو کاتـە مـن بووم بە قۆناغی سـێی حقـوق، کۆنگرەیـەکی گـەورە دەسـتی پێکـرد، خـەڵکێکی زۆر لـە ئـەورووپاوە هـاتبوون بەشـدار بـوون، دکتـۆر کـەمال فوئـاد، عیسـمەت شـەریف و عەبدولکەریم قاسم لەم کۆنگرەیە بەشداربوون، ئێمە دەسەڵاتێکی باشمان وەرگرت، مـن و فوئاد جەلال بووین بە ئەندامی لێژنەی تەنفیزی یـەکێتیی گشـتیی قوتابیـان، لـە کـۆی (٢١) ئەندامی لێژنەکـە، ئێمـە دوو کـەس بـووین بـە ئەنـدامی لێژنـەی یـەکێتیی گشـتیی قوتابیانی عێـراق، لـەناو لێژنەکـەش مـن بـووم بـە ئەنـدامی سـکرتاریەتی ئـەم یـەکێتیی قوتابیانە و بۆ ماوەی سێ ساڵ مامـەوە، بـەڵام وردە وردە یـەکێتیی گشـتیی قوتابیـان، واتە شیوعییەکان هـەموو دەسـەڵاتێکیان بـۆ خۆیـان قـۆرغ کـرد بـوو، بـە تایبـەتی ئـەو سەفەرانەی کە بۆ دەرەوەی وڵات دەکرا، تا ئەو کاتەی کۆنگرەیەك لە مۆسکۆ بە نـاوی: (لایەنگرانی ئاشتی) بەسترا، مـن گـوتم ئـەمجارەیان نوێنـەری ئێمـەی لەگـەڵ نـەبێت لـە ڕۆژنامەی خەبات لە سەرتان دەنووسم، چونکە بەراستی بۆ مێژوو، شـیوعییەکان لەگـەڵ ئێمە دۆست نەبوون، هەر شتێك یان چالاکییێك هەبوایە، بۆ خۆیـان قورغیـان دەکـرد. تـا کۆتا ڕۆژ بڕیاریان دا من بچـم بـۆ ئـەو کۆنگرەیـە، مـن لـە بارەگـای حیـزب، چـوومە لای مامۆسـتا بـرایم ئەحمـەد، کـە دوای شۆڕشـی (١٤)ی تـەممووز ڕێپێـدانمان بـۆ حیـزب و ڕۆژنامەی خەبات لە بەغدا وەرگرتبوو، بنکە و بارەگامان کردبۆوە، پێم گوت ئەوە ئیمڕۆ بە منیان گوتووە، بچم بۆ کۆنگرەی مۆسکۆ، باشە چۆن فریـا دەکـەوم، ئـەویش گـوتی: کێشەت چییە؟ منیش گوتم: من پاسپۆرتم نییە و ئەو بڕە پارەیەشم لا نییـە، کـە بتـوانم سەفەری پێ بکەم، گوتی کەمال تۆ خەمت نەبێ، یەکسەر تەلـەفۆنی بـۆ فـەوزی صـائب

کرد، کە ئەفسەری خانەنشین بوو، کەسایەتییەکی کوردپەروەر و ئازابوو، زۆر دۆستی پارتی بوو، کاك فەوزی لە کاتی خۆی لە ساڵی ١٩٥٦ قائمقامی کۆیە بوو، هاوڕێیەتی باشی لەگەڵ عەبدولکەریم قاسم هەبوو، هەرکە کێشەکەی پێگوت، ئەویش وەڵامی دایەوە و گوتی: هەر ئێستا وێنەیەکی کاك کەمالم بۆ بنێرن، شەو من پاسپۆرتەکەی بۆ دێنمەوە، لە سەعات: (١١,٥)ی شەو پاسپۆرتەکەیان بۆ هێنامەوە بارەگای ڕۆژنامەی خەبات. ئەو کاتە من لەگەڵ چەند قوتابییەکی دیکەی هاوڕێم، کە شوێنمان نەبوو، لە بارەگای ڕۆژنامەی خەبات دەخەوتین، براکەی حەبیب محەمەد کەریم ئەندامی ناوچە بوو لە بەغدا، ناوی یاسین بوو، نۆڕینگەی شیکاری خوێنی هەبوو، لە بەغدا بارودۆخی باش بوو، (٥٠) دینارم بە قەرد لێی وەرگرت، حیزبیش (٥٠) دیناری دا پێم، خۆشم (٣٠) دینارم هەبوو، سەفەرەکەم کرد بۆ مۆسکۆ.

لەدوای من کاك یاسین چوو بووە لای خاڵم عەلی عەبدوڵڵا، گوتبووی: ئەگەر تەیارەکە لە ڕێگا کەوت کێ پارەکەم دەداتەوە، خاڵم عەلیش گوتبووی خەمت نەبێ من پارەکەت دەدەمەوە. بەرەو مۆسکۆ بەڕێ کەوتین، لە بەغداوە بۆ بێروت، لەوێوە بۆ بولگاریا، لەوێشەوە بۆ مۆسکۆ، لە فڕۆکەخانە کاك خەسرۆ تۆفیقم بینی بە نوێنەرایەتی حیزبی شیوعی بۆ کۆنگرەکە هاتبوو، پێکەوە دانیشتین، کاتێك پاسپۆرتەکەیان لێ وەرگرتم و سەیریان کرد فیزای بولگاریای پێوە نەبوو، ئەمەش لەبەرئەوەی من بە پەلە پەلەوە بۆ سەفەرەکە خۆم ئامادە کردبوو، لەبیریان کردبوو ڤیزای بولگاریا لە پاسپۆرتەکەم بدەن، ئەو شەوە منیان لە بولگاریا بردە ئۆتێلێك و بۆ بەیانی فیزەیان بۆ لێدام، چووم بۆ مۆسکۆ، هەر کە گەیشتمە ئەو وڵاتە، من بە دنیاییێکی تر ئاشنابووم، ئێمەیان بردە زانکۆی لوممبا، ئەو کاتە قوتابیانی هەموو جیهان بۆ خوێندن لەم زانکۆیە وەردەگیران، ئەم زانکۆیە چوار دەرگای گەورەی هەبوو، لە یەکەم ڕۆژدا من کە چوومە دەرەوە و شەوەکەی کە گەڕامەوە نەمدەزانی لەکام دەرگا هاتووم و چۆن بچمە ژورەوە، باش بوو کارتێکم پێبوو ناونیشانی ئۆتێل و ژووری خەوتنی خۆمی تێدابوو، لەسەر ئەم ناو نیشانە منیان بردەوە بۆ ژووەرەکەی خۆم، تاوەکوو بەیانی کۆبوونەوە دەستی پێکرد، لە ڕۆژی سێیەمی کۆنگرەدا من وتاری یەکێتیی قوتابیانی کوردستانم بە زمانی کوردی خوێندەوە، ئەوەی پێویستە باسی بکەم، ئەوەیە بۆ بەیانی چەند کۆپلەیەکی وتارەکەی من بە مانشیتی سەرەکی لە چەند ڕۆژنامەیەکی سۆڤێتی، کرابوو

بە مانشێتی سەرەکی ڕۆژنامەکان، من لە وتارەکەمدا تیشکم خستبووە سەر کێشەی نەتەوەی کورد بە گشتی، لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست بە هەستیارترین کێشەم دانابوو، تاکوو چارەسەر نەکرێت ئەم ناوچەیە ئاشتی و ئاسایش بە خۆیەوە نابینێت، دوای ئەوەی کە گەڕامەوە لە ڕۆژنامەی خەباتیش بڵاوم کردەوە.

## ڕۆڵی مامۆستا کەمال لە بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامەی خەبات لەناو زانکۆ و کۆلیژەکانی بەغدا

کەمال محێدین لە درێژەی بیرەوەرییەکانیدا، سەبارەت بە قۆناغی بەغدای پایتەخت، تیشك دەخاتە ڕۆڵی قوتابیان: پاش ئەوەی شۆڕشی (١٤)ی تەمووز سەرکەوت، بزووتنەوەی کوردایەتی بۆ قۆناغێکی باش تەکانی دا و چوونە پێشی بەخۆیەوە بینی، ئەوە بوو بنکە و بارەگاکانی حیزب بە فەرمی ڕێیان پێدرا لە بەغدا بارەگاکانی خۆیان بکەنەوە، ڕۆژنامەی خەبات لەم قۆناغەدا دەورێکی یەکجار باشی بینی، هەندێ لە خوێندکارەکان شەو لە بارەگای ڕۆژنامەکە دەخەوتین، کاریشمان دەکرد، هەروەها بە نۆرەش دەبوایە هەر ڕۆژە و قوتابییەك ڕۆژنامەکە لەناو کۆلیژ بەناو هەموو قوتابییەکان بڵاوبکاتەوە، هەر دانە و (٢٠) بیست فلسمان وەردەگرت، ئێوارانیش ئێمە چەند قوتابییەك، لەوانە من و خالید دلێر، محەمەد حەسەن بەرزۆ، داود یارگە، قادر، کە لەوێ دەخەوتین، کارێکی دیکەشمان دەکرد، کە ڕاستکردنەوە و هەڵەگری ڕۆژنامەکە بوو. هەر شتێك بهاتایە پێش و بو ئێمە چارەسەر نەکرابا، دەبوایە تەلەفۆن بۆ مامۆستا برایم ئەحمەد بکەین، ئەوکاتە مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان لە بەغدا بوو، مامۆستا برایم و عەلی عەبدوڵڵا و نووری شاویس هەر هەموو ئەندامانی مەکتەبی سیاسی لە بەغدا بوون.

## لەدرێژەی بیرەوەرییەکانیدا مامۆستا کەمال باسی عەبدولکەریم قاسم دەکات و دەڵێت:

زۆر کەس ناهەقی بەرامبەر عەبدولکەریم قاسم دەکەن، کە گوایە لە بەرامبەر ئەو بەڵێنانەی بە کوردی دابوو پەشیمان بۆتەوە، بەڵام لە ڕاستیدا وانەبوو، ئەو پیاوێکی سەربازی بوو، هەرچەندە لە دەوروبەرەکەیدا پیاوی وەك: کامل جادرچی و حوسێن جەمیل هەبوون، ئەگەر ئەوان کاریگەرییان لەسەر هەبووبێ مەدەنیەتی وەرگرتبێ، کۆی

ئەمانە بەلای منەوە جوولانەوەی کوردی زۆر هەستیارە و لەهەمان کاتیشدا زۆر بەنرخە و زۆر کەس سوودی لێ وەردەگرێت، ئەگەر خۆشمان ژیر و کراوەبین و بزانین چۆن هەڵسوکەوت لەگەڵ ڕووداوەکانی ناوچەکە دەکەین، بەڵام بەداخەوە بە درێژایی مێژوو هەموو ئەم فرسەتانەی هاتۆتە پێشمان نەمانتوانیوە لەگەڵیان بگونجێین، بۆ نموونە لەسەردەمی عەبدولکەریم قاسم بارودۆخێکی لەبار و گونجاو دروست ببوو، دەمانتوانی لەگەڵیدا بگونجێین، بەڵام ئێمە ڕاڕابووین و دۆست و دوژمنی خۆمان نەناسیوە تاکوو ئێستاشی لەگەڵدا بێت، نابێت لەسەر مەواقفی ڕۆژانە ئێمە بڕیار لەسەر دۆستەکانمان بدەین. عەبدولکەریم قاسم پیاوێکی باش بوو بەرامبەر بە کورد، بەڵام هەڵسوکەوتی عەشایری و دەرەبەگایەتی ئێمە لەبەر یاسای چاککردنی کشتوکاڵی خەڵکە عەشایرەکەیان لە عەبدولکەریم هاندا، ئەوە بوو لە دەربەندی بازیان ڕێگایان گرت و چەکیان لەدژی عەبدولکەریم هەڵگرت و بوو بە شەڕ، ئێمە ئەو کاتە ئەفسەر بووین لە سوپای عێراقی، (٢٣) ئەفسەری کورد بووین، زیندانیان کردین، سوپای عێراق هێرشی کرد، ئەوە بوو دەربەندی بازیان گیرا، لێرەدا عەبدولکەریم هەلەیەکی گەورەی کرد، لەدوای شکانی عەشایر دەبوو هێزەکەی بگەڕێنێتەوە و بەردەوام نەبێت بۆ هێرشکردنە قووڵایی کوردستان، لێرەدا حیزب ناچاربوو جوولانەوەی چەکداری دروست بکا. ئەو ئەفسەرە شۆڤێنیانەی لە دەور و پشتی عەبدولکەریم قاسم بوون زۆر بە تایبەتی عەبدولسەلام عارف و شیوعییەکان، بۆ نمونە شیوعییەکان وایان لە عەبدولکەریم قاسم گەیاندبوو، کە مامۆستا برایم ئەحمەد ڕێککەوتنی لەگەڵ جەزائیر هەیە، بۆئەوەی کودەتا بەسەر عەبدولکەریمدا بکەن، زۆری نەمابوو کاک برایم ئەحمەد لەسێدارە بدەن، لەمەیان شیوعییەکان دەورێکی خراپیان بینی هەتا لە کوشتنی سەدیق میراندا ئەوان خۆیان کوشتیان، لەوێدا چەند ڕۆژنامەیەکی خەباتیان فرێدابوو، بۆئەوەی بڵێن پارتییەکان ئەوەیان کردووە. لەدواییدا هەر کە جوولانەوەی عەشائیری دەستی پێکرد لە دژی قانوونی چاکردنی کشتوکاڵی لەلایەن عەبدولکەریم قاسم و شیوعییەکان، بەڵام عەشائیر شکان و سەرنەکەوتن، دواتر نەدەبویە عەبدولکەریم هێز بجولێنێ بۆ شارەکانی کوردستان، لەمەدا هەڵەی کرد، دەبوو درکی بەوە بکردایە کە ئەم جوولانەوەی عەشایرییە دەستی دەرەکی تێدابووە، هەرکە ڕێگاکانیان گرت لە ئەنجامدا عەبدولکەریم قاسم هێزی جوولاند و سەرکەوت بەسەر ئەم جوولانەوەیە، دەبوایە یەکسەر هێزەکەی

بکشاندبایەوە، بەڵام ئەو هێزەکەی بردە ناو شارەکانی کوردستان و پەرتی کرد، ئەوەش هەڵەیەکی گەورەی عەبدولکەریم قاسم بوو، هەرچەندە ئەوەش بە فیتی شیوعییەکان بوو، بۆیە لە گەورە دێ حیزب ناچاربوو کۆبوونەوە ببەستێ، لەوێدا بڕیاریان دا جووڵانەوەیەکی بەرگری چەکداری بەهێز دروست بکرێت، بەرامبەر بە هێرشەکانی عەبدولکەریم قاسم.

**مامۆستا کەمال محێدین و پەیوەندییەکانی لەگەڵ مام جەلال لە بەغدا، سەردەمی خوێندن لە کۆلێژی حقوق، دوای شۆڕشی (١٤)ی گەلاوێژدا، دەڵێت:**

لەدوای شۆڕشی (١٤)ی تەمووز و هاتنی عەبدولکەریم قاسم بۆ سەر کورسی حوکم، مام جەلال گەڕایەوە بەر خوێندن بۆ جاری دووەم، ژوورێکی لە ئوتێل تروکادیرۆ بۆ خوێندن گرت بوو، ژوورێکیشیان دابوو بە ئێمە بۆ خوێندن، لەتەنیشت ژوورەکەی مام جەلال بوو، شەوی وا هەبووە تا بەیانی نەدەخەوتین، بە خوێندنەوە خەریک دەبووین، ژوورەکەی مام جەلال تایبەتمەندی خۆی هەبوو، زۆر پەرشوبڵاو بوو، هەر هەمووی بە کتێب داپۆشرا بوو زۆر جار خۆشی نەیدەزانی چ دەکا، جاری وا هەبوو هەر سەعاتەی کتێبێکی دەخوێندەوە، زۆر بزۆز بوو، تەنیا خوێندنەوە و خۆ ڕۆشنبیرکردن، لای ئەو گرنگ بوو، جاری وا هەبووە بەیانیان لە ئوتێلەوە بە پێ بۆ کۆلیژ بەدەم خوێندنەوە دەڕۆیشتین، با ئەوەشتان بۆ بگێڕمەوە زۆربەی ڕۆژەکان" کە دەچووین بۆ کۆلیژ لە ڕێگا تووشی عەبدولکەریم قاسم دەبووین کەژاوەی سەیارەکانی بە ناو خەڵك، بە بەردەمی ئێمەدا تێدەپەڕی لە وەزارەتی بەرگرییەوە بە شەقامی ڕەشیددا دەهات، سەلامی لە خەڵکەکە دەکرد و دەگەڕایەوە ماڵەوە بۆئەوەی بخەوێ، لەبەرئەوەی عەبدولکەریم قاسم بە شەو نەدەخەوت. مام جەلال بە نمرەی مومتاز حقوقی تەواو کرد. ئینجا چوو بۆ سەربازی، منیش مامەوە تاوەکوو قۆناغی چوارەمم تەواو کرد. لە ڕێکەوتی: (٢٣-٥-١٩٦٠)، یەکسەر چوومە نەقابەی پارێزەران و بووم بە پارێزەر، چەند مانگێکی پێچوو، ئێمەیان برد بۆ سەربازی، ئەو کاتە بڕیارەکە وابوو هەرکە کۆلیژ تەواو دەکەی دەبێت شەش مانگ جلی سەربازی لەبەربکەیت، دوای ئەوە دەبووی بە مولازمی دووەم، ئەستێرەیەکت وەردەگرت، ئەو کاتە ئێمە (٢٥) کورد بووین لەم کۆلیژەی سەربازی، یادەوەری زۆر خۆشمان لەوێدا بەڕێ کرد، زۆر شوێنیان پێ کردین هەر کە تەواو بووین، چوومەوە کۆیە و بووم بە ئەندامی لێژنەی ناوچەی کۆیە، بەڵام

زۆرم پێ خۆش بوو زیاتر بخوێنم، ئەوە بوو پەیوندیم بە برادەرێکم کرد ناوی عەباس بوو لە فەرەنسا دەی خوێند، وەرقەی قبوولّی بۆ وەرگرتبووم لە فەرەنسا بخوێنم، هەرچۆنێك بێت خوێندنەکەم بۆ نەچووە سەر، لەبەرئەوە بوو ئەوکاتە کاك عەلی عەبدوللّا سەرپەرشتی ڕێکخستنەکانی هەولێر و کۆیەی دەکرد، گوتی حیزب بڕیاری داوە، تۆمان بۆ لێپرسراوی لێژنەی ناوچەی کۆیە داناوە، منیش بۆئەوەی خۆم لە حکوومەت بشێرمەوە و نەزانێت من بۆ حیزب کار دەکەم نووسینگەیەکم بە ناوی نووسینگەی پارێزەر کەمال محێدین دانا، گوایە بۆ ئیشی پارێزەرییە، بەلّام زیاتر بۆ کاروباری حیزبی بوو، لە لێژنەی ناوچەی کۆیە ئیش و کارەکانی خۆمان لەم نووسینگەیە ئەنجام دەدا.

**دەوری مامۆستا کەمال لە شۆڕشی ئەیلوول لە کۆیە:**

بەر لەوەی باسی ئەو کاتەی خۆم بکەم پێویستە تیشك بخەمە سەر ئەو چالاکییەی هەڤال مام جەلال سەرپەرشتی کرد، پاش ئەوەی حیزب بڕیاری دا جوولانەوەیەکی بەرگری چەکداری دروست بکا، سەرەتا نە پارە و نە چەك نە ئازووقە هیچیان نەبوو، ئیش و کارەکانیان دابەش کرد، مام جەلال چوو بۆ قزروو لەسەر ئاوەکەی دەشتی کۆیەیە، ئەو کاتە شێخ جەنگی برای مام جەلال لەو گوندە بوو، لای ئەو مایەوە، لەپاشان دێن بۆ شەوگێڕ، لەوێ مام جەلال بە دوای جەمال تاهیر دەنێرێت، پێی دەڵێت ئێمە لە بارودۆخێکی زۆر خراپ داین، پێویستە کار ئاسانییێکمان بۆ بکەن، بۆئەوەی دەست بەسەر پارەی کۆیەدا بگرین، ئەویش بەلێنیان پێ دەدا، دەچێت خۆی لە لەتیف ئاغا نزیك دەکاتەوە، کە ئەو کات لەتیف ئاغا فەراشی ئەفسەری تەجنیدی کۆیە بوو، بۆئەوەی بزانن کەی پارەی کۆیە بۆ مووچە دێت، ئەوە بوو زانیاری تەواو وەردەگرێت، کە لە ڕێکەوتی: (٢٩-١١- ١٩٦١)، لە ڕێگای مامۆستا جەمال تاهیر خەبەر بۆ برادەران دەنێرن، مام جەلال و دکتۆر خالید لەگەڵ مەفرەزەیەکی پێشمەرگە دەچنە گوندی پیرەر، لەوێ خۆیان مات دەکەن و کەمین دادەنێنەوە، ئەوە بوو سەعات ١١ی نیوەڕۆ مسەلەحەکە دەگات و دەکەوێتە کەمین، ئەوە بوو سەیارەکە دەسووتێنن و ڕەشاشەکە و پارەکەش، کە (٣٠,٠٠٠) دینار دەبێت دابەشی دەکەن (١٠,٠٠٠) دینار بۆ پێشمەرگە دادەنێن (١٠,٠٠٠) دیناریش بۆ مەکتەبی سیاسی ڕەوانە دەکەن (١٠,٠٠٠) دینارەکەی تریش بۆ بارزانی دەنێرن، دوای بلّاوبوونەوەی هەواڵەکە کۆمەڵە کەسێکیان لە کۆیە

زیندانی کرد، لەوانە غەفووری برا گەورەی من بوو، لەگەڵ ژمێریارەکە، تاهیر مونیف و کۆمەڵە کەسێکی تریش گیران، (١١) مانگ لە بەندیخانە مانەوە، شۆڕشی ئەیلوول تازە دەستی پێکردبوو، بەم پارەیە شۆڕش بووژایەوە، دەتوانم بڵێم ئەو کاتە کۆیە بۆ شۆڕش گەورەترین پاڵپشت بوو، گەورەترین بنکەی شۆڕشیش بێتواتە بوو، ئەو گوندە لە ڕۆژهەڵاتی کۆیە بوو، لەوانەیە بە پێ نزیکەی دوو سەعات دەبێت، مامۆستا عومەر دەبابە سەرپەرشتی دەکرد و لێپرسراوی بنکەکە بوو و سەرپەرشتی بنکەکە لە ڕووی ڕێکخستن و حیزبایەتی و پێشمەرگایەتی لە لێژنەیەك پێك هاتبوو: لە مەلا عەبدوڵڵا، کە بە "مەلا ماتۆر" ناسراو بوو، دکتۆر خالید. ئەو سێ کەسە سەرپەرشتی ناوچەی خۆشناوەتیان دەکرد، تاکە ڕێگاش بۆ پەیداکردنی خواردن و کەلوپەل و هاتووچۆی خەڵك بۆ بنکەکە لێژنەی ناوچەی کۆیە بوو، مامۆستا ئیسماعیل حوسێن، کە خەڵکی شەقڵاوە بوو، ژمێریاری بنکەکە بوو، هەر شتێکیان پێویست بوایە ئەو دەی کردە لیست و مانگانە لەگەڵ بڕێك پارە ئەگەر هەیان بوایە. لەبیرمە نزیکەی (٣٠) دیناریان بۆ ئێمە ڕەوانە دەکرد، ئێمەش (١٥) دینارێکمان دەخستە سەر، بە ئێمە و ئەوان لە (٥٠) دینار تێپەڕی نەدەکرد، پارەکەمان دەدا بە قادر بەگ، کە لەناو شاری کۆیە دوکانی هەبوو، ئەندامی حیزبیش بوو، ئەو قادر بەگە پیاوێکی دڵسۆز چالاك و نهێنی پارێز بوو، ئێمە تێمان گەیاند بوو هەرکە لیستەکەمان بۆ ڕەوانە کرد، ئەویش کۆگایەکی لە خانی مەحموود ئاغا هەبوو، هەموو خەڵکی دەوروبەری کۆیە کە دەهاتن وڵاغ بارەکانیان لەم خانە دادەگرت، ئەوە بوو وردە وردە قادر بەگ لە ماوەی دوو ڕۆژ هەر هەموو کەرستەکەی بۆمان دەکڕی و لە ژوورەکەی خۆی دای دەنا، جاری واش بووە تفەنگ و فیشەك و دەمانچەمان بۆ ڕەوانە کردوون هەر لە ڕێگای کاروانچییەکانەوە، کە دەهاتن، ئەوەی لە بیرم بێت کابرایەکی کاروانچی هەبوو لەو کاتەدا بەناو قوولە دەهات بارەکەی بار دەکرد، ئەو پێنج شەش وڵاغی هەبوو، تووتنی دەهێنا، کەس شکی لێ نەدەکرد، قادر بەگ لەگەڵ ئەو قولەیە، ڕێك کەوتبوو، ئەویش بەیانیان باری دەکرد و دەی گەیاندنە بێتواتە، ئەوە ئیش و کاری ئێمە بوو لە شۆڕشی ئەیلوول، دواتر پەیتا پەیتا خەڵك دەهات، شیوعی با پارتی با، جاری واش بوو خەڵکی تریش هەبووە لە نەتەوەکانی دیکە هاتوون، ئێمە گەیاندوومانەتە ئەو بنکەیە، لەوانەش دکتۆر مەحموود ئەو کات بەڕێوەبەری نەخۆشخانەی منداڵان بوو لە سلێمانی، هەر لەم ڕێگای کۆیەوە هاتووچۆی ئەو بنکەیەی دەکرد.

**دوای کوشتنی عەبدولکەریم قاسم، بەعسییەکان لە ڕێگای ساڵح یووسفییەوە هەوڵی ئەوەیان دا گفتوگۆ لەگەڵ جووڵانەوەی کوردیدا بکەن:**

دوای ئەوەی بەعسییەکان ئینقلابیان لەسەر عەبدولکەریم ئەنجامدا و کوشتیان، کۆتاییان بە حوکمی قاسمی هێنا، لە ڕێگای مامۆستا ساڵح یووسفی کەوتنە جموجۆل بۆ ئەنجامدانی گفتوگۆ، گوتبوویان: ئێمە دەمانەوێ گفتوگۆ لەگەڵ جووڵانەوەی کوردیدا بکەین، ئەوە بوو جەنابی مەلا مستەفا لە (١٤)ی مانگ هاتە کۆیە، خەڵکێکی زۆر ڕووی لە کۆیە کرد، ئینجا ئەوەی ڕۆژێك کاری کردبێ لە جووڵانەوەی کوردایەتی جا سیاسی بێت، یاخود پێشمەرگایەتی هەر هەمووی هاتنە کۆیە، نزیکەی زیاتر لە دوو هەزار کەس دەبوو، بۆ ئیدارەدانی ئەو هەموو خەڵکە، ئێمە لێژنەی ناوچەی کۆیە دەستمان کرد بە دابینکردنی خواردن، ماڵی وا هەبوو زیاتر لە (١٥) کەسی جێ کردبۆوە، نووستن، خواردن لەو ماڵە بوو، مەلا مستەفاش لە ماڵی کاکە زیادی کۆیە دابەزی بوو، ئەویش خەڵکێکی زۆری لەگەڵدابوو لە بارزانییەکان و سەرلق و سەرپەڵ و ئامیرهێز و سەرکردایەتی و مەکتەبی سیاسی و پێشمەرگەیەکی زۆری لەگەڵدا بوو، کاك برایم ئەحمەد و کاك نووری ئەحمەد تەها و کاك نووری شاویس لە ماڵی خاڵم بوون، ئەوانەی تریش لە ماڵی ئێمە بوون، بێتەلەکەشمان لەناو باخچەی عەلی ساڵحی خەجانێ دانابوو، لە تەنیشت باخچەکەی خۆمانەوە بوو، ئیدی ڕۆژی (١٧)ی مانگ کۆنگرە دەستی پێکرد، لەوێ بڕیاریان دا کۆبوونەوەیەك لەگەڵ مەکتەبی سیاسی ئەنجام بدات، لەم کۆنگرەیە لێژنەییێکیان پێك هێنا بۆئەوەی سەردانی بەغدا بکەن بۆ گفتوگۆ لەگەڵ بەعس، وەفدەکە پێك هاتبوو لە (مەسعوودی مەلای گەورە، حوسێنی خانەقا و شاخەوان و عەگید سەدیق و عەبدولقادر عەزیز و لەگەڵ مام جەلال)، ئەوە بوو مام جەلال بوو بە سەرۆکی وەفدەکە و چوون بۆ بەغدا، هەر لەو کاتەدا وەفدەکەی حکوومەتی عێراقیش هاتن بۆ کۆیە، نەورۆزیش هاتە پێشەوە، بەم بۆنەیەوە بڕیارمان دا ئاهەنگێك ساز بکەین، لە قەراغ کۆیە ڕەشماڵمان هەڵدا و وەفدەکەی حکوومەتیش هاتبوو، لە پێنج وەزیر پێك هاتبوون، ئەوانیش لەم ئاهەنگەدا ئامادە بوون، مەلا مستەفای بارزانیش لەم نەورۆزەی کۆیە ئامادەبوو، ئەندامانی لێژنەی ناوچەی کۆیە، بەرنامەی ئاهەنگی نەورۆزمان داڕشت بوو، من سەرپەرشتی ئاهەنگەکەم دەکرد. لەگەڵ پێنج ئەندامەکەی

لێژنەی ناوچەی کۆیە، جەمال تاهیر یەکێك بوو لەم پێنج ئەندامە و هاتە لام، گوتی: ئەوە هەژاری شاعیر دەیەوێ شیعرێك بخوێنێتەوە، منیش گوتم ئێمە بەرنامەمان داناوە با بۆ جارێکی تر بێت، ئەوە بوو هەژار بەبێ ئەوەی ناوی لەناو بەرنامەی ئاهەنگەکە بێت، بەسەر شانۆ کەوت و دەستی پێکرد بە جنێودان بە نەتەوەی عەرەب، منیش دوای ئەو بەسەر شانۆ کەوتم داوای لێبووردنم لە میوانەکان و وەفدەکە کرد و گوتم هەرچییێکی ئەم برادەرە گوتی هیچ پەیوەندیی بە ئێمەوە نییە، ئەوانەی ئەو گوتی هیچ تەعبیر لە بیروبۆچوونی نەتەوەی کورد ناکات، تەنانەت تەعبیر لە بیروبۆچوونی کەسی خۆی دەکا.

دەربارەی وەفدی دانوستکاری نێوان حکوومەتی عێراق و جوولانەوەی ئازدیخوازی کورد، لە ڕێکەوتی: (٢-٤-١٩٦٣)، مام جەلال زۆر ڕاشکاوانە بە لایەنی حکوومەتی عێراقی گوت، ئێمە ئۆتۆنۆمی قەومیمان دەوێت نەك ئۆتۆنۆمی ئیداری، لەبەرئەوەی ئێمە میللەتێکی جیاوازین و نیشتمانێکی جیاوازمان هەیە، لەبەرئەوەیە نابێت لە ئۆتۆنۆمی قەومی کەمتر قبووڵ بکەین، ئەوە بوو فایق سامەرائی، کە سەرۆکی حیزبی ئیستیقلال بوو، ئەندامی وەفدی عێراقی بوو بۆ دانوستان، ڕووی کردبووە مام جەلال و گوتبووی: مامۆستا جەلال ئەوەی ئێوە دەیڵێن ئەوە جیابوونەوەیە. مام جەلال گوتبووی ئێوە چ ناوێکی لێ دەنێن ئارەزووی خۆتانە، ئێمە لەوە کەمترمان ناوێت، دوای ئەوە وردە وردە حکوومەت پاشەکشەی کرد و خۆیان دەدزییەوە لە گفتوگۆکە، تا وای لێهات وەفدەکەی لە بەغدا زیندانی کرد، بەڵام پێش ئەوە ئەوان بە وەفدەکەی کوردستانیان گوتبوو، لەبەرئەوەی جەمال عەبدولناسر ئێستا ڕابەری نیشتمانی عەرەبییە، دەبێت ئێمە پرس بە ئەویش بکەین و سەردانێکی قاهیرە بکەین، ئەوە بوو مام جەلالیش هەر کە هەست بە پاشەکشەی حکوومەت دەکا، دەڵێ زۆر باشە، ئەوا ئێمەش لەگەڵتان دێین، ئەوە بوو مام جەلال و فوئاد عارفیش لەگەڵ ئەوان دەچن بۆ سەردانی کردنی جەمال عەبدولناسر لە قاهیرە، هێشتا ئەوان هەر لە قاهیرە بوون، حکوومەت وەفدەکەی کوردییان لە بەغدا زیندانی کرد. سەرەتای ساڵی: (١٩٦٤)، کە عەبدولسەلام عارف سەرۆك کۆماری عێراق بوو، هێرشێکی بەرفراوانی کردە سەر ناوچەی چەمی ڕێزان، ئەو کاتە بنکەی مەکتەبی سیاسی لێ بوو، ئەوە بوو هەموو ئەو ناوچانە کەوتنەوە ژێر کۆنترۆڵی حکوومەتی عێراقی، هێزی پێشمەرگە پاش ئەوەی بەرگرییێکی زۆر بوێرانەی کرد، دەیان شەهیدی قارەمان و برینداری زۆری دا، ئەمەش لەبەر

نـەبوونی هێـزی نابەرامبـەر، پێشـمەرگە لـە هـەموو ئـەم ناوچـانەی ژێـر دەسـەڵاتیدا پاشەکشەی کرد، بۆ دەشتی کۆیە و لە گوندی پیبازۆك بنکە و بارەگاکانمان قـایم کـرد. ئەو ساڵە گەنم و جۆیەکی زۆرمان لە چاڵان کردبوو، هەموویمان کردە نـان و خـواردن بـۆ پێشمەرگەکان.

لە ڕێکەوتی: (١٨-١١-١٩٦٣)، عەبدولسەلام ئینقلابی لەسەر حیزبی بـەعس کـرد. جولەی سەربازی لە ناوچەکە وەستا و پێشمەرگە دەستی کرد بە خۆڕێکخستنەوە، وردە وردە هەرکـە عەبدولسـەلام خـۆی توونـد کـردەوە، ئـەوە بـوو داوای گفتوگـۆی لەگـەڵ بزووتنەوەی کوردی کرد. ئەمجارەیان مەبەستی خـۆی هـەبوو لـە گفتوگۆیەکـە، یـەکیان لەبەرئـەوە بـوو کـە سـەربازەکان پشـوویدەن و خۆیـان ڕێـك بخەنـەوە، ئـەوەی تریـان بۆئـەوەی نـاکۆکی بخاتـە نێـوان حیـزب و مـەلا مسـتەفا. سـەرەنجام عەبدولسـەلام پەیوەندیی بـە خوالێخۆشـبوو شـێخ ئەحمـەدیش کردبـوو، هێنـدە باسـی دیـن و ئایـەتی قورئانیان بۆ کردبوون، ئەوانیش زۆر بە دڵپاکییەوە بڕوایـان بـە قسـەکانی عەبدولسـەلام کردبوو. ئەو کاتە ئێمە بارەگامان لە قووڕتەلاسـی بـوو، کـە کەوتۆتـە پشـت شـاخەکانی دێگەلە، ئەو کاتە مۆڵەتم بۆ سەردانی کردنی ماڵـەوە وەرگرتبـوو لـە گونـدی هێرۆیـێ لـە پشـت قـەلادزێ، لـەپڕ دوو فڕۆکـەی بـەعس لـە سـەر پـردی هیـزۆپ لـە ناوچـەی کۆیـە بۆردومـانی کـردین، مـن و شـوفێرەکەش هـەردووکمان برینـداربووین، بـەڵام برینـداری شۆفێرەکە زۆر سەخت بوو. ئینجا ئەو ماوەی ئێمە لـە گونـدی قووڕتەلاسـی بـووین، کـە گەڕاینەوە لەسەر ڕێگا چووین سەردانی بارەگای حیزبمـان کـرد لەسـەر جادەکـە، لـەوێ مام جەلال و ڕەئیس یووسفم بینی، پاش چاك و چۆنی لە مام جەلالم پرسی دەنگوبـاس چییە، چی تازە هەیە؟ مام جەلال گوتی کەمال هەموو شتێك بڕاوەتەوە و مـەلا مسـتەفا لەگەڵ عەبدولسەلام ڕێکەوتوون بەبێ ئەوەی پـرس بـە مەکتـەبی سیاسـی بکـات هـەموو شتێکی بڕاندۆتەوە، هەر ئێستا بگەڕێنـەوە قووڕتـەلاس و هـەموو کەلوپەلـەکانی خۆتـان کۆبکەنەوە، چونکە لەوانەیە بارودۆخەکە بگۆڕدرێت، ئەوە بوو ئەو ڕۆژە زۆر بە غەمباری گەڕامـــەوە بـــۆ قووڕتەلاســـی، یەکســـەر پێشـــمەرگەکانم کـــۆکردەوە و پـــێم گـــوتن کەلوپەلـــەکانتان کۆبکەنـــەوە، ئیمشـــەو لەوانەیـــە بـــەیانێك لەلایـــەن مـــەلا مســـتەفا و عەبدولسەلام دەر بچێت، نەوەك فڕۆکە بێت ئێرە بۆردومـان بکـات، شـەو سـەعات (١٠)، بەیانەکـە خوێندرایـەوە، بەڕاسـتی هـیچ شـتێکی نەتـەوەیی تێـدا نـەبوو، هـەر ئەوەنـدە

نەبێت، کە دەڵێ شەڕ ڕاوەستاوە و هەر کەسە بچێتەوە ماڵی خۆی، دوای ئەوە وردە وردە کەوتینە پەیوەندیکردن بە مەکتەبی سیاسی، بۆئەوەی بتوانین چارەسەری ئەم بارودۆخە بکەین، چونکە نێوانی مەکتەبی سیاسی و مەلا مستەفا وای لێهات بوو بەرەو خراپی دەچوو.

چەند جارێك نوێنەری هەردوولا لەنێوانماندا هات و چوون، بابە عەلی چەند جارێك ڕەوانە کرا بۆ لای مەلا مستەفا، کاك فوئادیش چوو، بەڵام هەوڵەکان بێ سوودبوون و بارزانی گوتبووی مام جەلالیش ڕای لەسەر ئەوە بووە بۆئەوەی گفتوگۆ لەگەڵ عەبدولسەلام بکەین، بەڵام مام جەلال گوتی: (نە من نە نووری شاویس لەگەڵ ئەوە نەبووینە)، ئەگەر واش بووبێت، دەبوایە مەکتەبی سیاسی بڕیار لە سەر ئەوە بدات. مام جەلال گوتی: ڕای من بێت یان یەکێکی تر بە تاك هیچ ناگۆڕێت، دەبێ مەکتەبی سیاسی بڕیار لەسەر ئەمە بدات، ئەو دۆخە درێژەی کێشا، بەڵام بێ سوود بوو، ڕۆژ لە دوای ڕۆژ بارودۆخەکە بەرەو خراپتر دەڕۆیی، تاوەکوو حیزب بڕیاری دا کە کۆنفرانسێکی گەورە ببەسترێ بۆ یەکلاییکردنەوەی ئەو بارودۆخە، ئەوە بوو لە ڕێکەوتی: (٤-٤-١٩٦٤)، لە شارۆچکەی ماوەت کۆنفرانسەکە بەسترا، من ئەو کاتە بەشداربووم، لەگەڵ کاك عەلی عەبدوڵڵا و نوێنەرانی هەولێر ڕۆیشتین بۆ ماوەت، ئێوارەکەی کە گەیشتین کاك نووری شاویس لەسەر بانەکە پیاسەی دەکرد و بەخێرهاتنی کردین، کاك عەلی گوتی کاك نووری چیتان بۆ لێناوین، ئەویش گوتی لەبەر خاتری ئێوە و دەمانزانی ئێوە دێن نیسکێنەمان بۆ لێناون، ئەوە بوو هەر یەکە قاپە نیسکێنەیێك لەگەڵ ئەستووکێکمان خوارد، دوایی چووین خەوتین تا بەیانی وردە وردە خەڵکەکە دەهاتن، دوای سێ ڕۆژ ژمارەی ئەندامان گەیشتە (١٨٥) کەس، کە ئەندامی کۆنفرانسەکە بوون جگە لە خەڵکی تریش لەوێدا ئامادە بوون، بە کۆی دەنگ بڕیاردرا وەفدێك ڕەوانەی لای مەلا مستەفا بکرێت، ئەوە بوو وەفدەکە چوو و گەڕایەوە، بارزانی بە وەفدەکەی گوتبوو با ئەوان هەموویان بگەڕێنەوە لای من ئینجا قسەی لێ دەکەین، دوای ئەوە وەفدێکی تریان ڕەوانە کرد، ئەوە بوو وەفدەکەیان دەستبەسەر کردبوو تا کار گەیشتە ئەوەی کە مەکتەبی سیاسی بڕیاری سڕکردنی مەلا مستەفا بدات، هەرچەندە تا کۆتاییش (١٤) کەس لەناو کۆنفرانس ڕازی نەبوون لەسەر سڕکردنەکە، بەڵام مەکتەبی سیاسی بەیاننامەکەی دەر کرد، لە بەیاننامەکە هەم بڕیاری سڕکردنەکەشی تێدابوو، هەمیش بە

دوورودرێژیش باسی ناکۆکییەکان و ئەو گفتوگۆیەی نێوان مەلا مستەفا و عەبدولسەلامی کردبـوو، بـە خۆبەدەسـتەوەدانی لـە قەڵـەم دابـوو، سـەرەنجام لـەدوای ئـەوە ئـەویش هێرشـێکی توونـدی دەسـت پێکـرد بـۆ سـەر ئەنـدامانی مەکتـەبی سیاسـی و لێژنـەی مەرکـەزی، گـوتی ئەوانـە خیانـەتیان کـردووە، ئیـدی هێرشـێکی گـەورەیان کـردە سـەر ماوەت، من لەو کۆنفرانسە بووم بە ئەندامی لێژنەی مەرکەزی و لە هەمان کـات بـووم بـە لێپرسراوی لقی هەولێر، ئێمە نوێنەرانی لقی هەولێر (١٧) کەس بووین، لە ماوەتـەوە بـە پێ بەڕێ کەوتین تا گەیشتینە سەر سلێمانی، شەو بوو کاك عومەر دەبابە لەوێ هێزێکی دانابوو بۆ پاراستنی کۆنفرانسەکە، من لەوێ کاك عومەرم بینی، گوتی ها کـەمال چـیتان کرد؟ منیش گوتم بە خوا کارلەکارترازاوە. ئەوە بوو لەوێش بەڕێ کەوتین، بەم شەوە بە گوێژەوە شۆڕ بووینەوە تا گەیشتینە کۆیە، شەو لە مـاڵی خۆمـان مانـەوە، بـۆ بـەیانی هەر دوو سێیەکمان بە دەشتی کۆیەدا بە پێ ڕۆیشتین بۆ هەولێر، من ئەو شەوە لە کۆیە مامـەوە، بـۆ بـەیانی منیـان بـردە گـەراجی هـەولێر و لەگـەڵ کـەریم کێشـکە ڕەوانـەی هەولێریان کردم، ئەوە بـوو ئـەو کاتـە کـاك محەمـەدی حـاجی تـاهیری لێپرسـراوی لقـی هەولێر بوو، پەیوەندیم پێوە کرد، ئەو ڕۆژە لێپرسراوەتی حیزبم لـە ئـەو وەرگـرت و مـن بووم بە لێپرسراوی لقی هـەولێر، بـە نهێنی و زۆر بـە وردی چـاودێری ئەنـدامانی حیـزب دەکرا و بەدوامانەوە بوون، لە هەموو شوێنێك دەگەڕان بە زینـدوویی و بـە مردوویـی بـە دوامانەوە بوون.

**مامۆستا کەمال محێدین لەناو شاری هـەولێر بـووە لێپرسـراوی لقـی هـەولێر، بەڵام زۆر بە نهێنییەوە، ئەو ڕۆژانە وا دەگێڕێتەوە:**

هەرکە بووم بە لێپرسراوی لقی هەولێر، زۆر بە نهێنی سەرپـەرشـتی ڕێکخسـتنەکانی هەولێرم دەکرد، ئەوکاتەی من باسی دەکەم گەرمـەی کێشـە و ملمڵانێکـانی نێـوان بـاڵی مەکتـەبی سیاسـی و بـارزانی ڕەحمـەتی بـوو، بـارودۆخێکی زۆر نـاخۆش بـوو، لەلایـەك حکوومـەت بـە دوامانـەوە بـوو، لایەکـەی تـریش مەلاییـەکان، ترسـی ئاشـکرابوونیش لەدەستی خەڵك، بە هەرحاڵ من بۆ یەکەم جار لە قەڵای هەولێر خۆم شاردەوە، لە مـاڵی برادەرێك بووم ناوی کەریم بوو، تاکوو ئێستاش ئەم برادەرم نەبینیەوە، پرسـیارم کـرد، گوتیان هەر لە ئێران مایەوە، بە هەرحاڵ لەو ماوەیـەدا کـە لـە قـەلا بـووم زۆر خزمـەتی

منیان کرد، لە ژوورێکدا بووم پەنجەرەیێکی تێدابوو دەیڕوانییە پیرمام، نزیکەی دوو مانگ لەوێدا مامەوە، ڕۆژێکیان کەریم هاتە لام گوتی: مامۆستا خێزانەکەم دەڵێ دراوسێکانمان پرسیار دەکەن دەڵێن ئەو هەموو پیاوە چییە هاتووچۆی ئێوە دەکەن، خۆ چ نەبووە؟ دەترسم شکیان کردبێت، بۆیە پێم خۆشە شوێنەکەت بگوازینەوە، ئەوە بوو لەگەڵ کاک کەریم ڕێکەوتین، کە ڕۆژی هەینی لەبەرئەوەی نیوەڕۆکەی خەڵك دەچن بۆ نوێژ و ناو شار چۆلە، بۆیە لەسەر هەمان بەرنامە نیوەڕۆکەی دەرچووین و سەرەتا بڕیارمان دا بچم لە دوکانی حەمید خۆشەوی دابنیشم، ئەو برادەرە دۆستی خۆمان بوو و لایەنگیری شیوعییەکانی دەکرد، دوکانەکەشی لە بەرامبەر ئوتێل (فەرەح) لەبەردەم دەرگای قەڵابوو، ئیدی هەر کە گەیشتمە دوکانی کاك حەمید، لەوانەیە هەر پێنج خولەکێك دانیشتبم، مەفرەزەیەکی برایمە فەندی لەبەردەم دوکانەکەی حەمید خۆشەوی وەستان و دەورەیان گرتم و پڕ جنێوی ناشیرینیان کردم، هەزار شەقیان تێ هەڵدام و فڕێیان دامە ناو تۆتۆمبێلەکەیان و منیان برد بۆ بنکەی گۆمەسپان، کە برایمە فەندی لێپرسراوی ئەم بنکەیە بوو، بردمیانە لای برایمە فەندی، پێم گوت برایمە فەندی لەبیرتە، کە تۆ پەیوەندیت بە شۆڕشەوە کرد، پۆلیسی حکوومەت بووی، لە کۆیە، شەو لای ئێمە خەوتی و بەیانی چووی بۆ بێتواتە، گوتی وەڵڵا ڕاستدەکەی، بەڵام من هیچم بە دەست نییە و ئەوە بە بڕیاری مەلا مستەفای بارزانییە، کە تۆ بگیرێیت، ئەوە بوو بۆ بەیانی گوایە بمگوازنەوە، چۆن دەچی چۆن بیگەیێنین، من گوتم زۆر نەخۆشم، بە پێ یەك هەنگاو ناتوانم ڕێ بکەم، بۆیە هێستریکیان هێنا و منیان بە سواری وڵاغ لەگەڵ دوو کەس بردە سماقولی سەروچاوە، کە منیان بردە ئەوێ، ئامیر هێزەکە ناوی تاریق بوو، جێگرەکەشی ناوی شێخ تایەر بوو، هەردووکیان زۆر هاوڕێم بوون، ئەوە بوو بە خێرهاتنێکی زۆر گەرمیان کردم، کێخوا عەزیز و کێخوا عەبدەش لەوێ بوون، هەردووکیان پیاوە ماقوول و دەمڕاستی سماقولی بوون و دۆستی باوکم بوون، من شەوانە لە بارەگاکەی ملازم تاریق دەخەوتم، دوای هەفتەیەك ملازم تایەر هاتە لام و گوتی: کەمال، ملازم تاریق دەڵێ من زانیاریم وەرگرتووە کەمال دەبەنە سەرەوە و دەی کوژن، ئەگەر دەتەوێ ڕابکەی، ئێمە ڕێگات لێ ناگرین و کار ئاسانیشت بۆ دەکەین، سەرەنجام بانگی کێخوا عەبدەم کرد، کە ئەندامی حیزب بوو، برا گەورەی سماقووڵی بوو، پێم گوت ئەم نامەم هەیە بۆم بگەیێنە بۆ لای مامۆستا برایم ئەحمەد، ئەو کاتە

کاك برایم خۆی شاردبۆوە، لە ناوچەی سلێمانی ئیش و کاری مەکتەبی سیاسی دەکرد، ئیدی هەرکە نامەکەی بۆ کاك برایم برد بوو، ئەویش لەبەر پاراستنی گیانی کێخوا عەبدە، بە زار وەڵامی نامەکەی منی دابۆوە، ئەوە بوو لە وەڵامدا گوتبووی ئەگەر تۆ ڕابکەی تایەر و تاریق دەگرن و زیندانیان دەکەن تاکوو تۆ دەگەڕێیتەوە، کە تۆش گەڕایتەوە هەرسێکتان دەکوژن، مامۆستا گوتبووی بۆیە من پێم باشە کەمال بمێنێتەوە و دان بەخۆیدا بگرێت، ئینشاللا خێر دەبێت. ئەوە بوو منیان لە سماقوولییەوە برد بۆ ڕانیە، ئینجا مولازم تاریق هات گوتی مەلا مستەفا خەبەری ڕەوانە کردووە کەمال بێنن بۆ ڕانیە، ئیدی هەر لەگەڵ ئەودا بە پیکابەکەی مولازم تاریق چووم بۆ ڕانیە، ئێمە (٣٢) ئەندام و کادیری حیزب لە ڕانیە زیندانی کرابووین، من (١٨) ڕۆژ لای ئەو (٣٢) کادیرە لە زیندان مامەوە، دوایی منیان برد بۆ ژوورێکی ئینفرادی، شەش مانگ و هەژدە ڕۆژیش لەوێدا مامەوە، ئەوکاتە بە تەواوی قەناعەتم هات، کە بۆ کوشتن منیان خستۆتە ئەو ژوورە، چونکە بەر لە من کەسی تریان هێنابووە ئێرە و دوای سێ ڕۆژ کوشتبوویان، من زۆر هەولم بۆ درابوو، بۆئەوەی لە زیندان بەرم دەن، بەڵام بێ سوود بوو، تا جارێکیان عەبدوڵڵا کانی مارانی، مەلا عەبدوڵڵا بارزانی دەبینێت، کە دۆستی هەردووکمان بوو، داوای لێ دەکات، کە هەولێك بدات بۆ ئازادکردنم، وادیارە مەلا عەبدوڵڵای بارزانی شەخسی چوو بووە لای مەلا مستەفا و داوای لێ کرد بوو ئەگەر کەمال ئازاد نەکەی، ئەوا من چەکەکەم دادەنێم، بەڵام بێ سوود بوو و بەگوێی نەکردبوو، گەلێك خەڵکی تر داوای ئازادکردنی منیان لە بارزانی کردبوو، بەڵام بارزانی بە گوێی نەکردبوون تاوەکوو عیسمەت شەریف و کەمال فوئاد دەچنە لای مەلا مستەفا بۆ کۆبوونەوەی لێژنەی سەرکردایەتی شۆڕش، لەوێدا عیسمەت بە بارزانی دەڵێ کەمال ئەندامی سکرتاریەتی یەکێتیی قوتابیانی عێراقە و هەموو یەکێتیی قوتابیانی دنیا دەیناسن، هەر شتێکی بەسەربێت بۆ ئێمە باش نابێت، ئیدی بارزانی ڕازی دەبێت، ئەوە بوو سەعات دوازدە و نیوی شەو بە دوایاندا ناردم و گوتیان مەکتەبی سیاسی تۆی دەوێت، منیش لە کوشتن زیاتر دڵم بۆ هیچ شتێکی تر ناڕوات، لەبەر دەرگای زیندانەکە هەرچی پێم بوو، دام بە مەولوود ڕۆژباش، برادەرانی تریش لە پەنجەرەکەوە منیان دەبینی و بەم بارودۆخە زۆر دڵتەنگ بوون، ئەوە بوو منیان بردە خانووێك زۆربەی زۆری ئەندامانی مەکتەبی سیاسی لەوێ بوون، خەریکی هەنار خواردن بوون، زۆربەیان هاوڕێم بوون، هەر هەمووشیانم

دەناسی، یەکێکیان نەیان وێرا مەرحەباییم بکەن، ئیدی منیان بردە ژوورێك، مێزێك و کورسییێکی تەنەکەی لێ بوو، لە پڕێك شێخ ڕەزا گوڵانی و کاڤی نەبەوی هاتنە ژوورەوە، هەر یەکە و قەڵەم و کاغەزێکی بە دەستەوەیە، پرسیاریان لێ کردم و ناو شوێن و ...، وەڵڵا منیش ڕووم کردە هەردووکیان، گوتم کاك کاڤی تا دوێنێ پێشمەرگەت دەکوشت ئێستا هاتووی ئیفادە لە من وەردەگری، بە شێخ ڕەزام گوت تۆ جەنابت لە کوێ بووی تا ئێمە کوردایەتیمان دەکرد؟ گوتی تۆ ئازادی چی دەڵێی بیڵێ، مەلا مستەفا بڕیاری داوە تۆ ئازاد بکرێیت، زۆرم پێ سەیر بوو، ئەوە بوو هەندێ قسەی ترمان کرد و شێخ ڕەزا گوتی ئێستا تۆ دەتوانی بڕۆی، ئەگەر شوێنیشت نییە وەرە بۆ ماڵی خۆمان، منیش گوتم نەخێر، تاکوو بەیانی بمبەنەوە بۆ زیندان، لە کۆتاییدا شێخ ڕەزا گوتی بۆیە لەگەڵ ئێمە نایێت دەتەوێ بچی لە سجن یەکێکی تر بکەی بە لێپرسراو، منیش گوتم شەرم ناکەن، من لە ژوورێکی ئینفرادیم، دەبم بە لێپرسراوی کێ؟ چوومەوە بۆ سجن، کە گەڕامەوە چووم بۆ لای هەموویان و دڵیان زۆر پێ خۆش بوو، بەیانی پێش ئەوەی بەڕێ بکەوم داوای پسولەیەکم لێ کردن بۆ ڕێگا، ڕۆیشتم بۆ کۆیە، دوو شەو لە کۆیە مامەوە، سێیەم ڕۆژ گەڕامەوە بۆ هەولێر، جارێکی تر دەستم بە ئیش و کارەکانی خۆم کردەوە، زۆر گوتیان عیسمەت شەریف و کەمال فوئاد بوونە کەفیلت، دوایی بۆ ئەوان ناخۆش دەبێت، بەڵام من گوتم ئەگەر ئاشکراش بم بڕوا ناکەم ئەوان سجن بکات، ئەوە بوو دووبارە لەناو هەولێر بە نهێنی دەستم بە ئیش و کارەکانی حیزب کردەوە، شەو چوومە ماڵی سەید مستەفای برای سەید مەجید سێ شەو لەوێدا مامەوە، دوایی بردمیان بۆ ماڵی ئەحمەد ڕەشوانی لە ئازادی، مامۆستا بوو، ماڵیان لە سەرەوەی مزگەوتی ئازادی بوو، لای دائیرەی پۆستە، بەراستی کاك ئەحمەد ڕەشوانی و دایکی زۆر خزمەتیان کردم، دوای ساڵێك ئەوە بوو مەلا ماتۆڕیشیان هێنا لای من، هەر لە هەمان ماڵ پێکەوە بووین، بەڵام ئەو زۆر نەمایەوە و ڕۆیشت، لەوێدا من و سەید مەجید مەحموود بەنزین و قادر شۆڕش یەکترمان دەبینی، من لەوێدا مامەوە، برادەرێکمان هەبوو بە ناوی میرزا عەبدولکەریم، کاتبی مەحکەمە بوو، یەدەگی لێژنەی مەرکەزی بوو، ماڵیشیان لە ئازادی بوو، ئەو دەیزانی من لە کوێم، هەموو جار نامەی بۆ دەهێنام، شێخ لەتیفی شێخ عەبدولکەریمیش دەیزانی، من شەوان چواردەوری هەولێر بە پێ دەگەڕام، هیچ گرفتم نەبوو، ئێوارەیەك شێخ لەتیف گوتی جووتیارەکانی کەرکووك هاتوون دەبێ

شەو بێیت، ئەوە بوو شێخ ڕەشیدی شێخ کاکەیان بە دوامدا نارد، بە پێکاب هاتن بە شوێنمدا، چووین لەگەڵ جووتیارەکان دانیشتین، تەنیا شێخ لەتیف و میرزا ماڵی ئێمەیان دەزانی، ئێوارەیەك هاتە لام گوتی عەلی خاڵت و دکتۆر خالیدی ئامۆزات هاتوون دەیانەوێ بتبینن، دەڵێی چی؟ گوتم بابێن بۆ ماڵی ئێوە، منیش دێم. سەرەنجام سەعات نۆی ئێوارە چووم و هەردووکیان لەوێ بوون، دوای چۆنی و چاکی بە کورتی کاك عەلی عەبدوڵڵا گوتی ئەگەر نەیەیتەوە و یان لە ماڵەوە دانەنیشی ئەوە مەلا مستەفا ئەمجارەیان بتگرێ بەرت نادا، منیش گوتم هەموو ئەو قسانەی کردمان بە لایەك ئەو ڕستەی کۆتایی بە لایەك، بۆ من دەگرن، من نە خیانەتم کردووە نە جاسووسیشم، کەواتە من نایەمەوە، ئەوە بوو ئەوان ڕۆیشتن، منیش گەڕامەوە شوێنەکەی خۆم، ئیش و کارەکانی خۆم ئەنجام دەدا، برادەرێکیشمان هەبوو ناوی حەمید باتاسی بوو، ئەندامی لقی هەولێر بوو، پیاوێکی دلسۆز و پاك و خاوێن و زۆر سادە و ساکار بوو، زۆر ئازاش بوو، ئەویش لەگەڵ مندا بوو، ناوە ناوە هەر ئەگەر پشکنین و بە دوادادگەڕان هەبوایە، ئەو دەچووە قەبرستان خۆی دەشاردەوە، ئێمە تاوەکوو مانگی شەش لە ماڵی کاك ئەحمەد ڕەشوانی ماینەوە، من لەسەربان دەنووستم، بەیانییێك زوو بوو، دایکی کاك ئەحمەد لە خەو هەڵیستاندم و گوتی: هەستە عەبدولسەلام عارف مردووە، وەڵڵا ڕادیۆکەم کردەوە، ئەوە بوو هەواڵەکەی خوێندەوە، کە لەکاتی سەردانی کردنی سەرۆککۆماری عێراق عەبدولسەلام عارف بۆ شاری بەسرە، فڕۆکەکەی سووتاوە و لەگەڵ چەند وەزیرێك کەوتوونەتە خوارەوە و مردوون، لە دواییدا دەرکەوت بەعسییەکان پیلانیان بۆ داناوە و قومبەلەیان خستۆتە ناو فڕۆکەکە بەبێ ئەوەی فڕۆکەوانەکەش بزانێ، ئەوە بوو ئەوەی لەناو فڕۆکەکە بوو هەموویان مردن، دوای ئەوە بۆ ماوەیەك بۆشایەکی سیاسی لە عێراق پەیدابوو، ئەو کاتە ڕۆژێك شێخ لەتیف هاتە لام و گوتی من دەچم بۆ بەغدا، منیش پێم گوت ئەگەر مام جەلال یان کاك حیلمی لەوێ بوون، پێیان بڵێ کەمال دەیەوێت بێتە بەغدا، ئەو کاتە لە سەروبەندی دانانی سەرۆك کۆمارێك بوون بۆ عێراق، تازە عەبدولسەلام مردبوو، ئەوە بوو ئەم بۆشایە سیاسییە چەند مانگێکی پێچوو، زۆر کەس خۆی ئامادەکردبوو ئەم پۆستە وەربگرێت، ئەوە بوو بۆ دواجار بازەکە لەسەر عەبدولڕەحمان عارف نیشتەوە و بوو بە سەرۆك کۆماری عێراق.

**با بزانین چۆن باسی گفتوگۆی نێوان عەبدولڕەحمان عارف و جوولانەوەی کوردی دەکات:**

محەمەد مەولوود (مەم) لەگەڵ دوو برادەری دیکە بە ناوی سالم حەیدەری و عەبدوڵڵا کانی مارانی بۆ پیرۆزبایی دەچنە لای عەبدولڕەحمان عارف لە بەغدا، دوای ئەوەی کە هەڵدەستن، مەم بە بیانووی جێهێشتنی چاویلکەکەی دەگەڕێتەوە لای عەبدولڕەحمان عارف و پێی دەڵێت: بۆ دەستپێشخەرییەك ناکەیت لەگەڵ کوردەکان، دەست بە گفتوگۆ ناکەیت، ئەویش زۆری پێ خۆش دەبێت و دەڵێت هەوڵ بدە یەکێکیان ببینە و بێن بۆ ئێرە با قسەیان لەگەڵدا بکەم، ئەوە بوو لە بەغدا حوسێن فەیلی دەبینێت و دەگەنە ئەوەی کاك حیلمی لە بەغدا ببیننەوە، ئەوکاتە لە دۆڵەڕەقە ڕایان کردبوو و هاتبوون بۆ بەغدا و لەوێ خۆی شاردبۆوە، ئیش و کاری حیزبیان دەکرد، دواجار دەیبیننەوە و دەچن بۆ لای عەبدولڕەحمان بەزاز، ئەوکاتە ئەو سەرۆکی وەزیران بوو، عەبدوڵڕەحمان عارفیش سەرۆك کۆمار، ئەوە بوو گفتوگۆ دەستی پێکرد، لەو کاتە بوو منیش گەڕامەوە بۆ بەغدا و چووم بۆ شەقامی پەنجا و دوو، کە کاك حیلمی لەوێ بوو، پرسیاری مام جەلالم کرد، گوتی لە شوقەکەی خۆیەتی، ئێوارە دێتە ئێرە، ئەوە بوو ئەو کاتە ڕاستەوخۆ بە بڕیاری مەکتەبی سیاسی، من کرام بە لێپرسراوی ڕێکخستنەکانی حیزب لە بەغدا، لە سەرەتای پێکهێنانی حکوومەتی عەبدولڕەحمان بەزاز.

**دوای ئەوەی بازی سەرۆکایەتی کۆماری عێراق لەسەر عەبدولڕەحمان عارف نیشتەوە مامۆستا کەمال گوتەنی، جوولانەوەی کوردایەتی پێ دەنێتە قۆناغێکی نوێوە، دەربارەی ئەم قۆناغە مامۆستا کەمال محێدین دەڵێت:**

دوای ئەوەی گفتوگۆ دەستی پێکرد لە هەولێر چوومە بەغدا و بووم بە لێپرسراوی ڕێکخستنەکانی حیزب لە بەغدا، ئەو کاتە مام جەلال و کاك حیلمی لە بەغدا بوون، بۆ گفتوگۆ پەیوەندیان بە حکوومەتەکەی عەبدولڕەحمان عارف کردبوو، کە سەرۆکی وەزیرانەکەی عەبدولڕەحمان بەزاز بوو، کە پیاوێکی موسلمانی سەربەخۆ بوو، هەروەها لایەنی بیروباوەڕی نەتەوەیی عەرەبی بوو، لە دوو قۆناغیشدا مامۆستای مام جەلال بووە، هەرچەندە عەبدولڕەحمان عارف وا خۆی نیشان دەدا، کە زۆر دۆستی ئێمەیە، بەڵام لەژێرەوە پەیوەندیی لەگەڵ مەلا مستەفاش هەبوو، هەتا جارێکیان مام جەلال

دەچێتە لای و پێ دەڵێت تۆ لە ژێرەوە یارمەتی ئەوان دەدەیت، ئەویش گوتبووی من ئێوەم زۆر خۆش دەوێ هەرگیز خیانەتان لێناکەم، مام جەلالیش بۆ پێکەنین گوتبووی دە باشە کەوایە خۆشەویستییەکە بدە بە بارزانی و چەك و تفاقەکەش بدە بە ئێمە، ئەوە بوو بەم جۆرە ئێمە لەگەڵ عەبدولڕەحمان عارف ماینەوە، لەگەڵ بارزانیش گیروگرفتمان هەر مابوو، بارودۆخی عێراقیش باش نەبوو، لەبەرئەوەی هەندێ لە ئەفسەرە پلەدارەکانی ناو سوپای عێراق خۆیان بە شایستەتر لە عەبدولڕەحمان عارف دەزانی و دەیانگوت: عارف پیاوێکی لاوازە و لەوانەیە کودەتامان بەسەردا بکرێ و دەسەڵاتمان لێ وەربگرنەوە، بە تایبەتی سەعید سلێبی، کە خەڵکی ڕومادی بوو و فەرماندەی ناوەندی بەغدا بوو، یەکێك لە ئەفسەرە هەرە بەهێزەکانی ئەو کات، هەروەها تاهیر یەحیا و ڕەجەب عەبدولمەجید، ئەوانە هەر یەکەیان هەوڵی ئەوەیان دەدا، کە ببن بە سەرۆکی عێراق، هەرچەندە عەبدولڕەحمان عارف پیاوێکی موسلمان لەسەرخۆ بوو، بەڵام پیاوێکی فەقیرحاڵ بوو. دۆستایەتی لەگەڵ ئێمە زۆر باش بوو.

**لە درێژەی بیرەوەرییەکانی مامۆستا کەمال محێدین لەسەر کەسایەتی عەبدولڕەحمان عارف دەڵێت:**

هەرچەندە عەبدولڕەحمان عارف کەسایەتێکی لاوازی هەبوو، بەڵام عەبدولڕەحمان بەزاز، کە سەرۆکی وەزیران بوو، پیاوێکی وریا و تێگەیشتوو بوو، بە بەردەوامی جەختی لەسەر ئەوە دەکردەوە، کە دەبێت بەڕی دەسەڵات لەژێر پێی دەسەڵاتی سەربازی ڕابکێشێت و دەسەڵاتەکەی کەم بکاتەوە، ئەوە بوو پاڵەپەستۆیان خستە سەر عەبدولڕەحمان عارف، بۆئەوەی بەزاز لابەرێت، لە شوێنی ئەو تاهیر یەحیا بکاتە سەرۆك وەزیران، ئێمە بەم شێوەیە هەر لەگەڵ عەبدولڕەحمان عارف ماینەوە تاکوو بەعسییەکان حوکمی عێراقیان وەرگرت و دەستیان بەسەر دەسەڵاتدا داگرت.

**دەسەڵاتی بەعسییەکان و دەست بەسەرداگرتنی دەسەڵاتی حوکمی عێراق و قۆناغێکی تر لە عێراق پەیوەندییان بە جووڵانەوەی کوردایەتی:**

لە (١٧)ی تەمووزی ساڵی: (١٩٦٨) هەرکە عبدالرزاق نایف و استخباراتی عسکری کودەتایان ئەنجام دا عەبدولڕەزاق نایف و سەعدون غێدان و ئیبراهیم داوود لەگەڵ کۆمەڵێك ئەفسەری دیکە، کە فەرماندەی فەوج بوون لەناو کۆشکی کۆماری و ئەحمەد

حەسەن بەکر، حیزبی بەعس بڕوای پێ هێنان و کودەتایەکی سەربازییان لەسەر عەبدولڕەحمان عارف کرد و بە سواری فڕۆکە ڕەوانەی تورکیایان کرد، ئێمە بەم کودەتایە نیگەران بووین، لەبەرئەوەی بە بەردەوام مام جەلال لەوکاتەدا کۆبوونەوە و دیداری لەگەڵ حیزب و ڕێکخراوەکانی نەتەوەی عەرەبی هەبوو، بە تایبەتیش لەگەڵ بەعسییەکان و هەندێك لە شیوعییەکان، بەر لەوەی بێنە سەر حوکم پلان دابنێن، بۆئەوەی ئەگەر بیانەوێت ڕژێمی بەڕێوەبردنی وڵات بگۆڕن، ئەوە چۆن دەبێ، بەڵام ئەوان بەبێ ئەوەی پرسمان پێ بکەن، بەم شێوەیە خۆیان گەیاندە کورسی دەسەڵات، بۆیە ئێمە لامان شتێکی نامۆ بوو، بەعسییەکان خۆیان خزاندبووە ناو ئەو کودەتایە. ئەوە بوو من و کاك حەمەدەمین فەرەج چووینە لای مونزیر عریم، کە ئەندامی مەکتەبی سیاسی حیزب بەعس بوو و یەکێك بوو لە ئەندامانی لێژنەی گفتوگۆ لەنێوان ئێمە و ئەوان لەکاتی خەباتی نهێنی، ئەوە بوو لە نووسینگەکەی پارێزەری چووینە لای، پێمان گوت ئێوە چۆن ئەوەتان کرد، ئەویش گوتی ئەوە زۆر لەناکاو بوو عەبدولڕەزاق نایف شەو یەکێکی ڕەوانەی لای ئەحمەد حەسەن بەکر کردووە، گوتوویێتی بەیانی ئێمە دێینە سەرحوکم، ناوی شەش کەسمان بدەنێ، ئەوە بوو زۆر بەپەلە کۆبووینەوە و ناوی شەش کەسمان دەست نیشان کردووە، بەم شێوەیە بووە، ئەگینا لە بنەڕەتدا ئێمە ڕاستەوخۆ هیچ پەیوەندییێکمان بەم کودەتایە نەبووە.

**مامۆستا، هەر لە بیرەوەرییەکانی خۆیدا، ئەم نهێنییە ئاشکرادەکا، کە بەعسییەکان هیچ پەیوەندییەکیان بە کودەتای (١٧)ی تەمموزی ساڵی: (١٩٦٨)ەوە نییە:**

من زۆر پێم سەیرە ئێستا هەرجار یەکێك خۆی پێ هەڵدەکێشێت، جارێك سەدام حوسێن و جارێك ئەیاد عەلاوی، گۆیا خۆیان کوتاوەتە سەر دەبابە و ئیزگە و ڕادیۆیان گرتووە، لە بنەڕەتدا هەر هەموویان درۆ دەکەن. کۆمەڵێك ئەفسەر لەوانە: محەمەد ئیبراهیم داوود، کە کردیان بە وەزیری بەرگری و سەعدون غێدان و حماد شەهاب لەژێرەوە پەیوەندییان بە سەدام حوسێن و بەرزانی برای کرد، سەدام پێی گوتن ڕاستە ئێمە بەشداریمان نەکردووە لەگەڵ ئەوان بۆ گۆڕینی دەسەڵات، بەڵام ئەوانە دەبێت بگۆڕدرێن و لابرێن، ئەوە بوو پیلانیان بۆ دانان، هەرکە بەیانی نایف دێت بۆ ئەنجامدانی کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیران، بیگرن و سواری فڕۆکەی بکەن و لە

عێراق دووری بخەنەوە، سەرەنجام وایان کرد و پیلانەکەی سەدامیان جێبەجێ کرد، لە (٣٠)ی تەمموز، بەعسییەکان دەسەڵاتیان وەرگرت و ناویان نا جوولانەوەی ڕاستککردنەوە (حرکە تصحیحی)، لەو کاتانەدا من لە بەغدا نووسینگەیەکی پارێزەریم هەبوو، ئیش و کاری حیزبیشم تێدا دەکرد، لە (٣٠) مانگ سەعات (٤)ی ئێوارە کاک حەمەدەمین فەرەج هاتە لام گوتی: با بچین بۆ مەکتەبی سیاسی، کە ئەو کاتە لە بەغدا لە شەقامی فەلەستین بوو، ئەوە بوو چووین، کاک حەمەدەمین بە مامۆستا برایم ئەحمەدی گوت: ئێوارە هەولێکی کودەتا هەیە، دەبێت خۆمان ئامادە کەین بۆ هەر ئەگەرێك، ئەوە بوو شەو پلانەکەیان سەری گرت و دەستیان بەسەر دەسەڵاتدا گرت، بۆ بەیانی ئەحمەد حەسەن بەکر کرا بە سەرۆك کۆماری عێراق. داواشیان لە ئێمە کرد لە حکوومەتەکەیان بەشداربین، کاك تەها محێدین و کاك فەوزی پۆستی وەزارەتیان وەرگرت، حیزب و ڕۆژنامەی نور ڕێپێدانی وەرگرت، خوێندن بوو بە کوردی، (٦)، بەڕێوەبەری گشتیمان وەرگرت، ئێمە کەوتینە ئیش و کار لەگەڵ بەعسییەکان، ئەو کاتە من لە بەغدا لێپرسراوی ڕێکخستنەکانی حیزب بووم و ئەندامی لێژنەی مەرکەزی بووم. هەرچەندە ئێمە لەگەڵ بەعسییەکان لە پەنجاکان لە خەباتی ژێر زەمینی هاوخەبات بووینە، بەڵام لەگەڵ ئەوەش دەنگوباسی ئەوە پەیدا بوو، کە لەژێرەوە بەعس لەگەڵ بارزانی لە گفتوگۆدان، ئێمە هەندێکمان بڕوامان دەکرد، هەندێکیشمان بڕوامان نەدەکرد، بەڵام لە سیاسەتدا هیچ شتێك دوور نییە، ئەوە بوو دەنگۆی بڵاوبوونەوەی گفتوگۆی نێوان بارزانی و حکوومەتی بەعس لەسەر لاپەڕەی هەندێك لە ڕۆژنامەکان بڵاوکرایەوە، کە حیزبی بەعس دەستی بە گفتوگۆ کردووە لەگەڵ باڵی بارزانی لە جوولانەوەی کوردی، هەندێك لە برادەرانی ئێمە وایان دەزانی بەعس حیزبێکی ڕاستگۆ و دیموکراتخوازە، بە تایبەتی سەدام حوسێن، بەڵام لە کۆتاییدا دەرکەوت ئێمە هەر هەموان هەڵە بووین، دوای ئەوەی دەنگۆی گفتوگۆکە بوو بە ڕاستی، لەم کاتەدا مامۆستا برایم ئەحمەد لەدەرەوەی وڵات بوو، مام جەلال و عەلی عەسکەری و کاك عومەر و عولەما، ئەوانە هەر هەمووی لەناو شەڕەکان بوون و هەندێکیشیان لە بەکرەجۆ بوون، چونکە بنکەی سەرەکی پێشمەرگەمان لەو کاتەدا لە بەکرەجۆ بوو، لەو کاتەدا زانیاری تەواومان بۆ هات، کە گفتوگۆکە تێکچووە، من برووسکەیەکم بە جفرە بۆ مامۆستا برایم ئەحمەد ڕەوانە کرد، کە گفتوگۆکە لەنێوان بارزانی و بەعسییەکان

تێکچــووه، ئــەوه بــوو دوای ســـێ ڕۆژ بەعســـییەکان کەوتنـــە پەیوەنـــدیکردن بـــە سۆڤێتییەکان، بریماکۆفیان ڕەوانەی لای مەلا مستەفا کرد بوو، لـەو کاتـەدا بریمـاکۆف، لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست لێپرسراوی حیزبی شـیوعییەکان بـوو لـە لایـەنی عەسـکەری و سیاسی، هەروەها پیاوێکی گـەورە بـوو، پـێش ئـەوەی بمرێـت کردیـان بـە بەڕێوەبـەری شـارەوانی مۆسـکۆ هـەروەها ئەنـدامی لیژنـەی مەرکـەزی و مەکتـەبی سیاسـی حیزبـی شیوعی سۆڤێتی بوو، هەندێ ئاسانکردنی لە بـارزانی وەرگرتبـوو، ئـەوە بـوو گفتوگۆکـە سەری گرت و لە (١١)ی ئازار بەیاننامەکـە بڵاوکرایـەوە، دەرچـوونی بەیانەکـە لای ئێمـە غەریب نەبوو و چاوەڕوانکراو بوو، بەڵام ناچاربووین بچین لە بەعس بپرسـین، ئـەوە بـوو من و کاك عومەر چـووینە لای ئـەنوەر حەدیسـی، بـەیانی بـوو کـە چـووین تـازە لەخـەو هەڵسابوو، دیژداشەیەکی سپی لەبەردابوو، بەخێرهاتنێکی گەرمی لێکـردین و قـاوەی بـۆ هێناین، کاك عومەر دەبابە گوتی: کـاك ئـەنور بـۆ واتـانکرد سـوێندی بـۆ خـواردین، کـە منـیش وەك ئێـوە ئاگـاداری هـیچ نـیم و هەواڵەکـەم لـە ڕادیـۆ گـوێ لـێ بـووە، ڕۆژێـك دەیانگوت گفتوگۆکە سەر دەگرێ ڕۆژێکی دیکـە دەیـانگوت کۆتـایی هـاتووە، بـۆ زانـین ڕۆژێك پێش بڵاوکردنەوەی بەیاننامەکە سـەدام حوسـێن هـەموو ئەنـدامانی سـەرۆکایەتی هەرێمایەتی (قیـادەی بەعسـی) بـرد بـوو بـۆ لای مـەلا مسـتەفا، بۆئـەوەی ڕازیـان بکـا، لەکۆتاییدا حیزبی بەعس ناچار دەبێـت لـە مـاوەی یـەك دوو ڕۆژ کـاك تـەها محێـدین لـە وەزارەت لادەدەن و ڕۆژنامەی نور دادەخەن و تەواوی برادەرانی ئێمە لە شوێنی خۆیـان لادەدەن، لـە کیتـابی داخسـتنی ڕۆژنامـەی: (نـور)دا هـاتووە، لـەپێناو جێبـەجێکردنی بەندەکانی بەیاننامەی (١١)ی ئازار و نەهێشتنی شەڕ و ئاژاوە لە کوردستان پێمان باشە ڕۆژنامەی نور دابخرێت، ئەوە بوو ڕۆژنامەکە داخرا، بەڵام ئێمە وردە وردە پەیوەنـدیمان مابوو، بەڵام ئەوان ناچاربوون بۆئەوەی بارزانی ڕازی بکەن ئەو شتانەیان بەرامبەر ئێمـە دەکرد، لەهەمان کاتیشدا بەعسییەکان هەندێ کاریان ئەنجامدا لـەدژی بـارزانی، وەکـوو ئـەوەی ویسـتیان لـە کـەرکووك ئیـدریس بـارزانی بکـوژن، هـەروەها مەلایـەکانیان نـارد بۆئەوەی بارزانی بکوژن، هەرچـەندە بەعسـییەکان دەیـانگوت ئێمـە نـین. ئیـدی هەرکـە (١١)ی مــانگ بەیانەکــە دەرچــوو، ئێمــە لــە (١٣)ی مــانگ چــووین بــۆ کــەرکووك و کۆبوونەوەی لیژنەی مەرکەزیمان ئەنجامدا، لەم کۆبوونەوەیـە بەیاننامەیـەکمان دەرکـرد لەسەر ئەو ڕێکەوتن و بەیاننامەی (١١)ی ئـازار، پشـتگیری بەیانەکـەمان کـرد و ووتمـان

ئەم بەیانە سەرناگرێ چونکە هەردوولایان باوەڕیان بەیەکتری نییە. لە ڕۆژنامەی نور و ڕۆژنامەی سەیاد، لە هەموو عێراق، بڵاومان کردەوە، کە ئەوکاتە لە بەغدا دەردەچوون، ئێمە تۆزێك تووشی بارودۆخێکی تایبەت بووین، ڕۆژانە بیرمان لای کادیرەکانی خۆمان بوو، کە چۆن و چیان بۆ بکەین، بە تایبەتی ئەوانەی لەناو ئیش و کاری دەوڵەت کاریان دەکرد، ئەوە بوو مەکتەبی سیاسی لێژنەیەکی لە من و جەنابی مام جەلال، پێك هێنا، کە بچین سەردانی ئەوانەی لەناو حیزبی بەعس دۆستمان بوون بکەین، لەوانە: عەبدولخالق سامەرایی و مونزیر عریم، و ئەوانە، هەرچەندە بەیاننامەی (١١)ی ئازار دەرچوو، بەڵام دۆستایەتیان لەگەڵ ئێمە نەپچڕاند، هەرچەندە هەڵگرتنی چەك و ئەمانەمان لێ قەدەغە کرابوو، ڕۆژنامەکەمان ڕاگیرا، بەڵام دۆستایەتییەکانمان مابوو، ئەوە بوو من و جەنابی مام جەلال چووین بۆ لای عەبدولخالق سامەرائی، کە پیاوێکی خوێندەوار و تێگەیشتوو بوو، یەکێك بوو لەوانەی لە ساڵی: (١٩٦٣)، کە بەعس هاتە سەر حوکم، ئەو دژی ئەوە بوو دەسەڵات وەربگرن، پێی وابوو کە جارێ توانای ئەوەیان نییە حکوومەت بەڕێوە ببەن، بۆچوونەکەشی لەسەر کودەتای ئەو ساڵەی بەعسییەکان بۆ سەر عەبدولکەریم قاسم، ڕاست دەرچوو، ئەوە بوو دوای شەش مانگ شکستیان هێنا. عەبدولخالق سامەرائی زۆر یارمەتی داین، بەوەی کۆمەڵێك لە کادیرەکانی گێڕاندینەوە بۆ سەر کارەکانیان، یەکێك لەوانە کاك حیلمی بوو، کە گەڕاندیانەوە بۆ ئەندامی لەچاپدان و بڵاوکردنەوەی عێراقی، شێخ ستار قائیمقام بوو، هەرچەندە لێنەگەڕان بچێتەوە سەر کارەکەی خۆی، بەڵام بە مامۆستا دایان مەزراند، لەدوایی کردیانەوە بە قائیمقام، لەم کات و سەروبەندەدا بوو کاك برایم ئەحمەد پێشنیاری کرد، کە لێژنەیەکی نهێنی پێك بهێنین، لەبەر هەر ئەگەرێك نەوەك بارودۆخەکە وای لێ بێتەوە، ئێمە لە بەغدا نەمێنینەوە، من و کەمال خۆشناو و مامۆستا عولەمایان دانا وردە وردە ئیش و کارەکانی خۆمان دەکرد، لە پەیوەندیشدا بووین لەگەڵ هاوڕێکانی دیکەی خۆمان تا ئەو کاتەی خەڵکەکە دەیانویست ئێمە لەگەڵ بارزانی ئاشت ببینەوە، هەندێ کەس پێیان وابوو، کە بەیانی (١١)ی ئازار خراپ نییە و باشە، بارزانیش کاك فاخر مێرگەسوری ناردە لامان بۆ ئاشتبوونەوە و بابە عەلی و فوئاد عارف و شێخ لەتیف و کۆمەڵە خەڵکێکی دیکە، کە فشاریان خستبووە سەر هەردوولا، بۆئەوەی ئاشت بینەوە، تا دوژمنانی کورد سوود لەم ناکۆکیانە وەرنەگرن، هەندێ لە دۆستانی

دەرەوەش داواییان لە بارزانیی کردبوو، کە بۆئەوەی ئێمە و ئەوان بگەیێنن بە یەکتری، ئەوە بوو ئەندامانی مەکتەبی سیاسی لە ماڵی مامۆستا برایم ئەحمەد، بە ئامادەبوونی هەموو ئەندامانی مەکتەبی سیاسی کۆبوونەوەیەکمان ئەنجامدا، هەموو ئەندامانی مەکتەبی سیاسی ڕازی بوون لەسەر ئەوەی کە کۆنفرانسێك ببەستین تەنیا سەید عەزیز و مامۆستا عولەما دژبوون بۆ بەستنی ئەم کۆنفرانسە، چونکە تەنیا بە کۆنفرانس ئێمە دەتوانین بڕیار بدەین، بۆئەوەی ئاشتبوونەوە سەربگرێت، چونکە بەراستی ئەم مێژووە پڕێتی لە یەکتر تاوانبارکردن، بەراستی هەر وا ئاسایی نەبوو و بە ئاسانی بڕیار لەسەر ئەوە بدەین، ئەوە بوو لەهەمان کاتیشدا پرس بە دۆستەکانی خۆمان بکەین، لەوانە حیزبی شیوعی عێراقی و جوولانەوەی نەتەوەی سۆسیالیستی عەرەب و لە یەکێتیی سۆڤێتی و لە چینی میللی، من دانرام بۆئەوەی کاك فەوزی و کاك تەها و حیزبی شیوعی عێراقی و ڕووسەکان ببینم، ئەوە بوو ئەو چوار لایەنەم بینی. کاك فەوزی گوتی من هەر لە سەرەتاوە لەگەڵ ئەوە بوویمە، کە لەگەڵ مەلا مستەفا ڕێك بکەون، پێویستی بەم تووندوتیژییە نییە، هەروەها کاك تەهاش پێی خۆش بوو، هەروەها لەناو حیزبی شیوعیش عامر عەبدوڵلام، بینی کە ئەندامی مەکتەبی سیاسی بوو، دیاربوو ئەوانیش زۆریان پێ خۆش بوو هەروەها لە لایەنی سۆڤێتی ئاراسلیم بینی، لە بەغدا لێپرسراوی پاشکۆی ڕۆشنبیری سۆڤێتی بوو، خێزانەکەی کورد بوو، ئێمە کە لە بەغدا بووین بە بەردەوامی دوو ڕووسمان دەبینی: ئاراسلی و ئازارۆف بوون. ئازارۆف لێپرسراوی زانیاری کۆکردنەوەی عەسکەری بوو، هەروەها بریماکۆفیش هەرکە بهاتایە بۆ بەغدا ئەوە سەردانی ئێمەی دەکرد، ئێمە دۆستایەتی باشمان بۆ بەرژەوەندیی عێراق و کورد لەگەڵیان هەبوو، ئەوە بوو ئاراسلی، کە سەردانم کرد و باسی ئەوەم لەگەڵ کرد، دیاربوو ئەویش زۆری پێ خۆش بوو، بەڵام ئەوەی من لام سەیر بوو بەیانی ئاراسلی هاتە لامان و منی جیاکردەوە، گوتی ئێمە لەگەڵ ئەوەدا نین لەگەڵ بارزانی ئاشت ببنەوە، بەراستی ئەوە بۆ ئێمە شتێکی نامۆ بوو، بە تایبەتی برادەرانی مەکتەبی سیاسی، سەیرە دوێنێ خۆشحاڵیان دەربڕیوە، ئێمڕۆش زۆر بەپەلە هاتوون، دەڵێن ئێمە لەم بڕیارەی دوێنێ پاشەکشە دەکەین، ئەوە بوو هەندێ لە برادەرانی ئێمە پێیان وابوو، کە بارزانی پەیوەندی هەبێت لەگەڵ ئەمریکا، بەعسییەکانیش لەژێرەوە پەیوەندییان کردبێت بە ئەمریکییەکان، ڕووسەکان، کە درکیان بەمە کردبێت لەژێرەوە و پەشیمانی کردبنەوە،

ئــەوە بــوو دوای وەرگــرتنی ڕای هــەموو لایــەك، كۆنفرانســەكەمان لــە ڕێكــەوتی: (١٩٧٠/١١/٢٧)، لە بارەگای مەكتەبی سیاسی لە شەقامی فەلەستین لە بەغدا، بەست، (١٠٥) ئەندام بەشدارییان كرد، دوای خوێندنـەوەی بـەیانی مەكتـەبی سیاسـی لەلایـەن مامۆستا عولەماوە لەسەر بەیانی (١١)ی ئازار درایە دەنگدان، لەم (١٠٥) كەسـە (٩٣)ی لەگەڵ ئەوە بوون، كە ئاشتبوونەوە لەگەڵ بارزانی بكرێت، (١٢) كەس دژبـوون، ئـەوەی لێرەدا من دەمەوێ باسی بكەم ئەوەیە، كـە مـام جـەلال دژبـوو، مامۆسـتا بـرایم لەگـەڵ ئاشـتبوونەوەكە بـوو، منـیش لەوێـدا لەگـەڵ ڕای مامۆسـتا بـرایم بـووم، مـن لـەناو كۆنفرانسەكە هەڵسام قسەم كرد و گوتم: (من لام سەیرە هەندێ لـە بـرادەران تـا دوێـنێ خاوەنی بیرۆكەی ڕێكەوتن بوون، كەچی ئیمڕۆ ڕێكەوتنەكە بە خراپی لێك دەدەنەوە، بە ڕای من باش نییە خەڵك بۆ مێژوو بڕیار بدا، دەبێ بڕیـاردان بـۆ واقیـع بێـت)، ئـەوە بـوو كاك عومەر هەڵسا وتەكانی منی خاوكردەوە و گوتی: هەر كەسە خـاوەنی ڕای خۆیـەتی، هەموو كەسێكیش ئازادە چۆن بیر دەكاتەوە، ئەوە بوو بڕیارەكە درا، كە لەگەڵ بـارزانی ئاشت بینەوە، لەهەمان كاتیش كاك فوئاد عارف و كـاك تـەها محێـدین و كـاك فـەوزی و بابە عـەلی، بـە بـەردەوام لـە هـەولی ئـەوەدابوون، كـە ئێمـە لـە یـەكتر نزیـك بكەنـەوە، لەهەمان كاتیش بارزانیش لە شوێنی خۆی بیری لەوە كردبۆوە، كـە لەگـەڵ ئێمـە ئاشـت بێتەوە، ئەوە بوو كاك فاخیری حەمەد ئاغای مێرگەسۆری بۆ لای ئێمە ڕەوانە كردبوو بۆ بەغدا، بەیانییەكەی ئێمە لە ماڵی مامۆستا برایم بووین، كە كاك فاخیر هاتە ئـەوێ، ئـەو كاتە كوڕێكی گەنجی جەوان بوو، جلێكی بـادینی لەبـەر بـوو، جامانەكـەی سـوور نـەبوو ڕەش و سپی بوو، گەنجێكی دیكەشی لەگەڵدا بـوو، ئـەوە بـوو دانیشـتین، دوای چـاك و چۆنی، كاك برایم تەندروستی بارزانی لێ پرسی، هـەروەها پرسـیاری بەیاننامەكـە و ئـەو شتانەی لێ كرد، پـێش نـان خـواردن كـاك بـرایم ئەحمـەد داوای كـرد هـەموو ئەنـدامانی مەكتەبی سیاسی بێن بۆ ماڵی ئەوان، ئەوە بوو كاك فـاخیری حەمـەدئاغای مێرگەسـۆری دەستی بە قسە كرد و گوتی: (ئێمە ماوەیێكە فشارمان لەسەرە بۆئـەوەی لەگـەڵ ئێـوە ئاشـتببینەوە و بگەینـەوە یـەك، جـەنابی مـەلا مسـتەفاش زۆری پێخۆشـە، هەرچـەندە كەسانێك هەن ناحەز و ناڕێكن لەگەڵ لایەنی ئاشتبوونەوە، بەڵام هاتووم یەك داواتان لێ دەكەم یارمەتی من بدەن، بۆئەوەی ئەم پرۆژەی ئاشتەواییە سەر بگرێت، لەبەرئـەوەی زۆربەی ئەندامانی مەكتەبی سیاسی باڵی بارزانی پێیان خۆش نییە ئێوە بێنەوە)، ئـەوە

بوو برادەران گوتیان زۆر باشە، بەڵام ئێمە لەسەر بنامای حیزبایەتی و لەسەر بناغەی پەیڕەو و پرۆگرام دەگەڕێینەوە، دەبێت لە هەموو جومگەکانی حیزب بەشداربین، کادیرەکانمان بگەڕێنەوە ناو ڕێکخستنەکانی لق و ناوچە و لێژنەی مەرکەزی و مەکتەبی عەسکەری، تا کۆنگرە دەبەسترێت، ئەوە بوو هەر ئەوکاتە ئێمە و کاک فاخیر، لەسەر هەموو ئەو پاکێجانەی لە دانیشتنەکەمان لە ماڵی مامۆستا برایم ئەحمەد باسی لێوەکرا، لەسەر زۆربەیان ڕازی بووین، بۆ بەیانی کاک فاخیر حەمەدئاغای مێرگەسۆری گەڕایەوە بۆ لای بارزانی، دوای ئەوە منیان نارد بۆ لای بارزانی، کاک برایم ئەحمەد گوتی دەچی بۆ لای بارزانی بڕیارەکانی کۆنفرانسی بۆ دەبەیت، ئەوە بوو بۆ بەیانییەکەی بە ئۆتۆمبێلی خۆم لەگەڵ حوسێنی شوفێری کاک عومەر دەبابە بەڕێ کەوتین بۆ هەولێر، لەوێوە چووین بۆ ماڵی مامەڕووتە (عەبدولڕەحمان ئیسماعیل)، دەکاتە خوارزای کاک عەلی عەبدوڵڵا، گوتم ئەوە مەکتەبی سیاسی بڕیاری داوە تۆ لەگەڵ من بێیت بۆ لای مەلا مستەفا، بۆئەوەی بڕیارەکانی کۆنفرانسی بۆ ببەین، چونکە بڕیارمان داوە لەگەڵ بارزانی ئاشت بینەوە، ئەوە بوو ڕووتە خۆی کۆکردەوە و نیوەڕۆکەی نانمان لە ماڵی ئەوان خوارد و بەڕێ کەوتین، لەگەڵ بانگی ئێوارە گەیشتینە گۆڕەپانی مەکتەبی سیاسی لە چۆمان، ئەوکاتە زۆر ساردبوو و کەشوهەواکەش تەمومژاوی بوو، لەوێ حەبیب محەمەد کەریم بینی، گوتی ها کاکە، گوتم بۆ کارێکی ئەوەها هاتووین، ئەویش خۆشحاڵی خۆی دەربڕی، لەگەڵ حەبیبدا بەڕێ کەوتین بۆ بارەگای بارزانی لە دیلمان، شوێنێکە لە چۆمانەوە نزیکی سەعاتێك بە سەیارە دوورە، شوێنێکی سەخت و شاخاوییە، بارەگاکەی بارزانی لە دۆڵێکی نێوان دوو شاخدا بوو، چووین لەوێ دانیشتین و هەواڵیان دا بە مەلا مستەفا، کە ئێمە هاتووین، دوای دوو سەعات مەلا مستەفا بارزانی هات دانیشت، لەم دانیشتنە کاک ئیدریس و مەسعوود بارزانی و دکتۆر مەحموود و براکەی، کە دکتۆری ددان بوو و حوسێن شێروانی و کاک حەبیب ئامادە بوون، بارزانی کە گەیشت ماوەیەك بە بێدەنگی دانیشت، دوایی ڕووی کردە حەبیب، گوتی ئەوە ڕووتەیە، مەبەستی عەبدولڕەحمان ڕووتە بوو، لەبەرئەوەی بارزانی ڕووتەی باش دەناسی، ئەویش گوتی بەڵێ ئەزبەنی ئەمە ڕووتەیە، ئەوە بوو بارزانی دەستی کرد بە هێرشکردنە سەر ڕووتە، چ نەما پێی نەڵێ، هەرچی خراپ بوو پێی کرد، گوتی تۆ زۆر بێ وەفا بووی بەرامبەر بە ئێمە، من زۆر یارمەتی تۆم داوە، لەسەر حیسابی شۆڕش سێ

ژنت هێنـاوه و دوو سـێ خـانووت کـردووه، ئـەوه بـوو ڕووتـه وەڵامـی دایـەوه و گـوتی: ئەزبەنی جەنابی مەلا مستەفا من سێ ژنم نەهێناوه، خۆ ژن شقارتە نییە لەناو گیرفانمی دابنێم، هەموو خـەڵك دەزانـێ مـن تـەنیا یـەك ژنم هێنـاوه، ئـەوەی تریـان تـاکوو ئێسـتا کرێچیم له خانوویێکی قووڕدا دەژیم، دوێنێ مامۆستا کەمال له بەغدا هـاتووه و لای مـن میوان بووه، ئەو خانووەکەی بینیوه، تکا دەکەم بەو قسانه بڕوا مەکە جەنابی بـارزانی، ئەوانـەی ئـەم هەواڵـەیان بـۆت هێنـاوه دوژمـنی جـەنابتن، چـونکه هـەر هـەمووی دوورن لەڕاستییەوه، ئەگینا من یەکێکم له دڵسۆزەکانی تۆ، بەڵام چی بکەم دوژمنەکانی تۆ ئەم هەوالانەیان بۆ هەڵبەستووم، بۆئەوەی مـن لەگـەڵ جـەنابت نـەبم، لـه کۆتـایی قسـەکانی گوتی ئەگەر یەکێك لەمانەی باست کردن ڕاست بوون، من ئامادەم لێرە بە سێ دەمانچە بمکوژی. دوای من دەستم لەسەر ڕانیی ڕووته دانا و گوتم: ئەزبەنی هەروەك ڕووتـه وەك خۆی دەڵێ هیچی لەمانه نەکردووه، ئەگەر کردبێتیشی تۆ دەتوانی لێـی ببـووری، ئـەوه بوو بارزانی هیچ قسەی نەکرد، ڕووی کردە من و گوتی: باشـه کـەمال ئـەی بـۆ جـەلال و برایم نەهاتوون، گوتم ئەزبەنی لەبەرئەوەی جەژن بوو، خەڵك و دۆسـتانمان بـۆ جەژنانـه دێن بـۆ سـەردانمان، دوای جـەژن مـام جـەلال و کـاك بـرایم و کـاك عومـەر و کـاك عـەلی عەسکەری دێـن، گـوتی: ئـەی بارودۆختـان چـۆنە؟ بەغـدا چـۆنە و حکوومـەت خـەریکی چییە؟ لەسەر ئەوەی من ئەوەنـده لـه بەندیخانـه لای ئـەوان بـووم، بـه هـیچ شـێوەیەك بەلای ئەوەدا نەچوو، دوای ئـەوه بـوو بـه درەنگـانی شـەو، پـێش ئـەوەی هەڵبسـتێ بـه حەبیبی گوت: جەماعەت نانیان خواردووه؟ ئـەوه بـوو ئێمـه لـه ئێـوارەوه لـەوێ بـووین کەسـێك پرسـیاری لێنـەکردین، منـیش گـوتم: بـەڵێ نانمـان خـواردووه. بـارزانی هەسـتا ڕۆیشت و کەسیش بە ئێمەی نەگوت بمێننەوه، بۆیە هەر بەم شەوه سەعات (١٢)ی شەو بـەڕێ کـەوتین، لـه دیلمانـەوه بـۆ هـەولێر بـەم سەرماوسـۆڵ و تەمومژاوییـە، بەڕاسـتی سەختی سەرمای ئەمشەوه و ڕێگا هەروا بـه ئاسـانی پێنـاس ناکرێـت، لـه هـەر چـوارده پێچـەکەی پیرمـام بـه پـێ هاتینـه خـوارەوه، لەبەرئـەوەی چـاو نەیـدەبینی، بـەیانی گەیشتینەوه هەولێر، بەیانییەکەی له ماڵی ڕووته نانمان خـوارد و گەڕاینـەوه بـۆ بەغـدا، باسی چوون و سەفەرەکەم بۆیـان گێڕایـەوه، دوای ئـەوه دەسـت بـه یەکگرتنـەوه کـرا، ئەوه بوو کاك عەلی عەسکەری بوو بە ئەندامی لیژنەی مەکتەبی عەسـکەری کـاك عومـەر دەبابە بوو بە وەکیلی وەزیری داد لەگەڵ ساڵح یووسفی، منیش بـووم بـه ئەنـدامی لقـی

پێنجی بەغدا و کاك ساڵح یووسفیش بوو بە لێپرسراوی لقی پێنج لە بەغدا، ئەندامانی لقی بەغدا بریتی بوون لە: (ساڵح یووسفی کە لێپرسراوی لق بوو، مەلا ئیسماعیل، کەمال محێدین، حەمەد ئەمین بەگ و مونزیر نەقشەبەندی و محەمەد ڕەزا، عەبدولڕەحمان گۆمەشینی، لەگەڵ ساڵح حەیدەری کە حیزبی ڕزگاری بوو، ببووە ئەندامی پارتی دیموکراتی کوردستان و ئەندامی لق بوو لە بەغدا لەگەڵ ئێمە پێکەوە هەموومان ئیش و کارەکانی حیزبمان بەڕێوە دەبرد تا وای لێهات حیزبی بەعس، وردە وردە پاشەکشەی دەکرد و بەندەکانی بەیاننامەی (١١)ی ئازاری جێبەجێ نەدەکرد و پاشگەزدەبۆوە.

## مامۆستا کەمال محێدین بۆ پارێزگاری کردن لە پێشمەرگەکانی فەلەستین دەچێتە قاهیرە لە میسر:

لەسەردەمی عەبدولڕەحمان عارفەوە تاکوو بەعسییەکان هاتنە سەر حوکم، من بۆ سێ خول دوو ساڵ جارێك دەبوومە ئەندامی ئەنجومەنی نەقابەی پارێزەرانی عێراق، دوایین جار شیوعییەکانیش لەگەڵ ئێمەدا بوون، من هەڵبژێردرام و دەنگم لە نوێنەری بەعسییەکان و شیوعییەکانیش زیاتر هێنا، ئەو کاتە بوو (وەسفی تەل) کوژرا، کە سەرۆك وەزیرانی دەوڵەتی ئوردن بوو، ئەوە بوو یەکێتیی نەقابەی پارێزەرانی عەرەبی، بەیانێکی دەرکرد و داوا دەکەن لە هەموو دەوڵەتانی عەرەبی کە پارێزەر بنێرن بۆ پارێزگاری کردن لەو پێشمەرگە فەلەستینیانەی، کە وەسفی تەڵیان کوشتییە، ئەوە بوو یەکێتیی نەقابەی پارێزەرانی عێراقی منیان لەگەڵ عەبدولڕەزاق حەدیسی نارد، ئیدی ئێمە بۆ قاهیرە بەڕێ کەوتین، بۆ بەیانییەکەی ڕۆژنامەکان هەواڵەکان بڵاودەکەنەوە، هەرکە حەبیب محەمەد کەریم و برادەران هەواڵەکە لەسەر ڕووپەری ڕۆژنامەکان دەبینن، زۆر نیگەران دەبن، یەکسەر کاك ساڵح یووسفی پەیوەندی بە کاك عومەر دەبابە دەکا و دەڵێ: ئەوە کێ بە کەمالی گوتووە ئەم سەفەرە بکات، ئەویش دەڵێ کەمال پارێزەرە و ئەندامی لقە دەبێ ئێوە ئاگاداربن، من نازانم و هەواڵم نییە لەم کارە، من نازانم کە ئەوان لەگەڵ حکوومەتی ئوردنی پەیوەندییان هەیە و پێیان ناخۆشە بەم کارەی، کە من کردوومە، دوای ئەوەی کە هاتمەوە کاك عومەر گوتی کەمال بەم سەفەرەت هەر هەموویان نیگەرانن، مەلا مستەفا و کاك ئیدریس و کاك مەسعوود و کاك ساڵحیش نیگەرانە، ئەوە تۆ چۆن چووی؟ منیش گوتم: وەڵڵا نەقابەی پارێزەران منی دەست نیشان کردووە، منیش بە کاك ساڵح یووسفیشم گوت، ئەو گوتی دەتوانی بچیت، ئەوە

بوو چووم بۆ لای کاک سالّح، گوتی ئەوە کاک ئیدریس داوات دەکات، منیش گوتم جەنابت تەلەفۆنێکی بۆ بکە، ئەویش تەلەفۆنی بۆ کرد و گوتی ئەوە نەقابەی پارێزەران دەست نیشانیان کردووە و ئەویش چووە، ئەوە بوو ئەم باسە داخرا و باسیان نەکردەوە، لەم ماوەی ئێمە نەقابەی پارێزەرانمان بەڕێوە دەبرد و نەقابەی ئەندازیارانمان بەڕێوە دەبرد، هەلّویستی هەردووکیانم لایە، کە ئەو دوو نەقابەیە داوای چارەسەری کێشەی کوردیان بە ئاشتیانە لە چوارچێوەی عێراقێکی دیموکراتی بەهێزدا کردووە، دەورێکی بالّایان هەبووە. ئەوەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە ڕێکخستنەکانمان لە بەغدا زۆر چالّاك بوون و دەوری بالّایان هەبووە، پەیوەندییێکی توونـدوتۆلّمان لەگەلّیان هەبوو، بە بەردەوامی گەشت و سەیرانمان پێکەوە دەکردن، لە ڕۆژە زۆر ناخۆش و تەنگەکان لەگەلّ ئێمەدا بوون، بەم شێوەیە لە بەغدا ماینەوە تا حکوومەت پاشەکشەی لە بەیاننامەکەی (١١)ی ئازار کرد، ئەوە بوو دوو سێ کاری ناخۆش ڕوویاندا، حکوومەتی عێراقی لە (١١)ی ئازاری سالّی ١٩٧٤ بەیانی دەرکرد و دەلّێ: ئێمە هەموو ئەو بەندانەی لەبەیاننامەکە هاتووە دوای چوار سالّ هەموویمان جێبەجێکردووە، مەلا مستەفا بە پەیمان و بڕیارەکانی حکوومەتی عێراقی بڕوای نەدەکرد، لەبەرئەوەی ڕۆژ دوای ڕۆژ بارودۆخەکە بەرەو ئالّۆزی دەچوو، ئەوە بوو حیزبیش بەیانی دەرکرد و بڕیاری پاشەکشەی وەزیرەکان و لێپرسراوانی کوردی کرد لە بەغدا، وەزیرەکانی کێشایەوە و بنکە و بارەگاکانی لە بەغدا و شارەکان کێشایەوە، **کاک سالّح یووسفی بەغدای بەجێهێشت و بە منی گوت تۆ لێرە بمێنەوە و کاری نهێنی بکە، منیش گوتم: بە بڕیاری مەکتەبی سیاسی و بە نووسراوی ڕەسمی من دەمێنمەوە**، بەلّام چونکە بۆ بەیانی بڕیارەکەیان نەهێنا، من و کاك فوئاد عارف و حەسەن حوسێن و کاك ئیحسان شێرزاد پێکەوە ڕۆیشتین و کەس لە بەغدا نەما، دەمەوێت دەستنیشانی ئەوەش بکەم بەر لەوەی لە بەغدا بڕۆین، من چووم هەموو ڕێکخراوەکانی کرێکاران و ژنان و هەر هەموو بارەگاکانم ئاگادارکردەوە، بۆئەوەی چۆلی بکەن، چونکە کەس لێرە نامێنێت، کە هاتینە هەولێر (٢٠)ی مانگ بوو، بەیانییەکەی نەورۆز بوو، ئافرەتان کۆبوونەوەیەکی گەورەیان هەبوو لە هەولێرێ، بۆ بەیانی پەیوەندیمان بە مەکتەبی سیاسییەوە کرد، ئەوە بوو من گوازرامەوە بۆ لقی دووی پارتی دیموکراتی کوردستان، کە ئەوکاتە بارەگاکەی لە گوندی هیران بوو، لێپرسراوەکەی لەو کاتەدا مامۆستا محەمەد مەلا قادر

بوو، ئەوە بوو شەڕ دەستی پێکرد، حکوومەتی عێراقی دوای هەفتەیەك وەزارەتێکی دیکەی تەشکیل کرد، مەلا ماتۆری کرد بە وەزیر، ئەم هەواڵەم ئەو کات لە مامۆستا خورشید شێرە گوێ لێ بوو، گوتی مامۆستا ئیمڕۆ ڕادیۆی بەغدا بڕیاری دەستبەکاربوونی مەلا ماتۆڕی خوێندەوە، کە وەك وەزیری دەوڵەت دەست نیشان کرا، ئەوانە دەست نیشانکران وەك نوێنەری کورد لە بەغدا، ئەوە بوو کاك تەهاشیان کردە سەفیری عێراق لە ئیتاليا، ئیدی ڕۆژ لە دوای ڕۆژ شەڕ گەرمتر دەبوو، تاوای لێهات شەڕ نزیکی هیران و نازەنین بوویەوە، لەم کاتەدا مام جەلال هەر لە سووریا بوو، من لەم کاتەدا لەگەڵ مام جەلال، کەم و زۆر ئاگاداری یەکتر بووین، ئێمە ئەو کاتە لە سنووری خۆشناوەتی بووین، لەم ناوچە دەسووڕاینەوە، من و عەبدولڕەحمان گۆمەشینی لە دەشتەکان بەسەر جووتیارەکاندا دەگەڕاین، هەندێ جاریش بە ئیش و کاری حیزب بە نهێنی دەچووین بۆ ناو شارەکان، ئێوارەیەکیان من لە نازەنین لەگەڵ کاك عەبدولواحید، دەهاتمەوە و باران بوو، سەرماش بوو، گوتیان ڕۆژنامەنووسێکی بیانی ژن هاتووە دەیەوێت تۆ ببینێت، کە بینیم ڕۆژنامەنووسێکی لبنانی بوو، گوتی مامۆستا جەلال تاڵەبانی لە بێروتەوە منی ناردووە بۆ لای تۆ. گوتم ناوت چییە؟ گوتی ناوم هیرۆکلۆیە، ئیتالی بوو، بەڵام عەرەبییەکی باشی دەزانی، خێزانی سەرنووسەری ڕۆژنامەی لیمۆندی فەرەنسی بوو، بۆ بەیانییەکەی لێدوانم دا بۆی، هەندێ وێنەشی لێ وەرگرتم و گوتی: دەچم بۆ لای مەکتەبی سیاسی لەوێ ناگەڕێمەوە، یەکسەر دەچمەوە بۆ بەغدا، ئەگەر هەر کارێکت هەیە یان ڕاسپاردەیەك بۆ حکوومەتی عێراقی و ئەحمەد حەسەن بەکر هەیە، بەڕاستی ئەو کاتە من گومانێکم لەسەر ئەم ڕۆژنامەنووسە بۆ دروست بوو، دواییش بە مام جەلالم گوتەوە، گوتی ئەوانە سروشتیان وایە کەسابەتی پێوە دەکەن، ئەوە بوو منیش پێم گوت من پێشمەرگەم، ئێمە مەکتەبی سیاسیمان هەیە، ئەوان چ بڕیارێك بدەن ئێمەش جێبەجێی دەکەین. ئەوە بوو بۆ ماوەیەك ئێمە هەموو ئەو ناوچانەمان لەدەستدا تا گەیشتینەوە نزیك چۆمان، سنوورەکە بۆ خەڵکەکە زۆر بەرتەسك ببوویەوە، ژیان بۆ خێزانەکان زۆر ئەستەم بووبوو. ئەوە بوو بۆ جارێکی تریش دەستکرا بە ڕێکخستنەوەی هێزی پێشمەرگەی کوردستان، من لەو کاتەدا بۆ بنکەی پشکنین و جێبەجێکردنی ناوەندی لەناو مەکتەبی سیاسی ڕەوانە کرام، لەم مەکتەبە (کەمال محێدین، عەلی هەژار، عەبدولڕەحمان گۆمەشینی، شاخەوان، دکتۆر جەمال)،

بووین، کاك نووری شاویسیش لێپرسراومان بوو، نووری شاویس یەکێك لە ئەندامە هـەرە زیرەك و بیرمەند و کوردپەروەرانە بوو، هەرچەندە لە کۆنفرانسی مـاوەت زۆر توونودتیـژ بـوو، دوایـیش هەڵوێسـتەکەی پێچـەوانە بوویـەوە، بـەڵام ئـەوەی دەیڵـێم بـۆ مێـژووە، بەراستی پیاوی دەوڵەتداری بوو، بە تایبـەتی لەگـەڵ مـن زۆر یارمـەتی داوم و موجامیـل بووە، پێش وەرگرتنی ئەم پۆستەم ئێمە یەکترمان باش دەناسی، لە کـۆنگرەی کۆیـەوە ئێمە دۆستایەتیمان پەیداکردبوو و زیـاتریش یـەکتریمان ناسـی. بارودۆخەکـە وردە وردە دژوارتر دەبوو و شەڕ بـەردەوام بـوو، مـن مانگانـە بـۆ پشـوو چـەند ڕۆژێـك بـۆ پشـودان دەچوومە لای کاك عومەر دەبابە، ئەوە بوو دوایین جار کە چووم کاك عومەر گوتی: کاك ئیدریس گوتی ئەگەر ئەم جارە هاتـە لات کـارێکم پێـیتی، ئـەوە بـوو مـن و کـاك عومـەر پێکـەوە چـووینە لای کـاك ئیـدریس بـارزانی، گـوتی کـاك کـەمال تـۆ و کـاك شـاخەوان نامیقمان دەستنیشان کردووە، بۆئەوەی بچن سەردانێکی ئامێدی بکەن، چەند کارێکتان پێ ڕادەسپێرم بۆمانی بکەن، یەکیان ئـەوەی بـە هـۆی ئـەم فشـارەی ڕژێـم لەسـەرمانی دروست کردووە لێ ناگەڕێت بە هیچ شێوەیەك ئازووقـە بـۆ کوردسـتان بێـت، ماوەیەکـە ئێمە ئارد دەنێرین بۆ بادینان بەدەستی پێشمەرگە ناگـات، ئـەوەی تریشـیان ناکۆکییێك لەنێوان کاك عەلی سنجاری و سەرکردە عەسکەرییەکان هەیە بۆمـانی چارەسـەر بکـەن، خاڵی سێیەمیش سـەردانی لقـی یـەك بکـەن و پشـکنینی بـۆ بکـەن. گـوتم باشـە، ئیـدی هەندێك پارە و پوولمان وەرگرت و من و کاك شاخەوان، بە پێ لە دۆلی عومەرە ئاغا، کە لە پشت گەڵاڵەیە بۆ ئامێدی، بەڕێ کەوتین، بەم سەرما و بەفر و باران و برووسـکەیە تـا گەیشتینە سەر ئاوەکەی مێرگەسۆر، لەوێدا پاسەوان هەبوو و ئێمەیان ڕاگرت، ئەوە بـوو ئێمەیان بردە لای لوقمان بـارزانی، مـن لـەو کاتـەی خوێنـدکاری حقـوق بـووم لـە بەغـدا لوقمانم دەناسی، ئەو کات شیوعی بوو، کـە دەهـات لـەناو کۆلیـژ سـەردانی خوێنـدکارە شیوعییەکانی دەکرد، بەڵام ئەو خوێندکار نەبوو، گوتی فەرموو ئـەوە لێـرە چ دەکـەن؟ منیش گوتم: منیان ناردووە دەڵێن لۆرییەك ئاردیان ناردووە بۆ بادینان، بەلام تـا ئێسـتا نەگەیشتووە ئەویش گوتی کەمال هەتا ناوچەکەی خۆمـان هـەبێت لـێ ناگـەڕێم ئـارد بـۆ هیچ شوێنێکی تر بڕوات، ئەوە بوو بـەڕێ کـەوتین بـۆ ئامێـدی، بەیانییەکـەی گەیشـتینە ئامێدی و چووینە مەکتەبی پێشمەرگە، کە چووینە ئەوێ بینیمان شەهابی شـێخ نـووری لەوێیە و وا خەریکی چا دروستکردنە، لە بەردەم ئاگرەکە خەوی لێکەوتووە، ئـەوە بـوو

هـەڵم سـاند، کـە مـنی بـینی بـە بینیـنم، شاگەشـکە بـوو، زۆری پـێ خـۆش بـوو باسـی مەسەلەی ئاردەکەم بۆ کرد، گوتی: کـاك کـەمال ئێسـتا مـن نیـو لـۆری ئـاردم بەدەسـت گەیشتووە نازانم چۆن دابەشی بکەم منیش گوتم ئەمەیان دابەش بکە تـا هـی ترمـان بـۆ دێت، گوتی یەکی نیو کیلـۆ ئـاردی بەرناکـەوێت منـیش گـوتم قـەیناکا دابەشـی بکـە لـە نەبوونی باشترە، تا ئاردی ترمان بۆ دێت، ئەوە بوو بۆ بەیانی چووین بۆ لقی یـەك، ئـەو کاتە فازیل میرانی لەوێ ئەنـدامی لـق بـوو، برازایـەکی سـاڵح یوسفیشـی لـێ بـوو، نـاوی نەجمەدین یووسفی بوو، ئـەوان پێـنج کـەس بـوون، ئـیش و کارەکانیـان بـەڕێ دەکـرد، بەراستی لە بارودۆخێکی سەخت دابوون، نە نـان هـەبوو نـە خـواردن، تـەنیا دوو ژووری قوڕیان هەبوو، کە ژوورێکیان پڕ بوو لە سێو، هەر سـێ ژەمەکـەیان سـێو خـواردن بـوو، هەنـدێ ئیجرائاتمـان کـرد، ئینجـا چـووین بـۆ سەرسـەنگ، بـەڵام چـیمان دیـت هەرچـی کەلوپەلی گەشتیاری سەرسەنگە، عەلی سنجاری کۆی کردۆتـەوە و لـە ژوورێـك دەرگـای لەسەر داخستووە و ڕۆیشتووە، ئەوی بردبووی بردبووی، ئەوەی دیکەشی دەرگا لەسـەر داخسـت بـوو، پاسەوانیشـی بـۆ دانـا بـوو تـا دەگەڕێتـەوە، دوای ئـەوە چـووین بـۆ لای ئەسعەد خۆشەوی، کە ئەو کاتە لەسەر سنووری تورکیا لە گونـدێك بـوو، کـە گەیشـتینە ئەوێ ئێوارە بوو، لەناو ئەشکەوتێك بوو ئاگرێکی خۆشی کردبۆوە، لەگەڵ کوڕێکی گەنج لەبەر ئاگرەکە دانیشبوون، ئەوە بوو کاغەزەکـەمان دایـە دەسـتی و گـوتی: ئـەوە ئێـوە چۆن هاتن، بە وڵاغ یان بە پێ؟ ئەوە بوو کە زانی ئێمە بە پێ چـووین، گـوتی بەراسـتی ئێوە ئەرکتان کێشاوە، چونکە ئەم ڕێگەیە زۆر سەختە، گوتی ئێمـە بارودۆخمـان باشـە لەبەرئەوەی ئەم گوندەی ئەو دیـوی سـنوورە، ئێمـە خزمایـەتیمان هەیـە و خـراپ نـین، دوایی هاتە سەر عەلی سنجاری و گوتی ئەم کابرایـە بـە هـیچ شـێوەیەك لەگـەڵ شـۆڕش نییە، دەستی بەسەر هەموو ئەو شتانەدا گرتـووە و دەڵـێ: ئـەم هـەموو کەلۆپەلانـە هـی خۆمن و مافی کەسی پێوەنییە، ئەوە بوو، ئێمە ڕاپـۆرتی خۆمـان نووسـی. دوو هەفتـەی پێ نەچوو، کاك ئیدریس بە شوێنمیدا نارد و چووم بۆ لای، دوای چۆنی و چاکی، گـوتی چیت پێناوێ، منیش گوتم نەوەڵلا هیچم پێنـاوێ، فـەرمووی بـە دوامتـدا نـاردبوو، منـیش ئەوە هاتووم، ئـەویش گـوتی دەمانـەوێ ڕەوانـەی هەڵەبجـەت بکـەین، بەدواداچـوون بـۆ خەزێنـەی هەڵەبجـە بکـەیت، دوووەمیـان بـۆ ئـەوە بـوو هەنـدێ کەلوپـەلی حکوومـەت دیارنەماوە و دزراوە، سێیەمیان لێژنـەی مـەحلی هەڵەبجـە لـە کوێیـە؟ بزانـە چ دەکـەن

ئەندامەکانیان لە کوێن؟ لەوێشەوە بۆ بیارە و تەوێڵە، ئیدی بەڕێ کەوتین، کەشوهەوا سارده، ئەوە بوو چووینە ناو سەرای هەڵەبجە، ئەو دیمەنەی من بینیم زۆر ناخۆش بوو، لەبەرئەوەی هەرچی فایل و پەڕاوی خەڵکە هەمووی پەرش و بڵاوبۆتەوە و ئەوەی سووتاوە، ئەوەی تری هەمووی تێکەڵ و بێ کەڵك بووە، دوایی چووین بۆ بەڕێوەبەرایەتی کارەبا، مۆلیدەی کارەباکەیان بردبوو و ئاودیویان کردبوو و فرۆشتبوویان، هەرچی تۆڕی ئاوی ئەو شارەیە هەموویان دەرهێنابوو و فرۆشتبوویان، لقێکی بەڕێوەبەرایەتی کشتوکاڵی لێ بوو، (٥٠) مانگای فریزی بیانی لێ بوو هەر هەموویان بردبوو بۆ نەوسوود و فرۆشتبوویان، بە ڕاستی هەڵەبجەیان کاوڵ کردبوو، ئەوە بوو خەزێنەکەی حکوومەت لە سەرایە بوو مابۆوە، دەیانویست بیشکێنن، بەپەلە برووسکەیەکمان بۆ کاك ئیدریس کرد، ئەویش گوتی بە قسەی کەس مەکەن، خۆتان بڕیار لەسەر خەزێنەکە بدەن، ئەوە بوو ئێمەش بە باشمان زانی خەزێنەکە لەبەرئەوەی زێڕ و کەلوپەلی هاووڵاتیانی تێدا ماوە وەکوو خۆی بمێنێتەوە، ئەگەر حکوومەت گەڕایەوە بۆ هەڵەبجە ئەوە ئەمانەتی خەڵکی تێدایە، ئەگەر ئێمەش زانیمان بە یەکجاری دێنەوە، ئەوا دەی کەینەوە و ئەمانەتەکانی خەڵکەکە دەدەینەوە دەست خۆیان، بەڵام شەفیق ئاغا، لەگەڵ عەبدولوەهاب پێداگریان دەکرد، لەوەی کە دەبێ خەزێنەکە بشکێنن. بەڵام ئێمە نەمانهێشت، دوای ئەوە چووین بۆ بیارە، ئەو کاتە شێخ حەمەدەمین قائیمقام بوو لەوێ، چووین بۆ لای و ئیش و کارەکانی خۆمان ئەنجام دا، ئەوە بوو چووین بۆ تەوێڵە، بارەگای هێزی خەباتی لێ بوو، کە سەر بە مستەفا بارزانی بوو، ئەوانەی لێ بوو: (عەبدلوەهاب ئەتروشی، فەتاح ئاغا، فازیل سۆرانی، فازیل تاڵەبانی، جەمال نامیق بەڕێوەبەری قەزای هەڵەبجە بوو، بەڕاستی ئەم شەوە بۆ من زۆر ناخۆش بوو، لەبەرئەوەی هەر هەمووی خەریکی خواردنەوە و بەزم و ڕەزم بوون. ئەوە بوو بە ڕێگای ئێرانەوە گەڕاینەوە و چووین بۆ نەوسوود، نزیك شارێکی ئێرانی بوو، هەر لە تەوێڵە ئاودیو دەبووی نەوسود بوو، لە ڕێگا بە گوندێکدا ڕۆیشتین لەسەر سنووری ئێران عێراق بوو، گوتمان کێی لێیە؟ گوتیان حاکم ڕەئوف لێیە. شەو لای ئەو ماینەوە، زۆر خزمەتی کردین، ئێمە سێ کەس بووین: جەمال ڕەشید، کەمال محێدین، ڕەقیب حوسێن مەلا، بارودۆخێکی خراپی هەبوو، شەو هەندێك پرسیارمان لێ کرد، کاك ڕەئوف بە جوانی بۆی شیکردینەوە، گوتی هەموو ئەو شتانەی لە هەڵەبجە دزراون، کەمالی

شـێخ غـەریب کـە بەڕێوەبـەری پۆلیسـی سـلێمانی بـووە، کـۆی کردۆتـەوە و لەگـەڵ عەبدولوەهاب ئەتروشی ڕێکەوتوون، کەلوپەلەکانیان بۆ نەوسوود بردووە، لەوێ کۆگایان گرتووە و هەموویان لـەوێ دانـاوە، ئـەوە بـوو کـاک حـاکم ڕەئـوف ڕەشـید، دوو کەسـی لەگەڵ ناردین و چووین بۆ نەوسوود، لەوێ وشیار بابانمـان دیتـەوە، ئـەو کـەمالی شـێخ غەریبی نیشان داین، پێم گوت تۆ دەبێت نووسراوێکمان بۆ بکەی بۆ بارزانی، کە تۆ ئەم کەلوپەلەت لەم کۆگایە داناوە و لێتان دەبوورن، کۆتایی بە هەموو ئەو شك و گومانانەی لەسەر ئێوە هەیە نامێنێت، ئەوە بوو نووسراوێکی بـە قەڵـەمی سـەوز نووسـی، کـوڕێکی تریش لەوێ ئامادە بوو بە ناوی ئەنوەر جاف، کاغەزەکـەم لـێ وەرگـرتن و گەڕاینـەوە و چووین بۆ مەکتەبی سیاسی، ڕاپۆرتی خۆمان بردەوە بـۆ مەکتـەبی سیاسـی و بارەگـای کاك ئیدریس، بە ئـەمری بـارزانی، ئـەو برادەرانـەیان (عەبـدولوەهاب ئەتروشـی و ئـەنور جاف، کەمالی شێخ غەریب و فەتاح ئاغـا و فازیـل تاڵـەبانی) هـەموویانی کێشـایەوە بـۆ بارەگای بارزانی، پێش ئـەوەی دادگـایی بکـرێن، ڕێکـەوتنی جـەزائیری بەسـەردا هـات و هەموو شتێك تەواو بـوو، ئـەم ڕووداوانـە لـە مـانگی دووی سـاڵی: (١٩٧٥) بـوو، بـەر لـە ڕێکەوتنی جەزائیریش، ئەوانە هەر لە لای کاك ئیدریس دەستبەسەر بوون.

**مامۆستا کەمال محێدین، سەبارەت بە ڕێکەوتنی سێ قۆڵی جەزائیر بەم شێوەیە دەگێڕێتەوە و دەڵێت:**

بەراسـتی ڕێکـەوتنی جـەزائیر قۆنـاغێکی مەترسـیداربوو لەسـەر جوولانـەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەی کـورد، لـەوەوەش دەسـتی پێکـرد، کـە جوولانـەوەی کـوردی لـە لایەنی بیروباوەڕ بە تـەواوەتی پراکتیـزە نـەببوو، کـە چـۆن لەگـەڵ کـێ ڕێـك دەکـەوێت یاخود یارمەتی لە کێ وەردەگرێت؟ بەراسـتی مـن نـازانم چـۆن دەبێـت تـۆ یارمـەتی لـە دوژمنەکەت وەربگری و لەگەڵ دوژمنێکی دیکە شەڕ بکەی، بە ڕاستی دەبێت ئێمە ئـەوە تێبگەین، کە دوژمنەکانمان ئەگەر شەکراویشمان بدەنێ بۆ ئەوە نییە یارمەتیمان بدەن، بەڵکوو بۆ ئەوەیە بمان خنکێـنن، بۆیـە لـە سـەرەتای دەسـت پێکردنـەوەی شـۆڕش لـە شاخەکانی کوردستان، خۆمان دایە دەست قەدەری وڵاتی ئێـران لـە هـەموو لایەنـەکانی لۆجیستی و مەعنەوی، ئـەوە بـوو ئێمـە کەوتینـە بەردەسـتی سـاڤاکی ئێرانـی، لەبیرمـە هەموو جارێ سەید عەزیز شەمزینی، کە ئەندامی مەکتەبی سیاسی بوو دەیگوت: ڕۆژێك دێـت ئێمـە پەشـیمان دەبینـەوە، ڕۆژێـك دێـت ئێمـە نسـکۆی گـەورەمان دێتـە پـێش،

لەبەرئەوەی شاهانشای ئێران باوەڕ ناکەم کاری خێری بۆ ئێمە بویێ، بەڵام تا وای لێهات ئێمە بە تەواوی خۆمان بە دەست ئێرانەوە دا. ئەوە بوو ئەنجامەکەی تووشی نسکۆی جەزائیر بووین. ئەم ڕێکەوتنەی عێراق لەگەڵ ئێرانی شاهنشایی دەگەڕێتەوە بۆ چەند خاڵێکی لاوازی سەرکردایەتی کوردی. یەکەمیان لە سەرەتاوە ئێران ئێمەی وەك وەسیلەیەك بەکار دەهێنا بۆئەوەی فشار بخاتە سەر حکوومەتی عێراقی بۆئەوەی داخوازییەکانی ئێران جێبەجێ بکات، هەر کاتێك ویستی پشتمان تێ دەکات و لەوانەیە لێشمان بدات. خاڵی دووەمیان ئێمە لە هەندێ پەیوەندیدا لەگەڵ هەندێ دەوڵەتدا وەك ڕووسیا و چین و فەلەستین و ئەمریکا ئێرانمان نیگەران دەکرد. خاڵی سێیەم نەبوونی یەکێتیی نێوان خۆمان، خزمەت نەکردنی خەڵکی خۆمان، بایەخمان بە پێشمەرگەکانی خۆمان نەدەدا، خەڵکێکی زۆری دێهاتەکان یارمەتی شۆڕشیان دا، نموونەی زۆر هەن ئەگەر باسیان بکەین، بەڵام سەرکردایەتی کورد ڕووی نە لە خەڵکەکە بوو نە لە پێشمەرگە بوو، ئەوە سێ خاڵی گرنگ بوو بۆئەوەی ئێمە تووشی ئەم نسکۆیە بین. یەکێك لە چیرۆکەکانی دیکە ئەوەیە، کە جەنابی بارزانی کاتێك سامی عەبدولڕەحمان دەنێرێتە لای سەرۆکی میسری عەرەبی، کە ئەو کاتە ئەنوەر سادات بوو، پێی دەڵێت: ئەگەر عەرەب یارمەتی ئێمە بدات، هەرگیز لەگەڵ شای ئێران ئێمە ڕێك ناکەوین، متمانەمان بە شای ئێران نییە، ئەوە بوو هەر زۆر بەپەلە ئەنوەر سادات پەیوەندی بە محەمەد ڕەزا شاوە دەکات و هەموو شتێکی تێدەگەیێنێت، لەلایەکی تریش پەیوەندیمان لەگەڵ فەلەستینییەکان، ئەمانە هەر هەمووی بوونە هۆی ئەوەی لە ڕێگای ڕێکەوتنی نێوان عێراق و ئێران لە وڵاتی جەزائیر، سەدام حوسێن و محەمەد ڕەزا شا لە جەزائیر لەسەر دەستی هەواری بۆمیدیانی سەرۆکی جەزائیر، ئەم ڕێکەوتنەیان مۆر کرد بۆ لەناوبردنی شۆڕشی کورد، لە بەرامبەر ئەوەش سەدام حوسێن هەندێ تەنازول بکا بۆ شای ئێران و ئەویش فشار بخاتە سەر بزووتنەوەی کوردی، کە چەکەکانیان دابنێن.

**سەبارەت بە بیستنی یەکەم جار بیستنی هەواڵی ڕێکەوتنی جەزائیر و وەستانی شۆڕش لە ساڵی: (١٩٧٥)دا، مامۆستا کەمال محێدین دەڵێت:**

من و دکتۆر خالید و عەلی عەسکەری لە دەربەندی ڕایات لە ماڵی مامۆستا عومەر دەبابە بووین، شەوەکە هیچ لە گۆڕێ نەبوو تاکوو نووستین، هیچ باس و خواسێك نەبوو، بەیانییەکەی ڕۆستەمی برازای کاك عومەر دەچێتە خوارەوە خواردن و کەلوپەل

بۆ ماڵی کاک عومەر بێنیٚ، بەم بەیانییە زووە سەعات (٦)ی بەیانی خەڵك هەمووی گوێی لە ڕادیۆ گرتووە، گوایە گفتوگۆ لەنێوان حکوومەت و شۆڕش دەستی پێکردووە و شەر ڕاوەستاوە، ئەویش یەکسەر دەگەڕێتەوە و هەواڵەکەمان بۆ دێنێتەوە، بە کاک عومەری دەڵیٚ، ئەویش تەلەفۆنی بۆ ڕەئیس یووسف میرانی کردووە، کە لێپرسراوی مەکتەبی عەسکەری بووە لەو کاتەدا، لە وەڵامدا دەڵێت من ئاگاداری ئەم جۆرە هەواڵە نیم، تەلەفۆنی بۆ کاک حەبیب محەمەد کرد، ئەویش گوتی (کل شيء ما أدري)، ئەمجارەیان کاک عەلی عەسکەری تەلەفۆنی بۆ ڕەئیس یووسف کردەوە گوتی دە تەلەفۆنێك بکەوە بۆ بارەگای بارزانی، گوتی بەم بەیانییە زووە ناتوانم پەیوەندی بکەم، ئەوە بوو زۆری پێنەچوو مامۆستا عەلی عەبدوڵڵای خاڵم، کە ئەو کاتە وەزیری دارایی حکوومەتەکەی کوردی بوو لە دەربەند تەلەفۆنی بۆ کاک عومەر دەبابە کرد گوتی: وەرن بۆ لای من نانی بەیانی بخۆن، ئەوە بوو من و عەلی عەسکەری و دکتۆر خالید لەگەڵ کاک عومەر دەبابە چووین بۆ ماڵی عەلی عەبدوڵڵا لە دەربەندی ڕایەتیٚ بوو، کە چووین دارا تۆفیق، کە ئەندامی مەکتەبی سیاسی بوو و شەفیق ئاغاش ڕاوێژکاری بارزانی بوو، لەویٚ بوون، کە دانیشتین، ئەوانیش هیچ بەرچاوڕوونییێکیان لانەبوو لەسەر ئەم هەواڵە. بۆ ماوەیەك هەر هێشتا لەلای کاک عەلی بووین دوو فڕۆکەی مێك هاتن لەسەر ناوچەکە دەسوڕانەوە، بەبیٚ ئەوەی هیچ بۆردومانێك بکەن، ئەوە بوو، هەواڵەکە بوو بە ڕاستی، ئەوکاتە خوالێخۆشبوو مەلا مستەفاش لە ئێران بوو، خەڵکەکە بە شێوەیەکی گشتی زۆر پەرۆشی بارزانی بوون و لەوە دەترسان، شاهنشای ئێران بارزانی بگرێت و وەك پێشەوا قازی لە سێدارەی بدات. بە ڕاستی خەڵك بەشێوەیەکی گشتی کەوتە دڵەڕاوکی چی بکەن، چی نەکەن. بەڵام ئێمە بە شێوەیەکی گشتی باڵی مەکتەبی سیاسی کۆن (جەلالییەکان) لە سەرەتاوە لەگەڵ ئەوەدا بووین، کە چەك دانەنێین. من و مامۆستا عومەر دەبابە و دکتۆر خالید و عەلی عەسکەری و کاک فەوزی ڕەشید نامیق و کاک عەلی عەبدوڵڵا و عەبدولڕەحمان گۆمەشینی و عەلی هەژاریش، کە ئەندامی لێژنەی مەرکەزی باڵی بارزانی بوو، ئەویش لەگەڵ ئێمە لەگەڵ ڕاوەستانی شەڕ نەبوو، عەولا ئاغای پشدەری، کە فەرماندەی هێزی گەلالە بوو، کاک عومەر تەلەفۆنی بۆ کرد و گوتی وەرە خوارەوە تازە کار لەکار ترازاوە، ئەویش هاتەخوارەوە و هەمان بۆچوونی ئێمەی هەبوو لە بەردەوام بوونی شۆڕش و قبووڵ نەکردنی ڕێکەوتنی جەزائیر.

ئەوە بوو بۆ (١٣)ی مانگ بارزانی گەڕایەوە کوردستان، کاك عەلی عەبدوڵلا بۆ بەیانی پەیوەندی پێوەکردین گوتی: بەیانی هەر هەمووتان وەرنە مەکتەبی سیاسی بۆ کۆبوونەوە لەگەڵ بارزانی ئامادە بن، من و کاك برایم ئەحمەد و کاك عومەر دەبابە و کاك عەلی عەسکەری چووین بۆ حاجی ئۆمەران، بەڵام ئەو ڕۆژە نەیتوانی بمان بینێت تاکوو بەیانییەکەی لە ماوەی سەعاتێك کۆبوونەوەی لەگەڵ مەکتەبی سیاسی کرد بوو، باسی ڕێکەوتنەکەی جەزائیری بۆ کردبوون و گوتبووی: هەموو شتێك کۆتایی پێهات، ئەوەی دەگەڕێتەوە بۆ عێراق دەتوانێ بگەڕێتەوە ئەوەی تریش لەگەڵ ئێمە دێت بۆ ئێران با بێت، ئەوە بوو دوای دوو ڕۆژ بارزانی گەڕایەوە بۆ ئێران، شاهنشا ناردی بەدوای بارزانیدا، کاك موحسین دزەیی و دکتۆر مەحموودیش لەگەڵیدا چوو بوون، شای ئێران بە بارزانی گوتبوو هەر کەسێك دژی ئەم بڕیارەی چەك دانانە بێت، ئەوە ئێمە بەهێز لێی دەدەین، ناوچەی حاجی ئۆمەران پڕبوو لە ساڤاکی ئێرانی لە کورد و لە فارس و عەجەم، هەر هەمووی لەم ناوچەیە کۆببوونەوە، لە (١٨)ی مانگ بارزانی گەڕایەوە بۆ کوردستان داوایان لە خەلکەکە کرد، کە بارزانی بۆ (١٩)ی مانگ کۆبوونەوەیەکی بەرفراوانی هەیە لەگەڵ خەڵکەکە لە نەغەدە، ئەوە بوو فەرماندە سەربازی و سیاسییەکان لەوێدا کۆبوونەوە، ئێمەش واتە عومەر دەبابە و عەلی عەسکەری و کەمال محێدین و د.خالد لە چۆمانەوە بەڕێ کەوتین بۆ نەغەدە، ڕەشماڵێکی گەورەیان هەڵدابوو، ئەوەی ڕۆژێك لەگەڵ شۆڕش بوو لەوێ ئامادە بوو، بارزانی هات لەبن خێمەکە دانیشت، ئەوە بوو کاك جەرجیس فەتحوڵلا چوو دەستی بارزانی گرت و هێنایە تەنیشت خۆی لە بەرامبەرخەڵکەکەی دانا، دوای کەمێك ڕووی لە خەڵکەکە کرد و گوتی: بەخێربێن، دوای ئەوە کاك عومەر دەبابە گوتی یاخوا بەخێربێیتەوە جەنابی مەلا مستەفا، بەڕاستی ئێمە ئەو ماوەیەی لە تاران بووی زۆر پەرۆشت بووین، هەموو کورد چاوەڕوانی ئەوە بوو، کە جەنابت بە سەلامەتی بگەڕێیتەوە، دوای ئەوە بارزانی دەستی بە قسەکردن کرد، **ڕووی لە خەڵکەکە کرد و گوتی ئەمەی ئێستا ئەوە خوا بەسەری هێناوین، لەبەرئەوەی ئێمە پیاوی خراپ بووین، لەم ماوەیەدا نەمانتوانی خزمەتی خەڵکی خۆمان بکەین و زۆر شتی لەم بابەتەی باسکرد بۆ جەماوەرەکە،** مامۆستا کەمال لە درێژەی بیرەوەرییەکانی خۆی بۆ بەرنامەی بۆ مێژوو گوتی: ئەوەی من ئێستا دەیگێڕمەوە بۆ مێژوو، هەروەك دوێنێ ئەم قسانە کرابێت وایە، **دواتر بارزانی هاتە سەر**

**ڕێکەوتنی جەزائیر، ووتی ئەم ڕێکەوتنە، هەر ئەوە نەبووە لەنێوان ئێران و عێراق، بەڵکوو هەموو دنیا ڕێك کەوتوون، ئێمە هیچ تروسکایەك نابینین بۆئەوەی شۆڕش بەردەوام بێت، هەر هەموویان ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا لەسەر ئەوە کۆکن، کە ئێمە دەبێ چەك دابنێین، لە ئێستاوە شۆڕش کۆتایی پێهات، پێشمەرگەش هەمووی دەتوانێت بچێتەوە بۆ ماڵی خۆی، ئەوەی لەگەڵ ئێمەش دەمێنێتەوە لە ئێران، ئەوە لەگەڵ ئێمە دەبێت، ئەوەی تریش دەتوانی بگەڕێتەوە بۆ عێراق و بە پێی ڕێکەوتنەکە عێراق دەستی لێ نادات، ئەوە بوو دوای ئەوەی بارزانی هەناسەیەکی وەرگرت. عومەر دەبابە هەستایە سەرپێ و دەستی بە قسەکردن کرد و گوتی: جەنابی بارزانی یاخوا بە خێربێیتەوە، تۆ برا گەورەی هەموومانی، لەدرێژەی وتەکانیدا کاکە دەبابە گوتی: ئێمە کە شۆڕشمان کرد هیچ پارە و پوڵمان نەبوو، چەك و ئازووقەمان نەبوو، ئەو هەموو پێشمەرگە ئازا و گیانفیدایەمان نەبوو، ئێستاش وەکوو خۆت دەیڵێیت حکوومەتەکان ڕێك کەوتوون، ڕاستە ئێمە کەموکوڕیمان هەبووە، بەرپرسیارێتییەکەش هەمووی دەگەڕێتەوە بۆ مەکتەبی عەسکەری و مەکتەبی سیاسی، پێم سەیرە کە ڕووداوێکی ئەوها گەورە دێتە پێش، ئەوان دەڵێن ئێمە ئاگامان لە هیچ نییە، بۆیە ئێمە پێمان باشە ئەو شۆڕشە بەردەوام بێت، ئێمە هەر بەردەوام دەبین لە شەڕی بەرگریکردن لە کوردستان، با یەکێك لە کوڕەکانی جەنابیشت لەگەڵ ئێمەدا بێت، ئەگەر سەرکەوتین ئەوە هەر تۆ ڕابەر و سەرۆکی هەموومانی، ئەگەر شکستمان هێنا ئەوە بەیاننامەیێکمان لەسەر دەربکە و هەرچی خراپ بوو وای بنووسەوە، بارزانی لە وەڵامدا گوتی: عومەر ئەوەی چەك دانەنێت بە هێزی سەربازی لێی دەدەن،** دوای ئەوە عەبدولوەهاب ئەتروشی هەستایە سەرپێ و گوتی: ئەوەی عومەر دەیڵێ ئەوە موزایەدەیە، بارزانی برا گەورەیە و هەرچی ئەو بیڵێ ڕاستە. عەلی عەسکەری ویستی وەڵام بداتەوە، بەڵام عەلی عەبدوڵڵا دەستی لەسەر ڕانی دانا و گوتی: بەسە. بارزانی لە کۆتایی قسەکانیدا گوتی: تکاتان لێ دەکەم ئەوەی لەگەڵ من دێت، ئێمە دەچینە ئێران، ئەوەی دیکەش دەتوانێ بۆ عێراق بگەڕێتەوە. هەر کە ئێمە لەبن خێمەکە هاتینە دەرەوە، خێمەیەکی تری بچووك هەبوو، کاك مەسعوود بارزانی لێ بوو، بانگی کاك عومەری کرد و گوتی: دەمەوێ لەگەڵتان دابنیشم، ئەوە بوو من و کاك عومەر و عەلی عەسکەری و دکتۆر خالید چووینە بن خێمەکە، کاك مەسعوود گوتی: باوکم زۆر سەلامتان لێ دەکات، دەڵێ با ئەوان

نەچنەوە بۆ عێراق، چونکە ئەگەر ئێوە بچنەوە بۆ عێراق ئێوە دەگرن و دەتانکوژن، من بەم شێوەیە وەڵامی کاک مەسعوودم دایەوە و گوتم: (کاک مەسعوود من بڕوام وایە، حکوومەت من ناکوژێت، ئەگەر من بکوژێت، ئەوا خەڵکی تریش دەکوژێت، لەبەرئەوەی من موخابەراتی هیچ دەوڵەتێك نەبوویمە و جاسووسیشم بۆ کەس نەکردووە، من بۆیە لە ئێرانیش بووم لەبەرئەوەی لەناو شۆڕش بوویمە بۆ قازانجی میللەتەکەم، بۆیە بڕیارم داوە بگەڕێمەوە بۆ شاری کۆیە، ئەگەر حکوومەت هەموو خەڵکی کوشت با منیش بکوژێت لەناو کەسوکاری خۆم، کاک عومەر دەبابە گوتی: کەمال جاریێ کاتی ئەو قسانە نییە، بە کاك مەسعوودی گوت دوای دوو ڕۆژی تر ئێمە وەڵامی جەنابت دەدەینەوە.

**لە درێژەی یادەوەرییەکانی خۆی مامۆستا کەمال دەڵێ:**

ئێمە وەنەبێ لە جموجۆڵی خۆمان کەوتبین، لەناو خەڵکەکە دەگەڕاین، بۆئەوەی بە خەڵکەکە ڕابگەیێنین چەك دانانێین و شۆڕش بەردەوام دەبێت، بەهیچ شێوەیەك هەروا بە ئاسانی خۆمان ڕادەستی هیچ هێزێك و حکوومەتێك ناکەینەوە. ئەوە بوو ئەو ڕۆژە هەر کە لە لای کاك مەسعوود ڕۆیشتین، چووین بۆ ڕەزایە (ورمێ) بۆ ماڵی کاك عومەر، شەمسەدین موفتیش لەوێ بوو، گوتی دەڵێی ئەسحابی کەهفن بە دوای یەك کەوتوون، ئەوە بوو بەم شەوە بەڕێ کەوتین بۆ تاران بۆ لای مامۆستا برایم ئەحمەد، شەو سەعات دوو گەیشتینە لای کاك برایم ئەحمەد، ئەوە بوو گەلاوێژخان دەرگای لێکردینەوە و بەخێرهاتنێکی گەرمی لێکردین، چوو کاك برایمی لە خەو هەڵساند، دوای چاك و چۆنی خەوتین، بۆ بەیانی لەسەر نان خواردن هەر هەموویمان بۆ کاك برایم گێڕایەوە، چونکە ئێمە پێشتریش بەبێ کاك برایم هیچ ئیش و کارێکمان ئەنجام نەدەدا، ئەوە بوو ئەو ڕۆژە بە تەواوەتی ئێمە لە کۆبوونەوەدا بووین، دوای هەڵسەنگاندنی هەموو ڕێگاچارەکان گەیشتینە ئەوەی، کە کاغەزێك بۆ سەدام حوسێن بنووسین، لەهەمان کاتیشدا بڕیاری ئەوەمان داوە، کە ملکەچی ڕێکەوتنی جەزائیر نەبین و شەڕ بەردەوام بێت، ئەوە بوو نامەیێکمان نووسی، تێیدا باس لەوە دەکەین، کە بەیاننامەی (١١)ی ئازار زیندوو بکرێتەوە و بە هەموو لایەك بەر لەم ڕێکەوتنەی جەزائیر بگرین، ئەگەر ئێوە ڕازی بن بەم شێوەیە ئەوە ئێمە دەگەڕێینەوە بۆ عێراق، بڕیارماندا لە ڕێگای سەفیری عێراقی لە تاران ئەو پەیوەندییە دروست بکەین، ئەوە بوو من نامەکەم بۆ سەدام حوسێن برد بۆ بەغدا، بۆ بەیانی لەگەڵ دکتۆر هەڤاڵی سدیق ئەتروشی، کە کوڕە خوشکی گەلاوێژ خانی

مامۆستا برایم ئەحمەدی بوو، نانم خوارد و بەڕێ کەوتم، دکتۆر هەڤاڵ منی لە بەرامبەر قونسلیەی عێراقی دانا، کە چوومە ژوورەوە سەعات هەشت و نیو بوو، سەلامم کرد و خۆم ناساند، گوتم دەمەوێ جەنابی سەفیر ببینم، ئەو کاتە سەفیر ناوی ئیبراهیم مەدحەت جومعە بوو، یەکێك بوو لە سەرکردەکانی حیزبی بەعس، ئەوە بوو سکرتێرەکەی سەفیر گوتی ئەوە دوو میوانی لایە (دارا تۆفیق و فوئاد عارف)ن، ئەگەر پێی خۆشە با بێتە ژوورەوە، منیش گوتم زۆر ئاساییە، کە چوومە ژوورەوە پاش چاك و چۆنی باسی هیچمان نەکرد، دوای ئەوەی ئەوان قاوەیەکیان خواردەوە ڕۆیشتن، منیش لە سەفیر نزیك بوومەوە و خۆم پێ ناساند، پێم گوت: من پارێزەر کەمال محێدینم، ئەندامی نەقابەی پارێزەرانی بەغدام سەر بە مامۆستا برایم ئەحمەد و جەلال تاڵەبانیم، نامەم هەیە بۆ سەرۆك کۆماری عێراق، زۆری پێ خۆش بوو، گوتی: (بارك اللە بيك.) گوتی: کەی دەتەوێ بڕۆی؟ منیش لەوەڵامدا گوتم: ئیمڕۆ بێ یان سبەی بۆ من هیچ جیاوازییەکی نییە، لەم قسانە بووین، سکرتێری یەکەمی سەفیر هاتە ژوورەوە، دیاربوو من دەمناسی، کاتی خۆی لە کۆلیژی حقوق لە بەغدا پێکەوە خوێندکار بووین، ناوی ویداد عەجام بوو، یەکترمان ماچ کرد، ئەوە بوو سەفیر ڕووی لە ویداد کرد و گوتی: کەی دەگەڕێیەوە بۆ بەغدا؟ ئەویش گوتی: ڕۆژی دووشەم. گوتی باشە مادام وایە مامۆستا کەماڵیش لەگەڵ تۆ دەگەڕێتەوە، دوو وێنەیان لێ وەرگرتم بۆ دروستکردنی پسووڵەی گەڕانەوە، لە ڕێگای فڕۆکەخانەوە بۆ بەغدا، ئەوە بوو مامۆستا برایم لە ڕێگای برادەرانی خۆمان، کابرایەکی ئاگادارکردبۆوە بەناوی ڕەفیق پشدەری، کە بێت لە فڕۆکەخانە چاوەڕێم بکەن، ئەوە بوو هەر کە لە فڕۆکە هاتمە خوارەوە، ڕەفیق بە پێکەنینەوە پێشوازی لێ کردم و گوتی: دنیا بە کەیفی ئێوەیە، هەرکە سواری سەیارەی کردم گوتی: دەچین بۆ لای خۆمان، منیش داوام لێ کرد بچین بۆ ماڵی حاجی برام، کە ئەو کاتە لە شەقامی فەلەستین بوو، ئەوە بوو دوای چاك و چۆنی بە کاك ڕەفیق پشدەریم گوت: من نامەی کاك برایم و برادەرانم بۆ سەدام حوسێن هێناوە. بۆ بەیانییەکەی منی برد بۆ لای بەڕێوەبەری هەواڵگری سەربازی لە وەزارەتی بەرگری عێراقی، کە ناوی عەزیز تۆفیق بوو، منی نەدەناسی، ئەویش منی برد بۆ لای سەرۆکی سوپاسالاری سەربازی، کە بە ئەبو شەهید بانگیان دەکرد، هەرکە چوومە ژوورەوە یەکسەر پرسیاری عەلی عەسکەری لێ کردم، دیاربوو ئەوی باش دەناسی و دۆستی بوو، ئەوە بوو

نامەکەی لێ وەرگرتم و منی برد بۆ لای حەماد شەهاب، کە وەزیری بەرگری عێراقی بوو و ئێمەی باش دەناسی، بەڵام منی نەدەناسی، دوای چاك و چۆنیەکی گەرم و هەواڵ پرسین، دوای سێ ڕۆژ ئەوەمان بەجێهێشت و گەڕاینەوە، شوانی قادر ئاغا هاتە لام گوتی کاك تەها محێدین دەیەوێ بتبینێ، ئەو کاتە کاك تەها جێگری سەرۆکی کۆمار بوو لە بەغدا، یەکترمان بینی و گوتی: سەرۆك کۆمار هەواڵی پێداوم، کە زۆر خۆشحاڵ بووە بە نامەکەی ئێوە، بەڵام ئەو دەڵێ با ئەوان بگەڕێنەوە، ئێمە هەموو شتێك بە دڵی ئەوان دەکەین. ئەوانە قسەی سەرۆك کۆمارە، تەها محێدین بە منی ڕاگەیاندەوە، بۆئەوەی بیگەیێنمەوە بە برادەران لە تاران، ئەوە بوو حکوومەتی عێراق تیمێکی ئامادەکردبوو بۆ پێشوازی کردن لە خەڵکەکە بە سەرپەرشتی نەعیم حەداد، مامۆستا عەلائەدین سوجادیشیان لەگەڵ بوو بۆئەوەی بچن بۆ تاران، منیش لەگەڵ ئەوان گەڕامەوە، ئەوان لە تاران لە ئوتێلی سەعدئاباد دابەزی بوون، بۆ بەیانییەکەی تەلەفۆنم بۆ کاك عومەر دەبابە کرد، چۆن یەکتری ببینین، ئەوە بوو بۆ بەیانییەکەی هات بۆ تاران و لە ئوتێل پێکەوە چووین بۆ لای کاك برایم ئەحمەد، تەلەفۆنیشمان بۆ مام جەلال کرد، کە ئەو کاتە لە سووریا بوو، کاك برایم ئەحمەد، باسی نامەکە و وەڵامی حکوومەتی عێراقی بۆ ئێمە، هەمووی بۆ مام جەلال ڕوونکردەوە، ئەوە بوو مام جەلال ڕازی نەبوو بە گەڕانەوە بۆ عێراق، لەسەر ئەوە ڕێك کەوتین من و کاك عەلی عەسکەری و دکتۆر خالید و کاك عومەر بگەڕێینەوە بۆ عێراق و بەردەوام ئاگاداری یەکتر بین و پەیوەندیمان هەبێت، تا ئەو کاتەی بزانین حکوومەت چ لێپێچینەوەیەك دەکا.

سەرەنجام ئێمە گەڕاینەوە، لەگەڵ وەفدەکە ئیسماعیل ڕەسووڵی پارێزگاری هەولێریشمان لەگەڵدا بوو، لە بەغداماینەوە تا دوای مانگێك، بە بڕیارێکی سەرکردایەتی حیزبی بەعس، بۆ خوارووی عێراق دوورخراینەوە. ئەوە بوو من لە ڕێگای نەقابەی پارێزەران ئاگادارکرامەوە بۆ بەیانییەکەی بچم بۆ وەزارەتی ناوخۆ، نیوەڕۆکەی من لە ماڵی کاك عەلی عەسکەرییەوە پێکەوە چووین بۆ هەواڵگری گشتی لای جێگری وەزیری ناوخۆ، ئێمە لەوانە: (هەمزە عەبدوڵڵا، عەلی عەسکەری، دکتۆر خالید، حەبیب محەمەد کەریم، کەمال محێدین ...) هەموومان بانگ کرابووین، ئەوە بوو دوای بەخێرهاتن گوتی بەیانی سەرکردایەتی شۆڕشتان بۆ دەخوێنمەوە، تکایە گوێم لێ ڕابگرن، لە سەرەتا دەستی بە خوێندنەوەی ناوەکانی ئێمە کرد، ئەوانە بۆئەوەی بگەڕێنەوە ڕێزی نیشتمانی

خزمەتی هاوولاتیانی خۆیان بکەن، بارودۆخی گوزەرانیان، ئاسایی ببێتەوە. کاك هـەمزە عەبدوللا کە کرابوو بە بەڕێوەبـەری دارسـتانەکان لـە سـەماوە، نـاڕەزایی دەربـڕی و بـە دەنگی بەرز گوتی من پارێزەرم بە درێژایی ژیانم لە وەزیفەدا کارم نەکردووە، ناشی کەم چی دەبێت با ببێت، دوایی من نەچوو بووم بۆ شاخ، لە دوای ئـەو عـەلی عەسـکەری زۆر بە توندی دەستی بە قسە کرد و گوتی: بەڕاستی ئەوە نە برایـەتی و نـە دۆسـتایەتییە، ئێوە فێلتان لـە ئێمـە کـرد. مـن زۆر بـە هێواشـی و لەسـەرەخۆ قسـەم کـرد، گـوتم: مـن پارێزەرم دۆسیەی زۆر خەلکم لایە، ئەوە چۆن دەبێت، هەرنەبێت ماوەیەك مۆلەتمان پێ بدەن، بۆئەوەی ئیش و کارەکانی خەلك تەواو بکەین، قسەکەی منی وەرگـرت، یەکسـەر تەلـەفۆنی بـۆ سـەرەوەی خـۆی کـرد، دیـاربوو خۆیـان لـێ تـووڕە کـرد، تەلەفۆنەکـەی دانایەوە و گوتی: دەبێ هەمووتان هەر بەیانی پەیوەندی بە دامودەزگاکانتانەوە بکـەن، ئەوە بڕیاری سەرکردایەتی شۆڕشە، ئەوە بوو بۆ بەیانی بەڕێ کەوتم بۆ قوڕنە، گوایە من بوویمە بەڕێوەبەری شارەوانی قوڕنە، هەرکە گەیشـتمە قوڕنـە هێشـتا کیتـابی بـوون بـە بەڕێوەبەری شارەوانیم نەگەیشتبوو، ئەوە بوو پەیوەندیم بە پارێزگاری بەسـرەوە کـرد، ئەویش کە ناوی عامر خەشالی بوو، یەکێك بوو لەو خوێندکارانـەی لەگـەل مـن بـوون لـە کۆلێژی سەربازی لە بەغدا، پێکـەوە بـووین، ئـەو مـنی ناسـییەوە، پـاش چـاك و چـۆنی گوتی: فەرموو. منیش بۆم گێڕایەوە کـە ڕەوانـەی ئێـرە کـراوم و بـووم بـە بەڕێوەبـەری شارەوانی قوڕنە، بەلام تاکوو ئێستا هیچ نووسراوێك نەگەیشتۆتە شاری بەسـرە، منـیش هاتووم ئێستا چار چییە؟ گوتی: هیچ نەهاتووە، تۆ چۆنت پێ باشە ئـەوە بکـە. پارچـە کاغەزێکی دا پێم و گەڕامەوە بۆ بەغدا، چووم بۆ وەزارەتـی شـارەوانییەکان، ئـەو کاتـە شێخ سەتار سەفەری کردبوو، عوبێدوللا بارزانی لە شوێنی ئەو ئیش و کارەکانی دەکرد. ئـەوە بـوو گـوتی: چـیت پـێ باشـە ئـەوە بکـە. منـیش گـوتم مـن بـەدوای کیتـابی دامەزراندنەکەمدا هاتووم، ئەویش سکرتێرەکەی بانگ کرد، وا دیـاربوو نووسـراوەکە لای ئەو بوو، داوای لێکردن کیتابێکیان بۆ کردم بۆ پارێزگاری بەسرە و شارەوانی قوڕنـە بـۆ پەیوەنـدیکردنمان بـە ئـیش و کارەکانمانـەوە، ئیـدی ئێوارەکـەی بـە سـواری فڕۆکـە گەڕامەوە بۆ بەسرە، لەوێشەوە بۆ قوڕنە. من بـۆ مـاوەی سـێ سـال و شـەش مـانگ لـە قوڕنە مامەوە و ژنم هێنا، خـانووم وەرگـرت، بـەلام بەڕاسـتی جێگـایێکی زۆر نـاخۆش و ئاووهەوا و ژینگەیەکی پیسی هەبوو، لەهەمان کاتدا کۆمەلگایـەکی دواکـەوتووی هـەبوو،

ئەوی بەڵامەوە سەیر بوو، لە قورِنە (٧٤) چایخانەی لێ بوو، پیاوەکانیان تاکوو ئێوارە لە چایخانە بوون و ژنەکانیشیان تا ئێوارە لە بازاڕ بوون.

**مامۆستا کەمال لە بیرەوەرییەکانیدا تیشک دەخاتە سەر ئەو پەیوەندییەی نێوانی خۆی و برادەرانی لە خواروو و ناوەڕاستی عێراق و دەڵێت:**

هەرچەندە ئێمە پەرش و بڵاویان کردین و هەرکەسە و بۆ شارێك، بەڵام پەیوەندیمان هەر مابوو و سەردانی یەکترمان دەکرد، ناوە ناوەش مام جەلال نامەیەکی بۆ کاك عومەر دەبابە و عەلی عەسکەری دەنارد، دەیگوت، دەبێ ئێوە لەسەر بیروباوەڕی خۆتان سووربن، زۆر وریای خۆشتان بن، سووریا و لیبیا بەڵێنیان داوە، کە یارمەتیمان بدەن بۆئەوەی شۆڕشەکەمان بەردەوام بێت، مام جەلال لەم ماوەیەدا سێ نامەی بۆمان نارد، من دوو کاغەزیانم بینی، بەڵام ئەوەی سێیەمم نەبینی، دوای ئەوەی گەیشتینە ئەوەی بڕیاری ئەوە بدەین بڕۆین، ئەوە بوو کۆبوونەوەی دواجارمان لە ڕومادی بوو، کە بڕیارمان دا، ئەوان واتە عومەر دەبابە و عەلی عەسکەری، دکتۆر خالید، پەیوەندی بە برادەرانەوە بکەن لە کوردستان، ئەوە بوو ئەوان لە ساڵی: (١٩٧٦) پەیوەندییان کرد و گەڕانەوە بۆ شاخ، کاك عومەر دەبابە لە ڕێگای حاجی ئۆمەرانەوە و کاك خالیدیش لە ڕێگای هیران و نازەنینەوە، کاك عەلی عەسکەریش لە ڕێگای شەدەلە و سورداشەوە، سەرەنجام ئەو چەك و تفاقانەی لەو ناوچانە شاردبوویانەوە، هەموویان دەرهێنایەوە و شۆڕش دەستی پێکردەوە، ئەوە بوو یەکێتیی نیشتمانی کورستان لە ڕێکەوتی: (٢٢-٥-١٩٧٥)، لە گازینۆی تولەی تولە لە شام بڕیاری لەسەر درا، بەڵام لە ڕێکەوتی: (١-٦-١٩٧٥)، ئاشکرا کرا و شەڕ دەستی پێکردەوە، منیش لە عێراق مامەوە بۆ ئیش و کاری ناو بەغدا و ناوەوەی کوردستان، پەیوەندیی خۆمان و برادەرانی شاخ و شارەکان لە حاجی ئۆمەرانەوە پێك بگەیێنینەوە. ئیدی شۆڕش بەهێز بووەوە و ژمارەی پێشمەرگە زیادی کرد، ڕۆژ دوای ڕۆژ چالاکی پێشمەرگە زیادی دەکرد، تاوای لێهات سنووری چالاکییەکان گەیشتە نزیکی شارە گەورەکان، هەرچەندە لەم ماوەیە یەکێتی جگە لەوەی تووشی شەڕی ناوخۆ بوو، دیارترینیان کارەساتی هەکاری بوو، کە چەندین پێشمەرگەی قارەمانی لێ شەهید بوو، لەوانە چەندین سەرکردەی وەك: کاك عەلی عەسکەری و دکتۆر خالید و حوسێن بابە شێخ و گەلێکی تر جگە لەوەی قارەمانەکانیان لەناو شارەکان بەدەستی هەندێ

جاسـووس و پیاوەکـانی ڕژێـم کەوتنـە زینـدان و لەسـێدارەدران، بـەڵام وای لێهـات، حکوومـەت حیسـابی بـۆ دەکـردن، زۆر جـار هـەوڵی دا بۆئـەوەی بکەونـە گفتوگـۆ، تـا ڕۆژێکیان من لە پرسەیەك بووم لە کەرادە لە بەغدا، فازیل بەراك منی بینی، گوتی تۆ لـە کوێی ئیشمان پێتە، منیش گوتم لە شارەوانی قورنەم ئیشەکەت چییە؟ گـوتی دەمـەوێ بتنێرم بۆ لای کاك عومەر، بۆئەوەی بتوانین ڕێگاچارەی گونجـاو ببینینـەوە، ئـەوە بـوو منیان نارد بە ناوی کۆنگرەیەك لەگەڵ عەبدلوەهاب ناوێك لەگـەڵ وەمبـز عومـەر نـەزمی دکتۆر سەعید جەلال ناجی، بـە نـاوی کۆنگرەیـەك لـە لەنـدەن چـوومە لای کـاك عومـەر دەبابە لە بەریتانیا، چووم بۆ ماڵی کـاك عومـەر، کـە لـە دەرەوەی لەنـدەن بـوو، ئیـدی لەگەڵ کاك عومەر قسەم کرد و پێم گوت بۆ ئەم مەسـەلەیە هـاتووم، گـوتی: زۆر باشـە. لەگەڵ کاك عومەر باسی هەموو شتێکمان کرد. بۆ بەیانی من و عەبدولوەهاب لەگەڵ کاك عومـەر چـووین بـۆ شـارێك دوو سـەعات و نیـو لـە لەنـدەن دوور بـوو، ئـەوە بـوو ئـەم سەفەرەی من بوو بە بنەمایەك بۆ گفتوگۆی ساڵی: (١٩٨٢)، لە سەرەتا بـە نهـێنی بـوو، لە دوایی گفتوگۆکە ئاشکرابوو. بە هەر شێوەیەك بێت، منیش لە قورنە مامەوە تـاوەکوو ڕۆژێك قائیمقام ناردی بە شوێنمدا، گوتی: مامۆستا کەمال بەڕێوەبەری ئەمن پەیوەنـدی پێوەکردووم، کە لە بەغدا تۆیان دەوێت، بەیانی دەبێ بچیت، هەرکە نـاوی ئـەمنی هێنـا بەڕاستی ترسام، کە بەیانی بەڕێش کەوتم هەر بیرم دەکردەوە دەبێ بۆ چی بێـت، ئـەوە بوو لە پێشدا چووم بۆ ماڵی کاك محەمەدی حاجی تاهیری لە بەغدا، بزانم دەنگوبـاس چ هەیە ئینجا بچم بۆ ئەمن، ئـەوە بـوو مـن نـەمزانی پەیوەنـدی بـە نهـێنی گفتوگـۆ هـەبوو لەگەڵ برادەرانی یەکێتی نیشتیمانیی کوردستان، ئەوە بـوو چـووین بـۆ بەڕێوەبەرایـەتی ئەمنی گشتیی بەغدا بۆ لای فازیل بەراك، هەستایەوە سـەرپێ و بـەخێرهاتنێکی گـەرمی لێ کردم، گوتی ئێمە تۆمان گوازتەوە بـۆ بەغـدا، مـن نـازانم مـام جـەلال هەرکـە لەگـەڵ حکوومـەت دانیشـتووە یەکـەم داواکـاری ئـەوە بـووە، کـە ئەوانـەی دوورخراونەتـەوە و گیراون ئازاد بکرێن دوورخراوەکانیش بگەڕێندرێنەوە، ئـەوە بـوو گـوتی تـۆ لـە قورنـەوە گوازرایەوە بۆ بەغدا، شوێنێك بۆ خۆت دیاری بکە، منیش گوتم من ناتوانم لە بەغدا بژیم، خانووم نییە. گوتی خانووت دەدەینێ، بەڵام من خانووم ڕەتکـردەوە، دوای ئـەوەی زۆر پێداگری کرد، بڕیارم دا لە شارەوانی قورنە بمگوازنەوە بۆ شـارەوانی بەغـدا، ئـەوە بـوو بڕیاریان دا و منیان گوازتەوە بۆ شارەوانی بەغدا و بووم بە بەڕێوەبەری ژووری یاسایی،

تا کۆتایی ساڵی: (١٩٩٦)، ئەوە بوو گفتوگۆکە بوو بە ئاشکرا، هاتووچۆ گەرم بوو لای هەردوو لا. هێشتا من مام جەلالم نەبینیبۆوە تا ئەو کاتەی بارەگاکەی هێنایە سورداش، وای لێهات مام جەلال لە سورداش دادەنیشت، تا ڕۆژێکیان برادەرێکی کەرکووکیمان هەبوو لە شارەوانی پارێزەر بوو لەگەڵ من بوو هاتە لام گوتی: من خێزانەکەم تورکی ئەنقەرەن هاتوونەتە لای دەڵێن (١٦) کەس لە لێپرسراوانی تورکی پلە باڵا هاتوونەتە لای سەدام حوسێن، پێیان گوتووە ئەگەر کەرکووك بدەی بە کورد ئەوە ئێمە داگیری دەکەین، گوتی ئەوە لای منە، منیش بە تۆی دەڵێم، تۆش چۆنی دەگەیێنی نازانم، بەڵام تکا دەکەم بە هیچ شێوەیەك ناوم نەهێنی، هەرچەندە بۆ من تۆزێك سەخت بوو سەردانی کوردستان بکەم، چونکە ئەو کاتە ڕێگای هاتووچۆ ناخۆش بوو، خەڵك زۆر بە زەحمەت سەفەریان دەکرد، بەڵام دەبوایە من ئەم هەواڵە هەر بگەیێنم، ئەوە بوو لەگەڵماڵەوە قسەم کرد کە سەفەرێك بکەین بۆ کوردستان، بەبیانووی ئەوەی کە خزمێکمان نەخۆشە و دەچین بۆ سەردانی کردنی نەخۆشەکە لە سلێمانی، ئەوە بوو چووین بۆ سلێمانی و سەردانی نەخۆشەکەمان کرد، ئینجا لە سەبیح خانی خێزانی عەلی عەسکەریم پرسی، دەبێ مام جەلال لە کوێ دابنیشێت، گوتیان لە سورداش دادەنیشیت، داوام لێ کرد بە بیانووی سەردانی کردن بۆ لای چەند برادەرێك، لەوانەیە شەو نەتوانم بگەڕێمەوە بۆئەوەی خێزانەکەم بە کارەکە نەزانێ، ئەوە بوو سەیارەیەکی تایبەتم گرت بۆ سورداش، ئێوارە بوو، لە یەکەم خاڵی پشکنینی پێشمەرگە منیان هێنایە خوارەوە و پشکنینیان بۆ کردم، گوتیان بۆ کوێ دەچیت؟ منیش گوتم: بۆ لای جەنابی مام جەلال، گوتی لەکوێ هاتی؟ گوتم: لە کۆیە، چووم بۆ لای بارەگای مام جەلال، لەبەر دەرگای مام جەلال، لەسەر کۆسپەکەی بەردەم ژوورەکە تووشی جەمال حەکیم بووم (جەمال ئاغا)، یەکسەر چاوی بە من کەوت گوتی: یاخوا بەخێربێیت کاك کەمال، ئەوە کێ تۆی هێناوە بۆ ئێرە؟ منیش گوتم: ئەوە هاتووم، پێم بڵێ مام جەلال لە کوێیە، گوتی مام جەلال لەم گوندەی بەرامبەرمان دەعوەتە زۆری پێ ناچێت دەگەڕێتەوە، ئەوە بوو پاش ماوەیەك مام گەڕایەوە. دوای چاك و چۆنی باسی گفتوگۆی نێوان خۆیان و حکوومەتی عێراقی بۆ کردم، ئەو کاتە فوئاد مەعسوم لە بەغدا بوو، منیش هەواڵەکەی دەوڵەتی تورکم بە مام گوت، بەڵام مام جەلال بڕوای نەهات بە قسەکان و گوتی ئەم هەواڵە پێ ناچێت ڕاست بێت، مام جەلال گوتی من دوێنێ لەگەڵ

فوئاد مەعسوم قسەم کردووە لە بەغدا، لەگەڵ عیزەت دوری و ئەوانە دانیشتووە، بۆ دوو ڕۆژی دیکە هەموو شتێك تەواو دەبێت، منیش گوتم مام جەلال من ئەوە قسەی ئەو پیاوەیە گەیاندم. زۆری پێ نەچوو بۆ جارێکی تر گفتوگۆی نێوان عێراق و یەکێتیی نیشتمانی کوردستان لە کۆتایی ساڵی ١٩٨٣ تێکچوو، ئەوە بوو شەڕ لەنێوان یەکێتیی نیشتیمانی کوردستان و پارتیدا لەلایەك و لەگەڵ حیزبەکانی دیکە لەلایەکی ترەوە، تا ئەو کاتەی ئەمەریکا و بەریتانیا، هێزەکانی عێراقی و کوردیان کۆکردەوە بۆئەوەی بگەنە ڕێککەوتنێك لە ڕێگای کۆنگرەی پارتە عێراقی کوردییەکاندا، ئەوە بوو یەکێتیی نیشتمانی و پارتیان ئاشت کردەوە، گەیشتنە ئەوەی کە بۆ ڕووخانی سەدام هاوئاهەنگییەك پێك بهێنن. ئەوە بوو لە ساڵی ١٩٩٩ من هێشتا هەر لە بەغدا بووم، مام جەلال لە دوامی نارد بوو بۆئەوەی بچم بۆ قەلاچۆلان لە مانگی ئادار بوو، ئەوە بوو لەگەڵ چووستی برام چووین بۆ لای مام جەلال، کە چووین کاك عومەر شێخ موسی لابوو، کە یەکێکە لەدەستەی دامەزرێنەری یەکێتیی نیشمانی کوردستان، دوای ئەوەی کە ئەو ڕۆیشت مام جەلال داوای لێکردم ببم بە لێپرسراوی ڕێکخستنە نهێنییەکانی ناو شاری بەغدا، ئەوە بوو ئەم لێپرسراوەتییەم وەرگرت لەسەر داوای مام جەلال و گەڕامەوە بۆ بەغدا و لێژنەیەکمان پێك هێنا، من کە لێپرسراو بووم بە ئەندامێتی ئەم بەڕێزانە: (سەردار عەلی خۆشناو، عەقید حەمەدئەمین دەربەندفەقەریە، دکتۆر مستەفا زەڵمی)، ئەوە بوو ئێمە دەستمان بە کۆبوونەوە کرد، هەر جار یان لە ماڵی مستەفا زەلمی یان ماڵی کاك حەمەدئەمین دەربەندی بووین، من دەمەوێ ئەوە ئاشکرا بکەم، کە لە ساڵی: (١٩٩٩)وە تاوەکوو ساڵی: (٢٠٠٣)، ئێمە پێنج هەزار و پێنج سەد دۆلارمان لە حیزب وەرگرتووە، ئەویش سەیارەیەکی فیاتمان پێ کڕیبوو، ئیش و کاری حیزبمان پێ دەکرد، هەر هەموومان مووچەخۆری دەوڵەت بووین پێویستمان بە پارە نەبوو، ئەلقەی پەیوەندیی لەنێوان ئێمە و مام جەلال برادەرێك بوو لە سلێمانی، ئێستاش ماوە ناوی ئەکرەمی فەقێ مەحموودە، لە هەولێریش کاك جەمال تاهیر بوو، کاك ئەکرەم زۆر ئازا بوو پیکابێکی هەبوو بەیان و هەرچی هەبوایە ئەو بۆی دەهێنااین بۆ بەغدا، ئێمە پەیوەندیمان لەگەڵ زۆربەی زۆری چینی ڕۆشنبیری شاری بەغدا هەبوو، هەروەها لەگەڵ کۆمەڵێك کەسایەتی لەناو پارتە سیاسییەکانی عێراقی کوردی، پەیوەندیی باشمان دروست کردبوو لە بەغدا، تا ئەو کاتەی سەدام ڕووخا، دوای ئەوە بە چەند ڕۆژێك مام

جەلال و کاك نەوشیروان هاتن بۆ بەغدا، ئێمە لە هەب هەب پێشوازیمان لێ کردن، ئیدی ئێمە پێشیان کەوتین و ئەوانیش لە دوامانەوە بوون بە سەیارە، دارا جاف و نەوزاد جاف ئەوان خانوویان بۆ هەردووکیان ئامادەکردبوو، هەر یەکەیان بە جیا لە شوێنێك دابەزین، بۆ بەیانییەکەی هەمووی هاتن بۆ ماڵی ئێمە، کۆبوونەوەیەکمان ئەنجام دا و باسی بەغدامان کرد، بۆ بەیانییەکەی مام جەلال داوای لێ کردین ئەندامەکانی یەکێتیی بەغدا بانگ بکەین، بۆئەوەی لەگەڵیاندا کۆببێتەوە، بۆ بەیانی هەر هەموو ئەندامەکانی ڕێکخستنی نهێنی بەغدامان ئاگادارکردەوە، هەر هەموویان ئامادە بوون، لەم کۆبوونەوەیە لە سەرەتا مام جەلال دەستی بە قسەکردن کرد و ستایشی هەموو ئەندامانی ڕێکخستنی نهێنیی بەغدای کرد، لەهەمان کاتدا گوتی دەمانەوێ مەڵبەندێك بۆ بەغدا دابنێین.

## دانانی مەڵبەندی یەکێتیی نیشتمانی کوردستان لە بەغدا لەدوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس:

دوای دانیشتن لە کۆبوونەوەی ڕێکخستنە نهێنییەکانی بەغدا لەگەڵ مام جەلال و کاك نەوشیروان مستەفا و بەشێك لە ئەندامانی سەرکردایەتی، مام جەلال دەستی بە قسە کرد و ستایشی برادەرانی کرد لە بەغدا لە سەردەمی ڕژێمی بەعس، ئەوە بوو مام جەلال گوتی ئێمە هاتووین مەڵبەند لە بەغدا دابنێین، ئێوە تاکوو ئێستا هەیئەتێك بوون سەرپەرشتی ڕێکخستنەکانتان دەکرد لە بەغدا، بەڵام ئێستا بارودۆخ گۆڕاوە، منیش ناوی سەرجەم ئەندام و دۆستانم لە کاغەزێکدا دایە دەست مام جەلال، مام جەلال گوتی بۆ بەڕێوەبردنی مەڵبەند ئێستا شەش کەس دەکەین بە ئەندام مەڵبەند، ئەوە بوو خۆی دوو ئەندامی دانا محەمەد نادر و زیاء حوسێن، کاك نەوشیروانیش دوو ئەندامی دانا، نەوزاد جاف و کوڕێکی تر ناوی نەجمەدین بوو، منیش دوو ئەندامم دانا یەکیان عادل عیزەت و ئەوەی دیکەیان دکتۆر نەوزاد عەبدولقادر. مام جەلال بۆ لێپرسراوی مەڵبەندی بەغداش گوتی کاك کەمال بۆ لێپرسراوەتی مەڵبەند دەبێ یەکێك دابنێین، کە ئەندامی سەرکردایەتی بێت بۆ شەش مانگ، دوایی قسەی لێ دەکەین بۆ دانانی یەکێکی دیکە یان خۆت دادەنێینەوە، منیش لەوەڵامدا گوتم بەڕێز مام جەلال ئەوەی لەسەرم بوو سوپاس بۆخوا هێنامە ئێرە و توانیمان لەگەڵ برادەران، منیش و برادەرانیش چاوەڕێی ئەوەمان دەکرد وەکوو هەڤالانی دیکەمان یان شەهید بین یان زیندانی بکرێین، ئێستاش

من بەڕاستی پێویستم بە پشوویێك هەیە، من فەرمانبەریشم، پێویستیم بەوە نییە لیپرسراوی مەڵبەند دەبم یان نابم، ئەوە بوو مام جەلال گوتی ئێمە ناتوانین واز لە ئێوە بێنین، دوای ئەم شەش مانگە تۆ دەکەینەوە بە لێپرسراوی مەڵبەند، ئەوە بوو کاك خەسرۆ گووڵ بوو بە لێپرسراوی مەڵبەند و منیش بە جێگری دانرام تا چوار مانگ، دوایی من بوومەوە بە لێپرسراوی مەڵبەندی بەغدا. ئەوە بوو لەم ماوەیە دەستمان بە جموجۆڵێکی باش کرد لە بواری ڕۆشنبیری، گۆڤارێکمان بەناوی: (فیدڕاڵ) دەردەکرد، خەڵکێکی زۆریش ڕووی تێ کردین، بارەگای مەڵبەند بەرامبەر گەراجی گشتیی بەغدا بوو، لە دیوی کەرخ بوو لە بەرامبەر وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە، ڕۆژانە خەڵکێکی زۆر سەردانی دەکردین، ئەمساڵە ویستیان لەیادی دامەزراندنی یەکێتیی نیشتمانیدا ئاهەنگێك ساز بکەن، بارەگاکەی ئێمەیان تەقاندەوە، ئێمە برینداربووین، کە هاتینە دەرەوە لەم بەریشەوە تەقەیان لێ دەکردین، ئەو تیرۆریستەی کە ئەم کارەی ئەنجام دابوو ناوی ڕەمزی بوو، کۆنە پێشمەرگەی خۆمان بوو، خەڵکی عمارە بوو، دوو مانگ بەر لە ئەنجامدانی ئەم کارەی نەخۆش بوو، هاتە لامان نەشتەرگەریمان بۆ ئەنجام دا، زۆر خزمەتمان کرد، دوای ئاشکرابوونی ئەم ڕووداوە، گوتم ئینجا دەبێت ئێمە زیاتر وریابین، هەر لەم کاتەدا لە بارەگای مەڵبەند ڕێکخراوێکمان پێك هێنابوو بە ناوی: (برایەتی کورد و عەرەب)، لەم ڕێکخراوەدا زیاتر لە (٢٥) لە کەسایەتی و حیزب و ڕێکخراومان کۆکردەوە، کە دۆستی کورد بوون، من چوار ساڵ لە لێپرسراوێتی مەڵبەند مامەوە تا ڕۆژێك کاك فوئاد مەعسوم تەلەفۆنی بۆ کردم، گوتی: مام جەلال گوتی بە کەمال بڵێ بچێت بۆ پەیوەندییەکانی یەکێتی لە بەغدا، منیش گوتم: من لە شوێنی خۆم بمێنمەوە باشترە، پێم باشە ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی سەرپەرشتی پەیوەندییەکان بکا لە بەغدا، ئەوە بوو مام جەلال سوور بوو، کە بچم لەوێ دەوام بکەم، بۆیە مەکتەبی پەیوەندییەکانی بەغدام وەرگرت، مەڵبەندم تەسلیم بە سەعدون فەیلی کرد، بەڵام من کەس نەبوو پەیوەندییەکانی لێ وەرگرم، مەکتەبێکی زۆر شەپڕێو بوو، دوای سێ ڕۆژ چووم بۆ سەردانی مەکتەبی سیاسی لە سلێمانی، پێم گوتن ئەوە بارودۆخی پەیوەندییەکانە لە بەغدا، ئیدی ئەوەی پێویست بوو کردیان، مامۆستا بەندەر بوو بە یاریدەدەرم، کاك زیاء و کاك ئیبراهیم هیرانی و محەمەد نادر و نەوزاد و ئەو برادەرانە تا ساڵی: (٢٠٠٩) پەیوەنییەکانمان بەم ستافەوە بەڕێوە برد، ئەوە بوو ڕاپۆرتێکم بۆ

مەکتەبی سیاسی نووسی، بەڵام بۆ مێژوو دەمەوێ تیشك بخەمە سەر ئـەوە، هەرچـەندە نامەوێ من ڕەخنە لە مەکتەبی سیاسی بگـرم، بـەڵام دوای ئـەوەی مـام جـەلال بـوو بـە سەرۆك کۆمار مەکتەبی سیاسی وەك پێویست ئیش و کارەکانیان نەدەکرد، هـەموو ئـەو ڕاپۆرتانـەم لامـاوە کـە مەکتـەبی سیاسـی وەڵامیـان نەدەدایـنـەوە، پـاش ئـەوەی هـەر وەڵامیان نەدامەوە، ئەوە بوو نوسخەیەکم دایە مـام جـەلال، ئـەویش تەلـەفۆنی بـۆ کـاك عومەری سەید عەلی کرد، ئەگەر ڕاپۆرتەکان ڕاستن وەڵامی بدەنـەوە، ئەگـەر واش نییـە هەر وەڵامی بدەنەوە، ئەوە بـوو کـاك عومـەر تەلـەفۆنی بـۆ کـردم، گـوتی: کـاك کـەمال ژمێریارەکەتان لە کوێیە بابێت بۆ مەکتەبی سیاسی، هەرچەندە پێشیان ناخۆش بوو من لەگەڵ مام لەسەر ئەم مەسەلەیە قسەم کردبوو. ئەوە بـوو دوای ئـەوە مـن و بەشـێك لـە ئەنـدامانی مەکتـەبی سیاسـی سـاردی کەوتـە نێوانمـان، مـن داوام کـرد بمگوازنـەوە بـۆ کوردستان، بۆ ئەم مەبەستە سەردانی کوردستانم کرد و چووم بۆ لای کاك کەمال فوئـاد یادی بەخێر، ئەوە بوو منیان گوازتەوە بۆ (مەکتەبی یاسایی –مەکتەبی یاسا)، بووم بـە لێپرسراوی ئەم مەکتەبە.

**هەوڵـەکانی مامۆسـتا کـەمال و هەنـدێ لـە هـاوڕێ دێرینـەکانی بـۆ لێـك نزیککردنەوەی یەکێتی و گۆڕان:**

دوای جیابوونەوەی گۆڕان لە یەکێتی، من لەبەر پەرۆشیم بۆیـەکێتی، بـەردەوام لـە پەیوەندی بووم لەگەڵ هەندێ لەم برادەرانە، بۆئەوەی سەردانی یەکێتی و گۆڕان بکـەین و لێکیان نزیك بکەینەوە و ببین بە لایەنی خێر، لەوانە: (جـەمال عەبـدوڵ، دکتـۆر فوئـاد بابان، کـاك محەمـەد عـەلی بەڕێوەبـەری پـەروردەی سـلێمانی، تەلعـەت گلـی، سـەعدی دزەیی، فاروق جەمیل)، ئەوە بوو لەگەڵ ئەوانە یەکە یەکە چوومە لایان و قسەم لەگـەڵ کردن، دوو کۆبوونەوەمان لە هەولێر کرد و کۆبوونەوەیـەکیش لـە مـاڵی فوئـاد بابـان لـە سلێمانی. ئەوە بوو کاك فوئادمان ڕاسپارد کە کاتمان لە گـۆڕان و یـەکێتی بـۆ وەربگـرێ بۆئەوەی سەردانیان بکەین، ئیدی یەکەمجار چووین بۆ لای کاك نەوشیروان، هەرکـە ئـەو باسەمان لای کردەوە، زۆری پـێ خۆش بوو، باسی زۆر شتمان کرد، داوام لـێ کرد، کە لە تەلـەڤزیۆن و ڕادیۆکـە تۆزێـك نـەرمی بنـوێنن و چـیتر جنێـو بـە یەکـدی نـەدەن، کـاك نەوشیروان گوتی کاك کەمال ئێمە نە پارەمان هەیە نـە چـەك، ئـەوەی هەمانـە قەڵـەم و زمانە ئەوەش نەکـەین، بڕیـاری دا ئـەوەش کـەم بکەنـەوە، سـەردانەکەمان بـۆ لای کـاك

نەوشیروان زۆر باش بوو، ئینجا چووین بۆ مەکتەبی سیاسی یەکێتی، لەوێش کاك مەلا بەختیار و عەبدولڕەزاق فەیلی، پێشوازییان لێ کردین، لەگەڵ ئەوانیش زۆر قسەمان کرد، بەڵام دوایی زانیمان کە چووبوونەوە نە قسەیان بۆ مەکتەبی سیاسی کردبوو نە لە کۆبوونەوە و چاوپێکەوتنەکەی ئێمە و مەکتەبی سیاسی یەکێتی کەسی لێ ئاگادار نەکردبۆوە، کە پێیان بڵێت ئەوانە بۆ شتێکی ئاوەها هاتبوون، تاوەکوو دکتۆر فوئاد بابان لە سەردانێکی بۆ لای کاك کۆسرەت، باسی چوونەکەمان بۆ مەکتەبی سیاسی یەکێتیی نیشتمانی دەکات و دەڵێت: کاك کۆسرەت ئێوە هیچ وەڵامی ئێمەتان نەداوەتەوە، بۆئەوەی ئێمە کاری لەسەر بکەین و ئەم دوو هێزە لێك نزیك بکەینەوە، واتا گۆڕان و یەکێتی، کاك کۆسرەت لە وەڵامدا دەلێ نە من نە هیچ ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی لەم باسەدا ئاگادار نەکراوینەتەوە، مەلا بەختیاریش لەم مەجلیسەدا دەبێ و نزیك دەبێ، ئەوە بوو کاك کۆسرەت ڕوو دەکاتە مەلا بەختیار و دەڵێ ئەوەشت لەگەڵ کردین بەختیار، مامۆستا کەمال دەڵێ نازانم چۆن دەبێت کارگێڕی مەکتەبی سیاسی بەو جۆرە هەڵسوکەوت بکا بەبێ جێگر و ئەندامانی مەکتەبی سیاسی یەکێتیی نیشتمانی کوردستان هەڵسوکەوت بکا، ئەگەر وابێ دەبێ ئێمە فاتیحە بۆ ڕۆحی حیزبەکەی خۆمان بخوێنین.

## مامۆستا ئەمجارەیان لە بیرەوەرییەکانیدا، باسی قۆناغی دوای ڕووخانی ڕژێمی سەدام وا دەگێڕێتەوە:

پاش ئەوەی ڕژێمی سەدام لەسەر حوکم نەما، لەگەڵ دامەزراندنی مەجلسیی حوکم لە بەغدا، لەدوای چەند مانگێك مام جەلال بوو بە سەرۆکی مەجلیسی حوکم بۆ ماوەی یەك مانگ، لە پاشان هەڵبژاردن ئەنجام درا لە عێراق، لە سەرەتای مانگی ئاداری ساڵی: (٢٠٠٥)، من خۆم لەسەر لیستی یەکێتیی نیشتیمانی کوردستان بۆ پەرلەمانی عێراقی پالاوت، ڕێژەی پێویستم لەم هەڵبژاردنە بەدەست هێنا و بووم بە ئەندام پەرلەمانی عێراق، سەرۆکی سەرۆکایەتی پەرلەمان نووری مالیکی بوو، دکتۆر فوئاد مەعسوم، ئەندام بوو لەم سەرۆکایەتییەی پەرلەمانی عێراق هەروەها حەمید مەجید ئەندامی دووەمی سەرۆکایەتی پەرلەمان بوو، ئەم سەرۆکایەتییە بۆ ماوەی شەش مانگ بەردەوام بوو، لەو ماوەیەدا ئیش و کاری زۆر کرا، لە دواییدا هاتینە سەر دەستوور بۆ بەڕێوەبردن و پێکهێنانی حکوومەت، ئیدی یەکەم کابینەی حکوومەت کە سەرۆك وەزیرەکەی ئەیاد

عەلاوی بوو پێك هات، كورد لەم حكوومەتە بەشداربوو، بەلاَم سوننەكان نەهاتنە ناو حكوومەت، دواتر لە ڕێكەوتی: (٦-٤-٢٠٠٥)، بۆ دەست نیشانكردنی سەرۆك كۆماری عێراق هەلّبژاردن كرا، لە سەرەتادا دوو لیست هەبوو بۆ خۆ كاندیدكردن، لیستێك بە ناوی كورد و هەندێ لایەنی شیعە و دیموكراتخوازەكان بوو، ئەوەی دیكەیان لیستی شیعە بوو، ئەوە بوو لەناو پەرلەمان عادل عەبدولمەهدی هاتە سەر شانۆ و گوتی: ئێمە لەبەر بەرژەوەندیی گشتیی عێراق و یەكێتیی نیشتمانی عێراقی، بڕیارمان دا لیستی خۆمان بكشێنینەوە، بە زۆرینەی دەنگی ناو پەرلەمان مام جەلال بوو بە سەرۆك كۆمار و لەناو هۆڵی پەرلەمان بوو بە چەپلەلێدان، عەدنان دلێمیی سەرۆكی وەقفی سونی، كە ئەندامی پەرلەمان بوو، لەناو هۆلی پەرلەمان، هەستا دەستی بە ئیعتیراز كرد و گوتی: عێراق دەولّەتێكی عەرەبییە و نابێ دەولّەتێكی عەرەبی سەرۆكەكەی كورد بێت، مام جەلال ویستی قسە بكات، بەلاَم عادل عەبدولمەهدی، مام جەلالی لە باوەشكرد، من و كەمال موفتی و هێرۆخان لە پالێ مام جەلال بووین لەسەر شانۆكە، ئەوە بوو كاك عادل دەستی مام جەلالی گرت و لەسەر شانۆكە بیهێنێتە خوارەوە مام جەلال لە پایەی دووەم كەوتە خوارەوە، مام جەلال لەم ڕۆژەوە نەخۆشییەكەی لێ بەدەركەوت، پاش ماوەیەكی كورت بەخۆهاتەوە و گەڕاینەوە بۆ مالّەوە، ئەو كاتە مالّیان لە مەنسوور بوو، ماوەیەك لای ماینەوە، هەلّسایەوە و تەندروستی باش بوو، ئێمەش بەجێمان هێشت، لە دواییدا بە كارەكانی خۆی هەلّسا، لەو كاتەدا بوو من لە نووسینێكمدا لە ڕۆژنامەی بەدرخان بلاَوم كردەوە، لەیەك پەرەگرافەكانی ئەم نووسینەمدا گوتوومە: **كورسی سەرۆكایەتی كۆمار مام جەلالی گەورە نەكردووە، بەلّكوو مام جەلال كورسی سەرۆكایەتی كۆماری گەورە كرد، نووسیبووم ئەگەر ئاوڕ لە كورسی سەرۆكایەتی بدەینەوە لەپێش مام جەلال و لە داهاتووش ئەم ڕاستییە بە دەردەكەوێ، كە مام جەلال چییە**، هەروەها لە پەرەگرافێكی تر گوتوومە: **دەبێ نەتەوەی عەرەب زۆر مەمنوونی نەتەوەی كورد بێت، كە مام جەلالی دا بە عێراق، ببێ بە سەرۆك كۆمار، بۆئەوەی عێراق بەڕێوە ببات، چونكە لەناو عەرەبدا یەكێك نەبوو بیكەن بە سەرۆك كۆمار**، دەبێ ئەوان زۆر مەمنوونی ئێمە بن، كە مام جەلالمان دا بە ئەوان، بۆئەوەی ئەو ئەركە بخاتە سەرشانی خۆی بۆ جێبەجێكردنی ئامانجەكانی گەلی عێراقی، لە كۆتایی پەرەگرافدا نووسیومە، گەلی عێراقی تاكوو تاریكی نەبینن، بایەخی ڕووناكی نازانن،

بەدەریش دەکەوێت هەرکە مام جەلال ئەو پۆستە بەجێ دەهێڵێت، عێراق دەکەوێتە چ تەنگانەیەك، ئەوە بوو مام جەلال چوار ساڵی یەکەمی سەرۆکایەتی تەواو کرد، لەم ماوەیەدا توانی زیاتر لە بیست و شە ش سەرۆك و مەلیکی وڵاتانی جیهانی ببینێ، من دەمەوێ بۆ مێژوو باس لەوە بکەم لە ماوەی ئەم چوار ساڵە، مام جەلال مانگانە ١٠ هەزار تا ٢٠ هەزار دۆلاری داوە بە من، کە بیدەم بە کادیر و پێشمەرگە دێرینەکانی هەولێر، هەروەها لە ڕێگای کەمال موفتیش یارمەتی دەدرا بە خانەوادەی کەسایەتییە عێراقییەکان، لەوانە: (سەرۆکی پێشووی عێراق عەبدولڕەحمان عارف، شاکر مەحموود شوکری، کە وەزیری بەرگری عێراقی جێگری سەرۆك وەزیران بوو، لە سەردەمی عەبدولڕەحمان عارف، فەیسەل ئەنساری، خانەوادەی ناجی تالیب. مام جەلال بە کردار سەرۆکی عێراق بوو، نەوەك، بەناو شۆڤینییەکان لە دەورەی دووەم زۆر هەوڵیان دا یەکێکی تر بکەن بە سەرۆك کۆمار، بەڵام کەس نەبوو کەسیش جورئەتی ئەوەی نەدەکرد لەم بارودۆخە ئەم ئەرکە بخاتە سەر ئەستۆی خۆی، بۆیە دووبارە مام جەلال بۆوە بە سەرۆك کۆماری عێراق، من دووبارە نووسینێکم بڵاوکردەوە، **بەڵام ئەمجارەیان دژی ئەوە بووم، کە مام جەلال ببێتەوە بە سەرۆك کۆمار**، ئەوە بوو تێیدا نووسی بووم، کە مام جەلال بوو بە سەرۆك کۆماری عێراق هەنگاوێکی زۆر باشی بڕی و کێڵگە لوغماوییەکانی بڕی، کەسانێك هەبوون دژی ئەوە بوون کورد ببێت بە سەرۆك کۆماری عێراق، ئێستا کاتی ئەوە هاتووە، کە مام جەلال بگەڕێتەوە کوردستان و ناو حیزبەکەی، لەبەرئەوەی هەم حیزبەکە هەم کوردستانیش پێویستییان بە مام جەلالە، لەم ڕۆژگارە و چیتر پێویست ناکا مام جەلال خۆی و حیزبەکەی بکاتە قوربانی، هەرچەندە خەڵکانێك هەبوون، دەیانویست مام جەلال هەر لە عێراق بێت و لە کوردستان دووربکەوێتەوە، بۆئەوەی بە ئارەزووی خۆیان تەراتێنی سیاسی بکەن، گۆڕەپانەکەیان بۆ چۆڵ بێت، ئەوە بوو من زۆر دژی ئەوە بووم، کە مام جەلال لە خولی دووەمی ببێتەوە سەرۆك کۆمار، بەڵام ئەوە بوو ئارەزووەکەی من نەهاتەجێ، لە خوولی دووەمی سەرۆکایەتی دووبارە مام جەلال بۆوە بە سەرۆك کۆماری عێراق، زۆریش خۆی ماندوو دەکرد، مام جەلال بەیانیان سەعات هەشت بەخەبەر بوو، کە دەهاتە سەر مێزی نان خواردن چوار دەوری سفرەکەی هەر هەمووی ڕۆژنامە بوون، چەند پارووی دەجوو، ئەوەندە مانشێتەکانی دەخوێندەوە، سەعات نۆ بەڕێ دەکەوت بۆ کۆشکی سەرۆکایەتی

کۆمار، هەرچی ئیش و کـار و گیرگـرفتی ئـەو وڵاتـە هـەبوو هـەر هـەمووی دەهاتـەوە بـۆ بەردەمی ئەو، سەعات سێ و نیو دەگەڕایەوە بۆماڵەوە، سەعات چـوار دووبـارە لەگـەڵ ئەحزاب و حکوومەت و دیبلوماسـییەت دەسـتی بـە کۆبوونـەوە دەکـردەوە، دوای ئـەوە سەعات ١٠ی شەو، کـە دەگەڕایـەوە زیـاتر لـە ١٠ بـۆ ١٥ لاپـەڕەی کتـێبی دەخوێنـدەوە ئینجـا دەخـەوت، ئـەو هیلاکـی و ماندووبوونـەی مـام جـەلال وای کـرد، کـە دووبـارە نەخۆشـییەکەی لـێ سـەرهەڵداتەوە، بەڕاسـتی لـە ئـەنجامی ئـەو ماندووبوونـەی لەگـەڵ دیوانی سەرۆکایەتی وەزیران تووشـی ئـەم جەلتەیـە بـووەوە، لەبەرئـەوەی مـام جـەلال پیاوێکی زۆر بە دەسەڵات بوو لەناو حکوومەتی عێراق، هیچ کەسێك نەبوو بەرامبـەر مـام جەلال بتوانێ قسەیەك بکات، کە بزانێ مام جەلال ڕای لەگەڵ نییە، مام جەلال پیـاوێکی زۆر ژیر و زانا و دانا بوو، دەیتوانی زۆر بە ئاسانی بەرامبەرەکەی ڕازی بکـات و بـڕوای لا دروست بکات، بۆ نموونە مام جەلال بڕوای بە تورگـۆت ئـۆزال هێنـا بـۆ چارەسـەرکردنی کێشەی کورد بە ئاشتیانە لە تورکیا، مام جەلال پیاوێکی زۆر مەزن و گەورە بوو.

**مامۆستا کەمال محێدین سەبارەت بە (١٧٪)ی پشکی کورد لە بودجەی عێـراق، باس لە ڕۆڵی مام جەلال دەکات:**

لە (١٣)ی شوباتی: (٢٠٠٨)، من بەسەردان چووبوومە لای بـەڕێز مـام جـەلال، ئـەو ڕۆژە بەڕێز مام جەلال هەموو کاربەدەستانی ناو کوتلە شیعەکانی بانگ کردبوو بۆئەوەی لەسەرپشکی کورد لە بودجەی عێراق قسە بکات، ئەوە بـوو هـەموویانی کۆکردبـۆوە زۆر بەڕاشکاوی پێی گوتبوون سێ بژاردەتان لە پێش دادەنێم ئێوە بۆ خۆتان سەرپشـك بـن لەسەر ئەوەی هەر کامەیان بژار دەکەن، بـژاردەکانی مـام ئەوانـە بـوون، یەکـەمیان یـان سەرژمێری بکرێت لە عێراق بۆئەوەی ڕێژەی کورد دیـاری بکرێـت، بۆئـەوەی لـەم کێشـە کێشەیە دەربچـین. دووەمیـان یـان ئـەوەتا مـن دەسـت لـەکار دەکێشـمەوە لـە سـەرۆك کۆماری. ئەوەی سێیەمیان یـاخوود ئەوەتـە دەبـێ لـە سـەدا حەڤدەکـە دابنرێـت تـاکوو سـەرژمێری بـۆ عێـراق دەکرێـت. ئـەوە بـوو کـۆی کوتلـە سیاسـییەکان لەسـەر سـەدا حەڤدەکە ڕێککەوتن، ئەوە بوو تاکوو مـام جـەلال مـابوو لـە گۆڕەپـانی سیاسـی، کـەس نەیاندەوێرا بەلای ئەم باسەدا بچێت. بۆیـە مـن دەڵـێم مـام جـەلال کاریزمـا و نموونـەی پیاوی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستە و هەرگیزاو هەرگیز دووبارە نابێتەوە.

**مامۆستا کەمال محێدین باسی لیژنەی نیشتیمانی لە پەرلەمانی عێراق دەکات:**

مـن لـە گـەورەترین لیژنــەی نـاو پەرلـەمان ئەنـدام بوویمـە، کـە ئـەویش لیژنــەی نیشتمانییە، ئەو کاتەش من ئەندامی پەرلەمان بووم، نووری مالیکی سەرۆکی پەرلـەمان بوو، ئەوە بوو من لەگەڵ نووری مالیکی قسەم لەسەر پێکهێنانی لیژنەی نیشـمانی کـرد، ئیدی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاریان دا لەسەر دروستکردنی ئەم لیژنەیـە بـۆ دانوسـتان لەگەڵ ئەو حیزبانەی دەرەوەی پەرلەمان، عەلی ئەدیب کە ڕکابەری نووری مـالیکی بـوو ئەو کاتە لەسەر پۆستی سەرۆکی حیزبی دەعوە، ئەویش لەگـەڵ مـن لـەم لیژنەیـە بـوو، ئەوە بوو توانیمان لە ڕێگای ئەم لیژنەیە زیاتر لە (١٨) حیزبی دیکە لـە پەرلـەمان نزیـك بکەینــەوە، ئــەو حیزبانــە بــەر ئــەوەی ئــەم لیژنەیـە قسـەیان لەگەڵـدا بکـات هــەموویان پەراوێزخرابوون، ئێمە وامـان کـرد نزیکیـان بکەینــەوە لـە پەرلـەمان، بـەڵکوو بـۆ خـولی داهاتووی پەرلەمانی عێراق بتوانن بەشداری هەڵبژاردن بکەن.

**مامۆســتا کــەمال، لەســەر پەیوەنــدیی یــەکێتی لەگــەڵ حیزبــە عێراقــی و عەرەبییەکان لە بەغدا، دەڵێت:**

پێش هەموو شتێك دەبێ بزانین لەم عێراقە کێ دۆستی ئێمەیە، حیزبێـك هـەبوو بـە ناوی عێراق لەپێناو دیموکراسییەت، سەرۆکەکەیان ناوی ئەبو حەیدەر بوو، لـەناو بەغـدا ویستیان کۆنگرەی خۆیـان ببەسـتن، داوای هۆڵیـان لـە ئێمـە کـرد، بۆئـەوەی کـۆنگرەی خۆیان تێدا ببەستن، منـیش گـوتم زۆر ئاسـاییە، هـاتن بـۆ هۆڵەکـەی ئێمـە و کـۆنگرەی خۆیان بەست، ئەو ڕۆژە کاك بەختیار و کاك سەعدی ئەحمەد لە بەغـدا بـوون، داوام لـێ کردن، کە ئەوانیش بێن لە کۆنگرەکە بەشدار بن. من وتارم هەبوو، لـە وتارەکەمـدا ڕووم تێکردن و پێم گوتن سەردەمی سەدام نەماوە، **ئێسـتا سـەردەمێکی تـرە، ئێمـە عێـراق بـەڕێوە دەبـەین، لـەم عێراقــەش دوو میللــەت هەیــە، ئــەویش کـورد و عــەرەبن، دوو جوگرافیایی جیاواز هەیە، ئەویش کوردستان و عەرەبستانە، ئێمە ئەگەر بڕیارمان دابێت پێکەوە بژین، دەبێت دوو هەرێمی گەورە دروست بکەین، ئەویش هــەرێمی کوردسـتان ئەوەی تریان هەرێمی عەرەبستانە، لەناو ئەو هەرێمانەش حکوومـەتی بچـووك بچـووك هەبن بۆ کەمە نەتەوایەتییەکانی تر، هەر چ مافێکیـان هەیـە بیانـدرێتێ، ئەگـەر ئـەوە نەکـەن، دەبێـت ئێمـە جیاببینـەوە**، بـەڵام وەرە تـۆ سـەیری دەسـتووری عێـراق بکـە، بەڕاستی پێم سەیرە نـازانم چـۆن ئەمـە لـە کـاتی خـۆی برادەرانـی ئێمـە دەنگیـان بـەم

دەستووره داوه، جگه لەوەی شتی باشی تێدایە، بەڵام پڕە لە کەموکوڕی، تاکوو ئێستا بە لای عەرەبەکان وشەی فیدرالی کوفره، ئەم دەستووره شەش بابە، دوانزه بەشە، نۆ لقه، ٥٨٢٢ وشەیە، ١٤٤ بابەته، یەك مادەی تێدا نییە باسی میللەتی کوردی بکات، لەم دەستووره ماددە/١١٦ دەڵێت عێراق پێك هاتووه لە پایتەخت، هەرێمەکان و پارێزگاکانی لامەرکەزی و ئیدارەی ناوخۆیی، مانای وایە هەرکە دەڵێت هەرێمەکان، هەر هەموو عێراق دەگرێتەوه، کەواتە ئێمە نەتەوەیەکی جیاواز نین لەم عێراقە و لەناو ئەم دەستووره، چونکە نەهاتووه بڵێ میللەتی کورد خاکەکەی کوردستانە، دەبێ بە جیا دەسەڵاتی بەڕێوەبردنی خۆی هەبێت، ئێمە لەم دەستوورەی عێراق هیچ جیاوازییێکمان نییە لەگەڵ شارەکانی عێراق، ئێمەش هەروەکوو ئەوانین لەناو دەستووری عێراقیدا، دەبوا لە دەستوورەکە نووسرابا دوو هەرێم هەیە لە عێراق یەکیان هەرێمی کوردستانە ئەوەی تریان عەرەبستانە، چونکە کورد جیاوازی کولتووری و نەتەوەیی زوبان و نیشتیمانی هەیە، هەم لە ئاخاوتن زمانی جیاوازە هەم جلوبەرگی جیاواز و جوگرافیای جیاوازە، بۆئەوەی مافەکانی کورد پارێزراو بێت، دەبێ تەنیا دوو هەرێم هەبێت لەناو ئەم هەرێمانە مافی نەتەوەکانی دیکە لە ڕێی بەڕێوەبردنی ناوخۆییەکان مافەکانی ئەوان دەستەبەر بکرێت.، چونکە مافی چارەی خۆنووسین وا نییە، یان ئەوەتە جیابوونەوه و دەوڵەتی سەربەخۆ یان حکوومەتێکی یەکگرتوو لەگەڵ عێراقدا، بەڵام لەم حکوومەتە یەکگرتووەی لەگەڵ عێراق دەبێ کەسایەتی کورد دیار بێت، جیاواز بێت. چیتر باسی بودجەی عێراق نەکەین، بۆئەوەی ئێمە لەو گێژاوەدا قورتارمان بێت، دەبێت وتاری سیاسی خۆمان ڕێك بخەینەوه و دۆست دوژمنەکانمان بناسینەوه، چونکە ئەگەر وا نەبێت ناتوانین یەك هەنگاو بچینە پێشەوه، بۆیە دەبێت سەرکردایەتی کورد زۆر بە ژیرانە بیربکاتەوه و ناومالّی خۆی یەك بخاتەوه، چیتر لەبۆ ئارەزووی حیزبی و کەسەکان کورد نەکەنە قوربانی، **با من شتێك وەبیر سەرکردایەتی کورد بێنمەوه، هەموان لەبیریانە لە گەرمەی شەڕی عێراق – ئێران، کە ڕۆژانە هەزاران کەس دەبوونە قوربانی، دوژمنایەتی سەرسەختی یەکتریان دەکرد، بەڵام لە کێلەشین ئەفسەرانی عێراقی و ئێرانی و سووری و تورکی کۆدەبوونەوه لەسەر لێدانی شۆڕشی کورد، بۆیە نابێت چیتر بە ساویلکەیی کاربکەین و دەبێ ئەوه تێ بگەین، کە جووڵانەوەی کوردی سەربەخۆ و یەکگرتوو نەبێت هیچیان پێناکرێت**، دەبێت ئەوه تێ بگەن، کە ئێمە تاکوو

ئێستا دەوڵەت نین، بۆیە نزیکترین نموونەش لەدوای ڕیفراندۆم، کە حکوومەتی عێراقی هێرش دەکاتە سەر سنوورەکانی کوردستان لە شەنگال و کەرکووك و دەشتی نەینەوا، دەوڵەتان کامەیان کە خۆی زۆر بە دۆست و نزیکت دەزانیٚ، پارێزگاری لە نەتەوەی کورد کرد؟ هەندیٚ لە سەرکردایەتی کورد کەوتبوونە ئەو هەڵەیەی گوایە ئەگەر ئاستەنگیمان بۆ دروست بێت، دەوڵەت هەیە هێزمان بۆ بجولێنیٚ و پارێزگاریمان لیٚ بکەن، کەچی هەموو ئەو خەونانە پێچەوانە بوونەوە، بۆیە دەبیٚ ئێمە زۆر هوشیارانە بیربکەینەوە و ژیرانە کارەکانی خۆمان ئەنجام بدەین، چونکە ئەو دەسکەوتانەی هەمانە و کە لەم ماوەیەدا بەدەستمان هێناوە، بڕوابکەن جارێکی تر لە ژیانمان نایبینینەوە.

**بە پەرۆشەوە باس لە یەکڕیزی و تەبایی و یەك سەرچاوەی بڕیاردان دەکات:**

بەلای من لە یەکێتیی ڕیزەکانی حیزبە سیاسییەکان بەو لاوە هیچ چارەیەکی تر نییە بۆ سەرکەوتنی جووڵانەوەی کوردایەتی، لەبەرئەوە دەبێت میللەتی کورد لە پێش هەموو شتێك قوربانی بدات، بۆ پاراستنی ڕیزەکانی جووڵانەوەی کوردایەتی، چونکە ئەگەر ئەوە نەبێت ناتوانین هیچ دەستکەوتێك بپارێزین بۆ کورد، لە سەرەتادا حیزبەکان لەناو خۆیان دەبیٚ یەك ڕێباز و بیروباوەڕ و یەك هێزی بازوو و یەك سەرچاوەی بڕیاردانیان هەبێت، دەبێت وازیش لە دەسکەوتە کەسییەکانی خۆیان و پلە و پۆست بۆ خۆیان بێنن، ئەم هێلە ببڕین، چونکە ئێمە لێپرسراوێتی گەورەترمان لەسەر شانە، ئەویش مافی چارەی خۆنووسینە، کە ئەویش پێویستی بە قوربانی زۆر هەیە، **ئەوەی خۆی لەم هێلە لابدات ئەوە لە سەرەتا درۆ لەگەڵ خۆی و ئەندامەکانی دەکات دواتریش لەگەڵ نەتەوەکەی خۆی.**

**لە کۆتایی دیمانەکەیدا ڕووی دەمی لە سەرکردایەتی بزووتنەوەی کوردستان دەکات، خوازیاری یەکگرتنە و بە تایبەتیش ناو ماڵی یەکێتیی نیشتمانی کوردستان و دەڵێت:**

پێویستە لەسەر هەموان بە تایبەتی ئەوانەی ئێستا کار بەدەستن، چەپکە گوڵەکەی مام جەلال بپارێزن، پاراستنی ئەم دەسکە گوڵە پاراستن و زامنی مافەکانمانە، پێویستە لەسەر هەموان زیاتر بە سیاسەتەکانی مام جەلالدا بچنەوە، بۆئەوەی زیاتر پەند لە ئامۆژگاری و سیاسەتەکانی ئەو وەربگرن، ڕێگاش بە خوێنی نویٚ بدرێت بێنە پێشەوە، **بۆئەوەی هیچ کەسێك نەتوانیٚ موزایەدە بەسەر جووڵانەوەی کوردییەوە بکا،**

چونکه به ڕاستی سەرکردایەتی کردنی بزووتنەوەی کوردایەتی لەسەر هیچ کەسێك تاپۆ نییـە، هـەموان بـاش دەزانـن دوای حـەفتا سـاڵی بـیر و مێشـك وەك پێویسـت زینـدویی نامێنێت، با گەنجەکان بێن، ئەوانـەی تـر ئەنجوومـەنێکی پـیران وەك ڕاوێـژکار دروسـت بکەن، لە هەموو پرسـە گرنگـەکانی وڵات پرسـیان پـێ بکرێـت، کـە ئەمـەیان لـە هـەموو وڵاتێـك هەیـە، ئەگـەر ئـەوە نـەکرێت هـەرگیز کـورد ناتوانێـت بگـات بـە مـاف چـارەی خۆنووسینی خـۆی، ئـەوە پێویسـتی بـە لێبـووردەیی هەیـە دەبێـت هـەتا بتـوانین شـتی لاوەکی کەسیی پشتگوێ بخرێت، بە تایبەتی لەنێوان یەکێتی و پارتی، هەروەها دەبێت سەرکردایەتی کورد زۆر وریا بێت لە سیاسەتی دەولی لەناوچەکە، لەوانە ئەمریکا هەیـە، کە ئەویش گەورترین هێزە لـە هـەموو دنیـا، لـە هـەموو بوارەکـان سیاسـی و ئـابووری و سـەربازی، ئـەوە پێـت دەڵـێ کـە عێراقێکـی بـەهێزم دەوێ، لەهـەمان کـات هـەرێمێکی بەهێزیشـم دەوێ، دەبـێ سـەرکردایەتی کـورد تـێ بگـا، کـە ئـەو بەهێزییـەی ئـەمریکا لەناوچەکە دەیەوێ، دەبێ حیزبـەکان تێبگـەن، کـە ئەمـە دابەشـکردنی دەسـەڵات نییـە لەنێوان لایەنەکان، بەڵکوو سازدان و لێك تێگەیشتنە. سەرکەوتنیش بۆ ئەوەیە تێبگا.

**مامۆستا کەمال لە بیرەوەرییەکانیدا شانازی بە غەفوورییەکانەوە دەکات:**

مـن زۆر شـانازی بـەوەوە دەکـەم کـە کەسـوکارەکەم ڕۆژێـك لـە ڕۆژان لـە ڕیـزی کوردایەتی دانەبڕاون و هەر هـەموویان قوربانیـان داوە، لەدێرزەمانـەوە خانەوادەکـەمان هەر لە سەردەمی سوڵتان حەمیدەوە زولم لێکراو بووینە و هـەوڵی لەناوچـوونیان دراوە، غەفوورییـەکان بـە درێـژایی مێـژوو دوو جـاران لەلایـەن عوسمانییەکانـەوە قـەتل و عـام کـراون، بۆیـە مـن شـانازی زۆر بـە کەسـوکارەکەم دەکـەم، زۆر شـانازیش بـەوە دەکـەم بەدرێژایی مێژووی ژیانی خۆم چـەندین جـار لـە قۆناغـە جیاجیاکـانی شۆڕشـەوە تـاکوو ئێستاش لێپرسراوەتی جیاجیام وەرگرتووە، کە ئەندامانی مەکتەبی سیاسـی حیزبەکـەم ئامادەنەبوونە وەری بگـرن لەسـەر زمـانی مـام جەلالـەوە ئـەم قسـەیە دەکـەم، چـونکە زۆربەی جارەکان لەسەر داوای ئەو من لێپرسراوەتییەکانم وەرگرتووە، بۆیە من ئەوە بـە شانازی بۆ خۆم دەزانم، کە لە سەردەمی سەدام حوسـێن کـەس نەیـدەوێرا باسـی کـورد بکا مـن لـەناو جەرگـەی بەغـدا سەرپەرشـتی ڕێکخسـتنە نهێنییـەکانی یـەکێتیم دەکـرد، دووبارە شانازی بەوەش دەکـەم، کـە هـیچ دەسـکەوتێکم لـەم حکوومەتـەی کوردسـتان نییە، هیچ کاتێکیش دوای پلەو پۆست نەکەوتووم، ئەگەر حەزیشم لێ بوایـە بـۆ مـن زۆر

ئاسان بوو، چونکە جگە لەوەی من دەرچووی حقوقم لە هەمان کات ئەفسەر بوویمە لە سوپای عێراق، چەند جارێك بەڕێز مام جەلال داوای لێ کردووم ببم بە ڕاوێژکار لە هەرێمی کوردستان، من لە وەڵامدا گوتم من زۆر شانازی بەوە دەکەم، کە تۆ ئەم داخوازییە لە من دەکەی.

**رووی دەمی ئامۆژگاری لە کادیرانی حیزب دەکات و پێیان دەڵێ:** ئەندامانی حیزب بە تایبەتیش لێپرسراوەکانی، دەبێت دەست و دڵ و دەروونیان پاك بێت، بۆئەوەی خەڵك بتوانێ کەسوکارەکەیان بنێرنە لایان، ترسیان لەو ئەمانەتە نەبێت، کە بەوانیان دەسپێرن.

**لەسەر دوا دێڕی مامۆستا کەمال بۆ هەڤال مام جەلال دەڵێ:** یەکێك لە شانازییە گەورەکان بۆ من ئەوەیە لە ساڵی: (١٩٤٨)وە من بێ دابڕان لە هەموو قۆناغەکان دۆستی نزیکی مام جەلال بوویمە و متمانە و ڕاستگۆیی لەنێوانمان بێ سنوور بوو، هەندێ بەڵگەش بۆ ئەم ڕاستییە ئەمانەن:

١. لە ساڵی (١٩٩٩) تا ڕووخانی سەدام حوسێن، لەسەر پێشنیاری مام جەلال بووم بە لێپرسراوی ڕێکخستنە نهێنییەکانی (یەکێتیی نیشتیمانی کوردستان) لە بەغدا.

٢. لەنێوان ساڵانی: (٢٠٠٤–٢٠٠٩)، لەسەر پێشنیاری ئەو، بووم بە لێپرسراوی مەڵبەندی بەغدا و دواتر مەکتەبی پەیوەندییەکان.

٣. لە جێگای مام جەلال بووم بە ئەندامی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق.

٤. تا کۆچی دوایی کرد بریکاری گشتی (وکیل عام)ی مام جەلال بووم.

٥. چەند لێژنەیەکی لێکۆڵینەوەی بۆ ناردم بۆ ساغکردنەوەی تاوانەکانی ناو حیزب.

٦. وەکیلی مام جەلال بووم لە دادگای بەغدا بۆ یەکلاکردنەوەی کێشەیەك لەنێوان سەرۆکی (یەکێتیی نیشتیمانی کوردستان)، واتە (مام جەلال) و وەزیری ناوخۆی عێراق.

٧. نهێنی لێکۆڵینەوەکانی حکوومەتی سەدام حوسێن لەگەڵ شەهیدان کاك شەهاب شێخ نووری و جەعفەر عەبدولواحید و هەڵوێستی مەردانەیان و چۆکدانانی هەندێ لە هەڤاڵەکانیان.

من بە شەرەفێکی گەورەی دادەنێم کە دۆستی دێرینی هەڤاڵ مام جەلال بوویمە، تاکوو ئێستاش وەفاداربوویمە بۆ ڕێبازەکەی، وەفاداریش دەبم بۆ گۆڕەکەی مام جەلال.

له بارەی ناكۆكییەكانی باڵی مەكتەبی سیاسی و بارزانی، مامۆستا كەمال محێدین باس لەو بەیاننامە دەكات، كە مەكتەبی سیاسی دەری كرد دژی ڕێككەوتننامەكەی نێوان عەبدولسەلام عارف و مەلا مستەفای بارزانی. ئەوە بوو بەیاننامەكەی مەكتەبی سیاسی دژی ڕێككەوتنەكەی نێوان عەبدولسەلام عارف و جەنابی مەلا مستەفای خوالێخۆشبوو، دەرچوو، بە بڕیاری كۆنفڕانسی ماوەت لە: (٤-٤-١٩٦٤)، ئەمەش بوو بەهۆی تەقینەوەی دوژمنایەتی نێوان مەكتەبی سیاسی و جەنابی بارزانی، چونكە بەیانەكە هەندێ وشەی بریندارکەری تێدابوو، لەبەرئەوە و هەندێ بێ متمانەیی نێوانیان مەلا مستەفا بە ئاشكرا و بە توندی دەستی كرد بە هێرشكردنە سەر مەكتەبی سیاسی و كادر و ئەندامەكانمان، لەئەنجامدا چەندین كادر و برادەرانمان كوژران و مام جەلال و كاك عومەر دەبابە لە ئامر هێزی خەبات و هێزی كاوە لادران.

هەر لە كۆنفڕانسەكەی ماوەت، لیژنەی مەركەزی هەڵبژێردراو، ئەوانیش مەكتەبی سیاسیان داناو لێپرسراوی لقەكانی حیزبیش دەستنیشانكران، خۆشم بووم بە ئەندامی لیژنەی مەركەزی و لێپرسراوی لقی دووی شاری هەولێر، كە ڕواندز و شەقڵاوە و كۆیە و مەخموور بە لقی دوو بەسترابوونەوە.

لە ڕۆژانی: (٨ و ٩-٤-١٩٦٤)، بەرەو هەولێر كەوتینە ڕێگا، لە ماوەتەوە بە پیادەیی بەرەو كانی ماسی و شاخی گۆیژە و سورداش و خەلەكان و دەشتی كۆیە و..... تا هەولێر، ئێمە لەم سەفەرە دووروودرێژە نزیكەی (١٢-١٤) كادر و پێشمەرگە بووین، شەو خۆمان كرد بە هەولێر، هەر لەكاتی گەیشتنم بە هەولێر چوومەماڵی مەلا عەبدوڵڵا ئیسماعیل "مەلا ماتۆر"ی خوالێخۆشبوو، كە ماڵەكەیان لە قەراغ شاری هەولێر بوو، پاش ماوەیەك شوێنەكەم گواستەوە بۆ قەڵای هەولێر لە ماڵی هەڤاڵ هونەر، كە تەنیا خۆی و ژنەكەی بوون لەگەڵ منداڵێكی تەمەن دوو ساڵی، ئێمە ماڵەكەمان بەرانبەر مزگەوتەكەی قەڵات بوو، زۆر خەڵك هاتووچۆی دەكرد، ناچار بڕیارماندا شوێنەكە بگۆڕین و بچینەوە ناو شار، كە پێمانوابوو ناو شار باشترە لە قەڵات.

برادەرانی لیژنەی ناوچەی هەولێر جێگایان سازكرد و منیش لەگەڵ بانگی نیوەڕۆ، كە خەڵك خەریكی نوێژكردنە و جادە و كۆڵانەكان چۆڵن لە قەڵات هاتمە خوارەوە و چوومە دوكانی بەڕێز هەڤاڵ حەمید خۆشەوی، بۆئەوەی لەگەڵ هەڤاڵ حەمید باتاسی"هەڤاڵ مێروولە" بچینە ماڵی هەڤاڵی نەمر كاكە ئەحمەد ڕەشوانی بەڕێز و

خۆشەویست، کە تەنیا خۆی لەگەڵ دایکە پیرە بەڕێزەکەی لە خانووەکەدا بوون.

نازانم جەماعەتی بارزانی چۆن چاویان پێم کەوت و بە مەفرەزەی چەکدار و سەیارەی پۆلیس هاتنە سەرم و بە شەڕ و جنێودان و لێدان بەزۆر خستیمانە ناو سەیارەکە و بردمیانە دەربەندی گۆمەسپانی نزیك هەولێر، لەسەر ڕێگای کۆیە.

کە گەیشتینە گۆمەسپان بۆم دەرکەوت کە برایم ئەفەندی، ئامری ئەو مەفرەزەیە، کە منیان گرتووە، ئەو ئیبراهیم ئەفەندییە کە بوو بە پێشمەرگە مفەوەزی شورتەی هەولێر بوو، لە مانگی شوبات سالی: (١٩٦٣)، لە ڕێگای کۆیەوە ڕایکرد و لە ماڵی خۆمانەوە لە کۆیە خۆم ڕەوانەی بێتواتەم کردبوو، کە ئەوکات خۆم لێپرسراوی لیژنەی ناوچەی کۆیە بووم، لەپاش خۆی کوڕەکەشی کە ناوی فەرهاد بوو هاتە لامان لە کۆیە و ڕەوانەی بێتواتەمان کرد، کە بارەگای سەرەکی لەشکری کوردستان بوو لەوکات، بەڕێزان کاکە عومەر دەبابە و کاکە دکتۆر خالیدی نەمر لێپرسراوی بێتواتە بوون لەگەڵ مەلا عەبدوڵڵا، بە ئیبراهیم ئەفەندیم گوت: زۆر جێگای داخە بەم چەشنە ڕەفتار لەگەڵ ئێمە دەکەن، خۆ ئێمە جاش و جاسووسی بەعس نین، ئێمە ئێوەمان کرد بە پێشمەرگە و پارەکەی ڕێگای کۆیە"٣٠"سی هەزار دینار بوو لەگەڵ (٥٢) تفەنگ و دەمانچەکەی جبەخانەی شاری هەولێر، حیزب بۆ شۆڕشی ئەیلوولی هێنا، نەك ئێوە، زۆر عەیب و ڕیسوابوونە کە بەم جۆرە هەڵسوکەوت دەکەن. ئیبراهیم ئەفەندی گوتی: کاك کەمال زۆر هێرشم مەکەرە سەر، بەو خوایە جەنابی بارزانی داوات دەکات و ئێمە ئاگامان لەو مەزووعە نییە، گوتیشی ڕیزم هەیە بۆت و چاکەی ئێوەم لەبیرناچێت، بەڵام جەنابی بارزانی برووسکەی ناردووە دەڵێت: دەبێ بەپەلە کەمال محێدین بهێنن بۆ ڕانیە، ئێستاش دەبێ بچیتە سماقولی سەروچاوە، لەوێشەوە بچیتە ڕانیە لای جەنابی بارزانی، گوتی: فەرموو با بڕۆین، منیش پێمووت زۆرتان لێداوم ناتوانم بەپێ بڕۆم زۆر هەوڵیدا ڕێگام دانەگرت بە پێ بڕۆم، ناچار هێسترێکیان بۆ هێنام و بەسواری هێسترەکە چوومە گوندی سماقوڵی سەروچاوە و لەگەڵ ئیبراهیم ئەفەندی کە گەیشتینە سماقوڵی بینیم مولازم تاهیر عەلی والی شەهید و مولازم تاهیر شێخ ڕەئووف لێپرسراو و ئامر هێزی ناوچەکەن، کاك کێخوا عەزیزی خوالێخۆشبووش حاکمی ناوچەکە بوو، لەگەڵ خوالێخۆشبوو کێخوا عەبدوڵڵای کێخوا حوسێن، کە چاویان پێمکەوت زۆر دڵتەنگ و ناڕەحەت بوون، چونکە هەموویان دۆست و ناسیاو بوون. پاش چەند ڕۆژێك کاك مولازم

تاهیری عەلی والی، کە ئامێر هێزی ناوچەکە بوو گوتی: (کاك کەمال ئەگەر بچیتە لای جەنابی بارزانی بە ئاسانی ڕزگارت نابێت ئەنجامیشی خراپ دەبێت، بۆیە ئەگەر دەتەوێ ڕابکەیت و خۆت ڕزگار بکەیت ئێمە لاریمان نییە)، منیش زۆر سوپاسم کرد و پێموت: تا یەك دوو ڕۆژ سەبرم لێ بگرن وەڵامتان دەدەمەوە، منیش کاغەزێکم بۆ مەکتەبی سیاسی خۆمان بەهۆی کێخوا عەبدوڵلای مام حوسێنەوە نارد، کە لە ڕووی حیزبایەتی و کەسایەتییەوە زۆر لە ئێمەوە نزیك بوو، بەدوور و درێژی وەزعەکەم بۆ باسکردن، لە نامەکەم وەڵامی، مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەدی نەمر ئەوە بوو: (لە برای خۆشەویستم کەمال گیان دڵمان لای ئێوەیە زۆر لە برادەرانمان گیراون و کێشەکە گەورە بووە، لەبەرئەوە پشووت درێژبێت و پەلە مەکەن، چونکە ئەگەر ڕابکەن تاهیرەکان دەگرن تا ئەوکاتەی تۆ دەچیتەوە لایان، ئەگینا دەیانکوژن، ئەگەر تۆش بگەڕێیتەوە ئەوا تووشی دواڕۆژێکی خراپتر دەبیت)، ئەوە بوو لەسەر بڕیاری مەکتەبی سیاسی ڕام نەکرد و لە سماقوڵی مامەوە، پاش چوار ڕۆژ لە وەڵامەکەی مەکتەبی سیاسی کاك مولازم تاهیری عەلی والی، بەیانی هاتە لام و گوتی: نانی بەیانیت خواردووە، گوتم: بەڵێ، گوتی: کاك کەمال، مەلا مستەفا برووسکەی ناردووە دەڵێت بەپەلە کەمال محێدین بنێرە لامان لە ڕانیە، گوتم: باشە چۆن بچم؟ گوتی: بەیانی بە پیکەب پێکەوە دەچین، ئەوە بوو بەیەکەوە لەگەڵ هەندێ پێشمەرگە چووینە ڕانیە، پێش ڕۆیشتن هەندێ قسە و ڕاسپاردەم بە کێخوا عەبدوڵلا گوت بۆ مەکتەبی سیاسی وماڵەوەمان، بەڵام پێش ئەوەی مەلا مستەفا ببینم یەکسەر منیان زیندانی کرد و خستمیانە ناو ژوورێکی ئینفیرادی، پاش دوو ڕۆژ بردمیانە ژوورێکی گەورەتر، کە ٣٢ سی دوو کادیری ئێمەی تێدابوو، وەك هەڤاڵان: (ئازاد و عەلی سوور و مەولود ڕۆژباش و مەحموود سەلمان و ڕەمزی گەزنەیی، ئەحمەد بێکەس...)، چەند ڕۆژێك لایان مامەوە، خەریکی خوێندنەوە و فێرکردنی نووسین بووم لەگەڵ کادیرەکانی جووتیاران لە بەندیخانەکە، پاشان بردمیانەوە ژوورە ئینفرادییەکە، بەڵام ئەمجارە ڕێگایان نەدا هیچ کەس بێتە لام، لە ژوورێك تاکە حەسیرێکیان پێدام لەگەڵ یەك بەتانی، لەم ژوورە بۆ ماوەی (٧) حەوت مانگ زیاتر مامەوە، سەری خۆم بەمووس تاشی و ڕۆژانەش دوو جار لەژوورەکە دەهاتمە دەرەوە بۆ کاری پێویست، بەڵام سەیر ئەوە بوو پاسەوانەکەم ئاکرەیی بوو و لەخۆم ناڕەحەتتربوو، لەبەر وەزعەکەم دەیگوت: مامۆستا جەنابت چ کارەی، خەڵکی کوێی،

بۆچی وات لێ دەکەن و چیان لێت دەوێت، منیش وردە وردە قسەم بۆ دەکرد و دڵیم دەدایەوە، پێم دەگوت: خوا بەدکار بگرێت، کە ئێوەیان بەهۆی منەوە وا ماندووکردووە، لەو ماوە دووروودرێژە نەیانهێشتووە کەسێك بێتەلام، خۆشم ئاگاداری ماڵەوەم کردبوو، کە سەردانم نەکەن. دوا بەدوای مانگی تشرینی یەکەمی: (١٩٦٤)، شەو درەنگ، مەفرەزەیەکی چەکدار هاتنە لام و گوتیان فەرموو لەگەڵمان وەرە بۆ بارەگای بارزانی، منیش خۆم ئامادەکرد و برادەرەکانم لەژوورەکەی بەرامبەرم هەستیان بە مەفرەزەکە کرد، کاك مەولود ڕۆژباش زۆر بەدلگرانی و چاو پڕ لە فرمێسك گوتی: ئەمانە چیان دەوێت؟ گوتم: نازانم دیارە شتێك ڕوویداوە، ئەگینا بەم کاتە خراپە، لە خراپە چیتر چاوەڕوان دەکەین؟ ئەولاو ئەولای ماچ کردم و هەندێ ڕاسپاردەم تێگەیاند و دوا سڵاوم بۆ برادەران نارده ژوورەکەیان.

بەڵێ بەم شەوەزەنگ و ساردە لەگەڵ مەفرەزەکە گەیشتینە ناو خانوویێکی گەورە و ڕووناك، بەشی ژووری ئەندامانی لیژنەی مەرکەزی سەر بە بارزانی نەمرم چاوپێکەوت، بەناویاندا منیان بردە ژوورێکی بچووك، عەقید کافی نەبەوی و شێخ ڕەزا گولانی دانیشتبوون و مێز و کورسی دانرابوو، هەندێ کاغەزی سپی و یەك قەڵەمی لەسەر بوو، پاش چاکو چۆنی، شێخ ڕەزا دەستی بە پرسیار و لێکۆڵینەوە کرد؟ گوتم: کاك شێخ مەوزوع چییە، ئێوە چین و چیتان لە ئێمە دەوێت، شێخ ڕەزا گوتی: جەنابی بارزانی ئەمری کردووە ئازادکراوی بە کەفالەتی د. کەمال فوئاد و عیسمەت شەریف وانلی، کە ناوی ئەم دوو بەڕێزەی هێنا باوەڕم بە قسەکەی شێخ کرد، بەلام شێخ ڕەزا وازی نەهێنا لە ئیفادە وەرگرتن و پرسیار، گوتی: بۆچی ئاژاوە بەرپادەکەیت و لەجەنابی بارزانی دوورکەوتییەوە، گوتم: پێش ئێوە و تا ئێستاش ئێمە لەگەڵ بارزانی و کوردایەتین، ئەگەر بارزانیش لێمان ناڕازی بێت ئێمە ڕۆڵەی کوردین، لەگەڵمان ئاشت دەبێتەوە، بەلام ئێوە فەریکە کوردن، حەز بە ئێمە ناکەن، زۆریش لام سەیر و ئەستەمە، کە ئێستا ئێوە ئیفادە لە من وەردەگرن، بەهەرحاڵ هەندێ پرسیار و وەلامیان نووسی، گوتم: زۆر سوپاسی جەنابی بارزانی و کاك کەمال فوئاد و کاك عیسمەت دەکەم.

پاش ئیفادە وەرگرتن شێوەی قسەکانیان گۆڕا و گوتیان: ئێمە جەنابت دەناسین و لە کۆنگرەی کوردستان لە کۆیە جەنابی بارزانی و هەموو برادەرانی حیزب و لەشکر لە حیزب مەمنوون بوون، کە جەنابت مەسئولی ناوچەی کۆیە بوویت لەکاتی کۆنگرەکە.

دوایی شێخ ڕەزا گوتی: دەبێ شەو لە ماڵی ئێمە بیت، گوتم: پێویست ناکات، لەبەر برادەران دەچمەوە سجن، ڕەنگە ئێستا زۆر زۆر دڵتەنگ و ناحەڕەت بن، گوتی: وا دیارە کەسێك دەکەیتە جێگری خۆت بۆ بەندکراوەکان، گوتم: یاشێخ قسەی زیاد مەکە، ئەگەر شتێکت بەدەست بێت هەمووومان دەکوژیت، ناچار بێدەنگ بوو، لەگەڵ کاڤ نەبەوی، پسوولەی عەدەم تەعریزیان بۆ کردم و لەگەڵ دوو چەکدار، گەردی بەیانی چوومەوە سجن، بەشی زۆری برادەرەکان لەناو پەنجەرەکە چاوەڕوانی هەر هەواڵێك بوون، چوومە ناو ژوورەکەیان و ڕووداوەکەم بۆ باسکردن، هەڤاڵ ئازادم تێگەیاند چۆن ڕەفتاربکات، لەسەعات (٩)ی بەیانی بەڕێ کەوتم بۆ ماڵەوە لە کۆیە، دوو ڕۆژ لە کۆیە مامەوە، پاشان گەڕامەوە بۆ هەولێر، خۆم ونکرد و چوومە ماڵی جەنابی کاك میرزای حاجی کەریمی کۆیی لە گەڕەکی ئازادی، ئەویش ئاگاداری برادەرانی خۆمانی کردەوە و لەئەنجام چوومە ماڵی هەڤاڵی شەهید و نەمر کاك ئەحمەد ڕەشوانی تا ئەوکاتەی عەبدولسەلام عارف لە تەیارە کەوتە خوارەوە و مرد لەگەڵ چەند مەسئولێکی گەورەی حکوومەت بەدەستی بەعسییەکان، پاش ئەوە بە بڕیاری مەکتەبی سیاسی گواسترامەوە بۆ بەغدا، کە عەبدولڕەحمان عارف بووە سەرۆك کۆمار، مەکتەبی سیاسی چوونە بەغدا لەگەڵ حکوومەت نێوانیان خۆشبوو، منیش بووم بە ئەندامی مەکتەبی سیاسی و لێپرسراوی ڕێکخستنی حیزب لە بەغدا، بارەگایەکی مەکتەبی سیاسیمان هەبوو لە شەقامی (٥٢)ی بەغدا لەگەڵ بارەگایەکی دیکە لە شەقامی موستەنسەرییە بۆ کاروباری ڕۆژانەی خەڵك، کە خۆم بەرپرسی ئەم بارەگایەش بووم.

هەڤاڵان عەبدولڕەحمان ڕووتە و کاك مەلا ناسیح و مەلا ڕەقیب و شازاد سائب یارمەتیان دەدام، ڕۆژانە سەدەها کورد، حیزبی و ناحیزبی دەهاتنە لامان بۆ ڕاپەڕاندنی کارەکانیان لەگەڵ چارەکردنی نەخۆشی و بریندارەکان، توانیمان خزمەتێکی باشی خەڵك بکەین بەبێ گەندەڵی و دزی و ڕەوشت خراپی.

پاشان بارەگاکەمان واتا هی مەکتەبی سیاسی گواستەوە بۆ شەقامی فەلەستین، کە ماڵی مامۆستا ئیبراهیم لە ئێمە نزیك بوو، ڕۆژانە "مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد و کاك زەبیحی و کاك عومەر دەبابە و خۆم" لە مەکتەبی سیاسی دەوامەمان دەکرد، ناوە ناوەش هەڤاڵ کاك حیلمی و کاك ئەحمەد ئەمین فەرەج و کاك محەمەد حاجی تاهیر و کاك عەلی عەسکەری و مامۆستا عەباس لەکوردستانەوە دەهاتن بۆ کۆبوونەوە و

کاروباری حیزب. بەمجۆرە ماینـەوە، شارەکانی کوردسـتان لەئـەنجامی شـەڕی نـاوخۆ، بۆنی خوێنی لێ دەهات، زۆر بەداخەوە لەهەردوو لامان زۆرکەس، کوژران و شەهیدبوون، پـاش کودەتاکـە "ئینقلاب"ی بەعسـییەکان لـە (١٧ و ٣٠) تـەمموز، دیسـان لەگـەڵ بەعسییەکان نێوانمان باش بوو، توانیمـان چـەند دەسـتکەوتێکی بـاش بەدەسـت بێـنین لەگەڵ بەعس، وەك کردنـەوەی زانکـۆ لـە سـلێمانی، بـوونی دهـۆك بـە پارێزگـا، جـەژنی نەورۆز بووە ڕەسمی و کردنەوەی بەشی کوردی لە زانکۆی بەغدا و ئیجـازەی ڕۆژنامـەی نور، حیزب بە ئاشکرا کاری دەکرد و زمانی کوردیش بوو بـە زمـانی ڕەسمـی لـە هـەموو عێراق و دانانی چەند وەزیر و مووچەخۆری گەورەی کـورد لـە کوردسـتان و بەغـدا، لـەو ماوەیە مامۆستا "ئیبراهیم ئەحمەد" نەخۆش کەوت و چووە لەندەن و وردە وردەش لـە کوردستان شەڕ گەرم دەبوو، ئێران و هەندێ لە وڵاتانی عەرەبی دژی سەدام و بەعس بە توونـدی کاریـان دەکـرد، ڕووسـیا و ئـەمریکا لـە ڕووخـانی سـەدام دەترسـان، کـە زۆر بەرژەوەنـدییان هـەبوو لەگـەڵ حکوومـەتی بـەعس، بۆیـە هـەردوو لایـان واتـا ڕووسـیا و ئەمریکا زۆر بە توونـدی جەخت و فشاریان خستە سەر حکوومەتی بەعس و بارزانی نەمر بۆ ڕاگرتنی شەڕ و ڕێککەوتن لەسەر مەسەلەی کورد، ئەوە بوو بە نهێنی گفتوگۆ دەستی پێکرد لەنێوان بەعس و بارزانی.. تا لە ڕۆژی (١١)ی ئـازاری: (١٩٧٠)، ڕێککەوتننامەکـە لەنێوان ئەحمەد حەسەن بەکری سەرۆك کۆمار و وەفدی بـارزانی، کـە بـریتی بـوون لـە: کاك ئیدریسی نەمر و کاك مەسعوود بارزانی و مەحموود عوسمان و کاك ساڵح یووسفی و چەند کەسێکی دیکە، مۆر کـرا. لـە تەلـەفزیۆن ڕێککەوتنەکـە بڵاوکرایـەوە. لـەو ڕۆژەوە بارزانی نەمر پەیتا پەیتا داوای لە حکوومەت دەکرد، کە دەسەڵاتی ئێمە کەم بکەنەوە و بارەگا و ڕۆژنامەی نورمان دابخەن و کاك تەها محێدین لە وەزیری وەدەرنێن و چـەکمان بکەن، لەئەنجامدا حکوومەتی بـەعس هـەموو داواکارییـەکانی بـارزانی نـەمری دژی ئێمـە جێبــەجێکرد، هەرچــەندە ئێمــە لــە ڕۆژی: (١٣-٣-١٩٧٠)، پــاش بڵاوکردنــەوەی ڕێککەوتنەکە کۆبوونەوەی لیژنەی مەرکەزی خۆمان بەست لە کەرکووك لـە مـاڵی هـەڤاڵ کاك عەباس حوسێن و شەهیدی ئـازا و دڵسـۆز کـاك عـەلی عەسـکەری، لـەم کۆبوونـەوە پشتگیری ڕێککەوتنەکەمان کرد بـە بڵاوکردنـەوەی بـەیانێکی حیزبـی خۆمـان، بـەڵام لـە بەیانەکـە ئـەوەمان نیشـاندا کـە حیزبـی بـەعس ڕاسـت ناکـات و لـەم ڕێککەوتنـە پاشـگەزدەبێتەوە، هەربۆیـە ئەمـەی کـردووە کـە خـۆی لـە ڕووخـان ڕزگـار بکـات و

بەرژەوەندییەکانی ڕووسیا و ئەمریکاش جێبەجی بکات.

بـەمجۆرە بارەگاکانمـان لـە بەغـدا داخـراو هەنـدێ چـەك و تەقەمـەنیمان هـەبوو حکوومـەت هـەمووی لـێ سـەندینەوە و کـاك تـەهایان لـە وەزارەت خانەنشـین کـرد و ڕۆژنامەی نوریش داخرا، کە باشترین ڕۆژنامە بـوو لـەو مـاوەی نێـوان سـاڵانی: (١٩٦٨-١٩٦٩)، تا ڕێککەوتننامەی ئازار خاوەن ئیمتیازی (النور) بریتبوو لـە هـەڤاڵان: (کـەمال محێدین ئەسعەد، عومەر مستەفا: عومەر دەبابە، حیلمی شەریف، خالید دلێر، محەمـەد حەسەن برزۆ، کە پاش داخستنی ڕۆژنامەکە تووشی کۆمـەڵێك زیـانی ئـابووری و مـاڵی و حیزبـــی بـــووین، لـــە ئـــەنجامی پـــارە نـــەدانی کارمەنـــدەکانی ڕۆژنامەکـــە، کـــە لەگەڵیان"گرێبەست"مان، کردبوو، بە ساڵانە و مانگانە.

ئـەوەی شـایەنی باسـە ڕۆژنامـەی نـور لـە ڕۆژنامـەی: "الثـورة"ی بـەعس زیـاتر بڵاودەکرایـەوە، لـە هـەموو عێـراق و ڕۆژهـەڵاتی ناوەڕاسـت دەنـگ و سـەنگی دیـاربوو، هەربۆیە بەعسییەکان بەربەرەکانێی نوریان دەکرد و کاغـەزی تـەواویان پێمـان نـەدەدا، کە ڕۆژنامەکەی پی چاپ بکەین لە دوو هەزار دانە زیاتر، بۆئەوەی ڕۆژنامـەی"الثـورة"ی خۆیان سەرف ببێت.

پاش ئەو هەموو کارەسات و خوێن ڕژان و کـات لەدەسـتدان و جنێـودان بەیـەکتری لەنێوان ڕیزەکانی جوولانـەوەی کـورد تـەنیا دڵخۆشـی و بەرژەوەنـدیی دوژمـنی کـوردی بەجێهێشت، لەگەڵ پەشیمانبوونەوەی هەموو لایەکمان، **ئومێد و ئاواتم ئەوەیە جـارێکی دیکە بەقسەی دوژمنان بۆ بەرژەوەندیی چەند کەسێك هەرگیزاو هەرگیز لوولەی تفەنگ نەکەینە سینگی یەك و پیلان و تەگبیری خراپ لەیەك نەکەین، هەمیشە دۆست و برا و هاوڕێ بین، لەژێر ڕەشماڵەکەی ماڵی کوردەواری بۆ گەیشـتن بـە ئامـانج و ئاواتـەکانی گەلی کوردستانی زوڵملێکراو و مافخوراو.**

لێرەوە دەمەوێ سوپاسی گـەرم و دڵسـۆزانەی خـۆم بگەیەنمـە ڕۆحـی پـاکی بـرای گەورەم، کاك "ئەحمەد ئەمین دزەیی" و د. کەمال فوئاد و د. عیسمەت شـەریف و کـاك عەبدوڵڵا کانی مارانی و جەنابی کاك مەلا عەبدوڵڵای بارزانی، کە چـەندینجار لـە هـاوینی ساڵی: (١٩٦٤) لە سجنی ڕانیـە هـەوڵی ئازادکردنیـان دام، خـوا تەمـەنیان درێـژ بکـات و نموونەیان هەمیشە لە زیادبووندا بێت، بۆ ئەوانەی مردووشن داواکارم لە یەزدانی گـەورە بە بەهەشتی پان و بەرینیان شاد بکات.

# نووسینەکانی

# کەماڵ محێدین

# مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد لە چەند قۆناغێکی کوردایەتیدا



مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد فەتاح مستەفا، لە ساڵی ١٩١٤ لە سلێمانی لەدایکبووە، تاکوو پۆلی دووەمی ناوەندی لە سلێمانی خوێندووە، لەبەرئەوەی بەشی زانستی لە سلێمانی نەبووە، ناچار چۆتە بەغدا خوێندن تەواو بکا، پاش ئەوەی خوێندنی ئامادەیی لە بەغدا تەواو دەکا، لە ساڵی ١٩٣٤ دەچێتە کۆلیژی حقوق لە بەغدا لەوێ لەگەڵ ئەو خوێندکارە کوردانەی لە بەغدا دەیانخوێند ئاشنایەتی پەیدا دەکا، ئەوە بوو کۆمەڵەیەك لە بەغدا بە ناوی (کۆمەڵەی خوێندەوارانی کورد لە بەغدا) دروست دەکەن، کە مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد سەرپەرشتی دەکرد، پێك هاتبوون لە: (ئیبراهیم ئەحمەد، هەمزە عەبدوڵڵا، ڕەشید عارف، کاك سەمەد خەڵکی کۆیە بوو، حەسەن تاڵەبانی). ئەوانە لەناو خۆیان کوردایەتی و بیروباوەڕیان دەگۆڕیەوە و گەیشتنە ئەوەی بڕیار بدەن، کە نامیلکەیەك دەر بکەن بۆئەوەی دۆزی کورد و مەسەلە ڕەواکەی لە هاوڕێیانی عەرەبستان بگەیەنن، لەدوای گفتوگۆ لەسەر ئەوەی کە چی بنووسن، ئەوە بوو کاك ئیبراهیم هەر هەموو زانیارییەکانی کۆکردەوە و لە ساڵی ١٩٣٧ کتێبەکیان بە ناوی (الاكراد والعرب) دەر کرد، کە لەو کتێبە بە تەواوی مەسەلەی کوردی ڕوون کردۆتەوە و داخوازییەکانیشی دەستنیشان کردووە، ئەوەی بۆ برایانی عەرەب ڕوون کردۆتەوە، ئەگەر مەسەلەی کورد جێبەجێ نەکرێ، ئەوە هەرگیز عێراق ئارام نابێت، دوای ئەم کتێبە لەناو ڕای گشتی بڵاوبوویەوە و هەندێ لە عەرەبە شۆڤینییەکان دژی وەستانەوە، بە ڕاستی ئەو کتێبە لەو سەردەمە شتێکی زۆر باش بوو، بۆیە پێویستە دووبارە چاپ بکرێتەوە، لە هەموو پارێزگاکانی ناوەڕاست و خوارووی عێراق بڵاوی بکەنەوە.

یەکەم جار کە مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەدم ناسی لە ساڵی ١٩٥٤ بوو، لە کۆیە بووم، (عەلی عەبدوڵڵا)ی خاڵم ناردی بە شوێنمدا، منیش چوومە لای، گوتم: فەرموو خاڵە چیت دەوێ؟ گوتی: وەڵڵا ئەوە هەندێك هەرمێ و ترێ هەیە، دەبێ بیبەیتە کەرکووك بیدەیتە دەست مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد، منیش گوتم: ئەو لە کەرکووك لەکوێ دادەنیشێ؟ بچمە کوێ؟ گوتی: لە کەرکووك ئوتێلێك بە ناوی شێرزاد هەیە،

لەوێ پیاوێك هەیە بە ناوی كاك نەشئەت، لەو بپرسە، ئەو پێت دەڵێ مامۆستا ئیبراهیم لەكوێیە، ئەو ترێ و هەرمێیە دەگەیەنییە دەستی ئەو، منیش زەمبیلەكەم لێوەرگرت و نەمدەزانی لەژێرەوەی ترێ و هەرمێكە چ هەیە، ئەوە بوو سواری سەیارە بووم و چوومە كەركووك، بە شوفێرەكەم گوت بمبە ئوتێل شێرزاد، لەبەردەم ئوتێلەكە من هاتمە خوارەوە، زەمبیلەكەم هێنایە خوارەوە، چوومە ژوورەوە، مەمەڕێكی تۆزێك درێژ بوو، لەوێ دوو پیاو دانیشتبوون، یەكێكیان زۆر تەماشای كردم، زۆر لێی ترسام، منیش سڵاوم كرد، گوتم: كامەتان كاك نەشئەتن؟ خۆی وەڵامی دامەوە، گوتی: منم فەرموو، منی بردە ژوورێك لە پێچەكەی خوارەوە، پێم گوت: من هاتووم دەمەوێ مامۆستا ئیبراهیم ببینم. گوتی: دانیشە ئێستا خەبەرت دەدەمێ، ماستاوێكی بۆ هێنام، زۆری پێ نەچوو هەر دە خولەكێك دەبوو كابرایەكی لەگەڵ خۆی هێنایەوە، گوتی لەگەڵ ئەم كابرایە بڕۆ بۆ لای مامۆستا ئیبراهیم، ئەوە بوو چوومە لای، بۆ یەكەمجارم بوو مامۆستا ئیبراهیمم دەبینی، پێم گوت مامۆستا خالم عەلی سەلامی هەبوو بۆت، ئەو زەمبیلەی دا بە من بیگەیێنمە جەنابت، گوتی من سەعاتێك دەبێ چاوەڕوانی ئێوە دەكەم، چووە ژوورەوە و دوایی هاتە دەرێ، كاغەزێكی دایە دەستم، چاك و چۆنیەكی تێدا نووسی بوو، زۆر تەكلیفی كرد لەلایان بمێنمەوە، بەڵام من گەڕامەوە كۆیە، بەڵام تێگەیشتم لەژێر ئەو زەمبیلە ترێ و هەرمێیە گۆڤارێكی هەشت لاپەڕی تێدابووە، بەناوی (نركەی جووتیار)، جووتیارانی هەولێر دەریان دەكرد، چاپەكەی لە كۆیە بوو، كاك عەلی سەرپەرشتی دەكرد، دوای ئەوە من كاك برایم نەدیتەوە تاكوو ساڵی ١٩٥٧، ئێمە كە چووینە بەغدا، ئەو كاتە من خوێندكاری قانوون بووم و لە یەكێتیی قوتابیان كارم دەكرد، وردە باسی كاك برایم و ئەندامانی حیزبمان دەكرد.

كۆبوونەوەیەكی نهێنی لە بەغدا كرا، من ئەو كاتە لێپرسراوی قوتابیان بووم، لەوێ منیش داوەت كرابووم، لەم كۆبوونەوەیە دووبارە لەوێ مامۆستا ئیبراهیمم دیتەوە، كە قسەی دەكرد لەسەر حكوومەت و گۆڕانی ڕژێمی پاشایەتی، هەتا ڕووخانی حكوومەتی پاشایەتی و سەردەمی نووری سەعید، هەركە ئەو حكوومەتە ڕووخا، حیزب داوای لە عەبدولكەریم قاسم كرد، كە مۆڵەت بە حیزب بدەن، (پارتی دیموكراتی كوردستانی عێراق)، كاك ئیبراهیم بە ناوی خۆی و بە ناوی مەلا مستەفا و عومەر دەبابە و نووری شاوێس، عەلی عەبدوڵڵا، شەمسەدین، عەلی عەسكەری، مەلا عەبدوڵڵا، ئیسماعیل عارف،

جەلال عەبدولڕەحمان. داوای مۆڵەتیان لە عەبدولکەریم قاسم کرد، کە مۆڵەت بە پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق، بدەن بۆئەوەی بە ئاشکرا کار بکا و ڕۆژنامەکەشیان بە ناوی "خەبات" دەربکەن، لەوێوە بۆ ماوەی چوار ساڵی خوێندنم لە کۆلیژی قانوون، زیاتر نزیك بوومەوە، شەوان ئیشوکارم لە ڕۆژنامەی خەبات بوو، مامۆستا ئیبراهیم باشتر ناسی، پاش ئەو ماوەیەی حکوومەتی قاسم ڕووخا، بەعسییەکان هاتنە سەر حوکم و داوای مفاوەزاتیان کرد، مەلا مستەفا و برادەرانی ئێمە، مام جەلال و کەسانی دیکە ڕازی بوون بۆ ئەوەی دانووستان لەگەڵ حکوومەتی بەعس لەسەر داوای بەعسییەکان بکرێت، ئەوە بوو لەسەر بڕیاری مەلا مستەفا بارزانی بڕیار درا کۆنگرەیەك لە کۆیە ببەسترێ و بۆ ئەوەی بزانین داواکارییەکان چین لە حکوومەت، وەفدێکیش دەستنیشان بکرێت بۆ گفتوگۆ لەگەڵ حکوومەتەکەی بەعس.

لەو کۆنگرەیەی ویستیان بیبەستن، ئەوەی ئەندامی لێژنەی مەرکەزییە و مەکتەبی سیاسییە و لێپرسراوی عەسکەرییە و سەرۆك عەشیرەتە باشەکان و مەلا مستەفا و هەر هەموو ئەوانە هاتن بۆ کۆیە، نزیکەی ٢١٥٠ کەس، کە بەشداری کۆنگرەیان کرد، کۆنگرەکە چوار ڕۆژی خایاند، کە لە سەرەتای مانگی سێی ساڵی ١٩٦٣ بوو، لە کۆنگرەکە گفتوگۆی زۆر لەسەر ئەوە کرا، کە دانووستان چۆن بکەن و کێ بن ئەوانەی لە لێژنەکەدا دەبن.

سەرەنجام کاك ئیبراهیم لەگەڵ مەکتەبی سیاسی بەشێکیان لە ماڵی عەلی عەبدوڵڵای خاڵم بوون، بەشێکیشیان لە ماڵی ئێمە میوان بوون، شەو دانیشتن بەدوور و درێژی، داخوازییەکانی میللەتی کوردیان لەسەر ئۆتۆنۆمی و ئاوەدان کردنەوە و پەیوەندییەکان چەسپاند و کردیان بە نووسراوێك و دایانە لێژنەی دانووستان، کە کاك ئیبراهیم سەرپەرشتی دەکردن، ئەو کاتە مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد سکرتێری حیزب بوو، ئەوە بوو وەفدەکە بۆ بەغدا بەڕێکەوت، کە مام جەلالیش لە وەفدەکەدا سەرۆك بوو لە ١٩٦٣/٤/٢ لە یەکەم کۆبوونەوە لەگەڵ حیزبی بەعس گوتیان ئێمە ئۆتۆنۆمی نەتەوەییمان دەوێ، بەڵام بەعسییەکان ڕازی نەبوون، گوتیان ئێمە ئۆتۆنۆمی ئیداریتان دەدەینێ، ڕێك نەکەوتن و دانووستانەکە تێك چوو، هەتا ئێرە بۆ من قۆناغێکی ژیانم بوو لەگەڵ مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد.

له قۆناغی دووەمم لەگەڵ مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد تێکەڵ بوومەوە، هەرکە پارتی دیموکراتی کوردستان باڵی مەکتەبی سیاسی، لە ساڵی ١٩٦٤، نێوانیان لەگەڵ مەلا مستەفا تێکچوو، برادەرانی ئێمە دۆستی حکوومەت بوون لە زەمانی عەبدولڕەحمان عارف، بە ناهەق ناویان لە ئێمە نا جاشی ٦٦، لەبەرئەوەی دانووستانی ئێمە و حکوومەتی عەبدولڕەحمان عارف دەستی پێکرد، برادەرانی ئێمە دەستکەوتی باشیان جێگیر کرد، بڕیاریان دا بگەڕێنەوە بەغدا و بکەونەوە خەباتی ئاشکرا، ئەمن ئەو کاتە لە هەولێر بە نهێنی، لێپرسراوی ڕێکخستنەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان باڵی مەکتەبی سیاسی بووم، هەر کە بە ئاشکرا لەگەڵ حکوومەتی عارف دانووستانمان کرد، کۆتاییم بە کاری نهێنی خۆم هێنا و لە هەولێرەوە سەفەرم کرد و چوومە بەغدا، مامۆستا ئیبراهیم و کاک حیلمی لەگەڵ مام جەلال لە بەغدا بوون، لەوێ دووبارە من کەوتمەوە ئیشکردن لەگەڵ مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد لە ساڵی ١٩٦٧ هەتا ساڵی ١٩٧١ ئەوە درێژەی ئاشنایەتی و دۆستایەتیم و کارکردنم بووە تاکوو بەیانی ١١ی ئازار، ئەو بەیانە هەر چەندە لەگەڵ مەلا مستەفای بارزان بوو، بەڵام بە ڕای زۆربەی برادەرانی باڵی مەکتەبی سیاسی بەیانەکی خراپ نەبوو، ئەوە بوو لێژنەی مەرکەزی لە کەرکووك لە ١٩٧٠/٣/١٣، کۆبوونەوەیەکمان کرد، بەیانەکە لە ١١ی مانگ دەرچوو بوو، لەو کۆبوونەوەیە ئێمە بڕیارمان دا، کە پشتگیری لە بەیاننامەکەی ١١ی ئازار بکەین، بەڵام ئێمە لە کۆتایی بەیانەکەی خۆمان ئاماژەمان بەوە کردبوو، کە ئەو بەیانە سەر ناگرێ، بۆ جارێکی تر حکوومەتی بەعس و مستەفا بارزانی تووشی شەڕوشۆڕ دەبنەوە، چونکە ئەو ڕێککەوتنە لەنێوانی دوولا کراوە و هیچ هاوسەنگییەکی تێدا نییە، هەردوو لا متمانەیان بە یەك نییە، هەرواش دەرچوو، وردە وردە پیلان بۆ مەلا مستەفا داندرابۆوە بۆ ئەوەی بیکوژن، ئەوە بوو بۆ جارێکی تر نێوانیان تێك چوو، لەو ماوەیەدا کە نێوانیان تێك چوو، ئێمە هەر لە بەغدا مابووینەوە، مستەفا بارزانی خوا لێی خۆشبێ، فاخیر مێرگەسۆری نارد بۆ لای ئێمە لە بەغدا، کاك فاخیر، لە ماڵەوە سەردانی مامۆستا برایمی کردبوو، سەلامی بارزانی گەیاندبوو بۆ کاك ئیبراهیم، گوتبووی من پێم خۆشە ڕێك بکەوین پێکەوە هەر گیروگرفتێك لەنێوانمان هەبێ چارەسەری بکەین، ئەوە بوو کاك ئیبراهیم مەکتەبی سیاسی کۆکردەوە، ئەو کاتە مەکتەبی سیاسی بریتی بوون لە: (مامۆستا ئیبراهیم کە سکرتێر بوو، مامۆستا عولەما، مام جەلال، عومەر دەبابە، حلیمی

عەلی شەریف، دکتۆر عەزیز شەمزینی، کەمال محیەدین)، ئێمە کە فاخیر هات شەوەکەی لەگەڵی دانیشتین، کاك برایم قسەکانی کاك فاخیری دووبارە کردەوە و لەدوای نان خواردن، ئێمە بە کۆی دەنگ ڕازی بووین لەسەر ڕاسپاردەکەی مەلا مستەفا، کە کار لەسەر ئەوە دەکەین ئاشت بینەوە.

ئیدی بە کاك فاخیرمان گوت سەلامی ئێمە بە بارزانی ڕابگەینە و ئێمە لەبەرئەوەی پێویستمان بە کاتە تاکوو خۆمان کۆ دەکەینەوە و برادەران تێدەگەیەنین، لەئەنجامدا بڕیارمان دا کۆنفرانسێك ببیستین بۆئەوەی لەناو کۆنفرانسەکە یەکلایی بکەینەوە، کاك عومەر دەبابە بوو بە لێپرسراوی ئەم بابەتە لەناو کۆنفرانسەکە بۆ یەکلاکردنەوەی یەکگرتنەوەی هەردوو باڵەکەی پارتی، ئەوە بوو کۆنفرانسەکە لە شەقامی فەلەستین لە بەغدا لە ١١/٢٧ ساڵی ١٩٧٠، بە ئامادەبوونی "١٠٥" کەس، بەسترا، لەناویان "١٢" کەس لەگەڵ ئەوە نەبوون، کە ئەم یەکگرتنەوەیە ڕووبدات یان بکرێ، یەك لەو کەسانەی لەناو "١٢" کەسەکەدا ناوی هەبوو جەنابی مام جەلال بوو، لەو کۆنفرانسە من هەستامەوە و قسەم کرد، گوتم ئێمە شەو هەموومان مەکتەبی سیاسی بە کۆی دەنگ ئەوەمان یەکلا کردەوە، بۆ ئێستا بەشێك لە برادەران ناکۆکن، ئەوە بوو کاك عومەر دەبابە گوتی: کەمال دانیشە هەموو شتێك کۆتایی پێهاتووە و کارەکە کراوە، ئیدی پێش کۆنفرانسەکە کاك ئیبراهیم گوتی: دەبێت ئەوە یەکلا بکرێتەوە، ئێمە ببین بە حیزبێکی جیا، چونکە تا بەستنی ئەو کۆنفرانسە لەژێر ناوی پارتی دیموکراتی کوردستان باڵی مەکتەبی سیاسی کارمان دەکرد، ئەوە بوو کاك ئیبراهیم هەر لەناو کۆنفرانسەکە گوتی دەبێ ببین بەحیزبێکی جیا لەگەڵ ماڵی مەلا مستەفا، کە ئێستا نوێنەرایەتی پارتی دەکەن، ڕێککەوتنەکە لەنێوان ئەو دوو حیزبە بێت، ئەوە بوو ناوی خۆمان گۆڕی بە ناوی پارتی شۆڕشگێڕانی کوردستان.

کەواتە ڕێککەوتنەکە لەنێوان پارتی دیموکراتی کوردستان بە سەرۆکایەتی مستەفا بارزانی و حیزبی شۆڕشگێڕانی کوردستان بە سەرۆکایەتی مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد، ئەوە بوو ڕێککەوتین برادەرانی ئێمە لەناو پارتی جێگیر بین و ئیش و کار و ئەرکی خۆیان بدەنێ تاکوو کۆنگرەی نوێی پارتی دەبەسترێ، ئەوە بوو کۆتاییمان بە کارەکانی خۆمان هێنا، بەداخەوە لەبەرئەوەی بارودۆخی عێراق تێك چوو، کۆنگرەکە نەبەسترا و دووبارە شەڕ دەستی پێکردەوە، هەر هەموومان چووینەوە شاخ، کاك عەلی عەسکەری

بوو بە ئەندامی مەکتەبی عەسکەری، مامۆستا عومەر مستەفا بوو بە وەکیلی وەزیری داد، مامۆستا ئیبراهیم بوو بە ڕاوێژکاری مەلا مستەفا لە چۆمان دادەنیشت، منیش بوومە ئەندامی لقی پارتی دیموکراتی کوردستان لە بەغدا، برادەرانی تریش هەر یەکە و شوێنێکی بۆ دیاری کرا، کاکە حەمەی حاجی تاهیر لە سلێمانی مایەوە و بوو بە لێپرسراوی حیزب لە شاری سلێمانی، ئەم بارودۆخە کێشەی کێشا لەگەڵ مەلا مستەفا هەتا وردە وردە لە ساڵی ١٩٧٤ لەگەڵ حکوومەتی عێراقی بە یەکجاری نێوانمان تێک چوو، دووبارە شەڕ دەستی پێکردەوە و شەڕ گەرم بوو، ئێمەش لەناو شەڕ بووین، هەر یەکە لەلای خۆی ئیشوکارەکانی خۆمان دەکرد، شەڕ تەواو پەرەی سەند و لە هەموو لاوە حکوومەتی عێراق زەرەر و زیانی زۆری پێ کەوت، ناچار بوو حکوومەتی عێراقی، لە ڕێگای ئەنوەر ساداتەوە پەنای بۆ حکوومەتی جەزائیری برد، بۆئەوەی قەناعەت بە شای ئێران بکەن و لەگەڵ سەدام ئاشتی بکەنەوە.

وا بزانم بە ئاگاداری ئەمریکاش بوو، ڕووسەکانیش ئەوەیان دەزانی، دواجار بڕیاریان دا، کە ڕێککەوتننامەی جەزائیر لەنێوانی سەدام حوسێن و شای ئێراندا ئیمزا بکرێ، لەو ڕێککەوتننامەیە دوو سێ بەندی تێدا بوو دژی بزووتنەوەی کوردی، کە شای ئێران چیتر پشتگیری ئێمە نەکا و یارمەتی و پارەمان لێ ببڕێت، ڕێگای هاوکارییەکانی دەرەوەشمان لێ دابخات.

بڕیاریان دا بۆ ئەوانەی کە چەکدارن دەبێ چەکەکانیان تەسلیم بە حکوومەتی ئێران بکەن، ئەوانەش دەیانەوێ بچنەوە ماڵی خۆیان، حکوومەتی عێراق لێیان دەبوورێ، ئەوانی تریش کە نایانەوێ بچنەوە عێراق، شا بڕیاری داوە و گوتوویەتی لەگەڵ مەلا مستەفا ببن بە میوانی من، بە دەرچوونی ئەو بەیانە بە ڕاستی ئێمە شڵەژاین، چۆن ئەو بەیانە دەر چوو، چۆن شا و سەدام توانیان ڕێککەون، لەئاکامیشدا ڕێککەوتن، شتەکی زۆر زۆر ناخۆش و شکستێکی گەورە بوو بۆ ئێمە، ئێمە لەو کاتی برادەرێکمان هەبوو، خوارزای کاک عومەر بوو، سبەینان نانی بۆ ئێمە دەکرد لە ماڵی کاک عومەر بوو، چووە ناو دەربەندی، نان و شتمان بۆ بێنێ، بەیانی بوو هاتەوە، گوتی وەڵڵا ئەوە دەڵێن ڕێککەوتن لەنێوانی سەدام و شا دروست بووە و دژی ئێمەیە.

کاک عومەرمان لە خەو هەستاند و کاک عەلی عەسکەریش لەوێ بوو و منیش، نانمان خوارد و کاک عومەر تەلەفۆنی بۆ حەبیب محەمەد کەریم کرد، لێی پرسی گوتی شتێك

ڕووی داوە، حەبیب سکرتێری حیزب بوو لای مەلا مستەفا، گوتی ئێمە ئاگامـان لـە هـیچ نییە و شتێکمان گـوێ لێ نـەبووە، کـاك عـەلی تەلـەفۆنی بـۆ ڕەئـیس یووسـف کـرد، کـە بەرپرسی مەکتەبی عەسکەری بوو، ڕەئیس یووسـفیش بـێ ئاگـایی خـۆی نیشـان دا، تـا دەوری سەعات حەفت و نیو بوو پێش هەشت بوو، زۆری پێ نەچوو کاك عەلی عەبدوڵڵای خالّم ئەندامی مەکتەبی سیاسی بـوو لای مـەلا مسـتەفا تەلـەفۆنی بـۆ کـاك عومـەر کـرد، گوتی کاك عومەر ئێوە وەرنە لای من، چـووینە لای کـاك عـەلی، کـاك دارا تۆفیـق و سـێ چوار کەسی خۆیان لای بوون، دیاربوو ئیشەکە ئاشکرابوو، کە شای ئێران و حکوومـەتی بـەعس و سـەدام حوسـێن ڕێککەوتوونـە لەسـەر مەسـەلەی کـورد و لەسـەر مەسـەلەی شـەتولعەرەب و زۆر بـە زەرەر و زیـانیش لەسـەر ئێمـە دەوەسـتێ، ئـەو دەمـەی مـەلا مستەفا لە تاران بوو، خەڵکەکە داوای شۆڕشی دەکرد، کە ڕەنگە وەکـوو زەمـانی خـۆی چۆن شـای ئێـران، دوای ئـەوەی قـازی محەمـەد خـۆی تەسـلیم کـرد، لەسـێدارەیان دا، خەڵکەکـە لـە کوردسـتان بەڕاسـتی زۆر پەرێشـانی مـەلا مسـتەفای بـوون، خـەڵك وای بۆدەچوون کە ڕەنگە شا مەلا مستەفا و ئەو کۆمەڵە خەڵکەی، کە لەوێندەرێن بیانکوژن، هێندەی پێ نەچوو خوا ڕەحمی کـرد، مـەلا مسـتەفا، لـە (١٣)ی مـانگ هاتـەوە حـاجی ئۆمەران ئینجا خەڵکی دیت، ئێمـە شـەوێ ویسـتمان لەسـەر داوای خـۆی ببیـنین ئیـدی هەتا سەعات یەك و دووی شەو نەیتوانی ئێمە ببینـێ، ئـاخیری ئێمـە گەڕاینـەوە، **ئێمـە: کاك ئیبراهیم بە ڕەحمەت بێ و کاك عەلی عەسکەری و کاك عومەر و دکتۆر خالید و من، شەوێ لە ماڵی کاك عومەری بڕیارمان دا ئەم بڕیارەی حکوومەتی بەعس و حکوومەتی ئێران داویانە بۆ چەك دانان دژی بوەستینەوە، ئێمە قبووڵی ناکەین و ئیدی دەستمان بە جموجۆڵ و چالاکی کرد**، لەناو برادەرانی خۆمان و بۆ سلێمانی و بـۆ کـەرکووك و بـۆ هەولێر و بۆ بادینـان و بـۆ بەغـدا، کـە ئـەم حاڵەتـە ئێمـە قـەبوڵی ناکـەین و ئێمـە چـەك دانـانێین، تـاکوو سـەرلەنوێ بـارودۆخی خۆمـان ڕێـك دەخەینـەوە، جەماعـەتی مـەلا مسـتەفاش وردە وردە جموجۆڵیـان لـەناو پەیـدا بـوو، بەشـێکیان پێیـان خـۆش بـوو بەشێکیان پێیان ناخۆش بوو، ئـەم بارودۆخـە خایانـدی تـاکوو گەیشـتینە ١٩٧٥/٣/١٩، مەلا مستەفا لە (١٩)ی مانگ هاتەوە، بە شای ئێرانێی گوت بوو دەبێ بچمەوە بۆئەوەی خەڵکەکە قەناعەت پێ بکـەم چـەك دابنـێن و ئـەوەی دەچـێتەوە.. دەچـێتەوە، ئـەوەی میوانی تۆشە دەمێنێتەوە. مەلا مستەفا بە ڕەحمەت بێ هاتەوە، لـە نەغـەدە بڕیـاری دا

کۆبوونەوەیەکی گەورە ڕێك بخا، بۆئەوەی باسی ئەو کارەساتە بکا، لە نەغەدە ڕەشماڵێکی گەورەیان هێنا، هەموو ئەندامانی مەکتەبی سیاسی پارتی و ئەندامانی لەشکر و ئامێر هێزەکان و هەندێ لە ڕەئیس عەشیرەتەکان و ئێمەش. مەلا مستەفا، گوتبووی بە تایبەتی دەبێ جەماعەتی ئیبراهیم ئەحمەدیش بێن بۆ کۆبوونەوەکە، ئێمەش چووین، من و کاك عومەر دەبابە و کاك عەلی عەسکەری و دکتۆر خالید، چووینە کۆبوونەوەکە و دانیشتین، مەلا مستەفا بە ڕەحمەت بێ هات، هەرکە هاتە ناو ڕەشماڵەکە، لەبەردەمی دەرگای ڕەشماڵەکە دانیشت، جەرجیس فەتحوڵڵا لەوبەری بوو هەڵسا چوو بە مەلا مستەفای گوت نابێ لێرە دانیشی، مەلا مستەفای بردە تەنیشت خۆی، ئێمەش هەموومان بە ڕیز دانیشتبووین، مەلا مستەفا گوتی بەخێربێن، پاش سەلام و ئەحواڵ پرسین، کاك عومەر دەبابە هەڵسا گوتی جەنابی بارزانی ئێمە زۆر دڵمان لای جەنابت بوو، بەڵام لەسایەی خوا ئەتوو هاتیەوە، بەخێربێیتەوە.. دانیشت، مەلا مستەفا دەستی کرد بە باسکردنی مەسەلەکە، گوتی: ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا، ئێران و سەدام حوسێن، دوژمنەکانی دیکەمان، لە جەزائیر لەسەر بەیانی جەزائیر ڕێککەوتوون، ئەو بەیانە بریتییە لە دوو برگەی گەورە، برگەیەکیان ئەوەیە کە حکوومەتی عێراق نیوەی شەتولعەرەب بداتە ئێران، ئێرانیش بەرامبەر ئەوە شۆڕشی ئەیلوولی کوردستان، لەناو بەرێ، ئەوەش چۆن لەناو دەبردرێ، یەکەم شای ئێران هەموو یارمەتییەکانی خۆی لە ئێمە ببڕێت، ئەگەر لە دەرەوەش هاوکاری و چەك و پارە و ئازووقەمان بۆ بێ، نەهێڵێ بگاتە دەست ئێمە، لەهەمان کات ئەو چەکانەی داویەتی بە ئێمە هەموویان بکێشێتەوە، ئەو پێشمەرگانە و ئەو کەسانەی دەیانەوێ بچنەوە بەغدا و بچنەوە کوردستان، حکوومەتی عێراق دەیان بووڕێ، ئەوانەی ناشچنەوە، بێن لەگەڵ مەلا مستەفا میوانی شای ئێران بن، ئەمە کورتەی قسەکانی جەنابی مەلا مستەفا بوو، بەڵام مەلا مستەفا زۆر زۆر بەنیگەرانی باسی دەکرد، لە ڕاستیدا لە سەرەتای قسەکانی گوتی: براینە بەخێربێن، ئێمە هیچ کردەوەیەکی باشمان لەگەڵ میللەتەکەی خۆمان نەکرد، لەبەر ئەوە خوا تووشی ئەو فەلاکەتەی کردین، لەبەر ئەوە تا ئێمە تووشی زەرەر و زیانی گەورەتر نەبین، ئێمە دەبێ چەك دابنێین، شۆڕش کۆتایی پێ بێنین، ئەوەی دەچێتەوە با بچێتەوە، ئەوەی لەگەڵ منیش دێ، شای ئێران بڕیاری داوە ببینە میوانی ئەو، کاك عومەر دەبابە گوتی جەنابی مەلا مستەفا زۆر بەخێربێیتەوە زۆر دڵمان لات

بوو، میللەتی کورد هەمووی پەرۆشی تۆ بوو، خوا کردی هاتیتەوە ناومان، بەڵام ئێمە چەك دانان بەکارێکی باش نازانین، ئێمە کاتی خۆی هیچمان نەبوو شۆڕشمان کرد، چەکمان نەبوو، پارەمان و ئازووقەمان نەبوو، جلوبەرگمان نەبوو، زۆر کەسمان پێڵاوی لاستیقی لەپێ بوو پێڵاوەکەشی دڕابوو، ئێمە گەیشتینە ئەو کاتەی کە ئێستا هەموو شتێکمان هەیە، لەبەر ئەوە بە لای ئێمە تا ئێستا ئێمە ئیمکانییەتمان هەیە، خۆمان بپارێزین و چەك دانەنێین، شۆڕشەکە خوێنی شەهیدان دروستی کردووە، بۆ ئێمە زۆر شتێکی ناشیرین و ناخۆشە ئاشبەتاڵی لێ بکەین، مەلا مستەفا گوتی: عومەر ئەوەی چەك دانەنێ چەکی دەکەن، هەندێ بوو بە جموجۆڵ و قسە و ئەملا ئەولا، کاك عەلی عەسکەری هەستا قسە بکا، کاك عەلی عەبدوڵڵای خاڵم لە تەنیشتی دانیشتبوو گوتی: کاك عەلی دانیشە کاك عومەر هەموو قسەکانی کرد، مەلا مستەفاش قسەکەی خۆی کرد و ئیشەکە ئەوهایە و چار نەماوە و کۆبوونەوەکە تێکچوو، کاك مەسعوود هات بە کاك عومەری گوت هەندێ قسەم هەیە لەگەڵتان، مەبەستی لە کاك عومەر و کاك عەلی و من و کاك خالید بوو، کاك مەسعوود هەمان قسەی جەنابی مەلا مستەفای کرد و گوتی: باوکم دەڵێ دەبی لەگەڵم بێن، چونکە بچنەوە حکوومەت دەیان کوژێ، ئێمە هەندێ قسەمان کرد و ڕەنگە وابێ و ڕەنگە وانەبێ، من گوتم وەڵڵاهی کاك مەسعوود ئێمە زۆر ڕێزمان هەیە بۆ جەنابی مەلا مستەفا، بەڵام ئێمە هاتینە ئێران و هاتینە ئەو ناوچەیە بۆ کوردایەتی، کە کوردایەتی نەما دەچینەوە ماڵی خۆمان، کاك عومەر قسەکانی منی بڕی، گوتی کەمال ئەو قسانەی ناوێ .. کاك مەسعوود، ئێمە پاش دوو ڕۆژی دیکە خەبەرت دەدەینێ، ئێوارە بوو بانگی دابوو نەدابوو، من و کاك عومەر و کاك خالید و کاك عەلی عەسکەری، چوار کەس بووین سواری ئۆتۆمبیلەکەی کاك عومەر بووین، لە نەغەدەوە ڕۆیشتین بۆ ڕەزائیە، ڕێگاکە نزیکەی سەعات و نیوێك بوو، چووینە ماڵی کاك عومەر، شەمسەدین موفتی لەوێ بوو، خێزانەکەی کاك عومەر خوا عەفوی کا ناوی (سورەییا) خان بوو، کچی جەنابی مەلای گەورەی کۆیێ بوو. هەندێ خواردن و پێویستیمان وەرگرت هەر ئەو شەوە چوینە تاران بۆ لای مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد.

**گوتمان:** ئێمە دەڕۆین، کاك شەمسەدین گوتی: بۆ کوێ دەڕۆن؟ کاك عومەر گوتی: ئێمە ئیشمان هەیە شەش لەفەی سەموونی بۆ کردین، شفتەیان هەبوو، ئیدی چووینە ناو بازاڕ هەندێ کەلوپەل و چەرەزات و پێویستیمان کڕی و ڕۆیشتین، بەو شەوە

بەڕێکەوتین بۆ تاران، سەعات یەك و نیوی شـەو گەیشـتینە تـاران، کـە گەیتشـینە مـاڵی کاك ئیبراهیم، کاك عومەر لە تاران شارەزا بوو، بەو شەوە کە گەلاوێژ خان ئێمـەی بـینی هەمووما‌ن پێکەوە و بەم شەوە، واقی وڕما، گوتی: هـا کـاك عومـەر خێـرە بـەو شـەوە ! کاك عەلی گوتی: گەلاوێژ خان خەبەری خۆشت دەدەمێ، هـیچ لـەگۆڕێ نییـە، هاتووینـە سەردانی کاك ئیبراهیم بکەین، گوتی باوکی هەڵۆ تازە نووستوە هەڵیسـتێنم، کـاك عـەلی قسەیەکی هەیە زۆر سـوارە، گـوتی بـڕۆ بـێ قـەزا بـی بـڕۆ هەڵیسـتێنە، ئـەوە بـوو کـاك ئیبراهیمی هەڵستاند، کاك ئیبراهیم هات لە ژووری دیوەخانەکـەدا بـەخێرهاتنی کـردین و هەندێ دانیشتین و گەلاوێژ خان خوا سەلامەتی کا، چایەکی بەپەلەی بۆ هێناین، چـامان خواردەوە و دوایێ هەر گەلاوێژ خان گوتی کاك عومەر بۆ ناخەون و ئیسـراحەت بکـەن و ئیبراهیمیش نەخەوتووە و خەوێ دێ، سبەینێ زوو هەڵسن، ئەوە بوو ئیشەکەمان وا لـێ کرد و چووین نووستین هەتا سبەینێ، هەرکە هەڵساین دوای ئەوە دوو ڕۆژ باسی هـەموو بارودۆخی کوردستانمان کرد، کاك ئیـبراهیم، کـاك عومـەر، کـاك عـەلی عەسـکەری، کـاك دکتۆر خالید، من، پێـنج کـەس بـە حیسـاب زۆربـەمان ئەنـدامی مەکتـەبی سیاسـیین .. جەلالین، باسی هەموو شتەکانمان بۆ کاك ئیبراهیم کرد، باسی ئـەوەمان کـرد، کـە ئێمـە باسی ئەوەمان بۆ ئەندامانی حیزب کردووە، کە ئێمە شەڕ ڕاناگرین، ئێمە پێگەی خۆمان دەپارێزین، دوایێ بە مەلا مستەفامان گوتووە، موافق ناکـا .. ڕەئـی خـەڵکمان وەرگـرت بوو سەرەنجام ئێمە بڕیارمان دا دووبارە تەئکید لەوە بکەینەوە، کە ئێمە شەڕ ڕانـاگرین و خۆمان دەپارێزین، شەڕی پارتیزانی دەکەین، شەڕێکی تر ناکـەین لەگـەڵ حکوومـەتی عێراقدا تا وردە وردە خۆمان کـۆ دەکەینـەوە، چـوار بڕیارمـان دا، یـەکێکیان ئـەوە بـوو ئێمە چەك دانانێین و لەگـەڵ حکوومـەت خـەباتی پـارتیزانی دەکـەین، هـەتا خۆمـان کـۆ دەکەینەوە و وردە وردە خۆمان بەهێز دەکەین، ئەوە خاڵی یەکەم، ئـەوەی دوومیشـیان هەموو ئەو کەسـانەی کـە خێزانـدارن و نـاتوانن پێشـمەرگایەتی بکـەن، کـەس لـە ئێـران نەمێنێ، هەموویان بچنەوە کوردستانی عێراق و ناو کەسوکارەکانیان، خاڵی سێیەم ئـەو کەسانەی کە دەتوانن چەك هەڵگرن، بـە تایبـەتی ئەوانـەی کـە زگـورتین و ژن و ماڵیـان نییە، لە دەڤەری سلێمانی و هەولێر و کـەرکووك کـۆ بکرێنـەوە، وردە وردە لـە گرووپـی بچووك بچووك ڕێك بخرێنەوە، هەتا وەکوو حیسابێك بۆ خۆمان دەکـەین، خـاڵی چـوارەم کاغەزێك بنووسین بۆ سەدام حوسێن جا ئـەو بابەتـە کـەم کـەس دەی زانـی، ئـەوە بـوو

بڕیارمان دا لە خاڵی چوارەمدا کاغەزێك بۆ سەددام حوسێن بنووسین و بڵێین بابە جەنابی سەدام، ئێمە وەختی خۆی دۆست بووین، پێش ئەوەی ئێوە لەگەڵ مەلا مستەفا ڕێك بکەون، دوایێ لەگەڵ مەلا مستەفا ڕێك کەوتن، ئێمەش ناچار بووین لەگەڵ مەلا مستەفا ڕێك کەوتینەوە و بەیانی ئازارتان دەر کرد، ئێستاش ئێمە ڕازین بە دۆستایەتییەکەی کۆن زیندوو بکەینەوە، بەڵام بە مەرجێك بەیانی ئازار جێبەجێ بکرێت و پێش بخرێ، کاغەزەکەمان نووسی، مایەوە کاغەزەکە کێ بیبا بۆ بەغدا، گوتیان کەمال و کاك عەلی عەسکەری، کاك ئیبراهیم گوتی عەلی عەسکەری لەبەرئەوەی پێشمەرگە بووە و ڕەنگە خەڵك لەبن دەستی کوژرابێ و دەترسم بە غیابی حوکم و شتی وا درابێ ، بیگرن و ئیعدامی کەن، گوتیان با خالید و کەمال بچن، کاك خالیدیش ئامۆزامە (دکتۆر خالید). کاك ئیبراهیم گوتی ئەوجا بۆ دوو کەس بچێ، یەکێك بچێ بەسە، بەلای منەوە کاك کەمال بچێ و کاغەزەکە بەرێ و ئەنجامەکەمان بۆ بێنێتەوە، ئەوە بوو بڕیاردرا کاغەزەکە بنووسین ئەوە بوو، کاك ئیبراهیم نامەکەی نووسی و شەوێ جارێکی دیکە بەسەریدا چووینەوە، هەندێ گۆڕانکاریمان تێدا کرد، سبەینێ بڕیار بوو من بیبەم، وەڵڵا سبەینێ کاغەزەکەیان دا من، شەوێ گەلاوێژ خان، کە نانی بۆ هێناین زانی سبەینێ کە من دەڕۆمەوە بۆ بەغدا سبەی یان دوو سبەی، گوتی کەمال لە هەمووتان بچووکترە بۆ بۆ خۆتان یەکێکتان نەچوون بۆ کەمال دەنێرن؟ کاك ئیبراهیم گوتی کەمال لێپرسراوی بەغدا بووە، پێشتر خەڵك لە بەغدا دەناسێ، بەعسییەکانیش دەناسێ، لەبەر ئەوە یەکێکیش بچێ باشترە لەوەی دوو کەس، ئیدی بڕیار درا و سبەینێ من چووم، خزمێکی گەلاوێژ خان لە ماڵی وان دەخەوت، ناوی (هەڤاڵ) بوو، ئێستا دکتۆرە وا بزانم لە ئەمریکایە، هەڤاڵیان لەگەڵ من نارد بۆئەوەی بچم بۆ سەفارەتی عێراق لە تاران، هەڤاڵ گوتی من ناوێرم، چاودێریمان لەسەرە، من لەوبەری جادە دەڕۆم، تۆ لەدوو من وەرە، لەتەنیشتم مەڕۆ، گەیشتینە شوێنێك گوتی ئەو بینایەی بەرامبەرمان لەوبەری جادەی سەفارەتە، ئەو ڕۆیشت و منیش لە جادەی پەڕیمەوە و چوومە پرسگەکە، گوتم من پارێزەر کەمال محیەدینم جەماعەتی مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەدم، دەمەوێ بچمەوە بەغدا سەدام حوسێن ببینم، کابرا ئیستغرابی کرد، گوتی باشە، ئێستا سەفیر نەهاتووە، هەر بیست دەقەکی پێ چوو، دوو سێ ئۆتۆمبێل ڤڕ ڤڕ ڤڕ هاتن، گوتی ئەوە سەفیر هات، بیست دەقەیەکی پێ نەچوو لێم دووبارە

کردەوە، گوتی باشە ئەوە دەچم بە سەفیر دەڵێم، چووە ژوورەوە و کاغەزەکەی بۆ سەفیر برد، هاتەوە گوتی سەفیر دەڵێ بەخێربێ، بەڵام فوئاد عارف و دارا تۆفیقم لایە ئەگەر لای ئاساییە با بێ، گوتم ئاساییە هەردووکیان برادەرن و دەیانناسم، چووم کاك فوئاد و دارا تۆفیق هەردووکیان جەماعەتی مەلا مستەفا بوون، وا بزانم دارا نەرمە شیوعییەتییەکیشی هەبوو، بەڵام کاك فوئاد عارف دۆستی ئێمەش بوو، دۆستی مەلا مستەفاش بوو، چووم ئەوان دانیشتبوون قاوەیان دەخواردەوە، قاوەیەکیشیان بۆ من هێنا پاش چاك و چۆنی ئەوان هەڵسان، ئیبراهیم میدحەت جومعە سەفیری عێراق بوو لە تاران، هات و لەسەر کورسییەکە بەرامبەر من دانیشت، گوتی (**تفضل استاذ كمال**)، گوتم وەڵڵا ئێمە وەزعمان ئەوهایە، ئێمە جەماعەتی مام جەلال و مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەدین، دەمانەوێ کاغەزەك بۆ جەنابی سەدام حوسێن بۆ بەغدا بنێرین، کاغەزەکەش من دەیبەم، لەم دەقیقەیە سکرتێری یەکەم هاتە ژوورێ، ناوی (ویداد عیجام) بوو، ئەو ویداد عیجامە لەگەڵ من لە حقوق پێکەوە بووین، چاك و چۆنیەکی گەرممان کرد و ئەوە لەکوێی و تۆ لەکوێی و من لەکوێمە و ئاخیری سەفیر، گوتی دیارە یەکتر دەناسن؟ گوتی ئێمە برادەرین. گوتی ویداد کەی دەڕۆی؟ گوتی دووشەممە دەڕۆم، گوتم من کێشەم نییە. سەرەنجام دووشەممە لەگەڵ ویدادی هاتمەوە بەغدا، من چوومە ماڵی حاجی برام (حاجی محیەدین)، ئەوکاتە ماڵی لە بەغدا بوو، بۆ سبەینی (ڕەفیق پشدەری) هات بۆ لام و منی برد بۆ لای عەزیز تۆفیق، عەزیز تۆفیق بەڕێوەبەری هەواڵگری سەربازی سەددام حوسێن بوو، عەمید ڕوکن بوو و پیاوێکی سوورکەڵەی گەنج، زۆر ئیختیار نەبوو، گوتم بارودۆخەکە ئەوهایە، گوتی باشە منی برد بۆ لای بریکاری وەزیری بەرگری سەرۆکی ئەرکانی سوپا، ئەویش منی برد بۆ لای وەزیری بەرگری کاغەزەکەم دایێ، گوتی لە ماوەی (٣) ڕۆژ وەڵامت دەدەینەوە، ئەمن سەددامم نەدیت، نەیانهێشت بیبینم، کاغەزەکە گەیشت، کە گەیشتینە لای وەزیری بەرگری گوتی: (وین هذا صديقي علي عسكري). گوتم. (راح يجي إن شاءالله). ئیدی کاغەزەکەمان دایێ، پاش (٣) ڕۆژان کاك (تەها محیەدین) ناردی بە شوێنم (شوان)ی برازای یان خوارزایتی، شوان یەکێکی قەڵەو بوو، هات بە شوێنم بۆ ماڵەوە و گوتی خاڵم دەڵێ بێ بۆ لام، منیش چووم بۆ لای کاك تەها، منی بردە باخچەکە دنیا تەقریبەن بەهارێکی درەنگ بوو، گوتی کەمال ئێرە باشترە، ماڵی ئێمە لە ژوورەوە هەمووی

تەسجیلی لەسەرە، گوتی کاک کەمال، سەدام بە منی گوت، پێیان بڵێ بەخێربێنەوە و زۆر ئەحواڵیان بپرسە.. بێنەوە .. چی پێویست بێ ئەوەی دەکەین، من گەڕامەوە تاران و بە برادەرانم گوت، برادەران گوتیان ئێمە بڕیار دەدەین، مام جەلال و کاک ئیبراهیم نەیێنەوە، کاک عومەر و کاک عەلی و دکتۆر خالید و کەمال ئێوە بڕۆنەوە خەڵکەکەی تریش با بێتەوە، بەو بەرنامەیە ئێمە هاتینەوە، تەشویشاتی بەعسییەکان و هەندێ ئەندامانی دیکەی دوژمنی ئێمە و حیزبی شیوعی و چەکدارە کوردەکان، ئەوانە زۆر پروپاگەندە و درۆ و دەلەسەیان لەسەر ئێمە کرد، حکوومەت وردە وردە ئیشەکانی ئێمەی خاو کردەوە، ئیشەکانی کە ئێمە کردمان و کە لە نووسراوەکە نووسیمان جێبەجێ نەکرا، بە پێچەوانەوە هەموومانیان بۆ باشووری عێراق دوورخستەوە، کاک عومەریان نارد بۆ ڕومادی، کردیانە بەڕێوەبەری غابات، کە لە ژیانیدا هەر دارستانیشی لێ نەبوو، کاک هەمزە عەبدوڵڵا بەڕێوەبەری دارستانەکان لە سەماوە، کاک عەلی عەسکەری بۆ ڕوفاعی لە ناصریە و حەبیب نازانم بۆ کێ و کێ و منیشیان نارد بۆ "قورنە"، دوا خاڵی باشووری عێراق.

مامۆستا ئیبراهیم لە (١٩٤٧/٩/١٤) بوو بە ئەندامی پارتی دیموکراتی کوردی عێراق، لەگەڵ جەماعەتەکەی کە لەگەڵی بوون لە لقی (ژێکاف)، هەر لەو کاتەی لیژنەیەکی کاتیان هەڵبژارد بۆ کۆنگرەی سێ لە کەرکووك لە ماڵی عەلی حەمدی، کە مامۆستا ئیبراهیم بوو بەئەندامی سەرەکی ئەو لیژنەیە، کە بریتی بوون لە کاك ئیبراهیم و نووری شاوەیس و عومەر دەبابە و بەکر ئیسماعیل و حەمەدەمین مەعروف، ئەو لیژنەیە گەلاڵەی کۆنگرەی سێیان کرد، کۆنگرەی (٣) لە ساڵی (١٩٥٣) لە کەرکووك بەسترا، کە لەو کۆنگرەیە کاك ئیبراهیم بوو بە سکرتێری حیزب، کۆمەڵەك بڕیاریان دا، یەکێ لە بڕیارە هەرە گەورەکانی ئەوە بوو، ناوی حیزبیان گۆڕی، ئەوە زۆر گرنگە، ناوەکەیان لە (پارتی دیموکراتی کوردی عێراق) بۆ (پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق) گۆڕی، ئەمە خاڵی یەکەم، خاڵی دووەم بڕیاریان دا، کە مەلا مستەفا جاران جێگرەکانی هەبوو، جێگرەکان نەمان (شێخ لەتیف و کاکە زیاد)، لە هەمان کاتدا برادەران بڕیاریان دا، کە زۆر زۆر گرنگ بوو، گوتیان ئێمە پابەندین بە بیروباوەڕی مارکسی، بەلام هەر کاتێ بیروباوەڕی مارکسی لەگەڵ بەرژەوەندی میللەتی کورد تەعاروزی کرد ئێمە لەگەڵ بەرژەوەندی میللەتی کورد دەبین، کۆمەڵە بڕیارەکی تریان

دا، ڕێکخراوە کوردستانییەکانیان دروست کرد، لیژنەی چاودێری و پشکنینیان دروست کرد، ڕۆژنامەی (ڕزگاری)یان کرد بە ڕۆژنامەی (خەبات)، بە ڕێکوپێك ئیشوکارەکانی خۆیان کرد، بەڵام پشکی شێر لەوەدا بۆ مامۆستا ئیبراهیم دەگەڕێتەوە، لێرە لەو خاڵەیە، کە نەیهێشت پارتی ببێتە دەستکردی حیزبی شیوعی عێراقی، کە ئێستاش ئەگەر کاك ئیبراهیم نەبوایە، ئەوا ئێمەش وەکوو حیزبی شیوعی عێراقی لەو ڕەوشە خراپەدا دەبووین، کە هەیانە.

ئەگەر باسی ڕێکخراوەکانیش بکەین، وەکوو قوتابییان، لاوان، جووتیاران، ئافرەتان، کرێکاران، ئەم ڕێکخراوانەی دروست کردووە، خۆشی سەرپەرشتی پرۆگرامی ڕەسمی کردووە.

هەندێك لەو شتانەی دەنووسرێن، هەمووی ڕاست نییە، لە کوردستانی نوێ گوێم لێ بوو گوتیان مامۆستا ئیبراهیم پارتی دیموکراتی کوردستانی دروست کرد، ئێ وا نییە خۆ ئەوە لە کاك ئیبراهیم کەم ناکاتەوە، بە پێچەوانەوە ئێمە ئەگەر شتێکی ناڕاست لە مێژووی کاك ئیبراهیم بڵێین، خەڵك وا لێك دەداتەوە شتەکانی تریش ناڕاستن، بۆیە دەبێ ڕاستییەکان بڵێین، بۆ نموونە یەکێتی قوتابیانی کوردستان، یەکێتی ئافرەتان، یەکێتی جووتیاران، یەکێتی کرێکاران، ئەوە هەمووی دروست بووە، مەکتەبی سیاسی لە کۆنگرەی (٣) بریاری لەسەر داوە، هەر یەکە بەرپرسیارێتی تایبەتی خۆی بۆ داندراوە، بۆ نموونە لە ساڵی (١٩٥٣) مام جەلال لە بەغدا لە ماڵی (قادری کاکە زیاد)ی (یەکێتیی قوتابیانی کوردستان)یان دروست کرد، (یەکێتیی مامۆستایانی کوردستان)یش لە کۆنگرەی (٩) لە شەقڵاوە لە ساڵی (١٩٥٩) دروست بوو، کە مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد ئامادە بوو، منیش لە کۆنگرەکە وەکوو نوێنەری قوتابییان ئامادە بووم، هی مامۆستایان، کرێکاران هەروەتر، سەرۆکی ڕاستەوخۆی کرێکارانی ئێمە ئەو وەختی جەنابی کاك (عەباس حوسێن) و (جەلال عەبدولڕەحمان) بوون، ئەوە هەموو بە ڕێنوێنی و ئاڕاستەکردنی کاك ئیبراهیم و مەکتەبی سیاسی بووە، بەڵام هەر یەکە بەرپرسیارێتی خۆی هەیە، خۆ کاك ئیبراهیم نەچووە ئەوان کۆ کاتەوە و دایاننێ، ئیشیان پێ بکا.. نەء مەکتەبی سیاسی بڕیاری دەدا، ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی یان ئەندامێکی لیژنەی مەرکەزیان دەکرد بە لێپرسراو و ئەو دەچوو ئیشەکانی دەکرد، لەبەر ئەوە ئەو ڕێکخراوانە هەمووی دروست بوون، ڕێکخراوی جووتیاران مەلا عەبدوڵڵا کە پێیان دەگوت

(مەلا ماتۆڕ)، ئەو سەرپەرشتی ڕێکخراوی جووتیارانی دەکرد، گۆڤارێکیان دەر دەکرد بە ناوی (نرکەی جووتیار). حیزبی شیوعی لە هەموو بوارەکان دژی ئێمە بووە، بۆ نموونە بە یەکێتیی مامۆستایانی کوردستانیان دەگوت یەکێتیی مامۆستایانی قلیاسان جا ئیهانەیان دەکردین، گاڵتەیان پێ دەکردین، **لەبەر ئەوە مامۆستا ئیبراهیم دەورێکی باڵا و سەرەکی هەبوو بۆ پاراستن و گەشەکردنی ڕێکخراوەکانی کوردستانی هەروەها پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق، نەیهێشت ببێت بە پاشکۆی حیزبی شیوعی عێراق، ئەوەش دەبێت کورد شانازی پێوە بکات، دەبێت هەموو ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی و لیژنەی مەرکەزی و جەماعەتی ماڵی مەلا مستەفاش و جەماعەتی یەکێتیی نیشتیمانیش، لەگەڵ حیزبەکانی تری کوردستان، دەبێ ئەو ڕاستییە بزانن، ئیبراهیم ئەحمەد نەبا ئەو یەکێتییە دروست نەدەبوو، ئەو حیزبی دیموکراتی کوردستانە گەشەی نەدەکرد، دەبوون بە کلکی حیزبی شیوعی عێراق.**

کاتێك عەبدولکەریم قاسم شۆڕشی کرد، مەلا مستەفا لە مۆسکۆ برووسکەیەکی بۆ عەبدولکەریم قاسم لێدا و تەئییدی شۆڕشەکەی کرد، عەبدولکەریم قاسم بۆ سبەینێ وەڵامی مەلا مستەفای داوە، دەڵێ زۆر سوپاست دەکەم، خۆت ئامادە بکە حەز دەکەین بێیتەوە، مەلا مستەفا بڕیاری دا بێتەوە، مەکتەبی سیاسیش ڕازی بوون لەسەر ئەوە و پێشیان خۆش بوو، کە مەلا مستەفا بێتەوە، کە ڕۆژی هاتنەوەی مەلا مستەفا دیاری کرا، لیژنەیەك دروست کرا لە مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد، نووری ئەحمەد تەها، عوبێدی کوڕی مەلا مستەفا، شێخ بابۆ، شێخ صادق، ئەو پێنج کەسە چوون بۆ براغی پایتەختی چیکسلۆفاکیا، مەلا مستەفاش بە فڕۆکە هاتە براغ، جا بزانە مامۆستا ئیبراهیم چەند زیرەکانە بیر دەکاتەوە، بە بێ ئەوەی بە هیچ کەس بڵێ بە بێ ئەوەی هیچ کەس بزانێ، مامۆستا ئیبراهیم لەگەڵ هاوڕێکانی پێشوازییەکی گەرمی مەلا مستەفایان کرد، لە براغ بە مەلا مستەفای گوت کاتی خۆی ئێمە لەگەڵ (جەمال عەبدولناسر) باسی ئەوەمان کردووە، ئەگەر یەکێتی عەرەبی کرا، کورد دەبێ ڕۆڵی چ بێ، لەگەڵ بەعسییەکانیش قسەمان کردووە، ئەوان ڕای جەمال عەبدولناسریان لا گرنگە، گوتی حەز دەکەم ئێمە لە ڕێگای میسرەوە بگەڕێینەوە، جەمال عەبدولناسر ببینین، ئەمە خەڵك نایزانێ، هەتا مام جەلال لە کتێبەکەیدا ئەوەی باس نەکردووە، دەڵێ ئەوان چوونە و مام جەلالیان لەگەڵ نەبوو، لە میسر جەمال عەبدولناسریان دیت، دۆزی کوردییان بۆ باس کرد، دوای ئەوە

ماموستا ئیبراهیم شته کۆنەکانی بە بیر ناسر هێنایەوە، لەگەڵی ڕێك کەوتن و ئیدی گەڕانەوە بەغدا، کە گەڕانەوە بەغدا لە بەسراوە خەڵك بە پێیان پێشوازی لە مەلا مستەفا کرد، هەتا دەگەیشتنە بەغدا، لە بەغداش نزیکەی هەفتەیەك تا دە ڕۆژ لە دەوروپشتی ئوتێلەکەی (سەمیر ڕامز)، کە مەلا مستەفای لێ دابەزیبوو، هەمووی ئاهەنگ و فیستیڤال و خۆشی بوو، وردە وردە ئیشوکار کرا، مەلا مستەفا ئاشنایەتی تەواوی لەگەڵ هەموو برادەرانی حیزب پەیدا کرد زۆری پێ خۆشبوو برادەرانیش دەیان پەرست لە واقیعدا، شیوعییەکان دەیانگوت مەلا مستەفا شیوعییە، ئێمەش دەمانگوت مەلا مستەفا سەرۆکی حیزبە، یانی پارتییە، لە کۆتایی حیزب بڕیاری دا، کە داوای مۆلەتی فەرمی بکا لە عەبدولکەریم قاسم وەکوو لە سەرەتا باسم کرد، دەستەی دامەزرێنەر مەلا مستەفا و کاك ئیبراهیم و کاك عومەر و ئەوان بوون، نووسراویان دا حیزبەکەیان دروست کرد، ئیدی کۆنگرەی (٥)یان بەست، لە کۆنگرەی پێنج ئەمن ئامادە بووم، کۆنگرەکە لە بەغدا لە شەقامی (سەعدون) بەسترا، وا بزانم لەماڵی کابرایەکی ئەرمەنی بوو، بە کرێمان گرتبوو، لەوێ مەلا مستەفا وەکوو سەرۆکی حیزب هات، لەهەندێ لە برادەرانی حیزب عاجز بوو، لە مەلا عەولا و مەجید گورگول و فلان، ئەوە هەندێ ناخۆشی دروست کرد، بەڵام مەلا مستەفا بەڕاستی گوتی ئەگەر بەقسەی من کارناکەن ئێوە بۆ خۆتان بە تەنها ئیش بکەن، منیش لەگەڵ عەبدولکەریم قاسم ئیش دەکەم یاخود دەبێ هەموو شت بە ڕای من بێت، وا نەبێ من لەگەڵ عەبدولکەریم ئیشی کوردایەتی دەکەم، ئێوەش بۆ خۆتان لەگەڵ میللەت ئیشی کوردایەتی بکەن، قسەکەیان دا دەنگدان بەشی زۆری خەڵکەکە گوتیان نا مەلا مستەفا دەبێ سەرۆکی حیزب بێ، مەلا مستەفا چ بڵێ ئێمە وا دەکەین، مەلا مستەفا بوو بە سەرۆکی حیزبی ئاشکرا، ئیشوکارەکان چەسپێنران و مەکتەبی سیاسی کاری خۆی دەکرد، کاك ئیبراهیم و کاك عەلی عەبدوڵڵا و کاك عومەر دەبابە لە مەکتەبی سیاسی لە (بەتاوین) لە بەغدا، ڕۆژانە دەوامیان دەکرد، ئیشوکارەکانی حیزب تەواو بوو هەتا وەکوو گەیشتینە کۆتایی ئەوەی، کە شەڕ دەست پێ بکات، لەگەڵ عەبدولکەریم قاسم تێك چوون و خەڵك گەڕایەوە کوردستان. پێش دەنگدان لەسەر قسەکەی جەنابی بارزانی ماموستا ئیبراهیم ئەحمەد ووتی:

هەردەم کاری حیزبایەتی بە ڕای زۆرینەیە، کە ئیشـەك دەکـرێ بـە دەنگـی زۆرینـە دەکرێ، بـەڵام تـەوەری سـەرەکی لـەناو حیـزب بـۆ دروسـتکردنی ڕای زۆرینـە مامۆسـتا ئیبراهیم بوو، بەشی زۆری برادەرانی مەکتەبی سیاسـی لارییـان نـەبوو لەگـەڵ ڕێچـکە ە ئاڕاستەی حیزبی شیوعی بڕۆن، **مامۆسـتا ئیـبراهیم پێـی داگـرت گـوتی: ئـەوان ئەگـەر دەڵێن ئێمە مارکسینە، ئێمەش دەڵێین مارکسین، بەڵام ئێمە ناڵێین ئەگەر لەگەڵ مـافی میللـەتی کـورد یـەکی نەگرتـەوە لەگـەڵ مارکسـییەت دەڕۆیـن و بـە مارکسـییەتەوە دەنووسێین و واز لە مافی میللەتی کورد دەینین، نا.. ئێمە مافی میللـەتی کـورد پـێش مارکسـییەت دادەنـێین، کـاك ئیـبراهیم بـەم ڕەئیـە ئەصـلەن مارکسـییەتی شـێواند، مارکسییەتی تێك دا، چونکە مارکسییەت داوای ئەوە دەکا ئەگەر هەر وڵاتێك یان مافی هەر میللەتێك یەکی نەگرتەوە لەگەڵ مارکسییەت و لینینییەت، دەبـێ مارکسـییەت و لینینییەت پێشکەوێ و واز لە مافی ئەو میللەتە بێنن،** کـاك ئیـبراهیم گـوتی ئێمـە ئـەوە ناکەین، مافی میللەتی کورد چ بێ ئێمە بەدوای ئەوە دەکەوین، بەڵام ئێمـە مارکسـینە و بـا هـەمزە عەبـدوڵڵا و برادەرانـی بـە خۆیـان دەڵـێن ئێمـە مارکسـینە، ئێمـەش دەڵـێین مارکسـینە، ئەگـەر بـە قسـە بـێ ئێمـەش مارکسـین، بـەڵام ئێمـە مـافی میللـەت پـێش مارکسییەت دادەنێین، ئەمە خاڵی سەرەکی بوو، کە کاك ئیبراهیم وەکوو شۆڕشێك لەناو بزووتنەوەی کوردی دروستی کرد، دوایێ کاك ئیبراهیم پیاوێکی ئازا بوو، دوو جار لەسەر مەسەلەی کوردی درایە دادگای عورفی، جارێکیان لەسەر ئـەوەی ڕۆژنامـەی (جمهـوری) نووسی: "کورد ئوممەت نییە، کورد کەمینەیەکی نەتەوەییە، کاك ئیـبراهیم وتـارێکی لـە (خەبات)دا دژی ئەو وتارە نووسی. لەسەر ئەوەی کاك ئیبراهیم گوتی کـورد نەتەوەیـە و مافی چارەی خۆنووسینی هەیە و هیچ کەسێ ناتوانێ ئەوە ڕەت بکاتەوە، بۆیـە ئێمـە تـا مـردن خـەبات لـەپێناو ئـەو ئامانجـە دەکـەین، لەسـەر ئـەو ئەساسـە ڕەوانـەی دادگـای عورفیان کرد، دادگاکەش مەسەلەکەی دا بە لیژنەی تەحکیم، لیژنەی تەحکیمەکە پیاوی باش بوون، یەکێکیان (مەسعوود محەمـەد) کـوڕی مـەلای گـەورەی کۆیـە بـوو، لیژنەکـە بڕیاریان دا گوتیـان ئـەم وتـارەی ئیـبراهیم ئەحمـەد نووسـیویەتی هـیچ تـەعاروز لەگـەڵ بەرژەوەندی عێراق تەعاروز ناکات و هیچ پەیوەندی بە مەسـەلەی جیابوونـەوەوە نییـە، لەبـەر ئـەوە پێویسـتە ئیفـراج بکرێـت، جـارێکی دیکـە حیزبـی شـیوعی لـە سـەردەمی عەبدولکەریم قاسم، شکاتیان لە کاك ئیبراهیم ئەحمـەد کـرد، گوتیـان ئیـبراهیم ئەحمـەد

دەیەوێ کوردستان بخاتە ناو یەکێتیی عەرەبی و لەگەڵ عێراق نەمێنێ، هەرایەکی گەورە ڕوویدا، دیسان کاك ئیبراهیمیان ڕەوانەی دادگای کرد، هەر خوا کاك ئیبراهیمی ڕزگار کرد، چونکە کەس نەبوو لەسەری ئیسپات بکات، دیسان کاك ئیبراهیم ئیفراج کرا، دوایێ لەساڵی (١٩٥٢) دوو ساڵ حوکم درا، لەبەر ئەوەی کاك ئیبراهیم لە سلێمانی بەرگری لە مافی جووتیارەکانی شارەزوور دەکرد، یەکێ لە ئاغاکانی سلێمانی شەوێ دوو کەسی نارد، لەبەردەمی ماڵەکەی خۆی کە دەگەڕایەوە ماڵ لە درەنگی شەو سەعات (١٢ و ١)، کاك عومەر گوتی کە کاك ئیبراهیمم لەبەردەم دەرگای خۆیان دانا، من ڕۆیشتم، هەر دوای چەند چرکەیەکی کەم تەقەی سێ دەمانچە هات، گوتی منیش بیرم کردەوە گوتم وەڵڵاهی دەنگی ئەو دەمانچەیە، دەترسێم لەبەر دەرکی لای ماڵی کاك ئیبراهیم بێت، بۆیە یەکسەر گەڕامەوە، تەماشا دەکەم کاك ئیبراهیم کەوتووە و خوێنی لەبەر دەڕوا، گوتی بەپەلە بردمە خەستەخانە هەتا نەزیفەکەیان ڕاگرت، ئەگەر نا کاك ئیبراهیم دەمرد، کاك ئیبراهیم زۆر قوربانیدەرە. کاك ئیبراهیم دوو ساڵ لەئەشکەوتی (مالومە) لەسەر یەك تاك بەتانیە دەنووست و لایەکیشی بەخۆیدا دەدا، ئەو و کاك نووری شاوەیس و کاك عەلی عەبدوڵڵا هەرسێکیان لە ئەشکەوتێکی (مالومە) بوون، ئەشکەوتەکە ڕووبەرەکەی دوو مەتر و نیو بوو، هەر یەکە بەتانییەکیان هەبوو، یەکی لایەکیان بەخۆ دادەدا لایەکیش لەسەری دەنووستن، کاك ئیبراهیم گەورەترین قوربانی بوو لەناو بزووتنەوەی کوردی لە کوردستانی عێراقدا و خزمەتێکی زۆری بزووتنەوەی کوردی کردووە لە کوردستانی ئێراندا، هەتا لە کوردستانی سوریا و لە کوردستانی تورکیا.

یەك شت بگێڕمەوە، کە خەڵك نایزانێت، دارودەستەی حیزبی بەعس پێش ئەوەی بێنە سەر حوکم، ئێمە لەگەڵیان ڕێك بووین، ئەوە لە ساڵی "١٩٦٣"، دواتریش کە شکستیان خوارد و ڕووخان، لە ساڵی "١٩٦٨" جارێکی دیکە دەسەڵاتیان گرتەوە دەست، دیسانەوە هەر دۆستایەتیمان هەبوو، هەڵبەتە ئەوان لە "١٧"ی تەمووزی ساڵی "١٩٦٨" کودەتاکەیان بە سەرۆکایەتی (عەبدولڕەزاق نایف) قۆستەوە، دوایێ بەعسییەکان ئەوجارە لە "٣٠"ی مانگ کودەتایەکی دیکەیان لەسەر (عەبدولڕەزاق) کرد، بوونە حاکمی وڵات، لە (١٣)ی ئاب ئێمە وەکوو حیزبی دیموکراتی کوردستان، باڵی مەکتەبی سیاسی ئیشمان دەکرد، چووین و ئەوانمان لە (کۆشکی کۆماری) دیت، بزانە

کاك ئیبراهیم چی پێ گوتن، لە کۆبوونەوەکەی نێوانمان کە سەددام و عەبدوڵڵا سـەلووم عەمماش بوون وا بزانم محەمەد مەیشاتیش بوو، کاك ئیبراهیم پیرۆزبایی لێ کردن، گوتی هاتنەوە سەر حوکم، ئینشائەڵڵا خێردارە، **گوتی بەڵام ئەمن یەك شتتان لێ داوا دەکەم، ئێوە یاری بە ئێمە مەکەن، ئەوە مەلا مستەفاییە و ئەوە مام جەلالییە و ئەوە فـلان و فلانە، ئێوە حەقی میللەتی کورد بدەن بە هەر لایەك پێمـان خۆشـە** و ئێمـە لـە عێـراق نامێنێین، ئێمە قوربانی بە خۆمان دەدەین ماڵ و منداڵمان هەموومان دەچینە دەرەوە، بەڵام مافی میللەتی کورد بچەسپێنن، ئێمە نەهاتووینە ببین بە وەزیر، ئێمـە نەهاتوویـنـە کۆشك و تەلارمان بدەنێ، ئێمە نەهاتووینە باخچـە و زەوی کشـتوکاڵیمان بـدەنێ، ئێمـە دەمانەوێ مافی میللەتی کورد بچەسـپێ بـە حـوکمێکی فیـدرالی قـەومی، سـەدام گـوتی (بـارك اللە بیـك)، بـەڵام دوایـێ ئیشـەکە وای لێهـات و خروقـات و بـەدوای کورسـی و پارەوپوول و ئەملا و ئەولا.

مامۆسـتا ئیـبراهیم باسـی ئـەوە دەکـا، کـە ئـەو وەختـە مـەلا مسـتەفا لەگـەڵ هەڵگیرساندنی شۆڕش نەبوو، مامۆستا ئیبراهیم خۆشی باسی دەکا، کە ئەو لەگەڵ کـات و ساتی هەڵگیرسانەکەدا نەبووە، بەڵام ئیتر ئـەو واقیعـە ناچـار بـوون دوای ڕووداوەکـان کەون، مامۆستا ئیبراهیم بۆچی لەگەڵ هەڵگیرساندنی شۆڕش نەبوو لەو سـات و کاتـەدا، ئێمە دەبوا (عەبدولکـەریم قاسـم) بناسـین، دەزانـن بـۆ ئێمـە پەیوەندییـەکانمان لەگـەڵ عەبدولکـەریم قاسـم تێـك چـوو..؟ هـەروەها بـۆ بـوو بـە شـەڕمان و هـۆی هەڵگیرسـانی شۆڕشی ئەیلوول چی بوو ...؟ من ئەو کاتە ئەفسەر بووم، شەوی (١١)ی ئەیلوول ئێمـە لە هەولێر بووین، لە لیوای (٣) و لیوای (١٤) بە هـەموو تـەرتیباتی عەسـکەری ئێمـەیان بردە گوندی (تەکیە) لەسـەر ڕێگـای سـلێمانی، نزیـك دەربەنـدی (بازیـان)، ئـەو هـەموو عەسکەرە چووینە تەکیە، من لەم تەرتیباتی عەسکەرییە، سەر بـە سـریەی (١٦) بـووم، ئێمە هەر کە دابـەزین، نووسـتین، هـەموومان (٢٢) ئەفسـەری کـورد بـووین، هـەموومان لەناو خەیمە زیندانی کراین، نەمانزانی لەسەر چییە، سبەینێ گەردی بەیانی سەعات (٤) تۆپە دوورهاوێژەکانی (خەمسە خەمسە) لێی دەدا، ئێمـە شـتی وامـان نـەدیت بـوو، مـن مەدفـەعی وام گـوێ لێ نـەبووە، هـەموومان ڕاپـەڕین، ئەوبـەر و ئەوبـەری شـاخەکەی تەکیەیان بۆردوومان دەکرد، نزیکەی هەتا سەعات (١١)، عەشایرەکان لەوبەر و ئەوبەری تەکیە نەمان، جادە کراوە، چونکە عەشـایر گرتبـووی، ئەمـە سـەرەتای جوولانەوەکـەی

عەشایری شۆڕشی ئـەیلوول بـوو، لەوبـەرە عەشـایر بـوو.. لەوبـەرەش عەشـایر بـوون.. پێشمەرگە و شت نەبوون، عەشـایرەکان، عەشـایری دەڤـەری ڕانیـە و بیتـوێن و کۆیـە و دەشتی کۆیە و ئەوانە، هەموویان هەڵاتن، سەعات (یەك و نیو) ئێمە چووینە سـلێمانی و نزیکەی چەند سەعاتەك ماینەوە، سوپاکە کشایەوە، لێرەدا عەبدولکـەریم قاسـم هەڵـەی کرد، چونکە بە نەمانی عەشایرەکان وەنەبوو وازبێنێ، چووە سلێمانی و ڕانیە و کۆیـە و ناوچـەکانی تـر، خـەڵکیان کوشـت، مەکتـەبی سیاسـی ناچـار بـوون بـیر لـەو بارودۆخـە بکەنەوە.

مـن لـەو کاتـەی عەبدولکـەریم قـاسمم سـەرۆکی وەزیـران بـوو دوو جـار دیـتم، عەبدولکەریم قاسم پیاوێکی نیشتیمانپەروەر بوو، دۆستی کورد بوو، یەکەم کـەس لـەناو لێپرسراوانی عەرەبدا .. لە عێراقدا.. لەدەستووری ڕەسمـی گـوتی کـورد و عـەرەب لـەم عێراقـە شـەریکن، لـە مـاددەی (٣)دا، ئەمـە گەلـەك گەورەیـە، تـا ئێسـتا کـەس وای نەگوتووە، هەتا ئەم شیعانەی، کـە ئێسـتا ئێمـە شـەو و ڕۆژ دوعایـان بـۆ دەکـەین خـوا موەفەقیان بکا، کەسێك نەیگوتووە کورد و عـەرەب هاوبەشـن لـەم وڵاتـە، عەبدولکـەریم قاسم وای گوت، لە دەستووردا جێگیری کرد، بـەڵام دوژمنـانی گـەلی عێـراق و ئەفسـەرە کۆنەپەرسـتەکان لەلایـەك و حیزبـی شـیوعیش لەلایـەکی تـر، ئـەوانیش بـوون بـە هـۆی فراوانکردنی کێشەکان، مەکتەبی سیاسی ناچار بوو بڕیاری پاراستنی کوردستان بدات لە هێرشەکانی سوپای عێراق و شەڕ دەستی پێ کرد.

حوسـێن جـەمیل وەزیـری داد لـە سـەردەمی عەبدولکـەریم قـاسمیش لەگـەڵ کـاك ئیبراهیم و کورددا پەیوەندی هەبوو، دەیزانی کورد چی دەوێ و چی ناوێ، عەبدولکەریم قاسـم پێـی گوتـووە لـە مـاوەی (٢٤) سـەعاتدا ڕەشنووسـی دەسـتوورم بـۆ بکـەی، کـە سکرتێری حیزبی وەتەنی دیموکراتی بوو، گەورەترین و باشترین حیزبی عێراقی بوو، کە بـوو بـە وەزیـری داد، شـەوێ لـە مـاوەی (٢٤) سـەعات لەگـەڵ جەماعەتەکـەی خۆیـان ڕەشنووسەکەی دەستووریان دانا.

لە ساڵی "١٩٢١"ەوە کە عێراق دروسـت بـووە هـەتا ئێسـتا دەسـتوورێك وەك ئـەو دەستوورەی عەبدولکەریم دانەنراوە، کەسـێك برووسـکەی نەنووسـیوە بـۆ عەبدولکـەریم ئەوەمان دەوێ، سیغەی دانانی شـەریکایەتییەکە لـەناو ئێمـە بـاو نـەبوو، بـەڵکوو لـەناو ئێمە حوکمیزاتی هەبوو، حوکمیزاتیمان کردبووە دروشمی خۆمان.

داوای فیدرالیەتی ئیداریمان دەکرد، پاشان **فیدرالیەتی نەتەوەییمان داوا دەکرد،** ئێستا نازانم برادەران داوای چ دەکەن، ئەمن تێناگەم.. ئێستا هەر خەریکی پارە و خۆ دەوڵەمەندکردنن.

کاک ئیبراهیم ئەحمەد پەیوەندیی زۆر باش بوو لەگەڵ ڕەحمەتی کامل جادرجی و حوسێن جەمیل کە سەرۆك و سکرتێری حیزبی (وەتەنی دیموکراتی) بوون، کە بە گەورەترین و باشترین حیزبی عێراقی دەناسرا، زۆریش دۆستی کورد بوون، هەر هەمان حیزب لە رێگای سکرتێرەکەی، پارێزەر حوسێن جەمیل ڕەشنووسی دەستوورەکەی عەبدولکەریم قاسمی دانا، لە سەرەتای تەمووزی (١٩٥٨)، کە لە مادەی (٣)ی دەستوورەکە، گوتویەتی کورد و عەرەب شەریکن لەم عێراقە، بێگومان کاك ئیبراهیم ئەحمەد ڕۆڵی هەبووە لە دانانی ماددەی (٣)دا، چونکە هەمیشە کاك ئیبراهیم پەیوەندیی دۆستانە و بیروباوەڕی هەبووە لەگەڵ حوسێن جەمیل و کێشەی کوردستان و داخوازییەکانی گەلی کوردی بۆ باس کردوون.

ئەوەشمان لەبیر نەچێت، کە عەبدولکەریم خۆی داوای کردبوو لە حوسێن جەمیل لە ماوەی (٢٤) سەعات (رەشنووسی دەستووری کاتی) بۆ دابنێت، حوسێن جەمیلیش بەم جۆرە دەستوورەکەی نووسی بوو، کە هەموو عێراقییەکان پێیان خۆش بوو، دیسان نووسینی ماددەی (٣) لە دەستوورەکەی عەبدولکەریم قاسم، بەرهەمێکی دیکەیە لە بەرهەمەکانی مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد.

دیارە پاش ئەم دەستوورەی عەبدولکەریم قاسم نەك دەستوورێکی دیکەمان نەدیت بەم جۆرە باشە، باسی کورد بکات، ئەوا دەبینین کاربەدەستانی عێراق ڕۆژانە لە هەوڵدان بۆ بچووك کردنەوەی حکوومەتەکەی هەرێمی کوردستان و تەعریبکردن و نان بڕینی مووچەخۆران و نەناردنی شایستە داراییەکان و تەسککردنەوەی دەسەڵاتەکانی کورد لە هەموو دەزگاکانی عێراق، هەر ئەوەندە ماوە ڕۆژێك دەسەڵاتی زیاتریان هەبێت، هەرێمەکەی کوردستان تێك بدەن و هەولێر و سلێمانی و هەڵەبجە و گەرمیان داگیر بکەن، وەك کەرکووك و خانەقین و ناوچە کوردستانییە داگیرکراوەکان، بەلام قسەیەکی عەرەبی هەیە دەڵێت: (إتق شر من أحسنت إليه)، ماناکەی دەڵێت (بترسە لە خراپە و شەڕی ئەو کەسانەی کاری باشت بۆ کردوونە). بەڕاستی ئەم قسە و فەرموودە عەرەبییە لەسەر کاربەدەستانی عێراقی ئیمڕۆ زۆر بە زەقی دیارە و جێبەجێ دەبێت.

بەڵی بە یارمەتی هاوپەیمانان "سـەدام حسـین"مان ڕووخانـد، کـارێکی بـاش بـوو، بەڵام ڕێگەدان بە خزمەتکارانی بێگانـە و چڵکاوخۆرانی دەوروبـەر و نەخوێنـدەوار و بـێ بەها.... بۆ ئەوەی دەسەڵات بگرنە دەست بە ناوی دین، بە ڕاستی کارێکی خـراپ و پـڕ لە مەترسییە، ئیتر بەسە تکایە کچی خۆتان بە قوربـانی کـوڕی کـەس مەکـەن، زۆربـەی زۆری نیشتیمانپەروەرانی عێراق مەدۆڕێنن لەپێناو دز و درۆزن و دوژمنانی عێراق.

هەر وەکوو لەپێشەوەش باسمان کرد مامۆستا ئیبراهیم دەورێکی سەرەکی هەبووە لەدەست نیشانکردنی مافە ڕەواکانی گـەلی کـورد لـە کوردسـتانی باشـوور، هەنـدێ لـەم ڕاستیانەی خوارەوە ڕوون و ئاشکران بۆ هەوڵەکانی کاک ئیبراهیم:—

١. لە ساڵی (١٩٣٧) لە نامیلکەی (الكرد والعـرب) بـە دوورودرێـژی باسـی میللـەتی کوردی کردووە وەکوو ئومەتێکی خاوەن مافی چارەنووس لە کوردستانێکی ئازاد.

٢. لە ساڵی (١٩٤٥) بووە بە لێپرسراوی ڕێکخستنەکانی حیزبی (ژیانەوەی کـورد)، واتە (ژ. ك) بە سەرۆکایەتی ڕابەڕی کۆماری مەهاباد شەهید قازی محەمەد لە سلێمانی.

٣. لـە سـاڵی (١٩٤٧) پـاش ڕووخـانی کۆمـاری مـەهاباد بـووە بـە ئەنـدامی پـارتی دیموکراتی کوردی عێراق، لێپرسراوی لقی سلێمانی ئەم حیزبە، کە ئامانجی یەکەم لێـی بەدەستهێنانی مافی چارەنووس بووە بۆ گەلی کورد.

٤. لە کۆنگرەی (٣)ی پارتی بووە بە سکرتێر، کە داوای مافی چارەنووسی کردووە بۆ گەلی کورد.

٥. لـە سـاڵی (١٩٥٨) ڕۆڵـی سـەرەکی هـەبووە لـە چەسـپاندنی مـاددەی (٣)دا لـە دەستووری عێراقی لە سـەرەتای شۆڕشـی (١٤)ی تـەممووزی (١٩٥٨) بـە سـەرۆکایەتی عەبدولکەریم قاسمی نەمر.

٦. لەسەر داکۆکیکردن لە نەتـەوەی کـوردی و کوردسـتان و مـافی چـارەنووس لـە ساڵی (١٩٥٩)، دراوە بە دادگای عورفی.

٧. لە ساڵی (١٩٥٩) دیسان لەسەر داکۆکی کـردن لەپاراسـتنی قـەوارەی کـوردی و مافی چارەنووسی میللەتی کورد، لەکاتی دروستکردنی یەکێتیی عەرەبی لـەنێوان میسـر و عێـراق و سـوریا، دراوە بـە دادگـا، کـە شـیوعییەکانی عێـراق تاوانباریـان کردبـوو بـە جوداخواز.

٨. دووربەدوور پاڵپشتی مام جەلال و کاك (عومەر دەبابە و عەلی عەسکەری و دکتۆر خالید و کەمال محیەدین) بووە لە بیرۆکەی بەردەوامی شۆڕش و دروستکردنی یەکێتیی نیشتیمانی کوردستان.

مامۆستا ئیبراهیم یەکەم کەس بوو لەسەر مەسەلە و بابەتی فیدرالیەت و مافی چارەی خۆنووسین و سەربەخۆیی کوردستان، لە کۆنگرەی (کۆیە)، لە ساڵی (١٩٦٣)، کە وەفدیان هەڵبژارد لەگەڵ بەعس قسە بکا، مەکتەبی سیاسی بە سەرۆکایەتی کاك ئیبراهیم بڕیاریاندا ئۆتۆنۆمی قەومی بۆ کورد یەعنی فیدرالیەتی قەومی سیاسی نەك ئیداری، ئێستا ئەو شتەی لە دەستووری عێراقی هەیە کە دەڵێ (هەرێمی کوردستان) ئەو هەرێمە ئیدارییە نەك سیاسی و نەتەوەییە، ماددەی (١١٦) لە دەستووری عێراق دەڵێ ئەقالیم و محافظات لا مەرکەزیە و ئیدارات محلیە.

مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد سەبارەت بە چاکسازیی کشتوکاڵی ڕۆڵێکی گرنگی هەبووە، کە کێشەی لە نەیارەکانەوە بۆ دروست بووە، زۆر زۆر لایەنگیری جووتیار بووە، یەکێك بووە لەو کەسانەی، کە دەیگوت دەبێ کوردستان لەپێشەوە گرنگی بە کشتوکاڵ بدات، چونکە کشتوکاڵ نەوتی هەمیشەییە، نەوت میقدارێکە لەبن زەوی دەری دێنین، ڕۆژێك دێ تەواو دەبێ، بەڵام کشتوکاڵ تەواو نابێ، بۆیە دەبێ ئێمە بایەخ بە کشتوکاڵ بدەین. هەروەها بایەخ بەو کەسە بدەین، کە کشتوکاڵ دەکا، ئەویش جووتیارە، لە نووسینی یەکەم لاپەرەی گۆڤاری (نرکەی جووتیار)، هەموو جارێ کاك ئیبراهیم دەینووسی، دەربارەی بایەخی کشتوکاڵ و بایەخدان بە جووتیار و نەهێشتنی ڕژێمی دەرەبەگی بوو، هەر لەبەرئەوەش هەندیك لە ئاغاکانی سلێمانی تەقەیان لێ کرد و ویستیان بیکوژن. کاتێکیش شۆڕش هەڵگیرسا، مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد بە دائیمی لەناو شۆڕشدا بوو، پێش ئەوەی مفاوەزات دەست پێبکا لە ئەشکەوتی (مالومە) بوو، هەر لە ئەشکەوتەکە دەنووست. ماوەی (٢) ساڵ مامۆستا ئیبراهیم ناوی نهێنی (مامۆستا قادر) بوو، کە بزووتنەوەی عەشایری دەستی پێکرد عەبدولکەریم قاسم بەردەوام بوو لە داگیرکردن و قەتڵکردنی کوردستان، لیژنەی مەرکەزی لە گوندی (عەودالان) کۆبوونەوە، گوتیان بۆ ئەو کێشەیە پەیوەندی بە عەبدولکەریم قاسم دەکەین، ئەوە بوو پەیوەندییان بە عەبدولکەریم قاسم کرد، بەڵام لەبەر ئاغاواتی کۆنەپەرست و لەبەر دوژمنان و لەبەر حیزبی شیوعی، عەبدولکەریم قاسم بە قسەی

مەکتـەبی سیاسـی و لیژنـەی مەرکـەزی نـەکرد. مەکتـەبی سیاسـی و لیژنـەی مەرکـەزی گوتیان با بارودۆخەکە هێور بکەینەوە و عەسکەر بگەڕێتەوە شـوێنی خـۆی، بۆردمـان و هێرشکردن و گرتنی خەڵك واز لێ بینن، گفتوگۆ بکـەین و بگەڕێینـەوە حاڵـەتی پێشـوو، شیوعییەکان نەیان هێشت، عەبدولکـەریم قاسـم بـەردەوام بـوو، بەشـی زۆری ئەفسـەرە کوردە شیوعییەکان حەرەکاتیان دەکرد لەوێ، لە کۆتاییدا مەکتـەبی سیاسـی و لیژنـەی مەرکەزی لە (عەودالان) کۆبوونەوە و تەگبیریان کرد، کە دەبێ خەمی بارودۆخی خۆیـان بخۆن، کەشێك دروستکەن، کە جووڵانەوەیەکی بەرگری هەبێت بۆ خۆ پاراستن. لیژنـەی مەرکـەزی بڕیـاری دا، کـە ئێمـە تەبـەننی شـۆڕش ناکـەین، بـەڵام ئێمـە ڕێگـا نـادەین حکوومەت چی تر هێرش بکاتە سەر کوردستان، خۆیـان خـڕ کـردەوە و ئیشـیان کـرد و هەندێ چەکداریان پەیدا کـرد، چـوونە (چـەمی ڕێـزان) و یەکـەم بارەگایـان لـەوێ دانـا، تەگبیریان کرد چۆن چەك پەیدا کەن، چۆن خواردەمەنی پەیـدا کـەن، چـۆن پـارەوپوول پەیدا کەن، لەوێ مام جەلال، پێشنیار دەکا، دەڵێ من بیرۆکەیەکم هەیە لە کۆیە هـەموو سەری مانگ پارەی حکوومەت، مووچەی حکوومەت دەنێرن بۆ کۆیە، ئەمن دەتوانم بچم بۆ سەر ڕێگای کۆیە و بۆیان دابنیشن، پارەکە بێنین بۆ شۆڕش، مەلا عەولا گـوتی ئـاخر ئەوە چۆن دەکرێ؟ دەبێ بچین لە هەولێرەوە بکەوینە ڕێگا، هەندێ تەگـەرەی دەخاتـە ناو. مامۆستا ئیبراهیم لەوێ دەوری سەرەکی دەبێ، بڕیاری کۆتـایی دەدا، دەڵـێ بـاوکم ئێوە بۆ بەربەسـتی بـۆ دروسـت دەکـەن، مـام جـەلال کۆییـە بـارودۆخی کۆیـە دەزانـێ، پێشنیارەکەی موبارەکە، با بچێ.. پێشمەرگەی دەدەینـێ، سـەرکەوت.. نـور عـەلا نـور پارەکەی دەینین و دەبووژێینەوە، فلسەکمان نییە و نان نییە بیخۆین، سەرنەکەوت.. بۆ خۆی پێی دەڵێین باوکم ئیشەکەت خراپ بوو و سەرنەکەوتی و سزاکەت بخۆ.. بـۆ خـۆت ماندوو بووی. مام جەلال دەچـێ لەگـەڵ دکتـۆر خالیـدی لـەڕێگای لێژنـەی محـەلی کۆیـە لەسەر هەموو شتێك ڕێکدەکەون، کەی پارەکە دێت لە هـەولێرەوە بـۆ کۆیـە، لـە (شـێخ ڕوان)ی بۆسەی بۆ دادەنێنەوە، هەندێك بەرد لەسەر جـادە دادەنـێن، کـە موسـەلەحەکە دێ شەش پۆلیسی لەسەر دەبێ، ڕەشاشەکیشی لەسەرە، مام جەلال دەڵێ ئێـوە تەقـە مەکەن، کە هات من تەقەم کرد، ئێوەش تەقە لە موسەلەحەکە بکەن، مام جـەلال تەقـە دەکا کە بەردیان دانایە، ئەوان دێنە خـوارێ بۆئـەوەی بـەردەکان لابـدەن، تەقـەیان لێ دەکەن و دوو پۆلیس دەکـوژرێ، دوانـیش برینـدار دەبـن، یـەکێکیان ئەنـدامی حیـزبیش

بوو، ناوی (زرار) بوو، پارەکەی دەینن و (٣٣) هەزار دینار، (٣٠) هـەزاریان پـارە بـوو.. (٣) هەزاریشی پوول بوو، ئەوەی لـە کاغـەزی دەدەن هـی بەریـد، بردیـان بـۆ مەکتـەبی سیاسی و لەدیوی (باواجی) ئاوابوون و چوونە دۆڵی (سماقوڵی)، لەوێ گەڕانەوە لای وان و پارەیەکی باشیان بردەوە لەو پارەیە (١٠) هەزاریان دا مەکتـەبی سیاسـی بـۆ حیـزب، (١٠) هــەزاریان بــۆ مــەلا مســتەفای ڕەحمــەتی نــارد، (١٠) هــەزار دیناریشــیان بــۆ پێشمەرگەکان سەرف کرد، بـەوە حیـزب بووژایـەوە و وردە.. وردە.. خـۆی گەیانـدەوە وەزعێکی باش، پاش چەمی ڕێزان بنکەیەکیان دانا لـە (بێتواتـە)، ئـەو بنکـە بنکەیـەکی زۆر بەهێز بوو لە مەنتیقـەی خۆشـناوەتی، کـاك عومـەر دەبابـە و مـەلا عـەولا و حەمیـد کاوانی و دکتۆر خالید و ئەوانە بەرپرسی بوون، بنکەیەکی گەلەك گەورە بوو، ئەو دەمـە من بەرپرسی ناوچەی کۆیە بووم، بێتواتە سەر بە کۆیە بوو، هەموو سەری مانگ (٣٠ بـۆ ٣٥) دیناریان دەنارد، ئێمەش نزیکەی (٣٥) دینارمان لەسەر دادەنا، خواردن و کەلوپەل و شتی وامان بۆ دەکڕین، وردە وردە پۆلیسی هەولێر و پۆلیسـی ناوچـەی (چـوارقوڕنە) تا ناوچەی (کۆیە)، ئەوانە پەیوەندییان کرد و شۆڕشەکە بەم جۆرە بووژایەوە.

کاتێك حکوومەتی عەبدولسەلام عارف هات ئێمە هەموو لە شۆڕش پێکـەوە بـووین، حکوومەتی عەبدولسەلام عارف هـات داوای دانوسـتانی کـرد لەگـەڵ مـەلا مسـتەفا، مـەلا مستەفا لەگەڵی ڕێککەوت بەبێ ئەوەی هیچ پشتگیرییەکی تێدا بێ بـۆ مافـەکانی کـورد، ئـەوە لـە کتێبەکـەی کـاك مەسـعوود بـارزانی باسـی دەکـات، مـەلا مسـتەفا دەڵـێ: عەبدولسەلام عارف پیاوێکی موسڵمانە، پیاوێکی باشە باوەڕی بە ئاشتی هەیە، بـاوەڕی بە ئیسلامەتی هەیە، کورد و عەرەب برانـە، هـەر کـەس مـافی خـۆی دەبـێ، هـەر کـەس بچێتەوە ماڵی خۆی، کاك ئیـبراهیم و مەکتـەبی سیاسـی گوتیـان، بابـە ئـەم ڕێککەوتنـە ڕێککـەوتنێکی خراپـە، خـەڵك چـۆن دەبـێ بـە بـێ مـاف و پـاش ئـەو هـەموو کوشـتن و تالانکردن و ئەو ماڵوێرانییە بچێتە ماڵەوە، نابێ ئەنجامێکی هەبێ؟؟

ئیدی لەوەوە ئێمە لەگەڵ مەلا مستەفا، نەگەیشتینە ئەنجام و لەوێوە تەقیـەوە، چ بکەین چ نەکەین، حیزب بڕیاری دا کۆنفرانسێك ببەستێ بۆ ئەو بابەتە، لە (١٩٦٤/٤/٤)، حیزب بڕیـاری دا لـە مـاوەت کۆنفرانسـەك ببەسـتێ لەسـەر ئـەو ڕێککەوتنـەی، کـە مـەلا مستەفا کردوویەتی لەگەڵ عەبدولسـەلام عـارف، کـە کۆنفرانسـەکەمان بەسـت، مـن ئـەو وەختی بەرپرسی ناوچەی کۆیـە بـووم، کـاك عـەلی عەبـدوڵڵای خـاڵم ئەنـدامی مەکتـەبی

سیاسی بوو بەرپرسی لقی هەولێریش بوو، کۆیە عایدی هەولێر بوو ئێمە تەقریبەن (١٨) کەس وێنەکەییم ماوە لە کادیرانی کۆیە و شەقڵاوە و ڕواندز و هەولێر، لەگەڵ کاک عەلی عەبدوڵڵا چووین بۆ ماوەت، کە گەیشتین کاک نووری شاوەیس لەسەر بانەکە پیاسەی دەکرد کاک عەلیش گوتی کاک نووری ئێمە میوانتانین چیتان بۆ کردووینە؟ کاک نووریش گوتی: کاک ئیبراهیم گوتوویەتی لەبەر خاتری وان کە میوانن، ئیمڕۆ ئێوارە نیسکێنە لێ نێن، حیزب ئەوکاتە ئەوها بەڕێوە دەچوو، ئەوها حیزبایەتی و شۆڕش دەکرا، حیزب وەکوو ئێستا نییە هەر یەکە فەخ فەخەی هەیە، هەر یەکە بیست ئۆتۆمبێلی هەبێ و ژنەکەی سەفتەك دۆلاری لە باخەڵی بێ، ئێمە ماینەوە و کۆنفرانس بەسترا باس لە بابەتەکە کرا، خەڵکەکە نائومێد بوو، دوو جار وەفدیان بۆ لای مەلا مستەفا نارد، بۆ ئاشتبوونەوە و ئەملا و ئەولا سەری نەگرت، لە ئاکامدا کۆنفرانس بڕیاری دا مەلا مستەفا تەجمید بکا، کە بڵاوبوەوە مەلا مستەفا تەجمید کراوە، مەکتەبی سیاسی بەیانێکی دەرکرد، (إتفاقیة عبدالسلام عارف صلع أو إستسلام)، کە ئەو بەیانە بڵاوکراوە، مەلا مستەفا بە ڕەحمەت بێ لەشکرێکی تەدبیر کرد و پێنج شەش هێزی کۆکردەوە، هەمووی بۆ سەر ماوەت ناردن، مەکتەبی سیاسی دەربەدەر کرد و مەکتەبی سیاسیش بەرگری نەکرد، نیوەی خەڵکی زەرەری کرد، خەڵك کوژرا و نیوەی خەڵك ڕۆیشت، مەکتەبی سیاسیش بەرگەی ئەوانی نەگرت و کشایەوە بۆ ئێران، کاك ئیبراهیم چووە تاران و مام جەلال و کاك عومەر و کەمال موفتی و عەلی عەسکەری و عەباس حوسێن و خالید دلێر و ئەوانە لەگەڵ (٥٥٠) کەس چوونە ئێران، لە کۆتایی لە (هەمەدان) یەکتریان گرتەوە، ئەوجا دوایێ مەلا مستەفا هێنانیانەوە بۆ دۆڵە ڕەقە لای عەباس مامەند ئاغای ڕەحمەتی.

دەمەوێ لێرە وەڵامی ئەو پرسیارە بدەمەوە، کە باسی لێوە دەکرێت و ڕووبەڕووی من و کەسانی ئاگادار بە مەسەلەکان کراوەتەوە، ئایا لە کاتی یەکگرتنەوەکەی "١٩٧٠" ڕووی داوە لەنێوان باڵی مەکتەبی سیاسی، کە بە (شۆڕشگێڕان) ناسرابوو، لەگەڵ مەلا مستەفا، جا لە یەکێ لەدانیشتنەکاندا مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد و عومەر دەبابە خوا لێیان خۆشبێ لەگەڵ عەلی عەسکەری دەچنە لای بارزانی لە بارەگاکەی خۆی، کە دێنە دەرەوە زۆر دڵخۆش دەبن، ئەوەی مەبەستمە نییەت پاکی مامۆستا ئیبراهیم پیشان دەین، بۆئەوەی کە مەبەستی بووە ئاوێك بکا بەم شەڕەدا و بەو خوێنەی نێوانیان، کە

ڕۆژگارێك لەنێوان باڵی مەکتەبی سیاسی و باڵی سەرۆکدا هەبوو، دەڵێن خەڵکێکی زۆر بە تەنازولیان لەقەڵەم دەدا، بەڵام مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد زۆر دڵخۆش بوو، چونکە پێی وابوو کۆتایی بە ناکۆکییەکی زۆر خراپ هاتووە.

**لەو بارەوە من دەمەوێ هەموو خەڵکی کوردستان هەتا ماڵی مەلا مستەفاش، کاك مەسعوود و کاك نێچیرڤان و هەموویان ئەوە بزانن، مامۆستا ئیبراهیم دژی مەلا مستەفا نەبووە، لە خاڵێکی جەوهەریدا ئێمە ناکۆکیمان لەگەڵ یەك هەبوو، ئێمە دەمانگوت خەبات دەکەین لەپێناو دیموکراتییەت بۆ عێراق، حوکمیزاتی بۆ کوردستان، خەڵك دەبێ ئەوەی بەبیر بێ .. خەڵك بەوەفا بێ .. خەڵك لەخۆیەوە جنێو بە مامۆستا ئیبراهیم نەدا، مامۆستا ئیبراهیم لە هەموو ئەوانەی خۆیان بە کورد دەزانن کوردتر بوو هەروەها پیاوێکی دووربین و گەشبین بوو، هەرگیز مامۆستا ئیبراهیم باوەڕی بە شەڕوشۆڕ نەبوو،** من نامەوێ ئەو بابەتە بکەمەوە، لەوکاتەدا کاك نووری شاوێس لە هەمووان موتەتەڕیفتر بوو، جنێوی بە ئێمە دا، ئەوانەی کە قسەیان دەکرد دەی گوت ئێوە ترسنۆکن .. ئێوە کادیری حیزب نین، سەعید مەصیفی لەسەر ئاوەکە دادەنێم ئەوەندە فیشەکە دادەنێم و ئەوەندە کلاشینکۆف و فیکەرس دادەنێم .. بارزانییەك بپەڕێتەوە وا دەکەم و وا دەکەم، کاك ئیبراهیم وانەبوو، کاك ئیبراهیم کە فاخیری دیت سەد جار بەخێرهاتنی کرد، گوتی ئێمە مەمنونین کە ئاوێك بەو ئاگرە دادەکەی، کاك ئیبراهیم بووە هۆکاری ئەوەی خۆ مام جەلال لەگەڵ کاك ئیبراهیم لە کۆنفرانسەکە تەئیدی ئەوەی نەکرد لەگەڵ مەلا مستەفا ئاشت بینەوە، بەڵام کاك ئیبراهیم لەسەر هەموو خەڵکەکەوە سوور بوو لەسەر ئەوەی کە ئێمە دەبێ ئاوێك بەو ئاگرە دابکەین و ئەو شەڕە کۆتایی پێ بێت، لەڕاستیشدا پێش هەموویان کە چوونەوە کاك ئیبراهیم لە چۆمان لەخانوویێکی ئاسایی، کە بۆیان دانابوو، بەناو ڕاوێژکاری یاسایی مەلا مستەفا کاری دەکرد، بۆ زانیاری کردیان بە سەرۆکی لیژنەی دانانی یاسای حوکمیزاتی، لیژنەکە پێك هاتبوو لە: (کاك ئیبراهیم، مەلا محەمەدی قەرەداغی، من، کامل عەتار)، کاك ئیبراهیم سەرۆکی ئەو لیژنەیە بوو، مێزێکی نەبوو، چوار تەنەکەی پڕ خۆڵ کردبوو، لە تەنیشت یەکی دانابوو، کە تەنەکە لە تەنیشت یەك بێ ناجوولێ، دوو بەتانی لەسەر دانابوو، لەسەر ئەوە دەینووسی، کاك ئیبراهیم قەبوولیشی دەکرد، هەر لەپێناو میللەتی کورد.

سەرەڕای ئەو زەخت و فشارە زۆرەی کە لەسەر بڵێین ئەو باڵە هەبوو باڵی مەکتەبی سیاسی دوای یەکگرتنەوەکەش کە زۆرێك لە بەڵێنیان پێ دابوون لە حکوومەتی خۆجێیی ئەو کاتەی حوکمیزاتییەکە دروست بووە کورد ڕۆڵیان بدرێتێ، کەچی ڕۆڵیشیان نەدرایێ، بەڵام مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد بۆئەوەی کە سەرلەنوێ خوێن نەڕژێتەوە بێدەنگی هەڵبژارد، تەنانەت زۆر جار پێیان گوتووە وەکوو باس دەکرێ، کە **زۆر زۆر برادەرانی ئەو کاتەی مەکتەبی سیاسی فشاریان لێ کردووە،** مامۆستا ئیبراهیم ئێ **ئەوە بەڵێنەکان جێبەجێ نەکراوە با ئێمە هەڵوێستێکمان هەبێ، مامۆستا ئیبراهیم گوتوویێتی: جارێکی تر نایەمەوە ناو شەڕێکی تر کە کورد خوێنی کورد بڕێژێتەوە..؟**

– ئینسان هەر بڕیارێك دەدا، کە من بڕیار دەدەم شوێنی خۆم بەجێ بێڵم بۆ پێشەوە بچم، دەبێ سەرکەوتن مسۆگەر کەم ئەوجا شوێنی خۆم بەجێ بێڵم، چونکە ئەگەر سەرکەوتن مسۆگەر نەبێ بۆ شوێنەکەی خۆشم ناتوانم بگەڕێمەوە، ئەو توندڕەوییەی نووری شاوەیس لە کۆنفرانسی ماوەت کردی، هیچ کەسێك نەی کردووە، دوایێ کاك نووری شاوەیس پێش هەمووان چووەوە لای مەلا مستەفا، لەبەر ئەوە بارودۆخەکە وادیار بوو، ئێمە نەمانتوانی ئەو خەڵکە تێبگەیێنین لە بیروباوەڕی خۆمان، ئەو خەڵکە بە قسەی ئێمەی نەدەکرد، ئاغاواتی کوردستان بەشی زۆریان ئەوەی بوو بەجاش.. بوو بەجاش، ئەوەی تر لەژێرەوە دژی ئێمە بوو، چووبوونە لای مەلا مستەفا و مشاوەرەیان دژی ئێمە دەکرد، حیزبی شیوعی دەورێکی باڵای هەبوو دژی ئێمە، ئێران و تورکیا دەورێکی باڵایان هەبوو، کە هەردەم لەنێوانی ئێمە و جەنابی مەلا مستەفا ناخۆشی هەبێ.

کاك ئیبراهیم بەحرێك بوو لە زانست و لە زانین و لە بیرکردنەوە و دوایێ کەس هەندی کاك ئیبراهیم کوردپەروەر نەبوو، کاك ئیبراهیم شەو و ڕۆژ بۆ حیزب کاری دەکرد، لە بەغدا من هەموو ڕۆژێ درەنگ دەچوومەوە بارەگای حیزب لەگەڵ کاك ئیبراهیم پێکەوە دەواممان دەکرد، کاك ئیبراهیم ئەندامی مەکتەبی سیاسی بوو و سکرتێری حیزب بوو، منیش بەرپرسی بەغدا بووم و ئەندامی مەکتەبی سیاسیش بووم، یەك بارەگامان هەبوو، کاك عومەر و من و کاك خالید دلێر و کاك ئیبراهیم دەواممان دەکرد، ڕۆژێ هەندێ زوو چوومەوە، سەعات (١١) چوومەوە بارەگا، چوومە سەرێ دیم

کاك ئیبراهیم لەگەڵ پێشمەرگەیەك دانیشتووە، پێشمەرگەیەکی گێلۆکەمان هەبوو، ناوی (عومەر) بوو، چێشتی بۆ لێ دەنایین، منیش سەیرم پێهات، دانیشتم و زۆری پێ نەچوو عومەر ڕۆیشت، گوتم مامۆستا عومەر خۆ گلەیی نەبوو لە ئیشوکاری بارەگا و ئەوانە، ئەوکاتە ئەمن بەرپرسی هەموو بەغدا بووم، گوتی: بۆ؟ گوتم: چونکە هیچ کات کەس ناتوانێ هەموو خەڵك لە خۆی ڕازی کا، دەبینی یەکێك مووچەی کەمە، یەکێ خواردنی دەوێ، یەکێ مۆڵەتی دەوێ. گوتی: نا کەمال بۆ ئەوە نەبوو. دەمەوێ وتارێك بنووسم لەسەر بارودۆخی کۆمەڵایەتی خێزانە کوردەکان، چۆن دەبێ پیاو لە ماڵەوە هەڵسوکەوت بکا، پێویستم بەوە بوو و دوو سێ قسەم هەبوو دەمویست لە یەکێ بپرسم، کە ژن و منداڵی هەیە، بزانم چۆن هەڵسوکەوت دەکا، ئەوە لەدڵمدا ببووە مەراق، گوتی دوو سێ قازانجم لە عومەر کردووە. کاك ئیبراهیم زۆر پیاوێکی هەڵکەوتوو بوو و بۆ زانیاری گرنگ.. بۆ ئاشتەوایی گرنگ بوو .. بۆ پێشکەوتن ...، بەڵام خەڵکی تر هەبوو هەر بۆ ئارەزووی خۆی و بۆ هەوا و هەوەسی خۆی ئیشی دەکرد، تەنها لایەکی دەبینیەوە و هەموو لایەکانی لەبیر دەچوو، کاك ئیبراهیم سکرتێری حیزب بوو، کە حکوومەتی بەعس لەگەڵ مەلا مستەفا ڕێککەوتن، جا ئێمە ئەو کاتە شەش ئۆتۆمبێلمان لابوو، کاك ئیبراهیم گوتی: دەبێ هەر هەموو ئۆتۆمبێلەکان بدەینەوە حکوومەت، خەڵك هەیە ئۆتۆمبێلی حکوومەت دەدزێ خەڵك هەیە پارە دەدزێ، کاك ئیبراهیم بە حکوومەتی گوت: نە وەزیریمان دەوێ نە بەڕێوەبەری گشتیمان دەوێ، ئەوەی دەمانەوێ مافی میللەتی کورد ە بەس، ئێمە هیچی ترمان ناوێت، کێ ئێستاکانە وا دەڵێ، هەر حیزبێك تەماشا دەکەی ڕادەکا .. کێ دەبێتە ئەندام پەرلەمان ڕادەکا .. کێ دەکاتە وەزیر ڕادەکا .. کێ مووچەی دەدەنێ ..!!، ئەندام لە مەکتەبی سیاسی هەبوو (٣) مووچەیان وەردەگرت، بەڵام بەردەستێکی هەژار، پیرەژنێکی بێ دەرەتان (٣٢٠) دیناری دەدەنێ .. ئەوەی کاك ئیبراهیم دەی کرد، ئەوەی مام جەلال دەی کرد کێ دەی کرد و دەی کات.

هەندێ کەس دەپرسێ پاش دروستبوونی یەکێتیی نیشتیمانی کوردستان، بۆچی مامۆستا ئیبراهیم نەگەڕاوە کوردستان؟؟ کاك ئیبراهیم چەند نەخۆشییەك شەکەتیان کرد بوو، تەمەنیشی زۆر بوو، بەرگەی ئەو گێروگرفت و ئەو موجادەلە و ئەو موناقەشانەی نەدەکرد، ئەوە خاڵی یەکەم، خاڵی دووەم کاك ئیبراهیم باوەڕی بە

کۆمەڵە و مۆمەڵە و بەزم و ڕەزم نەبوو، بۆ زانیاریتان تاوەکوو سەرەتای ساڵی (١٩٧٤)، برادەرانی کۆمەڵە نەبوون، ئاخر کۆمەڵە چۆن دروست بوو..؟ دکتۆر جەلال (چریکا جومبیشی ئێرانی) بوو، حیزبێکی مارکسی لینینی ماوی بوو و لە ئێران ئیشی دەکرد، مەکتەبی سیاسییەکەیان هاتبوون لە تەنیشت سلێمانییەوە بارەگایان لە بەکرەجۆ دانا، مام جەلال پێی گوتن وەرنە ئێرە دانیشن، ئەمە سەرکردایەتی جومبیشی ئێرانییە، حیزبی چەپی تری هێنابوو بۆ مەسەلەی بڵاوکردنەوەی بیروباوەڕی ماوتسۆنی، شەهابی ڕەحمەتی لە شاری بەسرە چاپخانەیەکی سادەی هەبوو، هەڵبەتە وەختی خۆی لەگەڵ کاك هەمزەوان لە پارتی دەرکرا بوو، کاك عومەر دەبابە لەگەڵ کاك حەمەی حاجی تاهیر چوونە بەصرا بۆ ئیشوکاری حیزب، لەوێندەرێ شەهابیان هێناوە بەغدا، مام جەلال لە بەغدا کتێبخانەی "فکر الجدید"ی بۆ دانا، ئەمە لە (٧٢ یا ٧٣) بوو، کتێبخانەی "فکر الجدید" بوو بە بارەگای سەفارەتی چینی لە بەغدا، زۆر کتێبی جۆراوجۆریان هێنا، خەڵکی جیاواز و جۆراور دەهاتن و دەچوون، بیروباوەڕی ماوی و ... زۆر لە برادەران و کادیرانی حیزب وێنەی ماوییان بەیەخەی خۆیانەوە کرد بوو، من ئەو کاتە بەرپرسی بەغدا بووم، ناو بە ناو مام جەلال دەیگوت توخوا کەمال ئەو بەیانەیان بۆ چاپ بکە، من بەیانەکەیانم بۆ چاپ دەکردن، کاك عولەما زانی، کە من چ دەکەم، شکاتی لە من کرد، من وازم هێنا و بۆم چاپ نەکردن، مامۆستا ئیبراهیم گاڵتەی بەو بیروباوەڕانە دەهات.. دەیزانی ئەمە وەکوو هەڕوگیفێکە، وەکوو ئاگرێکە هەڵدەچێ و دوایێ بنەمای نییە، خاو دەبێتەوە و نامێنێ، یان لەدوای ئەوە برادەرانی نامەوێ ناویان بێنم نامەوێ لە خەبات و لە تێکۆشان و لە شەهیدبوونیان کەم کەمەوە، بەڵام ئەو برادەرانە هی ئەوەی نەبوون، کە ئەو بیروباوەڕە هەڵبگرن، دوایێ کاك شەهاب و هاوڕێکانی. مام جەلال لەکتێبەکەیدا دەڵێ کاك شەهاب و بردەران ڕایان کرد و بە منیشیان نەگوت، هاتبوونەوە عێراق، لە عێراق ڕایان کردەوە بۆ ئێران، لە ئێران بچنە ئەورووپا، لەوێ لە ئێران گیران، شا لەگەڵ سەدام حوسێنی گۆڕینەوەی پێ کردن، ئەوان حەپسیان هەبوو، ئەوانیش حەپسیان هەبوو، شا ئەوانی ناردەوە، سەدام هەمووی لەسێدارەدان، هی ئەوانیش گەڕانەوە عێراق.

مامۆستا ئیبراهیم کاك نەوشیروانی خۆش دەویست، بەڵام باوەڕی بە بۆچوونەکانی کۆمەڵەی مارکسی و ڕەنجدەران نەبوو، کە لەناو یەکێتی دەسەڵاتیان هەبوو، لەهەمان

کاتدا مامۆستا ئیبراهیم لەو ماوەیە، کە لە لەندەن ڕاوێژکاری سیاسی و یاسایی بەڕێز (عەبدوڵڵا ئۆجەلان) بوو،ماڵەکەشی وەك بارەگای کوردپەروەرانی جیهان بوو، لەبەر ئەوە مامۆستا ئیبراهیم تا وەفاتی کرد نەگەڕاوە کوردستان.

لە مانگی کانوونی دووەمی ساڵی "١٩٧٠"، مامۆستا ئیبراهیم تووشی غودەی دەرەقی بوو، غودەی دەرەقیەکەی زۆر خراپ بوو، وەزنی نەما، هیچ نەخۆشخانەیەك لێرە چارەسەریان نەکرد، چووە لەندەن، لە لەندەن خوا حەقە حکوومەت زۆر ڕێزی لێگرت و جێگایان بۆ دابین کرد و لەکاتی دانووستانی بەیانی ئازار، من لە بەغدا بووم، هەمووجار بە برووسکە و تەلەفۆن زانیاریم دەنارد، دواجار مەکتەبی سیاسی بڕیاریان دا گوتیان دەبێ خۆت بچی بۆ لای، منیش چووم سەردانیم کرد، بارودۆخی هەموو کوردستان و عێراقم بۆ باس کرد، زۆر ڕازی بوو لە هەڵوێستەکانی ئێمە و بەیانی ئازار و هەتا وەکوو نەهاتەوە، خەڵکەکی زۆر بەسەردان دەچوون، زۆر بارودۆخی تەندروستی خراپ بوو.

دەبێ بپرسین بۆ مامۆستا باوەڕی بە جەماعەتی کۆمەڵە و بە ڕێبازی ماوتسی و ئەوانە نەبوو، هەموو ئەوانە کەوا کوردن خەریکی خۆیان و مەبادیئی مارکسی لینینی حەقیقی نەمابوو، ئێستاش هەمووی بوویتە بازرگانی. دوای ئەوە یەکێکی وەکوو ئارام و خوا لێی خۆش بێ، خۆ ئەگەر فەرمانی گرتنی دەرنەچووبا پەیوەندی نەدەکرد، ئیدی ڕای کرد و لە گوندێك شەهید کرا، پێنج ماڵ بوو، نەیتوانی لەو گوندە پێنج ماڵییە خۆی ڕزگار بکا، شەهابیش خوا لێی خۆش بێ لێمان ڕاست بۆوە، دەیگوت دەبێ هەموو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ڕزگار کەین، جا ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ١٤ بۆ ١٥ حکوومەت و میللەتی تێدایە، ئەوە بە من ڕزگار دەکرێ.

لەدوای ئەوەی مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد، چووە ئەورووپا ئیتر بیروباوەڕی مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد گۆڕانکارییەکی بەسەردا هات لەڕووی نەتەوەییەوە زیاتر باوەڕی بەرزگار بوون بوو، واتە کارکردن بۆ هەر چوار پارچەی کوردستان، کوردستانی گەورە، ئەگەر لە ڕابردوودا زیاتر لە باشووری کوردستاندا کاری سیاسی .. چالاکییەکانی چڕکردۆتەوە، بەڵام لەوێ چووە ڕووبەرێکی، پانتاییەکی گەورەترەوە، بە تایبەتی دوای نزیکبوونەوە لە پارتە سیاسییەکانی بەشەکانی تری کوردستان، لە زۆر بەرەی چالاکییە سیاسییەکان بەشداری هەبوو، زیاتریش وەك چالاکیێکی کوردستانی گەورە دەرکەوت..؟

لەڕاستیدا بیروباوەڕی وابوو، کە دەبێ ئێمە هەوڵبدەین هەموو حیزبە کوردپەروەرەکانی کوردستانی گەورە پەیوەندییەکی ڕێکوپێکیان هەبێ، بەڵام هەرگیزاو هەرگیز ڕێی ئەوەی نەدەدا، حیزبێکی کوردستانی عێراق دەست بخاتە مەسەلەی حکوومەتی تورکیا، ئەوەی بۆ حیزبە کوردییەکانی ئەو پارچەیە جێ هێشت بووو، بەڵام هاوکاری دەکردن و یارمەتی دەدان، بۆ نموونە حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران تا ماوەیەکی زۆر پارتی یارمەتی دەدا، هەتا وەکوو ئەمن لە بەغدا بووم جەماعەتی پەکەکە دەهاتن یارمەتیمان دەدان، وەکوو یارمەتی، بەڵام نەک ئێمە بڵێین کوردستانی گەورە دەکەینەوە یەك کوردستان، لەو کاتەدا قەت کاك ئیبراهیم لەگەڵ ئەو ڕەئیەدا نەبووە، بەڵام کاك ئیبراهیم پێی خۆش بوو یارمەتی هەموو حیزبەکانی کوردی بدەین، بە پێی توانا و دەسەڵات، مەسەلەی خەباتکردنی خۆشیان بۆ خۆیان جێ بێڵین.

من بەس ئەو گلەییەم هەیە لە حیزبەکانی کوردی، بەتایبەتی لەیەکێتی و پارتی زیاتر، نابێ وا تەماشای کاك ئیبراهیم ئەحمەد بکەن، کاك ئیبراهیم ئەگەر سەرۆکی حیزبێکی تر با لە وڵاتێکی تر، ئەگەر سەرۆکی دەوڵەتێکی تر با،پەیکەریان بۆ دروست دەکرد، نزیکەی ئەمە دوو سێ ساڵە، گوێم لە یەکێك نەبووە دوو وشە لەسەر کاك ئیبراهیم باس بکا، ئەمە کەموکوڕییە بۆ وان، کەموکوڕی نییە بۆ کاك ئیبراهیم، چونکە کاك ئیبراهیم لە ژیانیدا تەنیا ئەو خانووەی هەبوو لە سلێمانی، ئەویشی بە وان بەخشی.

لەگەڵ منداڵەکانیشی باوکێکی زۆر ئاسایی بوو، کوڕێك و پێنج کچی هەبوو، کچەکانی هەموو پەروەردەیەکی جوانی دەستی ئەو و ڕێکوپێك، هەر یەکە خوێندنی خۆی تەواوکرد و بارودۆخیان زۆر سادە و ئاسایی بوو، مامۆستا هیچ کاتیش هیچ پەیوەندییەکی لەگەڵ هیچ دەوڵەتێکی بێگانە نەبووە و هیچ دەستکەوتێکی تایبەتیشی نەبوو، بە درێژایی ئەو ماوەیەی کە من لەگەڵی بووم وەك کوڕێکی خۆی تەماشای دەکردم، کچێکی خۆی کوڕێکی لە وەزیفەیەکی گەورە دانەمەزراندووە، کاك ئیبراهیم پیاوێکی زۆر خاکی و زۆر دڵسۆز بوو.

کاك ئیبراهیم لە بواری نووسین و ڕۆژنامەگەری و ڕەخنەی ئەدەبی و شیعر و بابەتی سیاسی و جۆراوجۆردا نووسینی زۆرن، زمانزان و وەرگێڕێکی باشیشش بوو، تەرجومەی دوو سێ کتێبی کوردی هەبوو تەرجومەی کردبوو بۆ ئینگلیزی و لە ئینگلیزیشدا (زۆزك ڕواندزی) کردوویەتی بە فەرەنسی، مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد

ناوێکی دەوڵەمەندی ئەو بوارەیە و زۆریشی لە بارەوە گوتراوە و نووسراوە، کە من خۆشم بە پسپۆری بوارەکە نازانم و بۆ کەسی تایبەتمەند جێی دێلم.

وەك باسیش دەکرێ ماڵەکەشی هەمیشە جمەی هاتووە لە خەڵکی ڕۆشنبیر، کاك ئیبراهیم لە ساڵی (١٩٣٩ تا ١٩٤٩) گۆڤاری گەلاوێژی دەرکردووە، دوایێ خەبات، دوایێ ڕزگاری، دوایێ شەفەق، دوایێ نرکەی جووتیار، دوایێ جەریدەی نور.

کاك ئیبراهیم، لە (٢٠٠٠/٤/٨) کۆچی دوایی کرد، لە ڕێکەوتی (٤/٢٤) تەرمەکەیان هێنایانەوە لە لەندەنەوە هێنایەوە بۆ کوردستان، من ئەوکاتە بەرپرسی ڕێکخستنە نهێنییەکانی بەغدا بووم، نەمتوانی بەشداری نەکەم، بۆیە هاتم هەتا مام جەلال پێی گوتم ماڵ کاول تۆ بۆ هاتی! دنیا شڵەژا .. کوردستان شڵەژا، هەتا ئێرانییەکانیش وەکوو سەرکردەیەك تەسلیمی کوردستانیان کردەوە، بە مەراسیمێکی گەورە و مۆسیقا و ..، بەڵام کە کاك ئیبراهیم وەفاتی کرد شیرازەی کوردایەتی پسا، لە کوردایەتی چوو، ئەو مەرجەعێك بوو وەکوو ئێستا چۆن دەڵێن شیعە مەرجەعیەتی هەیە سوننە مەرجەعیەتی هەیە، یەعنی کوردایەتی ئێمە مەرجەعیەتەکەی کاك ئیبراهیم بوو، من چەند جار نووسیومە و لە چەند بوارێکمدا کاك ئیبراهیم وەکوو پەروەردەکار و وەکوو مەرجەع لە کوردستانی گەورە خەڵك تەماشای دەکرد، خەسارەتێکی گەورە بوو.

مامۆستا ئیبراهیم لە ساڵی (١٩٤٦) نە بوو بە ئەندامی پارتی دیموکراتی کورد، چونکە خۆی لێپرسراوی لقی سلێمانی بوو لە حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران بە سەرۆکایەتی پێشەوای ڕەحمەتی (قازی محەمەد)، بەڵام زۆر پاڵپشتی کاك هەمزە و کاك عەلی عەبدوڵڵای کرد بۆ دامەزراندنی پارتی، خۆشی وەك میوان ئامادەی کۆنگرەی یەکەمی پارتی بوو.

کاك ئیبراهیم لەڕێگای ڕێکخستنەکانی حیزبەکەی زۆر بەگەرم و گوڕی یارمەتی بۆ (کۆماری مهاباد) دەنارد، وەك چەکدار و چەك و پارە و جلوبەرگ و خۆراك.

کاك ئیبراهیم هەر چەندە لە بەغدا دۆستایەتی باشی هەبوو لەگەڵ دیموکراتخواز و شیوعییەکان، بەڵام نەبوو بە شیوعی، زۆر جار لەگەڵ کادرەکانی حیزبی شیوعی کۆڕ و کۆبوونەوەی دەکرد و کێشەی عێراق و کوردستانی بۆ باس دەکردن، زۆر جار عەبدولقادر ئیسماعیل و سالم عوبێد نوعمان داوایان لێ کردووە ببێتە شیوعی، بەڵام قبووڵی نەکردووە، چونکە هەمیشە کوردایەتییەکەی، لە بیروباوەڕی شیوعییەت، لەلا گەورەتر بووە.

## کتێبی کورد و عەرەب لەلایەن جەنابی مام جەلالەوە ناونراوە دۆکیومێنتی مێژوویی گرنگ

ئەم نامیلکەیە لە ساڵی ١٩٣٧ لە نووسینی مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد و دارشتنی چەند لاوێکی کوردپەروەر لە بەغداوە دەرچووە، دووبارە لە ساڵی ١٩٦١ چاپکراوەتەوە لەگەڵ نرخاندن و شایستەکردنی نامیلکەکە لەلایەن جەنابی مام جەلال، کە ناوی ناوە (دۆکیۆمێنتی مێژوویی گرنگ). ئەم نامیلکەیە پێشکەش کراوە بەم لایەنانە:

١. بۆ دۆستی گەلانی ژێردەستە لە خەباتی سەربەخۆیان.

٢. بۆ دوژمنانی شەڕ و داگیرکەران و دۆستانی ئاشتی و دیموکراسیەت.

٣. بۆ ئەوانەی کار دەکەن بۆ برایەتی گەلان لە جێگای ڕق و دوژمنایەتی.

٤. بۆ دۆستانی گەلانی ژێردەست و چینە چەوساوەکان لە ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا.

٥. بۆ ئەوانەی پشگیری دۆستایەتی و یەکێتی گەلانی ڕۆژهەڵات دەکەن بۆ ڕزگاری.

٦. بۆ ئەوانەی لەگەڵ بەرەیەکی یەکگرتووی ڕۆژهەڵاتن کە لە ڕێگای ڕزگاربوون دان.

٧. بۆ ئەوانەی ڕێپێوان دەکەن لەناو ئاپۆڕای مرۆڤایەتی.

٨. بۆ گەلی عەرەبی بەرز و بەڕێز.

**لە بەشی یەکەمی ئەم نامیلکەیەدا هاتووە:**

پەیوەندییەکانی کورد و عەرەب لە ڕۆژانی گەشە کردنی ئیسلام تا ئیمڕۆ لە باشترین پەیوەندی دایە، میللەتی کورد باوەڕی هێناوە بە ئاینی ئیسلام بە دڵ و بە بیروباوەڕێکی پاکەوە و داوا ئارییاییەکانی قبوولکردووە، کە هیچ جیاوازییەك نییە لەنێوان گەلانی ئیسلام. کوردەکان بەشداری گەورە و دڵسۆزانەیان کردووە لە دروستکردنی ئیسلام بە هەموو لایەنەکانی ژیانەوە، هەر کەسێ مێژووی ئیسلام بخوێنێتەوە دەبینێ، بەشێکی زۆر لە گەورە نووسەر و شاعیر و ئەدیب و سەرکردە و بیرمەند و حەکیمەکان دەگەڕێنەوە بۆ سەر نەتەوەی کورد، کە دڵسۆزانە لە خزمەتی ئیسلام و زمانی عەرەبی و بنیاتنانی شارستانییەتییان کردووە بەبێ جیاوازی، لەبیرمان نەچێت کە کورد گەورەترین و بەهێزترین پارێزەر بووە لە ئیسلام دژی هێرشەکانی ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵات، سەرکەوتنەکانی پاڵەوانی کورد (سەلاحەدینی ئەیوبی) بووە بۆ

پاراستنی ئیسلام و فراوانکردن و دەرپەڕاندنی داگیرکەران لە خاکی ئیسلام و دروستکردنی دەوڵەتی ئیسلامی. کە تا ئێستاش نیشانەکانیان ماون و شاهیدی ئەوەن بە خزمەتە گەورەکانی کورد بۆ ئیسلام و گەلی عەرەبی، بەرامبەر ئەم خزمەت و هاوکارییانەی کورد بۆ ئیسلام و عەرەب کردویتی، گەلی عەرەبیش ئەوەندەی توانای هەبووبێت یارمەتی کوردی داوە، هەرچەندە لەو ڕۆژانەی خەلافەتی ئیسلامی کەوتەدەست تورکیا و تایفەگەری دەسەڵاتیان وەرگرت ئەو یارمەتییانە نەمان.

**بەشی دووەمی نامیلکەکە (لە توندوتیژی و زۆرداری عوسمانییەکان)**

سوڵتانی عوسمانی نەیتوانی کوردەکان بخاتە ژێر دەستی خۆی هەر وەك هیچ هێزێکی پێشووش نەیان توانی بوو بیانخەنە ژێردەستی خۆیان، کوردەکان توانیان بە سەربەخۆیی لە شاخەکانی کوردستان ژیان بەسەر بەرن و بە تەنیا بەناو سەربە خەلیفەی عوسمانی بوون. لەسەرەتای سەدەی نۆزدەهەم دەوڵەتی عوسمانی کەوتە ناو خراپترین بارودۆخی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و بەربەرەڵلایی و چەوسانەوەی هەموو گەلانی ژێردەستی عوسمانییەکان بە کورد و عەرەبیشەوە، ئەم وەزعە بەردەوام بوو تا سەرەتای سەدەی بیستەم، شەپۆلێك لە بیروبۆچوونی شۆڕشگێڕانە و کۆمەڵایەتی بەهێز لە ڕۆژئاوا سەری هەڵدا و (پیاوە نەخۆشەکە) واتە دەوڵەتی عوسمانی نەیتوانی ئەم شەپۆڵە ڕابگرێ، لەئەنجامدا ئەم ناڕەزایی و بیروباوەڕانەی ڕۆژئاوا لە هەموو ناوچەکە، تەشەنەی کرد بوو، خەڵك دەستی کرد بە جمووجۆڵ و داواکردنی چاکسازی و خۆشگوزەرانی لە دەسەڵاتدارانی عوسمانی، ئەو گەنجە تورکانەی مێشکیان پڕکرابوو لە بیروباوەڕەکانی ڕۆژئاوا بۆ چاکسازی و ئازادی و یەکسانی، لەگەڵ نەتەوەکانی تر خۆیان بەهێز کرد، توانیان کودەتای ساڵی ١٩٠٨ بکەن و دەستووری تازەیان دانا، هەموو خەڵکەکە پشتگیری ئەو دەستوورەیان کرد، ئەنجومەنی نوێنەرانی عوسمانییان دامەزراند. نوێنەری هەموو ناوچە و نەتەوەکان بەشدارییان کرد، بە ئومێدی ئەوەی کە لەگەڵ تورکە ئازادیخوازەکان بتوانن کاری باش بکەن، بەڵام گەنجە تورکەکان سەرخۆش بوون بە سەرکەوتنەکەیان و دەستورەکەیان گۆڕی، کەوتنە بانگەشە بۆ نەتەوەی تورك و دەسەڵاتی تریان وەرگرت، بێ ئەوەی حیساب بۆ نەتەوەکانی دیکە بکەن، ئەم بیرۆکەشیان لە ئەورپاییەکان وەرگرتبوو، کە دەیان گوت ڕۆژ ڕۆژی نەتەوەخوازییە.

پاشان لەگەل سوپای تورکیا، ڕێك کەوتن و دەستیان کرد بە تەشویش لە هەموو تورکیا، کەوتنە سەرکوتکردنی هەموو نەتەوەکانی دیکە و ئیمپراتۆرییەتی تۆرانیان دروست کرد و ناوبانگی جەنگیزخان و تەیموری لەنگیان زیندوو کردەوە، وەك درەندە کەوتنە گیانی ئەوانەی تورك نین، بەرامبەر ئەو ستەم و هەژاری و نەتەوەپەرستییەی تورك لە سەرانسەری ولات، ژمارەیەك لە کۆمەڵە و ڕێکخراو دروست بوون، داوای یەکسانی و برایەتی و مافی نەتەوەکانیان بە ڕێگای ئاشتیانە دەکرد، بە هەوڵ و تەقەلای نوێنەرانی کورد و عەرەب و ئەرمەنییەکان ئەنجومەنی نوێنەرانی تر توانیان (حزبی الائلاف) دروست بکەن بۆ کۆکردنەوەی هەموو نەتەوەکانی دەوڵەتی عوسمانی و خەبات بکەن بۆ برایەتی و ئازادی و یەکسانی و ڕاستی و دژایەتی ئیتیحادییە لە ڕێبازە ستەمکار و چەوتەکەیاندا، لەو ماوەیە پەیوەندییەکانی کورد و عەرەب لەوپەڕی باشی و توندوتۆڵیدا بوو لەپێناو یەکێتیی ڕیزەکانیان بۆ گەیشتن بە ئازادی و خۆشگوزەرانی گەل و نیشتمان.

### بەشی سێیەم: شەڕی یەکەمی جیهانی

شەڕی جیهانی دەستی پێ کرد، میللەتی عەرەبی بێ ئومێد ببوو لە حکوومەتی تورکیا، بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانیان ناچار وەستاوە، لەگەڵ لایەنی دووەم (حلفاء) ڕێککەوتن، لەئەنجام نەك هیچیان دەستنەکەوت، بەڵکوو ولاتەکەیان دابەش کرد و سنووری دەستکردیان بۆ دانان. بەلام هەڵوێستی کورد لەم شەڕە وەکوو هەڵوێستی عەرەبەکان نەبوو، بەڵکوو کەوتەژێر هەستی داکۆکی کردن لە ئیسلام و لە خەلافەتی ئیسلام و بەڵێنەکانی خەلیفەی ئیسلام، پڕوپاگەندەی ئایینی لەگەڵ نیەت پاکی کورد بۆ لایەنگری دەوڵەتی عوسمانی، هەرچەندە ژمارەیەکی زۆر لە کوردپەروەران دژی ئەو هەڵوێستە بوون، باوەڕیان بە بەڵێنەکانی دەوڵەتی تورك نەبوو، بەلام کوردەکان دڵسۆزانە داکۆکیان کرد، نەك تەنیا لە خەلافەتی ئیسلامی، بەڵکوو خۆبەختکردن لە ئەنازۆڵ دژی هێرشەکانی یۆنان.

لەوکاتەدا کوردەکان دەیانویست لەگەڵ تورك وەك برا و بەبێ جیاوازی و ستەمکاری و بە تورککردنی کورد بژین، بەلام دیسان ئیتیحادیە تورکەکان بەردەوامبوون لەسەر سیاسەتە دوژمنکارییەکانیان.

**بەشی چوارەم: سەنگ و قورسایی شۆڕشەکان**

کورد بێ ئومێد ببوو لەوەی کە لە ڕێگای پاڕانەوە و داخوازی ئاشتییانە هیچ شتێکی لە حکوومەتی تورکیا دەست بکەوێ، هیچ ڕێگایەکی لەبەردەم نەمایەوە، بۆیە ڕووی کردە، شۆڕشکردن، کە ئەویش بە تاکە سەنگەری میللەتانی ژێردەستەی دەزانی، دوایی ماندووبوون و هەژاری و لێ قەومانە هەلگری دروشم و و ئالای سەربەخۆیی و ئازادییە، کە لەناو خوێنی لاوەکانی مەلەوانی دەکات.

بەڵێ کورد شۆڕشی بەرپا کرد، بۆ وەدەستهێنانی ئەو مافانەی کە بە داخوازی و پاڕانەوە و لە ڕێگای ئاشتی دەستی نەکەوت، بەڵام یارمەتی وڵاتانی داگیرکەر بۆ تورکیا و توندوتیژی و سەرباز و جاشەکانی حکوومەت و نەبوونی یەك ڕیزی کورد، بوو بە هۆی شکستی شۆڕشە مەزنەکەی کوردستانی تورکیا بە سەرۆکایەتی شێخ سەعیدی نەمر لە ساڵی "١٩٢٥"دا، بۆ ئەوەی ئاگاداری دڕەندەیی و ڕەوشتی دوور لە ئیسلامەتی و نامرۆڤانەی شۆڕشەکە بن، بەشێك لە ناوەڕۆکی کتێبەکەی "مستەفا ئەتاتورك"، کە بە عەرەبی بڵاوکراوەتەوە دەخەینە بەرچاو.

نووسەر دەڵێت: بەخوا کوردەکان شکان و لەناوبردنیان بە یەکجاری و پڕ لە مەترسی بۆ فڕۆکە لە ئاسمان تۆپەکان لە زەوی ئاگربارانیان دەکردن، تفەنگەکانیان ئاگریان دەنایەوە، سەریان دەبڕین و خەنجەرەکان ورگیان دەدڕین، ٤٠٠٠٠ چل هەزار سەربازی تورك، دڵ گەرم بوون بە خوێن و هەڵدەپەڕین لە وڵاتی کوردان لە دەشت و دۆڵ و سەر شاخەکان، خەڵکیان دەکوشت و دێهاتەکانیان دەسووتاند.

لاشەی کورد لە ڕۆژی ٢٨ی تەموزی ساڵی ١٩٢٧، ڕۆژهەڵات لەسەر قەنارەکان دەلەرینەوە، دەهاتن و دەچوون لەسەر لاشەی ٤٥ سەرۆکەکانی کورد. تا دواجار سەرۆکە گەورەکەیان شێخ سەعید پێش دەکەوێ بۆ بەر پەتی قەنارە، بە پێکەنینەوە، کوا لەو دیمەنە جوانتر هەیە، ئەمە پیاوەتی و ئیسلامەتییە ........؟ دەبینن، کە چۆن خۆیان هەڵدەکێشن بە سووتانی گوندەکان و هەڵدڕینی ورگی خەڵك و سەربڕینیان، بێگومان سەربەخۆیی بەرخودانی دەوێ.

**بەشی پێنجەم: (دوژمنایەتی لەنێوان میللەتان نییە)**

ئەم ڕوداو ستەمکارییانەی باسمان کرد دەرهەق بە میللەتی کورد لەلایەن حکوومەتەکانی تورکیا مانای ئەوە نییە، کە میللەتی تورکی برامان گوناهبار دەکەین،

نـەخێر ئێمـە میللـەتی تـورك بەدەسـتەبرای خۆمـان دەزانـین، ئـەوانیش چەوسـاوە و ژێردەستی حکوومەتەکانیانن، چونکە بەرژەوەندیی ستەمکارانی تورکیا لە دوژمنایەتی و چەوساندنەوەی هەموو نەتەوەکانی تورکیایە، کەواتە بەرژەوەندیی گەلی کـورد و گـەلی تـورك تێکۆشـانە بـۆ لـەناوبردنی دەسـەڵاتە سـتەمکارەکانی تورکیـا. دروسـتکردنی حکوومەتێکی هاوبەش بۆ ئازادی و خۆشگوزەرانی، هەموو نەتەوەکانی تورکیا.

**بەشی شەشەم: (تآخي الكورد والعرب)**

لە دێرزەمانەوە پەیوەندییەکانی گەلی کورد و عەرەب زۆر بەهێز بووە بـە تایبـەتی لـە ڕووی مێـژوویی و ئـایینی و کولتـووری و هاوسـێیی و ژێردەسـتەیی داگیرکـەران و ئامانجـەکانیان، تـا ئیمـڕۆش ئـەو پەیوەندییانـە بـاش و بـەردەوام بووینـە، هەربۆیـەش پێویستە ئەم پەیوەندییانە ڕێك بخەین و بەهێزتریان بکـەین، بۆئـەوەی بەرهەمـەکانیانی زیاتر و باشتر بن بۆ بەرژەوندیی هەردوو میللـەتی کـورد و عـەرەب. میللـەتی کـورد وەك میللەتی عەرەب بـە پارچـەکراوە و دابەشـکراون و لێـك دوور خراونەتـەوە، لـە هەسـت و بیریان هەر خـەبات دەکـات بـۆ ئامانجـە پیرۆزەکـانی هـەوڵ دەدات بـۆ هاوکـاری لەگـەڵ گـەلانی جیهـان، بـۆ ئـەوەی مافـەکانی خـۆی وەرگـرێ، لـە ژیـانێکی ئـازاد و کامـەرانی، بۆئەوەی بتوانێت لە دروستکردنی جیهانێکی پڕ لە شارستانیەت، وەك بۆ شارسـتانیەتی ئیسـلامی هـەوڵی داوە. شۆڕشـەکانی کـورد وەکـوو شۆڕشـەکانی عـەرەب لـەدایکبوونی هەسـتێکی گشـتی و ئومـەتێکی زینـدوون، کـە هـەموو ناخۆشـی و دەردەسـەری و چەوساندنەوەی تێپەڕاندووە، لەپێناو ژیـانێکی سـەربەخۆ و دڵخۆشـکەر، یـان مردنێکـی سەربەرزانە و لەبیرنەچوونەوە، ئێمە دەمانەوێ بە چاوگی دۆسـتانە و یەکسـانی کارمـان لەگەڵ بکەن، نامانـەوێ ببینـە گـەورەی کـەس، ناشمانـەوێ ببینـە کۆیلـە و ژێردەسـتی کەس، نامانەوێ لەسەرووی میللەتان بین، دەمانـەوێ لـە گـەڵیان، دۆسـت و هاوکـاربین، لەپێناو مرۆڤایەتی و ئاسوودەیی خەبات دەکەین، شەڕ لەگەڵ حکوومەتەکان بـە ئاشـتی و خۆشی نێوانمان بگۆڕینەوە، کورد وەکوو عەرەب دەیەوێ سـەربەخۆ بێـت، دەیانـەوێ زمان و کولتووری نەتەوەیان پـارێزراو بێـت، ئەمانـە زیـان بـە هـیچ لایـەنێك ناگەیـەنێت، بەڵکوو سوودی بۆ هەموو گەلانی دنیا هەیە، چونکە بەرژەوەندییان یەکە و نابێ بە دوو.

کورد دۆست و برادەری عەرەبن، لەژێر یەك نەخۆشی و ناخۆشی دەناڵێنن و یەك دەرمانیان هەیە، ئەویش ئازادی و سەربەرزی و خۆشی و ئاشتییە.

دەبا یەك بگرین و یارمەتی یەکتری بدەین، با تێ بگەین و یەکتر بپارێزین زیاتر لە ئێستا و تواناکانیشمان لە هەموولایەکان دژی داگیرکەران بەهێزتر بکەین، تێ بکۆشین بۆ بەدەستهێنانی ئەمانە و هاوبەشە پیرۆزەکانمان، گوێ نەگرین لە ناحەزان و بیروباوەڕی دەمارگیری و خۆپەرستی.

**بەشی حەوتەم دەمارگیری نەتەوەیی کوێرانە**

پێش ئەوەی باسی بناغەی دۆستایەتی گەلی کورد و عەرەب بکەین، پێویستە هەردوو میللەت ئاگادار بکەینەوە بە رووناکبیر و بیرمەندەکانیان لە ئەنجامی دەمارگیری نەتەوەیی کوێرانە، هەموو کۆمەڵگا ئەو باسانە باش نازانن. ڕۆشنبیرانی کورد و عەرەب پێویستە نەك تەنیا لە دەمارگیری نەتەوەیی دوور کەونەوە. بەڵکوو دەبێ دژی بوەستن و بیرۆکەکانیان ڕیسوا بکەن، کە دوژمنان بڵاوی دەکەنەوە بۆ تێکدانی برایەتی کورد و عەرەب و (معادات الشعوب اثارة الحروب والقلاقل بينها) لەسەرمان پێویستە دژی ئەم کارانە بوەستین، چونکە داگیرکەران دەیانەوێ ناکۆکی دروست بکەن لەنێوان میللەتان، بۆئەوەی بێ هێزیان بکەن و بتوانن داگیریان بکەن، لە دواجار داوا دەکەین لە گەلی کورد و عەرەب بۆ هاریکاری و برایەتی بەرەو لەناوبردنی داگیرکاری و چەوسانەوەکە هەردووکیان هاوڕێ بن لە ڕێگای سەربەخۆیی.

**پارێزەر: کەمال محیەدین**

* ئەم بابەتە لە گۆڤاری دۆکیومێنت بڵاوکراوەتەوە.

## ناسنامەی هەرێمی کوردستان لە نێوان فیدرالی و لامەرکەزی

پاش ڕووخاندنی دەوڵەتی عوسمانی لـە شـەڕی یەکـەمی جیهـانی لـە سـاڵی ١٩١٤، ئینگلیزەکان بەغدایان داگیر کرد و هەرەسـی ویلایەتەکـەی بەغدا و بەسـرە و موسـڵیان کردە دەوڵەتێك ناویان نا عێراق، لە ساڵی ١٩٢١ مەلیك فەیسەڵیان کردە مەلیکی عێراق، لەم گۆڕانکارییانەدا کورد ڕەزامەند نەبوو، کوردستان لـە چوارچـێوەی ویلایـەتی موسـڵ بەم دەوڵەتە عێراقییەوە لکێنرا، هەم دیسان کورد بە دانانی مەلیك فەیسەڵ بـۆ مـەلیکی عێراق ڕازی نەبوو، هەرچەندە پێش دروستکردنی دەوڵەتی عێراق، هاوپـەیمانانی شـەڕی یەکـەمی جیهـانی و ڕووخـانی دەوڵـەتی عوسمـانی بڕیاریـان دا بـە دابەشـکردنی میراتـی دەوڵەتی عوسمانی بەسەر خۆیاندا، بـە ڕێکـەوتنی (سـایکس بیکـۆ) لـەنێوان ئیـنگلترا و فەرەنسا، لەهەمان کاتدا بڕیاریان دا میللەتـە ژێردەسـتەکانی دەوڵـەتی عوسمـانی ئـازاد بکەن و حکومەتی سەربە خۆیان بۆ دروست بکەن. **لە ساڵی ١٩٢٠ ڕێکەوتنی سـیڤەریان لە نێوان خۆیاندا مۆر کـرد، لـە بەنـدەکانی (٦٢ و ٦٣و ٦٤)دا، ئینگلیـز و فەرەنسـا و هاوپەیمانـەکانیان دانیـان نـا بـە مـافی کـورد لـە کوردسـتانی تورکیـا و عێـراق لەگـەڵ دروسـتکردنی حکومـەتێکی سـەربەخۆ بۆیـان،** بـەڵام بەداخـەوە لەبـەر کەمتەرخـەمی و ناشارەزایی کورد و ناکۆکی ناو هاوپەیمانـەکان و پێداگری مسـتەفا کـەمال و ئەفسـەرە کۆنەپەرست و شۆڤێنییەکانی تورکیا بەرامبەر باجی دروستکردنی حکومەتێکی عیلمـانی لە تورکیا و نەهێشتنی هەموو دەنگ و ڕەنگ و بەهای ئیسـلام و گـۆڕینی پیـت و زمـانی نووسینی عەرەبی بـە پـیتی ئینگلیـزی و ڕێکـەوتنی (لۆزان)یـان مـۆر کـرد بـەبێ ئـەوەی نـاوەرۆکی پـەیمان سـیڤەر جـێ بـەجێ بکـەن. کوردسـتانی عێـراق لـەناو حکومـەت داتاشـراوەکەی عێـراق مایـەوە بـەبێ ئـەوەی هـیچ مـافێکی دیـاریکراوی هـەبێت وەکـوو میللەتێکی جیاواز لە نەتەوەی عەرەبی عێراقی.

پاش دروستبوونی (کۆمەڵی دەوڵەتان) دیسان کێشەی کـورد کەوتـەوە نـاو یـاس و لێکۆڵینـەوە، ئـەو کۆمەڵـەش بـە چـاوێکی بـاش و کـردەوەی جـوان نوێنـەری نـاردە کوردسـتان، لـە زۆر لـە شـارەکان لێکۆڵینـەوە و سـەرژمێریان ئـەنجام دا. کۆمەڵـەی دەوڵەتان بڕیاری جێبەجێکردنی مافە ئیداری و ڕۆشنبیری و یەکسانی دا بە کورد، پـاش ساڵێك کورد ئەگەر توانای بـەڕێوەبردنی حکومـەتی هـەبێت، ئـەوا بـۆی دروسـت بکـەن. **بەڵام کورد نەیتوانی سوود لەم بەڵێنە وەربگرێت، لەجیاتی بە پیریەوە بچێت، کەوتـە**

**دژایەتی ئیگلیز و هاوپەیمانەکانی، وردە وردە لە ڕووسیا نزیك دەبوونەوە، بە بەژن و باڵای شیوعیەت و ئیشتراکیەتی هەڵدا، لە حەوت سکرتێری حیزبی شیوعی عێراقی پێنجیان کورد بوون، حیزب و کۆمەڵە و ڕێکخراوەکانی کوردیش کەوتنە بالوێرەلێدان و پەیوەست بوون بە بیروباوەڕی مارکسی لینینی و مەزهەبی توندڕەو. ئەم ڕەوشە ئێستاش ماوە، کە ڕاستەوخۆ دژی زلهێزەکانی جیهانە.**

پاش شۆڕشی مەزنی ئەیلوول و شۆڕشی نوێ و شەڕی براکوژی، کورد تووشی گەلێك سەرکەوتن و شکست هات، لەگەڵ حکومەتە یەك لە دوای یەکەکانی عێراق، تا گەیشتینە قۆناغی ڕووخانی ڕژێمە دیکتاتۆرەکەی سەدام حوسێن و دانانی دەستووری عێراق لە "٢٠٠٥/١/٣٠"دا و دامەزراندنی حکومەتێکی بەناو فیدراڵ و دیموکراسی و داننان بە حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ناو دەستوورەکە، کە لە مادەی (١١٦)ی دەستورەکەدا دەڵێت: – سیستەمی ئیتحادی لە کۆماری عێراق پێکهاتووە لە (پایتەخت و هەرێمەکان و پارێزگاکانی لامەرکەزی لەگەڵ دەسەڵاتە خۆجێیەکان، واتە حوکمی مەحەلی).

مادەی (١١٧) دەڵێت: ئەم دەستوورە لە کاتی جێبەجێکردنی دان دەنێت بە هەرێمی کوردستان و دەسەڵاتەکانی وەك هەرێمێکی ئیتیحادی.

مادەی (١١٩): هەر پارێزگایەك یان چەند پارێزگایەك دەتوانن هەرێمێك بۆ خۆیان دروست بکەن لەسەر داواکاری گشتپرسی (استفتاو)، بەو مەرجانەی کە لە دەستوور نیشاندراوە.

مادەی (١٢٠): هەرێمەکان دەستوور دادەنێن بۆ خۆیان بۆ دیاریکردنی دەسەڵاتەکانیان و چۆنیەتی جێبەجێکردنیان، بە مەرجێك بە پێچەوانەی دەستووری عێراق نەبن.

واتە لە هیچ لەو مادانەی سەرەوە باسی فیدرالیەت نەکراوە، وشەی ئیتیحادیش (یەکگرتن) لەلایەن چەند لایەنێك دروست دەکرێت، ئەو لایەنەی لەگەڵ هەرێمی کوردستان یەکگرتنەکە دروست دەکا، دیار نییە و ناویشی نەهاتووە، واتە سیستەمی عێراقی ئیتیحادی نییە. دیسان لە مادەی (١١٩)دا هاتووە: هەموو پارێزگاکان بۆیان هەیە هەرێم دروست بکەن، واتە ڕەنگە (١٠ بۆ ١٥)هەرێم دروست بکرێت، کوردستانیش وەك یەکێك لەو هەرێمانە دەبێت. کەواتە کوردستان وەکوو بەسرە و نەجەف و عمارە

هەروەك شارێکی تری عێراق حیسابمان بۆ دەکەن، کەواتە هیچ حیسابی ئەوەمان بۆ نەکراوە، کە میللەتی کورد عەرەب نییە و کوردستانیش، عەرەبستان نییە.

وشەی ئیتیحادیش چەند چەشنی هەیە:

١. ئیتیحادی ئیداری: واتە یەکگرتنی لایەنەکان لە ناو یەك میللەت و یەك نیشتمان.

٢. ئیتیحادی فیدڕاڵی: سیاسی ڕەزامەندانە، واتە یەکگرتنی چەند نەتەوە و چەند نیشتمان و دابەشکردنی دەسەڵاتەکان.

٣. ئیتیحادی کۆنفیدڕاڵی: واتە یەکگرتنی چەند دەسەڵاتێك لەگەڵ مانەوەی سەروەری خۆیان.

٤. ئیتیحادی کەسی: واتە یەکگرتن تەنیا لە سەرۆکێکی هاوبەش و بەس.

٥. ئیتیحادی ئیندیمانجی: کەواتە تێکەڵبوونی تەواو لە گەل پاراستنی وشەی ئیتیحاد.

بۆیە تاکو ئێستا ئێمە نازانین وشەی ئیتیحاد، کە لە دەستووری عێراقیدا ناوی هاتووە، کامە لەم ئیتیحادانەیە، کە ئێمە لەسەرەوە باسمان کردن، ئەوەی من بۆی چوویمە کاربەدەستانی عێراقی بە ئیتیحادی ئیداری لامەرکەزی دەخوێننەوە بەپێی دەستوورەکە، کەچی کاربەدەستانی هەرێمی کوردستانیش بە ئیتیحادی فیدڕاڵی دەیخوێننەوە بەبێ هیچ مادەیەکی دەستووری، بەڵام بە ڕای خۆم ئەم وشە ئیتیحادیەی لەناو دەستووری عێراقیدا هاتووە، مەبەست ئیتیحادی ئیداری و لامەرکەزییە، چونکە نە بە قسەکردن نە بە کردەوە بەغدا بەرەو فیدڕاڵیەت نەچووە و ناچێ. بەڕێز مالیکی لە لێدوانێکی تەلەفزیۆنی گوتی: دەستووری عێراقی باسی مافی چارەی خۆنووسینی نەکردووە بۆ کورد هەروەها ڕۆژانی ١٩ و٢٠٢٣/٢٠ بەڕێز سودانی سەرۆك وەزیرانی عێراق گوتی: ئێمە لە عێراق کار بۆ سیستەمی لامەرکەزی دەکەین بۆ عێراق.

دەبێ ئەوەشمان لەبیر نەچێت، لە ساڵی ١٩٦٣ لە ٢ی نیسان مام جەلال، کە سەرۆکی وەفدی کوردی بوو لە مفاوەزاتی لەگەڵ بەعسییەکان پێی گوتن ئێمە ئۆتۆنۆمی سیاسی و قەومیمان دەوێت.

هەروەها خواڵێخۆشبوو عەبدولکەریم قاسم، کە یەکەم سەرۆکی کۆماری عێراق بوو لە دەستوورەکەی ساڵی ١٩٥٨دا چەسپاندی، کە کورد و عەرەب شەریکن لە عێراقدا.

دیسان لەبیرمان نەچێت، کە پەرلەمانی کوردستان لە ١٩٩٢/١٠/٤ بڕیاری دا لەسەر

داواکردنی فیدڕالیەتی سیاسی لە جیاتی جیابوونـەوەی کوردسـتانی باشـوور لـە عێـراق، لەکاتێکدا زیاتر لە سەد ساڵ پێش ئیمڕۆ میللەتی کورد خـەباتی کـردووە بـە ڕابەرایـەتی پارت و ڕێکخراوەکان لـەپێناو بـەدیهێنانی مـافی چـارەی خۆنووسـین و دەوڵـەتی کـوردی سەربەخۆی کـوردی، لـەم کاروانـەدا چـەندین جـار تووشـی هەڵکشـان و داکشـان بـووە، زۆرجـار دەرفـەتی سـەرکەوتنمان بـۆ ڕەخسـاوە، سـەرەڕای گرفـت و شکسـتەکان، کـە لەکاتی ئێستادا تووشمان هاتووە، لەوەی لەجیاتی مـافی چـارەی خۆنووسـینی دەوڵـەتی کوردی هاتینە سەر داواکردنـی فیدڕاڵیـەتی سیاسـی، بەداخـەوە کەچـی ئـەوەشمان پـێ ڕەوا نابینن، وا خەریکە مووچە و بودجەشمان لێ ببڕن، بۆیە من پێم باشە تا کـار لـەکار نەترازاوە و مایەپووچ نەبووینە بە تەواوی، پێویستە هەموو لایەنە سیاسییەکان بە زانا و دڵسـۆزەکان، لـە کوردسـتان پێکـەوە کۆببنــەوە و پێکـەوە و هۆیـەکانی ئـەو هــەموو داکشانانەی کوردایەتی دەستنیشان بکەن و چارەسەری زانستیانەی بۆ دابنێن و لەگـەڵ بەغداش ڕاشکاوانە گفتوگۆ بکەن لەسـەر پێناسـە و ناسـنامەی هـەرێمی کوردسـتان، **با چیتر بە فرۆفێڵ و پینەوپەڕۆ کات بەسەر نەبـەن، قسـەی دڵیـان بخەنـە سـەر کاغـەز، چونکە ئەگەر ئەوان باوەڕیان بە فیدڕاڵیەتی سیاسی نییە لە کوردستان دەبـێ بـیر لـە ڕێگاچارەیەکی تر بکرێتەوە**، یان لـە ڕێگـای کۆنگرەیـەکی نیشـتمانی و هـەموو ڕووداوە چاك و خراپەکان بخەنە بەردەستیان، بۆئەوەی بڕیاری ڕاست و گونجاویان بۆ بدۆزنەوە، چونکە ئەگەر ئیمڕۆ زوو بێت، سبەی درەنگە.

**پارێزەر**

**کەمال محیەدین ئەسعەد**

٢٠٢٣/٤/٥

# بۆ ئەوەی ڕاستییەکان ون نەبن
## ( هەندێ لە پارت و ڕێکخراوە کوردییەکان )

پاش ئەوەی لە ساڵی "١٩٢١"حکوومەتی عێراق، لەلایەن ئینگلیزەوە دروست کرا و شا "فەیسەڵ"یان کردە پاشا لە عێراق کە بەشی هەرە زۆری کورد دەنگیان پێ نەدا، ڕازیش نەبوون لەسەر لکاندنی کوردستانی باشوور بە حکوومەتەکەی، هەر لەو کاتەوە کێشە و ناکۆکی کەوتە نێوان کورد و کاربەدەستانی بەغدا، هەستی کوردایەتی جوولا و ژمارەیەك لە ڕێکخراو و کۆمەڵە و دەزگا و کەسایەتی کوردپەروەر لەدایك بوون، وەك:

١. کۆمەڵەی کوردستان: بە سەرۆکایەتی مستەفا پاشا یامولکی لە سلێمانی، لە ١٩٢٢/٧/٢١.

٢. دەزگای نیشتیمان: بە سەرۆکایەتی جەنابی تۆفیق وەهبی لە ساڵی ١٩٣٠.

٣. کۆمەڵی فیدراڵی کورد: لە ساڵی ١٩٣٥.

٤. کۆمەڵی ئازادی کورد.

٥. کۆمەڵی خوێندەوارانی کورد لە بەغدا، کە پێکهاتبوو لە (ئیبراهیم ئەحمەد، هەمزە عەبدوڵڵا، ڕەشید عارف، سەمەد محەمەد، کاکە زیاد، حەسەن تاڵەبانی، ...)، کە لەگەڵ حیزبەکانی بەغدا بە تایبەتی (وطني دیمقراطي، حیزبي الشعب، الإستقلال)، پەیوەندی و هاوکاریان هەبوو.

هەموو ئەو ڕێکخراوانەی سەرەوە کوردپەروەر و کوردستانی بوون، لە سنوورێکی تەسك و دوژمن زۆر و دۆستی کەم، تا عێراق بوو بە ئەندامی (عصبة الأمم)، واتە کۆمەڵەی دەوڵەتان لە ساڵی ١٩٣٢ ئەم ڕووداوە بوو بە هۆی گۆڕانی کەشوهەوای سیاسی و کۆمەڵایەتی و هەندێ لە ئارامی و ئازادی پەیدابوون لە سەرانسەری عێراق بە کوردستانیشەوە، هەر بۆیە کۆمەڵانی خەڵك لە کوردستان کەوتنە جموجۆڵ و کۆڕ و کۆبوونەوەی فراوانتر و پتەوتر لە جاران، بۆ دۆزینەوەی ڕێگاچارەیەکی ڕاست و تەندروست بۆ گەیشتن بە مافە ڕەواکانی گەلی کورد لە کوردستانی باشوور، بۆ ئەو مەبەستەش ژمارەیەکی زۆر لە ڕێکخراو و کۆمەڵ و دەزگا و پارتی سیاسی و نەتەوەیی و ئایینی پەیدا بوون، وەك:

١. کۆمەڵی لاوان: لە ساڵی ١٩٣٣ لە سلێمانی، بە سەرۆکایەتی ڕەحمەتی جەنابی محەمەدئەمین زەکی بەگ، دروست کراوە، ئەندام و لایەنگرێکی زۆری هەبوو لەناو لاوان

و خوێندەوارانی کوردستان، گۆڤاری "لاوان"یان بۆ داکۆکی کردن لە مافەکانی کورد، دەر دەکرد.

٢. حیزبی دارکەر: لە ساڵی ١٩٣٧، لەلایەن خوالێخۆشبووان کاك فائق هوشیار، نووری شاوەیس، عەبدوڵڵا تۆفیق بە سەرۆکایەتی دلّدار لە کەرکووك، دروست کراوە، داوای مافە ڕاستەقینەکانی گەلی کوردیان دەکرد، گرووپێکی پێشکەوتنخواز بوون.

٣. کۆمەڵی برایان: لە ساڵی ١٩٣٨ لە سلێمانی، بە سەرۆکایەتی ڕەحمەتی جەنابی شێخ لەتیف شێخ مەحموود، دروست بووە، داوای سەربەخۆیی کوردستانیان دەکرد، تەنیا لە سلێمانی جموجۆڵیان هەبوو.

٤. حیزبی هیوا: لە ساڵی ١٩٣٩، بە سەرۆکایەتی ڕەحمەتی جەنابی مامۆستا ڕەفیق حیلمی دروست کراوە، حیزبێکی کوردپەروەر و بەهێز بوو، کە ژمارەیەك لە خوێندەوار و ئەفسەر و قوتابی و کەسایەتی لەگەڵ بوو، زۆر یارمەتی شۆڕشەکانی بارزانی نەمر و شێخ مەحمودی نەمری کردووە، لە ئەنجامی جیاوازی بیروبۆچوونیان لە ساڵی ١٩٤٤ کۆنفرانسیان لە کەرکووك بەست، بوون بە دوو بەش (چەپڕەو و ڕاستڕەو)، بۆیە خۆیان هەڵوەشاندەوە، هەندێك بوون بە شیوعی، ئەوانی تر چوونە ناو پارتە کوردییەکان.

٥. لقی حیزبی شیوعی عێراقی لە کوردستان بە ناوی (یەکێتی تێکۆشان وحدة النضال): لە ساڵی ١٩٤٣ حیزبی شیوعی عێراقی بوون بە دوو حیزب، واتە (القاعدة + وحدة النضال) لقی (وحدة النضال) لە کوردستان خەباتی دەکرد سەرکردەکانیان بریتی بوون لە: (ساڵح حەیدەری، عەلی عەبدوڵڵا، نافیع یوونس، کەریم تۆفیق .....، لە ساڵی ١٩٤٤ هەردوو لایەنەکەی حیزبی شیوعی ڕێککەوتنەوە و بوونەوە یەك حیزب، واتە القاعدة و وحدة النضال بوونەوە یەك بە ناوی حیزبی شیوعی عێراقی، بەڵام لقی (وحدة النضال یەکێتیی تێکۆشان) لە کوردستان بەم ڕێککەوتنە ڕازی نەبوو، لەبەر هەندێ سکرتێری حیزبی شیوعی (فهد) داوای کرد لەگەڵ یەکێتیی تێکۆشان گفتوگۆ بکەن لەئەنجامدا نوێنەرانی حیزبی شیوعی، کە بریتی بوون لە (فەهد سکرتێری حیزب لەگەڵ زەکی بەسیم، محەمەد حوسێن شەبیبی، یەهودا و مەلا شەریف، ئەندامانی مەکتەبی سیاسی) حیزبی شیوعی عێراقی لەگەڵ نوێنەرانی یەکێتیی تێکۆشان کۆبوونەوە، کە بریتی بوون لە بەڕێزان: (ساڵح حەیدەری، عەلی عەبدوڵڵا، نافیع یونس)، فەهد پێداگری

کرد، کە دەبێ یەکێتیی تێکۆشان وەك تاکە کەسی (الافراد) بێنەوە ناو حیزبی شیوعی، کاك عەلی عەبدوڵڵا گوتی لقی حیزبی شیوعی عێراقی لە کوردستان نەبێت قبووڵی ناکەین خۆمان هەڵبوەشێنینەوە و وەك تاکە کەس بێینەوە ناوتان، بۆیە ڕێکنەکەوتن و یەکێتیی تێکۆشان لە پایزی ساڵی "١٩٤٥"دا حیزبی شیوعی کوردستانی بە سەرۆکایەتی بەڕێزان ئەندامانی مەکتەبی سیاسی: (ساڵح حەیدەری وەکوو سکرتێر، عەلی عەبدوڵڵا و نافیع یونس و کەریم تۆفیق وەکوو ئەندام) دروست کرد، ڕۆژنامەیەکیشیان بە ناوی (شۆڕش) دەرکرد، کە داوای مافی چارەنووسیان دەکرد.

٦. حیزبی ڕزگاری: حیزبی شیوعی کوردستان هەستی کرد بوو، کە میللەتی کورد لەگەڵ بیروباوەڕی شیوعیەت زۆر ئاشنا و نزیك نییە، بە تایبەتی لە ڕووی ئایینی و کۆمەڵایەتی، بۆیە هەوڵیاندا لەگەڵ هەندێ ڕۆشنبیر و خوێندەوارانی کوردستان توانیان ئەو حیزبە دروست بکەن لە زستانی ساڵی "١٩٤٥" بە سەرۆکایەتی ئەم بەڕێزانە:

(ساڵح حەیدەری، نافیع یونس، جەعفەر محەمەد کەریم، نووری شاوەیس، نووری محەمەدئەمین، ڕەشید باجەلان، تەها محیەدین)، لەژێر چاودێری حیزبی شیوعی کوردستان کاریان دەکرد بۆ سەربەخۆیی ئیدارەی کوردستانی عێراق، نەك گەیشتن بە سەربەخۆیی کوردستانی گەورە، ڕۆژنامەیەکیان بە ناوی (ڕزگاری) دەر دەکرد.

٧. حیزبی شیوعی عێراقی، حیزبی (تحریر)یشیان دروست کرد، کە زۆر دژی پارتی و خەباتی نەتەوایەتی کورد بوون، نوێنەرانی کۆنگرەی حیزبی شۆڕش و ڕزگاری بۆئەوەی یەکێتیی ڕیزەکانیان بپارێزن پاش گفتوگۆیەکی دوورودرێژ لەناو کۆنگرەی حیزبی شۆڕش (نافیع یونس) و هەندێ لە نوێنەرانی هەولێر و شەقڵاوە و ڕواندز، پشتگیری چوونە ناو پارتیان کرد، بەڵام ساڵح حەیدەری و جەمال حەیدەری و حەمید عوسمان لەگەڵ ژمارەیەکی کەم لە نوێنەرانی کۆنگرەکە دژی چوونە ناو پارتی بوون بە بیانووی ئەوەی ئەو پارتە حیزبێکی کۆنەپەرست و خێڵەکی دەبێت، چونکە شێخ لەتیف و کاکە زیاد دەبن بە یاریدەدەری سەرۆکی حیزبەکەیان، کە مستەفا بارزانی یە، بۆیە ئەوانە هەموویان چوونە ناو حیزبی شیوعی عێراقی، بەم جۆرە بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی حیزبی ڕزگاری یان دا، بۆئەوەی بچنە ناو پارتی دیموکراتی کوردی عێراق.

هەفتەی دووەم، لە ١٩٤٦/٨/٢، کۆنگرەی حیزبی شۆڕش بەسترا، بەڵام ساڵح حەیدەری و نافیع یونس، کە لەهەمان حیزب ئەندامی مەکتەبی سیاسی بوون لەو

کۆنگرەیە ئامادە نەبوون، بەڵام زۆربەی زۆری ئەندامانی کۆنگرەکە (کۆنگرەی شۆڕش) دەنگیان دا بە هەڵوەشاندنەوەی حیزبی شۆڕش بۆ چوونە ناو پارتی دیموکراتی کوردی عێراق.

واتە دەتوانین بڵێین پارتی دیموکراتی کوردی عێراق لە هەناوی ئەم ڕێکخراوە و پارتە کوردییانە دروست بووە، کە لە مەیدانی تێکۆشان کوردایەتییان کردووە:

١. کۆمەڵی کوردستان ٢. دەزگای نیشتیمانی ٣. کۆمەڵی فیدائی کورد ٤. کۆمەڵی ئازادی کورد ٥. کۆمەڵی خوێندەوارانی کورد ٦. کۆمەڵی لاوان ٧. حیزبی دارکەر ٨. کۆمەڵی برایان، حیزبی هیوا ٩. شۆڕشەکانی بارزان لە ساڵانی ١٩٤٣ و ١٩٤٥ ١٠. لیژنەی ئازادی لە مەهاباد ١١. بانگەوازەکەی سەرۆکی حیزبی شیوعی عێراق (فەهد)، بۆ دروستکردنی حیزبێکی دیموکراسی لە کوردستان بۆ بەدەستهێنانی مافەکانی گەلی کورد لە کوردستانی عێراق ١٢. حیزبی شیوعی کوردستان (شۆڕش) ١٣. حیزبی ڕزگاری ١٤. لقی حیزبی (ژ. ك) لە سلێمانی بە سەرۆکایەتی مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد ١٥. هەوڵ و ماندووبوونەکانی کاك هەمزە عەبدوڵلا و کاکە زیادی کۆیە و خالید بەگداش و جگەرخوێن، لەگەڵ ئازایەتی و تێکۆشانی هەمیشەیی میللەتی کورد تا ئیمڕۆ لەپێناو بەدەستهێنانی سەربەخۆیی و کامەرانی بۆ گەلی کورد لە سەرانسەری کوردستانی گەورە. پاش ئەوەی کاك هەمزە عەبدوڵلا توانی ڕەزامەندی هەموو لایەنە کوردپەروەرەکان وەربگرێت، بە تایبەتیش ڕەزامەندی (١. لیژنەی ئازادی لەمەهاباد، بە سەرۆکایەتی مەلا مستەفا بارزانی و ئەندامانی سەرکردایەتیان هەر یەك لە بەڕێزان میرحاج ئەحمەد، نووری ئەحمەد تەها، عەبدولڕەحمان موفتی، محەمەد قدیسی، عیزەت عەبدولعەزیز، خەیروڵلا عەبدولکەریم، مستەفا خۆشناو، دلشاد ڕەسووڵی، محەمەد وردی... ٢.حیزبی شۆڕش ٣.حیزبی ڕزگاری ٤. ڕەزامەندی کاك ئیبراهیم ئەحمەد)، کۆنگرەی یەکەمی پارتی دیموکراتی لە ڕێکەوتی: "١٩٤٦/٨/١٦" لە بەغدا لە ماڵی (سەعید فەهیم کۆیی) بە ئامادەبوونی نوێنەرانی (لیژنەی ئازادی و حیزبی شۆڕش و حیزبی ڕزگاری و هەمزە عەبدوڵلا و مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد، نوێنەری حیزبی ژ.ك وەك چاودێر)، بەسترا. بڕیاریاندا لەسەر پەیڕەو و پڕۆگرام هەندێ لە پێشنیارەکانی مەلا مستەفا، بە تایبەتی لەسەر دانانی جەنابی مەلا مستەفای ڕەحمەتی بە سەرۆکی پارتی و جەنابی شێخ لەتیف و کاکە زیادی کۆیە وەك جێگری سەرۆکی پارتی لەسەر داوای بارزانی نەمر.

# کۆنگرەکانی پارتی دیموکراتی کورد - عێراق

## کۆنگرەی یەکەمی پارتی دیموکراتی کورد - عێراق

پاش ئەوەی بەشی هەرە زۆری ئەندامانی سەرکردایەتی حیزبی ڕزگاری و شۆڕش لەگەڵ نوێنەرانی کۆنگرەکانیان ڕەزامەندییان دەربڕی بۆ هەڵوەشاندنەوەی خۆیان و دروستکردنی پارتی دیموکراتی کورد عێراق، هەروەها ڕەزامەندی بارزانی بە مەرجەکانیەوە و مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد و پشتگیری کردنی بۆ ئەم کارە پیرۆزە، هەموو لایەنەکان بڕیاریاندا، کە لە ڕۆژی: "١٦/٨/١٩٤٦" لە بەغدا لە ماڵی (مام سەعید فەهیم کۆیی) کۆنگرەی یەکەمی حیزبەکەیان ببەستن، ئەوەبوو لە سەعات ١٠ی بەیانی هەمان ڕۆژ کۆنگرە دەستی بە کارەکانی کرد، بۆ ماوەی دوو ڕۆژ، پاش بەدواداچوونەوەی ڕەشنووسی پەیڕەو و پرۆگرام و هەڵسەنگاندنی کەشوهەوای سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی عێراق و کوردستان بە گشتی دەنگی ئامادەبووان بڕیاریاندا:

١. مامۆستا هەمزە عەبدوڵڵا ٢. مەحموود ئەحمەد نوێنەری شێخ لەتیف ٣. کاکە زیادی کۆیی ٤. نوێنەرانی لیژنەی ئازادی و حیزبی شۆڕش و حیزبی ڕزگاری، بڕیار درا لەسەر پەسەندکردنی پەیڕەو و پرۆگرامی حیزب و چەسپاندنی ناوی حیزب بە (پارتی دیموکراتی کورد عێراق) لەگەڵ دەرکردنی ڕۆژنامەی ڕزگاری و دانانی بارەگای مەکتەبی سیاسی لە بەغدا و هەڵبژاردنی کۆمیتەی ناوەندی لەم بەڕێزانە: (مستەفا بارزانی سەرۆکی حیزب، شێخ لەتیف شێخ مەحموود و کاکە زیاد وەك جێگری یەکەم و دووەم، هەمزە عەبدوڵڵا، میرحاج ئەحمەد، د. جەعفەر محەمەد کەریم، عەلی عەبدوڵڵا، ساڵح یووسفی، ڕەشید باجەلان، عەبدولکەریم تۆفیق، ڕەشید عەبدولقادر، مەلا سەید حەکیم خانەقینی، عەونی یووسف، تەها محیەدین، عەبدولسەمەد محەمەد یەدەگ) پاشان کۆمیتەی ناوەندی ئەم بەڕێزانەی هەڵبژارد بۆ سکرتێری حیزب و ئەندامێتی مەکتەبی سیاسی حیزب: (هەمزە عەبدوڵڵا سکرتێر، د. جەعفەر محەمەد کەریم و عەلی عەبدوڵڵا و کەریم تۆفیق و ڕەشید عەبدولقادر ئەندام مەکتەبی سیاسی حیزب).

پاش ڕووخانی کۆماری مەهاباد لقی حیزبی "ژ. ك" لە سلێمانی، واتە حیزبەکەی کوردستانی ئێران بە تێکڕای دەنگ خۆیان هەڵوەشاندەوە و لە پایزی ساڵی ١٩٤٧ چوونە ناو پارتی دیموکراتی کورد عێراق، مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد، کە لێپرسراوی

ئەو لقە بوو، کردنیان بە لێپرسراوی پارتی دیموکراتی کورد لە سلێمانی.

دوا بەدوای کۆنگرەی پارتی و بڵاوبوونەوەی ناو و چالاکییەکانیان، حیزبی شیوعی عێراقی کەوتە دژایەتی پارتی و جوولانەوەی نەتەوایەتی کورد لە عێراق و کوردستان، فەهد سکرتێری حیزبی شیوعی، بڵاوکراوەیەکی دەرکرد بە ناوی (میپاق الفهد)، نووسیبووی کە کورد لە عێراق میللەتێکی جیاواز نییە لە میللەتی عەرەب، کورد ئوممەت نییە و ماڤی چارەنووسی نییە و نابێ ڕێکخراوی پیشەیی بە ناوی کوردستان دروست بکەن، خەباتی پارتی یان بە جوولانەوەیەکی کۆنەپەرستی و دەرەبەگایەتی لەقەڵەم دەدا.

## کۆنگرەی دووەمی پارتی دیموکراتی کورد - عێراق لە ساڵی ١٩٥١

پاش ئەوەی حکوومەتی عێراق بە سەرۆکایەتی (ساڵح جەبر) عێراقیان بەستەوە بە ڕێککەوتنە خراپەکەی (پۆرتس ماوس) لەگەڵ حکوومەتی بەریتانیا، لە ساڵی ١٩٤٨ هەردوولا ئیمزایان کرد، واتە عێراق و بەریتانیا دەسەڵات و بەرژەوەندیی زیاتریان دا بە ئینگلیز، لەسەرانسەری عێراق و کوردستان، خۆپیشاندان و ناڕەزایەتییەکی توند و فراوان ڕوویدا، ژمارەیەکی زۆر لە کوشتن و بریندار کەوتنە سەر شەقامەکانی سەرانسەری وڵات، سەدەها کەس لە خۆپیشاندەران دەستبەسەر کران، لەگەڵ ئەوەش ڕۆژانە خۆپیشاندان زیاتر پەرەی دەسەند، بەشی هەرە زۆری قوتابیانی بەغدا و شارە گەورەکانی عێراق و کوردستان بێ ترس و ئازایانە، بە گەرموگوڕی زیاترەوە دەڕژانە سەر شەقامەکان دژی ئەو ڕێککەوتنە، لەئەنجامدا حکوومەتەکەی ساڵح جەبر ڕووخا و نووری سەعید، حکوومەتی دروست کردەوە و بووە سەرۆك وەزیران، بۆ دامرکانەوەی وەزعەکەش ئەحکامی عورفی لە هەموو عێراق ڕاگەیاند و دەستیان کرد بە لەسێدارەدان و کوشتن و بەندکردنی هەزارەها خۆپیشاندەر و نیشتیمانپەروەری عێراق و کوردستان، لە شیوعییەکان (فەهدی سکرتێر و دوو ئەندامی مەکتەبی سیاسییان) لەسێدارە دران، لە کوردستانیش، بە تایبەتی لە سلێمانی و کۆیە، ژمارەیەکی زۆر لە سەرکردەکانی پارتی بەند کران یا دەربەدەر کران، واتە وەزعی کوردستان و پارتیش بە تەواوی ئاڵۆز بوو، ڕێکخراوەکانی پارتی و مەکتەبی سیاسی و سەرکردایەتی لێك ترازان، بۆیە بەپەلە بڕیار درا کۆنگرە ببەستن، بۆئەوەی چارەی ئەم ڕەوشە خراپەی حیزب بکرێت، هەر بۆیە

لەمانگی مارتی ساڵی ١٩٥١ لە بەغدا کۆنگرە لە ماڵی (عەلی حەمدی) بە ئامادەبوونی "٣٠" نوێنەری لیژنە و ناوچەکانی پارتی بەسترا، جگە لەو ئەندامانەی سەرکردایەتی، کە بەند و دەربەدەر نەکرابوون، پاش دیراسەت و وەزعی سیاسی و تەنزیمی بڕیاریاندا، لیژنەیەکی مەرکەزی کاتی هەڵبژێرن، کە پێکهاتبوون لە هەریەك لە بەڕێزان (ئیبراهیم ئەحمەد، نووری شاوەیس، جەلیل هوشیار، عومەر مستەفا، بەکر ئیسماعیل، حەمەدئەمین مەعرووف)، بۆ ئەوەی مەسئولیەت بدەن بە سکرتێر و ئەندامانی لیژنەی مەرکەزی پێشوو، بڕیار درا کاك هەمزە عەبدوڵلا لە سلێمانی دابنیشێ و یارمەتی لیژنەی هەڵبژێردراو بدات، بەڵام کاك هەمزە بەم بڕیارە ڕازی نەبوو، لەبەر ئەوە لە ساڵی "١٩٥١" کاك هەمزە لە حیزب تەجمید کرا، لەو ڕۆژەوە ناکۆکی و دووبەرەکی لەناو پارتی دروست بوو.

کاك هەمزە کەوتە جموجۆڵ دژی پارتی و کۆمەڵێکی بە ناوی پارتی پێشکەوتوو لە سلێمانی دروست کرد، ئەم وەزعە وای کرد، کە ئەندامانی لیژنەی مەرکەزی تازە و کۆن لەگەڵ زۆربەی کادر و ئەندامانی پارتی بڕیار بدەن لەسەر بەستنی کۆنگرەی (٣)ی پارتی.

## کۆنگرەی سێی پارتی دیموکراتی کورد - عێراق

لە ڕێکەوتی ١٩٥٣/١/٢٦، لە کەرکووك بە ئامادەبوونی "٣٠" نوێنەر، کۆنگرە لە زروفێکی زۆر ناسك و دژوار و پڕ لە مەترسی لە کەرکووك بەسترا، پاش گفتوگۆیەکی چڕ و گرنگ لە ماوەی دوو ڕۆژ ئەم بڕیارانەیان دا:

١. گۆڕینی ناوی حیزب بۆ پارتی دیموکراتی کوردستان عێراق.

٢. پەیڕەوکردنی بیری مارکسی و لینینی، بە مەرجێك دژی بەرژەوەندییەکانی میللەتی کورد نەبێت.

٣. گۆڕینی ناوی ڕۆژنامەی حیزب لە ڕزگاری بۆ خەبات.

٤. دامەزراندنی ڕێکخراوە کوردستانییەکانی لاوان، قوتابیان، ژنان لەژێر چاودێری پارتی.

٥. دەرکردنی هەمزە عەبدوڵلا و عەونی یوسف.

٦. هەڵبژاردنی سەرکردایەتی نوێ، کە لەم هەڤاڵانە پێکهاتبوو:

(مستەفا بارزانی وەك سەرۆك، ئیبراهیم ئەحمەد وەك سكرتێر، ئەندامەكان بریتی بوون لە هەریەك لە بەڕێزان: د. جەعفەر محەمەد كەریم، میرحاج، نووری شاوەیس، عەلی عەبدوڵڵا، نووری ئەحمەد تەها، جەلال تاڵەبانی، عومەر مستەفا، عەلی حەمدی، ڕەشید عەبدولقادر، حەمەدئەمین مەعرووف، جەلیل هوشیار).

## كۆنگرەی چواری پارتی دیموكراتی كوردستان عێراق

لە ساڵی ١٩٥٥ مام جەلال وەك نوێنەری یەكێتی لاوانی كوردستان چووە وارشۆ بۆ كۆبوونەوەی لاوانی جیهان، پێش گەڕانەوەی سەردانی چین و ڕووسیای كرد و چاوی بە جەنابی بارزانی كەوت، لەو دیدارە بارزانی داوای كردبوو، كە پارتی پەیوەندیی بە كاك هەمزە عەبدوڵڵا و جەماعەتەكەیەوە بكات، بۆ ئەوەی ئاشت ببنەوە، لەسەر ئەم ئەساسە پارتی پەیوەندیی بە كاك هەمزە كردەوە و پاش چەند كۆبوونەوەیەك ڕێككەوتن لەسەر گەڕانەوەی كاك هەمزە و جەماعەتەكەی بۆ ناو حیزب، لەسەر هەندێ خۆیان هەڵوەشاندەوە و گەڕانەوە ناو حیزب، لەهەمان كات هەندێ لە ماركسییە كوردەكانیش بە نوێنەرایەتی كاك نەژاد ئەحمەد عەزیز و خەسرەو تۆفیق كەوتنە گفتوگۆ لەگەڵ پارتی، لەئەنجامدا بە هەندێ مەرجی قورس هاتنە ناو پارتی، وەك گۆڕینی ناوی حیزب بۆ پارتی دیموكراتی كوردستانی یەكگرتوو لەگەڵ هەندێ گۆڕان لە پەیڕەو و پرۆگرام و دروستكردنی كۆمیتەیەكی ناوەندی كاتی بۆ حیزب، كە لەم بەڕێزانە پێك هاتبوو: (مستەفا بارزانی وەك سەرۆك، مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد وەك سكرتێر، عەلی عەبدوڵڵا، نووری ئەحمەد، عومەر مستەفا، هەمزە عەبدوڵڵا، خەسرۆ تۆفیق، نەژاد ئەحمەد عەزیز، جەلال تاڵەبانی) لەساڵی ١٩٥٦، پاشان ئەم بەڕێزانە هەڵبژێردران بۆ مەكتەبی سیاسی: (ئیبراهیم ئەحمەد، هەمزە عەبدوڵڵا، عومەر مستەفا، جەلال تاڵەبانی)، پاش ماوەیەك زۆربەی ئەندامانی لقی كوردستان لە حیزبی شیوعی عێراقی وازیان هێنا و هاتنە ناو پارتی، وەك: ساڵح حەیدەری، كەمال فوئاد، حەمید عوسمان، هەندێكیان بوون بە ئەندامی سەركردایەتی بەبێ ڕەچاوكردنی پەیڕەوی ناوخۆیی پارتی، ئەمەش بوو بە هۆی دروستبوونی مەكتەبی سیاسی پارتی، كە پێكهاتبوون لەم بەڕێزانە: (ئیبراهیم ئەحمەد وەك سكرتێر، هەمزە عەبدوڵڵا، ساڵح حەیدەری، حەمید عوسمان، جەلال تاڵەبانی)، واتە شیوعییەكان بوون بە زۆرینە لەناو مەكتەبی سیاسی پارتی و

دەسەلاتی خۆیان سەپاند بەسەر پارتی و هەمزە عەبدوللایان لە جێگای ئیبراهیم ئەحمەد کردە سکرتێر و جەلال تاڵەبانیشیان لە کۆمیتەی ناوەندی دەرهێنا و دەستیان گرت بەسەر بارەگای مەکتەبی سیاسی لە بەغدا لەشەقامی المتنبی، لەگەڵ ڕۆژنامەی حزب کەوتنە پیلان و پڕوپاگەندەی خراپ دژی سەرکردەکانی پێشوو، ڕۆژانە ڕاپۆرتی خراپیان دەنووسی بۆ عەبدولکەریم قاسم و مستەفا بارزانی، دژی ئیبراهیم ئەحمەد و عەلی عەبدوللا و عومەر مستەفا و جەلال تاڵەبانی، بە تەواوەتی ببوونە داردەست و کلکی حکوومەتی عەبدولکەریم قاسم و حیزبی شیوعی عێراقی جا لێرە نابێ دڵسۆزی و کوردایەتی و خۆڕاگری و ئازایەتی مامۆستا ئیبراهیم و هەڤاڵەکانی لەبیر بکرێت لەگەڵ شەونخوونی قوتابیانی کوردستانی لە بارەگای بارزانی نەمر وەك مام جەلال و سەروەر کاکە حەمەی دەروێش و کەمال محیەدین و ئەسعەد خەیلانی و قادر شەریف و ثریا محەمەد و درەخشان شێخ جەلال و ڕووناك زوهدی، بۆ ڕوونکردنەوە و ئاشکراکردنی پیلانەکانی کاك هەمزە عەبدوللا و برادەرەکانی بۆ لەناوبردنی بیروباوەڕی کوردایەتی ڕاستەقینە و جوولانەوەی نەتەوایەتی کوردی بە ڕابەڕایەتی نوێنەرە دڵسۆزەکانی میللەتی کورد، **ئەگەر پشوو درێژی و نەترسی ئەو کوردپەروەرانە نەبوایە، ئەوا بێ شك کاك هەمزە و برادەرەکانی پارتییان دەکردە پاشکۆی حیزبی شیوعی عێراقی و کوردایەتیش حاڵی لە حاڵی ئێستای شیوعییەکان باشتر نەدەبوو**، ڕۆژانە چەندەها گرووپی کوردی لە ئەندام و لایەنگرانی پارتی و یەکێتیی قوتابیانی کوردستان و برا فەیلییەکانی ناو بەغدا دەچوونە لای جەنابی مەلا مستەفا بۆ داکۆکی کردن لە ڕێبازی ڕاستەقینەی کوردایەتی، بە ڕابەڕایەتی پارتی و دوورخستنەوەی هەمزە عەبدوللا و هاوڕێکانی لە سەرکردایەتی پارتی، لەئەنجامدا بارزانی و زۆربەی ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی و کادرانی پارتی لەگەڵ زۆربەی ئەندامانی یەکێتییە کوردستانییەکان (قوتابیان و ئافرەتان و لاوان) بڕیاریاندا لە ڕۆژی: "١٩٥٩/٦/٣٠" لە ماڵی بارزانی لە بەغدا کۆنفرانس ببەستن، بەڵام سکرتێر و ئەندامانی مەکتەبی سیاسی لە کۆنفرانسەکە ئامادە نەبوون، تێکڕای ئەندامانی کۆنفرانس بڕیاریاندا مەکتەبی سیاسی تەجمید بکرێ بە بڕیاری کۆنفرانس دەست بەسەر بارەگای مەکتەبدا گیرا و دەوریان کۆتایی هات، لەهەمان کات لیژنەیەك بۆ هەڵبژاردنی نوێنەرانی کۆنگرە دروست کرا، سەرەنجام لە ڕێکەوتی "١٩٥٩/٧/٤" لە ماڵی کاکە زیادی حەمە ئاغا لە بەغدا، بە ئامادەبوونی

بارزانی، کۆنگرە بەسترا و چوار ڕۆژ بەردەوام بوو، پاش هەڵسەنگاندنی کەشوهەوای سیاسی و کۆمەڵایەتی و ..... عێراق و کوردستان و پێداچوونەوەی پەیڕەو و پرۆگرامی حیزب ئەم بڕیارانەیان دا:

١. گەڕانەوەی ناوی حیزب بۆ پارتی دیموکراتی کوردستان  عێراق.

٢. ڕزگارکردنی حیزب لە کۆت و بەندی مارکسیەت و لینینییەت.

٣. دەرکردنی ئەندامانی مەکتەبی سیاسی پارتی و لایەنگرەکانیان (هەمزە عەبدوڵڵا، خەسرۆ تۆفیق، حەمید عوسمان، ساڵح حەیدەری، نەژاد ئەحمەد عەزیز، ساڵح ڕوشدی، حەمەکەریم فەتحوڵڵا، شەهاب نووری، فوئاد جەلال، مەحموود عوسمان........).

٤. هەڵبژاردنی مستەفا بارزانی بە سەرۆکی حیزب و (ئیبراهیم ئەحمەد، نووری شاوەیس، عەلی عەبدوڵڵا، عومەر مستەفا، عەونی یوسف، نووری ئەحمەد تەها، دکتۆر موراد، عەزیز شەمزینی، مەلا عەبدوڵڵا، ئیسماعیل ئەحمەد عەبدوڵڵا عەمادی، جەلال عەبدولڕەحمان) بۆ ئەندامێتی کۆمیتەی ناوەندی پارتی.

٥. هەڵبژاردنی (عەلی عەسکەری، شەمسەدین موفتی، حەبیب محەمەد کەریم، یەدوڵڵا کەریم، زەکیە ئیسماعیل) بۆ لیژنەی باڵای چاودێری و پشکنینی پارتی.

٦. بڵاونەکردنەوەی ناوی مام جەلال لە لیستی ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی، چونکە ئەفسەر بوو لە سوپای عێراق، بەڵام ئەرکەکانی خۆی وەك ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی جێبەجێ دەکرد.

ئەم کۆنگرەیە لە هەموو لایەك زۆر گرنگ بوو، بە تایبەتی بە ئامادەبوونی بارزانی و ڕزگارکردنی پارتی و جوولانەوەی کوردایەتی لەژێر دەستی حیزبی شیوعی عێراقی و بیروباوەڕی مارکسی و لینینی.

ئەندامانی مەکتەبی سیاسی هەموویان لەبەغدا بوون، ڕۆژانە لەبەغدا بوون، ڕۆژانە لەبارەگای خۆیان دەوامیان دەکرد، مستەفا بارزانی وەك سەرۆك لە بەغدا دادەنیشت.

## کۆنگرەی پێنجی (٥)ی پارتی دیموکراتی کوردستان

پاش شۆڕشی ١٩٥٨/٧/١٤ پارتی دیموکراتی کوردستان داوای مۆڵەتی ڕەسمیی کرد لەوەزارەتی ناوخۆی عیراق کە بەئاشکرا کاری سیاسی بکات وەك لە یاسای عیراقی

پێویست کرابوو.

بۆیە دەستەی دامەزرێنەر کە پێکهاتبوون لەجەنابی مستەفا بارزانی و کاك (ئیبراهیم ئەحمەد، عومەر مستەفا، عەلی عەبدوڵڵا، نوری شاوێس، شەمسەدین موفتی، عەلی عەسکەری، مەلا عەبدوڵڵا ئیسماعیل، ئیسماعیل عارف، جەلال عەبدولڕەحمان) داوایانکرد لەوەزارەتی داخلیەی عێراق کە ڕێگایان پێبدات بەدامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق پاش ماوەیەکی زۆر کەم داواکەیان پەسند کراو دەستیانکرد بەخۆ ئامادەکردن بۆ هەڵبژاردن بۆ دانانی نوێنەران بۆ کۆنگرەی پارتی لەهەموو لق و ناوچەکانی و ڕێکخراوەکانی سەرانسەری کوردستان، پاش ئامادەکردنی هەموو پێویستیەکانی کۆنگرە لەسەرەتای مانگی نیسانی ١٩٦٠ لەبارەگای حزب لەبەغدا لەگەڕەکی بەتاوین کۆنگرە دەستیپێکرد بەئامادەبوونی جەنابی بارزانی نەمرو ئەندامانی دەستەی دامەزرێنەرو نوێنەرەکانی کۆنگرە **پاش خوێندنەوەی راپۆرتی ڕێکخستن و دارایی و سیاسی** لەگەڵ ڕەخنەو پێشنیارو دروستکردنی چەند کۆمیتەیەك بۆ ڕێکخستنی ڕەخنەو پرسیارو وەلامەکان.

هەر چەندە بارزانی هەندێ گلەیی و گازاندەی هەبوو لەکادرەکانی حزب، ووتیشی پێتان ئەڵێم ئەبێ بەقسەی خۆم بکەن ئەگەر بەقسەم ناکەن ئەوا من سەرۆکی ئێوە نابم خۆتان کاری خۆتان بکەن و منیش لەگەڵ عەبدولکەریم قاسم کار دەکەم بۆ بەرژەوەندی کورد کاك حلمی عەلی شەریف کە ئەندامێکی کۆنگرە بوو هەڵساو ووتی پێم باشە فەرموودەکەی جەنابی بارزانی بخەنە دەنگدان کاك ئیبراهیم ئەحمەد ووتی ئەو فەرموودەیەی جەنابی مەلا مستەفا هەر بەپەلەو دەنگدان ڕەنگە لەگەڵ پەیڕەوی حزبایەتی و دیموکراتیەت نەگونجێ بەلام زۆربەی هەرە زۆری نوێنەرانی حزب لەناو کۆنگرەکە بڕیاریاندا بەهەڵبژاردنی بارزانی و داخوازیەکەی و هەڵبژاردنی کۆمیتەی ناوەندی کە پێکهاتبوون لەم هەڤاڵانەی کە لەخوارەوە ناویان هاتووە:

(ئیبراهیم ئەحمەد، نوری شاوێس، عەلی عەبدوڵڵا، عومەر مستەفا، صالح یوسفی، عەونی یوسف، جەلال عەبدولڕەحمان، ئەحمەد عەبدوڵڵا عەمادی، مەلا عەبدوڵڵا ئیسماعیل، عەلی حەمدی، عەلی عەسکەری، دکتۆر موراد، حلمی عەلی شەریف، عەزیز شەمزینی، جەلال تاڵەبانی، نوری ئەحمەد تەها **لەگەڵ ناهیدە شێخ سەلام و ئیسماعیل عارف و هاشم عەقراوی لەسەر داوای بارزانی نەمر).**

ئەم هەڤاڵانەش هەڵبژێردران بۆ لیژنەی باڵای چاودێری و پشکنین:

(حـەبیب محمـد کـەریم، عـەباس حسـین، جـەمال شـالی، یـدالله کـریم، خالـد حسـن یوسـفی) بڕیاریانـدا لەسـەر پشـتگیری و پاراسـتنی شۆڕشـی ١٤ی تـەممورز هاوکـاری و کـارکردن لەگـەڵ حکومەتەکـەی عەبدولکـەریم قاسـم و دۆسـتایەتی دیموکراتخـوازو پێشکەوتوەکانی عیراق دژی کۆنەپەرست و پیلان گێڕەکان پاش شـەڕی نـاوخۆ لـەنێوان جەلالیی و مەلایی **لەکۆنگرەی ٧ حـەوتی جـەلالییان خۆیـان حـەلکردو لەگـەڵ بـارزانی بوونەوە یەك تا بەیانی جەزائیرو ئاش بەتاڵ و نەمانی پارتی دیموکراتی وەك حزب.**

# حیزبی کاژیك

ئـەم حیزبـە لـە ڕێکـەوتی: "١٩٥٩/٤/١٤"، لـە سـلێمانی لـە مـاڵی (کـاك ئەحمـەد هەردی)، لەلایەن ئـەم تێکۆشـەرانە: (ئەحمـەد هـەردی، عەبـدوڵڵا جەوهـەر، د.ئیحسـان فوئاد، فائق عارف، فەرەیدون عەلی ئەمین، کامل ژیر، جەمال نەبەز) دروست بووە، لەم کۆبوونەوەیەدا لەسەر پێشنیاری کامل ژیر ناوی (کاژیك)یان هەڵبژارد و جەمال نەبەز بوو بە لێپرسراوی یەکەم.

دوو لقیان دروست کرد، لقی بەغدا کامـل ژیـر لێپرسـراوی بـوو، کـە لـەلای ڕەشـید عارف لە بەغدا فەرمانبەر بوو، لقی کۆیە، کە دلاوەری کاکە زیادی کۆیە لێپرسراوی بوو، کاژیك حزبێکی نەتەوەیی بوو خەباتی دەکرد بۆ سەربەخۆیی هەموو کوردستان.

پاش ئەوە د. ئیحسان فوئادو جەمال نەبەز چـوونە ئـەوروپاو ڕوسـیا بـۆ خوێنـدنی دکتۆراو کامل ژیر لەبەغدا مایەوەو محمد هەرسین و حەمەی عەزیز چوونە پاڵ بـارزانی و شۆڕشی ئەیلول دروشمی کوردایەتی هەڵکردو باری داراییان زۆر خراپ بوو، ناچـار بـوون کۆبوونەوەیەکیان لەنەغـەدە ی ئێـران بەسـت بـەناوی کـۆنفرانس بڕیاریانـدا بـەڕاگرتنی کاری کاژیك لەمانگی تەمموزی ساڵی ١٩٧٤.

## یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان

پاش ڕێککەوتنە ژەهراویەکەی صدام حسین و شاهی ئێران دژی میللەتی کوردو شۆڕشەکەی لە ١٩٧٥/٥/٥ بارزانی بەناچاری بڕیاری دانانی چەکی داو هەرکەس بچێتەوە ماڵی خۆی بەڵام جەلالیە کۆنەکان قەبوڵیان نەکرد چەك دابنێن و شۆڕش بوەستێنن، هەندێکیان چوونە شاخ وەك عومەر دەبابەو عەلی عەسکەری و دکتۆر خالید... هەندێکیش لەناو شارەکان مانەوە وەك محمدی حاجی تاهیرو عەباس حسین و کەمال محیەدین و نەجمەدین گلی و نورەدین عەبدولڕەحمان و مامە ڕووتەو جەمال تاهیرو عەلی حەوێزو سەید مەجیدو فارووق جەمیل... وەهەندێکیشیان چوونە ئێران و سوریاو لوبنان و ئەوروپا، مام جەلال لەسوریا بوو بەهەماهەنگی و ئاگاداری هەموو لایەك لەڕۆژی ١٩٧٥/٥/٢٠ عومەر دەبابەو عەلی عەسکەری و د.خالید سەعیدو کەمال محیەدین چوونە تاران لای کاك ئیبراهیم ئەحمەدو پاش هەڵسەنگاندنی وەزعەکە بڕیاریاندا دژی چەکدانان بن و بەشێوەی پارتیزانی خۆیان بپارێزن لەکوردستان و مام جەلالیش ڕاسپێردرا بۆ ئەوەی یارمەتی دەرەوە پەیدا بکا لەگەڵ ڕێکخستنەوەی ئەو هەموو ئەندام و ستافەکانمان لەدەرەوەی وڵات پاش ماندوو بوونێکی زۆر توانی دەستەی دامەزرێنەر کۆبکاتەوە بۆ دامەزراندنی حزبێکی نوێ بەناوی (یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان) (هەڤاڵان مام جەلال، د. فوئاد مەعسوم، عەبدولڕەزاق فەیلی، عادل موراد، د. کەمال خۆشناو، نەوشیروان مستەفا، د. کەمال فوئاد، عومەر شێخ موس) لەبەرواری ١٩٧٥/٥/٢٢ لەشام بڕیارياندا و لەبەرواری ١٩٧٥/٦/١ بەیانیان دەرکرد بەدروستبوونی یەکێتیی و شۆڕشی نوێ بەسەرۆکایەتی مام جەلال، ئەو حزبە تا ئێستا (٤) چوار کۆنگرەی بەستووە.

* (ی. ن. ك.) تاکو ئێستا پێنج کۆنگرەی بەستووە، دیارە کاتی نووسینی ئەم بابەتە یەکێتی (٤) چوار کۆنگرەی بەستووە.

Patriotic Union Of Kurdistan
Secretary General

یەكێتی نیشتمانی كوردستان
سكرتێری گشتی

الاتحاد الوطني الكردستاني
الأمين العام

**هەڤاڵانی كارگێڕی م.س /ی بەڕێز**

سڵاوێكی گەرم
شادی و سەركەوتنتانم داوایە

١. بۆ مەكتەبی پەیوەندییەكانی نیشتمانی كاك كەمال محیەدین پێشنیاری كردووە كە (٣) هەڤاڵ دابندرێن:
١. ئیبراهیم میرانی ٢. كاك بەندەر مەندەلاوی ٣. ضیاء حسین
پێم باشە دایان مەزرێنن.
٢. مەسەلەی مەڵبەندی بەغدا ملاحظاتي هەیە.
٣. پێویستیان بە سەیارە هەیە.
ئیتر هەر بژی بۆ

**برای دڵسۆزتان**
**مام جەلال**
**٢٠٠٥/١/٧**

* تێبینی:
پێش ئەوەی داوا لە مام جەلال بكەم بۆ ئەوانەی سەرەوە چەند جار بەداوای ڕەسمی داوام كردووە لە مەكتەبی سیاسی، بەڵام وەڵامیان نەداومەتەوە، بۆیە ناچار داوام لە سەرۆك مام جەلال كرد.

**كەمال محیەدین**
**لێپرسراوی م / علاقات**

ژمارە: ١١٦٠
بەروار: ٢٠٠٨/٩/٢٧

**بۆ/ گشت هەڤالانی مەکتەبی سیاسی بەڕێز**

**بابـەت / بڕیـاری ئەنجوومـەنی نیشـتیمانی عێراقـی لەسـەر یاسـای هەڵبـژاردنی پارێزگاکان و کێشەی کەرکوک**

سڵاوێکی گەرم ...

پاش سڵاو و ڕێزمان بە ئاواتی سەرکەوتنتانین لە خەباتی ڕاستەقینەی کوردایەتی و دیموکراسیەت لەپێناو مافە ڕەواکانی کورد و گەشەپێدان و پارێزگارییان.

هــەڤالانی خۆشەویســت بڕیارەکــەی ئەنجوومــەنی نیشــتیمانی عێــراق لــە ڕۆژی چوارشەممەی ٢٠٠٨/٩/٢٤ بۆ پەسـەندکردنی یاسـای هەڵبـژاردنی پارێزگاکـان و کێشـەی کەرکوک دژی بەرژەوەندیی گەلی کوردە و پێشێلکردنی دەستووری عێراق و جوگرافیا و مێــژووی ناوچــەکەیە. ڕێــز نەگرتنــە لــەمافی زۆرینــە و دیموکراســیەت و بەڵگــەکانی کوردســتانیەتی کــەرکوک، دەبێتــە هــۆی پووچــەڵکردنەوەی ڕێککەوتنــەکانی یــەکێتیی نیشتیمانی کوردستان و پارتی لەگەڵ حزبە ئیسلامییەکانی شیعە و سوننە و مەجلیسـی ئەعلا و حزبی دەعوە و حزبی ئیسلامی عێراقی.

ئەم بڕیارە تاموبۆنی ڕێککەوتننامەی لۆزانی لێ دێت و گوللەبارانکردنی فیدڕالیەتی لەدوایە، ئەو فیدڕالیەتەی کە هەر خۆمان باسی دەکەین لە سایەی خۆمانەوە ! ! !

بە پێی ئەم بڕیارە لە (٣) لێپرسـراو و پۆسـتی سـەرەکی کـەرکوک یـەکێکیان هـی زۆرینە دەبێت (واتە هی کورد).

دابەشــکردنی دەســەڵاتیش لــەنێوان کــورد و عــەرەب و تورکمــان بــە بەرامبــەر (بالتساوی)، ئەمەش زوڵم و تاوانـە لەسـەر دیموکراسـیەت و بەشـی زۆرینـە و مافـەکانی ڕاستەوخۆش مانای لەدەستدانی "کەرکووک"ە.

هەڤالانی تێکۆشەر پێویست بوو نوێنەرەکانمان لەناو هۆڵی دەنگدان بەلای کەمەوە بێدەنگ بان لەکاتی دەنگدان، نەك لەکاتی موناقەشە ئەگەر توانای هاتنـە دەرەوەشـیان نەبایە لەناو هۆڵی دەنگدان با دەنگیان نەدابا.

زۆر باش دەزانم کە زەختی دەرەکیمان لەسەرە و سەنگ و دەنگمان سنووردارە و دەبێ حیسابیان بۆ بکەین، بەڵام کات ماوە و کار لەکاریش نەترازاوە با دەستکەوتە گەورەکانی بەدەستمان هێناوە تا ئێستا بەدەستی خۆمان لەدەستیان نەدەین و با مێژووی خەباتی خۆمان لەکەدار نەکەین و هەوڵبدەن لە ڕێگای دەسەڵاتی سەرۆك کۆمار و فشاری سەرۆکی هەرێم و ئەنجوومەنی نوێنەرانی کوردستان و کۆمەڵانی خەڵکی کەرکووك و هەموو کوردستان ئەم بڕیارە ناپەسەندە ڕەت بکەینەوە.

ئیتر بۆ پێشەوە

**برای دڵسۆزتان**

**کەمال محیەدین ئەسعەد**

**بەرپرسی مەکتەبی پەیوەندییەکانی نیشتیمانی بەغدا**

**٢٠٠٨/٩/٢٧**

## بۆ بەڕێز: ئەندامانی مەکتەبی سیاسی (ی. ن. ك)

سڵاوێکی گەرم ...

کەشوهەوای سیاسی و ئابووری و سەربازی کوردستان و عێراق و ناوچەکە و جیهان گەلێك ئاڵۆز و مەترسیدارە، بۆیە دەبێ کورد لە هەموو کاتێك زیاتر وردبین و دووربین بێت لە هەڵوێست و بڕیارەکانی لەگەڵ دۆست و نەیارەکانی لەسەر هەموو ڕووداو و پەیوەندییەکانی، بچووکترین هەڵە تووشی گەورەترین زیانمان دەکات، مێژووش گەلێك بێ ڕەحمە، هەڤاڵانی مەکتەبی سیاسی یەکێتیی نیشتیمانی کوردستانی بەڕێز، قسە هەزارە دوانی بەکارە، نابێت قەت و قەت خۆمان بخەینە بەرەی دوژمنانی ئەمریکا و ئەورووپا. داگیرکەرانی کوردستان لە دێرزەمانەوە تا ئیمڕۆ و دواڕۆژیش تیر و شیرمان لێ دەسوون ئەگەر بۆیان بکرێت، بە هیچ جۆرێك نابێت بە قسە و بەڵێنە لووس و شیرینەکانیان فریو بخۆین، کۆییەکان دەڵێن: (دەمە لە چیت کەمە)، واتا قسەی سەرزاران ناچێتە گیرفانان، بۆیە جەنابی مالیکی و هادی عامری، کە لە نزیکەوە هەردووکیان دەناسم و لە ساڵی ٢٠٠٥ لە پەرلەمانی عێراق پێکەوە کارمان دەکرد، ئێستاش دوور و نزیك ئاگاداری زۆر لە پەیوەندی و کارەکانیانم، ئەمانە خودی خۆیان جگە لە هاندانیان لەلایەن داگیرکەرانی کوردستان هەمیشە دژی کورد و کوردستان بوون و دەبن، بۆیە ڕێککەوتن و باوەڕ پێ کردن پێیان گەورەترین هەڵە و تاوانە، جگە لەوە، کە دۆستەکانیشمان لێ دەکەنەوە. دەبێ ئێمە پەیوەندیی بەینمان زیاتر بەهێزتر بکەین لەگەڵ کریستیان و دیموکراتخواز و چەپڕەو و نەتەوەپەرستە میانڕەوەکانی عەرەب و تورکمان، دەبێ پەیوەندیی ڕێکخراویان لەگەڵ دروست بکەین، دەبێ لە بەشی خۆمان پلەوپایەی بەرزیان بدەینێ، دەبێ هەوادارانی کوردایەتی و ڕێبازەکەی مام جەلالی بەرز و بەڕێز (شەهیدی هەمیشە زیندووی کوردایەتی) بە کردەوە ئیسپات بکەن و لەناو ماڵی خۆیان دەست بکەن بە ڕەفتارکردنی ئامۆژگارییەکانی مام جەلال، ئەمەش تەنیا و تەنیا بە یەك ڕیزی و لەخۆبوردن و خزمەتکردنی کۆمەڵایەتی خەڵکە. لە کوردستان ئەگەر یەکێتیی نیشتیمان لەناو خۆی نەتوانێت چەپکە گوڵە جوان و بۆن خۆشەکە دروست بکات، بێگومان لە دەرەوەش ناتوانێت دروستی بکات. ئەم ڕاستییانە تەنها قسەی خۆم نین قسەی هەزارەها ئەندام و کادیر و هەوادارانی یەکێتییە، ئەگەر یەکێتی، یەکێتیی

ناوخۆی نەپارێزێ و بەهێزی نەکات، یەکێتی بە تەواوی دەپووکێتەوە و هەموومان لە پاپۆڕەکە دەخنکێین. ڕێکخستنەکانی یەکێتیی نیشتیمانی شیرازەکەی پساوە و جەمسەرەکانی دیار نییە، ژمارەی ئەندام و لایەنگری یەکێتی نەك لە زیادبووندا نییە، بەڵکوو ڕۆژانە وەك گەڵای دار هەڵدەوەرێن، جا بە مردنی بێ یان بە پیری یا بەتووڕەبوون یان بە دەرکردن و هەڵپەساردن.

هەڤاڵان ئێمەی گەلی کورد تا لەگەڵ عێراق بمێنینەوە دەبێ داخوازییەکانمان بۆ گەلی عێراق بێت بە گشتی و گەلی کورد بە تایبەتی، نابێ شەرت و شروتمان هەر بۆ کورد بێ، بۆیە دەبێ هەمیشە داوا بکەین بۆ دروستبوونی دەوڵەتێکی ئیتیحادی فیدڕالی سیاسی و قەومی، نەك ئیداری کە ئێستا لە دەستووری عێراقی بەدناو پەیڕەو کراوە، مام جەلالی بەڕێز لە (١٩٦٣/٤/٢)، کە سەرۆکی وەفدی کوردی بوو لە مفاوەزات لەگەڵ حزبی بەعس، گوتی: ئێمەی گەلی کورد لە عێراق دەمانەوێ (ئۆتۆنۆمی سیاسی) بدرێت بە کورد، بەڵێ پاش ٥٥ ساڵ لەدوای شۆڕشی ئەیلوول و شۆڕشی نوێ و ئەو هەموو ئەنفال و کیمیابارانە، تازە بە تازە بۆ ئیتیحادی ئیداری ملکەچ بووینە، لەجیاتی خودموختاری، بە پێی ئەم ئیتیحادە ئیدارییە ئێمە و بەسرە و عەمارە ... هیچ جیاوازیمان نییە و هیچ حیساب بۆ گەلی کوردستان نەکراوە، وەك گەل و نیشتیمانێکی جیاواز لە گەلی عەرەب و عەرەبستان، بۆیە نابێ بە ئیتیحادی ئیداری ئەم دەستوورە خراپە ڕازی بین.

لەگەڵ ڕێزدا

**کەمال محیەدین ئەسعەد**

**هەولێر**

**٢٠١٨/٨/٢٣**

## بۆ بەڕێزان / کاربەدەستانی یەکێتیی نیشتیمانی کوردستان

پاش سڵاوێکی گەرم...

هەمیشە بە ئاوات و ئومێدی سەرکەوتنتانم لەپێناو ماف و بەرژەوەندییە ڕاستەقینەکانی کوردستان لەگەڵ پاراستن و پێشخستنیان، ئەمەش تەنیا و تەنیا بە یەکریزی و لەخۆبوردن و پابەندبوون بە ڕێبازەکەی مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد و مام جەلال و فراوانکردنی دەبێت.

بەڕێزان هەرێمی کوردستان و ناوچە عەرەبییەکانی عێراق و دەوروبەر و هەموو جیهانیش لە خراپترین کەشوهەوای سیاسی و ئابووری و تەندروستی و کۆمەڵایەتیدا ... دەژین، ئەو لایەنانەی کە خاوەنی حکوومەت و ئاڵا و سنووری باوەڕپێکراون ڕەنگە بەزوویی ئەم قۆناغە خراپە تێپەڕ بکەن، بەڵام کوردستانی گەورە بە تایبەتیش هەرێمی کوردستان، حکوومەت و نیشتیمان و سنووری باوەڕ پێکراومان نییە و دوژمنمان زۆرە و دۆستیشمان نییە، ئەگەر بوونیشیان هەبێت خۆمان دووریان دەخەینەوە، بۆیە هەر کاتێ لێمان بقەومێ هەموو ڕیسەکان دەبنەوە بە خوری و هەرێمی کوردستان زیندەبەچاڵ دەکرێت، قەڵاچوالان و سەری ڕەش دەبن بە ئۆردوگای داگیرکەرانی کوردستان، هەروەك كۆماری مەهاباد و حکوومەتەکەی شێخ مەحموودی نەمر و بەیانەکەی ١١ی ئادار، ئێمەش کارێکی باشمان نەکردووە بۆ کاتی لێقەومان، بە تایبەتی لە ڕووی سەربازی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و خزمەتگوزاری، سەنگەر و لانەی پێشمەرگە و شۆڕش و دێهاتەکانی کوردستان چۆڵ بوون، زۆربەیان کاول کراون، کەسی تێدا نەماوە و حکوومەتی هەرێمی کوردستانیش، نەك تەنیا ئەم گوندە وێرانکراوانەی ئاوەدان نەکردۆتەوە بەڵکو ئەو گوندانەی وێرانیش نەکراون لەبەر نەبوونی ئاو و کارەبا و ڕێگا و قوتابخانە و نەخۆشخانە، بەشی زۆرییان چۆڵ کراون، حاڵی پێشمەرگە و خێزانی شەهیدانی کوردستانیش دڵخۆشی و ئومێدی ئەوەمان نادەنێ، لە قەیران و لێقەوماوەکان بتوانین خۆمان ڕزگار بکەین، **میراتگرەکانی شۆڕشی کوردستانیش لەبەر** بەرژوەندییەکانی خۆیان تا ئیمڕۆش بەبیریاندا نەهاتووە سەنگەرەکانی ڕۆژانی شۆڕش ئاوەدان بکەنەوە، بەڵام ڕوون و ئاشکرایە هەموو وڵاتانی ئەورووپا و ئەمریکا و ڕووسیاش تا ڕادەیەك بە چاوی بەرژەوەندی و ئومێدەوە تەماشای هەرێمی کوردستان دەکەن، چونکە هەرێمی کوردستان بە نزیکترین دۆست و بۆچوونی خۆیان دەزانن بۆ

ماوەیەکی دووورودرێژ، هەر بۆیە زیاتر لە "٢٤" قونسولّیەت لە کوردستانە و ولّاتانی ئەورووپا و ئەمریکاش ڕۆژانە یارمەتی هەرێمی کوردستان دەدەن، هەفتەی پێشوو جۆ بایدنی سەرۆکی ئەمریکا لە سعودیە لەناو هەموو سەرۆکەکانی دوورگەی عەرەبی و میسر و عێراق و ئوردن، گوتی ئێمە عێراقی ئارام و بەهێزمان دەوێ لەگەلّ هەرێمی کوردستان، لەلایەکی دیکەوە داگیرکەرانی کوردستان نەك تەنیا ناوی کورد و کوردستانیان قبوولّ نییە، بەلّکوو ڕۆژانە بە ئاگر و ئاسن دەستدرێژی دەکەنە سەر کوردستان.

ئەگەر بە دۆستایەتی ئەورووپا و ئەمریکا و یاوەرەکانیان لەسەدا پەنجای مافەکانی کورد و کوردستانمان دەست بکەوێ ئەوە بێگومان لەگەلّ داگیرکەرانی کوردستان نەك هیچ مافمان دەست ناکەوێ، بەلّکوو لەناومان دەبەن، ئەگەر بۆیان بکرێت نەخشەی کوردستانیش دەسڕنەوە، بۆیە نابێ و ناکرێ، تاوانێکی گەورەشە ئێمەی کورد خۆمان بخەینە سەنگەری داگیرکەرانی کوردستان، دژی زلهێزەکانی جیهان، بە تایبەتی ئەورووپا و ئەمریکا و یاوەرەکانیان لەناو عێراق.

بەڕێزان ڕوون و ئاشکرایە کە هەموو حیزب و کەسایەتییە سیاسییەکان ئامرازن بۆ گەیشتن بە ئامانجەکان، هیچ حیزب و کەسایەتییەك لە ماف و بەرژەوەندییەکانی کوردستان گەورەتر نین، نابێ هەلّوێست و هەنگاوەکانتان کاردانەوە بن بەرامبەر نەیارەکانتان، مەرج نییە هەموو هەنگاوەکانی ئێمە ڕاست بێ و هی نەیارەکان ناڕاست یا بەپێچەوانەوە، بۆیە ئەگەر پارتی لەگەلّ بەڕێز "مقتدى صدر" بێت دەبێ ئێمە لەگەلّ مالیکی و قەیس خەزعەلی و هادی عامری بین، کە هەموو دژی کوردن و لەگەلّ داگیرکەرانی کوردستان هەموو بەلّێن و قسە شیرینەکانیان لە سەرەمەرگ بێ نرخ و نەزۆکن .. قەت و قەت پێیان باوەڕ مەکەن.

هەڤالّان نابێ لەپێناو مووچە و بوودجە و پلەوپایەی بچووك و کەم تەمەن لە جێبەجێنەکردنی ئامانجە نەتەوەییەکانی گەلی کورد و دەستدرێژی و داگیرکردنی کوردستان و بەعەرەبکردنی ناوچە کێشە لەسەرەکان بێ دەنگ بن، چونکە تەنیا و تەنیا مافە نەتەوەییەکان بوودجە و مووچە و پایە مسۆگەر دەکەن نەك بە پێچەوانەوە.

تکاتان لێدەکەم چیتر بە شان و بالّی ئەم دەستوورە خراپ و ئیفلیجەی عێراق هەلّ مەدەن، لەم دەستوورە بە یەك وشەش باسی گەلی کورد و فیدرالیەت نەکراوە، کە تەنیا خۆمان دەهۆلّی بۆ لێ دەدەین، چەند جار لە ڕۆژنامەکان لەسەر خراپی ئەم دەستوورەم

نووسـیوه، شـیعەکانی عێـراق بـە تایبـەتی حیزبەکـەی مـالیکی دژی فیدراڵیـەتن، کـاك مەسعوود بارزانی و دارا نووردەین و د. مەحموود عوسمان، کە لە مەجلیسی حوکم بوون شاهیدیم بۆ دەدەن.

بەڕێزان لەژێر تیشکی ئەم ڕاستیانە و گەلێك ڕاسـتی دیکـە، کـە کـاتی باسـکردنیان نییـە لـەم شـوێن و لـەم کاتـەدا بـە پێویسـتی دەزانم ئـەم هەنگاوانـە بنـێن بـۆ زیـاتر بەهێزکردنی یەکێتیی نیشتیمانی کوردستان و زووتر بگـەین بـە ئامانجـە ڕاسـتەقینەکەی گەلی کوردی قارەمان.

١. بەستنی کۆبوونەوەیەکی گەورە بە ئامادەبوونی هەموو کاربەدەستانی یـەکێتی، کـادیرە پێشـکەوتووەکان و نوێنـەری پێشـمەرگە دێرینـەکان و یاساناسـەکانی کـورد و ئەندامـە کۆنـەکانی مەکتـەبی سیاسـی و لێپرسـراوی مەکتەبـەکان بـۆ باسـکردنی ئـەم کەشوهەوا نالەبارەی تووشمان هاتووە، بڕیاردان لەسەر هەڵوێسـتێکی ڕاسـت و دروسـت بۆی تا بە ئاگری نەوت و غازەکەی خۆمان نەسووتێن.

٢. بەپەلە ئەگەر ئەمڕۆ زووە ئـەوا بـەیانی درەنگـە دەبـێ لەبـەرەی مـالیکی بێینـە دەرەوە، چونکە مانەوەتان لەگەڵ دوژمنانی کورد لەجیهان تەنانەت نەك کارێکی خراپـە بەڵکو تاوانێکی گەورەیە، دۆسـتایەتی مـالیکی و میللـەتی کـورد دۆسـتەکانمان لـێ دوور دەخاتەوە، زۆر لەنزیکەوە مالیکیم دەناسی، کە لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق بـووین پێکەوە دەزانم کە هەڵوێست و باوەڕی بەمافی کورد نییە، ئێسـتاش وەزعـی خراپـەو زۆر زۆریش خراپتر ئەبێت.

٣. مافی سەربەخۆیی وەك شیری دایك بـۆ مناڵەکـەی حەڵاڵـە بـۆ کوردسـتان بـەپێی یاسـاکانی ئاسمـان و سـەرزەوی، بـەڵام لەبـەر کەشـوهەوای سیاسـی و ئـابووری و کۆمەڵایەتی عێراق و ناوچەکەو جیهان، پەرلەمانی کوردستان لەساڵی ١٩٩٢ بڕیاریدا بـە قەبوڵکردنی فیدراڵی سیاسی و قەومی بۆ گەلی کورد لە باشووری کوردسـتان لـە جیـاتی سەربەخۆیی باشووری کوردستان.

لەڕێکـەوتی ١٩٦٣/٤/٢ جـەنابی سـەرۆك مـام جـەلال بـە نوێنەرایـەتی کـورد لـە کۆنگرەی کۆیە بـە سـەرۆکی لیژنـەی مفـاوەزات لەگـەڵ حکوومـەتی بـەعس هەڵبـژێردرا، گوتی میللەتی کورد فیدراڵیـەتی سیاسـی و قـەومی دەوێـت، بۆیـە ئـەرك و شـەرەفە بـۆ کاربەدەستانی هەرێمی کوردستان، بە تایبـەتی ئێـوەی بـەڕێز لـەم قۆناغـەدا، لـەجیاتی سەربەخۆیی پێداگری لەسەر فیدراڵیەتی سیاسی و قەومی بۆ هەرێمی کوردستان بکەن.

٤. نابێ دڵسۆزانی کورد لەگەڵ هیچ حیزب و لایەنێك ڕێك بکەون ئەگەر پێشەکی کیمیاباران و ئەنفال و تەعریبی کوردستان ڕیسوا و شەرمەزار نەکەن، چونکە ئەمە ڕێزگرتنە لە میللەتی کورد و مێژووەکەی.

٥. دەبێ بەربەستێکی بەهێز و یاسایی دابنێین لە دەستووری عێراقی بۆ ڕاگرتنی بڕیارە خراپەکانی دیکتاتۆریەتی زۆرینەی شیعی لە پەرلەمان و ئەنجوومەنی وەزیرانی عێراق، چونکە زۆرینە و کەمینە لە پەرلەمانی وڵاتێك پەیڕەو دەکرێت، کە یەك نەتەوە و یەك نیشتمان بن، بەڵام عێراق دەستکردی ئینگلیزەکانە لەدوو نەتەوە و دوو نیشتمان دامەرزا، ئەویش گەلی کورد و عەرەب بە کوردستان و عەرەبستانەوە.

٦. لەگەڵ ئەو لایەنە سیاسیانە ڕێکبکەون کە عێراقین و پیاوی داگیرکەرانی کوردستان نین خەڵکی عێراقیان خۆش ئەوێت.

٧. مەبن بەدۆستی مالیکی بۆ ئەوەی نەبن بەشەریکی کردەوەکانی و گەندەڵیەکانی لەکاتی سەرۆکایەتییەکانی.

٨. پێداگری لەسەر کاك دکتۆر بەرهەم بۆ سەرۆك کۆماری عێراق ڕاست نییە هەموو لایەنە سیاسیەکانی شیعەی عێراق نایانەوێ بەشێکی زۆریش لەکادیرانی یەکێتی نایانەوێ لەگەڵ پارتی و هەندێ لایەنی حیزبی و کەسایەتی سیاسیش، بۆیە جێگای خۆیەتی کاك د. لەتیف ڕەشید بخەنە جێگاکەی، چونکە ئەگەر لە د. بەرهەم زیاتر کورد و یەکێتی نەبێ کەمتر نییە، تکاشم لە دکتۆر بەرهەم هەیە کە خۆی بکێشێتەوە بۆ کەسایەتی و گەورەیی خۆی باشترە، مام جەلالی بەڕێز بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشانە باش بوو، بەلای خۆم باشتر ئەوەیە یەکێتی پێداگری بکات لەسەر پارێزگاری کەرکووك و سەرۆك کۆمار با بەدڵی کاك مەسعوود بێ، لە بەغداش لە وەزارەتەکان بەشمان زیاتر دەبێت.

حەزرەتی حاجی قادر فەرموویەتی:

قسەم زۆر بوو حکایەتم مابوو

بەڵام داخی گرانم خامەکەم لێرە نووکی شکا

ئیتر بۆ پێشەوەو سەرکەوتن بۆ کوردستانێکی ئازاد

**براتان**

**کەمال محیەدین**

**٢٠٢٢/٧/٢٠**

**بۆ بەڕێزان / سەرۆكی هەرێمی كوردستان**

**/ سەرۆكی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی كوردستان**
**/ سەرۆكی حزبە سیاسی و ئاینییەكانی كوردستانی عیراق**

لای هەمووتان روون ئاشكرایە رۆژهەلاتی ناوەڕاست كەوتۆتە بەر شاڵاوێكی سیاسی و ئابووری و سەربازی و جوگراف بەسەرۆكایەتی ئەمریكاو ئەوروپاو ئیسرائیل لەلایەك، ئێران و دۆستەكانی لەلایەكی ترەوە بۆ بەدەستهێنانی ئامانجە نزیك و دوورەكانیان.

شەڕی غەززە لەسەرەتادا لەنێوان جیهادی فەلەستینی و ئیسرائیل دەستیپێكرد، پاشان شیعەكانی دۆستی ئێران چوونە پشتگیری جیهادی فەلەستینی بەهەموویان نەیانتوانی سەركەوتن بەدەستبێنن لەبەرامبەر ئیسرائیل، ئێرانیش بەناچاری و بەئومێدێكەوە چووە ناو شەڕەكە پاڵپشتی جیهادی فەلەستینی كرد بەئاشكراو چەندجار بەچەك و فرۆكە ناوەندەكانیان لەخاكی ئیسرائیل بۆردومان كرد ئەمەش وای لەئەمریكا كرد بچێتە ناو شەڕەكەوەو بۆ ماوەی ١٢ رۆژ لەمانگی حوزەیرانی ٢٠٢٥ بەتازەترین و بەهێزترین چەكی تازە لەئێرانی داو گەورەترین زەرەرو زیانی لێدا بەهەندێ بەڵێنی ژێربەژێر شەڕەكە وەستا، ئێستا وا خەریكە دەستپێدەكاتەوە.

بەداخوازی گەورەتر لەلایەن ئەمریكاوە دژی ئێران ئەگەر شەڕی پێشوو دژی چەكی ئەتۆمی ئێران بێت، ئەوجارە شەڕەكە بۆ لەناوبردنی ئەو رژێمەی ئێران دەبێ واتە ئێران ئەكەوێتە نێوان دوو هەڵوێستی یەك لەیەك تاڵتر ئەگەر كاغەزی سپی بۆ ئەمریكا ئیمزا نەكات ئەبێ شەڕی مان و نەمان بكات ئەوكاتە ناوچەكە دەبێتە ئاگر باران و وێرانكاری بەتایبەتیش عیراقی عەرەبی و زیاتریش كوردستانی باشوور یەكەم هەنگاوی ئێرانیش هێرشكردنە بۆ ناوچەكانی حاجی ئۆمەران و قەلادزەو سلێمانی و گەرمیان رەنگە ئەو بۆچوونەی ئێمە راست نەبێت بەتایبەتی لای هەندێ ترسنۆك و شەرمن و نەفام، بۆیە زیاترو زیاتر بەپێویستی دەزانم ئەگەر ئیمرۆ زووبێ ئەوا بێگومان سبەی درەنگەو زیانەكان زیاتر دەبن كۆبوونەوەیەكی ئاشكراو فەرمی بكەن بۆ شیكردنەوەو لێكدانەوەتان بۆ خۆ ئامادەكردنی زانستیانەو بەرژەوەندیە گونجاوەكانی میللەتی كورد لەناو ئەو كەشوهەوا زۆر ئاڵۆزەكەی ناوچەكە لەگەڵ رەچاوكردنی ئەو پێشنیارانەی برای بچووكتان:

١. كاری رۆژانەتان سەعات لـەدوای سـەعات گـوێكرتن و هەڵسـەنگاندن و مەبەسـت لەڕووداوەكان و لەگەڵ هێزو توانای شەڕكەرەكان.

٢. نابێ هیچ لایـەكتان بێلایـەن بێـت چـونكە بێلایـەن هـەموو دەم خزمـەتی لایەنـە خراپەكە دەكات.

٣. پێویستە لێپرسراوی یەكـەم لەگـەڵ ئەنـدامێكی دیكـەی مەكتـەبی سیاسـی هـەر لایەكتان لەكۆبوونەوەكە ئامادە بێت هیچ پاساوێك قبوڵ ناكرێت بۆ ئامادەنەبوون.

٤. سەرۆك وەزیرانی عیراق دەستكراوە نیە بـۆ بڕیـاردان بۆیە كێشـەكانی هـەرێمی كوردسـتان چارەسـەر ناكرێـت لەگـەڵ دیكتاتۆریـەتی زۆرینـەی شـیعەی عـیراق چـونكە بەربەستێك نیە بەرامبەر زۆرینەی شیعە لەناو پەرلەمان و ئەنجومەنی وەزیران و دادگـای فیدراڵی بۆیە تا ئەو بەربەستانە ئەخرێنـە دەسـتوورەوە پێویسـتە بەپەلـە بـەناوی گـەلی كوردو هـەرێمی كوردسـتان نامـە بنێـرن بـۆ (ولاتـە یـەكگرتووەكان و جـەنابی ئایـەتوڵلاّ سیستانی و بەڕێز موقتەدا ئەلصەدر) داوایان لێبكەن بێنـە نـاو كێشـەكان بـۆ چارەسـەر كردنیان زۆر بەتایبەتیش كێشەی نـەدانی مووچـەی مووچـەخۆرانی كوردسـتان و پێیـان بڵێن بێ دەنگیتان بەرامبەر برسـیكردنی خـەڵكی كوردسـتان نـەك تـەنیا دژی یاسـاكانی ئاسمان و سەر زەویە، بەڵكو دژی قورئان و دەستوورو دروشم و بەڵێنەكانی ئێوەشە.

٥. لەمەودواش ئەگەر مووچە لەبەغـدا نـەهات ئـەبێ لـەداهاتی نـاوخۆو دەسـكەوتی حزبەكانتان ٥٠٪ نیوەی مووچە بدەن بەقەرز تا لەبەغدا مووچە سەرف دەكرێت.

٦. ئەگەر وەك بیستوومە ئەندامانی سـەركردایەتی و كادرەكانتـان مانگانـە مووچـە وەرئەگرن، ئـەی بـۆ خانـەوادەی شـەهیدان و زینـدانی سیاسـی و مووچـەخۆران فلسـێك وەرناگرن.

٧. پێشنیار دەكەم هەموو حزبـەكانتان ٥٪ی موچـەی ئـەو موچـەخۆرانە بـبڕن كـە لەلایـەن ئێـوەوە دامـەزراون، هـەر لـە موچـەی خۆتانـەوە هـەتا كـەمترین موچـە، ئـەم پارەیەش بخرێتە سەندوقێكی تایبەت بۆ كەس و كـاری شـەهیدان و ئـەنفالكراوان لـەژێر چاودێری یەكەمی حزبەكان.

ئیتر خۆشی بۆ هەموو لایەكتان

**براتان**

**پارێزەر: كەمال محیەدین**

**٢٠٢٥/٧/٢١**

# وەکالەتەکەی مام جەلال بۆ کەمال محیەدین[1]

لە ڕۆژی ٢٠٠٤/٥/٢٩ بە ژمارە ٥٧٧٥٧ مام جەلال ئەو وەکالەتەی لە کاتب عـەدلی سلێمانی بۆ (کەمال محیەدین) کردووە، کە هەموو دەسەڵاتی پێداوە کار بکات لە هەموو ئەو مافانەی هەیەتی یا لەسەریەتی بـەبێ هـیچ سـنوورێك لـە هـەموو لایەنـەکانی ژیـانی، تەنانـەت ڕاپەڕانـدنی کارەکـانی خێـزانیش لـە فەرمانگـە حکومییـەکان و مـافی ئەوەشـی داوەتێ یەکێکی دیکە بکاتە وەکیلی.

زۆر کەم ڕوویداوە ئەگەر نەڵێم نەبینراوە و نەبیسـتراوە، کـە مرۆڤێـك هـەموو کـار و ماف و بەرژەوەندییـەکانی بداتـە دەسـت کەسـێك، کـە هـیچ پەیوەندییـەکی خێزانـی یـا ئابووری یا کۆمەڵایەتی لەگەڵ نییە، بۆیە دەبێـت زۆر بـەوردی و زانسـتیانە بگـەڕێین لـە هۆیەکانی دروستبوونی ئەو باوەڕو متمانەیەی (مام جەلال)ی هەمیشە زیندوو بە (کەمال محیەدین)، کە دوور و نزیك هیچ پەیوەندییەکی خزمایەتی لەگەڵ نییە.

وا دەزانم کـــە کاتێـــك مـــرۆڤ دەگاتـــە ئـــەو ئاســـتە، هـــەموو کـــار و مـــاف و بەرژەوەندییەکانی خۆی بخاتە دەست کەسێکی دیکە بە شێوەیەکی فـەرمی و یاسـایی، دیارە ئەو مرۆڤە بە ئاسانی و چەند ڕۆژێك ئەو باوەڕ و متمانە بێ سـنوورەی لـەلا پەیـدا نـەبووە و باوەڕیشـی بـەوە هـەبووە، کـە خۆشەویسـتی گـەل و نیشـتمان گـەورەتر و پیرۆزترە لە هەموو کەسێك، خۆ هەزارەها پێشمەرگە و کادیری حیزبیمان دیوە کە دایك و باوك و خێزانی خۆی کردووە بە قوربانیی گەل و نیشتمانەکەی، بۆیە زۆر جـار هـاوڕێی و پیشەیی کوردایەتی و حیزبایەتی لەبارتر و باشترن لە ئەندامانی کەسوکارەکانمان بـۆ ڕاپەڕاندنی کار و فەرمانەکانمان بۆ بەرژەوەنـدیی گشـتی و ئاسـانکردنیان، کـە گەیشـتن بەو باوەڕەش پێویستی بە کات و تەجروبەی گونجاو و سوودبەخشە.

ئـــەوەی پێویســـتە و لەبـــەر دەســـتدایە، کـــەمال محیـــەدین لـــە ســـاڵانی (١٩٤٧ — ١٩٤٨)ەوە پەیوەنـدیی لەگـەڵ (مـام جـەلال) پەیـداکردووە و وەك قوتـابی و هـاوڕێی کوردایـەتی و حیزبایـەتی مـام جـەلالی بـە مامۆسـتای خـۆی زانیـوە و کوردایـەتی و حیزبایەتی و دیموکراتیەتی لێ فێر بووە و وردە وردە لە ماوەیەکی زۆر کـورت، بـاوەڕ و متمانە لەنێوانیانـدا دروسـت بـووە و گەشـەی کـردووە تـا گەیشـتۆتە دروسـتبوونی ئـەو

---

[1] ئەم بابەتە لە ژمارە (٤)ی گۆڤاری دۆکیومێنت بڵاوکراوەتەوە.

وەکالەتە، بەڵگەش بۆ ئەو ڕاستییە هەندێك لەو ئیشانە دەخەمە بەرچاو، کە نیشانەی باوەڕپێکردنە.

١. لە نەورۆزی ساڵی (١٩٩٩) داوایکرد بچم بۆ لای لە قەڵاچوالان، کە ئەو کاتە من لە بەغدا فەرمانبەری حکوومەت بووم. لەگەڵ کاك چوستی محیەدینی برام چوومە لای، کاك (عومەری شێخ مووس) لەلای بوو، پێمی گوت کاك کەمال کارێکمان هەیە دەبێ بۆمانی بکەیت، ئەویش ڕێکخستنی نهێنییە لە بەغدا و باشووری عێراق، گوتم مام جەلال ئەندامێکی سەرکردایەتی بۆ ئەو بەرپرسیارێتیە بنێرن، خۆشم هەموو یارمەتییەکی دەدەم، ئەویش گوتی کاك کەمال کەسیان نایەن بۆ بەغدا، دەبێت خۆت بیکەیت منیش قبووڵم کرد و لێژنەیەکم دروست کرد لە دکتۆر مستەفا زەڵمی و زەعیم ڕوکن سەردار عەلی خۆشناو و عەقید محەمەد ئەمین دەربەندفەقەرە بە سەرۆکایەتی خۆم بۆ ماوەی چوار ساڵ تا سەدام حوسێن ڕووخا بەردەوام بووم.

٢. لە سەرەتای (٢٠٠٤)دا بووم بە لێپرسراوی مەڵبەندی بەغدا، کە بە پێی پرۆگرامی حیزب ئەو پلەیە هی ئەندام سەرکردایەتییە نەوەك من، چونکە من لە سەرکردایەتی نەبووم، مام جەلال وتی ڕەزامەندیم بۆ وەرگرتی.

٣. کۆتایی ساڵی (٢٠٠٤) بە پەلە و لە ڕێگای دکتۆر فوئاد مەعسوم ئاگاداری کردم، کە بەرپرسیاریەتی مەکتەبی پەیوەندییەکان وەربگرم لە جێگای کاك عادل موراد، کە ئەوکات کارەکەی بەجێهێشت بوو، دیسان بە مام جەلالم گوت ئەو پلەیە هی ئەندام مەکتەبی سیاسییە، گوتی کەسیان نایەن بۆ بەغدا، ناچارم ئەویشم وەرگرت کاری باشمان کرد لە بەغدا و بەسرە و بابل و عیمارە، کاك ئەکرەم فەقێ ڕەشید، لێپرسراوی پەیوەندیی نێوانمان بوو، کە لە ژیاندا ماوە و لە سلێمانییە و تا بڵێی لە کاری نهێنیی دڵسۆز و شارەزا بوو.

٤. داوام لە مام جەلال کرد کە کاك دکتۆر بەندەر مەندەلاوی و ضیاء حسین و ئیبراهیم میرانی بکەن بە ئەندامی مەکتەب، مام جەلال یەکسەر پەسەندی کرد

٥. دانانم لە لێژنەی دژایەتی حیزبی بەعس، کە بە سەرۆکایەتی ئەحمەد چەلەبی بوو.

٦. نوێنەرایەتی مام جەلالم کردووە لە کۆنگرەی نیشتمانی عێراق بە سەرۆکایەتی دکتۆر فوئاد مەعسوم و لە پەرلەمانی عێراق و لە کۆبوونەوەکانی حیزبی دەعوە، وەتەنی دیموکراتی، حەرەکەی ئیشتراکی عەرەبی ... هتد.

٧. مام جەلال کە سەرۆك کۆمار بوو، هەموو مانگێك ٨ تا ١٠ دەفتەر دۆلاری داوە

بە ئەحزاب و کەسایەتییە دیموکراتخوازەکان، لە ڕێگای ئێمەوە هەموو ئەو کارانە بە ئەنجام دەگەیشت.

٨. "٤٠" بۆ "٥٠" برووسکەیەکی نێوانمان بە ژمارە و مێژوو هەن، کە ئێستا کاتی بڵاوکردنەوەیان نییە، ئەم کارانە و گەلێك کاری دیکە بوونە هۆی ئەو متمانەیە و دەرچوونی ئەم وەکالەتە، کە جێگای سوپاس و پێزانینێکی زۆر گەورەیە و سەربڵندییەکی بەرزیشە بۆ خۆم و خانەوادەکەم و میللەتەکەم، کە تا مردن بە فەخر و گەورەیی دەزانم لە ژیانم.

کەواتە ئەو وەکالەتە پێمان دەڵێت:

١. مام جەلال بە وردبینی و گەشبینی و شارەزایی خۆی توانیویەتی یارمەتیدەری باوەڕپێکراو بۆ خۆی بدۆزێتەوە تا هەندێك لە کارە قورسەکانی سەرشانی کەم بکاتەوە بە سەلامەتی بە هۆی ئەم وەکالەتە.

٢. ئەم وەکالەتە سنووردار نەبووە، تەنیا بۆ کاری ناو دادگاکانیان بۆ کاتێکی کورت، بەڵکوو هەمیشەیی بوو، هەموو بابەتەکانی گرتۆتەوە و لە ماف و ئەرکەکانی بەدرێژایی ژیانی لە مێژووی وەکالەتەکەوە.

٣. ئەم وەکالەتە لە خۆشەویستی و گەورەیی مام جەلال بەرامبەر خانەوادەکەی کەم نەکردۆتەوە، بەڵکوو هەمیشە زیادی کردووە و هەمیشە خۆی بە قەرزاریان دەزانی، کە هەردەم پشت و پەنای بوونە و گەلێك ئێش و ئازار و دەربەدەرییان لەم ڕێگایە دیوە.

٤. ئەم وەکالەتە ئەنجامەکانی پڕ باوەڕی مام جەلال بە کەمال محیەدین و وەفاداری و ڕاستی و ئازایەتیی کەمال دەردەخات، کە هەموو ماف و ئەرکەکانی بە ڕاستی و دروستی ئەنجامداوە، واتا دەرچوونی ئەم وەکالەتە مێژوویەی سەرۆکی گەورەترین حیزب لە کوردستانی گەورە و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە کە ئەویش یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانە، جەنابی مام جەلال سەرۆك کۆماری عێراق بۆ کەمال محیەدین، کە جێگای سوپاسێکی بێوێنە و زۆر گەورەیە بۆ ئەم برایە گەورە و خۆشەویستەم، کە پلە و پایەی خۆم و کەسوکارمی سەربەرز و دڵخۆش کردووە.

هیوادارم هەموولایەکمان سوود لەو ئەزموونانە وەربگرین بۆ بەرژەوەندیی گەل و نیشتمانەکەمان.

**هەولێر**

**کەمال محیەدین ئەسعەد**

٥٧٧٥٧

٥٧٧٥٧

﴿ بسم الله الرحمن الرحيم ﴾

دائرة كاتب عدل السليمانية

العدد /

التاريخ / ٢٩ / ٥ / ٢٠٠٤

## ﴿ وكالـــــة عامـــــة ﴾

اني الموقع اداه ( جلال حسام الدين [illegible] )

قـد وكلـــت ( المحامي كمال محي الدين [illegible] )

مجتمعا ومنفردا وكالة عامة مطلقة مفوضة بكل حق هو لي او علي وفوضته بالخصومة عني في جميع الدعـاوى واجراء كافـة التصرفات القولية والفعلية وله حق اقامة كافة الدعاوى امام كافة انواع المحاكم على اختلاف درجاتها والسير في الدعاوى الى آخر مراحلها القانونية استئنافا وتمييزا وله حق التبليغ والتبلغ والتحالف والتحليف والمرافعة والانكار واقامة البينة والطعن بها وطلب الحجز الاحتياطي والتنفيذي ورفعهما وطلب تعيين الخبراء والمحكمين وعزلهم وفوضته بالصلح والاسقاط والابراء وطلب القسمة والافراز رضاءً او قضاءً ونقل الدعوى والشكوى من الحكام وطلب حبس المدين واطلاق سراحه وغير ذلك من الامور المتعلقة بالدعاوى وفي جميع مراحلها القانونية وكذلك فوضته حق القبض والصرف وكما له حق مراجعة سائر دوائر التنفيذ لتنفيذ الاعلامات وطلب الحجز التنفيذي ورفعها والاعتراض على القرارات التنفيذية وتمييزها وخولته بالحضور في دوائر التسجيل العقاري وخارجها للاقرار والافراز وله حق توجيه البيع والشراء والرهن والارتهان والافراز والقسمة وتصحيح الصنف والجنس والتوحيد والتخارج والتأييد والوقف والوصاية والتبديل والمبادلة والفسخ والمزايدة والهبة والتنازل والانتقال والايجار والاستئجار أي جميع المعاملات التصرفية في دوائر الطابو وخارجها، وله حق توجيه اليمين وردها وقبولها وكذلك خولته باجراء كافة عقود المقاولات وكالة عني والتوقيع على الاوراق التجارية وتظهيرها وعلى كافة العقود والمستندات ومهما كانت نوعها باسمي وخولته تسجيل الشركات بأسمي والحضور في جميع المصارف لقبض المبالغ العائدة لي منها واجراء كافة المعاملات وكالة عني كما انه حق مراجعة سائر المحاكم المختصة لاستحصال القسامات النظامية والشرعية والحجج الشرعية وكالة عني كما خولته حق مراجعة كافة الدوائر الرسمية والمؤسسات العامة والشركات الرسمية والاهلية لتعقيب القضايا والمعاملات الخاصة بي وان يقدم سائر الطلبات بتوقيعه وكالة ومراجعة شركات التامين وطلب التعويض والتوقيع على وصل المخالصة والتنازل والتبليغ وقبض المبالغ العائدة لي وتقديم كافة الطلبات باسمه وله حق الاعتراض وتمييز قرارات اللجان الخاصة بتقدير التعويض وتقديم الانذارات بتوقيعه وكما وكلته في سائر الدعاوى الجزائية سواء كنت فيها متهما او مدعيا بالحق الشخصي او مشتكيا وملاحقة الشكوى والحضور في التحقيقات الاولية والمناقشات القضائية ومراجعة كافة دوائر ومراكز الشرطة وحكام التحقيق والجنح ومحاكم الجنايات وتقديم سائر الطلبات بتوقيعه وطلب الافراج والبراءة واطلاق السراح بكفالة والاحالة والتجريم والتعويض وحق تمييز القرارات لدى المحاكم المختصة وله حق مراجعة هيئات الاصلاح الزراعي ولجان توزيع الارض وتقديم الطلبات كافة ومراجعة محاكم تمييز الاصلاح الزراعي واللجان والدفاع عن حقوقي كما خولته حق مراجعة سائر المحاكم الخاصة والمحاكم العسكرية والشرطة وله حق مراجعة دوائر المرور لتعقيب كافة المعاملات العائدة لي من تحويل الملكية وتجديد السنوية ونقل قيد السيارة، كما خولته حق توكيل الغير عني وعزله كما خولته الدخول في كافة الدعاوى الشرعية منها الزواج والنفقة والتفريق والنسب والطلاق الى آخرها من الامور الزوجية والاحوال الشخصية الاخرى وحق اقامة الدعاوى لدى محاكم الاحوال المدنية الخاصة بتصحيح التولد والاسم وتاريخ الولادة ومراجعة دوائر الجنسية والاحوال المدنية بخصوص ذلك وتبديل المهنة ومحاكم العمل ايضا ومراجعة مديرية ضريبة الدخل وطلب الاعفاء المطلق.

الموكل

**الاسم الثلاثي :** جلال حسام الدين [illegible]

**العنوان :** السليمانية

**رقم الهوية :** **الصادر من**

---

أصدق توقيع الموكل (جلال حسام الدين [illegible]) المعروف لدينا بالهوية أعلاه والعارف بمندرجات هذه الوكالة حرفيا بعد تلاوتها عليه ووقعه امامي [illegible]

كاتب عدل السليمانية

[illegible]

٨٣٥٤٦

٢٩ / ٥ / ٢٠٠٤

# مامۆستای نەمر کاک عەلی عەبدوڵڵا

١. کاک عەلی عەبدوڵڵا لە مانگی تشرینی دووەمی ساڵی (١٩٢٢) لە گەڕەکی قەڵات لە شاری کۆیە لەدایك بووە، خوێندنی بنەڕەتی و ناوەندی و دواناوەندی لە کۆیە تەواو کردووە و لە پاشان خوێندنی هەندەسەی لە بەغدا تەواو کردووە، لە هاوینی ساڵی (١٩٤٦) گەڕاوەتەوە شاری کۆیە و کاری سەربەخۆی کردووە، لە دروستکردنی بیناسازی و ڕێگاوبان لەگەڵ بەڕێز کەمال حاجی مەجیدی ڕەحمەتی پارەدار، واتە دەوڵەمەند (وەك ڕێگای کۆیە و هەولێر و کەرکووك و هەیبەت سوڵتان و خانووی کاکە زیاد ئاغای ڕەحمەتی لە ڕێگای حەماموك و دائیرەی تووتن و قوتابخانەی دواناوەندی...)، بەرهەمی سەلیقە و دەست و پەنجە و کار و خوێندنەکەی بوون.

٢. باوکی کاک عەلی ناوی عەبدوڵڵا ئەمین بوو، خەڵکی گوندی سوسێ بوو، ئەو گوندە دەکەوێتە باکووری شاری کۆیە، ڕێگای قیرتاوی نییە لە شاخی باواجی ئاوادەبی و بە (٢) سەعات بە وڵاغ دەگەیتە گوندەکە، کە بە (هەنار، هەنجیر، هەرمێ، ترێ، سێو، هەنگوین، مازوو، بەڕوو، بنیشتە تاڵ) ناوداره، بە ئاوی ساردیش زۆر بەناوبانگە، دوو سەرچاوەی هەیە (سەروکانی و بلەرزەگ)، هەردوو کانی زۆر ساردن و دەست دەتەزێنن.

گوندەکە دەکەوێتە دۆڵی سماقوولی و زۆر نزیکە لە بەنداوەکە، خەڵکی ئەو ناوچەیە لە عەشیرەتی خۆشناون، بە ئاژەڵداری بەناوبانگن، بە تایبەتیش بزنە مەرەز مووەکەی دەکەن بە ڕانکوچۆغەلی پیاوان، بەڕە و جاجم و ڕایەخیش لە مووی مەڕەکانیان دروستدەکەن، لە ئاژەڵداری و بەخێوکردنی پەلەوەر پسپۆر بوون.

گوندی سوسێ هەمیشە بنکە و بارەگای پارتی دیموکراتی کوردستانی تیابوو، لەگەڵ پێشمەرگە و لێپرسراوانی شۆڕشی ئەیلوولی مەزن، لەبەرئەوە چەند جار گوندەکە بۆمباران کراوە و دانیشتووانی دەربەدەر بوون، زیاتر لە سەد شەهید و برینداریان هەیە، ئێستاش پێشمەرگەیان زۆرە.

دوای باوکی کاک عەلی واتە مام عەبدوڵڵا، کاک عومەر عەبدوڵڵا کە برا گەورەی کاک عەلییە سەرپەرشتی خێزانەکەیان و باغەکانی خۆیانی دەکرد و زۆر زۆریش خزمەتی خەڵکی گوندەکەی دەکرد، پاشان کاک ڕەنجبەر کوڕی کاک عومەر کارەکانی ڕاپەڕاندووە، ئێستاش کاک هەڵمەت کوڕی کاک عەلی دوور بە دوور سەرپەرشتیان دەکات، چونکە لە ئەڵمانیایە، ساڵی دوو سێ جار سەریان لێ دەدا. حەنیفە خانی دایکی

کاك عەلی عەبدوڵڵا خەڵکی گوندی کێشکە بوو، ئەم گوندە دەکەوێتە ڕۆژهەڵاتی هەولێر، نزیکە لە شاخی دەربەندی گۆمەسپان، ئەوانیش لە عەشیرەتی خۆشناون کاك عەلی دوو برا و خوشکێکی هەیە و لە خۆی گەورەترن، بە ناوی: (کاك عومەر، ڕەحمە خان، عوسمان) هەموویان کۆچی دواییان کردووە، خوا بە بەهەشتیان شادبکات.

کاك عومەر، کە برا گەورە بوو، سەرپەشتی خێزانەکەی دەکرد و خوێندنی بە کاك عەلی تەواو کرد.

ڕەحمە عەبدوڵڵا کە خوشکی کاك عەلی عەبدوڵڵا بوو، جێگای باوەڕ و بنەگەی کاك عەلی بوو لە کاروباری کوردایەتی و حیزبایەتی، یا ڕەحمەی ژنی ئاغای مام ئەسعەدی غەفووری دایکی کاك کەمال محیەدین بوو، لەگەڵ شەش برا و سێ خوشکی کەمال بە ناوەکانی: (غەفوور، حاجی، خەیرەدین، فریاد، ڕۆستەم، چوستی، پەخشان، خەیریە خان، قەدری خان).

هەندێك لەم بەڕێزانە کۆچی دواییان کردووە: (غەفوور محیەدین برا گەورە، فریاد محیەدین، ڕۆستەم محیەدین، خەیریە محیەدین، قەدریە محیەدین).

بەڵام (کەمال، حاجی، خەیرەدین، پەخشان، چوستی، کە کاك عەلی ناوی لێناوە)، ئەمانەیان لە ژیاندا ماون.

کاك عومەر برا گەورەی کاك عەلی ماوەیەك لە قەیسەری کۆیە قوماشفرۆش بوو، ماوەیەك ئەندامی لیژنەی پشکنین و وەرگرتنی توتن بوو لە کۆیە، کاك عوسمانی برای ماوەیەك لێپرسراوی یانەی مووچەخۆرانی کۆیە بوو دواتر کاری سەربەخۆی دەکرد.

خێزانەکەیان ناوداری کۆیە بوون، بە تایبەتی لە ڕووی سیاسەت و کوردایەتی، هەموویان ئەندامی پارتی دیموکراتی کوردستان بوون، کاك عەلی و براکانی لە ڕیزی پێشەوەی بەندکراوەکانی کۆیە بوونە، لە هەموو بۆنە و ڕووداوە سیاسییەکانی عێراق و کوردستان، لە ڕووی ئابووری خۆش گوزەران بوون، خانووی خۆیان هەبوو، لە گوندی "سوسێ"ش چوار تا پێنج باغی هەرمێ، سێو، ترێ، هەناری گەورەیان هەبوو، لەگەڵ مەڕوماڵات، بۆ فرۆشتن و ساغکردنەوەی بەرهەمەکانیان دەیانناردە کۆیە و هەولێر.

کاك عەلی لە ژیانی گەنجایەتی کەوتبووە ناو خوێندەوار و سیاسەتمەداران، ژیانی نەرم و نیان بوو، بەشی زۆری کات لە ماڵەوە خەریکی خوێندنەوە بووە، لەگەڵ گەنجانی گەڕەکەکەیان زۆر تێکەڵاوی نەبووە.

کاك عەلی ڕێز و گەورەیی و خۆشەویستی براکان و خوشکەکەی لابوو، هەمیشە بە کاکە و بابە بانگی دەکردن، لە هەرزەکاری هاوڕێی سالّح شەمس و عەبدولڕەحمان ڕووتە و پورزاکانی بوو، کە کەوتە ناو سیاسەت نزیکترین هاوڕێکانی عومەر مستەفا (دەبابە) و کەریم تۆفیق و بەکر ئیسماعیل و سالّح حەیدەری، دوایی سەید برایمی باوکی کاك ڕابەر و مام جەلال و حەمەدئەمین مەعرووف و مەجید شێخ نووری و تاهیر سەعید و ... بوون.

کەسایەتی کاك عەلی عەبدوڵڵا: پیاوێکی زۆر زیرەك بوو، بێ ئەندازە نیشتیمانپەروەر و کوردپەرست، پیاوێکی بەڕێز و بەرز و بەهێز بوو، دەست و دەم و دەروون پاك بوو، دوور بوو لە پلەوپایە و پارەپەرستی، بەشی زۆری مووچەکەی خۆی دەدا بە خاوەن پێداویستییەکان، خۆم یەکێك بووم لەوانەی یارمەتی دەدان، بە پارە لە مووچەکەی خۆی.

کاك عەلی عەبدوڵڵا هەرچەندە لە ساڵی (١٩٤٦) تا ماڵئاوایی کرد لە ژیان ئەندامێکی کاریگەر و ماندوونەناس بوو لە سەرکردایەتی پارتی و چەند جار سکرتێر و جێگری سەرۆك بارزانی وەك سەرۆکی پارتی، بەڵام بستێك زەوی و ژوورێك خانووی وەرنەگرتووە، زۆر لە ئەندامانی سەرکردایەتی پلەی بەرزی عەسکەری یان مەدەنیان وەرگرت، بەڵام هیچ لەو دەستکەوتانەی وەرنەگرت بۆ خانەنشینی، بەڵام ئەو هیچ لەم پلانەی قەبووڵ نەکرد، تەنانەت پلەی پارێزگاری سلێمانیشی ڕەتکردەوە، بەڵام لەبەر سووربوونی سەرۆك بارزانی و بۆ بەرژەوەندیی گشتیی ناچارکرا، کە قەبوولّی بکات بۆ جێی پەنجەکانیشی لە سلێمانییەکان بپرسن.

لەبەر سەرقاڵی بە سیاسەت و کاروباری حیزب و کوردایەتی کاك عەلی هەندێ درەنگ ژنی هێناوە وا دەزانم لە کۆتایی پەنجاکان لەنێوان (١٩٥٧ ١٩٥٨)، خێزانە بەڕێزەکەی کیژی جەنابی مەلای گەورە بوو، واتە مەلا محەمەد مەلا عەبدوڵڵا مەلا ئەسعەد زانا و بیرمەندی گەورە و شارەزای گەورەی دین و دنیا.. شاعیر و نووسەر و ڕەخنەگر و کوردپەروەر و مرۆڤدۆست و ئەندامی یەکەمین ئەنجوومەنی عێراق بوو لە سەرەتای سیستەمی پاشایەتی، پێش ئەوە دادپەروەر بوو، لە کۆیە یەکەم ڕۆژ کە دەعوای دادگای بۆ دەبەن، دەبینێ بە زمانی تورکی نووسراوە، یەکسەر بانگی لێپرسراوی تایبەت بە دادگا دەکات و پێی دەڵێ: لە ئیمڕۆوە دەبێ کاری دادگا هەمووی

بکرێتە کوردی، لەسەر قسەی جەنابی لە ڕێکەوتی: (١٩١٩/٧/١١) هەموو کاروباری دادگای کۆیە بوو بە کوردی، جەنابی شێخ نووری براشی یاریدەدەری بوو وەك جێگری دادوەر، ئەوەندەی باسی مەلای گەورە و شێخ نووری بکەیت، حیکایەت تەواونابێ، لە کاتێکدا لە ڕۆژانی (١٩٣٠) زۆر کەس کوڕەکانی خۆی نەدەنارده قوتابخانە لەبەر بانگەشەی هەندێ کۆلکە مەلا و کۆنەپەرستان دژی خوێندن و خوێندەواری لەم کاتەدا مەلای گەورە بۆ وەڵامدانەوەی ئەو دوژمنکارییەی قوتابخانە و خوێندن، کیژە گەورەکەی خۆی، واتە نەجیبە خانی ئازا و بەڕێزی بردە قوتابخانەی کوڕان لە کۆیە، نازناوی (یایەی دایە)، بۆیە بەم هەنگاوەی مەلای گەورە ڕێگا کرایەوە و خەڵك منداڵی خۆی ناردە قوتابخانە.

مەلای گەورە شارەزاییەکی گەورە و فراوانی هەبووە لە زمانی عەرەبی و بنەماکانی قورئان و تەورات و ئینجیل، یەکەم کەسە کە تەفسیری قورئانی کردووە بە زمانی کوردی.

کاك عەلی دوو کیژ و کوڕێکی هەیە، بە ناوی هێرۆ خان، دکتۆرەیە، لەگەڵ هەوری خان، دەرچووی پەیمانگایە، هەردووکیان لە لەندەن دەژین، کوڕەکەی کاك هەڵمەت لە ئەڵمانیا ئەندازیارە، ئەم ناوەش لەوەوە هاتووە، کە لە کاتی خۆیدا لە حیزب ناوی نهێنی کاك عەلی (هەڵمەت) بووە، بۆئەوەی حکومەت نەیناسێت.

ژن هێنانی کاك عەلی عەبدوڵڵا زۆر هاسان و سنووردار بوو، بەبێ ئاهەنگ و زەماوەند، چونکە کاك عەلی پیاوێکی سیاسی و کوردپەروەر بوو، داکۆکی لە ماڤ هەژاران دەکرد، حەزی لە خۆنیشاندان و زێدەڕۆیی نەدەکرد لە جۆری ژیانی، بۆ ئەوەی لە بیروباوەڕەکەی دوورنەکەوێتەوە. ژنەکەی ناوی (ئیقلیم خان) بوو، تا بڵێی بەڕێز و کوردپەروەر بوو.

کاك عەلی لە پاش شۆڕشی (١٤)ی تەمموزی ساڵی (١٩٥٨) و ڕێگادان بە پارتی دیموکراتی کوردستان و ڕۆژنامەی خەبات چووە شاری بەغدا، چونکە بارەگای سەرەکی پارتی و خەبات و مەکتەب سیاسی لە بەغدا بوون.

کاك عەلی لەگەڵ خێزانەکەی و کافیە خانی ئامۆزای و کاك شێرکۆ عومەری برازای لە خانوویەکی بچووك لە بەغدا دەژیان، هەموو ڕۆژ بەیانیان دەچووە بارەگای مەکتەب سیاسی لە گەڕەکی (بتاوین) بۆ ڕاپەڕاندنی کاروبارەکانی حیزب و ڕۆژنامەی خەبات و

شەو دەگەڕایەوە بۆ ماڵەوە، ناوە ناوەش سورەیا خانی خوشکی خێزانەکەی و کەمال محیەدینی کوڕی خوشکی، کە هەردووکیان ئەندامی پارتی بوون و لە زانکۆی بەغدا، خوێندکار بوون، لە لای ئەوان دەمانەوە.

لەو کاتەی لە بەغدا بوون پارتی پارەی نەبوو تا چاپخانە بکرێت بۆ چاپکردنی ڕۆژنامەی خەبات، پارتی زۆر هەوڵیدا بۆ قەرزکردن، بەڵام سەرنەکەوتن، دواجار کاک عەلی عەبدوڵڵا چووە لای ئەندازیار جەنابی کاک ڕەشید عارف کۆیی، کە بەڵێندەرێکی گەورە بوو لە بەغدا و دۆستی خانەوادەکەی کاک عەلیش بوو، کاک عەلی داوای لە کاک ڕەشید کرد، کە (٢٠٠٠) دینار بە قەرز بە کەفالەتی کاک عەلی عەبدوڵڵا بۆ خەرجییەکانی بارەگا و ڕۆژنامەی خەبات بداتە پارتی، کاک ڕەشید کە خۆشی پیاوێکی کوردپەروەر و مەردانە بوو پارەکەی دا بە کاک عەلی، بەمجۆرە پارتی توانی هەموو ناتەواوییەکانی خۆی و ڕۆژنامەی خەبات لە بەغدا جێبەجێ بکات.

کاک عەلی لە سەرەتای ژیانەوە کەوتۆتە ناو مەیدانی سیاسییەوە، پێش ئەوەش واتە لە ساڵانی (١٩٣٠ تا ١٩٤٠) تەنیا خەریکی خوێندن بووە لە کۆیە و هیچ کاری دیکەی نەبووە.

لە کاتی شەڕی دووەمی جیهانی چەند جار کۆیە بۆردومان کراوە، ژیان گران بووە و کەلوپەلی ژیان دەستنەدەکەوت، لە ڕێگای ڕادیۆ و ڕۆژنامەی عێراقی دەنگوباسی شەڕ بڵاودەکرایەوە لەنێوان ئەڵمانیا و ئینگلیز و دۆستەکانیان، ئەمە لە لایەک، لە لایەکی دیکەوە ڕاپەڕینی بارزانییەکان و دروستبوونی حیزبی هیوا و بانگەشەی شیوعییەکان بۆ پاڵپشتی ئینگلیزەکان لە شەڕی دووەمی جیهانی، ئەو ڕووداوانە تێکڕا هەست و بیر و خواستی کاک عەلی عەبدوڵڵای جووڵاند و دەستیکرد بە جولەکردن لەگەڵ برادەرەکانی وەك کاك (کەریم تۆفیق و بەکر ئیسماعیل و عومەر مستەفا و ساڵح شەمس و عەبدولڕەحمان ڕووتە و ... تاد). لە بەغدا ناسیاوی و تێکەڵاوی لەگەڵ قوتابیانی عەرەب پەیداکرد، کە هەندێکیان شیوعی بوون لە خوێندنگای هەندەسە لە ساڵانی (١٩٤٣ تا ١٩٤٦)، لەوکاتەی کاك عەلی عەبدوڵڵا لەگەڵ هەر یەکە لە کەریم تۆفیق و بەکر ئیسماعیل و عومەر مستەفا (دەبابە)، کە هەموویان کۆیی بوون و پێکەوە لە خانوویەك لە بەغدا دەژیان، ڕۆژانەش پەیوەندیان لەگەڵ هەوادارانی حیزبی هیوا و حیزبی شیوعی عێراقی و حیزبی وەتەنی دیموکراتی هەبوو، کە لە ساڵانی: (١٩٣٤،

١٩٣٥، ١٩٣٩) دامەزرابوون، بڵاوکراوەکانیان دەخوێندنەوە و سوودیان لێ وەردەگرتن، کاتێکیش حیزبی شیوعی عێراقی بوون بە دوو بەرەی شیوعی، واتە بەرەی (القاعدة) و بەرەی (وحدة النضال)، پاش هەوڵ و ئامۆژگاری حیزبی شیوعی سووری و حیزبی تودەی ئێران بۆ یەکگرتنەوەی حیزبی شیوعی عێراقی (فەهد) سکرتێری حیزبی شیوعی عێراقی لەگەڵ (محەمەد حوسێن شبیبی و یەهودا) ئەندامانی مەکتەبی سیاسی لەگەڵ سەرکردایەتی (وحدة النضال) کۆبوونەوە و لە ئەنجامدا ڕێککەوتن، کە (وحدة النضال - یەکێتی تێکۆشین) خۆی حەل بکا و بگەڕێتەوە ناو (القاعدة)، بەڵام لقی کوردستانی (یەکێتی تێکۆشین) بەم ڕێککەوتنە ڕازی نەبوون، لەبەر هەندێ (فهد) لەگەڵ (یەهودا و مەلا شەریف و محەمەد حوسێن شبیبی و زەکی بەسیم) کۆبوونەوە لەگەڵ سەرکردایەتی لقی (یەکێتی تێکۆشین)، واتە یەکێتی تێکۆشین لە کوردستان، کە بریتی بوون لە بەڕێزان: (عەلی عەبدوڵڵا، ساڵح حەیدەری، نافیع یوونس، ڕەشید عەبدولقادر)، لقی کوردستان ڕازی نەبوون خۆیان هەڵبوەشێننەوە و بچنەوە ناو حیزبی شیوعی وەك ئەفراد لەسەر داوای (فهد)، بەڵکوو لقی کوردستان گوتیان ئێمە خۆمان حەل ناکەین، بەڵام ڕێگر نین وەك لقی حیزبی شیوعی عێراق لە کوردستان دێینەوە ناو حیزب، نەك وەك ئەفراد، لە سووربوونی فەهد و سووربوونی لقی کوردستان هەر یەکەیان لەسەر بۆچوونی خۆیان ڕێککنەکەوتن، پاش ئەوە لە (١٩٤٥/١٠/٢٥) یەکێتی تێکۆشین لە کوردستان بڕیاریدا ببن بە حیزبی شیوعی کوردستان بە سەرکردایەتی ساڵح حەیدەری و عەلی عەبدوڵڵا و عەبدولکەریم تۆفیق و ڕەشید عەبدولقادر و نافع یونس، ڕۆژنامەیەکیان هەبوو، بە ناوی شۆڕش، حیزبەکەش هەر بەناوی شۆڕش دەنگی دایەوە.

حیزبی شیوعی کوردستان پێی باش بوو، حیزبێکی نیشتیمانی کوردپەروەر دروست بکرێت، بۆ ئەوانەی نایانەوێ ببن بە شیوعی لە کوردستان، دواجار حیزبی ڕزگارییان دروست کرد بە سەرۆکایەتی بەشی زۆری سەرکردەکانی شۆڕش، بەڵام کاك عەلی عەبدوڵڵا نەچووە ناو سەرکردایەتی حیزبی ڕزگاری، گوتی من فێڵ لە خۆم و خەڵك ناکەم، ناکرێ لە دوو حیزب ئەندامی مەکتەب سیاسی بم، ڕاست ئەوەیە خەڵکی نیشتیمانپەروەر و کوردپەروەر و پاك و ئازا بکەین بە سەرکردایەتی حیزبی ڕزگاری، مەرج نییە (شیوعی) بن، ئێمە دەتوانین لە دوورەوە لە ڕووی ڕێکخستن و چاپەمەنی، ئامۆژگاری و یارمەتیان بدەین.

لێـره واتـه لـه كۆبوونـەوەی یـەكێتی تێكۆشـین لەگـەڵ مەكتـەبی سیاسـی حیزبـی شیوعی عێراقی (فەهد و هاوڕێكـانی) و پێـداگرتنی كـاك عـەلی عەبـدوڵڵا و عەبدولكـەریم تۆفیق و ڕەشید عەبدولقادر) دەردەكەوێت، كە نابێ تایبەتمەنـدی كوردسـتان بتوێتـەوە لەناو حیزبی شیوعی عێراقی هەروەها هەڵوێستی كـاك عـەلی عەبـدوڵڵا لـە دروسـتكردنی حیزبی ڕزگاری و سەركردایەتییەكەی زۆر ڕاست و دروست بوو.

پاش ئەوەی بیرۆكەی دروستكردنی پارتی دیموكراتی كـورد خـۆی سـەلماند و كـاك هەمزە عەبدوڵڵا پێشنیار كرا لەلایەن دڵسـۆزانی كـورد، بـە تایبـەتیش لێژنـەی ئـازادی و بەڕێز بارزانی، بە یارمەتی تایبەتی كاكە زیادی كۆیە، كاك هەمزە عەبدوڵڵا چـووە بەغـدا و پەیوەندی بە كاك عەلی عەبدوڵڵا و نوێنەری حیزبی ڕزگارییەوە كرد، كاك عەلی زۆر بە ڕێز و گەرمییەوە پێشوازی لە كاك هـەمزە عەبـدوڵڵا و ڕاسـپاردەكانی بـارزانی و لێژنـەی ئازادی كرد، بەڵام ساڵح حەیدەری بە هەموو ڕاسپاردەكان ڕازی نەبوو، هەر چـۆنێك بـوو حیزبی شۆڕش لـە سـەرەتای مـانگی ئـاب كۆنگرەیـان بەسـت و بـە تێكـڕای دەنـگ، بـە هیمەتی كاك عەلی عەبدوڵڵا و عەبدولكەریم تۆفیق و ڕەشید عەبدولقادر، حیزبـی شـۆڕش بە زۆرینە دەنگیان بە هەڵوەشانەوەی خۆیان و چوونە ناو پارتی دیموكراتی كورد دا.

لە ڕۆژی (١٩٤٦/٨/١٦) یەكەم كۆنگرەی پارتی دیموكراتی كورد لە بەغدا لـە مـاڵی بەڕێز سەعید فەهیم كۆیی، بەسـترا. كـۆنگرە ئـەم بەڕێزانـەی بـۆ سـەركردایەتی پـارتی، هەڵبژارد:

١. مستەفا بارزانی: سەرۆكی پارتی.
٢. شێخ لەتیف شێخ مەحموود: یاریدەدەری یەكەمی سەرۆك.
٣. كاكە زیادی حەمە ئاغای كۆیە: یاریدەدەری دووەمی سەرۆك.
٤. هەمزە عەبدوڵڵا.
٥. میرحاج ئەحمەد.
٦. دكتۆر جەعفەر محەمەد كەریم.
٧. عەلی عەبدوڵڵا ئەمین.
٨. ساڵح یووسفی.
٩. عەبدولكەریم تۆفیق.
١٠. ڕەشید عەبدولقادر.

١١. ڕەشید باجەلان.

١٢. مەلا سەید حەکیم خانەقینی.

١٣. عەونی یووسف.

١٤. تەها محیەدین.

١٥. عەبدولسەمەد محەمەد مەنجەڵ.

*** ئەمانەش بۆ مەکتەبی سیاسی هەڵبژێردران:**

١. هەمزە عەبدوڵڵا: سکرتێر.

٢. دکتۆر جەعفەر محەمەد کەریم: ئەندام.

٣. عەلی عەبدوڵڵا ئەمین: ئەندام.

٤. عەبدولکەریم تۆفیق: ئەندام.

٥. ڕەشید عەبدولقادر: ئەندام.

لێرە بۆمان دەردەکەوێت، کە لە (٣٠٪) سەرکردایەتی یەکەم کۆنگرەی پارتی دیموکراتی کورد عێراق لە خەڵکی کۆیەن، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ هەوڵ و تێکۆشانی کاك عەلی عەبدوڵڵا و عەبدولکەریم تۆفیق و ڕەشید عەبدولقادر و هەڤاڵەکانیان، لە کۆنگرەی سێیەمیش ژمارەی کۆییەکان لە کۆمیتەی ناوەندی پارتی لە سەدا(٣٥٪) بوون.

لە هەڵبژاردنی نوێنەرانی عێراق لە ساڵی (١٩٥٢) پارتی دیموکراتی کوردستان کاك مەسعوود محەمەدی پاڵاوت بۆ ئەوەی ببێ بە نوێنەری کۆیە، هەرچەندە حکوومەتی پاشایەتی زۆر بەرهەڵستی دەکرد، بۆ ئەم هەڵبژاردنە، پارتی لێژنەیەکی دروستکرد بۆ سەرپەرشتی ئاراستەی خەڵکی کۆیە بە شار و لادێ، ئەندامانی لێژنەکە ئەم بەڕێزانە بوون: (پارێزەر کاکە سور تاڵەبانی، پارێزەر بەکر ئیسماعیل، سەید برایم سەعید دوکاندار، قادر بەگ دوکاندار، محەمەد سادق قوتابی، محەمەد شوان، عومەر سەعد مووچەخۆر، مەحموود کاکە زیاد، غەفوور محیەدین، بە سەرۆکایەتی کاك عەلی عەبدوڵڵا و کاك سەمەد مەنجەڵیش یاریدەدەری بوو)، بارەگای لێژنەکە لە دیوەخانی کاك ئاغای مەلا ئەحمەد ئاغا بوو، کاکە حەمەی براشی ڕۆژانە پێویستییەکانی لێژنەکەی جێبەجێ دەکرد، کاك عەلی عەبدوڵڵا ڕۆژانە لە بەیانییەوە لە بارەگای لێژنەکە تا شەو درەنگ لەگەڵ کاك مەسعوود محەمەد دەمانەوە بۆ ڕاپەڕاندنی پێویستییەکانی سەرکەوتنی

نوێنەری پارتی لە هەڵبژاردن، لە ئەنجامدا پارتی توانی سەرکەوتن بە دەست بێنێ، تاکە نوێنەری کورد لە سەرانسەری کوردستان بنێردرێتە بەغدا بۆ ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق وەك ئۆپۆزسیۆنی عێراق، کە تەنیا (١٢) نائب بوون لە عێراق، بە بۆنەی ئەم سەرکەوتنە مەزنەی پارتی لە کوردستان زۆر کەس لە پارتە ئۆپۆزسیۆنەکانی عێراق برووسکەی پیرۆزبایی و سوپاسنامەیان بۆ کاك عەلی و لیژنەکە لێدابوو.

هەردەم کاك عەلی عەبدوڵڵا و براکانی لە پێشەوەی لیستی بەندکراوان بوون، هەر حکوومەتی عێراق هەستی بە مەترسی بکردایە، بە تایبەتی لە بۆنە نیشتیمانییەکانی کوردستان، وەك نەورۆز و ساڵیادی شۆڕشەکانی کوردستان و کۆماری کوردستان و لە سێدارەدانی مستەفا خۆشناو و هەڤاڵەکانی و حکوومەتەکەی شێخ مەحموود و ڕاپەڕینەکەی (٦)ی ئەیلوولی ساڵی (١٩٣٦)، بۆنە نیشتیمانییەکانی عێراقیش وەك (وثبة) کانوون و پەیمانی بەغدا و پورتسماوس.

کاك عەلی عەبدوڵڵا لە هەموو کۆنگرەکانی پارتی دیموکراتی کورد کوردستان بە زۆرینەی دەنگ هەڵبژێردراوە بە ئەندامی سەرکردایەتی و مەکتەبی سیاسی.

لە ساڵی: (١٩٧٩) لە کۆنگرەی (٩)ی پارتیدا بە تێکڕای دەنگ بووە بە سکرتێری پارتی دیموکراتی کوردستان.

لە ساڵی: (١٩٨٩) لە کۆنگرەی (١٠) بە تێکڕای دەنگ بە جێگری سەرۆکی پارتی، هەڵبژێردرا. تا کۆنگرەی (١٣) لە ساڵی: (٢٠١٠)، پاشان بەهۆی نەخۆشی نەیتوانی لە کارەکانی بەردەوام بێت، هەرچەندە چەندجار لە ڕێگای پارتییەوە چووە دەرەوەی وڵات بۆ چارەسەری، بەڵام بەداخەوە لە بەختی ڕەشی کوردستان و پارتی و کەسوکاری و هەڤاڵەکانی لە ڕۆژی: (٢٠١٧/١٠/٢٤) لە هەولێر کۆچی دوایی کرد، بەڕێز و شکۆدارییەکی گەورە و لەلایەن سەرکردایەتی پارتی و هەموو حیزبە کوردستانییەکان و نیشتیمانپەروەرانی کوردستان و هەڤاڵ و کەسوکارەکەی بە ژن و پیاو بە خاك سپێردرا، هەزار ڕەحمەت لە خۆی و دڵنەواییش بۆ گەلی کورد.

هاوڕێ نزیکەکانی کاك عەلی عەبدوڵڵا لە کاری حیزبی بریتی بوون لە بەڕێزان: (پارێزەر بەکر ئیسماعیل، عومەر دەبابە، کاکە سوور تاڵەبانی، سەمەد مەنجەڵ، مامۆستا مەجید شێخ نووری، محەمەد عەلی شێخ نووری، مامۆستا جەلال حەمد، ڕەشید عەبدولقادر، ئیبراهیم ئەحمەد، مەسعوود محەمەد، مامۆستا تاهیر سەعید،

عەبدولکەریم تۆفیق، عومەرە سوور، کاکە زیاد، مامۆستا کەمال عەبدولقادر، مامۆستا حەمەدئەمین مەعرووف، سەید برایم سەعید، عومەر سەعد، محەمەد شوان، محەمەد سادق، جەلال حسامەدین، جەمال تاهیر، حسامەدین تەبیب ...) لەگەڵ هەموویان پەیوەندیی باش و ڕێکوپێك بوو، هەمووشیان ئەندامی حیزب بوون و خەباتیان دەکرد.

کاك عەلی عەبدوڵلا بۆ ماوەیەك، بە تایبەتی پاش کۆنفرانسی پارتی لە ساڵی (١٩٦٤) کە لەو کۆنفرانسە کاك عەلی ئیدارەی کۆبوونەوەکانی کرد لە ڕۆژانی (١٩٦٤/٤/٤) تا کۆتایی کۆنفرانس، ئەوەی شایەنی باسە کە منیش ئەندامی کۆنفرانس بووم، کاك عەلی هەمیشە بە ڕێز و برا گەورە و سەرۆك باسی بارزانی دەکرد و ڕێگەی کەسی نەدەدا بەبێ ڕێزگرتن باسی بارزانی بکات، بەڵام کاك عەلی وەك ئەندامی مەکتەبی سیاسی ناچاربوو ملکەچ بێت بۆ بڕیاری زۆرینەی کۆنفرانس، بۆیە لە بەرەی بارزانی دابڕا و چەند جاریش هەوڵیداوە بۆ هێورکردنەوەی توندڕەوەکانی سەرکردایەتی دژی بارزانی، چەند جاریش چووەتە لای بارزانی بۆ ڕێزگرتن لە پرۆگرام و بڕیارەکانی حیزب، تەنانەت بۆ دواجار لەگەڵ د. عەزیز شەمزینی ئەندامی مەکتەبی سیاسی و کەمال محیەدینی خوارزای بە بڕیاری حیزب وەك وەفد چوونە لای جەنابی بارزانی بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان، بەڵام بەداخەوە نەك بە قسەی نەکردن، بەڵکوو بەبێ ڕێزگرتن وەڵامی دانەوە.

لەناو پارتی کەس نەبوو بارزانی خۆش نەوێت و بە سەرۆکی نەزانی، بەڵام بارودۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی و چینایەتی کوردستان و دوژمنایەتی (حکوومەتەکانی عێراق و هەندێ لە دەرەبەگ و کۆنەپەرستانی کورد و چەند ئەندامێکی هەڵپەرست و بەزیوی ناو حیزب لەگەڵ ڕژێمە داگیرکەرەکانی کوردستان ...) دژی حیزب و کوردایەتی ڕاستەقینە هەوڵیان دەدا گیانی حیزبایەتی لە کوردستان نەمێنێت و بارزانییان هان دەدا لە حیزب دوورکەوێتەوە و ئاگری ناکۆکییەکانیان خۆشتر دەکرد، چونکە حیزب پێداگیری دەکرد لەسەر خەباتی نیشتیمانی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان لە کرێکار و جووتیار و قوتابی و خوێندەوار و دوکاندار، کە هۆکار بوو بۆ بەدەستهێنانی مافی چارەنووسی گەلی کورد و پاراستن و پێشخستنی، ئەمەش لەگەڵ بەرژەوەندیی ئەم نەیارانەی سەرەوە نەدەگونجا و بارزانییان دژی حیزب هان دەدا.

کاك عەلی عەبدوڵلا لە شۆڕشەکانی کوردستان لە ساڵانی (١٩٦١) تا ڕووخانی

ڕژێمە خوێنڕێژەکەی سەدام حوسێن وەك ئەندامێکی سەرکردایەتی پارتی هەمیشە لە خەباتی شار و شاخ بە ئاشکرا و نهێنی لە ڕیزی پێشەوەی شۆڕشگێڕانی کوردستان بووە، وەك کادر و پێشمەرگە هەمیشە لە خەمی سەلامەتی پێشمەرگە و ژیانی خێزانەکانیاندا بووە، بەشی زۆری ژیانی لە بەندیخانە و خۆشاردنەوە و دوور لە ماڵ و منداڵ و لەناو بنکە و بارەگاکانی پێشمەرگە و حیزب لە شاخ و لە شار بەسەربردووە.

ئەوەندەی بەبیرم بێت، کە خۆم ئەندامی پارتی بوومە لە ساڵی (١٩٥٣) تا کۆنگرەی (١٣) کاك عەلی لێپرسراوی دارایی حیزب بووە.

لە ساڵی (١٩٧٤) کە شەڕ دەستیپێکردەوە و ئیدارەی کوردی لە ناوچەی باڵەکایەتی دانرا، تا بەیانی جەزائیر لە ساڵی (١٩٧٥)، کاك عەلی وەزیری دارایی بوو.

کاك عەلی عەبدوڵڵا هەمیشە پیاوێکی ئاشتی پەرست و دیموکراتخواز بوو، زۆر شارەزایی کاروباری حیزبایەتی و ڕێکخستن بوو، هەموو ژیانی خۆی بۆ کوردایەتی و دادپەروەری و خۆشگوزەرانی میللەت و ئاوەدانکردنەوەی کوردستان تەرخان کردبوو، **هەرچەندە لە ساڵانی: (١٩٤٤ ١٩٤٥)، ئەندامی مەکتەبی سیاسی حیزبی شیوعی کوردستان بوو، ڕاشکاوانە دەی گوت ئەگەر بەرژەوەندیی میللەتی کورد لەگەڵ بەرژەوەندیی حیزبەکەم ڕێك نەکەوت لەگەڵ شیوعییەت، ئەوا لەگەڵ بەرژەوەندیی میللەتی کورد دەبم و کوردایەتی دەکەم.**

کاك عەلی عەبدوڵڵا سەرنووسەر و خاوەن ئیمتیازی ڕۆژنامەی خەبات بوو، لێپرسراوی چاپەمەنییەکانی ڕزگاری و شۆڕش بوو، لە ساڵانی (١٩٤٤ ١٩٤٥) لە کاتی خەباتی نهێنی هەموو کتێب و سەرچاوەکانی شیوعییەتی خوێندبووەوە و سوودی لە چاکە و خراپەکانی وەرگرتبوو، بەشی زۆری وتار و بڵاوکراوەکانی حیزب لەژێر چاودێری ئەو بڵاودەکرانەوە، بەرپرسیاری دەزگای چاپەمەنییەکانی حیزب بوو لە خەباتی نهێنی.

کاك عەلی عەبدوڵڵا زۆر ڕێزی لە خێزانەکەی دەگرت و خۆشی دەویست و قەت ڕۆژێك دڵی لێ نەهێشایە، هەمیشە بە قسەی دەکرد و زۆر گوێم لێ بووە **دەیگوت (ئیقلیم خان) سوپاست دەکەم زۆر بارگرانیت لە سەرم سووك کردووە.. ئیقلیمە خانیش لە وەڵامدا پێی دەگوت: عەلی ئەوەی من دەی کەم نرخی گەورەیی خۆتە بۆ خۆم و منداڵەکانم، من سوپاسی گەورەیی و خۆ بەختکردنت دەکەم بۆ ئێمە و میللەتی کورد، بۆیە لە پاش هەر نوێژکردنێکم لە خوا دەپاڕێمەوە خوا بتپارێزیت و سیحەت باش و**

سەرکەوتووت بکات بۆ ئێمە و میللەتی کورد.

کاك عەلی پیاوێکی دەم و دەست و دەروون پاك بوو، زۆر حەزی لە خوێندنەوە بوو، زۆربەی کاتی لە ماڵەوە بوو تا بڵێی پیاوێکی پاك و خاوێن بوو، لە شاری کۆیە بە پاك و خاوێنەکە بەناوبانگ بوو، جلوبەرگەکانی و پێڵاوەکانی هەمیشە پاك و بە بریقە بوو، یاری قومار و مێزی خواردنەوە و ڕابواردنی نەبوو، زۆر لەگەڵ خوشك و براکانی سۆزدار و بەڕێز بوو، بە هەموو حسابێك خۆی بە بچووکی هەموویان دەزانی و منداڵەکانی زۆر خۆش دەویست.. هەموویان پارتی بوون، کاك عەلی عەبدوڵلا باوەڕی بە قیادەی موئەقەتە نەبوو، چونکە ئەوانەی ناویان لە خۆیان نابوو (قیادە موئەقەتە) هیچیان یا زۆربەیان ئەندامی قیادی نەبوون لە پارتی، مافی ئەوەشیان نەبوو بەناوی پارتی کۆنگرە ببەستن، دەیانتوانی حیزبێکی جیاواز لە پارتی دروست بکەن.

کاك عەلی پیاوێکی زۆر ڕاستگۆ بوو، لەبەرئەوە باوەڕی تەواوم بە ناوەڕۆکی نامیلکەکەی لەسەر مێژووی پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق هەیە، چونکە لەگەڵ ئەوەی ڕاستگۆ بوو زۆریش (مەبدەئی) بوو، باوەڕیشی بە کودەتا و باڵ باڵێنەی ناو حیزب نەبووە.

لەڕێکەوتی: (١٩٥٣/١/٢٦) پارتی دیموکراتی کورد  عێراق، لە کەرکووك کۆنگرەی سێیەمی خۆی لە کەشوهەوایەکی قورس و گران، بەست. لەم کۆنگرەیە کاك عەلی عەبدوڵلا لەگەڵ برادەرەکانی: (عومەر مستەفا  دەبابە، حەمەدئەمین مەعرووف، جەلال تاڵەبانی، ڕەشید عەبدولقادر، جەلیل هۆشیار) دەورێکی کاریگەرییان هەبوو بۆ چەسپان و یەکێتیی ناو ڕێزەکانی جوولانەوەی کوردایەتی و پابەندبوون بە پەیڕەو و پرۆگرامی پارتی لە هەموو ئاستەکان.

**لەم کۆنگرەیەدا ئەم بڕیارانەیان دا:**

١. دەرکردنی هەمزە عەبدوڵلا و برادەرەکانی.

٢. دوورخستنەوەی عەونی یووسف لە کۆنگرە.

٣. زیاتر پابەندبوون بە مارکسییەت.

٤. پابەندبوون بە بەرژەوەندییەکانی میللەتی کورد، ئەگەر لەگەڵ بۆچوونی مارکسییەتیش نەگونجێت.

٥. گۆڕینی ناوی حیزب لە پارتی دیموکراتی کورد – عێراق، بۆ پارتی دیموکراتی

کوردستان – عێراق.

٦. گۆڕینی ناوی ڕۆژنامەکەیان لە ڕزگاری بۆ خەبات.

٧. دروستکردنی ڕێکخراوە دیموکراتییەکانی کوردستان.

پاشان ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێردران کە ئەمانە بوون:

(مستەفا بارزانی: سەرۆك، میرحاج ئەحمەد: ئەندام، جەعفەر محەمەد کەریم، ئیبراهیم ئەحمەد، نووری شاوەیس، عەلی عەبدوڵڵا، نووری ئەحمەد تەها، عومەر مستەفا، عەلی حەمدی، ڕەشید عەبدولقادر، حەمەدئەمین مەعرووف، جەلیل هۆشیار، جەلال تاڵەبانی).

مەکتەبی سیاسیش ئەمانە بوون:

(ئیبراهیم ئەحمەد: سکرتێر، جەعفەر محەمەد کەریم، عەلی عەبدوڵڵا، نووری شاوەیس، عومەر مستەفا).

کاك عەلی عەبدوڵڵا لەگەڵ (مستەفا بارزانی و ئیبراهیم ئەحمەد و عومەر مستەفا و عەلی عەسکەری و نووری شاوەیس و شەمسەدین موفتی و مەلا عەبدوڵڵا ئیسماعیل و ئیسماعیل عارف و جەلال عەبدولڕەحمان)، داوای ئیجازەیان لە حکوومەتی (عەبدولکەریم قاسم)ی نەمر بۆ دروستکردنی پارتی دیموکراتی کوردستان / عێراق، کرد. زۆر بە پەلەش چوار ڕۆژ ئیجازەکەیان وەرگرت و پارتی بوو بە حیزبێکی ئاشکرا و لە بەغدا لە شەقامی (سەعدوون) لە گەڕەکی (بەتاوین) بارەگاکەیان دانا و کۆنگرەی پێنجەم، لە بارەگای حیزب لە بەغدا بەسترا، بارزانی بە سەرۆك، هەڵبژێردرا و ئیبراهیم ئەحمەد بە سکرتێر، دوای ئەوەش: کاك عەلی عەبدوڵڵا و نووری شاوەیس و عومەر مستەفا و ساڵح یووسفی و عەونی یووسف و ناهیدە شێخ سەلام و جەلال عەبدولڕەحمان و ئەحمەد عەبدوڵڵا و هاشم عەقراوی و مەلا عەبدوڵڵا و عەلی حەمدی و عەلی عەسکەری و دکتۆر موراد و حیلمی عەلی شەریف و عەزیز شەمزینی و نووری ئەحمەد تەها و جەلال تاڵەبانی.

**مەکتەبی سیاسی ئەمانە بوون:** ئیبراهیم ئەحمەد و عەلی عەبدوڵڵا و دکتۆر موراد و نووری شاوەیس و عومەر مستەفا و سەید عەزیز و جەلال تاڵەبانی.

کەمال محیەدین لێپرسراوی ڕێکخستنی کۆنگرە بوو، لە هەمان کات خۆشی ئەندامی کۆنگرە بوو، کە لە بەغدا لە پۆلی چوارەمی کۆلێژی ماف بوو.

کاك عەلی عەبدوڵڵا لە کۆنفرانسی ماوەت، جەختی لەسەر ئەوە دەکرد، کە دەبێ هەموو ئەندامێکی حیزب لە سەرۆکی حیزب و هەموو ئەندامانی سەرکردایەتی تا دەگاتە ئەندامێکی خوارەوە پابەندبن بە پەیڕەوی حیزب، لایەنگری بڵاوە پێکردنی پێشمەرگەش نەبوو بەبێ دەستکەوتنی هەموو مافەکانی کورد، وەك لە ڕێککەوتنەکەی بارزانی و عەبدولسەلام عارف سەرۆك کۆماری عێراق لە ڕێکەوتی: (١٩٦٤/٢/١٠) بڵاوکرایەوە و بەڵام مەکتەبی سیاسی قەبووڵی نەکرد و کۆنفرانسیان لە ماوەت لە ڕێکەوتی: (١٩٦٤/٤/٤) بەست و بە زۆرینەی دەنگ سەرۆکی حیزبیان، واتە بارزانیان (تجمید) سڕکرد و بەیانێکیان دژی ڕێککەوتنەکەی عەبدولسەلام و بارزانی دەرکرد، کاك عەلی عەبدوڵڵاش لەگەڵ زۆرینەی دەنگی کۆنفرانسەکە بوو، پاش ئەم بڕیارە و ئەم بەیانە بارزانی هێرشی ناردە سەر ماوەت و (بارەگای مەکتەبی سیاسی)یان داگیرکرد و بەشی زۆری سەرکردایەتی و (٤٠٠ تا ٥٠٠) پێشمەرگە ڕایانکرد بۆ ئێران و کاك عەلی عەبدوڵڵا نەچووە ئێران، لەگەڵ نووری شاوەیس و نووری ئەحمەد تەها خۆیان شاردەوە و پاش هەوڵ و ماندووبوونی خێرخواز و کوردپەروەران، بارزانی ڕێگای دان بگەڕێنەوە کوردستان و بچنەوە ناو حیزب و لەگەڵ بارزانی ئیش بکەن.. بەم جۆرە کاك عەلی عەبدوڵڵا و نووری شاوەیس و نووری ئەحمەد تەها و مام جەلال و عەلی عەسکەری و عومەر دەبابە و حیلمی عەلی شەریف، چوونە گوندی سەرکەپکان لە دۆڵە ڕەقە لای بەڕێز عەباس مامەند ئاغا لەسەر بڕیاری بارزانی تا ئەو کاتەی لەگەڵیان دادەنیشێ.

بەڵام بۆ بێ بەختی کورد و هاندانی چلکاوخۆر و وڵاتانی دراوسێ بۆ تێکدانی هەوڵەکانی ڕێککەوتن و ئاگر خۆشکردن، مام جەلال و عومەر دەبابە و عەلی عەسکەری و حیلمی شەریف لە بەهاری ساڵی (١٩٦٦) لە دۆڵە ڕەقە ڕایانکرد و لە سلێمانی و بەغدا و ناوچەی سوورداش خۆیان شاردەوە.. کاك عەلی عەبدوڵڵا و نووری شاوەیس چوونەوە لای مەلا مستەفا و لە کۆنگرەی حەوتەمی پارتی، کە لە ڕۆژی: (١٩٦٦/١١/١٥)، لە گەلاڵە بەسترا، کاك عەلی عەبدوڵڵا و نووری شاوەیس بۆ ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێردران، بە ئامادەبوونی کاك ئیدریس بارزانی و مەسعوودی برای بۆ یەکەم جار و بە سەرۆکایەتی بارزانی.

لە ڕۆژی (١٩٧٠/٧/١) پارتی دیموکراتی کوردستان کۆنگرەی هەشتەمی لە ناوپردان بەست، دیسان کاك عەلی عەبدوڵڵا و نووری شاوەیس بۆ ئەندامێتی کۆمیتەی

ناوەندی هەڵبژێردرانەوە، هەروەها بەڕێزان ئیدریس بارزانی و مەسعوود بارزانی بوون بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی.

لە ڕۆژی (١٩٧٥/٣/٦) ڕێککەوتنەکەی جەزائیر لەنێوان سەدام حوسێن و شاهی ئێران، دوژمنە سەرسەختەکانی کورد دژی شۆڕشی کوردستان ئیمزا کرا، بە موبارەك بایی ڕووسیا و ئەمریکا، بۆیە بارزانی ناچارکرا شەڕ ڕابگرێت و هەر کەس بچێتەوە ماڵی خۆی یا هەندەران، زۆر لە پێشمەرگە و سەرکردەکانی کوردایەتی داوایان کرد، کە شۆڕشی کوردستان بەردەوام بێت، بەڵام بارزانی نەمر و هەموو ئەو داخوازییانەی پەسەند نەکرد و بە باشی نەزانین و گوتی میللەتی کورد تووشی کارەساتی گەورە مەکەن و لە هەموو لایەك لێمان دەدەن و ڕێگای ئێران و عێراقیشمان لێ دەگرن.

ئەم گفتوگۆیانە لە کۆبوونەوە گەورەکەی شاری (نەغەدە) لە ئێران، بە ئامادەبوونی بەڕێز بارزانی و سەرکردایەتی شۆڕش و پارتی و کادر و نوێنەری حیزبەکانی ناو شۆڕشی کوردستان کرا، لەم کۆبوونەوە، کە لە ڕێکەوتی: (١٩٧٥/٣/١٩) لە نەغەدە بەسترا.. کاك عومەر دەبابە و عەلی عەسکەری و د.خالید سەعید و کەمال محیەدین ئامادەی بوون و لەگەڵ بەردەوامبوونی شۆڕش بوون بە ڕەزامەندی سەرکردایەتی بارزانی نەمر بە نهێنی و دوور بە دووری بە شێوەی شەڕی پارتیزانی نەك جەبهەوی، کاك عەلی عەبدوڵلاش ئەو کات ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتی بوو هەمان بۆچوونی هەبوو، بەهەر حاڵ شەڕ وەستا و پێشمەرگە و حیزب پەرشوبڵاوبوونەوە، شیوعییەکانیش واتە (قیادەی مەرکەزی) بانگەشەی بەردەوامبوونی شۆڕشیان دەکرد، چونکە ئەوانیش چەند بارەگا و پێشمەرگە و هێزیان هەبوو لەناو شۆڕش، زۆر چالاکیشیان هەبوو، لە پاش کۆبوونەوەکەی ڕۆژی (١٩٧٥/٣/١٩) لە نەغەدە کاك فارووقی مەلا مستەفا بە ناوی حیزبی شیوعی هاتە ماڵی کاك عومەر دەبابە لە گوندی دەربەند، گوتی: ئێمەی شیوعی بەردەوام دەبین لە شۆڕش، بۆیە ئەوەندەی دەتوانن یارمەتیمان بدەن و پشتمان بگرن، سوپاستان دەکەین، کاك عومەر و کاك عەلی عەسکەری و د. خالید زۆر ڕێزیان لێگرت و ژمارەیەك چەك و تەقەمەنیان پێدا، لە هەمان کاتدا کاك فارووقی مەلا مستەفا دەچێتە لای حەبیب محەمەد کەریم، سکرتێری پارتی و داوای یارمەتی لێ دەکات بۆ بەردەوامبوونی شیوعییەکان لە شۆڕش، حەبیب محەمەد کەریم لە لاپەڕە (١٤٠)ی کتێبەکەی (تأريخ الحزب الديمقراطي الكردستاني العراق)

**دەڵێت: (زارنا في تلك الفترة (ف. م. ر) بإعتباره ممثلا عن القيادة المركزية للحزب** الشيوعي العراقي وطلب من البارزاني تزويده بالسلاح والعتاد والأرزاق لأن جماعته سيواصلون النضال حتى النهاية حسب قوله.. فأستجاب البارزاني للطلب ولكننا علمنا بعد ذلك بفترة وجيزة أنه سلم نفسه مع المهمات التي إستلمها الى السلطات الحكومية ويبدو انه خطط لهذه العملية مسبقا)، کاك عەلی عەبدوڵڵا ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان بوو، کە خۆشی بە باشی زانی یارمەتی شیوعییەکان بدرێت بۆ بەردەوامبوونیان لە شۆڕش.

پاش بەیانی جەزائیری بەدناو، هەندێ لە کادیرەکانی پارتی، لە ڕێکەوتی: (١٩٧٥/١٢/١٠) سەرکردایەتی کاتییان دروستکرد و بەیانێکیشیان دژی بەیانی جەزائیر و ئێران و عێراق، بڵاوکردەوە، داوای یەکێتی و خەباتی هاوبەشی کرد لە خەڵکی کوردستان و لە ڕۆژی: (١٩٧٩/١١/٤) کۆنگرەی نۆیەمیان لە ناوچەی (مەرگە) بەست، لەم کۆنگرەیە کاك مەسعوود بارزانی بە سەرۆکی حیزب هەڵبژێردرا، لەگەڵ (٢١) ئەندام بۆ کۆمیتەی ناوەندی، کاك عەلی عەبدوڵڵاش بوو بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و سکرتێری حیزب.

لە هەمان کۆنگرە بەشی زۆری ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی و مەکتەبی سیاسی حیزب دەرکران، لەوانەش (حەبیب محەمەد کەریم و دکتۆر مەحموود عوسمان)، چونکە بەبێ ڕێگەدانیان بۆ گەڕانەوەیان بۆ عێراق خۆیان گەڕانەوە لای حکوومەتی عێراق.

مام جەلال لە بەهاری ساڵی (١٩٥٨) داوای لێکردم، واتە کەمال محیەدین بچینە لای کاك سەمەد مەنجەڵ بۆ کارێکی خێر، لێم پرسی: ئەو کارە چییە؟ گوتی: حەزم لە کچێکی کۆیە کردووە و باوکی کچەکە زۆر دۆستی کاك سەمەدە، بەڵکوو بۆم داخوازی بکات، ئێمە سەعات چوار چووینە شارۆچکەی ئەبوغرێب بۆ ماڵی کاك سەمەد مەنجەڵ، مام جەلال هەندێ قسەی کرد و ناوی کچەکەی پێگوت و داوای لێکرد، کە داخوازی بۆ بکات، منیش باسی کچەکە و خانەوادەکەییم بۆ کرد و گوتم: باوکی کچەکە زۆر دۆستی کاك عەلی عەبدوڵڵایە، وا بە باش دەزانم کاك سەمەد و کاك عەلی عەبدوڵڵا پێکەوە داخوازییەکە بکەن، کاك سەمەد چووە کۆیە و لەگەڵ کاك عەلی عەبدوڵڵا چوونە لای باوکی کچەکە و داخوازییەکەیان لێکرد، باوکی کچەکە بە ڕێزەوە داخوازییەکەی قەبووڵ کرد بە مەرجێك کچەکە ڕازی بێت، کە دایکی کچەکە بە کچەکەی گوت، ئەویش واتە

کچەکە گوتویەتی (فلانم) خۆشدەویت و بەڵێنم پێداوە شووی پێبکەم، بۆیە ناتوانم ئەم داخوازییە قەبووڵ بکەم، پاش دوو هەفتە کاك سەمەد مەنجەڵ دەعوەتی کردین بۆ نان خواردنی نیوەڕۆی ڕۆژی جومعە بە برنج و بامیە، ئێمەش چووینە ماڵی کاك سەمەد پاش نان خواردن کاك سەمەد وەڵامی کچەکەی بۆ باس کردین، لێرەدا پیاوەتی و گەورەیی مام جەلال هاتە وەڵام، گوتی: مادام خۆشەویستەکەم (فلان)ی خۆشدەویت، منیش بۆ ڕێزگرتن لە دڵ دواڕۆژی ئەو کچە ڕاست و دڵسۆز و پەیماندارە دەڵێم سەد جار پیرۆزی یەکتری بن، خوا بە یەکیان شاد بکات بە سیحەت باشی و کامەرانی و تەمەن درێژی.

مام جەلال بەم هەڵوێستە کۆتایی نەهێنا، پاش شووکردنەکەیان پیرۆزبایی لێکردن و هەردووکیانی بە مووچەیەکی باش، دامەزراند.

کە کەمال محیەدین خوێندنی لەگەڵ دەورەی ئەفسەرانی یەدەگ لە ساڵی (١٩٦٢) تەواو کرد، گەڕایەوە کۆیە وەك پارێزەر کاری دەکرد، دوایی هەوڵیدا بچێتە فەرەنسا بۆ خوێندنی دکتۆرا لە یاسا لە ڕێگەی کاك عەباس ڕەشیدی برادەری، لە زانکۆی سۆربۆنی فەرەنسی قەبووڵی بۆ هاتەوە، بەڵام کاك عەلی عەبدوڵڵای خاڵی پێی گوت: نابێ بەبێ پرسی حیزب بچیتە دەرەوە، چونکە تۆ ئەندامی حیزبی، گوتی لەسەر پێشنیاری لقی دووی پارتی، واتە لقی هەولێر مەکتەبی سیاسی بڕیاری داوە جەنابت ببیت بە لێپرسراوی لێژنەی ناوچەی کۆیەی پارتی، بۆیە وەك ئەندامێکی پارتی دیموکراتی کوردستان لەسەر ئامۆژگاری کاك عەلی عەبدوڵڵا هەم خاڵی بوو هەم لێپرسراوی لقی هەولێر و ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتی بوو، لەبەر هەندێ بڕیارەکەی پارتی قەبووڵ کرد و بوو بە لێپرسراوی لێژنەی ناوچەی کۆیە، لە ناوەڕاستی مانگی (٢)ی ساڵی (١٩٦٢) وازی لە خوێندنەکە هێنا و لە لێژنەی ناوچەی کۆیەی پارتی دیموکراتی کوردستان لەگەڵ کاك (جەمال تاهیر مام خدر و حاجی محیەدینی برای) دەستبەکار بوو، تا ڕێکەوتی (١٩٦٤/٤/١٤) لێرە دیسان کاك عەلی عەبدوڵڵا پابەندی ئەندامانی حیزبی جێبەجێ کرد.

لە کارەساتەکەی هەکاری کوژران و برینداربوونی سەدەها پێشمەرگە و بەدیل گرتنی کاك عەلی عەسکەری و دکتۆر خالید و حسین بابەشێخ و شەهیدکردنیان، کاك عەلی عەبدوڵڵا و کاك نووری شاوەیس بە کەمال محیەدینیان گوت لە لەندەن، کە ئەوان واتە کاك عەلی و کاك نووری نامەیان بۆ بارزانی نووسیوە کە کوشتنی کاك عەلی و د.

خالید لە بەرژەوەندیی خۆت و کورد و حیزب نییە، بەڵام پێش ئەوەی نامەکەیان بە دەست بارزانی بگات، سامی عەبدولڕەحمان بەپەلە بڕیاری کوشتنیانی دابوو و بەپەلەش بە چەکی قورس شەهیدیان کردن، کاك (عەلی عەبدوڵڵا و نووری شاوەیس)، بە نووسین بۆ بارزانی ناڕەزایی خۆیان بەرامبەر شەهیدکردنی ئەم برادەرە دڵسۆز و کوردپەروەر و ئازایانە، نیشاندا. هەزار ڕەحمەت لە کەسایەتیان.

کاك عەلی عەبدوڵڵا بۆ چارەسەرکردنی کێشە سیاسییەکانی ناو پارتە کورد و کوردستانییەکان، هەمیشە دژی کوشتن و توندوتیژی بوو.

لە کۆنگرەی: (١٠)ی پارتی دیموکراتی کوردستان لە ڕێکەوتی: (١٩٨٩/١٢/٢) لە شاری (مەرگەوەڕی)ی ئێران، دیسان کاك مەسعوود بارزانی بە سەرۆکی حیزب هەڵبژێردرا و کاك عەلی عەبدوڵڵاش بۆ جێگری سەرۆکی حیزب، (٢١) کەسیش بۆ کۆمیتەی ناوەندی، کە بۆ یەکەم جار کاك نێچیرڤان بارزانی بوو بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حیزب.

هەروەها لە کۆنگرەی: (١١)ی حیزب لە ڕێکەوتی: (١٩٩٣/٨/١٦)، دیسان کاك مەسعوود بارزانی بە سەرۆکی حیزب هەڵبژێردرا و کاك عەلی عەبدوڵڵاش بۆ جێگری سەرۆك، هەروەها لە کۆنگرەی: (١٢)، کاك عەلی عەبدوڵڵا لە سەرەتای مانگی کانوونی دووەمی ساڵی: (٢٠١٧) تووشی نەخۆشی هات و نەیدەتوانی کارەکانی حیزبی جێبەجێ بکات، بۆیە لەسەر داوای خۆی خانەنشینکرا و کاك نێچیرڤان بارزانی لە کۆنگرەی: (١٣)ی سێزدەی پارتی بوو بە جێگری سەرۆکی حیزب لە جێگای کاك عەلی عەبدوڵڵا.

لە ڕۆژی: (٢٠١٧/١٠/٢٤) کاك عەلی عەبدوڵڵا، پاش خەباتێکی دووردرێژ و پڕ لە مەترسی لەپێناو کورد و کوردستان، کۆچی دوایی کرد، خوا بە بەهەشتی شادبکات و نموونەی زۆر بێت، سەبووریش بۆ گەلی کورد و هەڤاڵەکانی و کەسوکارە نیشتیمانپەروەرەکەی.

**پارێزەر**
**کمال محی الدین اسعد**

# کاك د. خالید سەعید لە چەند دێڕێكدا

د.خالید سەعید ئەسعەد غەفووری، لە ڕێکەوتی: (١-٧-١٩٣٤)، لە گەڕەکی قەڵات لە شاری کۆیە لەدایك بووە، لە دایك و باوك و باپیرانییەوە دانیشتووی شاری کۆیەن، خوا بە بەهەشتی بەرینیان شاد بکات.

لەبەرئەوەی هەمیشە بنەماڵەکەیان نیشیتمانپەروەر بوونە، بۆیە دوو کەڕەت لەلایەن دەسەڵاتدارانی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانییەوە، قەتلوعام کراون.

کاك خالید گەنجێکی باڵابەرز و گەنم ڕەنگ بوو، وریا و بەهێز بوو، پلەکانی خوێندنی لە شاری کۆیە تەواو کردووە، لە کەرکووك دبلۆمی لە پەیمانگای پزیشکی بەدەستهێناوە.

کاك خالید خوێندکارێکی زۆر زیرەك بوو، بە تایبەتی لە وانەکانی زانست و بیرکاری، زۆر جار مامۆستاکانی داوایان لێ دەکرد، کە وانەکان بۆ قوتابییەکان بڵێتەوە.

کاك خالید گەنجێکی دیار و بەهێز و باوەڕبەخۆ و دەست و دەم و دەروون پاك بوو، هەردەم دۆستی هەژار و لێقەوماوان بوو.

کاك خالید لە تەمەنی هەرزەکاری چەند جار لە شەڕە گەڕەکی شاری کۆیە بەشداری کردووە و بریندارببووە لەگەڵ کەمال محێدین، کە ڕەحمەتی کاك خالیدی مام ڕەشید ڕابەری شەڕەکانی دەکرد.

لە هەمان کات کاك خالید هەمیشە بیر و هۆشی لەلای چەك و تەقەمەنی و ڕاوکردن و نیشانەدانانەوە بووە لەگەڵ (کاکە سوور و مەحموود ئاغا و غەفووری محێدین ...).

کاك خالید سەعید، لە ساڵانی: (١٩٥٣ و ١٩٥٤ و ١٩٥٥)، یەکێك بوو لەو قوتابیانەی، کە جەنابی مام جەلال دەرسی کوردایەتی و مارکسییەتی فێردەکردن.

کاك خالید لە ساڵی: (١٩٥٣) بوو بە ئەندامی پارتی دیموکراتی کوردستان، کە ناوی نهێنی (شۆڕش) بوو، ئێستا کوڕە گەورەکەی ناوی (شۆڕش)ە و لە بەغدا بریکاری وەزیری دەرەوەی عێراقە.

کاك خالید لە لایەن ڕژێمی پاشایەتی دوو کەڕەت بەندکراوە.

لە یەکەم ڕۆژی شۆڕشی ئەیلوولی مەزن دەستی دایە چەك و لە هەموو داستانەکانی ناوچەی کۆیە و خۆشناوەتی و چەمی ڕێزان ڕۆڵی سەرەکی لە شەڕەکانی چیای کارۆخ هەبووە.

کاك خالید لەگەڵ هەڤاڵان: (کاك عومەر دەبابە و مەلا ماتۆڕ و ئیسماعیل حوسێن و مام تەها خۆشناو)، لە بێتواتە داهێنەری یەکەم بنکەی پێشمەرگەی کوردستان بووە.

پاش کودەتای بەعس لە ڕێکەوتی: (٨-٢-١٩٦٣)، دکتۆر خالید لەگەڵ پۆلێك پێشمەرگە هاتنەوە ناو شاری کۆیە و بوو بە لێپرسراوی هێزی پێشمەرگە لەو شارە لەگەڵ کەمال محێدین، کە لێپرسراوی ناوچەی کۆیە بوو، کاروباری شارەکەیان بەڕێوە دەبرد لەگەڵ مام عەلی ڕەشید و مەلای مەلا قادر بە ڕابەرایەتی عومەر دەبابە.

پاش هاتنی بارزانی نەمر بۆ شاری کۆیە لە ڕێکەوتی: (١٤-٣-١٩٦٣)، بۆ مفاوەزات لەگەڵ حکوومەتی بەعس، گەورەترین کۆنگرەی کوردستان لە کۆیە بەسترا، کە هەموو سەرکردەکانی حیزبی و شۆڕش و عەشائیر و بیرمەند و نیشتیمانپەروەری کورد، تێیدا ئامادەبوون، بە تێکڕای دەنگی ئەندامانی کۆنگرەکە لێژنەیەك بۆ گفتوگۆ لەگەڵ بەعس بە سەرۆکایەتی بەڕێز مام جەلال لە ڕێکەوتی: (٢٩-٣-١٩٦٣)، دروست کرا و لە ڕێکەوتی: (٢-٤-١٩٦٣)، چوونە بەغدا، مام جەلال داوای (ئۆتۆنۆمی نەتەوایەتی و کەرکوك)ی کرد، بەڵام مفاوەزات سەرینەگرت و شەڕ دەستی پێکردەوە، لێژنەی ناوچەی کۆیە بڕیاریدا شاری کۆیە ئازادبکەن، کاك خالید ڕۆڵی سەرەکی لەگەڵ بەڕێزان عەلی مام ڕەشید و مەلای مەلا قادر هەبوو بۆ جێبەجێکردنی بڕیارەکە و بۆ ئازادکردنی شارەکە، پاش دەستگرتن بەسەر هەموو دامودەزگای میری لە کۆیە، لێژنەیەك بە سەرپەرشتی بەڕێز کاك عومەر دەبابە و کاك خالید و عەبدوڵڵا کانی مارانی و مەلا مەعسوم و کەمال محێدین، دروست کرا، لێژنەکە لە نووسینگەی کەمال محێدین کارەکانیان ڕادەپەڕاند تا (٢٩-٥-١٩٦٣)، حکوومەتی بەعس هێرشی کردە سەر کۆیە، پاش (٧) حەوت ڕۆژ لە شەڕی بەرگری، هێزی حکوومەت گەیشتە کۆیە، کاك خالید لەگەڵ کاك دەبابە و عەبدوڵڵا ئاغا و مەلا ماتۆڕ ڕۆڵی سەرەکیان لەو بەرگرییانەی ڕێگای کۆیە و هەیبەت سوڵتان و خەلەکان هەبوو.

لێژنەی ناوچەی کۆیە بارەگایان بردە سوێرەرە لە نزیك گوندی حاجی قەڵا لە نزیك کۆیە.

کاك خالید زۆر بە زوویی بنکەیەکی تەندروستی دامەزراند و کاك ستار بوو بە لێپرسراوی، بە سەرپەرشتی خۆی، حکوومەتی بەعس دەستی گرت بەسەر هەیبەت سوڵتان و کۆیە و دۆڵی خەلەکان، پێشمەرگەش بۆ چەمی ڕێزان پاشەکشەیان کرد.

**هەندێ لە کارە هەرە دیار و فیداکارییەکانی کاک خالید:**

١. دامەزراندن و فراوانکردنی یەکەم بارەگای پێشمەرگە لە بێتواتە.

٢. دروستکردنی بنکەی تەندروستی لە سوێرەرە لە دەشتی کۆیە.

٣. ئازادکردنی شاری کۆیە بە هاوکاری لێژنەی ناوچەی پارتی.

٤. بەرگری لە شاری کۆیە و هەیبەت سوڵتان و خەلەکان.

٥. بەرگری لە چەمی ڕێزان و دەشتی کۆیە بەرامبەر هێزە زۆر و دڕندەکەی عەبدولسەلام عارف، لە پایزی ساڵی: (١٩٦٣).

٦. لە کاتێک کە باری دارایی حیزب زۆر زۆر خراپ بوو، کاک خالید پلانی دەستبەسەرداگرتنی پارەی خەزێنەی کۆیەی بە هاوکاری هەڤاڵ مام جەلال و لێژنەی ناوچەی کۆیە بە یارمەتی جەنابی شێخ جەنگی تاڵەبانی دارشت، بۆ ئەو مەبەستە مام جەلال و کاک خالید و چەند پێشمەرگەیەك لە نزیك گوندی پیرەر چوونە سەر ڕێگای هەولێر – کۆیە، کە سەیارەی چەکدارەکانی میری گەیشتنە لایان دەستڕێژیان لێکردن و دوو پۆلیس کوژران و سەیارە و چەکدارەکانیان لەگەڵ (٣٠,٠٠٠) سی هەزار دینار و هەندێك پولی مالیە، کە نرخەکەی (٣) سێ هەزار دینار بوو، دەست بەسەراگرت، بەم چالاکییە بە تەواوی باری حیزب و شۆڕش و جەنابی بارزانی بووژایەوە، ڕۆژێك دواتر، لە ڕێکەوتی: (٢٩–١١–١٩٦١)، هەڤاڵان: موحسین حەمەدئەمین، غەفوور محێدین، حەمید کەمال، عەبدوڵڵا شاکر، سەباح کەریم، کەریم کەوباز، تاهیر عەبدوڵڵا ... لە کۆیە و کەرکووك تا (٢٩–٦–١٩٦٣)، بەندکران.

٧. لە ساڵی (١٩٦٥) لە دەشتی بیتوێن لە شاخی (شیشار) ڕێگای لە یەك جەحفەل لیوای سوپای عێراق گرت، نەوەك بگاتە ڕانیە، کە بارزانی نەمر لەو ناوچەیە بوو.

٨. ماوەی ساڵێك، لە ناوچەی بادینان بوو بە فەرماندەی هێزی شۆڕشی کوردستان.

٩. پاش بەیانی جەزائیر، لەگەڵ کاك ئیبراهیم ئەحمەد، عومەر دەبابە، عەلی عەسکەری، کەمال محێدین، ڕۆڵی دیار و سەرەکی دژی بڕیاری ئاشبەتاڵ، هەبوو.

١٠. هەندێ جار زیاد لە پێویست پەلەی دەکرد بۆ چوونەوە شاخ، تا لە سەرەتای مانگی حوزەیرانی ساڵی: (١٩٧٦) لەگەڵ بەڕێزان شەهید عومەر دەبابە و عەلی عەسکەری چوونەوە شاخ و چەخماخەی شۆڕشیان داگیرساند و ئومێدیان بۆ خەڵکی کوردستان گەڕاندەوە.

١١. کاك خالید لە بەغداوە لەگەڵ کاك عومەر و کاك عەلی عەسکەری گەڕانەوە

کوردستان، کاک خالید چووە کۆیە و لەوێشەوە خۆی گەیاندە گوندی (میر سەید)ی لای خالی عەبدوڵڵا، کە پێشمەرگەی خۆی بوو لەگەڵ خاڵی و چەند چەکدارێك گەیشتنە ناوچەی قەندیل و لە ڕێکەوتی: (١٤-٤-١٩٧٦)، نامەیەکی بۆ تێکۆشەر قادر خەبات نارد و داوای لێ دەکات، کە لە لای خۆیان واتە لە قەندیل بارەگا بۆ پێشمەرگەی شۆڕشی نوێ بکەنەوە، کە تێکۆشەر قادر خەبات بارەگاکەی پێك هێنا (٤٠ – ٥٠) پێشمەرگەی تیابوو بە هەموو چەکەوە، ئاگاداری کاک خالیدی کردەوە و ئەوسا کاك عومەر و کاك عەلی عەسکەری و کاك خالیدیش چوونە بارەگاکە، کاك عومەر بە قادر خەباتی گوت: وام دەزانی (٨- ٩) پێشمەرگە زیاترتان نییە یاخوا دەستتان خۆش بێت لەم کارە.

١٢. دکتۆر خالید یەکەم نوێنەری بارزانی نەمر بوو، کە نامەی بارزانی بردە شاری (نەجەف) بۆ بەڕێز و گەورەی شیعەکان ئایەتوڵڵا (محسن الحکیم)، لە ئەنجامی ئەو نووسراوە بەڕێز موحسین ئەلحەکیم فەتوای دا و گوتی: شەڕکردن لەگەڵ کورد کوفر و حەرامە و هێرشەکانی عەبدولکەریم قاسمی بۆ سەر کوردستانی حەرام کرد.

١٣. کاك خالید زۆر ورد و دووربین بوو، هەمیشە لایەنگری ئاشتەوایی و یەکڕیزی بوو، لە کاتی شەڕی ناوخۆشدا هەمیشە بانگەشەی بۆ ئاشتبوونەوە دەکرد.

١٤. کاك خالید کە خاوەنی (٣) سێ کوڕ و (٢) دوو کچ بوو، هەموویانی بەجێهێشت لەپێناو گەل و نیشتیمانەکەی، تەنانەت خوا دەزانێ ئەم خێزانە لەگەڵ خێزانی کاك عەلی عەسکەری زیاتر لە ساڵێك لە کولەمەرگی و ترس و لەرزی تۆپ و تەیارە و گرفتی ڕێگاوبان و نەبوونی جێگا بۆ خەوتن و خواردنەوە هەموویان تووشی نەخۆشی بێ توانایی ببوون، حیکایەتی ئەم دوو خێزانە لێقەوماو و کوردپەروەرانە تەنیا لای برادەرانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانە.

١٥. مام جەلال لە بەشی دووەمی کتێبەکەی (دیداری تەمەن) لە لاپەڕە (٥٣) دەڵێت: (بەڕاستی پەلەپەل و دڵسۆزی د. خالید سەعید ڕۆڵی سەرەکی بینی، ئێمە ڕەئیمان وانەبوو هاتنە دەرەوە بە خێرایی بێت).

١٦. شێخ مەحموودی شەدەلەش کە ماوەیەکی زۆر لەگەڵ د. خالید لێپرسراوێتی هەبووە لە شۆڕشی کوردستان لە باسکردنی بیرەوەرییەکانی تەلەفزیۆنی (NRT) لەگەڵ کاك فەیسەڵ گوتی: کاك خالید سەرکردەیەکی ئازا و کاریگەر بوو لە هیچ کەس کار و بڕیاری خراپی قەبووڵ نەدەکرد.

١٧. دیسان مام جەلال دەڵێت: (هاتنە دەرەوەی بەڕێزان عومەر دەبابە و عەلی

عەسکەری و د. خالید و ئەو کەسانەی دیکە، بوونە هۆی تەقینەوەی شۆڕشەکە و هاتنە دەرەوەی سەدان کەس.

١٨. لە نووسینەکانی بەڕێز پ. م کاکە حەمەی حاجی مەحموودیش لەبارەی کاك د. خالید دەردەکەوێت، کە د. خالید تا چ ڕادەیەك پێشمەرگە و سەرکردەیەکی گەورە و بەتوانای کوردستان بووە.

١٩. لە سەرەتای نیسانی: (١٩٧٨) سەرکردایەتی یەکێتیی نیشتیمانی کوردستان بڕیاریدا هێزێکی (٨٠٠) پێشمەرگە بە سەرۆکایەتی کاك (عەلی عەسکەری و د. خالید و حسێن بابە شێخ) بۆ باکووری کوردستان بنێرێت بۆ کردنەوەی ڕێگای هاتوچۆکردن و هێنانی چەك و پێویستییەکان بۆ هێزی پێشمەرگەی کوردستان. لە ڕێکەوتی: (٢٨-٤-١٩٧٨)، هێزەکە بەرەو ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان جولەیان کرد بۆ شوێنی مەبەست، بەڵام بەداخەوە داگیرکەرانی کوردستان و هێزەکانی عێراق و تورکیا و ئێران لەگەڵ هۆزە کۆنەپەرستەکانی ئەو ناوچانە و هێزەکانی قیادەی موئەقەتە بە سەرۆکایەتی سامی عەبدولڕەحمان، بە هەموو لایەکیان هێرشیان کردە سەر ئەم پێشمەرگانەی یەکێتیی نیشتیمانی کوردستان، لەم کاتە ناسکەدا د. خالید نامەیەك بۆ جەنابی ڕەحمەتی (حەمایل خان)ی دایکی کاك مەسعوود دەنێرێت و داوای لێ دەکات کەسایەتی و گەورەیی خۆی بەکار بێنێت بۆئەوەی قیادەی موئەقەتە هێرشیان نەکەنە سەر، چونکە هێزەکەی یەکێتی نیازی شەڕی نییە و بۆ بەرژەوەندیی کورد دەچێتە باکووری کوردستان، بەڵام دڵڕەقی و شەڕفرۆشی سامی عەبدولڕەحمان بەرامبەر یەکێتیی نیشتیمانی، ئەوە بوو کە کارەساتی هەکاری ڕوویدا و کاك (عەلی عەسکەری و د. خالید و حسێن بابە شێخ)، شەهیدکران و زیاتر لە (٢٠٠) دوو سەد پێشمەرگەش شەهید و برینداربوون، لە هەمان کاتیشدا کاك عەلی عەسکەری و مام جەلال نامەیان بۆ شێخ محەمەد خالدی نارد، بەڵام ئەو نامانەیان قەبووڵ نەکرد و لە ڕۆژی: (١٧-٦-١٩٧٨)، هەر (٣) سێ پاڵەوانەکانی کورد و کوردستانیان بە چەکی (R.B.G) شەهیدکرد، نەمری بۆ شەهیدانی کوردستان ڕووڕەشی و سەرشۆڕی بۆ دوژمنانی کوردایەتی ڕاستەقینە.

**پارێزەر: کەمال محیەدین**
**٢٠٢١/١/١١**

بۆ بەڕێزان

**جەنابی مام جەلال تاڵەبانی سەرۆك کۆمار و**

**جەنابی مەسعوود بارزانیی سەرۆکی هەرێمی کوردستان**

سڵاوێکی گەرم ...

هەمیشە بە ئومێدی سیحەت باشی و تەمەنی درێژم بۆتان لە ژیان، هیوادارم سەرکەوتوو بن لە کارە گران و پیرۆزەکانتان.

گومانم لە دڵسۆزی و خەمی گەورەتان بۆ گەل و نیشتیمانەکەتان (کورد و کوردستان) نییە.

شارەکەی حاجی قادر و مەلای گەورە و دڵدار و حەمە ئاغا و جەعفەر عەبدولواحید و جەعفەر کاك ئەسوەد و بنکەی پێشمەرگە لە بێتواتە و حاجی قەڵا و گوللەبارانکراوەکانی ناوەندی شاری کۆیە و (٣٠,٠٠٠) هەزار دینارەکەی کۆیە و کۆنگرە مەزنەکەی ساڵی (١٩٦٣) لە کۆیە و کەسوکاری شەهیدان و پێشمەرگە قارەمانەکانی خۆیان بەبێ خاوەن و کەسوکار و بێ ناز دەزانن، کەس بەسەریان ناکاتەوە و خەریکە بێ ئومێد بن لە بەرهەمی ڕشتنی ئارەق و فرمێسك و خوێن وماڵوێرانی و کیمیاباران و ئەنفال و گرتن و لەسێدارەدان، ئاگر لە کۆیە هەڵکەن بۆن سۆیی لێ هەڵناستێ، نیوەی شارەکە چۆڵ کراوە لە ترسی هەژاری و بێ دەرامەتی بەهۆی بێکاری و نەبوونی خزمەتگوزاری و هیچ پرۆژەیەکی کشتوکاڵی و بەرهەمی کارگەیی و گەشتوگوزاری و تەندروستی و کۆمەڵایەتی ...، سەرەڕای نەبوونی ڕێگای بێ ترس و ئاسوودە لەنێوان هەولێر و کۆیە و سلێمانی، کە لە هەموو ڕوییێکەوە زەروورییە جگە لەوەی ساڵانە زیاتر لە (٢٠٠) کەس کوژراو و برینداری لێ دەکەوێتەوە.

لەگەڵ هەموو ئەو پەراوێزخستن و بێ بەشی کردنەی کۆیە لەو هەموو پارەوپوولەی بۆ کوردستان هاتووە، خەڵکی کۆیە دڵسۆز و پاڵپشتی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، دانیان بەخۆداگرتووە و هاتوهاواریان نەکردووە و هیچ لایەنێکی خراپ کاری تێنەکردوون، بۆیە لە دەست خۆتان و کوردستانی مەدەن.

ئیتر خۆشیتان

**برای بچووکتان**

**پارێزەر: کەمال محیەدین**

٢٠٠٩/٢/١٢

# کاربەدەستانی کوردستان دەبێ بزانن بۆچی زلهێزەکان حکوومەتی کوردی بە ڕەوا نازانن بۆ گەلی کورد

پرسی کورد بریتییە لە شیکردنەوە و وردەکاری و دەست نیشانکردنی هەموو ئەو کار و کردەوە خراپانەی بەسەر کوردستان و گەلی کورد داهێنراوە لەلایەن داگیرکەران و دوژمنانی کورد و کوردستان و زلهێزەکانی جیهان، بە تایبەتی پاش شەڕی یەکەمی جیهانی لە ساڵی (١٩١٤) لە ڕێگای کۆنگرەی قاهیرە و پەیمانی لۆزان و بەغدا و جەزائیر و کیمیاباران و ئەنفالەکانی کوردستان لەلایەن سەدام حوسێنی خوێنمژ و خوانەناس.

بەشێك لەو کار و کردەوە خراپ و سامناك و دڵتەزێنانە بریتییە لە:

١.دابەشکردنی کوردستان بەسەر وڵاتی عێراق و ئێران و تورکیا و سووریا.

٢. پەیڕەوکردنی سڕینەوەی ناسنامەی کوردی لە هەموو ڕوویێکەوە.

٣. بێ بەشکردنی میللەتی کورد لە هەموو مافە نەتەوەیی و نیشتیمانییەکان.

٤. پەیڕەوکردنی پاکتاوکردن و دەربەدەرکردنی کوردەکان لە ماڵ و شوێنی خۆیان و هێنانی عەرەب و فارس و تورك بۆ شار و دێهات و ماڵەکانی کورد پاش تاڵانکردنیان.

٥. گرتن و کوشتن و لە سێدارەدان و ئەنفال و کیمیاباران لە هەموو کوردستان.

بە کوردی و بە کورتی پرسی کورد بریتییە لە دەست نیشانکردنی ڕاستەقینەی هەموو ئەو زوڵم و دەستدرێژی و داگیرکەریانەی تا ئیمڕۆ بەسەر کوردستانیان هێناوە، لەگەڵ دانانی نەخشەڕێگایەکی واقیعیانە و گونجاو لەگەڵ کەشوهەوای سیاسی و ئابووری و سەربازی میللەتی کورد و جیهان لەپێناو بە دەستهێنانی هەموو مافە ڕەواکانی میللەتەکەمان بە مافی چارەنووس و دەوڵەتی کوردی سەربەخۆشەوە.

گەلی کورد سەدەها ساڵە خەباتی خوێناوی کردووە تا ئیمڕۆ لەپێناو سەربەخۆیی و مافەکانی، کە وەك شیری دایك حەڵاڵن بۆ کۆرپەکەی، چونکە بە هەموو کێشان و پێوانێك کورد شایستەی ئەو مافانەیە.

میللەتی کورد ژمارەی لە (٣٥) ملیۆن زیاترە خاوەنی نیشتیمانێکی پان و بەرین و سنووردار و زمان و مێژوو و کولتووری هاوبەشیان هەیە، لە ڕووی ئابووری و کەشوهەوا و ئاودێری و کشتوکاڵ و مەڕداری و پیشەسازی و گەشتوگوزارەوە زۆر لەبار و ئامادەیە بۆ بەڕێوەبردنی دەوڵەت و گوزەرانی خۆی .. سەرەڕای هەموو ئەو خەبات و تێکۆشان و شۆڕشانەی کردوویەتی تا ئێستا نەگەیشتووە بە ئامانجەکانی، ئایا کاتی ئەوە نەهاتووە

لێپرسراوانی کوردستان و کوردپەروەران لە خۆیان بپرسن: بۆچی تا ئێستا نەگەیشتووین بە ئامانجەکانمان؟ لەکاتێکدا زۆر لە میللەتان قەوارەیان لە کورد بچووکترە و قەت ئەوەندەی کورد خوێن و شەهیدیان نەداوە، مالوێرانی و کیمیاباران و ئەنفالیان تووش نەهاتووە، ئەوەندەی کوردستان خێر و بەرهەم و کانزای سرووشتیان نییە وەك نەوت و گاز و ئاسن و چیمەنتۆ و ئاو و باغ و کشتوکاڵ و مەڕوماڵات و ماسی و پەلەوەر... لەگەڵ ئەوەش بوون بە دەوڵەت و بوون بە ئەندام لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، چونکە دەوڵەتە زلهێزەکان پشت و پەنایان بوون و یارمەتیان دان و کردیانن بە دەوڵەت، بەڵام ئێمەی کورد ئەو پشت و پەناو یارمەتیانەمان نییە تا ئیمڕۆ، واتە دەبێ بە وردی و ڕاشکاوانە لەو هۆیانە بگەڕێین و بیاندۆزینەوە، کە ڕێگرن لە یارمەتیدان و پشتگیریمان لەلایەن وڵاتە زلهێزەکان، ئەو لایەنانەی کە سیاسەتی جیهان بەڕێوە دەبەن، بێگومان ئەو لایەنە سیاسیانەش واتە ئەو زلهێزانە یارمەتی ئەو نەتەوە و گەلانە دەدەن بۆ دروستکردنی دەوڵەت بۆیان، بە مەرجێك بەرژەوەندیی خۆیانی تێدابێت، ئەو دەوڵەتەی کە دروستی دەکەن دۆست و یاوەری خۆیان بێت و سوودی لێ ببینن و متمانەی پێ بکەن، واتە لەم ڕۆژگارەی ئیمڕۆ کە ڕۆژی دەوڵەتە زلهێزەکانە، نابێ ئێمەی کورد چاوەڕوانی دەوڵەتی کوردی بکەین بێ ئەوەی خۆمان و پرسی کورد بگونجێنین لەگەڵ ئەو دەوڵەتە زلهێزانەی کە بەرژەوەندییەکانمان لە بەرژەوەندیی ئەوانیشە نەك دژیانە بە دروستکردنی متمانە و کردەوەی ڕاست و دیار و هەمیشەیی دەبێت نەك بە فرتوفێڵ.

بەڵێ دەریایەك قوربانیمان داوە بۆ دەوڵەتی سەربەخۆ، بەڵام ئێمە نەك نەمانتوانیوە خۆمان بگونجێنین لەگەڵ ئەو زلهێزانەی کە بەرژەوەندییان لەگەڵ کورد و کوردستان هەیە، ئەوانیش ئەورووپا و ئەمریکا کە نەیارن لەگەڵ داگیرکەرانی کوردستان، بەڵکوو بە پێچەوانەوە زۆر لە کار و کردەوە و هەڵوێستەکانی لێپرسراوانی کورد لە ڕابردوودا نەك تەنیا نەگونجاو بوونە، بەڵکوو هەندێکیان زۆر دژی بەرژەوەندییەکانی ئەورووپا و ئەمریکا و دۆستەکانیان بوونە، دەبا خوێنەرانی خۆشەویست هەندێ لەو کار و کردەوە و هەڵوێستە زیان بەخشانەتان بخەمە بەرچاو، کە ڕاستەوخۆ لە دژی زلهێزەکان بووبن، بێگومان بێ متمانەیی و ترسیان دروستکردووە لای ئەو زلهێزانە، بە تایبەتیش لای ئەورووپا و ئەمریکا:

١. ئازادکردنی شاری قودس له بندەستی مەسیحییەکان له شەڕی صەلیبی لەلایەن سەلاحەدین ئەیوبی، که کورد بووە.

٢. دروستکردنی دەوڵەتی ئەیوبی لە میسر و سووریا و دەست بەسەرداگرتنی ناوچەی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست و ڕووخاندنی دەوڵەتی فاتمی له میسر، که شیعه مەزهەب بوون، ئەویش لەلایەن سەلاحەدین ئەیوبییەوە.

٣. بەشداری کورد لە شەڕی یەکەمی جیهانی و پشتیوانی ئەڵمانیای نازی و دەوڵەتی عوسمانییان کرد دژی ئینگلیز و ئەمریکا و دۆستەکانیان.

٤. له سالانی: (١٩١٦ ١٩١٧)، بەشداریکردنی شێخ مەحمودی نەمر بە هێزێکی کاریگەریی کوردی له بەسرە و شوعەیب و سەماوە دژی ئینگلیز.

٥. شۆڕشەکانی کوردستانی ئێران دژی شاهی ئێران، که دۆستی ئینگلیز و ئەمریکا بوو.

٦. دروستکردنی کۆماری مەهاباد بە سەرۆکایەتی قازی محەمەدی نەمر لە کوردستانی ڕۆژهەلات به یارمەتی ڕووسیای شیوعی.

٧. دروستبوونی کۆمەڵێك حیزبی شیوعی سەر بە ڕووسیا، کە هەموویان دژی ئینگلیز و ئەمریکا و سەرمایەداری بوون.

٨. له ماوەی (٨٨) ساڵی ڕابردوو له (٧) حەوت سکرتێری حیزبی شیوعی عێراقی (٥) پێنج سکرتێریان کورد بوون.

٩. پابەندبوونی زۆربەی حیزبە کوردەکان بە بیروباوەڕی مارکسی و لینینی، وەك پارتی دیموکراتی کوردستان و شۆڕش و ڕزگاری.....تاد.

١٠. پشتگیری زۆربەی حیزبە کوردییەکان و سیاسییەکانی کورد بۆ شەڕی فەڵەستینییەکان دژی ئیسرائیل.

١١. پەیوەندییە بەهێزەکانی مام جەلال بە یاسر عەرەفات و جۆرج حەبەش و نایف حەواتمە و جەمال سۆرانی و سەرکردەکانی بەرگری فەڵەستینی.

١٢. پەیوەندییەکانی پارتی بە چریکهای جومبشی ئێرانی و جوولانەوەی ڕزگاری (ئەریتیری)، کە هەردووکیان سەر بە چین بوون، واتە ماوی بوون و لە بەکرەجۆ بارەگایان بۆ کردبوونەوە و یارمەتیان دەدان و مەشقیان پێدەکردن، لە ڕێگای پێشمەرگەی ئازاد و دڵسۆزی کورد، بەڕێز کاك حەمید ڕەشاش خوا بیپارێزێت.

١٣. پەیوەندیی بەهێزی مام جەلال لەگەڵ کۆماری چین و سەرۆکەکەی (ماوتسی تونگ) تا ڕادەیەك لە زۆر بارەگاکانی حیزب وێنەی ماوتسی تونگ هەڵدەواسرا.

١٤. کتێبخانەی بیری نوێ (فکر جدید) لەگەڵ ڕۆژنامەی (النور)، کە دوو دەزگای پارتی بوون ببوونە دەمڕاست و بەرگریکار لە چین و ماوتسی تونگ.

١٥. پەیوەندییەکانی بارزانی نەمر لە یەکێتی سۆڤێت و پارمەتیدانی شیوعییەکانی عێراق لەناو شۆڕشی ئەیلوول لە ساڵانی (١٩٦٣ تا ١٩٧٥).

١٦. گوێ نەگرتنی کورد لە ئامۆژگارییەکانی ئەورووپا و ئەمریکا وەك دواخستنی ڕیفراندۆم بۆ ساڵێك و یەکخستنەوەی هێزی پێشمەرگەی کوردستان و پاراستنی مافی مرۆڤ و چاکسازی لە کاروباری ئیداری و دارایی و سیاسی و کۆمەڵایەتی ناو حکوومەتی هەرێمی کوردستان و زۆر کار و کردەوە و هەڵوێستی دیکە، کە لەگەڵ بۆچوون و هەڵوێست و بەرژەوەندییەکانی ئەورووپا و ئەرمریکا ناگونجێن، ئەمە بۆتە هۆی نەبوونی متمانە لەنێوان سەرکردایەتی کورد و ئەورووپا و ئەمریکا... سەرەڕای کوشتنی ژمارەیەکی زۆر لە ئەفسەری ئینگلیز و سەربازەکانیان لە کوردستان لە کاتی شۆڕشەکانی شێخ مەحموودی نەمر، ڕفاندنی ڕاوێژکار و کارمەندانی بیانی لەلایەن پێشمەرگە و حیزبە کوردییەکان وەك بارمتە و بەرەڵلاکردن و ئازادکردنیان بەرامبەر چەند ملیۆن دینار و دۆلار.

هەموو ئەو کردەوانە تا ئێستا لەبن گوێی ئەمریکا و ڕۆژئاوا دەزرینگێتەوە و لە بیریان نەکردووە تا کار گەیشتە ئەوەی ئەمریکا بە یاسایەکی تایبەتی پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان مام جەلال و کاك مەسعوود بارزانی و ئەندامانی خێزان و حیزبەکانیان بخەنە لیستی تیرۆر، ئەمەش ڕێگرە نەك لە دروستکردنی حکوومەتی کوردی سەربەخۆ بە تەنیا، بەڵکوو ڕێگرە لە پێشکەشکردنی بچووکترین یارمەتی بە جووڵانەوەی کورد لە سەرانسەری کوردستان، بەڵام نابێ ئەوەشمان لەبیر بچێت، کە هەموو ئەو پەیوەندی و یارمەتیانەی لەلایەن ئەمریکا و هاوپەیمانان تەنیا و تەنیا بۆ دژایەتی تیرۆر و بەرژەوەندیی خۆیانە و بەس نەك بەرژەوەندیی گەلی کوردستان، واتە (چەك و پارە لەوان خوێن ڕژان و ماڵوێرانی لە کورد).

ئیتر ئەو ماڵوێرانی و نەفامی و خۆگێل کردنە بەسە و با چیتر ئارەق و فرمێسك و

خوێن نەڕژێن بێ سەروشوێن، لەکاتێکدا من ناڵێم هەموو ئەو کردەوانەی باسمان کرد دەکەوێتە ئەستۆی میللەتی کورد، بەڵکوو بەشی زۆریان بەبێ ئاگاداری میللەت کراون، هەندێکی لە ئەنجامی کاردانەوەیەکی خراپی بەرامبەرەکانمان ڕوویانداوە، هەندێکی دیکەی لە نەفامی و نا شارەزایی و بێ ئەزموونی سەرکردەکانی کورد ڕوویانداوە، بەهەرحاڵ بمانەوێ یا نەمانەوێ ئەورووپا و ئەمریکا ئەو هەڵوێست و کردەوانەی باسمان کرد تا ئێستا خستوویانە ئەستۆی میللەتی کورد، بۆیە دەبێ لێپرسراوانی پارتی و یەکێتی و حکوومەتی هەرێم لە ئاستی بەرپرسی یەکەمیان پێکەوە داوا لە ئەمریکا و ئەورووپا بکەن بۆ دانیشتن لەگەڵیان و باسکردنی ئەم کار و کردەوانەی بوونەتە هۆی نەبوونی متمانە و ناساندنی سەرکردەی یەکێتی و پارتی و جووڵانەوەی کورد بە تیرۆر بۆ ئەوەی بگەن بە ئەنجامێکی باش لە دەستنیشانکردنی هەر یەك لە کردەوەکان و ئەو لایەنەی کە لێیان بەرپرسیارە.

ئەوەی دەکەوێتە ئەستۆی کورد و نوێنەرانی کورد ئەوەیە دەبێ داوای لێ بووردنی فەرمی بکەن و بەڵێنیش بدەن ئەم چەشنە کردەوانە دووبارە نەبنەوە و هاوپەیمانیش بن بۆ بەدەستهێنانی بەرژەوەندییەکانیان و پێشخستنیان و پاراستنی ئاسایش و سەقامگیری و خۆشگوزەرانی و پاراستنی مافی مرۆڤ و بنەماکانی دیموکراسییەتی ڕاستەقینە و لەنێوبردنی تیرۆر و هەموو چەشنە توندوتیژییەك.

ئەو کار و کردەوانەش کە دەکەونە ئەستۆی سەرکردە و لایەنەکانی ئەمریکا و ئەورووپا دانی پیابنێن و بەڵێنیش بدەن، کە دووبارە نەبێتەوە، پارتی و یەکێتی و سەرکردەکانیان لە خانەی تیرۆر دەربێنن و هاوپەیمانی لەگەڵ میللەتی کورد دروست بکەن وەك میللەتێکی خاوەن مافی چارەنووس و شایستەی دەوڵەتێکی سەربەخۆیە هەر وەك لە ڕۆژی: (٢٠١٧/٩/٢٥) میللەتی کورد ڕیفراندۆمێکی سەرانسەری لە کوردستانی باشوور ئەنجامدا، کە لە (٩٣.٥٪) بڕیاری سەربەخۆییان دا لە هەلومەرج و کەشوهەوایەکی سیاسی و ئابووری لە ناوچەکە و جیهان، تەنیا بەو هەنگاوانە دەگەینە ئەنجامی خەبات و بەرخودان لەپێناو ئازادی و کامەرانی و ئاشتی لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و جیهان، لە پێشەوەش بۆ کوردستان و گەلی کوردی ماندوونەناس و خۆشەویست.

**براتان**

**پارێزەر: کەمال محیدین**

هەولێر – ٢٠٢١/٢/١

# ڕۆژنامەی النور
# پرۆگرامی نور

ڕۆژنامەی نور نوێنەری گرووپی پێشڕەو و هەستیارەکانی ڕەنجدەرانی کوردستانە، سوورە لەسەر خەباتکردن بە هەموو توانایەوە لەپێناو جێبەجێکردنی ئەرکەکانی و بەشداریکردنی لەپێناو بەدەستهێنانی ئاواتەکانی تێکۆشەرە شۆڕشگێڕەکانی عێراق.

لەسەر بنەمای ئەوەی کە یەکێتی نیشتیمانی ڕاستەقینەی عێراق، بەردی بناغەی پێشکەوتن و گەشەکردنی وڵاتە و بڵێسەی گەیشتن بە ئامانجە نزیك و دوورەکانی گەلی کورد و گەلی عەرەبە بۆ مسۆگەرکردنی پاراستنی کۆماری عێراق، کۆماری کورد و عەرەب.

لەگەڵ دەستکەوتەکانی شۆڕشی (١٤)ی تەممووزی نەمر، واتە نور خەباتی لەپسان نەهاتوو لەپێناو بەهێزکردنی ئەم یەکێتییە نیشتمانییەی عێراق دەکات، لەسەر ئەم بناغانەی خوارەوە:

١. یەکێتی برایانە و ڕەزامەندانە لەنێوان نەتەوەی کورد و نەتەوەی عەرەب و چارەکردنی کێشەی کورد بە شێوەیەکی زانستیانە و سۆشیالیستیانە لە چوارچێوەی یەکێتیی نیشتیمانی عێراق و یەکێتیی خەباتی هەردوو نەتەوە و بەرژەوەندییە هاوبەشەکانیان.

٢. پتەوکردنی خەباتی عەرەبی کوردی لەسەر بناغەی یەکگرتنی هێزە پێشکەوتووەکانی کورد و عەرەب، لە چوارچێوەی بەرەیەکی یەکگرتووی پێشکەوتنخواز دژی داخوازییەکانی توانەوە و جیابوونەوە.

٣. پاراستنی مافی کەمایەتییەکان وەك تورکمان و ئاشووری...و ئەوانی دیکەش، دروستکردنی پەیوەندیش لەسەر بناغەی یەکسانی تەواو لە ئەرك و مافەکانیان بەبێ ئەوەی جیاوازی بکرێت بە پێی نەتەوە و ئایین و مەزهەب و زمان و بەربەرەکانێی بیرۆکەی جیاخوازی و شۆڤێنی و کۆسمۆپۆلیتی (سڕینەوەی نەتەوە).

٤. نور خەبات لەپێناو دەسەڵاتی کۆماری لە عێراق و پێشخستنی و دروستکردنی دەکات، لەسەر بناغەی دیموکراسییەتی شۆڕشگێڕانە بۆ مسۆگەرکردن و بەدیهێنانی مافە ڕەواکانی کورد و عەرەب و کەمە نەتەوایەتییەکان و ئازادییە دیموکراسییەکان،

وەك ئازادییەكانی حیزبەكان و ڕێكخراوەكـان و سـەندیكاكان و كۆمەڵـەكان (جمعیـات) و مـافی خۆپیشـاندان و مـانگرتن، لەگـەڵ ئـازادی هەڵبـژاردنی گشـتی نهـێنی یەكسـەر بـۆ ئەنجومەنی نیشتمانی و شارەوانی و یەكە ئیدارییەكان، بە جۆرێك كـە هـەموو كەسـێك، ژن و پیاو بە پێی تەمەن و ڕێگەش بە كۆنەپەرستان نەدرێت.

٥. نور خـەبات دژی داگیركـاران دەكـات، بـە شـێوەی كـۆن و تازەكانیانـەوە، دژی پلان و تەگبیرە خراپەكانیان بۆ پـەیڕەوكردنی سیاسـەتێكی نیشـتمانی بـۆ بـەهێزكردنی پەیوەندییـەكانی عێـراق لەگـەڵ دەوڵەتـە ئازادیخوازەكـان و دەوڵەتـەكانی جیهـانی سۆشیالیستی، لەسەر بناغەی بەرژەوەندیی هەموو لایەنـەكان و خـەباتی هاوبەشـی دژی داگیركەران و شەڕ و هێرشكردن و پەیمانە دوژمنكارییەكان.

نـور پاڵپشـت و پشـتگیری خـەباتی وڵاتـانی عـەرەب دەكـات دژی داگیركـەر و صەهیۆنییەت و كۆنەپەرستی بۆ گەڕاندنـەوەی خاكـە داگیركراوەكانیـان و مـافی چـارەی خۆنووسین و دروستكردنی یەكێتی لەنێوان وڵاتەكانی بـە گـوێرەی پێگـەی هـەر یـەك لـە وڵاتەكان و پاراستنی قەوارەی كوردستان و گەلی كورد و پاراستنی مافەكانی كورد.

نور پشتگیری هەموو جوولانەوەیـەكی ئازادیخوازانـەی گـەلان و پشـتگیری خـەباتی میللەتانیش لە جیهان لەپێناو تـەواوی مافـەكانیان لەگـەڵ مـافی چارەنووسـیان دەكـات، **هەروەها (پشتگیری خەباتی نەتەوەی كورد لە هەموو پارچـەكانی كوردسـتان دەكـات لەپێناو ڕزگاربوون لە داگیركەر و چەوسانەوە و كۆنەپەرستی و گەیشتن بە چارەنووسی خۆی بە دەستی خۆی).**

نور خەبات لەپێناو ئاشتی لە جیهان و ڕێكخستنی پەیوەندییەكانی وڵاتان، بە پێـی بنەماكانی ژیان بە ئاشتی و پەیماننامەكانی وڵاتە یەكگرتووەكان، دەكات.

هەروەها نور خەبات لـەپێناو بەدەسـتهێنانی مافـە نەتەوەییـەكانی كـورد دەكـات، وەك مافی سیاسی و كارگێڕی و ئابووری و كولتووری و مافی نوێنەرایەتی لە ئەنجوومـەنی نوێنەران و حكوومەتی ناوەند و هەموو فەرمانگەكانی عێراق بە گـوێرەی ژمـارەی گـەلی كورد لە عێراق و پاراستنی مافی كەمایەتییەكانی كوردستانیش.

نـور خـەبات دەكـات لـەپێناو پێشخسـتنی ئـابووری نیشـتیمانی و بەرزكردنـەوەی ئاستی ژیانی گەل لـە هـەموو ڕوویێكـەوە و پاراسـتنی بـە خۆمـاڵیكردنی سەرچـاوەكانی ئـابووری و پەیـداكردنی كارمەنـدی پسـپۆڕ و شـارەزا بۆیـان لـەپێناو پیشەسـازی و

وەبــەرهێنانی زوو بــەزوو لــە ناوچــە نەوتییــەکانی کۆمپانیــای نــەوتی نیشــتیمانی و سەندنەوەی بەشـەکانمان لـە لای کۆمپانیـا بیانییـەکان و زیـادکردنی بەرهـەمی نـەوت و کانزاکانمان.

نور خەبات بـۆ بنبڕکردنـی بێکـاری و دانـانی یاسـایەکی پێشـکەوتوو بـۆ پاراسـتنی مافەکانیان و باشکردنی کار و ژیانیان دەکات.

نور خەبات بۆ جێبەجێکردنی چاکسازی کشتوکاڵی لە عێـراق و دابەشـکردنی زەوی بەسەر جووتیـاران و دروسـتکردنی ڕێکخـراوی هاوکـاری جووتیـاران و یارمەتیـدانیان بـە پارە و کەلوپەلی کشتوکاڵی، دەکات.

نور خەبات دژی قۆرغکاری و پێکدادانی ئابووری و یاریکردن بە خـۆراکی میللـەت و ڕێگەدان بەکاری پیشەسازی و بازرگانی سەرمایەداری سنووردار دەکـات و دروسـتکردنی پەیوەندیی بازرگانیش لەگەڵ دەوڵەتان لەسەر بناغەی قازانجی هەردوو لایەن.

نـور خـەبات لـەپێناو ڕێکخسـتنی پـڕۆژە داراییـەکانی کۆمـاری عێـراق دەکـات، بـۆ کەمکردنەوەی خەرجییەکان و پەیداکردنی پارەی تەواو بۆ پڕۆژە بەرهەمهێنـەرەکان بـۆ پاراستنی هاوسەنگی لەنێوان داهات و خەرجییەکان و دانـانی (سیسـتمێکی دروسـت بـۆ باج وەرگرتن، بە مەرجێ باری هەژاران قورس نەکات).

نور خەبات دەکا بۆ پاراستنی سەربەخۆیی دەسەڵاتی دادوەری بەرامبەر دەسەڵاتی جێبەجێکردن، بە جۆرێك کە بتوانێ یەکسانی و ڕاستی جێبەجێ بکـات بەرامبـەر هـەموو هاووڵاتیان بەبێ جیاوازی و جێبەجێکردنی یاسا و سـەپاندنی دەسـتوور، پاککردنـەوەی حکوومەتیش لە کەسانی پـیس و گەنـدەڵ و گرێـواوی لـە کـارکردن و کۆنەپەرسـتەکان، لەگەڵ ئامادەکردنی کەسانی پاك و بەتوانا و دیموکراتخواز و شۆڕشگێڕ بۆ خزمـەتکردنی میللەت و بەڕێکردنی کاری وڵات بە دروستی.

نـور پشـتگیری و یارمـەتی سـوپای عێـراق دەکـات بـۆ بەرزکردنـەوەی ئاسـتی خوێنـدەواری و تەندروسـتی و ژیانیـان بـۆ ئـەوەی ببێـت بـە سـوپایەکی هاوچـەرخ و ئەندامەکانی بە گیانی دیموکراسی و نیشتمانپەروەری ڕاست و دروست پەروەردە بکـرێن بـۆ پاراسـتنی کۆمـاری عێـراق و نیشـتمان و دەسـتکەوتەکانی میللـەت و بایەخـدان بـە پێشخستنی ئاسـت و ژیـانی پـۆلیس و بەرزکردنـەوەی پلـەی هۆشـیاری و تەندروسـتی و گوزەرانی ژیانیان.

نور خەبات بۆ پەیداکردنی کارمەندی تەندروستی بە توانا و بەرزکردنەوەی ئاستی تەندروستی میللەت و مسۆگەرکردنی چارەسەری بێ بەرامبەر و زۆرکردنی نەخۆشخانە و دەزگاکانی تەندروستی دەکات.

نور خەبات دەکات بۆ گەیشتنی ژنان بە تەواوی مافە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان و پاراستنی یەکسانی لەنێوان ژن و پیاودا و دانانی یاسای پێویست بۆ پاراستنی مافە گشتییەکانیان و پاراستنی خێزان و ماف ژنان لە پرۆسەکانی شووکردن و تەڵاق و میرات و پارساتنی ماف دایکایەتی و منداڵبوون، دانانی یاسای پێویست بۆ ئەو مافانە و جێبەجێکردنیان.

نور خەبات دەکات بۆ لەناوبردنی نەخوێندەواری و دواکەوتن بە پێی پلانێکی دروست و ئاراستەکردنی پەروەردە بە شێوەیەکی دیموکراسی و سۆشیالیستانە و گرێدانی تیۆر بە جێبەجێکردنی و بەربەرەکانێی ڕێڕەوی کۆنەپەرستی و شۆڤیەنەت و قڕکردن لە پرۆگرام و بایەخدان بە زانکۆکان و پاراستنی سەربەخۆییان و بکرێنە ناوەندێکی گرنگ بۆ باس و لێکۆڵینەوەی زانستی.

نور بەبێ وەستان لەپێناو دیموکراسییەت و پێشکەوتن و سیستەمی سۆشیالیستی و ئاشتی و ئازادی و برایەتی، خەبات دەکات.

نور دژی داگیرکەران و هێرشکەران و چەوسانەوە و دەرەبەگ و کۆنەپەرستی و دواکەوتن، خەبات دەکات.

ئەمەیە پرۆگرامی خەباتگێڕە شۆڕشگێڕەکانی کوردستان، هەر ئەوەش پرۆگرامی هەموو شۆڕشگێڕانی عێراقە، هەر بەم شێوەیە پرۆگرامی هەموو شۆڕشگێڕانی جیهانە.

لەپێناو کار و خەباتی هاوبەش بۆ بەدەستهێنانی ئاواتە هاوپشکە بەرزەکان داوا لە هەموو دڵسۆزان دەکەین پشت و پەناو پاریدەدەرمان بن و ڕێگای باشمان بۆ خێر و خۆشی میللەت و سەربەرزی و گەورەیی نیشتیمان، نیشان بدەن.

**(قل إعملوا فسيرى الله عملكم)**

**دەستەی نووسەران**

**١٢-١٠-١٩٦٨**

- پارێزەر عومەر مستەفا، پارێزەر کەمال محیەدین، حیلمی عەلی شەریف، خالید عەبدولواحید، محەمەد حەسەن برزۆ.

- ژماره (١)  ڕۆژی شەممە (١٢)ی تشرینی یەکەم ساڵی (١٩٦٨)، شاری بەغدا.
- ئەم ڕۆژنامەیە لە ڕۆژی: (٢٦–٩–١٩٦٨)، مۆڵەتی دەرچواندنی وەرگرتووە بە ناوی (پارێزەر عومەر مستەفا و پارێزەر کەمال محیەدین و حیلمی عەلی شەریف و خالید دلێر و محەمەد حەسەن برزۆ).
- لەسەر داوای لایەنی کوردی لە بەیانی (١١)ی ئازار، لە ڕۆژی: (٢٩–٣–١٩٧٠)، ڕۆژنامەی (نور) بە بڕیاری حکوومەتی بەعس، داخرا.

## ئاسایشی نەتەوایەتی کورد لە ئەستۆی
## " ئە نجوومەنی نوێنەران و سەرۆکی هەرێمی کوردستان"ە با بیپارێزین

ئاسایشی نەتەوایەتی هەر گەل و نەتەوەیەك خۆی دەبینێتەوە لە پاراستنی هێمنی و ئارامی و پاکسازی ڕەگەز و زمان و مێژوو و کولتوور و جوگرافیا و باری ئابووری و کۆمەڵایەتی و خوێندەواری و تەندروستی و پیشەسازی و هێزی بەرگری ئەم گەل و نەتەوەیە.

واتا هەر یەك لەم جەمسەرانە لاسەنگ و پەککەوتە بێت، مانای ئەوەیە ئاسایشی نەتەوایەتی دەکەوێتە مەترسی و وڵات بە گەل و نیشتیمان دەکەونە قەیرانێکی دژوار و پڕ لە هەژاری و ژێردەستی بێگانە.

بۆیە دەبێ لە کوردستان ئەنجوومەنێکی پایەبەرز و دەسەڵاتدار لە بەڕێزان سەرۆکی هەرێمی کوردستان و سەرۆکی ئەنجوومەنی نوێنەرانی کوردستان و سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و سەرۆکی هەموو حیزبە کوردستانییەکان و نوێنەری وەزارەتە پەیوەندیدارەکان و سەرۆکی زانکۆکانی کوردستان پێك بێت، بۆ باسکردن و لێکۆڵینەوە و بڕیاردان لەسەر هەریەك لەم خاڵانەی، کە پەیوەندیدارن بە پاراستنی ئاسایشی نەتەوایەتی کورد، بۆیە ئەو ئەنجوومەنەش دەبێ یاسای تایبەتی بۆ دابنرێت لە ڕێگای ئەنجوومەنی نوێنەرانی کوردستان.

چونکە ئاسایشی نەتەوایەتی کوردیش لەم بۆچوونانەی سەرەوە دوور و بەدەر نین، بەڵکوو ناسکتر و دوژمندار و بێکەستره لە زۆر لە نەتەوەکانی دەوروپشتی.

لە زۆر لاوە و لە دەرەوە و ناوەوەی کوردستان بە مەبەستی دەستبەسەرداگرتنی سامانە زۆرەکەی لە "نەوت و گاز و زێڕ و جیوە و ئاسن...." و بەکارهێنانی شوێنە گرنگەکەی، کە دەکەوێتە ناوەڕاستی هەرێمی ڕۆهەڵاتی ناوەڕاست و ڕێژەی دانیشتوانی کە لە (٣٠ – ٣٥) ملیۆن زیاترە بۆ پاڵ سەنگی نێوان عەرەب لەگەڵ تورکیا و ئێران، کە هەمیشە نێوانیان گرژ و ئاڵۆزە، سەرەڕای کێشە مێژووییە هەتا هەتاییەکەی نێوان شیعە و سووننە لە عێراق و ناوچەکە.

لەبەر هەموو ئەو هۆیانەی سەرەوە ڕۆژانە دەوڵەتە زلهێزەکان و تورکیا و ئێران و سوریا و سعودیا و ئیسرائیل سەرقاڵی ڕاوێژکردن و پیلاندانان بۆ چۆنیەتی مسۆگەرکردنی گەلی کوردستان بۆ خۆیان، ئەگەر نەیانتوانی لەناوی ببەن، لەیەکەم

ڕۆژی دروستکردنی دەوڵەتی عێراق و دانانی مەلیك فەیسەڵ بە پاشای عێراق لەلایەن ئینگلیزەکان بەبێ ڕەزامەندی کورد، لەوکاتەوە مەلیك فەیسەڵ داوای لە ئینگلیزەکان کرد، کە کوردستانی باشوور بخەنە سەر عێراق، بۆ ئەوەی دەوڵەتی عێراق بتوانێ خۆی ڕابگرێت و بەردەوام بێ لە ژیان، ئەمەش لەبەر سامانە نەوتییەکەی کەرکووك و موسڵ و نزیکی کوردستان لە سنووری (ئێرانی فارسی، تورکیای شۆڤێنی) دوژمنانی عەرەب، ئەوە بوو لەسەر پێداگرتنی مەلیك فەیسەڵ کوردستانی باشوور خرایە ناو نەخشەی عێراقی دروستکراو لەلایەن ئینگلیزەکان.

هەروەها لە یەکەم هەنگاوی حکوومەتە نەتەوەپەرست و کۆنەپەرستەکەی یاسین الهاشمی لە ساڵی: (١٩٣٥) دەستکرا بە ناردنی سەدەها خێزانی عەرەب بۆ ناوچەکانی دیالە و موسڵ و کەرکووك بەنیازی بەعەرەبکردنی ئەم ناوچانە، کە نەوتیان تێدایە، هەر بۆیەش حکوومەتەکانی یەك لەدوای یەکی عێراق لەسەر ئەم ڕێبازە دوژمنکارییەی کورد بەردەوام بوون تا گەیشتنە ئەوپەڕی شۆڤێنییەت و دڕندایەتی لە دژی کورد و کوردستان لە ڕۆژانی دەسەڵاتی تاوانبار و خوانەناسی سەدام حوسێن.

هەرچەندە باسەکەمان باسی پاراستنی ئاسایشی نەتەوایەتی کوردە، کە لەم چەند لاپەڕەیە جێگای نابێتەوە، بەڵکوو پێویستە لە زانکۆکانی کوردستان زۆر بە وردی و فراوانی و تێروتەسەلی لێکۆڵینەوەی بۆ بکرێت و لایەنە باش و خراپەکانی لەگەڵ خۆمان و دۆست و نەیارەکانمان دەستنیشان بکرێن و چارەسەری ڕاست و گونجاویان بۆ دابنرێت، ئەمەش ڕێگەی ئەوەمان لێناگرێت کە چەند سەرنجێکی بەپەلە بدەینە ئەم باسە دژوار و گرنگە، لەوانە:

١. لەیەکەم ڕۆژی ڕووخانی دیکتاتۆر سەدام حوسێن و هاتنی هێزی دەرەکی بۆ ناو خاکی عێراق و دروستبوونی ئەنجوومەنی دەسەڵات "مجلس الحكم" لەلایەن ئەمریکاوە بە سەرۆکایەتی "گارنەر و بریمەر"و بە ئەندامێتی نوێنەرانی شیعە و سوونە و کورد و هەندێ لایەنی سیاسی هەمە چەشنەیی سەر بە ئەمریکا و ئینگلیز لەم ڕۆژگارە سەخت و دژوارەی عێراق، کە هەموو سامان و سەروەری کەوت بووە ژێر دەسەڵاتی ئەمریکا و ئینگلیز ئەنجوومەنی دەسەڵات لەژێر فشار و نیازخراپی هەندێ لایەنی دەسەڵاتدار لە دەوڵەتە زلهێزەکان و حکوومەتە شۆڤێنی و کۆنەپەرستانی ناوچەکە و بە کەم زانینی هێزە کوردییەکان و دیموکراتخوازەکانی عێراق بڕیاریدا، کە پێکهاتەی گەلی عێراق

بریتییە لە شیعە و سوننە و کورد، لەکاتێکدا بە درێژایی تەمەنی حکوومەتەکانی عێراق باسی ئەم چەشنە پێکهاتەیە نەکراوە و هەمیشە گوتراوە گەلی عێراق لە کورد و عەرەب و کەمایەتییەکان پێك هاتووە، باشترین بەڵگەش برگەی (٣)ی دەستووری کۆماری عێراق، پاش شۆڕشی (١٤)ی تەمموزی نەمر، کە دەڵێت: (کورد و عەرەب لە عێراق هاوبەشن) باسی شیعە و سوننە ناکات، هەروەها ڕێککەوتنەکەی (١١)ی ئازاری ساڵی: (١٩٧٠) و دەستوورەکانی دوای عێراقیش بەهیچ جۆرێك باسی شیعە و سوننەی نەکردووە.

چەسپاندنی پێکهاتەی گەلی عێراق بە کورد و شیعە و سووننە دوو مەترسی زۆر گەورە و زلی دروستکردووە لەسەر ئاسایشی نەتەوایەتی کورد.

مەترسی یەکەم ئەوەیە کە کورد لە پلەی دووەمی پێکهاتەی عێراق بووە بە پلەی سێیەم، مەترسی دووەمیش ئەوەیە، کە هیچ بایەخێك بە بوونی نەتەوایەتی نەدراوە.

لەناو عێراقدا جگە لەوەی کە پێداگرتن لەسەر دابەشکردنی گەلی عێراق لەنێوان مەزاهیبی دینی "شیعە و سوونە" لە خۆیەوە هەوڵدانە بۆ قووڵکردنەوە و بەردەوام پێدانی دووبەرەکی نێوان شیعە و سوونە، کە تەنیا بە زیانی گەلی عێراق و ڕژێمە دیموکراتییە إتحادیة تەواو دەبێت.

لێرە پرسیارێك لەخۆمان دەکەم؟ ئایا کورد لە دەرەوەی (شیعە و سوونە)یە، هەموو لایەك دەزانن کە بەشی زۆری گەلی کورد لە کوردستانی عێراق سوونەن و ژمارەیەکی بەرچاویشیان شیعەیە، کەواتە دانانی نەخشەی پێکهاتەی گەلی عێراق بە "شیعە و سوونە و کورد" نەخشەیەکی خراپ و پڕ لە مەترسییە لەسەر ئاسایشی نەتەوەیی کورد، دەبێتە بەردی بناغەی دووبەرەکی و پێکدادان لەنێوان ئەم سێ لایەنە، ڕەنگە هەندێ جار شیعە و سوونەش ڕێك بکەون دژی داخوازییەکانی کورد، هەروەکوو ئێستا لە ئەنجوومەنی نیشتیمانی عێراق ئەم هەڵوێستانە دێنە ڕێگامان و کێشەکەی ماددەی (٢٢) لەسەر هەڵبژاردنی ناو کەرکووك باشترین بەڵگەیە لەگەڵ هەوڵدان بۆ گۆڕانی دەستوور، لەگەڵ وەزعی ئێستای موسڵ ...

ئەمەش تەنیا بە زیانی گەلی عێراق بە کورد و عەرەبییەوە تەواو دەبێت، ڕەنگە ڕژێمە دیموکراسییەکەشمان ببێتە قوربانی ئەم کارە ناڕەوایە. بەڵێ ئەگەر فەرزکردنی ڕەنگەکانی پێکهاتەی گەلی عێراق بە (شیعە و سوونە و کورد) لەجیاتی (کورد و

عـەرەب) بـە فشـاری بێگانـە و دوژمنـانی کـورد بووبێـت، کـە مەترسـییەکەی دژواری دروستکردووە لەسەر ئاسایشی نەتەوەیی کورد دەبینین لە ماوەی پێنج ساڵی ڕابـردوودا خۆمان زۆر مەترسی گـەورەمان دروسـتکردووە لەسـەر ئاسایشـی نەتەوایـەتی کـورد لـە کوردسـتان، وا لـەخوارەوە هەنـدێ لـەو مەترسـیانە دەخەینـە بەرچـاوی کاربەدەسـتانی کوردستان و هاووڵاتیان.

١. دەنگدانی نوێنەرانی کوردستان لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق لەسـەر بڕگـەی (٢٢)ی هەڵبژاردن لەناو کەرکووك بە چەشـنێك، کـە کـورد و عـەرەب و تورکمـان وەکـوو یەك ئاماریان بۆ بکرێت و هەریەکەیان لە (٣٠٪) دەسەڵاتیان هەبێت، بەڵام قـەت و قـەت نەدەبوایە نوێنەرانی ئێمە ڕازی بن لەسەر ئەم ماددەیە، هیچ نەبوایـە دەیـانتوانی دەنـگ نەدەن، هەروەکوو کـورد دەنگـی نـەدا بـۆ دانـانی مـەلیك فەیسـەڵ بـە پادشـای عێـراق، چونکە دەنگدانی ئێمە لەسەر ئەم ماددەیە کارەساتێکی گـەورەبوو، ڕەنگـە پـاش (٢٠-٣٠) ساڵی دیکە پێمان بڵێن نوێنەرانی کورد لەم بابەتـە خیانـەتیان کـردووە لـە کێشـەی کەرکووك.

بەڵێ ڕەنگە زەخـت و فشـارمان لەسـەر بـووبێ، بـۆ سەرخسـتنی ئـەم ماددەیـە لـە ئەنجوومەنی نوێنـەرانی عێـراق، بـەڵام بۆچـی شـانەکە لەسـەر ئێمـە بشـکێت خـۆ بـەبێ دەنگدانی ئێمەش ماددەکە بەهۆی شیعە و سوونئە سەر دەکەوت.

٢. لەوکاتەی کاربەدەستانی شاری سلێمانی حوسـێنییەی تایبـەتیان دروسـت کـرد بەناوی "حوسێنییەی شەهید المحراب" زۆر لە سوونئەکانی عێراق و وڵاتە عەرەبییـەکان ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ گلەیی و گازاندەیان لـە ئیـدارەی کوردسـتان گـرت، هەنـدێکان ئێمەیان تاوانبار کرد، کە لـەژێر فشـاری ئێـران دەمانـەوێ کوردسـتان بکـەین بـە شـیعە مەزهەب، تا ئێستاش ئەم ناڕەزاییە لە ئارادایە، ئەوەی ڕاستی بێـت دەبوایـە ئـەم کـارە لەلایەن ئەنجوومەنی نوێنـەرانی کوردسـتان بڕیـاری لەسـەر بـدرابا پـێش دروسـتکردنی، چونکە کارێکی سادە و ئاسان نییە و ڕاستەوخۆش کار دەکاتـە سـەر ئاسایشـی کـورد و پەیوەندیی ناو مەزهەبەکانی ئیسلام.

٣. لـەمانگی ڕابـردوو بـەڕێز (مـەحموود عـەباس) هاتـە کوردسـتان و پـاش چـەند کۆبوونەوەیـەك لەگـەڵ لێپرسـراوانی کوردسـتان گەڕایـەوە و بەڵێنیـدا، کـە ڕەوشـی کوردستان لەگەڵ وڵاتانی عەرەب باس بکات و پشتگیریمان لـێ بکـات، بـەڵام بەداخـەوە

چاومان بە هیچ نەکەوت، دەرکـەوت هاتنەکـەی تـەنیا بـۆ ئـەوە بـوو، کـە ژمارەیـەك لـە ئاوارەکانی فەلەستینی لە کوردستان جێنشـین بکـەن، چـونکە وڵاتـە عەرەبییـەکان، کـە ژمارەیان (٢٣) وڵاتە هیچیان بەخۆیان ناگرن.

لەڕۆژی: (٢٠٠٩/٧/١٢) لە میدیاکانی کـوردی و عـەرەبی بڵاوکرایـەوە، کـە (١٣٠٠٠) فەڵەستینی دەهێننە کوردستان.

ئەگەر ئەم بڕیارە خوانەکات ڕاست بێت، ئـەوا هەڵەیـەکی یـەکجار گـەورە و پـڕ لـە مەترسییە لەسەر ئاسایشی نەتەوەیی کورد و هەرێمی کوردستانیش دەکاتە بەشێك لـەم کێشە ئاڵۆز و تەمەن درێژ و دوایی نەهاتووە.

بـەڵێ ئێمـە هەمیشـە هـاودەرد و غـەمی هـەموو مرۆڤێکـی ئـاوارە و لێقـەوماوین لـە هەموو ئـەم دنیایـە، چـونکە خۆمـان تـام و چـێژی ئاوارەییمـان دیـوە و چێشـتووە، بـە تایبەتی برا فەڵەستینییەکانمان، کـە ماوەیـەکی یـەکجار زۆرە لێقـەوماو و دەربـەدەرن و شایستەی یارمەتی و جێگیرکردنن لە وڵاتە عەرەبی و ئیسلامییەکانی ناوچەکە.

ڕەنگـە ئـەم بڕیـارە (ئومێـد دەکـەم کـە ڕاسـت نـەبێت) بڕیـارێکی نێودەوڵـەتی و هەمەلایـەن بێـت، ئـەمریکا و ئیسـرائیل و دەوڵـەتی فەڵەسـتینی و هەنـدێ لـە وڵاتـە عەرەبییەکان پاڵپشتی جێبەجێکردنی دەکەن.

ئێمەی کورد زۆر جار داخ کراوین و تا ئێستاش زۆر لەو برینانەمان سـاڕێژ نەبوونـە، بۆیە دەبێ هەموو تاکێکی کورد تا دەسەڵاتدارە بەڕێزەکانمان ئەم بڕیارە ئەگـەر ڕاسـتە داوای هەڵوەشاندنەوەی بکەن و ئەگەر ڕاستیش نییە پێویستە ڕوونکردنەوەیەکی لەسەر بدرێت، بە تایبەتی، چونکە ئەم چەشـنە بڕیارانـە دەسـتووری نـین و مەترسـی دەخەنـە سەر ئاسایشی کوردستان و زۆر قسەی دیکە هەڵدەگرێ.

٤. وەك لە میدیاکان باس دەکرێت ناوچەی عەنکاوە بە تەواوی سنووردار و پـەرژین کراوە پاش ئاوەدانکردنەوەی بە شێوەیەکی زۆر مۆدێرن، بووە بە ناوەندی کۆبوونەوەی برا مەسیحییەکان و کەسی دیکە بۆی نییە زەوی یان خانوو لەم ناوچـەیە وەربگرێـت یـا بە پارەی خۆی دەستی کەوێت، خۆم بیستوومە و ئاگاداریشم، کە جەنابی مام جـەلال و کـاك مەسـعوود بـە هـەموو توانایەکیانـەوە یارمـەتی بـرا مەسـیحییەکانیان داوە و بەردەوامیشـن لەسـەر ئـەو هاوکارییانـەیان، هـەروەها حکوومـەتی هـەرێمی کوردسـتان، ئەمەش مافی خۆیانە و لێقەوماو و دەربـەدەر کـراون، بـەڵام کۆکردنـەوەیان لـە عـەنکاوە

بەمجۆرە و سنووردارکردنی ناوچەکە سەدەها پرسیار و بۆنی بەدواوە دێت و ڕەنگە مەترسی دروست بکات لەسەر ئاسایشی ئێستا و دوارۆژی کوردستان.

٥. هەموو لایەکمان هەڵوێستی هەندێ لە حیزب و لایەنە دەسەڵاتدارەکانی تورکیا دەزانین بەرامبەر گەلی کورد و وشەی کورد و کوردستان، کە چەندە دژی هەموو ماف و دەستکەوتی کوردن، بەوەش نەوەستاون و هەمیشە لەهەوڵ و تەقەلادان بۆ لەناوبردنی کورد بە سەدەها جۆری هەمەچەشنەیەکی لەم هەوڵانەیان دامەزراندن و دروستکردنی قوتابخانە و زانکۆی تورکین لە کوردستان، کە هەموو کولتوور و مێژوو و زمانی تورکی تێدا دەخوێندرێ و سالآنەش قوتابییەکان دەبەنە تورکیا تا بە وڵاتەکەیان ئاشنایان بکەن و پەیوەندیی هەمەجۆرەیان پێ دروست دەکەن لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکانی دژ بە کورد، بێ ئەوەی هەستی پێ بکەن، ئەمەش مەترسییەکی گەورەی هەیە لەسەر دوارۆژی قوتابییەکانمان و بێگومان ئاسایشی نەتەوایەتی کورد دەهەژێنێ.

نموونەش بۆ ئەمە دروستکردنی قوتابخانەی "ئیشق – کۆلێژی ئیشق"ە، بۆیە پێویستە بیر لەم بابەتە بکرێتەوە و دەرگایان بۆ واڵا نەکرێت، نزیکەی (٢٠) بیست کیلومەتر بارەگایان لەناوچەی بادینان دروستکردووە.

٦. لە ڕووی باری ئابووری پێویستمان بە پێداچوونەوەیەکی ورد و قووڵ هەیە لە مەیدانی کشتوکاڵ و ئاژەڵداری و پیشەسازی، تا بڵێیت دواکەوتوو، بێ خەم و تەگبیرکردنین، سەدەها هەزار کەسمان بێکارن و مووچە وەردەگرن و سەدەها دێهاتیش چۆڵ و بەڕەڵڵا کراون، دەبێ لە ئاستێکی زۆر بەرز و گەورە چارەسەری ئەم کێشەیە بکرێت، قسەی ناو ڕۆژنامە و میدیاکان و کۆڕ و کۆبوونەوەی بێ ئەنجام هیچ سوودێکیان نەبووە، تا ئێستا لە ماوەی (٤ بۆ ٥) ساڵی ڕابردوو بە مەلایین دۆلار خەرج کراوە تا ئێستاش گۆشت و میوە و سەوزەمان لە دەرەوە بۆ دێت، هەروەها لە مەیدانی پیشەسازی و تەکنەلۆژی هەموو پێویستییەکان لە دەرەوەی وڵات بۆمان دێت بە نرخێکی گران و جۆرێکی خراپ و قرچۆك.

ئەمەش بووە هۆی ئەوەی پشت ئەستووریمان بە تەنیا سەرچاوەی نەوت بێ، هەر ڕۆژێکیش ئەم سەرچاوەیە نەما یا لەگەڵ حکوومەتی ناوەندی کارەساتێك ڕوو بدات، ئەوە گەلی کورد تووشی گەورەترین برسییەتی و هەژاری دەبێت و ئاسایشی گەل و نیشتیمان دەکەوێتە ناو قەیرانێك، کە هەتا هەتایە ڕزگاری نابێت، واتا با ڕوو بکەینە

کشــتوکاڵ و ئاژەڵــداری و کــاری پیشەســازی و کارگــەی دارتاشــی و ئاســنگەری و دروستکردنی قوماشی ژن و پیاو و پێڵاو و دروستکردنی کەل و پەلی ناوماڵ و ....

٧. ڕۆژانــە گوێمــان لەدەســت بەســەرداگرتنی خــۆراك و دەرمــانی خــراپ و مێــژوو بەسەرچوو دەبێت، کە لە ئێران و تورکیا و وڵاتانی عەرەبی بۆمان دێت، بەڵام تــا ئێســتا تاوانبارەکان سزا نادرێن، بەڵکوو بە سووتاندنی هەندێك لــەو کــاڵا خراپانــە بــۆ بەرچــاوی خەڵك، ئــەوی دیکــە بەدزیــەوە دەچێتەوە نــاو بازاڕەکــان، هەنــدێ جــار ئــەو خــواردن و دەرمانــە خراپانــە دەبنــە هــۆی مــردن و نەخۆشــبوونی زۆر خــەڵك، ئەمــەش تــاوانێکی گەورەیە، پێویستە لەسەر وەزارەتی داد و داواکاری گشــتی بــە توونــدی ئــەو تاوانبارانــە بدەنە دادگا، بە ئاشکرا دادگایی بکرێن و سزای خۆیان وەربگرن و خاوەن کۆمپانیاکــانی دەرەوەش سزا بدەن، کە کاڵای خراپمان بۆ دەنێرن، هەروەها بە نیسبەت کۆمپانیاکانی چین و وڵاتانی دەرەوە، کــە کەلوپــەلی ڕزۆك و بــێ تەمــەنمان بــۆ دەنێــرن، چــونکە ئــەم کارانەیان دەکەوێتە خانەی بەشداری کردن لە تاوان.


٨. تــا ئێســتا بەشــی زۆری قوتابخانــە و زانکۆکــان نەکەوتوونەتــە ســەر شــەقامی خوێندنی زمان و مێژوو و جوگرافیای کولتووری کوردی، بۆیە دەبێ یــەکێتیی قوتابیــانی کوردستان و مامۆستایانی کوردســتان و لایەنــە پەیوەندیــدارەکان بەجــددی ئاوڕێــك لــەم بابەتە بدەنەوە و مێژووی کورد و کوردستان و جوگرافیای وڵاتەکــەمان بــە تێروتەســەلی بخوێندرێ، شوێنەکانی باب و باپیرانمــان بخرێنــە بەرچــاوی نــەوەی تــازە، تــا بــزانن لــە کوردستان واتا پێش هەموو دنیا کشتوکاڵ و ئاژەڵ بــەخێوکردن و دروســتکردنی خــانوو هاتۆتــە بەرهــەم، هــەروەکوو لــە ئەشــکەوتەکانی کوردســتان و گونــدی (چــەرمۆ) لــە چەمچــەماڵ دەردەکــەوێت، ئەمانــە هــەمووی دەبنــە هــۆی پاراســتنی ئاسایشــی نەتەوایــەتیمان، بۆیــە دەبــێ بیانپــارێزین و خوێنــدنیان لەســەر بکرێــت و بــە دنیایــان بناسێنین.

٩. ناوە ناوە هەندێ لە لێپرسراوەکانمان بانگەشەی نەهێشتنی چەکداری دەکــەن و دەڵێن: خەباتی ئێستامان خەباتی چەکداری ناوێت، ئەمەش بووەتە هــۆی ســاردبوونەوە و تــووڕەیی هێــزی پێشــمەرگەی کوردســتان، بــەڵێ هــیچ کاتێــك ئێمــە شــەڕخوازی و توندوتیژیمان هەڵنەبژاردووە، هەموو جارێك بــۆ خۆپاراســتن لــە خۆمــان و مافــەکانمان دەستمان داوەتە چەك و شۆڕش، بەلای ئێمە تا قەوارەیەکی سیاسی سەقامگیری تــەواو


مسۆگەر نەکەین بۆ کورد و کوردستان خەباتی چەکداری فەرامۆش ناکرێت، واتە بانگەشەی نەمانی کاتی چەکداری لەم قۆناغە مەترسی لەسەر هەست و سۆز و بەرگری پێشمەرگە دروست دەکات و ڕاستەوخۆ دەبێتە مەترسی لەسەر ئاسایشی نەتەوایەتیمان، بۆیە نابێ ئەم بانگەشەیە بکەینە دروشم و هەڵوێستی کورد لەم قۆناغەدا، لە کاتێك کە داوای لێ بووردن دەکەم لە هەموو ئەو لایەنانەی، کە ناوم لەنێو ئەم باسەدا هێناون لێم دڵگران نەبن، چونکە ئێستا گەلی کورد و کوردستان بە ڕێبازێکی دوورودرێژ و ناسك تێدەپەڕێت و دوژمنی زۆرە، دۆستیشی زۆر نییە، بۆیە سەنگ و قورسایی پەڕی مێشووله کاری لێ دەکات، ڕەنگە هەندێ ئەو بۆچوون و مەترسیانەی لە سەرەوە باسم کردوونە ڕاست و دروست نەبن، بۆیە هانا دەبەمە بەر جەنابی (سەرۆك تاڵەبانی و بارزانی) و ئەنجوومەنی نوێنەرانی کوردستان، کە بایەخ بە دروستکردنی ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوایەتی کورد بدەن وەك لەسەرەوە باسمان کردووە، بۆ ئەوەی ئاسایشی کوردی لە مەترسی ڕزگار بکەن.

**پارێزەر**
**کەمال محیەدین**
**هەولێر – ٢٠٢١/١/١**

# هیچ پارت و كەسایەتییێکی كورد
# لە ماف و بەرژەوەندییەكانی كورد گەورەتر نییە


جەلال تاڵەبانی


مەسعود بارزانی


عەبدوڵڵا ئۆجەلان

نامەوێ خوێنەران و هەوادارانی چارەنووسی گەلی كورد ماندوو بكەم بە گەڕانەوەم بۆ مێژووی نزیكی جوولانەوە، ئازادیخوازانەی گەلی كورد لە كوردستانی توركیا بە سەرۆكایەتی بەڕێز سەرۆك عەبدوڵڵا ئۆجەلان و بەرهەمهێنان و ئامادەكردنی ئەو هێزە گەورە و خوێن گەرم و نەبەز و نەترسەی، كە پێك هاتووە لە هەزارەها گەریلا و پێشمەرگە و وڵاتپارێز لە ژن و پیاو، لە كچ و كوڕ، **كە لە سەرانسەری جیهان بەم ڕێژەیە ئافرەت لە ڕیزەكانی هێزی چەكداری نەتەوەكەی خۆی، بەشداری نەكردووە**، ئەمەش یەكێكە لە دەستكەوتە هەرە گەورە و فراوانەكانی خەباتی كوردایەتی بە بەشداریكردنی ئافرەت لە پلە هەستیار و بەرزەكانی ژیانی كۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووری بەبێ فرت و فێڵ و ڕیایی یا بۆ پڕوپاگەندەیی هەڵبژاردن و دەستكەوتی پایە و پلەی بەرز و كورسی.

ئەمەش تەنانەت دوای دروستبوونی پەكەكە هاتە كایەوە، كە لە ڕێكەوتی: (١٩٧٨/١١/٢٧) لە گوندی هیلوان "Hilwan" لە كوردستانی توركیا لەلایەن چەند لاوێكی كوردپەروەرەوە دروستكرا.

ئەم پارتە سیاسییە كوردپەروەرە تا ئێستا لەپێناو پاراستنی گەلی كورد و ناسنامەكەی و بەدەستهێنانی تەواوی مافەكانی كۆڵی نەداوە و لە خەبات و فیداكاری

بەردەوامە بەرامبەر گەورەترین و درندەترین هێزی چەکداری تورکیا بە سەرباز و جاشەوە، کە بە تازەترین چەکی پەیمانی ناتۆ پڕچەك کراون و بە ملیارەها دۆلاریان تەرخان کردووە بۆ لەناوبردنی پارتی کرێکارانی کوردستان و سەرۆکەکەی بەڕێز عەبدوڵڵا ئۆجەلان و خەفەکردنی کێشەی کورد بە ئاگر، پارتی کرێکاران وەك هەموو پارت و ڕێکخراوێکی سیاسی بە چەند قۆناغێکی خەباتکردندا تێپەڕیوە و بە پێی کات و شوێن و توانای خۆی وردە وردە دروشم و هەڵوێستەکانی خۆی گونجاندووە لەگەڵ ئەو ژینگە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوورییەی تیا ژیاوە هەروەها لە پەرەپێدانی دۆستایەتی و زیاتر گۆڕینەوەی بیروباوەڕ و سوودوەرگرتن لە ئەزموونی پارتە سیاسییەکانی کوردستان و دەوروبەر و هەندەران بەردەوام بووە، زۆر جاریش تووشی داشکان و شکست هاتووە بەهۆی پیلانبازی دوژمن و نەیارەکانی لە دەرەوە و ناوەوەی حیزبەکەشی، سەرەنجام سەربڵندانە هەڵساوەتەوە، بەلام لە خۆشباوەڕی و ڕاستی خۆی کەوتە ناو پیلانە هەمەلایەنە ئەورووپی و ئەسیوبی ئەفریقییەکەی، کە دواجار خستیانە ناو چاڵی مەرگ لە ئیمڕالی، کە (١١) ساڵی ڕەبەقە بە بەندی ماوەتەوە تا ئێستا، هەر بۆیە **دەبێ کورد دەرس وەربگرێت و بەهەر پاساوێك یا دەستکەوتێکی بچووك و کاتی، پشت بە دەوڵەتە داگیرکەرەکانی کوردستان نەبەستێت**، بەڵگەش بۆ ئەم ڕاستییە ڕووخاندنی کۆمارە ساواکەی کوردستان و بەیانە شوومەکەی جەزائیر و زیندانەکەی ئیمڕالییە.

لە مێژووی خەباتی نیشتیمانی و نەتەوایەتی هەموو گەل و نەتەوەیەك هەڵکشان و داکشان بەرچاودەکەوێت، ڕێژەکەشی زۆر یان کەم هەمیشە لەگەڵ زیرەکی و ئازایی و شارەزایی و خوێندەواری و پاکی سەرکردەکانیان نزیك و گونجاو دەبێت، فەڵەستینییەکان ماوەی (٦٢) ساڵە خەبات لەپێناو مافەکانیان دەکەن، بەلام ڕۆژ بەڕۆژ خوێن ڕژان وماڵوێرانی و دەربەدەریان زیاددەبێت هەروەها لە باشووری ئەفریقیا، کە سەرۆکەکەیان بەڕێز ماندێلا پاش (٢٠) ساڵ لە زیندان هاتەدەرەوە و وڵاتەکەی ئازاد بوو هەروەها بەربەرەکانێی باشووری ئەفریقیا و ڤێتنام و قیبتییەکانی میسر هەروەهاش خەباتی گەلی کورد، کە ماوەی (٨٠ تا ١٠٠) ساڵە لە خەباتی خوێناوی بەردەوامە و تازە تروسکەیی سەرکەوتن و هەندێ لە دەستکەوتەکانی بەدەستهێناوە، ئەم دواکەوتن و داشکانانەی گشتی دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی "بیروباوەڕی ڕاست و دووربینی و دڵسۆزی و

دەست و دەم و لەش پاکی و یەکێتی لەناو ڕیزەکانی کۆمەڵگا، بە تایبەتیش لەناو سەرکردەکان". بۆ سەرکەوتنی هەر جووڵانەوەیەکی سیاسی دەبێ لەپێشەوە سیما و دەنگ و ڕەنگی بەرامبەر دەست نیشان بکەین، بە وردی ئاوات و داخوازییەکانی بخەینە تەرازووی بێلایەن لەگەڵ ئاوات و داخوازییەکانی خۆمان، بۆ ئەوەی بە قسەی چەور و نەرم و بەڵێنی شیرین و بەتام فریو نەدرێن، هەروەك چەند جار ئەوەمان بەسەر هاتووە.

زۆر جار پێکدادان و شەڕی نابەرامبەر و دەست تێوەردانی دەرەکی و خیانەتکاری ناو خۆشمان بووە هۆی هەندێ لە شکستەکانمان، دەبێ دەرسیان لێ وەرگرین.

بەڵێ لەپاش دروستبوونی حکوومەتی تورکیا، لە ساڵی: (١٩٢٣) و دانانی دەستووری کۆماری تورکیا و تاکڕەوی و توندڕەوی مستەفا کەمال، چەسپانی دروشمی "یەك نیشتیمان و یەك ئاڵا و یەك زمان" لە دەستوورەکە بووە مایەی نیگەرانی هەموو نەتەوەکانی وەك کورد و عەرەب و ئەرمەن و شرکس و ئەلبان و یۆنان و بلغار، لەم ناوە بە شێوەیەکی زۆر زەق و توند و دیار دژایەتی کوردیان کرد و ناویان نان بە تورکی شاخاوی، هەرچەندە لەکاتی دەسەڵاتداری ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی و سەرەتای دەسەڵاتی مستەفا کەمال، کورد ناسنامە و پێگەی تایبەتی خۆی هەبوو، لە پاشان هەمووی ڕەش کرایەوە و نەتەوایەتی تورك باڵی بەسەر هەموو نەتەوەکاندا کێشا و بە ئاگر و ئاسن، هەتا ئێستاش ڕەفتاریان لەگەڵی کردووە.

ماوەی (٣١) ساڵی ڕەبەقە پارتی کرێکارانی کوردستان و ڕێکخراوە جۆراوجۆرەکانی کوردی خەباتی چەکدارانەی خوێناوییان بەسەردا سەپێندراوە لەپێناو پاراستنی گەل و نیشتیمانەکەیان لە کوردستانی تورکیا و چەسپاندنی ناسنامەی کوردی و مافە ڕەواکانیان، بەڵام کاربەدەستانی یەك لەدوای یەکی تورکیا هەمیشە بەردەوامبوونە بۆ قڕکردنی کورد و کاولکردن و سووتاندنی شار و شارۆچکە و دێهاتەکانی کوردستان، کوردیش لە بچووکترین مافی مرۆڤ و هاووڵاتی بێبەش کراوە و دژی وشەی کورد و کوردستانن، ئەگەر لە ئەفریقیای باشوور و سیبریاشەوە کۆمەڵەیەك یا گۆڤارێك بە کوردی دەربچێت، ئەوا هەر زوو بەزوو هێزەکانی ئەمن و موخابەرات و جاسووسییەتی تورك دەگەنە سەریان و تێکیان دەشکێنن و ئامادەش نەبوونە بۆ هیچ کرانەوە و بیرکردنەوەیەك بۆ چارەکردنی کێشەی کورد بە ئاشتی، چونکە لەگەڵ بیروباوەڕە شۆڤێنی و تەسك و توندڕەوی و بەرژەوەندیی ئابووری و کەسایەتیان ڕێك

ناکەوێت، کە تەنیا لە شەڕ دەستیان دەکەوێت، ئەمەش ڕۆژ بەڕۆژ تورکیا بەرەو برسییەتی و نەهامەتی دەبات، بەڵام لەم دواییانەدا لەسایەی خەباتی تووندوتیژی هەمیشەیی و سیاسی و چەکدارانەی گەلی کورد بە ڕابەرایەتی PKK و پارتی کۆمەڵگای دیموکراتی و سەرکردە دڵسۆز و بەجەرگەکانیان و هەوڵ و تەقەللا بەردەوام و دڵسۆزانەکەی بەڕێز مام جەلال سەرۆکی یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان لە سەردەمی دەسەڵاتی تۆرگوت ئۆزالی خوالێخۆشبووەوە تا ئێستا بۆ نزیککردنەوەی دەسەڵاتدارانی تورکیا لە سەرکردەکانی جووڵاندنەوەی کورد لە تورکیا لە سەرووی هەموویانەوە بەڕێز عەبدوڵڵا ئۆجەلان، چڕۆکردنی هەوڵەکانی لەگەڵ خوالێخۆشبوو بلێند ئەجەوید و بەڕێز نەجمەدین ئەربەکان و لەم دواییانەش لەگەڵ بەڕێزان عەبدوڵڵا گول و ڕەجەب تەیب ئەردۆغان و بەهۆش هاتنەوەی پارتی داد و گەشەپێدان لە بەرامبەر مەترسییە گەورەکانی پەرەپێدانی شەڕ و هێشتنەوەی کێشەی کورد بەبێ چارەکردن، کە دەبێتە هۆی لەدەستدانی دەسەڵاتیان لە تورکیا و تووشبوونی وڵاتەکەیان بە قەیرانێکی کوشندە و ماڵوێرانکردن و برسییەتی و هەژاری کۆمەڵانی خەڵکی تورکیا بە تورك و هەموو نەتەوەکانی دیکەیان.

هەر بۆیە حکوومەتی تورکیا بە ڕابەرایەتی پارتی داد و گەشەپێدان گەیشتە ئەو باوەڕەی، کە دەبێ بە زووترین کات بیر لە چارەکردنی ئاشتیانەی کێشەی کورد بکەنەوە، چونکە بۆیان دەرکەوت لە ماوەی (٣٠) ساڵی ڕابردوو بە درێژایی تەمەنی حکوومەتەکانی یەك لەدوای یەکی تورکیا نەیانتوانی PKK لەناوبەرن و جووڵانەوەی کوردیش خەفە بکەن و ناشتوانن، هەر بۆیە سەرۆك کۆماری تورکیا و سەرۆك وەزیرانی لە سەرەتای ساڵی ڕابردووەوە دەستیان کرد بە بانگەشە بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد بەڕێگای ئاشتیانە، دواجار کێشەکەیان گەیاندە بەردەم ئەنجوومەنی نوێنەرانی تورکیا، بە ئاشکرا لە ڕۆژی: (٢٠٠٩/١١/١٣) بەیانی ڕۆژی هەینی لەم کۆبوونەوە زۆر گرنگ و مێژووییە بەڕێز ئەردۆگان وەك پارێزەر بۆ کێشەی کورد بە بۆچوونی مامناوەندی و توانای خۆی کەوتە داکۆکی لە کێشەکە و هێرش بردنە سەر نەیارەکانی، کە بریتی بوون لە پارتی گەلی کۆماری و پارتی نەژادپەرستی تورکیا، لە وتارەکەی پێشوومان لە هەفتەنامەی بەدرخانی خۆشەویست، ژمارە: (١٢٩)ی ڕۆژی: (٢٠٠٩/١١/٢٢) بە درێژی باسی هەڵوێست و قسەکانی بەڕێز ئەردۆگانمان کرد، بۆیە بە

پێویستی نازانم دووبارەی بکەمەوە، دواتریش واتە: (٢٠٠٩/١٢/٢) **سەرۆك كۆماری توركیا گوتی هەنگاوی گەورە لە ڕێگایە بۆ چارەكردنی كێشەی كورد، لەهەمان ڕۆژ بەڕێز ڕەجەب تەیب ئەردۆگان گوتی جێبەجێكردنی مافەكانی كورد نابێتە پارچەپارچەكردنی توركیا، بەڵكوو دەبێتە بەهێزكردنی توركیا**، هەرچەندە ئەم هەڵوێست و قسانە هەموویان لە خانەی بەڵێن و دڵنیاكردنەوەی كوردە و هیچی نەكەوتۆتە ناو دەستوور و جێبەجێكردنەوە، بەڵام دەرگایەكی گەلێك فراوان و ڕێگا خۆشكەرە بۆ كێشەی كورد لە كوردستانی توركیا، خۆ لە ئاستی ئەم هەڵوێست و قسە گرنگانە دەبێ هەڵوێستی بەرامبەریش هەبێت، دیارە چەپڵەش بە دەستێك لێنادرێت، هەرچەندە هەندێك لە لێپرسراوانی پەكەكە و بەڕێز جەنابی ئەحمەد تورك لە سەرەتای قسەكانی بەڕێز ئەردۆگان هەڵوێستەكەیان بەباش لەقەڵەم دا و چەند گرووپێكی ئاشتیان ناردەوە توركیا، بەڵام بەداخەوە لەم ڕۆژانەدا لەجیاتی زیاتر پێشوازی لە هەڵوێستەكەی پارتی داد و گەشەپێدان بكەن و ئامادەیی خۆیان نیشان بدەن بۆ هاوكاری گونجاو لەگەڵ هەڵوێستەكەی توركیا، دیسان دەڵێم بەداخەوە بە پێچەوانەوە هەندێ لە دەسەڵاتدارانی پەكەكە و بەڕێز ئەحمەد توركیش كەوتنە گلەیی و گازاندەی خراپ، پارتی داد و گەشەپێدان و پرۆسەكەیان بە پیلان و دژایەتی كورد و لەناوبردنی PKK لەقەڵەم دا، كە گوایە ئەوە پیلانی ئەمریكا و عێراقە بۆ لەناوبردنی جوولانەوەی ئازادیخوازانەی ڕاستەقینەی كوردی توركیا بە هاوكاری لەگەڵ ئەو كەسانەی كە لەمێژە ڕیزەكانی پەكەكەیان بەجێ هێشتووە.

پێش ئەم پرۆژەیەی بەڕێز ئەردۆگان ئەگەر كاربەدەستێكی بچووكی توركیا ناوی كورد و كوردستانیان بهێنابایە بە جاسووس و خیانەت تاوانبار دەكرا و لە سێدارەیان دەدا، بەڵام سەرۆك كۆمار و سەرۆك وەزیران باسی كورد و داكۆكی لە هەندێ مافەكانی دەكەن، لەم ڕێگایەشدا زۆر مەترسی دێتە ڕێگایان، دەبا برادەران و دڵسۆزانی كورد ئەم دۆستانە لەدەست نەدەین، بەڵكوو هەوڵدەین زیادیان بكەین یا بە فرتوفێڵ و هاندانی نەزان و دوژمن و نەیارانمان خۆڵ لەدوی خۆمان نەكەین، مەرج نییە كوردەكانی توركیا بتوانن هەموو داخوازییەكانیان لەم كاتە سات و ناسكە بێ بەرامبەرە بەدەست بهێنن، چونكە توانای قبوولكردنیان نییە لەلایەن پارتی داد و گەشەپێدان لەبەر زوویی و بەهێز و توندڕەوی دوژمنەكانیان، بە تایبەتی لە بابەتی كێشەی كورد.

ئەگەر ئێستا حكوومەتی توركیا و سەرۆك وەزیران نەیانەوێ لەگەڵ پەكەكە و بەڕێز

عەبدوڵڵا ئۆجەلان دانوستان بکەن جا ئەوە لەترسان بێت یان لە بێ باوەڕی خۆیان بە پەکەکە، ڕەنگە لە ماوەیەکی نزیکدا ئەو مەترسی و بێ باوەڕییە نەمێنێت، ئەمەش تەنیا بە هەڵوێستی نەرم و زانستیانە و وردبینی لایەنی کورد لە تورکیا دێتەدی، لە هەموو دنیا ڕوون و ئاشکرایە، کە هەموو پارت و لایەنێکی سیاسی و سەرکردەکانیشیان ئامراز و ڕێگانە بە گەیشتن بە ئامانجە دوور و نزیکەکانیان، نەك خودی پارت و سەرکردەکان ئامانج بن.

واتە لەم قۆناغە ناسك و بێ وێنەیەدا با سەر لەخۆمان نەشێوێنین **هەر ئەوەندە لە بەرامبەرەکەمان داوابکەین، کە دەسەڵاتی جێبەجێکردنی هەیە، نەك بەسەریدا بشکێتەوە و خۆشی لەناو بچێت و پرۆژەکەش تەفروتونا بێت.**

**دانوستان لەگەڵ بەڕێز عەبدوڵڵا ئۆجەلان یا ئازادکردنی لە توانای هیچ حکوومەتێکی ئەو سەردەمەی تورکیا نییە هەروەها کۆنفیدرالیەت و مافی چارەنووس،** بۆیە دەبێ ئێمە تواناکانی خۆمان و حکوومەتی تورکیا بزانین و پێکەوە هاوکار بین تا بەهێزتریان بکەین، ئەگینا دوژمنەکانمان زەفەرمان پێ دەبەن و دۆستەکانمان لەناو دەبەن.

ئێمەی پارتی دیموکراتی کوردستان باڵی مەکتەبی سیاسی لە کاتی ناخۆشیمان لەگەڵ خوالێخۆشبوو جەنابی مەلا مستەفا **لەساڵی ١٩٦٨ زۆر لەگەڵ بەعسییەکان دۆستایەتیمان هەبوو، کە هاتنە سەر حوکم پێمان گوتن پێویستە ئێوە کاری باش بکەن بۆ کورد تا گەلی کورد باوەڕتان پێ بکات و مەرج نییە کارە باشەکان لە ڕێگای ئێمەوە بێت یا لایەنێکی تر،** هەر کاتێك کاری باشتان کرد و دانتان بە مافە ڕەواکانی کورد هێنا پاسپۆرتمان بدەنی و دەڕۆین بۆ هەندەران، دوور لە کەس و پایە و پوول.

دیسان پاش ڕێککەوتنی بەیانی (١١)ی ئازار، کە بە ئێمەوە وەستایەوە وەك لایەنێکی سیاسی کورد، بەڵام لە ڕۆژی: (١٩٧١/٣/١٣) سەرکردایەتی حیزبمان کۆبووینەوە لە کەرکووك لەماڵی بەڕێز کاك عەباس حوسێنی تێکۆشەر، کە ئەندامی لێژنەی مەرکەزی و لێپرسراوی لقی کەرکووکمان بوو، لەم کۆبوونەوەیە پاش هەڵسەنگاندنی ناوەڕۆکی بەیانەکە و بارودۆخی سیاسی ناوچەکە و گەلی کورد بە بەیاننامەیەکی ڕوون و ئاشکرا پشتگیری بەیانی (١١)ی ئازارمان کرد و ئومێدی سەرکەوتنمان بۆ خواست، هەرچەندە دەمانزانی لایەنەکانی ئەم ڕێککەوتنە متمانەیان بە یەك نییە و لە دوارۆژدا سەر ناگرێت، لەگەڵ ئەوەش پێداگری و ڕێگای شەڕمان

نەگرتەبـەر و لەگـەڵ بـەڕێز جـەنابی مـەلا مسـتەفا ڕێککەوتینـەوە، ئەمەیـە هەڵوێسـتی جوامێرانە و دوور لە خۆپەرستی یا تاکپەرستی و یا پارت پەرستی، بۆیـە بـەلای ئێمـەوە نابێ هیچ تاکێك یا پـارتێکی سیاسـی یـا دیـنی لـە کوردسـتان ببێتـە کۆسـپ لـە ڕێگـای پرۆژەیەکی سیاسی گەورە، کـە زۆر گرنگـە و لـە بەرژەوەنـدیی گـەلی کـورد دابێـت، بـە ڕاشکاوی دەڵێم با کەسیش تیر و توانجم تێنەگرێت و بە چلکاوخۆری تورکیـام دانـەنێت، بە درێژایی ژیانی سیاسیم لە ماوەی (٥٦) ساڵی ڕابـردوودا سـەنگەری کوردایـەتیم چـۆڵ نەکردووە و هیچ وەزیفە و زەوی و خانووشم وەرنەگرتووە، **لـێم زوویرمـەبن، دەڵـێم نـە بەڕێز مام جەلال نە بەڕێز کاك مەسعوود بارزانی نە بەڕێز عەبدوڵڵا ئۆجەلان ... لە ماف و بەرژەوەندییەکانی گەلی کورد و کوردسـتان گـەورەتر نـیین لەگـەڵ ڕێـز و متمانـە و خۆشەویستی زۆرم بۆ هەموویان.**

**پارێزەر**
**کەمال محیەدین**

# گەلی کورد بەبێ فیدراڵییەتی سیاسی و نەتەوەیی ناتوانێ لەگەڵ عێراق بمێنێتەوە

فیدڕاڵییەت وشەیەکی ئینگلیزییە بە مانای یەکگرتن یا ڕێککەوتن دێت، بۆ دروستکردنی سیستەمێکی سیاسی یەکگرتووی فیدراڵی ئارەزوومەندانە، لەنێوان چەند دەوڵەتێکی سەربەخۆ یا چەند هەرێمێکی سەربەخۆ یا لەنێوان چەند دەوڵەتێکی سەربەخۆ لەگەڵ چەند هەرێمێکی سەربەخۆ، کە هەموویان دراوسێی یەکترن و بەرژەوەندیی خۆیان لە دروستکردنی ئەم سیستەمەی فیدڕالییەدا دەبینن، کە بە پێی دەستوورێکی نووسراو، ماف و ئەرکی هەموو لایەنەکان دیاری دەکرێت بەبێ جیاوازی، هەر یەکێك لەم لایەنانە دەستبەرداری هەندێ دەسەڵات و مافەکانی خۆی دەبێت بۆ ئەو دەوڵەتە فیدراڵییە، وەك دەسەڵاتی بەرگری لە وڵات و کاروباری دەرەوە و دارایی ناوەندی، باقی دەسەڵاتەکانی دیکە دەمێنێتەوە بۆ لایەنەکانی ئەم سیستەمە فیدراڵییە، هەموو ئەو دابەشکردنانەی دەسەڵاتەکانی بە ڕەزامەندی هەموو لایەنەکان دەبێت.

**فیدراڵییەت لەم دوو حاڵەتە دروست دەبێت:**

**یەکەم:** لێکترازانی ئەو دەوڵەتە (مرکزی) ناوەندییانەی، کە لە بارودۆخێکی تایبەتی بەزۆر و زۆرداری دروستکراون لە چەند میللەت و نیشتیمانێکی دراوسێ و جیاواز بەبێ ئەوەی دەوڵەتە ناوەندییەکە ڕێز لە پێناسە و ماف نەتەوایەتی ئەو میللەتانە بگرێت، بۆ نموونە وەك دەوڵەتی عێراق و تورکیا و ئێران و مەغریب و چیك و سلۆفاکیا و دەوڵەتی سۆڤێت ... تاد. لە ڕۆژگارێکی گونجاو، لە ئەنجامی خەباتی ئەو میللەتانە و هۆکاری دەرەکی ئەم دەوڵەتە ناوەندییانە دەڕووخێن و هەر یەکێك لەو میللەتە بە زۆر بەستراوانە بە دەوڵەتە مەرکەزییەکە بە ئارەزووی خۆی بڕیار دەدات لەسەر چارەنووسی خۆی، نموونەشمان زۆرە وەك دەوڵەتی چیکوسلوڤاکیا، کە بوون بە دوو دەوڵەتی سەربەخۆ نەك فیدراڵی، بەڵام دەوڵەتی ناوەندی یوگسلافیا لێکترازا و بوو بە چەند دەوڵەتێکی فیدراڵی ئارەزوومەندانە، ئێمەی کوردیش پاش ڕووخانی دەوڵەتی ناوەندیی عێراق، کە بەزۆر باشووری کوردستانی پێوە لکێنرابوو، سەرکردەکانی کورد بڕیاریاندا لەسەر بناغەی دروستکردنی سیستەمێکی فیدراڵی سیاسی لەگەڵ عێراق بمێننەوە، هەرچەندە ئەم بڕیارە ناڕاست و دروست نەبوو، هەر بۆیەش جێبەجێ نەکرا، باجەکەشی

دەکەوێتە سەر ئەستۆی ئەم نوێنەرانەی کورد لە بەغدا، کە بەشدارییان لە دانانی دەستووره ئیفلیجەکەی عێراقدا کردووە، ئەو دەستوورەی کە هەرێمەکانی عێراق پێناسە دەکات بە هەرێمی (لامرکزی) ناناوەندی، کە هەرێمی کوردستانیش یەکێکە وەك هەموو هەرێمێکی دیکەی عێراق، بڕوانە ماددەی (١١٦) لە دەستووری عێراق.

**دووەم:** دروستکردنی سیستەمێکی یەکگرتووی فیدراڵی ئارەزوومەندانە لەلایەن چەند (دەوڵەت یا هەرێمێك)ی سەربەخۆ بە پێی دەستوورێکی نووسراو، کە ماف و ئەرکی هەموو لایەنەکانی بە یەکسانی، تێدا دیاری دەکرێت.

لە هەندێ وڵاتانی پان و بەرین، ئەوانەی ژمارەی دانیشتوانیان زۆرە بۆ ئاسانکردنی ڕاپەراندنی کاروباری دەوڵەت و کۆمەڵگاکەیان سیستەمێکی بەڕێوەبردن دروست دەکەن و ناوی دەنێن سیستەمی یەکگرتووی لامەرکەزی یا ئۆتۆنۆمی هەرێمایەتی، چونکە لەم وڵاتانە کێشەی نەتەوەیی نییە و ئەو دەوڵەتە پێك هاتووە لەیەك نیشتیمان و یەك گەل، بۆیە ناکرێ پێیان بگوترێ دەوڵەتی یەکگرتووی فیدراڵی سیاسی، بەڵام ئەو دەوڵەتانەی پێك هاتوون لە چەند هەرێمێك و دەوڵەتێکی سەربەخۆ لە ڕێگای یەکگرتنێکی ئارەزوومەندانە و یەکسانی پێیان دەوترێت دەوڵەتی فیدراڵی سیاسی (یا نەتەوەیی)، چونکە هەر یەك لەو هەرێم و دەوڵەتانەی ناو دەوڵەتە فیدراڵییەکە، کە خاوەنی نیشتیمان و نەتەوەیەکی جیاوازن، بۆیە کە باسی فیدراڵییەت دەکەین دەبێ لەبیرمان نەچێت فیدراڵییەتی لامەرکەزی یا ئیداری لە وڵاتێکی فراوان و یەك نەتەوە و یەك نیشتیمان دروست دەکرێت، فیدراڵییەتی سیاسی یان نەتەوەییش لەو هەرێم و دەوڵەتانە دروست دەبێت، کە فرە نەتەوە و فرە نیشتیمانن.

هەموو ئەو میللەتانەی کە خاوەنی نیشتیمانێکی سنوور ئاشکرا و زمانێکی پاراو و مێژوویەکی هاوبەش و پێکەوە بەستراو، کولتوورێك زیندوو و هەستیار و بەتام و خوێن لەگەڵ هەست و بیر و ئاواتی هاوبەشیانە بۆ چەسپاندنی پێگە و کەسایەتی و دواڕۆژی خۆیانن بۆ بەدەستهێنانی ژیانێکی ئازاد و ئاسوودە پڕ لە هێمن و کامەرانی، هەموو ئەو میللەتانە تەواوی مافی چارەنووسی خۆیان هەیە وەك هەموو میللەتی سەر ڕووی زەمین بە هەموو پێوەرەکانی ئەرز و ئاسمان.

گەلی کوردیش کە ژمارەیان لە (٣٥) ملیۆن زیاترە، پانتایی نیشتیمانەکەیان (٥٠٠,٠٠٠) پێنج سەد هەزار کیلومەترە و هەموو مەرجەکانی میللەتی تێدایە بە هەموو

جیهانیشی سەلماندووە، کە ناتوێتەوە و هەمیشە لە خەباتی سیاسی و چەکداری بەردەوام بووە و سەدەها هەزار شەهید و کەم ئەندامی داوە لەپێناو بەدەستهێنانی مافە ڕەواکانی بە مافی چارەنووسیشەوە، قۆناغە ڕابردووە نزیکەکانی خەباتی گەلی کورد وەك شۆڕشەکانی نەمران (شێخ سەعید و سمکۆی شکاك و شێخ مەحموود و بارزانی) لەگەڵ حکوومەتەکەی شێخی گەورە و کۆمارەکەی کوردستان و ناوچە ئازادکراوەکانی شۆڕشی ئەیلوولی مەزن تا گەیشتنە حوکمڕانی سەربەخۆ لە سالآنی: (١٩٩٢) تا ڕووخانی ڕژێمە ستەمکارەکەی سەدامی دیکتاتۆر لە ئەنجامی خەباتی خوێناوی گەلی کورد بە هاوکاری نیشتیمانپەروەرانی عێراق و دۆستەکانی هەندەرانمان لە ڕێکەوتی: (٩-٤-٢٠٠٣)، بەڵگەن بۆ ئەو ڕاستیانەی سەرەوە.

لە ڕۆژانی: (١٩/٤/٢٠٠٣ - ٢٥/٤/٢٠٠٣)، زۆربەی سیاسەتمەدار و سەرۆکی پارتە کوردستانییەکان گەیشتنە بەغدا، ئەوەی شایەنی باسە جەنابی مام جەلال و کاك نەوشیروان و هەندێ لە ئەندامانی سەرکردایەتی یەکێتیی نیشتیمانی کوردستان یەکەم کاروانی شۆڕشگێڕانی کوردستان بوون، کە گەیشتنە بەغدا، لە ئێوارەی: (١٩/٤/٢٠٠٣)، لە نزیك ناحیەی ڕاشدی لەلایەن لێپرسراو و کادر و ئەندامانی یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان لە ڕێکخستنە نهێنییەکەی بەغدا پێشوازییان لێکرا، کە کەمال محیەدین ئەسعەد لێپرسراوی بوو، بۆ ڕۆژی: (٢١/٤/٢٠٠٣)، لە ماڵی کەمال محیەدین لە بەغدا یەکەمین کۆبوونەوە بە بەشداربوونی هەڤاڵان کاك عادل مراد، عەبدولڕەزاق فەیلی، خەسرۆ گوڵ محەمەد سازکرا، لەگەڵ لێپرسراو و ئەندامانی یەکێتی لە بەغدا پاش لێکدانەوە و چۆنییەتی کارکردن، کە بارەگامان لە وەزیرییە دانا و وردە وردە هەوادارانی کورد و کوردستان ڕوویان لەم بارەگایە دەکرد، جەنابی مام جەلال و ئەندامانی مەکتەبی سیاسیش لە (منصور) جێگیربوون و دەستیان کرد بە بینینی لایەنە سیاسی و ئایینییەکانی عێراق و نوێنەرانی ئەمریکا و ئەوروپییەکان، دەستکرا بە جموجۆڵی گەرم و گوڕ بۆ دروستکردنەوەی عێراقی کاولکراوی پاش سەدام حوسێن و دارودەستەکەی.

**بەڵام بەداخەوە کورد زۆر بەپەلە هاتە ناو کێشەکە، بەبێ ئەوەی پرۆژەیەکی نیشتیمانی کوردی و عێراقی پێ بێت، کە دەبوایە پێش هاتنیان بۆ بەغدا لە کۆنگرەیەکی نیشتیمانی یا ڕیفراندۆمێکی کوردستانی هەڵوێست و داخوازییەکانی گەلی**

**كورد دیاری بكرابایە، بەڵام ئەوە نەكرا** و سیاسەتمەدارانی كورد وەك (هەنگ)یان لـەناو دار دۆزی بێتەوە بە هەندێ بـەڵێنی زارەكـی لـووس و چـەور و نـەرمی ئـەمریكا و لایەنـە ئایینییەكان فریویان خوارد و ئامادە نەبوون لە هیچ بڕیـارێكی ئـەو دوو لایەنـە پێـداگری بكـەن و (نـەخێر) بەسـەر زمانیانـدا نـەدەهات، نـامۆترین بڕیارەكـانی ئـەمریكا و لایەنـە ئایینییەكان ئەمانە بوون:

**یەكەم:** دابەشكردنی گەلی عێراق بەسەر سێ پێكهاتـە (شـیعە و كـورد و سـوننە)، ئەمە یەكەم بزماری زلهێزەكان بوو لە عێـراق ئاراسـتەی سـینگی گـەلی كـورد و عـەرەب كرا، چونكە:

**أ.** پێكهاتەی عێراق بریتییە لە گەلی كورد و عەرەب و كەمایەتییەكان لـەناو ئەمانـە موسـڵمانی شـیعە و سـوننە هەنـە لەگـەڵ بـرا مەسـیحییەكان، واتـە مەبەسـت لێـرەدا چەسـپاندنی تایفەگـەری و مەزهەبییـەت و دووبـەرەكی و سـێبەرەكییە لـەناو پێكهاتـەی عێراق، كە هەمیشە خواستی دوژمنانە.

**ب.** زوڵمێكی گەورە لە كـورد كـراوە هـەروەك بڵـێن كـورد موسـڵمان نییـە، چـونكە جیاكردنـەوەی كـورد لـە شـیعە و سـوننە واتـە دەبـێ كـورد چـی بێـت خـۆ كوردایـەتی مەزهەبێكی ئیسلامی دیكە نییە.

**ج.** پێگە و قەوارەی كورد بچووك كراوەتەوە، چونكە بە پێـی مێـژوو و جوگرافیـای عێـراق، ئـەم وڵاتـەی عێـراق بـەزۆر پێـك هـاتووە لـە گـەلی كـورد و عـەرەب، واتـە دوو پێكهاتەی سەرەكین، بەڵام بەم دابەشكردنەی ئەمریكییەكان، پێكهاتـەی عێـراق دەبێتـە سێ پێكهاتە لەجیاتی دوو پێكهاتەی سەرەكی.

**د.** باشە لەناو كورددا برا شیعە و سوننەكان لـەكام خانـە دادەنـرێن، چـونكە لـەناو كـورد هـەم شـیعە هـەم سـوننەن، تـۆ بڵێـی ئەمریكییـەكان یـا شـیعە و سـوننەكان وا بیربكەنەوە ئەوەی شیعە و سوننە بێت كورد نییە، واتە دەبێ چی بێت!؟

لێرەدا با لە لایەنە كوردییەكان بپرسین ئەمەتان چۆن قبووڵ كرد.

**دووەم:** سەپاندنی سیستەمی ئیتیحادی (اداری)، واتە كارگێڕی وەحـدەی عێراقـی، كە هیچ كـاتێ لەگـەڵ جوگرافیـا و مێـژووی ناوچـەكە و ئـاوات و ئـارەزووی گـەلی كـورد گونجـاو نییـە، چـونكە سیسـتەمە ئیتیحادییەكـە شـی نەكراوەتـەوە چ چەشـنە ئیتیحادییەكـە، لەبەرئـەوەی پێویسـتە بـزانین چـەند چەشـنە ئیتیحـاد هەیـە، بـۆ ئـەو

مەبەستە دەبێ بگەڕێینەوە بۆ سەرچاوە دەستوورییەکانی نێودەوڵەتی و دەستوورە فیدرالییە سیاسییەکانی جیهان و بۆچوونەکانی مامۆستای یاساناسی عێراقی، جەنابی (منذر الشاوي)، هەموو ئەو سەرچاوانە جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە، کە زاراوەی فیدرالییەت، یەکگرتن پێنج چەشنی هەیە:

١. یەکگرتنی (کۆنفیدراڵی) ئەم یەکگرتنە پێکدێت لەچەند لایەنێکی سەربەخۆ بۆ دروستکردنی سیستمێکی کۆنفیدراڵی بۆ بەڕێوەبردنی هەندێ لە دەسەڵاتەکان لە ڕێگای دروستکردنی سەرکردایەتییەکی هاوبەش و یەکسان، ئەم سەرکردایەتییە کاروباری نێودەوڵەتی و بەرگری لە وڵات بەڕێوە دەبات بە ڕەزامەندی هەموو لایەك، ئەندامانی ئەم کۆنفدراڵییەتەش هەموو کاروباری خۆیان بەڕێوە دەبەن و گشت دامودەزگای خۆیان دەبێت، وەك: سەرۆکی وڵات، پەرلەمان، ئەنجوومەنی وەزیران و دەسەڵاتی دادوەری و دارایی و خوێندن و تەندروستی و پلاندانان و ... ئەم ڕێککەوتنەش یەکسانە و زۆرینە و کەمینەی تێدا نییە و ئارەزوومەندانەشە و هەر کاتێ لایەنێك بیەوێ لەم ڕێکەوتنە بێتە دەرەوە ئازادە.

٢. یەکگرتنی (فیدرالی سیاسی و نەتەوەیی) ئەم فیدراڵییەتە پێکدێت لە چەند هەرێمێکی خاوەن نەتەوە و نیشتیمانێکی جیاواز و زمان و مێژوو و کولتوورێکی تایبەت بە خۆی لەگەڵ دەوڵەتە ناوەندییەکەی دراوسێی، واتە حکوومەتی ناوەندی، ئەم چەشنە فیدراڵییەتە ڕەزامەندانەیە، هەر کاتێك لایەنێك بیەوێ دەتوانێ بێتە دەرەوە، لەم فیدرالیەتە کەمینە و زۆرینە نییە، هەموو لایەنەکان یەکسانن، بەڵام بە ڕەزامەندی هەموو لایەك، هەندێ دەسەڵاتی سیادی دەدرێت بە حکوومەتی ئیتیحادی فیدراڵی، وەك کاروباری دەرەوە و بەرگری و دارایی باقی دەسەڵاتەکانی دیکە بۆ لایەنەکان دەمێنێتەوە.

٣. یەکگرتنی (فیدراڵی ئیداری) کارگێڕی، ئەم فیدراڵییەتە بەبڕیاری حکوومەتی ناوەند لەو وڵاتانە دروست دەکرێت، کە ژمارەی دانیشتوانی زۆرە و وڵاتەکەش زۆر پان و بەرینە، بۆ ئاسانکردنی ڕاپەراندنی کاروبارە ئیدارییەکان، بەم چەشنە سیستەمە دەگوترێ (لامەرکەزی – ناناوەندی)، لەم وڵاتانە هەموو دەسەڵاتە سیادی و سیاسی و نەتەوەییەکان لەدەست حکوومەتی ناوەندە، یەك سەرۆك و یەك پەرلەمان و یەك ئەنجوومەنی وەزیران و یەك دەسەڵاتی دادوەری تێدایە.

٤. یەکگرتنی فیدراڵییەتی (کەسایەتی)، واتە شەخسی، ئەو فیدرالییەتە لەنێوان چەند لایەنێکی سەربەخۆ پێکدێت، لەسەر کەسێك ڕێکدەکەون ببێتە سەرۆك یا پاشا یا مەلیکی هەمووان، هەر لایەك سەربەخۆ کارەکانی خۆی ڕادەپەڕێنێ بە ڕەزامەندی سەرۆکەکەیان، کە لەسەری ڕێککەوتن.

٥. یەکگرتنی (فیدراڵی تێکەڵاو)، ئەم فیدراڵییەتە پێکدێت لەچەند لایەنێکی سەربەخۆ لەژێر چەتری دەوڵەتێکی ناوەندی، کە بە یەکسانی کاروباری هەموو لایەك بەڕێوە دەبات بەبێ ناوهێنانی نەتەوە و خاك و ڕەنگ و مەزهەب، واتە توانەوە.

**سێیەم:** سەپاندنی ئەو دەستوورە ئیفلیج و بێ ناوەڕۆکە، کە بێگومان زیانی زیاترە لە قازانج بۆ گەلی کورد، چونکە پێشەکی دەستوورەکە لە قسەکانی مەلای سوختەخانەکانی (١٠٠) ساڵ پێش ئەمڕۆ دەچێت و هیچ لە قسە و بۆچوونی سیاسەتمەدار و دیموکراتخواز و مەدەنیانە ناچێت، دەستوورەکە لە (٦) باب و (٩) فەصل و (١٢) بەش پێکدێت، (١٤٤)مادەیە و (٥٨٢٢) وشەیە، تەنانەت بە وشەیەك ناوی گەلی کورد و فیدراڵییەت ناهێنێ، لە (٦) شەش جار زیاتر جەخت دەکاتەوە لەسەر یەك گەل و یەك نیشتیمان و یەك ئاو و یەك ئاسمان، بەمەش هیچ جێگایەك و ناوێك ناهێڵێتەوە بۆ کورد و کوردستان، چونکە بەلای هەموو کوردێکی دڵسۆز و شارەزا و عێراقییە شارەزاکان لە جوگرافیا و مێژووی ناوچەکە و چۆنییەتی دروستکردنی عێراق لە ساڵی: (١٩٢١)، تا ئەوکاتە وشەی عێراق بوونی نەبووە، چونکە لەسەر پێشنیاری ئینگلیزەکان ئەم حکوومەتەی بۆ مەلیك فەیسەڵ دروستیان کرد ناویان نا بە (عێراق)، کە وشەیەکی سریانییە بە مانای شاری جوان دێت، ئەمانە هەموو دەزانن کە گەلی کورد و کوردستان بەزۆر لکێنران بەم عێراقە، واتە نە کوردستان هی عێراقە نە گەلی کوردیش عەرەبە، لە مادەی (١١٦)ی دەستووری عێراقدا هاتووە دەڵێت: سیستەمی ئیتیحادی لە کۆماری عێراق پێك هاتووە لە پایتەخت و هەرێم و پارێزگا (لامەرکەزییەکان) و ئیداراتی محەلی، واتە هەرێمەکەی کوردستان لامەرکەزییە نەك فیدراڵی.

ماددەی (١١٩)ی دەستوورەکە دەڵێت (يحق لكل محافظة أو أكثر تكوين اقليم بناء على طلب أو استفتاء). واتە هەر پارێزگایەك مافی ئەوەی هەیە هەرێم دروست بکات، واتە ڕەنگە لە عێراق (١٠–١٥) هەرێم دروست بکرێت و ئێمەش دەبینە یەکێك لەم هەرێمانە، کە لامەرکەزین هیچ جیاوازییەکمان نابێت لەگەڵ پارێزگاکانی قادسیە یان سەلاحەدین

یـان ڕمـادی ... تـاد، واتـە ئێمـەی کـورد هـیچ حسـابێکی نەتـەوەییمان بـۆ نـەکراوە لـە دەستووری عێراق، **بەڵگەش بۆ ئەوە بەڕێز مالیکی کە سەرۆك وەزیرانی ڕابردوو بوو، بە ڕاشکاوانە گوتی لە دەستووری عێراق باسی مافی چارەنووسی گەلی کورد نەکراوە، بەڵام بەداخەوە کەسێك لە سیاسییەکانی کورد وەڵامیان نەدایەوە.**

بەهەرحاڵ دەبێ سـەرکردەکانی کـورد بگەڕێنـەوە لای میللـەتی کـورد و لـە ڕێگـای کۆنگرەیـــەکی نیشـــتیمانیی کوردســـتانی ڕیفرانـــدۆمێکی گشـــتی پرســـی کـــورد و چارەسەرکردنێکی بنەڕەتی و زانستیانەی بۆ دابنێن، ئایا لەگـەڵ عێـراق دەمێننـەوە لـە کۆمـارێکی عێراقـی یـەکگرتووی فیـدراڵی سیاسـی و دیمـوکراتی ڕاسـتەقینە، کـە دوو فیدراڵییەتی سیاسی ئارەزوومەندانەی تیـا دروسـت بکرێـت (فیدرالیـەتی یەکـەم بـەناوی کوردستان و هی دووەمیش بەناوی عەرەبستان) لـەناو ئـەم دوو فیدرالیەتـەش ئیـداراتی لامەرکـەزی و محـەلی بـۆ پارێزگاکـان و کەمایەتییـە نەتـەوەیی و ئایینییـەکان دروسـت بکرێت، ئەمە فیدالیەتی سیاسی و نەتەوەییە، کە ڕەنگە لـەم بارودۆخـە کـورد قـەبوولی بکـات لـەجیاتی مـافی تـەواوی چارەنووسـی و سـەربەخۆی خـۆ، ئەگـەر بـەم جـۆرە کێشەکەمان چارەسەر نەکرا، ئەوا دەبێ میللەتی کورد ڕێگاچارەیەکی دیکە بدۆزێتـەوە، کە بگونجێ لەگەڵ کەشوهەوای سیاسی جیهانی و تواناکانی خۆمان، ئەگەر بگەڕێینـەوە بۆ سەرەتای ساڵی (١٩٦٣)، پاش کودەتا ڕەشەکەی حیزبی بەعس، داوای شەڕ ڕاگـرتن و گفتوگۆی کرد لەگەڵ سـەرکردایەتی شۆڕشـی کوردسـتان، شۆڕشـی ئـەیلوولی مـەزن و ســەرکەوتوو، هەربۆیــە ســەرکردایەتی شــۆڕش و پــارتی دیمــوکراتی کوردســتان بــە سەرۆکایەتی بارزانی نەمر بڕیاری شەڕ ڕاگرتن و گفتوگۆیان پەسەند کرد، سـەرکردایەتی کــورد بڕیــاری دا کــە کۆنگرەیــەکی نیشــتیمانی کوردســتانی ببەســترێت بــۆ دانــانی نەخشەڕێگایەك بۆ چۆنییەتی گفتوگۆکردن و داخوازییەکانی گەلی کورد، بۆیـە لـە ڕۆژی: (١٩٦٣/٣/١٤)، بارزانی نەمر گەیشتە شاری کۆیە و لەگەڵ هەموو سەرۆك و لێپرسراوانی حیزبی و شۆڕش و سەرۆك هۆز و لایەنە سیاسییەکانی کوردستان زیاتر لە (٢٠٠٠) کـەس هاتنە شاری کۆیە و بارزانی نەمر لە مـاڵی نیشـتیمانپەروەری بـەرز و بڵنـدی کوردسـتان کاکە زیادی حەماغای کۆیە میوان بوو، شاری کۆیەی کۆڵنەدەریش باوەشی گەرم و دڵی فراوانی کردەوە بۆ هەموو ئەندامانی ئەو کۆنگرەیـە، لـە هـەر مـاڵێکی کۆیـە (١٠ تـا ١٥) کەس نان و جێگا و نووستنیان بۆ دابینکرا، بارەگای مەکتەبی سیاسـیش لـە مـاڵی کـاك

عەلی عەبدوڵڵا و کەمال محیەدین بوو، کە کاك عەلی ئەندامی مەکتەبی سیاسی و لێپرسراوی لقی هەولێر بوو، کەمال محیەدین لێپرسراوی لێژنەی ناوچەی کۆیە بوو، کە ئەندامەکانی هەڤاڵان کاك جەمال تاهیر و حاجی محیەدین بوون، کە بەشی زۆری کارەکانی ڕێکخستنیان لە ئەستۆ گرتبوو، هەموو خەرجی کۆنگرە جگە لە خواردن و نووستن لەلایەن لێژنەی ناوچەی کۆیەوە دابین دەکرا.

کۆنگرەکە لە ١٩٦٣/٣/١٨ تا ١٩٦٣/٣/٢٢ بە کۆبوونەوەی چڕ و پڕ و بەردەوامی شاندی کوردی هەڵبژارد لەم بەڕێزانە: جەلال تاڵەبانی سەرۆکی شاندەکە، مەسعوود محەمەد، مستەفا عەزیز، ساڵح یووسفی، ڕەشید عارف، عەگید سدیق، کاکە حسێن خانەقا، حەبیب محەمەد کەریم، شاخەوان نامق، محەمەد سەعید خەفاف، سەمەد محەمەد کۆیی.

داواکاری گەلی کوردیان دیاری کرد لە پێش هەموویانەوە فیدراڵییەتی سیاسی نەتەوەیی بۆ گەلی کورد لە کوردستانی عێراق، کە پێك هاتووە لە سلێمانی و هەولێر و دهۆك و کەرکووك و ناوچە کوردییەکانی پارێزگای موسڵ و دیالە، لە ڕۆژی: (١٩٦٣/٣/٣٠) شاندی کورد گەیشتنە بەغدا، بۆ ماوەی زیاتر لە (٨) ڕۆژ گفوگۆکرا ناوە ناوەش شاندی حکوومەت و حیزبی بەعس دەهاتنە کۆیە بۆ قسەکردن لەگەل خودی بارزانی نەمر، لە ڕۆژی: (١٩٦٣/٤/٢) مام جەلال کە سەرۆکی وەفدی کوردی بوو لە بەغدا داوای لە وەفدی بەعسییەکان کرد، کە دان بنێن بە فیدرالیەتی سیاسی و نەتەوەیی بۆ کوردستان، بەڵام بەعسییەکان قەبووڵیان نەکرد، هەرچەندە ڕێککەوتن بەدەست نەهات شاندی کورد بەندکران و شەڕ دەستی پێکردەوە بە هاندانی نەتەوەپەرست و شۆڤێنییە عەرەبەکان، بەڵام لەم قۆناغە هەستیار و ناسکەدا پارتی دیموکرتی کوردستان سەرکردایەتی شۆرشی کوردان و مۆدێرنانە ڕەفتاری کرد، پلەی هەرە نزمی داواکاری کوردی چەسپاند بەدەنگی کۆنگرە، کە بریتی بوو لە ئۆتۆنۆمی سیاسی و نەتەوەیی.

دەبوایە ئێمەی کورد لەپاش ڕووخانی سەدام حوسێن، لەم نەخشەڕێگایە کەمتر قەبووڵ نەکەین، ئەگەر زیاترمان بۆ ناکرێت، بۆیە دەبێ کورد پێدا بگرێ لەسەر مافە ڕەواکانی گەلی کورد لە چوارچێوەی دەوڵەتێکی ئیتیحادی فیدراڵی دیموکراسی ڕاستەقینە، کە بریتی بێت لە دوو فیدراڵییەتی سیاسی بۆ گەلی کورد و گەلی عەرەب،

نەك وەك لە دەستووری عێراقدا هاتووە، کە دەڵێت فیدراڵییەتی لامەرکەزی بۆ هەموو پارێزگاکانی عێراق بە کوردستانیشەوە، شەرەفی کوردایەتی و بەرپرسیاری بەرامبەر میللەتی کورد و وەفاداری بۆ خوێنی شەهیدان و مێژووی جوولانەوەی ڕزگاری کوردستان لێمان قەبووڵ ناکەن، پاش (٥٠) ساڵ لە خەبات و ماڵوێرانی و خوێنڕشتن و کیمیاباران و ئەنفال و سەدەها گۆڕی زیندە بەچاڵی کورد و فرۆشتنی پەپوولە جوانەکانی کورد (کچەکانمان) بە داوێن پیسەکانی وڵاتە عەرەبییەکان، لێمان قەبووڵ ناکەن پاشەکشە بکەین بۆ دواوە و بۆ هەندێ دەستکەوت و پلەو پایەی پووچەڵ و تەمەن کورت، کوردایەتیمان لەبیربچێتەوە. لێرەشدا ناتوانم باز بەسەر ئەو هەڤاڵ و کادیرانەی پارتی دیموکراتی کوردستاندا بدەم، کە بەشەونخوونی و ماندوونەناسی خۆیان بۆ ماوەی (٢٠) ڕۆژی ڕەبەق وەك شانە هەنگ، بۆ سەرخستنی کۆنگرە نیشتیمانییە کوردستانییەکەی کۆیە، کاریان کرد، بۆیە زۆر قەرزار و شەرمەزاری ئەو هەڤاڵانەم وەك: (تاهیر عەزیز، حەمە بکرەز، د. خالید سەعید، مامە ڕووتە، مەحموداغا حەمیداغا کاك هوشیار زیاد، شێخ حەمید سەدرەدین، محەمەد عەلی نوورەدین ئەمجەد نوورەدین، قارەمان شەوکەت، عومەر کەریم، ئارام عەبدولڕەحمان، عەلی حەوێز، کاك مەزهەر، بابە کەریم، کەریم ڕەزا، محەمەد سادق، سدیق سادق، سەید ئیبراهیم، لەتیف نەجم، سەلیم سمایل ئاغا، کاکە حەمەی مەلا ئەحمەداغا، عەلی مام ڕەشید، کەریم سەلیم، فەتاح حەکیم، محەمەد شوان، عومەر سەعد، ڕزگار عەبدولڕەحمان ڕووتە، مامەند ساڵح ئاغا، خالید مام ڕەشید، واحید سەعید، شێرکۆ عومەر، دڵشاد عومەر، جەبار کەریم عباس و براکانی، وەستا نەجارەکانی (عومەر، سەعید، حەمەشەل، تاهیر ... دایك و برا و خوشکەکانم... تادوایی).

مامۆستا بەڕێزەکان مەجید نوورەدین، تاهیر سەعید، جەلال حەمەد، مامۆستا جەبار عەبدولکەریم حەنا صلێوە و عومەر کەریم، محەمەد عەلی شێخ نووری ، جەمال قادر و واحید سەرسوور و مەلای تەتەر گۆمەشینی، بەکر عوسمان گۆمەشینی ...

بە پێی هەموو دەق و یاساکانی ئاسمانی و سەر زەوی، گەلی کورد مافی تەواوی خۆی هەیە، ئازادانە وەك هەموو ئەو دەوڵەتانەی جیهان، دەوڵەتی سەربەخۆی خۆی هەبێت، کە هەندێکیان نیو هێندەی گەلی کورد و کوردستان نابن و قەت قەتیش ئەوەندەی کورد شەهید و کەم ئەندام و دەربەدەری و ماڵوێرانی و کیمیاباران و

ئەنفاليان نەدیوە، بۆیە دەبێ ئەوانەی خۆیان بە کاربەدەستانی کوردستان دەزانن و ڕۆڵە دڵسۆزەکانی کوردستان و لەپێش هەموویانەوە پێشمەرگە قارەمانەکان، بە تایبەتیش هێزی کارگەر و خوێندەوار و خوێندکار و کاسبکاران بەنێر و مێ ژن و پیاو، باش بزانن، کە سیستەمی فیدراڵی سیاسی و قەومیش، کە ئێستاش بە دەستمان نەهێناوە بژاردەی یەکەمی گەلی کورد نین، بەڵکوو بژاردەی یەکەممان سەربەخۆیی کوردستان و دەوڵەتی سەربەخۆیە، ریفراندۆمەکەی ٢٠١٧/٩/٢٥ شاهیدە، بۆیە دەبێ لە هەموو ڕوویێکەوە لەئاستی ئەم بژاردەیەدا بین، مێژووش بە سەبر و زەبرە.
حاجی قادری کۆیی فەرموویەتی:

**بە شیر و قەڵەم دەوڵەت پایەدارە**
**ئەمن قەڵەمم هەیە شیر نادیارە**

**پارێزەر**
**کمال محی الدین اسعد**

# مام جەلال لە پۆستی سەرۆك کۆمار زۆر گەورەترە

ئەگەر بمانەوێ ناسنامەی کەسایەتی سیاسی و کۆمەڵایەتی هەر مرۆڤێك بزانین، دەبێ تەماشای ژیاننامە و مێژووی کردارەکانی بکەین، لەگەڵ هەڵسەنگاندنی خووڕەوشت و خەسڵەتەکانی، جا بۆیە باسکردنی ناسنامەی پێشمەرگە دێرینە ئازا و بەوەفاکەی کوردستان، "مام جەلال" کارێکی وا ئاسان و بەردەست نییە.

باسەکەمان لێرەدا ئەوەیە، ئایا پۆستی سەرۆك کۆماری عێراقی مام جەلال گەورەتر دەکات یانەخۆ مام جەلال خودی خۆی ئەم پۆستە گەورەتر دەکات؟؟ وەڵامی ئەم پرسیارە لەلایەن گەلی عێراقی یە پاش هەڵسەنگاندن و تێڕوانین و نرخاندنیان لە کار و کەسایەتی سەرۆك کۆمارەکەی پێش مام جەلال و پاش مام جەلال، چونکە مرۆڤ تا تاریکی نەبینێ نرخی ڕووناکی نازانێ.

بۆ هەندێ دەوڵەمەندکردنی ئەم باسە پێویستە کورتەیەك لە ژیاننامە و کەسایەتی و خەباتی سەخت و دووروودرێژی ئەم پێشمەرگە و سەرکردە ژیر و چالاك و نەبەزەی کوردستان بزانین، کە بە درێژایی تەمەنی لە ساڵانی: (١٩٤٦–١٩٤٧) تا ئەمڕۆ بەبێ وەستان و پشوودان و خۆدزینەوە درێژەی بە خەباتی نیشتیمانی و کوردایەتی داوە، لەم ڕێگایە پیرۆزەشدا دەیان جار تووشی ئازار و دەربەدەری و برسییەتی و خۆشاردنەوە هاتووە، لەناو هەڤاڵەکانی بە دەست و دەم و دەروون پاکی ناسراو بووە، خۆم یەکێکم لەو کەسانەی، کە لە ساڵی: (١٩٥١)ەوە تا ئەمڕۆ ئاگاداری بەشی هەرە زۆری کار و کردەوە و هەڵوێستەکانیم، لە سەرەتای ژیانم کە لە پۆلی شەشی سەرەتایی بووم لە قوتابخانەی "ئولا"ی کۆیە لە ڕێگای مام جەلال کەوتمە ناو قەفەزی زێڕینی کوردایەتی لەگەڵ چەند خوێندکارێکی دیکەی هەمان قوتابخانە، ئێمە ناو بە ناو سەرکێشی و خۆ دزینەوەمان لە کۆبوونەوەکان دەکرد، بەڵام مام جەلال زۆر لە ئێمە ئازاتر و بە گیشتر و دڵسۆزتر بوو، سوور بوو لەسەر کارەکەی بۆ فێرکردن و پێگەیاندنمان بە گیانی کوردایەتی، تا وای لێهات هەفتانە لە ماڵەکەی خۆیان وانەی سیاسی و کوردایەتی پێ دەداین و ئامۆژگاری دەکردین بۆ خوێندن و یەکێتی و برایەتی لەناو خۆمان، ئەو برادەرانەی لە وانەکان ئامادەدەبوون: کاك جەمال تاهیر و عومەر کەریم و سدیق سادق و بابە کەریم سەدرەدین و کەریم ڕەزا و محەمەد کەریم و خۆشم ...، کە هەندێکیان لە ژیاندا ماون.

ئەمە جگە لە چەند گرووپێکی دیکە، کـە لـە ئێمـە بـە تەمـەنتر بـوون، وەك: سـەید ئیبراهیم، خالید سەعید عومەر سەعد، محەمەد شوان، محەمەد سادق، مەولود ڕەسووڵ، لەوکاتە ناسکەدا، کە "حیزبی شـیوعی و تحـرر" نکۆڵیـان لـە مـافی چارەنووسـی کـورد دەکـرد و لـە بـوونی ڕێکخـراوە دیموکراتییـەکانی کوردسـتاندا، مـام جـەلال گـەورەترین قوتابخانەی کوردایـەتی بـوو لـە هـەموو کوردسـتان و ئەنـدامێکی ژیـر و چـالاکی پـارتی دیمـوکراتی کـورد بـوو، لـە سـەرەتای پـەنجاکان تـا لـە سـاڵی: (١٩٥٣) بـووە ئەنـدامی کۆمیتەی ناوەندی پارتی، لە ساڵی: (١٩٥٩) بڕوانامەی لیسانسی لـە زانکۆی"مـاف" لـە بەغـدا وەرگـرت، پاشـان بـوو بـە ئەفسـەری یـەدەگ "احتیـاط" لـە بەشـی زریپـۆش "مدرعات"، لەهەمان ساڵدا سەرپەرشتی ڕۆژنامەی خەباتی دەکرد، هەر لەم سـاڵانە بـوو بە ئەندامی مەکتەبی سیاسی، وا بزانم لـە سـاڵی: (١٩٥٥)، مـام جـەلال بـە نوێنەرایـەتی لاوانی کوردستان لە وارشۆی پایتەختی پۆڵەندا بەشداری کۆنگرەی لاوانی جیهانی کـرد، هەر لەم گەشتەی توانی بچێتە ڕووسیا و پاش هەوڵ و تەقەللایەکی زۆر توانی چـاوی بـە سـەرۆك بـارزانی نـەمر بکـەوێت و ڕەوشـی کوردسـتان و پلانـی کارکردنیـان باسـکرد و سوودێکی زۆری بە پارتی گەیاند، ئەوەی بـاش لەبیرمـە مـام جـەلال لـەو سـەفەرەی بـە پاسەپۆرتی کاك جەمیل شەرەف ڕۆیشت، لەوکاتـەدا کـاك جـەمیل خوێنـدکاری کۆلێـژی ئەندازیاری بوو لە بەغدا، بەڵام لەبەرئەوەی لە تاقیکردنەوەکاندا کەوتبوو، بۆیە هاتبۆوە کۆیە و لە گوندی نازەنین دەیخوێند، خۆم و دکتۆر خالید سەعید بە ڕاکـردن بـۆ مـاوەی پێنج سەعات لەسەر بڕیاری پارتی چووینە گونـدی نـازەنین و پاسـەپۆرتەکەمان هێنـا و ناردمان بۆ کاك عـەلی عەبـدوڵڵا لـە هـەولێر و ئـەویش نـاردی بـۆ بەغـدا و مـام جـەلالیان ڕەوانەی وارشۆ کرد.

لــە ســەرەتای شۆڕشــی ئــەیلوول، بــوو بــە پێشــمەرگە و بــە هــەموو پلــەکانی پێشمەرگایەتی تێپەڕی تا بوو بە ئامر هێزی خەبات لەناوچەی قـەرەداغ، دوایـی بـوو بـە لێپرسراوی یەکەمی پێشمەرگە، لەکاتێکدا پێشمەرگەکانی کوردستان لەوپەڕی هەژاری و بـێ پـارە و پـوول و خواردەمـەنی و تەقەمەنیـدابوون، زۆر لـە سـەرکردەکان بیریـان لـە ڕاکردن دەکردەوە، بەڕێز مام جەلال لەگەڵ دکتۆر خالیـد بـە هاوکـاری لیژنـەی ناوچـەی کۆیە و دەستپێشخەری هەڤاڵ جەمال تاهیر و لەتیف نـەجم و سـەلیم ئاغـای ئیسـماعیل ئاغا و غەفوور محێدین، توانیان پلانی دەست بەسەرداگرتنی (٣٣٠٠٠) سی و سێ هـەزار

دینارەکەی خەزێنەی شاری کۆیەدا بگرن لەنزیك گوندی پیرەر لەنێوان کۆیە و هەولێر، لەم کاتەدا ئەم پارەیە نرخێکی زۆر زۆری هەبوو، هەربۆیە بوو بەهۆی ژیانەوەی هەموو شۆڕش و بنکەکانی پێشمەرگە لە بارزانەوە تا کفری و خانەقین.

مام جەلال لە سەرەتای ساڵی: (١٩٦٣) پاش کودەتای بەعسییەکان، بوو بە سەرۆکی لیژنەی گفتوگۆ "مفاوضات" لەگەڵ حکوومەتی بەعس، لەم کارەیدا ڕۆڵی سەرکردایەتی خۆی سەلماند بە هەموو دۆست و نەیارەکانی، هەر لەم کاتەدا لەگەڵ وەفدی عێراقی بە یاوەری پیاوە دڵسۆز و مەزنەکەی کوردستان خوالێخۆشبوو کاك فوئاد عارفی هەمیشە زیندوو، سەردانی میسری کرد.

لە ڕۆژە ڕەشەکانی مێژووی کوردستان، واتا کاتی شەڕی ناوخۆ لە سەرەتای ساڵی: (١٩٦٤) چەند جار بارزانی نەمر داوای لە مام جەلال کرد، کە ببێتە سکرتێری پارتی دیموکراتی کوردستان، بەڵام لەبەر وەفاداری خۆی لەگەڵ هەڤاڵەکانی نەیتوانی ئەو پلەوپایە گەورانە قەبووڵ بکات.

پاش کۆتایی شەڕی ناوخۆ، لە ساڵی: (١٩٧٢)، مام جەلال چووە سووریا و لوبنان و لیبیا، وەك نوێنەری شۆڕش و بارزانی، پەیوەندی بەهێزکرد لەگەڵ وڵاتانی عەرەبی و هێزە پێشکەوتووەکانیان تا بەستنی پەیمانە گڵاوەکەی جەزائیر لەنێوان سەدام حوسێن و شاهی ئێران بە یارمەتی وڵاتانی جەزائیر و میسر، کە ئەنجامەکەی بڵاوەپێکردنی پێشمەرگەی کوردستان بوو لەگەڵ داخستنی هەموو سنوورەکانی کوردستانی عێراق لەگەڵ وڵاتانی دەرەوە، بەمجۆرە شۆڕشی کوردیان خامۆش کرد، لەم ڕۆژە ڕەش و ناسك و دژوار و بێ ئومێدییەی خەڵکی کوردستان، مام جەلال لە شام "سووریا" و شەهیدان کاك"عومەر دەبابە و ئیبراهیم ئەحمەد و عەلی عەسکەری، د. خالید و هەڤاڵان حەمەی فەرەج و فەوزی ڕەشید نامیق و عەبدولڕەحمان ڕووتە و جەمال ئاغا و بەکر عەلی نەجمەدین گلی و نورەدین عەبدولڕەحمان و کەمال محێدین و چەند هەڤالێکی دیکە، کە هەموویان لە کوردستانی ئێران بەیەك دەنگ خامۆشکردنی شۆڕش و خۆبەدەستەوە دان و بێ ئومێدیان ڕەتکردەوە، کەوتنە پەیوەندی کردن و جموجۆڵی شۆڕشگێڕانە، مام جەلال پەیتا پەیتا نووسراوی گەرم و گوڕ و پڕ لە ئومێدی دەنارد بۆ کاك عومەر دەبابە و کاك عەلی عەسکەری و د. خالید، بۆ پەلەکردن بۆ چوونەوە شاخ و داگیرساندنی ئاگری شۆڕشی نوێ، بەمجۆرە هەڤاڵان کاك عومەر دەبابە و عەلی

عەسکەری و د. خالید، کە دوورخرابوونەوە بۆ خوارووی عێراق ڕایان کرد و چوونە ناوچەکانی حاجی ئۆمەران و خۆشناوەتی و ناوچەی پیرەمەگروون و سەرگەڵوو و شەدەلە، لە هەفتەی یەکەم سەدەها پێشمەرگەی دێرین و ئەندامانی پارتی بەرەو پیلی ئەو هەڤاڵانە چوون و چەك و یارمەتیان بۆ ناردن، بەمجۆرە شۆڕشی تازە دەستی پێکرد و پاش ماوەیەك مام جەلالیش گەڕایەوە کوردستان و مەفرەزەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانیش خۆیان گەیاندە بارەگای سەرەکی شۆڕش و مام جەلالیش، کە لەگەڵ هەڤاڵان کاك "د. کەمال فوئاد و عومەر شێخ مووس و عەبدولرەزاق فەیلی و عادل موراد و د. فوئاد مەعسوم"، بەردی بناغەی دروستکردنی یەکێتیی نیشتیمانی کوردستانیان دانابوو، گەڕانەوە کوردستان و نەعرەتەی شۆڕش لە هەموو کوردستان دەنگی دایەوە بە سەرۆکایەتی بەڕێز مام جەلال، بەمجۆرە گیانی لەخۆبووردن و شۆڕشگێڕی و وڵاتپارێزی گەڕایەوە ناو کوردستان و کوردەکانی هەندەران، مام جەلال ئەگەر ڕێکخەر و داهێنەری کۆبوونەوە و کۆنگرەکانی پاریس و لەندەن و ئەنقەرە و واشینگتۆن و سووریا و قاهیرە و ... نەبووبێت، ئەوا بێگومان ڕۆڵی سەرەکی هەبوو لە ئاراستەکردنی ئەم کۆبوونەوانە لەپێناو ڕووخاندنی ڕژێمی دیکتاتۆری سەدام و داهێنانی حکومەتێکی دیموکرات و فیدراڵی ڕاستەقینە، کە هەموو مافە دیموکراتییەکانی گەلی کورد و گەلی عەرەب و نەتەوەکانی دیکەی تێدا بێتە بەرهەم.

کاتێك حکومەتی دیکتاتۆری سەدام، لە ڕۆژی: (٩-٤-٢٠٠٣)،بە هاوکاری هێزەکانی هاوپەیمانی و پێشمەرگە نەبەزەکانی کوردستان ڕووخا و پەیکەرەکەی سەدامی دیکتاتۆر ڕووخێنرا و دواتر "ئەنجوومەنی دەسەڵاتداری" لە بەغدا بە سەرپەرشتی نوێنەری نەتەوە یەکگرتووەکان دروست کرا، مام جەلال بوو بە ئەندامی ئەم ئەنجوومەنە و بۆ ماوەی یەك مانگیش بوو بە سەرۆکی ئەنجوومەنەکە، لە ڕۆژی: (٢٩-٤-٢٠٠٤)، مام جەلال گەورەترین دانیشتنی ئەنجوومەنەکەی بەڕێوە برد بۆ چەسپانی کوردستانییەتی کەرکوك بە پێی دیکۆمێنتە نێودەوڵەتییەکان، کە لە هەموو جیهان دەنگی دایەوە، بۆیە هەتا هەتایە کورد قەرزارییەتی.

لە ساڵی: (٢٠٠٥)، مام جەلال بوو بە ئەندامی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق، هەر لەم ئەنجوومەنە بە زۆرینەی دەنگ بە سەرۆك کۆماری عێراق بۆ ماوەی چوار ساڵ هەڵبژێردرا.

مام جەلال پاش ڕووخانی سەدام لەگەڵ کاك نەوشیروان و ئەندامانی مەکتەبی سیاسی یەکێتیی نیشتیمانی کوردستان، گەیشتە بەغدا، کە زۆر بەگەرمییەوە لە نزیك شارۆچکەی خالص لەلایەن لێپرسراوی ڕێکخستنە نهێنییەکانی بەغدا هەڤاڵ کەمال محێدین و ژمارەیەکی زۆر لە ئەندام و هەوادارانی یەکێتی و کوردەواری پێشوازییان لێ کرا.

لە دووەم ڕۆژی گەیشتنی بۆ بەغدا مام جەلال دەستی کرد بە پێشوازی و بینینی هێز و پارتە سیاسییەکانی عێراق، کە زۆربەیان لە بەغدا بوون، بۆ دارشتنی دوارۆژێکی ڕووناك و تووندوتۆڵ لە عێراق، بیروبۆچوونی لەگەڵ ئاڵوگۆڕ دەکردن.

لە ماوەی چوار ساڵی ڕابردوو، واتا ماوەی سەرۆك کۆماری عێراق، مام جەلال توانی هەموو گرێکوێرەکانی سەر گۆڕەپانی سیاسی عێراق بکاتەوە، بۆ ڕێگا خۆشکردن و نزیکبوونەوەی هێز و لایەنە سیاسییە گرژ و بێ ئەزموونەکان، لەهەمان کاتدا بەچاوێکی عێراقییانە و دۆستانە و براگەورەیی، بەبێ جیاوازی ڕەگەز و ئایین و بیروباوەڕ لە سەرانسەری عێراق، ڕەفتاری لەگەڵ پارت و لایەنە سیاسییەکان کردووە، لەهەمان کات وەکوو ڕابەری کوردایەتی لە هەماهەنگی و یارمەتیدانی پارت و لایەنە سیاسی و کەسایەتییەکانی کوردستانی تورکیا و ئێران و سووریا و هەندەران درێغی نەکردووە و ناشیکات.

مام جەلال ڕۆڵێکی یەکجار گەورە و کاریگەری هەبووە لە تێ گەیاندن و سەلماندنی حیزبی شیوعی عێراقی و حیزبی بەعس و حەرەکەی ئیشتیراکی عەرەبی و حیزبی وەتەنی دیموکراتی و کەسایەتی عەرەب وەك شاعیری گەورەی عەرەب "محەمەد مەهدی جەواهیری و کامل جادرچی و حوسێن جەمیل و عەبدولفەتاح ئیبراهیم و فوئاد ڕکابی و سەلام ئەحمەد و عەبدولئیلاه نەسراوی و عەبدوڵڵا سەلوم و حازم جەواد و عەلی سالح سەعدی و نەسیر جادرچی و ڕەئوف دیبس و هاشم ئەلشبلی و ...تاد"بە ڕاست و ڕەوایی مافە ڕاستەقینەکانی گەلی کورد، بگاتە دوا مەنزل و هەناسەیەکی بێتەوە بەر.

مام جەلال لە ماوەی چوار ساڵی سەرۆکایەتی کۆماری، هەموو دەسەڵاتەکانی خۆی بۆ یارمەتیدانی پارت و کەسایەتییە نیشتیمانپەروەرەکانی عێراق و خێزان و کەسوکاری خوالێخۆشبووەکان، بەکارهێناوە بە دابینکردنی خانوو یا مانگانە یا دۆزینەوەی کار بۆیان.

له سایەی زیرەکی و مرۆڤدۆستی و ئاشتی پەرستی و دیموکراتخوازی خۆی، ئێستا مام جەلال جێگری سەرۆکی یەکێتیی سۆشیالیستەکانی ئەوروپایە، دیسان بەهۆی کەسایەتی مام جەلال یەکێتیی نیشتیمانی کوردستان بوو بە ئەندامی کارای سۆشیال دیموکراتەکانی ئەورووپا، مام جەلال لە دۆستە هەرە نزیکەکانی گەورە لێپرسراوانی چین و فەرەنسا و ئیتاڵیا و ئەمریکا و میسر و لیبیا و تورکیا و ئێرانە.

مام جەلال دۆست و هاوپەیمانی سەرۆکی هەرێمی کوردستانە، جەنابی کاک مەسعوود بارزانی برا گەورە و خۆشەویستی ئەندام و لێپرسراوی پارتە سیاسییەکانی کوردستانە.

لەگەڵ هەموو ئەم ڕەوشت باشی و جوامێری و کەسایەتییەی باسمان کرد لەسەر مام جەلال هێشتا دڵۆپێکە لە دەریایەك، نابێ و ناکرێت بە چەند لاپەڕەیەك مام جەلال پێناسە بکرێت، مام جەلال دیاری پەروەردگارە بۆ کورد و کوردستان، کە تا ئەمڕۆش تاکە ئەستێرە گەشەکەی ئاسمانی کوردستانە، تاکە سەرۆکە بەتوانا و لێهاتووەکەی عێراقی دیموکرات لەگەڵ هەموو ئەو ڕاستییانەی سەرەوە لەژێر فشاری کاری زۆر و تەمەنی درێژ و تەندروستی نەگونجاو و ململانێی ئەولاو ئەملا، زۆر جار ڕەخنە و گازاندەی جۆراوجۆر لە دۆست و نەیارەکانی ئاراستەی مام جەلال دەکرێت، چەندینجار باجی گەورەی کەوتۆتە سەر بە هۆی پۆت شکاندنی فلان و فلان، بەڵام بەهەرحاڵ بە هەموو کێشان و پێوەرێك تای تەرازووەکە پێمان دەڵێت: تا ئەمڕۆ هەبێ و نەبێ مام جەلالە، لەگەڵ ئەوەش دیاردەکە زۆر گرانە، واتا ئەوەیە مام جەلال، کە بە کورسی سەرۆك کۆماری گەورەتر نەبووە و گەورەتریش نابێت، بەڵکوو کورسییەکەی سەرۆك کۆماری بەم پیاوە مەزنە، بەم بلیمەتە، بەم ئازا و دڵسۆزە، بەم دەست و دەم و دەروون پاکە، بەم نیشتیمانپەروەر و مرۆڤدۆست و دیموکراتخوازە، گەورە دەبێت بە هەڵسەنگاندنی کردارەکانی سەرۆك کۆمارەکەی پێش مام جەلال و پاش مام جەلالیش ئەم ڕاستیانە دەردەکەون، چونکە تا تاریکی نەبینین نرخی ڕووناکی نازانین.

گرنگ نییە مام جەلال یا یەکێکی دیکە کورد بێت یا عەرەب یا تورکمان یا مەسیحی ببێتە سەرۆك کۆمار، چونکە هەموویان عێراقین، بەڵکوو گرنگ ئەوەیە یەکێکی وەك مام جەلال یا باشتر ببێتە سەرۆك کۆماری عێراقی، بۆئەوەی بتوانێ کورسییەکە گەورە بکات، نەك چاوەڕوانی ئەوە بێت کورسییەکە سەرۆك کۆمارەکە گەورە بکات.

بـۆ کاندیدکردنــەوەی بــەڕێز مــام جــەلال ڕاوبۆچــوونی جیــا جیــا هەیــە، بــەپێی بەرژەوەندییە جیا جیاکان لەناوەوە و دەرەوەی وڵات، بۆ نموونە:

١. ئەمریکییەکان پێیان خۆشە مام جەلال کاندید بکرێتەوە، بۆئەوەی هیچ لایـەنێك لــە شــیعە و ســوننە زۆر بــەهێز نــەبن کــوردیش بــە مەترســی نــازانن لەســەر بەرژەوەندییەکانیانەوە، مام جەلالیش بە دۆستی خۆیان دەزانن تا ڕادەیەك، بە مـەرجێ زیانی نەبێت بۆ ئەمریکا.

٢. وڵاتانی ئەورووپا بە تایبەتی ئیشتراکیەی دەوڵی پێیان باشە مـام جـەلال کاندیـد بکرێتەوە، بەڵام مێژووی سەلاحەدینی ئەیوبییان لەبیر نەچۆتەوە.

٣. وڵاتانی عەرەبی پێیان باش نییە نەك مـام جـەلال، بـەڵکوو هـیچ کوردێـك ببێتـە سەرۆك کۆماری عێراق.

٤. ئێران لە بەرژەوەندیی خۆی نـابینێ عـەرەبێکی سـوننی ببێتـە سـەرۆك کۆمـار، بۆیە مام جەلالی پێ باشە.

٥. تورکیا نایەوێ هیچ کوردێك پۆستی گـەورەی لـە عێراقـی دیمـوکرات هـەبێ، جـا چۆن مام جەلالی پێ باشە.

٦. پارتە سوننەکانی عـەرەب هـەموویان نایانـەوێ نـەك مـام جـەلال، بـەڵکوو هـیچ کوردێـك ببێتـە سـەرۆك کۆمـاری عێراقـی دیمـوکرات و وتـەکانی تـاریق هـاشمی قسـەی هەموویانە.

٧. پارتە شیعەکان پێیـان خۆشـە مـام جـەلال کاندیـد بکرێتـەوە، نـەوەك یـەکێکی عەرەبی سوننە.

٨. هەموو پارتە کوردستانییەکان پێیان خۆشە مام جەلال کاندیـد بکرێتـەوە، هـەر یەکە لەبەر قازانج و سوودی تایبەتی خۆیان، تەنانـەت هەنـدێ پـارت و کەسـایەتی وڵات پێیان خۆشە مام جەلال ببێتـەوە سـەرۆك کۆمـار، نـەك بـۆ بەرژەوەنـدیی مـام جـەلال و یەکێتیی نیشتیمانی کوردستان و کورد و عێراقی، بەڵکوو بۆ دژی ئەوانە هەموویان، واتـا کاندیدکردنــەوە و نەکردنــەوەی مــام جــەلال بــۆ پۆســتی ســەرۆك کۆمــاری لەخۆیــەوە داستانێکی هەمە لایەنە و ئەگەرێکی ترسناك و ڕووداوێکی مێژوویی گـەلێك گرنگـە، بۆیـە نابێ ئێمەی کورد و یەکێتیی نیشتیمانی کوردستان و خودی مام جەلالیش، هەروەها بـە ئاسانی لەم داستانە بڕوانین، چـونکە دوژمنمـان زۆرە تـەنیا خۆمـان دۆسـتی خۆمـانین،

ڕەنگە لەناو ماڵی خۆمان نەیارەکانمان بنکۆڵمان بکەن بە قسە و هەڵوێستی چەور و نەرم، بۆیە دەبێ زۆر بە وردی و هەمە لایەنە بیر لە کاندیدکردنەوەی مام جەلال بکەینەوە، تاکە پێوەریش بۆ ئەم بیرکردنەوە و ئەو بڕیارە تەنیا بەرژەوەندیی گەلی کورد و یەکێتیی نیشتیمانی کوردستانە، بێگومان پاراستنی تەندروستی بەڕێز مام جەلالیش یەکێکە لەو بەرژەوەندییانە، واتا بۆ ئەم بڕیارە دەبێ بگەڕێینەوە بۆ ئەو چوار ساڵەی ڕابردووی مام جەلال لە ژیانی سەرۆکایەتی کۆماری عێراقی فیدراڵ بە تێڕوانینی ئەم خاڵانەی خوارەوە، کە بە سوودی کورد تەواو بوونە:

١. بوونی مام جەلال بە سەرۆک کۆماری عێراقی ئەو هێڵە سوورە دڕکاوییەی بەزاند، کە دەیانگوت نابێ کورد ببێت بە سەرۆک کۆماری عێراقی.

٢. سەرەڕای دەسەڵاتە لاوازەکانی سەرۆک کۆمار لە دەستوور، مام جەلال توانی لە ئاستی ناوەوە و دەرەوەی وڵات بە هەموو لایەنەکانی جیهان بسەلمێنێ، کە کورد و ڕۆڵەکانی کورد شایستەی لێهاتوویی سەرکردایەتی وڵاتەکەیانن.

٣. لەو ماوەیە مام جەلال وەك سەرۆك کۆماری عێراق گەیشتە هەموو ناوەندەکانی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و سەربازی و کولتووری جیهان، لەم شوێنە گرنگانە ڕاستی و دادپەروەری ئەزموونە دیموکرات و فیدراڵەکەی عێراقی بە هەمووان سەلماند، واتا ئەگەر سەرۆك کۆمار نەبا نەدەگەیشتە ئەم ناوەندانە.

٤. لەو ماوەیە مام جەلال وەك فلتەرێکی کارا و بەهێز ڕێگای نەداوە هیچ یاسا و بڕیارێك دژی دیموکراتییەت و فیدراڵییەت و دەستوور بدرێت، بۆیە هەموو پیلانەکانی پووچەڵ کردۆتەوە.

٥. لەو ماوەیە مام جەلال بڕشت و جێی پەنجەکانی زۆر بەرچاوە بۆ وەدەستهێنان و پاراستن و فراوانکردنی مافە ڕەواکانی گەلی عێراقی و دیموکراتی ڕاستەقینە.

٦. وەك چاودێرێکی کوردی عێراقی و سەرۆك کۆماری عێراقی لە دوور و نزیك پاسەوانێکی دڵسۆز و نەترسی شارەزا بووە بەرامبەر بە دەستکەوتەکانی گەلی کورد لەهەموو پارچەکانی کوردستان.

٧. هەموو دەسەڵاتەکانی خۆی بۆ یارمەتی هەژار و نەخۆش و لێقەوماوانی عێراقی بەکار هێناوە، هەمیشە پاڵپشتی نیشتیمانپەروەرە دێرینەکانی وڵات بووە و یارمەتی بێ سنووری ڕێکخراوە دیموکراتی و مەدەنییەکانی داوە و پارێزەری مافی مرۆڤ بووە، بە

تایبەتی مافی ئافرەتان.

لێرەدا نابێ ئەوەمان لەبیر بچێت مام جەلال هەرچەندە بەتوانا و کارا و ئازا و ژیر و چالاکە، بەڵام بەهۆی پۆستی سەرۆکایەتی تا ڕادەیەك لە کوردستان و یەکێتیی نیشتیمانی کوردستان دوورکەوتەوە و هەموومان تا ڕادەیەك لە توانا و ڕێنمایی و دەستخۆشی و لێپرسینەوەکانی بێبەش بووین و تا ڕادەیەك زیانێکی سیاسی و حیزبایەتی گەورەمان پێ کەوتووە، وەك هەموو لایەك لەناو یەکێتیی نیشتیمانی کوردستان هەستی پێ دەکەن.

مام جەلال لە ماوەی چوار ساڵی ڕابردوو لە ژیانی سەرۆکایەتی کۆماری عێراقی، لە مەیدانی یارییە سیاسییەکەدا، گۆڵێکی گەورەی بۆ خۆی و گەلی کورد و یەکێتیی نیشتیمانی و عێراق تۆمارکرد، بۆیە ئەمجارە دەبێ بە حیسابێکی دیکە و بیرکردنەوەیەکی فراوانتر و قووڵتر بیر لە کاندیدکردنەوەی مام جەلال بۆ پۆستی سەرۆك کۆماری عێراقی بکەینەوە.

کەس ناتوانێ نکۆڵی لەوە بکات کە بوونی مام جەلال بە سەرۆك کۆمار دەستکەوتێکی زۆر گرنگ و گەورەیە بۆ هەموو عێراقییەکان، بە تایبەتیش بۆ گەلی کورد و یەکێتیی نیشتیمانی عێراق، بە مەرجێك دەسەڵاتەکانی دیار و بەسەنگ بن، نەك بیکەن بە پاڵسەنگی تەرازووی نێوان لایەنە سیاسییەکانی عێراق و وڵاتانی دەوروبەر و ئەمریکا و ئەورووپا.

نابێ باج و نرخی ئەم کاندیدکردنەوە زۆر قورس و گران بێت، نابێ لەسەر حیسابی مافی چارەنووسی گەلی کورد بێت، نابێت لەسەر ئارەزووی تایبەتی بێگانەکان بێت، نابێ لەگەڵ دوژمنە سەرسەختەکانی کورد ڕێك بکەوین بە بیانووی دانی پۆستی سەرۆك کۆماری بە کورد، چەندین جار بە نووسین گوتوومە: نابێ هاوکاری و ڕێککەوتن لەگەڵ ئەو لایەن و کەسانە بکەین، کە تا ئێستا ڕژێمی دیکتاتۆری سەدام و ئەنفال و کیمیاباران و کاولکردنی کوردستانیان ڕیسوا و شەرمەزار نەکردووە. بەبێ دروستکردنی حکوومەتێکی کۆماری دیموکراسی فیداڵی ڕاستەقینە دوور لە بیروباوەڕی شۆڤێیەنی و تەسکی نەتەوایەتی و مەزهەبی، مومکین نییە هیچ بەڵێن و پلەوپایەك برینمان ساڕێژبکات، بۆ نموونە: ئەو بەڵێن و پاکانە و ڕێککەوتن و لێکترازانە و بادانەوانە، کە ڕۆژانە بۆ ماوەی (٨) مانگ زیاترە پارتە سیاسییەکانی عەرەب لەناو خۆیان بەکاری

دێنن بەبێ ئەنجام، واتا دەبێ لەگەڵ ئێمەی کوردی بێ پشت و پەنا چۆن ڕەفتاربکەن، بۆیە دووبارەی دەکەمەوە پلەوپایەی زۆر بەرزیش بۆ کورد بەبێ چەسپاندنی فیدراڵییەتی سیاسی و نەتەوەیی بۆ کوردستانی عێراقی هەمیشە بێ نرخ و بێ سوودە و هەر زوو بەزوو دەپووکێتەوە و دەستمان لە بنی هەمبانەکە دێتە دەرەوە و بەبێ دەستکەوتە ڕەواکانمان و دەبێ دەستە و ئەژنۆ چاوەڕوانی هیممەتی خوا و چاك و پیران بین، کە ئەمەش چارەنووسی نەفام و بێکار و بێ دەسەڵاتانە.

چۆن دەبێت ئێمەی گەلی کورد، کە خاوەنی (٥٦) پەنجا و شەش کورسین لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق، چۆن دەبێ هەڵوێست و دەنگ و ڕەنگ و قورساییمان نەبێت لەسەر کاندیدکردن و هەڵبژاردنی سەرۆك وەزیرانی عێراقی و سەرۆکی پەرلەمان، بە تایبەتی لەم ڕۆژە ناسك و دژوارە، کە کێشەی کورد و چارەسەری بنەڕەتی لە عێراق لە دووڕیانی بوون و نەبوونە، بۆیە هێڵی سەوز و هێڵی سوور لەسەر فلان و فیسار مافی گەلی کوردە و بەکارهێنانیشی نیشانەی هەڵوێستی مەردانە و سەربڵندی و دڵسۆزییە بۆ گەلی عێراقی.

هەمووتان دەزانن کە بەڕێز د. ئەیاد عەللاوی سەرۆکی لیستی یەکەمی عێراقییە بۆ بەفرت و فێڵیش داخوازییەکانی کورد قەبووڵ ناکات، کە لە هەموو کاتێ زیاتر پێویستی بە دەنگی کوردە بۆ هاتنە سەر حوکم، واتا پاش دەسەڵات وەرگرتن دەبێ چۆن بێت، هەموومان بانگەوازە بێ سنوورە ژەهراوییەکانی "تاریق هاشمی و ساڵح موتڵەگ و شەهرستانی و نوجێفی و ئەیاد جەمالەدین و ...، کە لەدژی گەلی کورد و کوردستان و مافەکانمان لەبیرە، واتا بۆ هێڵی سوورمان نەبێت لەسەر ئەم دوژمنانەی گەلی کورد و مافەکانی، هێڵی سەوز و هێڵی سوور لە هەموو جیهان دیاردەیەکی هەمیشە و بەردەوامە تا ئەو ڕۆژەی گورگ و مەڕ پێکەوە ئاو دەخۆنەوە، هەر بۆیە دەبێ گەلی کورد و نوێنەرەکانمان لەجیاتی جارێك هەزار جار بیر لە دانانی هێڵی سوور بکەنەوە لەسەر ئەو کەسانەی، کە بیروباوەڕ و بەرژەوەندیی تەسك و شۆڤێنی خۆیان، ڕۆژانە بە جموجۆڵ و کرداری نهێنی و ئاشکرا دژی گەلی کورد، پیلان دەگێڕن و کۆسپ و تەگەرە دەخەنە پێشمان، تازەترین ئەو دوژمنکارییەش دواخستنی سەرژمێری گشتی و هەوڵدان بۆ لادانی بڕگەی نەتەوایەتی لە فۆڕمی هەڵبژاردن، بۆیە ئەو کوردەی دەڵێ هێڵی سوورمان نییە، ئەوە بیروبۆچوونی خۆیەتی و پرسی بە گەلی کورد و پەرلەمانی کوردستان

نەکردووە و ڕیفراندۆمیشی لەسەر نەکراوە، بۆیە دووبارەی دەکەمەوە، کە گەلی کورد زۆر جار ماران گاز بووە و بە قسەی چەور و شیرین و بەڵێنی گەرم و نەرم فریوی خواردووە، لەئەنجامدا پاش زەرەر و زیانێکی زۆر پەشیمان بۆتەوە، جا بۆئەوەی جارێکی دیکە پاش ئەو خەباتە دوورودرێژەی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان و پێشمەرگە و سەرکردە قارەمانەکان تووشی پەشیمانبوونەوە و زەرەر و زیان نەبینەوە و خوێنی شەهید و ئەنفالکراوەکانمان بەفیڕۆنەڕوات و کیمیاباران و کاولکردنی کوردستان بەبێ تۆڵەسەندنەوە نەڕوات، دەبێ ئەم خاڵە سەرەکیانە بکەینە چەکی دەستی خۆمان لە دانان و هاوبەشی حکوومەتی داهاتووی عێراقی و دیموکراتی ڕاستەقینە:

١. دەبێ داوا بکەین فیدراڵییەتی نەتەوایەتی و سیاسی بۆ گەلی کورد لە دەستووری عێراقی بچەسپێندرێ.

٢. دەبێ هێڵی سوور لەسەر هەموو ئەو کەس و لایەنە سیاسییانە دابنێین، کە تا ئێستا ڕژێمی سەدامی دیکتاتۆر و کیمیاباران و ئەنفال و کاولکردنی کوردستان شەرمەزار و ڕیسوا ناکەن.

٣. بەتاڵکردنەوەی هەموو ئەو بڕیار و یاسایانەی ڕژێمی سەدام حوسێن دەربارەی گۆڕینی سنووری پارێزگا و قەزا و ناحییەکانی کوردستان.

٤. قبووڵنەکردنی هیچ دواخستنێکی دیکە بۆ سەرژمێری گشتی بە بڕگەی نەتەوایەتییەوە.

٥. جێبەجێکردنی ماددەی (١٤٠) لە ماوەی یەك ساڵ، لە یەکەم ڕۆژی سوێندخواردنی سەرۆك کۆمار و سەرۆك وەزیرانی عێراقی.

٦. لەگەڵ داخوازییەکانی ئیئتیلافی کوردستانی.

٧. ئەم داخوازییانە دەبێ بە فۆڕمی فەرمی بنووسرێتەوە لەگەڵ ئەو لایەنانەی، کە لەگەڵیان ڕێك دەکەوین بۆ دروستکردنی حکوومەتی عێراقی فیدراڵ و دیموکراتی ڕاستەقینە، بەبێ ئەو مەرجانە هەموو قسە و بەڵێن و ڕووخۆشییەك بێ سوودە، هەر پلەوپایەك بدەنە کورد لەجیاتی ئەو مەرجانەی سەرەوە پەشیمانبوونەوەی لەدوایە، ئەگەر بەڕێز مام جەلالیش نەبێتەوە سەرۆك کۆماری عێراقی دیموکرات، نە دنیا تێك دەچێت و نە کوردستانیش وێران دەبێت، بەڵام ئەگەر فیدراڵییەتی سیاسی و نەتەوایەتی بۆ کوردستان و گەلی کورد نەچەسپێ لە دەستووری هەمیشەیی عێراقی

فیدراڵ و دیموکرات لەگەڵ داخوازییەکانی سەرەوە، ئەوا هەموو ئومێد و دەستکەوتەکانمان، کە لەپاش ڕووخانی ڕژێمی سەدام حوسێن تا ئەمڕۆ بەدەستمان هێناوە تووشی تەنگەژە و پووکانەوە دەبن و ڕیسەکانیشمان دەبنەوە بە خوری و پەشیمانبوونەوەش دادمان نادات و لێپرسراوەکانمان لە هەموو پارچەکانی کوردستاندا، دەکەونە ژێر لێپرسینەوە و زەحمەتی مێژوویی و نەتەوایەتی گەلی کورد.

باجی قورسی و گرانی دروستبوونی حکوومەتی عێراقی فیدراڵیش نابێ بە تەنیا بخرێتە سەر کورد و حیزبە کوردستانییەکان، هەرچەندە دروستبوونی ئەم حکوومەتە زۆر دەخایەنێ، ئەگەر دروستیش بێت، ئەوا لە ماوەی (٦) مانگ دەبێتە قوربانی لیستی عێراقییە و دەوڵەتی قانوون و بەرژەوەندیی وڵاتانی دراوسێ و هەندەران و مەترسییەکانی تیرۆر و ڕەشەکوژی، کۆنەپەرستەکان پەرەدەسێنن و دەستی جاش و جاسووس و پیاوەکانی سەدامی دیکتاتۆر گەیشتووەتە ناو هەندێ لەماڵ و حیزبەکانمان، ئەوەتا جەنابی نوجێفی بەرامبەر بەڕێز کاک مەسعوود بارزانی و بە ئامادەبوونی د. عەللاوی لە پیرمام نەهاتە سەر زوبانی بڵێ کوردستان، بەڵکوو لەجیاتی کوردستان گوتی: باکووری عێراق، واتا "شمال العراق"، ئایا بەمجۆرە کورد دڵنیا دەکرێت؟؟؟ دەبا فێڵ لە خۆمان نەکەین و سێبەری دارە خوارەکان قەت ڕاست نابن و تۆزیش لە قوڕ هەڵناستێت و تۆبەی گورگیش مەرگە، واتا ئەو شۆڤێنییە عەرەبە توندڕەوانەی تا ئێستا سەدام دەپەرستن و تاوانەکانی ڕیسوا ناکەن مافی کوردیش قەت پەسەند ناکەن، دەبا پێیان باوەڕ نەکەین.

ڕەنگە بەشی زوری لایەنە سیاسییەکان بە ناچاری یا بۆ بەرژەوەندیی جۆراوجۆر و مەترسیدار، بیانەوێ مام جەلال ببێتەوە بە سەرۆك کۆماری عێراقی فیدراڵی بۆ چوار ساڵی داهاتوو، کە زۆر لە چوار ساڵی ڕابردوو ئاڵۆز و دژوارتر دەبێت، ڕەنگە سەرۆك کۆمار و سەرۆك وەزیرانی داهاتووش نەتوانن ماوەی یەك ساڵ بەردەوام بن لەسەر کارەکانیان لەبەر دوژمنایەتی نێوان لایەنە سیاسییەکانی ناو پەرلەمانی عێراق، کەواتە فیدراڵییەتە سیاسی و نەتەوەییەکە گرنگترە لە پۆستی سەرۆك کۆمارە بێ دەسەڵاتەکە بۆ گەلی کورد.

کاندیدکردنەوەی بەڕێز مام جەلال بۆ سەرۆك کۆمار، دەبوایە مەرجی عەرەبەکان بوایە لەسەر کورد، نەك مەرجی کورد بێت لەسەر عەرەبەکان، چونکە عەرەبەکان لە

ئێمە زیاتر مام جەلال بە پێویست دەزانن بۆ خۆیان، لەبەرئەوەی تا ئێستا نەیانتوانیوە و ناشتوانن یەکێك دەستنیشان بکەن وەك مام جەلال بۆ سەرۆك کۆماری، جگە لە هەندێ دەستی دەرەکی، کە نایانەوێ بە هیچ جۆرێك عەرەبی سوننە ببێتە سەرۆك کۆمار، لەکاتێکدا سەرۆك وەزیران شیعە بێت.

پۆستی سەرۆك کۆماری ئەمجارە چەند دژوار و قورس و بێ دەسەڵاتە، ئەوەندەش زیانبەخشە لەسەر ژیان و تەندروستی هەڤاڵ مام جەلال و ڕاپەڕاندنی کار و فەرمانەکانی سەر شانی، بە تایبەتیش سەرکردایەتی یەکێتیی نیشتیمانی کوردستان.

لەبەر هەموو ئەو ڕاستیانەی باسمان کرد با بەڕێز مام جەلال نەکەین بە قوربانی بەرژەوەندییەکانی دوژمنانی گەلی کورد و نەیارەکانی یەکێتیی نیشتیمانی کوردستان، ئەگەر لەڕاستیشدا بەرژەوەندییەکانی گەل و نیشتیمانی عێراقی فیدراڵ، تەنیا لە کاندیدکردنی کوردێك بێت بۆ پۆستی سەرۆك کۆمار، دەبوایە پارتە کوردپەروەرەکانی کوردستان تێکڕا یەکێك هەڵبژێرن بۆ ئەم پۆستە لە شوێنی هەڤاڵ مام جەلال، کە بەم پۆستە بچووك دەبێتەوە، چونکە هیچ دەسەڵاتی نابێت لە بەڕێوەبردنی عێراقی نافیدراڵ.

بەهەرحاڵ بەڕێز مام جەلال دانرایەوە بە سەرۆك کۆماری عێراقی نافیدراڵ و دیموکرات پیرۆزی بێت، بەڵام مخابن بە دەسەڵاتێکی زۆر کەم و بە نرخێکی زۆر و گەورە و بە باجێکی قورس و دژوار و ترسناك و کەمکردنەوەی ژمارەی وەزیرەکانمان و بە گەڕانەوەی نەیارەکانی کورد و دیموکراسییەت و فیدراڵییەت بۆ پلەوپایە بەرز و دەسەڵاتدارەکانی دەوڵەت، کە بێگومان ئەمانە ئەزموونە دیموکراتییەکەمان پووچەڵ دەکەنەوە، بۆیە دواڕۆژێکی تاریك لە سەرانسەری عێراق و کوردستانیش چاوەڕوان دەکرێت، لەبەرئەوە بەخۆداچوونەوە کارێکی زۆر پێویست و نیشتیمانی و کوردایەتییە، بۆ پاراستنی کۆمارە دیموکراتییەکەمان تا کار لەکار نەترازاوە.

**پارێزەر**
**کەمەل محیەدین ئەسعەد**

## دەستوور لە ڕووی گۆڕانکاری و هەموارکردنەوەیی دوو جۆرە:

یەکەم: دەستووری وشك و چەقبەستوو (الدستور الجامد)، ئەم چەشنە دەستوورانە بە ئاسانی گۆڕانکاری و هەموارکردنەوەی بەسەردا ناکرێت، بەڵکوو زنجیرەیەك کۆسپ و مەرجی جۆراوجۆری بۆ دانراوە تا هەموار دەکرێتەوە یا گۆڕانکاری بەسەردا بهێنرێت.

دووەم: دەستووری نەرم (المرن)، ئەم چەشنە دەستوورانە گۆڕانکاری و هەموارکردنیان سووك و ئاسانە، پێویستی بەو قۆناغە دوورودرێژ و توندانە نییە وەك بۆ هەموارکردنەوەی دەستووری وشك پێویستە، بۆیە ئەگەر لە دەستووری نەرم دەقێکی قانوونی بە پێچەوانەی دەقێکی دەستووری نەرم بۆ بەرژەوەندی گشتی دەربچێت، ئەوا دەقە قانوونییەکە جێبەجێ دەکرێت و دەقە دەستوورییەکە هەموار دەکرێتەوە بەبێ بڕیار و ئیجرائاتی تایبەتی بۆ ئەو هەموارکردنەوەیە.

بیرۆکەی دانان و سەروەریی دەستوور لە بیرمەندەکانی شارەزا لە گرێبەستی کۆمەڵایەتی لە چەرخەکانی: (١٧ و ١٨)ی ئەورووپایی پەیدا بووە، بەڵام ئەم بیرۆکانە نەکەوتنە مەیدانی پەیڕەوکردن و گەڵاڵەکردنیان تا شۆڕشەکانی ئەمریکا و فەرەنسا لە مادەی (٦)ی دەستووری ئەمریکادا هاتووە و دەڵێت: (ئەم دەستوورە بەرزترین قانوونە، بۆیە هەموو ئەو قانوون و پەیمانە دەوڵەتیانەی دەسەڵاتانی ئەمریکا واژۆی لەسەر دەکات دەبێ گونجاو بن لەگەڵ دەستوورەکە و هەموو دەسەڵاتدارانی هەرێمەکانی ئەمریکا پابەندبن بەم دەستوورە، ئەگەر لەگەڵ دەستووری هەرێمەکانیش گونجاو نەبێت، واتە هەرێمە ئیدارییەکان.

هەروەها لە دەستووری یەکێتیی سۆڤێتی جاران، مادەی (١٧٣) دەڵێت: (دەستووری یەکێتیی سۆڤێت لە ساڵی: (١٩٧٧) هێز و دەسەڵاتی لەسەرەوەی هەموو قانوونەکانی وڵاتە). هەروەها دەستوورەکانی ئەورووپاش.

کەواتە دەستوور لە سەرووی هەموو یاسا و ڕێسا و بڕیار و ڕاگەیاندنەکانی دەوڵەتە، کە مافەکانی حاکم و مەحکوم دەستنیشان دەکات لەگەڵ چۆنییەتی دروستکردنی دەسەڵات و سیستمی بەڕێوەبردنی وڵات لە هەموو ڕوویێکەوە لەگەڵ دابەشکردنی دەسەڵاتەکان و چاودێریکردنی ئارامی و کامەرانی هەمیشەیی بۆ گەل و نیشتیمان. بۆیە دەستوور ئەو ستوونە گەورە و بەهێزەیە، کە دەوڵەت لەسەری ڕادەوەستێ، واتا بەبێ دەستوور ژیان بەردەوامی نابێت لە هیچ شوێنێك.

سەد مخابن بەداخەوە کە ماوەی زیاتر لـە ٢٤ سـاڵە خـاوەنی حکوومـەتی هـەرێمی کوردستانین و سەرۆکی هەرێم و ئەنجوومەنی وەزیران و پەرلەمانی کوردستانمان هەیـە، بەڵام ستوونە بەهێزەکەمان نییە تا لەسەری بوەستین و گەشە بکەین، ئـەویش نـەبوونی دەستووری کوردستانە.

بـەڵێ هـەوڵ دراوە بـۆ دانـانی دەسـتوور، بـەڵام بـە بیـانووی لاوازی جۆراوجـۆر، دەسـتوورەکە لـەدایك نـەبووە و هـەموو هەوڵـەکان چـەقیان بەسـتووە و تـازە بـە تـازە ڕەشنووسـی دەسـتوورێکمان گەڵاڵـەکراوە، بـەڵام نەکەوتۆتـە قۆنـاغی پەسـەندکردن و جێبەجێبوونی لەبەر ڕێکنەکەوتنی لایەنە سیاسییەکانی کوردستان لەسەری، دەیانـەوێت ئـەم ڕەشنووسـەی پەرلـەمانی کوردسـتان پەسـەندی کـردووە هـەموار بکرێتـەوە، جـا تەنانەت خوا دەزانێ بە چەند ساڵی دیکە هەموار دەکرێتەوە و ڕووناکی دەبینێـت، بۆیـە بەلای ئێمـەوە فەریکـە دەسـتوورێك باشـترە لـە نـەبوونی دەسـتوورێکی تـەواو گونجـاو، چونکە فەریکە دەسـتوورەکە بـە ئاسـانی هـەموار دەکرێتـەوە و لـە نـەبوونی دەسـتوور ڕزگارمان دەبێت.

لێرەدا بە ڕاشکاوانە و بێ دوودڵی و تەرەفداری دەڵێم با فێڵ لە خۆمـان نەکـەین و هـەر یـەك لەلایەنـە سیاسـی و ئـایینی و پارتـەکانی نـاوەوە و دەرەوەی حکوومـەت بـا پێکەوە سەنگ و دەنگی خۆمان و ئەزموونەکەمان، کە حکوومـەتی هـەرێمی کوردسـتانە بیزانین، با دوژمـن و نـەیارەکانی گـەلی کـورد و کوردسـتان دڵخـۆش نەکـەین بـە کێشـە پەیـداکردن و نائـارامی و ئاژاوەنانـەوە لـە کوردسـتان، بـا حکوومەتەکـەی هـەرێمی کوردستان بپارێزین لەو تیربارانکردنەی ناحەزانی ناوە و دەرەوەی هەرێمی کوردسـتان، با بەم پیلانگێڕانە بڵێین حکوومەتی هەرێمی کوردستانمان قبووڵە بە هەموو ئەو کێشە و کەموکورتیانەی، کە بەشی هـەرە زۆری خۆمـان لێیـان بەرپرسـیارین، بۆیـە لـە ئێسـتادا وروژاندنی هەموارکردنەوەی ڕەشنووسی دەستووری کوردسـتان، کـە بـە زەق و نهێنـی مەبەستەکەی دیارە، ئەویش کەمکردنـەوە و سـنووردارکردنی دەسـەڵاتەکانی سـەرۆکی هەرێمی کوردستانە، کە کاتی خۆی پەرلەمانی کوردسـتان قبـووڵی کـردووە، کـە ڕەنگـە لەم دۆخەی ئیمڕۆدا ببێتە ڕێگا خۆشکەر بۆ دوژمنان و سەرکەوتنی پیلانەکانیان.

بەڵێ یانزە ساڵ زیاترە لەبەر چاوی ئەو لایەنانەی ناوەوە و دەرەوەی حکوومەت و گۆڕەپانی سیاسی کوردستان، سـەرۆکی هـەرێم جـەنابی کـاك مەسـعوود دەسـەڵاتەکانی

خۆی پەیڕەو کردووە، لەم ماوەیە زۆر کاتی گونجاو هەبوون، کە داوای هەموارکردنەوەی ئەو ڕەشنووسی دەستوورە بکرێت، بەڵام نەکرا، بۆیە لێرە لەو لایەنانـە دەپرسـم دەلـێم خێرە ئەمڕۆ لەو کاتە ناسك و دژوار و پڕ لە مەترسییەدا ئەم کێشەیە دروست دەکەن، بە هەر کێشان و پێوانەیەك ئەم هەڵوێستە لێك بدەینەوە، دەردەکەوێت لـە باشـترین حاڵـدا هەڵوێستێکی نادروستانەیە بۆ گەل و نیشـتمانەکەمان، خزمـەتی نـەیارەکانمان دەکـات، بەڵێ کەموکورتی زۆرن، هەندێکیشی ڕەنگە کەمەرشکێن بن، بەڵام باوەڕتان هەبێت ئـەم هەڕەشە و لێدوانە زبر و پڕ لە قین و دوور لە یاسا و بەرژەوەنـدیی گشـتی و دواخسـتنی دەسـتوورێکی بـاش بـۆ کوردسـتان نـەك زۆر زۆر زەرەرمەنـدترن لـە کەموکوڕییـەکانی ئێستامان بە نەبوونی دەستووریشەوە جگە لەوەش دەبێتە هۆی بێ متمانەیی کۆمەڵانی خـەڵك بـە جوولانـەوەی ئازادیخوازانـەی گـەلی کـورد و دابـەزینی ورەی پێشـمەرگە قارەمانەکانمان، کە بە هەژاری و بێ مووچەی شایستە بە ماندووبوون و خۆبەختکردنیان لـەپێناو پاراسـتنی سـنوورەکانی کوردسـتان و دژی هـەموو ئەوانـەی چـاویان بڕیوەتـە حکوومـەتی هـەرێمی کوردسـتان و داگیرکردنـی شـارەکانی هـەرێمی کوردسـتان لـەپێش هەمووشـیانەوە ڕێکخـراوە خوێنڕێـژەکانی تـیرۆر بەسـەرۆکایەتی داعشـەکانی دوور لـە ئیسلام و مرۆڤایەتی.

قەت نەم شاردۆتەوە و ناشی شارمەوە خۆشـم لەگـەڵ ئـەو کـەس و لایەنانـەم، کـە نـابێ یاسـابەزێن بـن، ناشـبێ لـە ڕێـڕەوی دیموکراسـییەت و یـەکتر قبـووڵ کـردن و دەستاودەسـتکردنی دەسـەڵات بـە شـێوەیەکی هێمنانـە و مەدەنیانـە دوورکەوینـەوە، چونکە مێژوو دەری خستووە، کە تاکڕەوی و قۆرغکردنی دەسـەڵات تـا سـەر بـۆ کـەس نابێت.

ئەو لایەنانەی هەموارکردنەوەی ڕەشنووسی دەستوور و ماوەی سەرۆکایەتی هەرێم دەخەنە خانەی پڕ مەترسیدار و دروستبوونی ڕووداوی دڵتەزێن و هەڕەشـەی خوێنـاوی، ئەوانە بێ ئاگان لەوەی کە نەك خزمەتی خۆیان و میللەتەکەیان ناکەن، بەڵکوو دڵەڕاوکێ و بێ ئومێدی و نائارامی دەخەنە ناو میللەت و بـازاڕ و خوێنـدنگا و دامـەزراوەکانی وڵات شلۆق دەکەن و دوژمنیش دڵخۆش دەکەن.

بەڵێ ماوەی سەرۆکایەتی هەرێم تەواو بوو، بەرامبەر چەند دەستکەوتێکی تەسـکی کەسـایەتی و حیزبایـەتی، دوو سـاڵیان بـۆ درێـژکردەوە بەپێشـێلکردنی یاسـا، پـێش

دروستبوونی ناکۆکی نێوان بەغدا و هەولێر و سەرهەڵدانی داعش و بڕینی مووچەی کوردستان و هاتن و پەیدابوونی چەند تیرۆریست و شانە خەوتووەکان لە کوردستان، لەم ڕەوشە ناخۆش و ترسناکە یاسا بەزاندن ڕەوا بوو، بەڵام ئەمڕۆ یاسابەزاندن کوفر و تاوانە و جێگای قبووڵ نییە و دەبێتە بومەلەرزەیەك تەڕ و وشك بەیەکەوە دەسوتێنێ، ئای کە وانییە ! ! !

خۆم وەك یاساناسێك ڕەنگە لە زۆر کەس زیاتر دژی بەزاندنی یاساکانم، بەڵام نابێ لە بیر یاساناسەکان و هەموو ئەوانەی نایانەوێ سەرۆکی هەرێم لە سەرۆکایەتی بمێنێ، ئایا کەسێکیان ئامادەن ببن بە سەرۆکی هەرێم لەم کاتە پڕ مەترسی و هەڕەشەی هەمەلایانەی لەناوە و دەرەوەی هەرێمی کوردستان؟ نەخێر کەسێك نییە، ئەگەر هەشبێ بۆی ناکرێت، واتا جێگای سەرۆکی هەرێم بەتاڵ دەبێت، ئەوسا دەبێ هەرێمێکی بێ سەرۆك و پێگە و کەسایەتیمان دادەبەزێت و هیچ قانوونێك ناکەوێتە قۆناغی جێبەجێکردن و نوێنەرایەتی هەرێم دیار نابێ و پەیوەندییەکانی دەرەوە دەوەستن و ئەنجوومەنی وەزیرانیش لەکار دەکەوێت. ئەوەندەی هەوڵم داوە لە قەیرانەکانی کوردستان بێ دەنگ بم، بەڵام لەم قەیرانە ناکرێت هیچ کوردپەروەرێك بێدەنگ بێ، چونکە ئەمە قەیرانی کێشە نییە دژایەتی فلان و فلان نییە، بەڵکوو ماڵوێرانییە و تێکدانی هەرێمەکەیە، بۆیە زۆر بە ڕاشکاوانە و بێ تەرەفگیری دەڵێم:

١. دانانی دەستوور و یاساکان لەلایەن میللەت دادەنرێن، هەر کاتێ بەرژەوەندیی گشتی پێویست بکات ئەم دەستوور و یاسایانە قابیل بە گۆڕان و هەموارکردنەوەن تا بەزاندن بە ڕەزامەندی پەرلەمان.

٢. لەبەرئەوەی گومانم نییە لەوەی، کە هیچ لایەنێکی سیاسی لە کوردستان پالێوراوی نییە بۆ سەرۆکایەتی هەرێم، ئەگەر هەر کەسێك خۆی پالاوت و بوو بە سەرۆکی هەرێم بێگومان ناتوانێت لە کارەکانی سەرکەوتووبێت، چونکە ئەو کەشوهەوا سیاسییەی کوردستان و هێزی چەکداری حیزبایەتی و نەبوونی (سیستمێکی دیموکراسی و هەستی نیشتیمانی و نەتەوایەتی ڕاستەقینە) و دەستی دەرەکی و بێ ئەزموونی میللەتەکەمان ڕێگرن لەم سەرکەوتنە.

٣. جا بۆئەوەی کورسی سەرۆکایەتی چۆڵ نەبێت و تووشی مەترسییەکانی بێ سەرۆکی نەبین بە پێویستی دەزانم پەرلەمانی کوردستان لە ماوەی یەك هەفتە

کۆبوونەوەیەکی تایبەت بۆ ئەم پرسە بکات و پەردە لەسەر ڕاستییە شاراوەکان هەلگریَ و لەژێر تیشکی بیرۆکەی زەروریيەت و بەرژەوەندیی گەل و نیشتیمان و **پەیڕەوکردنی ڕێبازە کۆنەکەی ڕۆمانی هەزاران ساڵ پێش ئێستا، کە دەڵێت سەلامەتی گەل و نیشتمان لە سەرووی هەموو دەستوور و قانوونەکانە**، ئەم بیرۆکەیە و بۆچوونە ئێستا لە ئەمریکا و ئەڵمانیا و فەرەنسا پەیڕەو دەکرێت و هەروەها هێگڵ و ئەهرنگ کە دوو پسپۆر و ناوداری ئەڵمانیان گوتوویانە قانوون وەسیلەیەکە بۆ پاراستنی کۆمەڵ، ئەگەر ئەو ئامانجە جێبەجێ نەکات، ئەوا پێویست ناکات سەرشۆڕی قانوون بین. سەرۆکی ئەمریکا بەڕێز (لینکۆڵن) لەکاتی شەڕدا بەبێ ترس و دوودڵی، بەشێك لە بەند و دەقەکانی دەستووری ئەمریکای لەپێناو بەرژەوەندیی گەلی ئەمریکی ڕاگرت، هەروەها لە فەرەنسا لە مادە (١٤)ی بەڵێننامەی ساڵی: (١٨١٤) و کاتی شەڕی یەکەمی جیهانیش لە دەستووری ساڵی: (١٩٥٨)یش سوودیان لە تۆڕی زەرورەی وەرگرتووە و بۆ بەرژەوەندیی گشتی سنوورەکانی هەندێ دەق و بەندی دەستوور و قانوونیان بەزاندووە. هەروەها ئەنجوومەنی سەرۆکایەتی ئیمپڕاتۆرییەتی ڕۆما لەکاتی دروستبوونی قەیرانە زۆر مەترسیدارەکان پیاوێکی ئازا و توونديان دادەنا لە جێگای سەرۆکی ئیمپڕاتۆرییەت بۆ چارەسەری ئەو چەشنە قەیرانە، دوای ئاسایی بوونەوەی کەشوهەوای وڵات سەرۆکەکەی پێشوو دەگەڕێننەوە سەر کورسی دەسەڵات، واتە زۆر بە ئاسانی سەرۆکی هەرێم دەتوانێ سوود لە باری نائاسایی کوردستان وەر بگرێت بە ڕەزامەندی پەرلەمانی کوردستان لەپێناو بەرژەوەندیی ڕاستەقینەی گەلی کورد و دروست نەبوونی بۆشایی سیاسی و وەستانی ژیان لە کوردستان، بە هانابردن بۆ تیۆری (زەرورەی القصوى) لەپێناو بەرژەوەندیی گشتی کوردستان، بەلام ئومێد دەکەم لایەنە سیاسییەکان دووربینتر و وردبینتر و خۆشبینتر بن، گرێکانی دەست نەخەنە ددانەکانیان و ژیرانە بەبێ مزایەدەی سیاسی و دڵڕاگرتنی ئەولا و ئەولا یان سوود گەیاندن بە ئەجێنداکانی ناحەزان بۆئەوەی کێشەکان کەم بکەینەوە و ئەوەی کەمیش نەکرێتەوە بۆ کاتێکی گونجاو دوایان بخەین، با هەموو کات و هەوڵ و تواناکانمان بخەینە خزمەتی بەرەکانی شەڕ و پاڵپشتی ڕۆڵە قارەمانەکانمان، کەوا شەو و ڕۆژ گیان لەسەر دەستتان بۆ بەرەنگاربوونەوەی دوژمنان.

خۆزگە سەد خۆزگە لەم کاتە ناسك و دژوار و پڕ مەترسییەدا، سەرۆکە ئازا و زانا و

زیرەکەکەمان (مام جەلال)ی بەڕێزمان لەناو بوایە و گرێکوێرەکانی بە ئاسانی بۆ کردباینەوە، دواجار دەڵێم سازان بۆ بەرژەوەندیی گشتی، ئازایەتی و دڵسۆزییە و مێژوو ونی ناکات، هیوادارم یەکێتی پێشەنگ بێت لەم ئازایەتی و دڵسۆزییە، کە هەمیشە پیشەی بووە، لە هەمان کاتدا هیوادارم جەنابی کاك مەسعوود و حیزبە سیاسی و ئایینییەکان و میدیا فەرمی و نافەرمییەکان ڕێگا نەدەن چیتر ئەم ڕۆژگارە بەلای هەڵدێردا نەبەن، ئەگینا هەموومان ملمان دەشکێت و دوژمنان و شانە خەوتووەکان، کە سەر بە سەدام حوسێن و داعشەکانن گوررزی خۆیان دەوەشێنن و بەغداش پێشوازیان لێ دەکات، لە هەموو جیهان سەرۆکێك نییە، کە عەیاری ٢٤ بێت بەڵکوو سەرۆکی هەرێمی کوردستانیش عەیار ٢٤ نییە. هەر حیزب و لایەنێکیش یەکێکی عەیار (٢٤)ی هەیە با خۆی بپاڵێوێت و بە دڵ و بە گیان پروپاگەندەی باشی بۆ دەکەم دەنگی دەدەمێ، بەڵام یەکێك لە مەرجەکانی عەیار (٢٤)ی ئەوەیە بتوانێ کارەکانی جێبەجێ بکات و سەرکەوتنی مسۆگەر بێت.

حاجی قادری کۆیی دەڵێت:

**حاجی کەسێکە بێکەس بۆ ئێوە قوڕ ئەپێوێ**

**گوێی لێ دەگرن زەریفە دەنا بەلا لە خۆتــان**

**پارێزەر کمال محی الدین اسعد**

**هەولێر**

**٢٠١٥/٤/١٦**

# بێدەنگی دیکتاتۆر دروست دەكات،
# یا دیکتاتۆر بێدەنگی دروست دەكات؟

دیکتاتۆر زاراوەیەکی لاتینییە، مێژووی بەکارهێنانی دەگەڕێتەوە بۆ ڕۆژانی دەسەڵاتداریێتی ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانی، کە لەکاتی ڕووداوی سەخت و مەترسیداری گەورە، وەك هێرشکردنە سەر وڵات یا شەڕی ناوخۆ یا کارەساتی سروشتی وەك لافاو و بوومەلەرزە و نەخۆشی، کە ئەم ڕووداوانە هەموویان پێویستیان بە بڕیاری بەپەلە و ڕوون و دیار و زانستییانە هەیە، بۆ ڕاگرتنیان و کەمکردنەوەی زیانەکانیان بە زووترین کات و کەمترین نرخ، بۆیە لەو **کاتانەدا** ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانی بڕیاری بەپەلەی دەرکرد، بەدانانی کەسێکی لێوەشاوە و ئازا و دڵسۆز و چاپووك و ناسراو، هەموو دەسەڵاتێکی پێ دەدا بۆ بڕیاردان و کار و کردەوە و خەرجی، بۆ چارەکردنی ئەو دیاردە مەترسیدارانە و کەمکردنەوەی زیانەکانیان و گەڕاندنەوەی باری ئاسایی و پەرلەمانی بۆ وڵات لە ماوەی کەمتر لە حەوت ساڵ، لەو ماوەیە هەموو دانیشتوانی وڵات دەبوایە پابەند بن بە بڕیارەکانی ئەو کەسایەتییە، کە ناویان نا دیکتاتۆر، واتا ئەم دیکتاتۆرە لەلایەن ئیمپراتۆرەوە دەستنیشان دەکرا بۆ چارەکردنی کارەساتێکی گەورە لە ماوەی دیاریکراودا، کە لە حەوت ساڵ زیاتر نەدەبوو.

بەڵام ئەم زاراوەیە واتا وشەی دیکتاتۆر لەپاش ڕووخانی ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانی و سەرهەڵدانی دووبەرەکی لەنێوان کەنیسە و حکوومەتی ڕۆما مانا و مەبەست و کاتەکەی گۆڕا، واتا ئێستا دیکتاتۆر بەو تاکە کەس و کۆمەڵە تاکڕەوانە دەگوترێ، کە یەك لایەنانە بەزۆر و بە زەبروزەنگ دەسەڵاتیان دەگرتەدەست بەبێ ڕەزامەندی گەل یا زۆرینەی کۆمەڵگا و بە پێی بەرژەوەندییەکانی خۆیان هەموو دەسەڵاتێکیان بەکار دەهێنا بەبێ گوێدانە هیچ کەس و لایەنێکی سیاسی لەپێناو چەسپاندن و تەمەن درێژی دەسەڵاتەکانیان، هەندێ جار ئەم دیکتاتۆرە تاکە کەسێکە وەك مەلیك یا ئیمپراتۆر یا سەرۆك کۆمار یا سەرۆك وەزیران، هەندێ جاریش ئەم دیکتاتۆرە لە شێوەی ئەنجوومەنێك یا کۆمەڵێك خۆی دەنوێنێ، بەڵام لە ماوەیەکی کورت و نزیك لە ئەنجامی بەگژداچوونی بەرژەوەندییەکان باڵادەستێکی ئەنجوومەنەکە جڵەوی کاروبار دەگرێتەدەست، زۆر جاریش ڕەنگە ئەم ناکۆکییە پەرە بسێنێت و ببێتە هۆی یەکلاکەرەوەی تاکە کەسی لە ڕێگای توندوتیژی و خوێنڕژان، دیکتاتۆرەکانی

سـەردەمی ئێمـە بـەدوو جـۆر خۆیـان نمـایش دەکـەن، هەنـدێکیان دیکتـاتۆری زۆردار و ستەمکار و دەستکراوە و بەرەڵڵان بەبێ ئـەوەی پابەنـد بـن بـە هـیچ یاسـا و ڕێنماییـەك کەسیش ناتوانێ ڕەخنە و نـاڕەزایی دەربـبڕێت بەرامبـەر هەڵسـوکەوتی ئـەم دیکتـاتۆرە بەبێ باجدانێکی قورس و دژوار، کە گەلێ جار دەگاتە ڕادەی گرتن و کوشتن، هەنـدێکی تریان، کە دەسەڵاتیان ڕەهایە و دەستکراوەن، بـەڵام لـە چوارچێوەی ئـەو دەسـتوور و یاسایەی، کە خۆیان دای دەڕێژن و لەسەری دەڕۆن بۆ بەرژەوەندییـەکانی خۆیـان، ئـەم دیکتاتۆرانە لـە ڕێگـای هێـز "جـا بـە کودەتـا یـا شـۆڕش" دێنـە سـەر حـوکم و یـان بـە ویراسەت، تەنانەت ئەگەر بە ڕێگای دیموکراسیش بێـت، ئـەوا لـە سـەرەتادا بـە بـەڵێنی چـەور و خـۆش بـە دروشمـی زەق و بریقـەدار وردە وردە ڕێگـا بـۆ خۆیـان و بنەماڵـە و دەسـتوپێوەندەکەیان خـۆش دەکـەن و پلـەو پایـە هەسـتیارەکان قـۆرخ دەکـەن و کەسایەتییە خاوەن ئەزموون و دڵسۆز و دیموکراتخوازەکـان پـەراوێز دەکـەن بـە لادان و خانەنشین تاڕادەیەك بە گرتن و کوشتنیش، بە هەرحاڵ ئەم دیکتاتۆرانە تاکە کـەس بـن یا چـەند کەسـێك لـە ڕێگـای هێـز و شـۆڕش و کودەتـا یـا لـە ڕێگـای مـیرات و زۆرینـە و هەڵبژاردنیش دەسەڵات بگرنەدەست، جا بە ناوی ئایین یا نەتەوە یا نیشتمانپەروەری یا دیموکراسییەت بێت، ئەم دیکتاتۆرانە بیانەوێ یا نەیانەوێ وەك هەموو گیانلەبەرێك نـەك تـەنیا خۆویسـت و خۆپەرسـتن، بـەڵکوو تێرنەخۆرەشـن، چـونکە ئەگـەر گیانلەبـەرە دڕندەکان بخەیتە سەر لاشەی بەرخێك دەست دەکـەن بـە خـواردنی کـە تێریـان خـوارد لاشەکە بەجێ دێڵن و ناگەڕێنەوە سەری، بەڵام ئەگەر ئەم لاشە بەرخـە بخەیتـە بـەردەم مرۆڤێـك پـاش ئـەوەی تێـر گۆشـت دەخـوات ئەوسـا ئـەوەی مایـەوە دەیخاتـە نـاو ساردکەرەوە "سلاجە"، تەنانەت پێست و ورگ و خورییەکەشی بەکار دێنێت بۆ سوودی خـۆی، مـرۆڤ تاکـە گیانلبەرێکـە، کـە دەیـەوێت لـە هـەموو هاوڕێکـانی دەوڵەمەنـدتر و پۆشتەتر بێت، دیسان تاکە گیانلەبەرە پارەوپوول و باڵەخانە و موڵك و ماڵ پاشـەکەوت دەکات بۆئەوەی نەوەکانی، واتا بۆ منداڵی منداڵی هەموو منداڵەکانی، بەداخەوە هەنـدێ جار مرۆڤی وا بەرچاو دەکەوێت لەو مرۆڤانـەی سـەرەوەش خۆپەرسـتر و تێرنـەخۆرەن وەك ئەو خاوەن ماڵ و منداڵەی کە ڕۆژانە سـێ ژەمـە دەچـێت لـە چێشـتخانە باشـەکان خواردن دەخوات و ماڵ و منداڵەکەشی بەنان و چاو برنجی بـێ گۆشـت بـەخێو دەکـات، واتا ئەگەر مرۆڤ بە گشتی ئەوەنـدە خۆپەرسـت و تێرنـەخۆر بێـت لـەکاتێك دەسـەڵات و

بودجەی وڵاتی بەدەست بێت، دەبێ چی بکات بۆ تێرکردنی ئومێد و ئاواتە نزیك و دوورەکانی بۆ ماوەیەکی لەبن نەهاتوو، چونکە مێژوو شاهێدە کە چەندەها سەرۆکی وڵاتان ویستویانە لە دەسەڵات بمێننەوە هەتا مردن، پاش خۆشیان ڕێگا و کەشوهەوای سیاسیان ئامادە کردووە بۆ منداڵ یا براکانیان.

ئەو ڕاستییەی سەرەوە دەربارەی خۆپەرستی و تێرنەخۆری مرۆڤ گوزارشت نییە لە ڕەشبینی و بێ باوەڕی بە مرۆڤ بە گشتی، نەخێر هەموو مرۆڤەکان بێ سنوور نین لەم خۆپەرستی و تێرنەخۆرییە، چونکە ئەم دیاردەیەش هەلومەرجی تایبەتی خۆی هەیە، بەڵام دیسان دەڵێم خۆپەرستی و تێرنەخواردن سیما و هزر و ڕەوشتی هەموو مرۆڤەکانە، ڕەنگە قبووڵیش بێت، بە مەرجێك لەسەر حیسابی شکاندنی ئێسقانی بەرامبەرەکەت نەبێت.

واتا ئەگەر مرۆڤ بەو ڕەوشت و هزرەوە دەسەڵاتی بکەوێتە دەست و کلیلی خەزێنەی وڵاتی لەلا بێت، بە ئارەزووی خۆی ڕەفتار بکات و کۆمەڵگا و لایەنە سیاسییەکانی نیشتمانپەروەر و دیموکراتیش، بێدەنگ بن بە ئومێد و ئاواتی بێ بنەما و نەزۆك، ئەوا وردە وردە ئەم مرۆڤە دەسەڵاتدارە دەکەوێتە ژێر تەوژمی خۆپەرستی و تێرنەخواردنەکەی، لە ئەنجامدا هەموو ڕێگایەك بەکار دێنێ بۆ پاراستنی خۆی و بەرژەوەندییەکانی، تەنانەت لە گرتن و کوشتن و دەربەدەرکردنی بەرامبەرەکانیش سڵ ناکاتەوە، بەمجۆرە مرۆڤە دەسەڵاتدارەکە لێمان دەبێتە دیکتاتۆرێکی ستەمکار و خوێنڕێژ بەهۆی بێدەنگبوونی گەل و کۆمەڵگا، ڕەنگە لە چەند قۆناغێکی سنوردار ئەم دیکتاتۆرانە بتوانن تا ڕادەیەك بێدەنگی لەناو گەل و کۆمەڵگا دروست بکەن، لە ڕێگای توندوتیژی و ستەمکاری و پلەو پایە و پارەو پوول و فرتوفێڵ و بەڵێنی جوان و دروشمی بە ڕەونەق، بەڵام مێژووی دوور و نزیك پێمان دەڵێت هەموو سەرکەوتنێکی ئەو دیکتاتۆرانە تەمەن کورت و خاوەن خۆرن، چونکە خۆپەرستی و تێرنەخۆری ئەم دیکتاتۆرانە ئەوەندە بێ سنور و پەرشوبڵاون، هەموو لایەنەکانی ژیانی کۆمەڵگا سانسۆر دەکات، تاڕادەیەك هەموو سامانی وڵات دەکەوێتە دەست چەند تێرنەخۆرێك و برسێتی و هەژاری و بێکاری و گەندەڵی سەرانسەری وڵات دەگرێتەوە و فرتوفێڵی دیکتاتۆر ئاشکرا دەبێ و وردە وردە هەوادارانی دیکتاتۆرەکەش بێ ئومێد دەبن لە چاکسازی و خۆشگوزەرانی خەڵك، بۆیە لە هەموو لایەك دەنگ و هاواری ناڕەزایی دەست پێ

دەکات، دوور یا نزیك ئەنجامەکەشی ڕووخانی دیکتاتۆرەکە دەبێت، بۆیە دیکتاتۆرەکان ناتوانن هەتا هەتایە بێدەنگی گەل و کۆمەڵگا بۆ خۆیان دروست بکەن، چونکە بەرژەوەندیی دیکتاتۆرەکان یەك ناگرێتەوە و پێگە و ژیانیان مەحاڵ و وێنەچووە، بەڵام ئەوەی ڕوون و ئاشکرایە هەتا ئەو هاوار و ناڕەزاییانە زووتر بێتە مەیدان، هەڵبەتە دیکتاتۆرەکان زووتر و بە زیانی کەمتر دەڕوخێن.

ئەم دیکتاتۆرانە ڕەنگە بە بەڵێن و پاساو و بیانووی جۆراوجۆر ژمارەیەکی زۆر فریو بدەن بۆ ماوەیەکی کورت و کەم، هەروەها ڕەنگە ژمارەیەکی بچووك لەناو کۆمەڵگا بە پلەوپایە و پارەوپووڵ بکەنە پاشکۆی خۆیان بۆ ماوەیەکی درێژ، **بەڵام ئەوەی ڕوون و ئاشکرایە، کە ئەم دیکتاتۆرانە نەیانتوانیوە و ناشتوانن هەتا هەتایە کەم یا زۆر خەڵك فریو بدەن و دەم و دەست و چاویان ببەستنەوە**، گەورەترین بەڵگەش بۆ ئەم ڕاستییانە، شۆڕشەکەی فەرەنسایە، کە لە ١٤ی تەمووزی ساڵی ١٧٨٩ سەرکەوت و لەئەنجامدا "لویسی ١٦" لەگەڵ ژنەکەی و دەست و پێوەندەکانیان لەسێدار دران و کۆماری فەرەنسی جاڕدراو دەسەڵات کەوتە دەست گەلی فەرەنسی، هەروەها شۆڕشی ئەمریکی لە ساڵی: (١٧٧٣)، دژی دیکتاتۆرە داگیرکەرەکانی ئینگلیز و دروستبوونی کۆماری ئەمریکای سەربەخۆ، هەروەها شۆڕشەکەی ئۆکتۆبەری ڕووسیا لە ساڵی: (١٩١٧) لەئەنجامدا نیکولای دووەم دیکتاتۆری ڕووسیا لەگەڵ ژن و منداڵەکانی لەسێدارە دران، هەروەها ڕووخانی حوسنی موبارەك و سەدام حوسێن و بن عەلی سەرۆکی تونس.

سەدام حوسێن لە یەکەم ڕۆژی سەرکەوتنی کودەتاکەی (١٧)ی تەمووزی (١٩٦٨) چەندەها دروشم و پرۆگرامی نیشتمانپەروەرانە و دیموکراتخوازانەی هەڵگرت و بەڵێنی جۆراوجۆری باش و پێشکەوتوانەی بە گەلی عێراق دا و خۆی کردە هەڵگری ئاڵای ئاشتی و دیموکراتییەت لە عێراق، ناوی لەخۆی نا ئەندازیاری بەیانی (١١-٣-١٩٧٠)، چارەکردنی کێشەی گەلی کورد لە کوردستانی عێراق ئەو ڕۆژەی پێگەی خۆی پتەو و بەهێز کرد، هەموو نەیار و کەسایەتییە خاوەن پێگە و ناسراو و دڵسۆزەکانی لەناو برد، لە پێشەوەیان کەسایەتییەکانی ناو حیزبی بەعس و شیوعی و شیعەکان، گەلی کوردیشی خستە ژێر زەبر و زەنگی کیمیاباران و ئەنفال و قەڵاچۆکردن و تەعریبکردنی کوردستان، لەپێش هەموو ئەوانەشەوە لە یەکەم ڕۆژی دەستبەکاربوونی لە حکوومەتەکەی

عەبدولڕەزاق نایف دەستی کرد بە گرتن و کوشتن و دوورخستنەوەی هاوبەشەکانی لە دەسەڵات تا کار گەیشتە ئەوەی سەدام حوسێن عێراقی کردە دۆزەخ بۆ عێراقییەکان و بنکەیەکی پڕ لە مەترسی دژی بەرژەوەندیی دراوسێکانی عێراق و وڵاتە عەرەبی و ئیسلامییەکان، لەگەڵ ئەوەش سەدام حوسێن باڵادەست و خۆشەویست بوو لەلایەن وڵاتە زلهێزەکانی جیهان، بە تایبەتی ڕووسیا و چین و ئەمریکا و ئەورووپا.. تاڕادەیەك نەك جاسووسیان بۆ دەکرد، بەڵکوو هەموو چەکێکیان پێ دا، لە سەرەوەی هەموویان چەکی کیمیایی، بەڵام لەدواییدا خوا کردی سەدام وەك ئەو بزنەی بەسەرهات کە نانی شوانەکەی خوارد و لەئەنجامدا بزنەکە بە بەردی شوانەکە قاپی شکا و ئەوسا خاوەنەکەی بزنەکەی سەربڕی، سەدامیش کەوتە دژایەتی بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا و ئەورووپا، ئەوە بوو بە هاوکاری ئۆپۆزسیۆنی عێراقی و یارمەتی (٣٠)ی وڵاتی جیهانی بە ڕابەرایەتی ئەمریکا لە ڕۆژی: (٩-٤-٢٠٠٣)، ڕژێمەکەی سەدام ڕووخا و پەیکەرەکەی لە مەیدانی "جندي المجهول" لە شەقامی سەعدونی ناوەندی بەغدا خرایە خوارەوە و لەپاشان خۆی و کوڕ و برا و ئامۆزا و یاوەرەکانی کوژران یا لەسێدارە دران، بەڵام سەدام حوسێن توانی بە فرتوفێڵ و چاو بەستەکی زۆر لە لایەنە سیاسییەکانی عێراق بە تایبەتی حیزبی شیوعی عێراق و ولایەنی دیموکراتی و نەتەوەپەرستەکانی عێراق و هێزە ئیسلامییە سوننەکان و هەندێ لە شیعەکانیش، تەنانەت هەندێ لە سەرکردەکانی کوردیش فریو بدات بە بەڵێنی جۆراوجۆر و هەندێ جار بە پلەوپایە و پارەوپوول، هەروەها دەوڵەتە زلهێزەکانی جیهان و هەندێ لە وڵاتانی عەرەبی دراوسێکانمان لە ڕێگای بەخشینی نەوت و کڕینی چەك و تەقەمەنی و پێدانی پڕۆژەی وەبەرهێنان بە نرخی تایبەت، بەڵام لەئەنجامدا دەرکەوت ئێمەی عێراقی هەموومان هەروەها دەوڵەتانی دوور و نزیك و سەرکردە و کەسایەتییە سیاسییەکانی عەرەبی و جیهانی یاغنیش بووین بەرامبەر کەسایەتی و کردەوەکانی سەدامی دیکتاتۆر.

دەبا جارێکی تر ئێمەی عێراقی تێکڕا بە "نیشتمانپەروەر و دیموکراتخواز و موسڵمان و مەسیحی و سوننە و شیعە و کورد و عەرەب و تورکمان" بە ڕێباز و بەڵێنە خەولێخەرەوە و سڕکەرەکانی حکوومەتەکەی بەڕێز جەنابی سەرۆك وەزیرانی عێراق فڕی و نەخوێنێ و خۆشمان یاغنیش نەکەینەوە ئەوەتا لەو ڕۆژەوە سەدام حوسێن و سیستەمە دیکتاتۆرەکەی ڕوخێندراوە و کۆماری عێراقی یەکگرتووی دیموکرات و

سـەربەخۆ دامـەزراوە بـەخوێنی هـەزارەها شـەهید و مـاڵوێرانی پاشـان هـەموو لایەنـە سیاسییەکانی عێراق سوێندیان خوارد، کە پارێزگاری لە دیموکراتییەت و سـەربەخۆیی و یەکسانی و مافی مرۆڤ و ئاشتی و خۆشگوزەرانی بـۆ هـەموو عێراقییـەکان بکـەن، بـەڵام سەد جار بەداخەوە هەر لە یەکەم ڕۆژەوە بـاڵ باڵێنـە و تایفەگـەری و پشـت بەسـتن بـە بێگانە و چوونە سەنگەر دژی مافە ڕەواکانی گەلی عێراق بە تایبەتیش هی گـەلی کـورد و گەندەڵی و خیانەتکاری لە یەکتری بە کوشتن و زیندانکردن.

خۆ هەموو لایەنە ئۆپۆزسیۆنەکانی عێراق نکـوڵی لـەوە ناکـەن، کـە گـەلی کـورد بـە ڕابەرایەتی بەڕێزان مام جەلال و کاك مەسعوود بارزانی دەرگا پان و بەرینەکـەی ناوچـە ئازادکراوەکـانی کوردسـتانیان واڵا کردبـوو بۆیـان بـە هـەموو یارمـەتی و پشـتگیری و خزمـەتگوزاری جۆراوجـۆر و دابینکردنـی پێویسـتییەکانی ژیـان و خـەباتی چـەکداری و پاراسـتنیان تـا ڕووخـانی ڕژێمەکـەی سـەدام حوسـێن پـاش ئـەو قۆنـاغی ئـاڵۆز و مەترسیدارەش جەنابی مام جەلال بە شەهادەتی هەموو لایەنـە سیاسـی و ئایینییـەکانی عێـراق بەشـی هـەرە زۆری تواناکـانی خـۆی بـۆ چەسـپاندنی یـەکڕیزی پـارت و لایەنـە سیاسییەکانی عەرەبی تەرخان کرد، بە تایبەتی نێـوان لایەنـە شـیعەکان و سـوننەکان و نەتەوەپەرست و دیموکراتخوازەکـان، سـەرەڕای هـەموو ئـەو فیـداکاری و ماندووبوونـەی کورد بۆ بەدەستهێنانی ئازادی و دیموکراتییەتی لە عێـراق لـە یەکـەم ڕۆژی دامەزرانـدنی ئەنجوومـەنی نوێنـەران و دروسـتبوونی حکوومـەتی کـاتی لایەنـە شـیعە و سـوننەکان و نەتەوە پەرستەکانی عەرەب و زلهێزەکانی یەکەم تیری ژەهراوی خۆیان ئاراستەی گیـان و کیانی کورد و کوردستان کرد بە دابەشکردنی گـەلی عێـراق لەسـەر پێکهاتـەی شـیعە و سوننە و کورد بـەم پیلانـە ژەهراوییـە نـەك تـەنیا بناغـەی ڕێکنەکـەوتن و تایفەگـەریان چەسپاند، بەڵکوو پێگە و قەوارەی گەلی کوردیـان بچـووك کـردەوە و کردیانـە هاوبەشـی سێیەم هەروەك لەناو شیعە و سوننە وجودیان نەبێت، کە هەردوو حاڵەتیان ڕاست نییە، چونکە کوردی شیعەش هەیە و کوردی سوننەش هەیە، بۆیە تەنیا مەبەسـت لـەم پیلانـە کەمکردنەوەی بـەش و پێگـەی کـوردە، بـەڵام ڕەنگـە دەوڵەتـە زلهێزەکـان و شـۆڤێنییە عەرەبەکان هەر یەکە بە مەبەستی تایبەتی خۆی ئەم پیلانەیان داڕشتبێ، بـەڵام ئێمـەی کورد بۆچی قەبووڵمان کرد، نەفامی بوو یا بێ دەسەڵاتی یـا چـی؟ هـەنگاوی دووەمیـان دژ بە کورد لە دەستوورە ئیفلیجەکەیان دەردەکەوێت.

ئەو دەستورەی کە چەند جار ڕەشنووسەکەیان ناردە لای ڕاوێژکارەکانی وڵاتی دەوروبەر کە هەموویان خەونی باش بەکوردەوە نابینن، ئەو دەستوورەی کە بریتییە لە (٥٨٢٢) پێنج هەزار و هەشت سەد و بیست و دوو وشە و (١٤٤) سەد و چل و چوار مادە و (٦) شەش باب و (٩) نۆ فەسل و (١٢) دوانزە بەشی، تەنانەت بە یەك وشەش ناوی گەلی کورد و فیدراڵیەت نەهاتووە، دەبێ هۆی ئەم پشتگوێخستنەت لەبیرکردن بێت یا نەفامی بێت یا شۆفێنییەتە، خۆ لە دەستوورەکەی عەبدولکەریم قاسمی خوالێخۆشبووش لەدەستوورەکەی سەدام حوسێنی دیکتاتۆریش ناوی گەلی کورد هاتووە، وەڵامی ئەم پرسیارە لەلایەنی کوردە پێش دۆستەکانی، هەموو ئەو بەندانەی، کە پەیوەستن بە گەلی کورد بە تایبەتی بەندەکانی: (٤٨، ١١٠، ١١٧، ١١٨، ١٣٧، ١٤٠، ١٦٥)، تا ئێستا جێبەجێنەکراون و هەموو ڕۆژ ناوچەکانی مەندەلی و خانەقین و جەلەولا و سەعدیە و دوزخورماتوو و دەشتی کەرکوك تەعریب دەکرێن و ڕێباز و ژیان و گیانی دیموکراسییەت لە پاشەکشەدایە و کۆنەپەرست و شۆفێنییەتی عەرەب و چڵکاوخۆرەکانی سەدام ڕۆژانە پلەو پایەی بەرز وەردەگرن، هەر کەسێ نەیاری کورد بێت لە حکوومەتی ئێستای عێراق باڵادەست و بەتوانایە بۆن و پەیڕەوکردنی تاکڕەوی و شۆفێنییەت هەموو ئۆرگانەکانی بەغدایان غەزووکردووە، دزی و گەندەڵی خەزێنەی عێراقیان تالان کردووە بێ ئەوەی هیچ لێپرسینەوەیەك هەبێت، ئەوا ماوەی ٨ مانگە هەرسێ وەزارەتە ئەمنییەکە بەدەست سەرۆك وەزیرانە، واتە بەدەست مالیکی یە هەموو بەڵێن و بڕیارەکانی دەوڵەت بۆ چاکسازی و بەرقەراری ئاسایشو یەکسانی ئێکسپایەر بوون و کەسیش نازانێ وڵات بەرەو ڕۆژهەڵات دەڕوات یا ڕۆژئاوای عێراق، تورکیا و ئێرانیش ڕۆژانە سنوورەکانی عێراق دەبەزێنن و هاووڵاتی عێراقی دەکوژن و گوندەکان دەسوتێنن و بێ ئەوەی حکوومەتی ناوەندی نووقەی لێوە بێت، هەتا کورد و نیشتمانپەروەران و دیموکراتخوازان بێدەنگ بن دەهۆڵی تاکڕەوی و کۆنەپەرستی دیکتاتۆریەت پەرە دەسێنێت و بەهێزتر دەبێت، دەبا چیتر بێدەنگ نەبین ئەگینا کار لەکار دەترازێت ئەگەر تا ئێستا نەترازابێت.

**پارێزەر**

**کەمال محیەدین ئەسعەد**

## خۆناشیرین کردن بە داکۆکی لە ناشیرینەکان
## کارێکی دژوار و ناشیرینە

پێوەرەکانی جوانی و ناشیرینی تەنیا بە بەژن و باڵا و دەم و چاو و لەش و لار و ڕەنگی پێست ... نییە، بەڵکوو لەوانە گرنگتر و درێژخایەنتر جۆری ڕەوشت و هەڵوێست و بیروباوەڕ و کردارەکانی و دەست و دەم و دەروونە جوان و پاکە لەگەڵ ڕادەی پابەندبوون بە گەل و نیشتیمان و هەموو بەرژەوەندییەکانیان.

ڕەنگە لە وڵاتی ئێمەی نیمچە دواکەوتوو، بە تایبەتی لەلای هەرزەکارەکان بە "نێر و مێ" لەش و لار و بەژن و باڵا و دەم و چاو و ڕەنگی پێست و دەوڵەمەندیش پێوەری سەرەکی بن بۆ جوانی و ناشیرینی، کە ئەمەش بێگومان دەگەڕێتەوە بۆ بارودۆخی کۆمەڵایەتی و دواکەوتوویی کۆمەڵگای کوردستانی لە ڕووی خوێندەواری و تێکەڵاوی و نەتەوایەتی.

ئەگەر بەشێوەیەکی زانستیانە سەرنج بدەینە خودی تاکەکانی ناو کۆمەڵ، واتا هەموو مرۆڤەکان بەخۆشمانەوە، دەبینین لەناخی دەروونمانەوە دوو هێزی دژ بەیەکتری لە کێبڕکێدان، هێزی یەکەمیان، هێزێکی بیر تەسك و خۆپەرست و تاکڕەوە، هەموو شتێکی خۆش و گەش و باشی بۆ خۆی دەوێت بۆ مسۆگەرکردنی سۆز و چێژی ڕۆژانەی لەش و گیرفانی، بۆ گەیشتن بە پلەوپایە هەرە بەرزەکان، هەرچەندە تەمەنیشیان کورت و کەم خایەن بێت، هەموو ئەمانەش لەسەر حیسابی بەرژەوەندییەکانی گەل و نیشتیمان بێت، ئەگەر باجەکانیشی هەرچەندە قورس و گران بێت تا ڕادەی سەرشۆڕی و دیلی و ئابڕووچوون، نە بایان پێدا دێت نە باران، چونکە هەموو دنیا و ژیان لای خاوەنی ئەم هێزانە تەنیا و تەنیا لەش و لار و بەژن و باڵا و دەم و چاوی جوان و پارەی زۆر و پلەوپایەی بەرزە، بەڵام ئەم هێزە هەرچەندە بەتوانا و درێژخایەن بێت لە پڕێکا وەك بلقی سەرئاو دەپووکێتەوە و لە پیسایی بەولاوە شتێك لە شوێنەکەی نامێنێ و مێژووش بە خراپ و ناشیرین تۆماری دەکات.

هێزی دووەم: لە دەروونی هەموو مرۆڤێك هێزی پیاوەتی و سەربلندی و ئابڕوومەندانەیە بۆ ژیانێکی درێژخایەنی بۆ هەموو کۆمەڵانی خەڵك، لە وڵاتێکی سەقامگیر و سەربەخۆ، دوور لە خۆپەرستی و ئابڕوچوون و ڕاکردن بەدوای پلەوپایە و ئارەزووەکانی لەش و گیرفان.

ئەوانەی مل کەچ دەکەن بۆ هێزی یەکەم، واتا بۆ هێزی خۆپەرستی و سۆز و چێژی لەش و گیرفان و پلەوپایە لەسەر حیسابی کۆمەڵ، ئەمانە ناشیرینەکانن، دەبێ باجی قورس و گران بدەن، کە ئەویش سەرشۆڕی و ئابڕووچوون و ڕەفزکردنیانە لەلایەن میللەت هەتا هەتایە، بێگومان کاریگەری خراپیشیان دەبێت لەسەر ژیانی ماڵ و منداڵیان، بەم کەس و خاوەن هێزانە دەگوترێت: ناشیرینەکانی ناو کۆمەڵ، مێژووش بەم ناوە تۆماریان دەکات، بۆیە نابێ حکوومەت و حیزبەکان پلەوپایەیان پێبدەن و بەم ناشیرینانە خۆیان ناشیرین بکەن.

بەڵام ئەوانەی هێزی دووەم لەباوەش دەگرن و شان بەشانی لە خەبات و خۆبەخت کرندا درێغی ناکەن، ئەوانەن جوانەکانی ناو کۆمەڵی کوردەواری و کوردستان.

ئەم جوان و ناشیرینانە لەناو خودی تاکەکانی کۆمەڵگا و خێزان و حیزب و لایەنە سیاسی و ئایینی و حکوومەت و دەوڵەت وجودیان هەیە، زۆر جار هەندێك لە تاکەکانی ناو کۆمەڵ، کە لە ڕیزی جوانەکانن خۆیان ناشیرین دەکەن بە کردەوە دژوار و خراپەکان، لەپێناو پلەوپایە و دابینکردنی سۆز و چێژی لەش و گیرفانیان و دووردەکەونەوە لە چاکسازی و جوانی خۆیان و وردە وردە لە خانەی ناشیرینی نزیك دەبنەوە، ئەمەش لەئەنجامی ئەو دووبەرەکییە زاتییە پەیدا دەبێت، کە لەناو دەروونی خودی تاکەکان سەرهەڵدەدات و بە سەرکەوتنی هێزی یەکەم، واتا هێزی خۆشی و چێژی لەش و گیرفان و پلەوپایە، بۆیە زۆربەی ئەم تاکانە تووشی دڵەڕاوکێ و دووبەرەکی دەبن لەگەڵ خودی خۆیان و چاو و گوێی خۆیان دادەخەن بەرامبەر نارەزایی بەرامبەرەکانیان، لە ئەنجامدا تووشی کۆمەڵێك کێشەی تەندروستی و نەتەوایەتی و کۆمەڵایەتی دەبن، کاریگەرییەکی زۆر خراپیش دەخاتە سەر ژیانی ڕۆژانەی خێزانەکانیان و کۆمەڵگاکەیان. زۆر جار ئەم دیاردە ناشیرینە لەناو خێزانەکانیش دەردەکەوێت، بەڵام بەجۆرێکی فراوانتر و مەترسیدارتر، ئەویش بەوە ڕوودەدات، کە سەرۆکی ئەم خێزانانە نەك تەنیا بێدەنگ دەبێت لە کردەوە ناشیرینەکانی ئەندامێکی خێزانەکەی، بەڵکوو بە ناچاری یاریدەدەری دەبێت بە پارەی زۆر و ئۆتۆمبێل و مۆبایل و .... بە پاساوی ئەوەوە کە ئەو منداڵەی تاقانەیە و خۆشی دەوێت، ئەم کردەوانە لەلایەن سەرۆکی خێزانەکە جا دایك بێت یا باوك ڕاستەوخۆ کاریگەرییەکی خراپی دەبێت لەسەر ئەندامانی خێزانەکە و خودی منداڵەکە و دەبێتە

هۆی دروستبوونی کێشە و بگرە و بەردە لەناو خێزانەکە تا دەگاتە کارەساتی زۆر گەورە و لێکترازانی خودی خێزانەکە، ئەم جۆرە دیاردانە و تەشەنەکردنیان کۆمەڵگا بێهێز و نەخۆش دەکات، دەبێ نەك هەر خۆمانی لێ بپارێزین بەڵکوو پێویستە بە توندی دژی بوەستین و سەرۆك خێزانەکان ئامۆژگاری بکرێن، کە ڕێگای دروستبوون و پەیدابوونی ئەم جۆرە ناشیرینانە نەدەن و ئەگەر دروستیش بوون، ئەوا بە بیانووی پڕوپووچ یارمەتیان نەدەن، ئەگینا خێزانەکە بیانەوێت و نەیانەوێت دەکەونە خانەی ناشیرینەکان و تێکدەچێت، بەڵام لەهەمووی مەترسیدارتر ئەوەیە، کە لەناو حیزب و لایەنە سیاسی و ئایینی و حکوومەت و دەوڵەت یارمەتی ئەم ناشیرینانە بدرێت لەکاتی پەیدابوونیان، چونکە ناشیرینەکان زۆر بوونە، واتا ئەوانەی ڕادەکەن بە شوێن پلەوپایە و دابینکردنی سۆز و چێژی دەروون و گیرفان، بێگومان هەموو باجە قورسەکانیش قەبووڵ دەکەن، کە لەپێش هەموویانەوە سەرشۆڕی و دیلی و بێ هەڵوێستی باشە، ئەمانەش لە جاش و بەعس و جاسووسەکانن، ڕەنگە حیزب و حکوومەت و دەوڵەت بە وردی و بە بەردەوامی توانای دەستنیشانکردنی ئەم جۆرە ناشیرینانەیان نەبێت و نەتوانن ڕێگایان لێ بگرن بەهۆی تایبەتی و لابەلا، بۆیە دزە دەکەنە ناو ڕیزەکانی ئەم حیزب و حکوومەت و دەوڵەت و پلەوپایە و دەسەڵاتی جۆراوجۆر وەردەگرن، وەکوو مۆرانە بە دزییەوە مەرامەکانی خۆیان تێپەڕدەکەن تا دەگەنە قۆناغی دوایی بۆ دەستکەوتەکانیان لەسەر حیسابی جوان و باشەکانی ناو ئەم حیزب و حکوومەت و دەوڵەتە، کە بە سەپاندنی دەسەڵاتی تەواوی خۆیان و یارمەتیدانی دوژمنانی دەرەوە و ناوەوەی کوردستان و عێراق بۆ تێکدانی ئەزموونە دیموکراتی و فیدراڵییەتەکەی عێراقی فیدراڵ و حکوومەتە خۆشەویستەکەی کوردستان و گەڕانەوەی زوڵم و زۆرداری و برسییەتی و گرتن و لەسێدارەدان و دەربەدەری کار دەکەن، دەبینین کە تەواوی عێراقی دیموکرات و فیدراڵ، بە تایبەتیش حکوومەتەکەی هەرێمی کوردستان بە قۆناغێکی یەکجار ناسك و هەستیار و دژوار تێپەڕدەبێت، لە دووڕیانی هات و نەهاتین دوژمنمان زۆرە و دۆستمان کەمە، ڕێگامان دوور و پڕە لە هەوراز و نشێو کاروانەکەشمان ماندووە، بۆیە زۆر پێویستە لەسەر حکوومەتی عێراقی فیدراڵ و حکوومەتی هەرێمی کوردستان و حیزبە نیشتیمانپەروەرەکان، بە تایبەتیش سەرۆکەکانیان وردبین و ئازا و هۆشیاربن، زۆر بە زوویی لە ڕێگای دەزگاکانیانەوە و کۆمەڵانی خەڵك و ڕێکخراوە دیموکراتییەکان و

کۆمەڵی مەدەنی هەوڵبدەن بۆ دەستنیشانکردن و دۆزینەوەی ئەم ناشیرینانە و دوورخستنەوەیان لەناو ڕیزەکانی خۆیان و لادانیان لەسەر کورسی و پلەوپایەکانیان تا کار لەکار نەترازاوە، چونکە وا هەستدەکەم وردە وردە دەوروبەرمان بەم ناشیرینانە مینرێژکراوە.

جێگای داخ و نائومێدییەکی زۆرە بۆ دوارۆژی گەشی عێراقی فیدراڵ و حکوومەتی کوردستان، کە دەبینین جاشێك یا بەعسییەك یا جاسووسێك و دەیان دز و درۆزن و دەیان ڕەوشت خراپ و گەندەڵێك یا فایلدارێك دەگاتە سەر کورسی لێپرسراوییەتی و دەسەڵات جا لەناو حکوومەت بێت یا لەناو حیزبەکانی، کە خۆیان بە نیشتیمانپەروەر دەزانن یان لەناو ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراقی فیدراڵ و کوردستان جا بە هەر ڕێگا و پاساوێك بێت، چونکە ئەم دز و درۆزن و بەعسی و جاشانە ناشیرینەکانی ناو گەل و نیشتیمانن، نە ڕۆژێك جوان و باش و دڵسۆزی گەل و نیشتیمان بوونە، نە ئێستاش جوان و دڵسۆزن، نە لە دوارۆژیش باشتر دەبن، ئەوەی لەلای هەموو دڵسۆزێك سەیرە ئەوەیە، کە دەپرسی فلان جاش یا فلان بەعسی و جاسووس بۆ بووە بە کاربەدەست و لێپرسراو؟ پێمان دەڵێن ئەوە بە بڕیاری حیزب بووە بە جاش یا جاسووس یا بەعسی تا دەنگوباسی دوژمنمان بۆ بێنێت یا چەك و تەقەمەنیمان بداتێ، ڕەنگە ئەو وەڵامە تا ڕادەیەك ڕاست بێت، بەڵام قەت قەت ڕەوای حەق نییە ئەم بەعسییە یا ئەم جاشە یا کوڕەکانی پلەوپایەی بەرزیان بدەنێ، چونکە لە دوارۆژ پەشیمان دەبنەوە، ئەگەر ئەو دوژمنانەی کورد دوو نهێنیی بچووکی دوژمنمان بۆ بێنن بیست نهێنی و کارەکانی ئێمە بۆ دوژمن دەبەن، لەگەڵ هەموو ئەم ڕاستیانە کەسایەتی باش و دۆستیان تێدا هەبووە.

بابێینە سەر باسی ئەو فسۆس پاڵەوان و مەیمون و چڵکاوخۆر و هەڵپەرستانەی، کە هەموو نهێنییەکانی بارزانی نەمر و شۆڕشی ئەیلوولی مەزنیان دایە "فاضل البراك"ی بەڕێوەبەری گشتی ئاسایشی سەدام حوسێن، کە دوو کتێبی لەسەر ئەم نهێنییانە نووسی، ئەی ئەوانەی چەند حیزبێکی کارتۆنیان دروست کرد بە ڕابەرایەتی و تەوجیهاتی حیزبی بەعس، کە تەها یاسین ڕەمەزان لێپرسراویان بوو، خۆ گرووپەکانی عیزەت دووری بە ناوی دین و ڕیشی پان و دەفژەنی دوژمنایەتی کوردیان دەکرد، ئەمانە هەموویان دوژمنایەتی گەل و نیشتیمانیان کردووە، بەڵام دڵفراوانی سەرکردایەتی کورد بە لێ بووردنێکی گشتی هەموویان ئازادکردن لە کردە ناشیرین و

دوژمنکارییەکانیان تا بچنەوە ناو ماڵ و منداڵیان و بە ئاسوودەیی بژین لەژێر سایەی حکوومەتی عێراقی فیدراڵ و هەرێمی کوردستان، بەڵام ئەوەی زۆر زۆر پێویست و گرنگە ئەوەیە، کە نابێ ئەم تاوانبارانەی ڕابردوو بەرزبکرێنەوە و پلەوپایەی بەرزیان بدرێتێ وەك ئێستا پەیڕەو دەکرێت، نابێ ئەوەشمان لەبیربچێت کە ژمارەیەك لە کارمەند و ئەندامانی حکوومەت و حیزبە دەسەڵاتدارەکان خۆیان ناشیرین کردووە بە کردەوە ناشیرین و خراپەکانی ناشیرینەکان ژەنگیان هەڵێناوە و هەندێکیش یان هەست و بیر و چاو و گوێیان داخراوە و چاکە و خراپە و ڕەش و سپی لەیەك جیاناکەنەوە، بەڵام خاوەن پلەوپایە و لێپرسراویشن دەبێ ئەمانە بەرهەمەکانیان چی بێت لەم قۆناغە ناسکەدا.

زۆرێك لەم کەسانە شەیتان دەستی لەسەر هەڵگرتوونە و میللەتیش لە هەڵبژاردنەکان ڕەفزییان کردوونەتەوە، واتا بۆ دەبێ حکوومەت یا حیزبە دەسەڵاتدارەکان ئەم ناشیرین و ڕزۆك و ڕەفزکراوانە بە بیانووی جۆراوجۆر بەسەر میللەتیاندا بسەپێنن، کە هیچ سوودێکیان نییە لە زیان بەولاوە، دەبا بچنەوە ناو تەلار و باغەکانیان، بە ڕۆژ مەلەوانی بکەن و بە شەویش سەریان گەرم کەن بە خەیاڵی پلەوپایەی بەرز و خۆش و شیرین.

بۆیە دەبێ حکوومەت و حیزبەکان بەخۆیاندا بچنەوە و وردەکاری بکەن و ڕیزەکانیان بژاربکەن لەو دڕکودالّ و گەندەڵانە و ڕووبکەنە گەنجە خوێندەوارەکانی کوردستان بە "نێر و مێ" لەگەڵ مامۆستا و کارمەندانی زانکۆکان، کە کارگەی زانستی و زانیارین، پەراوێزنەخستنی نوێنەرانی ڕاستەقینەی ڕێکخراوە دیموکراتییەکانی کوردستان لە داڕشتن و بڕیاردان بۆ یاساکان و ئاوەدانکردنەوەی کوردستان بەم هەنگاوانە و هەنگاوی دیکەش دەتوانین پەرژینێکی پۆڵایین لە دەوری حکوومەتەکەی کوردستان دروست بکەین بۆ پاراستن لە پیلان و تیرە ژەهراوییەکانی دوژمن و چڵکاوخۆر و هەڵپەرستان، تەنیا بەمجۆرە خۆمان جوان دەکەین بەرامبەر گەل و نیشتیمان و خۆشمان ناشیرین ناکەین بە ناشیرینەکان.

**پارێزەر**
**کەمال محیەدین ئەسعەد**
**هەولێر – ٢٠٢٠/١٢/١١**

# دۆستی ڕاستەقینەی کورد
# تەنیا دیموکراتخواز و نیشتمانپەروەرەکانن

ئەگەر بمانەوێ ئەزموونە دیموکرات و فیدراڵییەکەی خۆمان، نەك تەنیا بپارێزین لە پاشەکشە و پووکانەوە بە پیلانی دوژمنەکانمان، بەڵکوو دەبێ بە کاروکردەوەی جدی و بەردەوام هەوڵبدەین بۆ پێشخستن و فراوانکردن و بەهێزکردنی لە هەموو بوارەکانی ژیان، دەبێ خوێندنەوەیەکی قووڵ و زانیارییانەمان هەبێت لەسەر هەموو ئەو ڕووداوە تفت و تاڵانەی، کە بەسەر وڵاتەکەمان هاتووە، بۆیە وا دەزانم بۆ هەموو دڵسۆزێکی کورد، کە بیەوێ لەباری سیاسی گەل و نیشتمانەکەی بگات، پێویستە بەلای کەمەوە چەند قۆناغێکی مێژوویی نزیکی وڵاتەکەی بزانێت.

گەر بگەڕێینەوە مێژووی بەسەرهاتەکانی عێراقی عەرەبی و کوردستان، دەبینین تاساڵی: (٦٣٩)ی زایینی وڵاتەکەمان بەشێك بووە لە ئیمپراتۆریەتی ساسانی، کە هیچ هەست و بیروباوەڕی نەتەوایەتیان نەبووە.

پاش هاتنی ئیسلامی پیرۆز بۆ ناوچەکەمان لە ساڵی: (٦٣٩ ز) هەست و بیری خۆشەویستی خەڵك بە گشتی بۆ یەزدانی پاك و قورئانی پیرۆز و پێغەمبەری مەزن بووە "د.خ"، کوردەکان درێغیان نەکردووە بۆ سەرکەوتنی ئایینی ئیسلامی پیرۆز، بەڵگەش بۆ ئەوە سەڵاحەدینی ئەیوبی کە بەهێز و توانای خۆی و هۆزەکەی شاری "عکاو قودس"ی ڕزگار کرد لە دەست داگیرەکەرانی ئەورووپی و سوپای سەلیبی دەربەدەرکرد لە وڵاتی ئیسلامدا و دەوڵەتی ئەیوبی ئیسلامی لە میسر و سووریا دروست کرد و عێراقیشی خستە سەر دەوڵەتەکەی، بە پێی سەرچاوەکانی مێژووی ئیسلامی پیرۆز بە تایبەتی لە ڕۆژانی حوکمڕانی ئەمەوییەکان لە ساڵانی ١٦٨٢ و ١٧٠٢ و ١٧٠٨ چەند جار کوردەکان ڕاپەڕینیان دژی نەبوونی یەکسانی و گرفتی کۆمەڵایەتی ئەنجامداوە، هەروەها لەساڵانی ١٨٤٠ و ١٨٤٦ و ١٨٦٦ دیسان کوردەکان ڕاپەڕینیان دژی کاربەدەستانی عەباسییەکان لەناوچەکانیان ئەنجامداوە تا کار گەیشتە ئەوەی کوردەکان توانیان هەموو ناوچەی موسڵ ئازادبکەن و دەسەڵاتی خۆماڵیان تێدا جاڕدا. لەگەڵ سەلماندنیان بەدەسەڵاتی خەلیفەی عەباسی، لەم کاتانەدا ژمارەیەکی زۆر لەخێزان و هۆزە عەرەبییەکانی نیمچە دوورگەی عەرەبی واتا "شبە جزیرە العرب" لە سعودیە و یەمەن و شام ڕوویان کردە ناوچەکانی باشووری عێراقی عەرەبی تا سنووری

باشووری کوردستان، هەروەها ژمارەیەکی زۆر تورك لە خـەڵکی پێدەشـتەکانی ئاسـیای ناوەند ڕوویان کردە باکووری کوردستان و سنوورەکانی باشووری کوردستان بەزاند.

بـەمجۆرە ڕێـژەی عـەرەب و تورکمـان لـە کوردسـتان زیـادی کـرد، خـێڵ و هـۆز و مەڕدارەکانی عەرەب و تورك لە ناوچە کشتوکاڵییەکانمان جێنشین بوون.

پاش کۆتایی حوکمی عەباسی ئیمارەتێکی داگیرکـەرەکان دەرکـەوت لـە ئەنـەدۆڵی تورکیـا بەسـەرۆکایەتی "ئەرتـەخرل کـوڕی سـلێمان"، پاشـان عوسمـانی کـوڕی "ئەرتـەخرل" بـەردی بناغـەی دەوڵـەتی عوسمـانی دانـاوە ... تـا سـاڵی: (١٩٢٢)، کـە مستەفا کەمال بە پێی بەندەکانی پەیمانی لۆزان لەژێر فشاری ئینگلیزەکـان خەلافـەتی ئیسلامی نەهێشت و هەموو قوتابخانە و مزگەوتەکانی داخست و عیلمانییەتی ڕاگەیاند.

لـەژێر دەسـەڵاتی دەوڵـەتی عوسمـانی کوردسـتان ویلایـەتێکی سـەربەخۆ بـوو لـەو کاتە.

پـاش ڕووخـانی دەوڵـەتی عوسمـانی و دروسـتبوونی حکوومـەتی تورکیـا بەسەرۆکایەتی "مستەفا کەمال ئەتاتورك" کوردەکان زۆر یارمەتی مستەفا کەمالیان دا، چونکە زۆر بەڵێنی چەور و خۆشی بە کوردەکان دابوو، بەڵام بەداخەوە کوردەکان ماران گاز بوون و دوژمنەکانمان پەیمانی لۆزانیان دانا لە شوێنی پەیمانی سیڤەر، بێ ئـەوەی باسی کوردی تێدا بکرێت، دوا بەدوای ئەوە مستەفا کـەمال و عیسـمەت ئـەنینۆ جڵـەوی دەسـەڵاتیان گرتـە دەسـت و هـەموو پارتـە سیاسـییەکانی تورکیایـان داخسـت، بانگەشەشیان بۆ یەك وڵات و یەك زوبان و یەك دروشم و یەك دەوڵەت دەکـرد، بـەمجۆرە هەموو دەسەڵات و مافەکانی گەلی کوردیان خەفـەکرد، پـەیتا پـەتیاش کوردەکانیـان لـە شـار و دێهاتـەکان دەردەکـرد یـا تورکیـان تێـدا دادەنـا یـا پـاش تاڵانکردنیـان دەیانسـووتاندن، بەدرێـژایی ئـەو مـاوە تـا حکوومـەتی عێـراق دروسـت کـرا لەلایـەن ئینگلیزەکانەوە.

تورکیا داوای ویلایەتی موسڵی بـە هـەموو کوردسـتانی باشوورەوە دەکـرد، بـەڵام لەژێر فشاری ئینگلیز و پاڕانەوەی مـەلیك فەیسـەڵی یەکـەم بـۆ بـەهێزکردنی حکوومەتـە عێراقییە دەستکردەکەی ئینگلیـز. لـەدواجار ویلایـەتی موسـڵیان لکانـد بـە عێراقـەوە، هەرچەندە مـەلیك فەیسـەڵ بـەڵێنی گـەورەی بـەکوردەکان دا، بـەڵام دیسـان بەڵێنـەکان پووچەڵ دەرچوون، لەساڵی: (١٩٣٤)ەوە حکوومەتەکەی یاسین ئەلهاشمی دەستی کرد

به کردنـه عـەرەبی ناوچـە کوردسـتانییەکان، لـەپێش هەموویانـەوە ناوچـەی کـەرکوك و یەکەمینجاریش بە گەورەکردنی حەویجە، کە گوندێکی بچووك بوو هەموو دانیشتوانیشـی کورد بوون، ئێستاش بووە بە قەزا و زۆربەی دانیشتوانی کـراوە بـە عـەرەبی توونـدڕەو، **سەیر ئەوەیە لەژێر چەتر و سێبەری سەرۆك کۆماری عێراقی دیموکرات و فیدراڵ جەنابی مام جەلال تاوانەکانی تەعریبکردنی کوردستان بەردەوامە.**

بەمجۆرە عێراقی دیموکرات بوو بە وڵاتێکی هەمەچەشـنە و ڕەنگـاوڕەنگ، لـە ڕووی خاك و نەتەوە و ئایین و بیروباوەڕەوە، کە ئەم فرە ڕەنگییە لەهیچ وڵاتێکی دنیـا بـەدی ناکرێت، هەر بۆیە بەڕێوەبردنیشـی هاسـان و بەردەسـت نییـە، دەبیـنین خـاکی عێراقـی فیدراڵ لە باشووری کوردستان دروست کـراوە، کـە بەشـێکە لـە نیشـتمانی گـەلی کـورد، هەروەها لە بەشێك لە ڕۆژهەڵاتی عەرەبستان، کە بەشێکە لە نیشتمانی عەرەب، دیسـان دەبینین گەلی عێراق پێك هاتووە لە بەشێك لـە گـەلی کـورد و بەشـێك لـە گـەلی عـەرەب، لەگەڵ ژمارەیەك نەتەوەی دیکە وەك: تورکمـان، ئاشـووری، لـە ڕووی ئایینیشـەوە پێـك هـاتووە لـە ئیسـلام بـە سـوننە و شـیعە و لەگـەڵ مەسـیحی بـە کلـدان و ئاشـوری و سریانییەوە لەگەڵ سابیئەی مەندائی و ... سەرەڕای ئەمانە بەشێکی زۆر بەرچاو خۆیان بە عەلمانی دەزانن، کە لەگەڵ لایەنە ئایینییەکان ناگونجێن.

پاش نزیکەی زیـاتر لـە ٨٠ هەشـتا سـاڵ، گـەلی عێـراق بـە هـەموو لایەنـە ئـایینی و نەتەوەییەکانییەوە توندترین زەبروزەنگی چێشـتووە لەدەسـت حکوومەتـە دیکتـاتۆرە یەك لەدوای یەکەکان تا ڕۆژی: (٩-٤-٢٠٠٣)، پەیکەرەکەی سەدامی خوێنڕێـژ تێکـدرا و بەناو کۆمارێکی سەربەخۆی دیموکرات و فیدراڵی لە جێگای دامەزرا، لـەم ڕۆژەوە لایەنـە سیاسـییەکانی عێراقـی فیـدراڵ کێبڕکێیانـە لەسـەر دەسـەڵات گرتنەدەسـت، لـەپێش هەمووشیانەوە برا شیعەکان بە ڕابەرایەتی لیستی نیشـتمانی و سـەرۆکایەتی "ئیـبراهیم جەعفەری و مـالیکی" هـەروەها بـرا سـوننەکان بـە ڕابەرایـەتی لیسـتی ئەلعێراقیـە و بـە سەرۆکایەتی "د. ئەیاد عەلاوی" لە هەموو وڵاتانی جیهان، کـە شـۆڕش یـان گۆڕانکـاری بەرەو ئازادی ڕوودەدات کۆمەڵگا دەبێتە سێ بەش:

١. یەکەمیان خۆی بەخاوەنی شۆڕش و گۆڕانکارییەکە دەزانێ و بەرگری لێ دەکا.

٢. دووەمیـان ئەوانـەن کـە گۆڕانکارییەکـە دژی بەرژەوەندییەکانیانـە، بۆیـە دژی دەوەستنەوە.

٣. سێیەمیشیان بێلایەنەکانن، کە دەستیان بە کڵاوی خۆیانەوە گرتووە با نەیبات.

بەڵام ئێمەش لەم جیهانە بەدەر نین و ناشتوانین دوورەپەرێز بوەستین لە ڕووداوکانی ئەم جیهانە، گوتمان سەدام حوسێن ڕووخا و گۆڕانکاری ڕوویدا، بەمجۆرەی هەموو لایەك دەیزانین و لەهەمان کات دۆست و دوژمن و بێلایەن بۆ گۆڕانکارییەکە پەیدابوو، کە هەر لایەك لەم لایەنانە بریتین لە چەند گرووپی هەمەچەشنە و ڕەنگاوڕەنگ. بەڵام ئەوەی لێرە گرنگ و پێویستە کە دۆستەکانی ئەم گۆڕانکارییە دەبێ دووربین و وردبین بن، لە هەمان کات بەرامبەر کێشەکان دەبێ دڵسۆز و ڕاستگۆبن لەگەڵ کۆمەڵانی خەڵك، دەبێ هێمن و هۆشیار و نەبەز بن بەرامبەر هەموو نەیار و دوژمنەکان، دەبێ دەست و دەم و دەروون پاك بن لەرەفتار، دەبێ ئاگادار و وریا بن و ڕێگا نەدەن بەو دوژمنانەی، کە لە دەرگاکان ڕایان کردووە، با لە پەنجەرەکان نەیەنە ژوورەوە.

ئێستا ئێمە لەم قۆناغە گرنگ و پڕ لە مەترسیدارەداین، دەبینم دۆست و دوژمن و بێلایەنەکانی گۆڕانکاری ئەزموونەکەمانیان تێکەڵکردووە و هیچ هێڵێك نییە لێکیان جیابکاتەوە، ئەوانەی خوێنیان ڕشت و ماڵیان وێران بوو لەپێناو ئەو گۆڕانکارییە، ئەوانەی کەسوکاریان ئەنفال و کیمیاباران کرا. ئەوانەی خاوەنی بەرژەوەندیی ڕاستەقینەن لەم گۆڕانکارییەدا ئەوانە و ئەوانە هەمویان فەرامۆش کراون، ئەوانەی دیکەش کە هەمیشە ئامادەبوونە و ئێستاش ئامادەن ببن بە ئاگر بەڕووی ئەو ئەزموون و گۆڕانکارییە پیرۆزە، بونەتە خاوەن ماڵ.

ئەو قارەمانانەی تا ڕۆژی: (٢٠٠٣/٤/٩)، لە زیندانە تەسك و تاریك و تەنیاکانیان چاوەڕوانی پەتی سێدارەیان دەکرد لەپێناو ئازادی و سەربەخۆیی گەل و نیشتمان، ئێستا پێیان دەگوترێ: چۆلەکەی پار، بەداخەوە ڕۆژ ڕۆژی نزیکبوونەوەی جاش و جاسووس و بەعسی سەدامە لە دامودەزگای ئەزموونەکەمان، خۆیان مەڵاس داوە تا ڕۆژی گونجاو بۆ تێکدانی ئەزموونەکەمان، ڕۆژی ئەو جاشانەیە، کە داوایان لە سەدام حوسێن دەکرد بۆئەوەی کوردستان و پێشمەرگە کیمیاباران و ئەنفال بکات، ڕۆژی ئەو سیخوڕ و جاشانەیە، کە لووت و گوێی گاوان و جووتیاری بێ دەسەڵاتیان دەبڕی، بەڵام ئەمڕۆ ڕۆژی چڵکاوخۆرەکانی سەدام حوسێن و دوورخستنەوەی هێزە دیموکرات و

نیشـتمانپەروەر و پێشـکەوتووەکانە، لـەبارەگای مەکتـەبی پەیوەندییـەکانی نیشـتمانی زیاتر لە (٢٥) پارت و لایەن و کەسایەتی سیاسی و دیموکرات و نیشتمانپەروەری حیزبی شـیوعی و جوولانـەوەی سۆسیالیسـتی نیشـتیمانی دیموکراسـی بـە کـورد و عـەرەب و تورکمان بـە ئیسـلام و مەسـیحی کۆدەبوونـەوە و کاریـان بـۆ پشـتگیری لـە ئـەزموون و گۆڕانکارییەکانمان دەکرد، بەڵام سەد مخابن لە شوێن ئەم قارەمانانە لـەپڕێکا "ئوسـامە نوجێفی" بە سەرۆکی گەورەترین دەسەڵاتداری یاسا دانرا، واتا سەرۆکی پەرلەمان کە تا ئێستاش باوەڕی بە دیموکراسییەت نییە و نموونەش پـەراوێزکردنی لیسـتی برایـەتی لـە نەینەوا باشترین بەڵگەیە و تا ئێسـتاش بـاوەڕی بـە مافـەکانی گـەلی کـورد نییـە و نـاوی کوردستان نابات، بەڵی دەرهێنانی بەڕێز ساڵح موتڵەگ و هاوڕێکانی لە لیسـت و خانـەی بەعسی سەدامییەکان، نەك تەنیا ڕزگارکردنیانە لە لێپرسینەوە و سزای یاسایی، بـەڵکوو کورسی و پلەوپایەی بەرز و گەورەیان بۆ ئامادەکردوونە، ئەوەتا ساڵح موتڵـەگ بـوو بـە جێگـری سـەرۆك وەزیرانـی عێراقـی دیمـوکرات و فیـدراڵ، دەك خـوا قـەبووڵی نـەکات و خوێنی شەهید و کیمیاباران و ئەنفالکراوەکان لێتان خۆش نابن، زۆر سەیر و نەگونجاوە خاوەن شەهید و ئەنفالکراوەکان کورسی تایبەت دروست دەکەن بۆ بەڕێز ئەیاد عـەلاوی بە ناوی ئەنجوومەنی نیشتمانی کێشە چارەنووسسازەکان حەوت وەزیـری بێکـار و زیـاد لە پێویست دادەنێن بۆ ڕەزامەندی فلان و فیسار لەناو گرووپەکانی عەرەب، بـەڵام یـەك وەزیریان بە لیستی گۆڕان نـەدا، کـە خـاوەنی هەشـت ئەنـدامی ئەنجوومـەنی نوێنـەرانی عێراقە و (٥٠٠) هەزار کوردیـان لەگەڵدایـە، بـەمجۆرە حکوومەتەکـە دەبێتـە حکوومـەتی نیشتمانی و هاوبەش..؟ خۆ ئەگەر بێینە سەر باسی کورسییەکانی لیستی کوردسـتانی، کە بریتین لە کورسـی سـەرۆك کۆمـار و جێگـری سـەرۆك وەزیـران و وەزیـری دەرەوە و وەزیری بازرگانی و چەند وەزیرێکی بێکار، دەبینین لە ئاستی ئیستیحقاقی هەڵبژاردن و نەتــەوەیی کــورد نــین، چــونکە پۆســتەکان لاواز و بــێ دەســەڵاتن، پەیوەنــدییان بــە کێشەکانی کورد لەگەڵ دەسەڵاتی ناوەندەوە نییە. واتا لەگەڵ حکوومەتی مەرکـەزی لـە خۆمان دەپرسم؟ ئایا بۆ دەبێ لیسـتی کوردسـتانی پێداگری لەسـەر پۆسـتێکی ئـەمنی نەکات، ئایا ئێمە شایستە نین یا باوەڕمان پێناکەن و یـا پێمـان ڕاهاتوونـە، کـە سـازش قەبووڵ بکەین، جگە لە هەموو ئەو گیروگرفتانەی کە دەخرێتە پێش داخوازییە ڕەواکانی گەلی کورد، وەك دانـانی مەجلیسـی ئیتیحـاد و کێشـەی سـەرژمێری و مـاددەی (١٤٠) و

تێپەڕاندنی مووچـەی سـاڵی: (٢٠١١) بـە زیـانی گـەلی کوردسـتان و چارەسـەرنەکردنی کێشەکانی نەوت و غاز و پێشمەرگە، ئـەو تابلۆیـەی کـە لەسـەرەوە باسمـان کـرد یەکـە یەکـە دژی بەرژەوەنـدیی کـورد و ئەزموونـە دیمـوکرات و فیدراڵەکـەی کۆمـاری عێراقـی فیدراڵە، ڕۆژ بە ڕۆژ پێگەی کورد و فیدراڵییەتە لاوازەکـەمان لاوازتـر و بێهێزتـر دەکـات، لەهەمان کات نیشانەی پاشەکشە پێکردنە بە دیموکراتییەت و چارەنووسی گەلی کورد، کە لە فیدراڵیەتی نەتەوایەتی خۆی دەنوێنێ.

لەکاتێکدا کە ئەمریکا و ئێران و سعودیە لەگەڵ بەڕێزان مالیکی و ئەیاد عەلاوی بـە داهێنەری ئەم تابلۆیـە دەناسـرێن و ویسـتیان نمایشـکردنی تابلۆکـەش بخەنـە ئەسـتۆی کـورد، هـەر بۆیـە هـەموو لایەنـەکان هاتنـە کوردسـتان و لـەژێر چـەتری کوردسـتان و بەڕواڵەت لەسەر داوای هەرێمی کوردستان ڕێککەوتنەکەیان ڕاگەیاند، ئەویش ئەوەیە کـە وەکوو ژەهری مار کردیان بە گەرووی کـورد و هێـزە دیمـوکرات و نیشـتمانپەروەرەکانی گەلی عێراقی دیموکرات و فیدراڵ.

لەکاتێکـدا کـە بـاوەڕی تـەواوم هەیـە بـە دڵسـۆزی و نەفـەس درێـژی و نەبـەزی سەرۆکانی جوولانەوەی نەتەوایەتی کورد، بە تایبەتیش جەنابی بەڕێزان سەرۆك کۆمار و سەرۆکی هەرێمی کوردستان مام جەلال و کاك مەسعوود بارزانی، ئومێددەکەم تەمەنیان درێـژ و سـەرکەوتووبن لـەپێناو بەدەسـتهێنانی هـەموو مافـە ڕەواکـانی گـەلی کـورد، بـە تایبەتی لەم قۆناغە مەترسیدار و هەستیارەدا بە پێویستی دەزانم زیاتر پێداگری بکـەن لە مافەکانی کورد، چونکە ئێمە خۆمان بەهێزین و با بیانپارێزین، گومانم نییە لەوەی کە ئەزموونە دیموکرات و فیدراڵەکەمان لە پاشەکشەیە و ڕۆژ بە ڕۆژ سـەنگەری نـەیارەکانی دیموکراتییەت و فیدراڵیەت بەهێزدەبێت لەسەر حسابی سەنگەرەکانی ئێمە، بۆیە تا کار لەکار نەترازاوە و هەموو ڕیسەکانمان نەکرێتەوە بەخوری، بۆئەوەی سەرلەنوێ پۆست و پلـەکان هەڵوەشـێنەوە لـە ڕێگـەی پێـداگرتنمان لەسـەر دەسـەڵاتەکانی ئەنجوومـەنی نیشـتمانی بـۆ بڕیـارە چارەنووسسـازەکان لەگـەڵ وەرگرتنـی پۆسـتێکی ئـەمنی و هێنانەپێشـەوەی هێـزە دیموکراتخـواز و پێشـکەوتووەکان بـە پلـەی دەسـەڵاتداری جۆراوجـۆر و ئاوڕدانـەوەی جـددی و ڕاسـتگۆیانە بـۆ چارەسـەرکردنی کێشـەی بـرا فەیلییەکان و بەشداریکردنیان لـە حکوومـەتی داهـاتوو لـە ئاسـتێکی بـەرز و شایسـتە، تەنانـەت بـەم هەنگاوانـە بـاوەڕی کۆمەڵگـەی کـوردی وەردەگرینـەوە بـۆ خۆمـان و

ئەزموونەکـەمان، کـە ئێسـتا بەداخـەوە زۆر بـە ئاشـکرا و هەسـتیار لەدەسـتمان داوە، چونکە خۆم وەك ئەندامێکی دڵسۆزی یەکێتیی نیشتمانی کوردسـتان و پێشـمەرگەیەکی دێرینـی شۆڕشـی ئـەیلوولی شـکۆدار و دۆسـتی هـەموو پارتـە کوردسـتانی و عێراقییـە دڵسۆزەکان بـۆ دیموکراتییـەت و فیدراڵیـەتی ڕاسـتەقینەی نەتەوایـەتی بـۆ گـەلی کـورد، ئاگـادارم لـە هەسـت و هەڵوێسـت و نائومێـدی کۆمـەڵانی خـەڵکی عێراقـی فیـدراڵ و دیموکرات بە کورد و عـەرەب و تورکمانـەوە هەیـە، کـە زۆربـەی هـەرە زۆریـان دڵگـیر و ڕەشبینن بەرامبەر ئـەو پاشەکشـەی، کـە بەسـەر ئەزموونـە دیمـوکرات و فیدراڵەکـەمان هـاتووە و زۆربەشـیان تاوانـەکان دەخەنـە سـەر کـورد و سـەرکردایەتییەکەی، جـا بۆیـە دووبارەی دەکەمەوە کە دۆسـتی ڕاسـتەقینە و درێژخایـەنی کـورد تـەنیا و تـەنیا هێـز و پـارت و کەسـایەتییە نیشـتمانپەروەر و دیموکراتخـوازە ڕاسـتەقینەکانن، کـە ئێسـتا پەراوێزخراون و مەیدان بۆ دژە "دیموکراتییەتو نیشتمانپەروەر" چۆڵکراوە، ئەوانەی بە بیانووی جۆراوجۆریش یا لەژێر پەردەی مەزهەبی و تایفەگـەریو نەتەوایـەتی دەیانـەوێ وڵاتەکەمان ببەستنەوە بە وڵاتانی دەرەکی بۆ مەرامی تایبـەتی خۆیـان، ئەمانـە قـەت و قـەت دۆسـتی گـەلی کـورد و گـەلی عـەرەب نـین و باوەڕیشـیان بـە دیموکراتییـەت و فیدراڵیەتی عێراق نییە. بۆیە نابێ بە قسەی چەور و بەڵێنی سەر زارەکی خۆش و ڕازاوە یا چەند پلەوپایەیەکی بێهێز و لەرزۆك فریوبخۆین و دەستمان ببڕن، گەر ئـەم ئەزموونـە دیمـوکرات و فیدراڵیـەمان لەدەسـت بچـێت، ئـەوا دەبیـنین دەوڵـەتێك لـە جـۆری دراوسـێکانمان دروسـت دەبـێ هـەتا هەتایـە دوور لـە دیموکراتییـەت و فیدراڵیـەتی ڕاستەقینە، کە بنەمای هەموو ئازادی و سەروەرییەکانی کوردستانە.

**پارێزەر**

**کەمال محیەدین ئەسعەد**

**هەولێر – ٢٠١٤/٥/٢٢**

# ڕێکەوتنی کورد لەگەڵ ئەو لایەنانەی کیمیاباران و ئەنفالی کورد ڕیسوا ناکەن تاوانێکی مێژووییە

لـە وتارەکـەی ڕۆژی: (٨-٤-٢٠١٠)مـان لـە هەفتەنامـەی بـەدرخان بڵاوکرایـەوە گوتوومانـە هەرچـەندە ژمارەی کورسـییەکانی کـورد لـە ئەنجوومـەنی عێراقـی فیـدرالی کورتی هێنا و پاشەکشـەی کـرد، کـە سوچەکەشـی خۆمـان بـووین، بـەڵام ئەنجامـەکانی هەڵبژاردنەکەی: (٧-٣-٢٠١٠)، بە گشتی و ئاشکرا لە بەرژەوەندیی کوردە ....، چـونکە هیچ لیست و قەوارەیەکی سیاسی یان ئـاییني یـا نەتـەوەیی نـەیتوانی بـە تـەنیا ڕێـژەی پێویسـت لـە دەنگـەکان بەدەسـت بێنێـت بـۆ پێکهێنـانی حکوومـەتێکی تەمـەن درێـژ و سەقامگیر و بەهێز، کە ئەمەش دەبێتە هیوای دەسەڵاتێکی تاکڕەوانـەی لووتبـەرز و بـێ باك، بە ئارەزوی خۆیان و بێ تـرس و سـلەمینەوە لـە هـیچ لایـەنێك و بـە بەرژەوەنـدیی خۆیـان سیاسـەتی وڵات ئاراسـتەدەکەن. وا لـە مـاوەی پـەنجا ڕۆژە لایەنـە سیاسـییە سەرکەوتووەکان سەرقاڵی دانیشتن و گفتوگۆ و مشتومر و جرت و فرت و پەلەقاژەوە لـە دەرەوە و ناوەوەی وڵات بۆ دروستکردن و مسۆگەرکردنی گەورەترین لیستی پەرلـەمانی لەناو ئەنجوومەنی عێراقی فیدرالی تا بتوانن حکوومەتێکی بەهێز و تەمەن درێـژ دروسـت بکەن، بەڵام لەبەر ئەوەیی پێکهێنانی گەلی عێراقی فیدرالی پێکهاتەیـەکی ئاسـان نییـە، بـەڵکوو فـرە نەتــەوە و ئــایین و مەزهەبـە و ئەجنێـدای جیـا جیـا و هــەر یـەك لــەم جەمســەرانەش داخــوازی و هەڵوێســت و لایــەنگیری و هانــدەری جۆراوجۆریــان هەیــە، سەرەڕای بەرژەوەنـدیی سیاسـی و ئـابووری وسـەربازی وڵاتـانی هاوسـێ و دەوروبـەر و هەندەران هەڕەشە و بانگەشە و ئاژاوەنانـەوەش لەلایـەن هـەوادارانی سـەدام حوسـێن و نەتەوەپەرســتە توونــدڕەوەکانی عــەرەب و دوژمنــانی کۆمــاری عێراقــی فیــدرال و دیموکراسیشــی ســەربار و بــن بــار، جـا لەبـەر ئـەو هــەموو تایبەتمەنـدی و تەنگژانــە وڵاتەکەمان بە قۆناغێکی دژوار و مەترسیداردا دەڕوات، بارمان قورسە و دۆستمان کەمـە و دوژمنمان زۆرە و خۆشمان و لایەنە سیاسییەکان و دیـنی و نەتەوەییـەکان لـە ئاسـتی پێویستیدا نین و یەکترمان قبووڵ نییە، بۆیە بە هەموو بۆچوون و پێوەرێـك پـێ ناچـێت بەم زوانە حکوومەتی نیشتیمانی عێراقی فیدرالی دروسـت بێـت، کـە ڕەزامەنـدی هـەموو لیست و هێزەکان و وڵاتانی دەرەکیشی لەسەر بێت، کە هەر یەکە لەو لایانانە بەرژەوەند

و هەڵوێستی تایبەتی خۆیان هەیە لەگەڵ هەڵوێست و بەرژەوەندیی لایەنەکانی دیکە ڕێك ناکەوێت، بۆیە لەم کەشوهەوا سیاسییە تەمومژاوییەدا پڕ لە مەترسییە، ئێمەی کورد بە تایبەتی سەرۆکە دڵسۆزەکانمان لە ناو پارت و کەسایەتییە سیاسییە کوردپەروەرەکانمان **دەبێ دۆست و دوژمنی ڕاستەقینەی خۆمان دەست نیشان بکەین لەگەڵ ئاوات و ئامانجە دوور و نزیکەکانمان بۆئەوەی بە ڕاشکاوانە هەڵوێست و قسەی دڵی خۆمان بخەینە بەر دەمیان و کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانیش لە هەموو هەنگاوەکان ئاگاداربکەینەوە**، لەبەرئەوەی ئێمە هەتا ئێستا نەمان توانیوە کێشەکانی کورد بە تەواویی و فراوانی ڕوون بکەینەوە بۆ کۆمەڵانی خەڵکی عێراق، بە تایبەتی لە باشوور و ڕۆژئاوای عێراق، بۆیە دەبێت بە پرۆژە و پرۆگرامی ڕوون و ئاشکرا بە بەڵگەی مێژوویی و جوگرافی و سیاسی لە داخوازی و ئامانجی بچووك و هەرە ئاشکراکانمان دەست پێ بکەین تا دەگەینە مافی چارەنووس، **واتە سەرکردەکان خوشك و برایانی کوردپەروەر دەبێ لەگەڵ ئەم لیست و قەوارە سیاسی و ئایینی نەتەوە پەرستانەی عەرەب ڕێك بکەوێ، کە لە پێشەوە باوەڕیان بەوە هەبێت، کە گەلی کورد لە کوردستانی عێراق عەرەب نییە کوردستانیش بە شێك نییە لە عێراقی عەرەبی دواجار هەموو ئەو لایەنانەی کەدەمانەوێ لەگەڵیان ڕێك بکەوین دەبێت کیمیابارانی کوردستان و ئەنفالڵ کردن و تەعریبی کورد ڕیسوابکەن بە نووسین و بەڵێن بدەن بە قەرەبووکردنەوەشیان**، چونکە هەر لایەنێك باوەڕی نەبێت بە ڕیسواکردنی کیمیاباران و ئەنفالی کوردان قسە و بەڵێنەکانی لە فرمێسکی تیمساح دەچێت دەمێکە باپیرانمان گوتوویانە: (ماران گاز لە خشکەی گوریس دەترسێ) خۆ هەمووتان بەڵێنەکانی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی و ئینگلیزەکان و مستەفا کەمال و پەیمانی سیڤەر و (عصبە الامم) و ڕووسیا و ئەلمانیا و ئەمەریکا و ئیسرائیل و سووریا و تورکیاتان لەبیرە، کە هەمووی وەك بەفری بەهاران توایەوە و لەناوچوو لەسێدارەدانی سەرکردەکانی کورد و لەناوبردنی کۆماری مەهاباد و پاشگەزبوونەوەی عەبدولکریم قاسم و سەدام حوسێن لە مادەی سێی دەستووری عێراقی و بەیانی (١١)ی ئازاری هەمیشە زیندوو، تەسلیمکردنەوەی قارەمانی گەورەی کوردستانی گەورە بەڕێز عەبدوڵلا ئۆجەلان بە حکومەتی تورکیا لەلایەن سووریا و ئەمریکا و ئەورووپاتان لەبیرە، ئیتر بەسە ئەگەر جارێك و دوو جار و دە جار فێڵیان لێکردین خوا بیان گرێت و ماڵیان وێران بێت، بەڵام ئەگەر ئەمجارەش فیلێیان لێکردین

دەبا ئەمجارەیان خوا ئێمە بگرێت، ئێمەی کورد لەم قۆناغـەی ئێسـتادا لەهـەموو کاتێك بەهێزتر و گەورەترین، چونکە باج و قوربانییـەکی یـەکجار گـەورەمان داوە بـۆ گەیشـتن بەم ڕۆژە پیرۆزە، بۆیە نابێ خوێنی گەشی شـەهیدەکانمان و فرمێسـکی گەشـی دایـك و باوکـــە جـــەرگبڕاوەکان و هـــاواری بـــێ وەڵامـــی منداڵـــە بـــێ دایـــك و باوکـــەکان و زیندەبەچـاڵکردنی پەپووڵـە جوانـەکانی کوردسـتان و سـووتاندنی قورئـان و مزگـەوت و قوتابخانە و خەستەخانە و کیمیاباران و ئەنفالّمان لەبیربچێت، هـیچ لایـەنێکی سیاسـی، دینی یان نەتەوەیی لە عێراق ئەوەندەی کورد قوربانی نەداوە با کەس موزایەدە لەسـەر ئێمە نەکات و ئێمە لەو وڵاتە نەك بێگانە نین، بەڵکوو خاوەنی ئـەم بـارودۆخ و ڕەوشـەی عێراقی دیموکرات و فیـدرالین، بۆیـە دەبـێ بەوپـەڕی بـاوەڕ بەخۆکردنـەوە سـەر بڵنـدی ئازادانەی بێ ترس و شەرم و موجامەلە و بەیەك ڕیـز و یـەك دەنـگ بچینە نـاو مەیـدانی دروستکردنی حکوومەتی عێراقی فیدراڵ، مێژووی خەباتی هاوبەشی کورد و عەرەب، کـە گەلی کورد و گەلی عەرەب دەتوانن بە یەکەوە بـژین لـە عێراقێکـی دیمـوکراتی فیـدرالی ڕاستەقینە، هەموو ئەو لایـەن و هێزانـەی باوەڕیـان بـەم ڕاسـتییە هەیـە دۆسـت و بـرای ئێمەن، بۆیە ئێمە پێمان باشە لەگەل لیستەکانی بەڕێز مالیکی و عەمار حەکیم و حیزبی ئیسلامی و هەندێ لایەنە میانڕەوەکانی وەکوو لیسـتی بـەڕێز عـەلاوی و کلـد و ئاشـوری ڕێك بکەوین بۆ دروسـتکردنی حکوومـەت بـە مـەرجێك هـەموو ئـەو لایەنانـە لـە پـڕۆژە و پڕۆگرامی خۆیان ئەنفالّ و کیمیاباران و بە عەرەبکردنی کورد و کوردستان ڕیسـوا بکـەن و بـە ڕاشـکاوانە شـەراکەتی گـەلی کـورد و گـەلی عـەرەب لـە کۆمـاری عێراقـی فیـدراڵ تۆماربکەن ئەگینا ئەگەر ئێمەی کورد بە سەنگ و دەنگی خۆمـان هەڵوێسـتی سـەربەخۆ وەرنەگرین.. ئەو کەس و لایەنەی ئەم داوایە عادیلانەیەمان نەسەلمێنن قەت و قەت مافە ڕەواکانی دیکەی کوردستان ناسەڵمێنن ئێمە پێمان باش نییە هیچ لیستێکی سەرکەوتوو یـا سـەرنەکەوتوو پـەراوێز بکرێـت دەبـێ هـەموو پێکهاتـەکانی گـەلی عێراقـی فیـدرال بەشداربن لە بەڕێوەبردن و ئاراستەکردنی وڵاتەکەیان بۆئەوەی هەموو تـاکێکی دڵسـۆزی عێراقی فیدرالی خۆی بە شەریك و هاوخەمی وڵاتەکـە بزانێـت ئـەم هەڵوێسـتەی ئێمـەش تاکە ڕێگایە بـۆ تازەکردنـەوەی پرۆسـەی عێراقـی دیمـوکرات و فیـدرال بـۆ وادەی چـوار ساڵی تر لـە داهـاتوو وەڵامێکـی ئاشـکرا و بەهێزیشـە بـۆ نـەیارەکانی دیموکراسییەت و فیدرالییەتی ڕاستەقینە لە عێراق بەڵام ئەوانەی لەگـەل ئـەم بیرکردنـەوە ی ئێمـە ئێسـتا

پابەند نابن بێگومان نایانەوێ وڵاتەکەمان بگاتە قۆناغێکی پڕلە ئازادی ئاشتی و کامەرانی بەڵکوو دەیانەوەێ ئەجیندای ئەو لایانانە جێبەجێ بکەن، کە تاکوو ئێستا ئەزموونەکەمان بە مەترسی دەزانن لەسەر پلەوپایە و دەسکەوتەکانیان، ئەوانەی خەون بە گەڕانەوەی عێراق بۆ ژێر ڕکێفی میراتگری دەوڵەتی عوسمانی (تورکیای ئێستا) دەبینن و ئەو لایەنانەی دەیانەوێ سەرۆکێکی عەرەبی هاشمی هاوردەبکەن بۆ عێراق وەك مەلیك فەیسەلی یەکەم خوالێی خۆش بێت یا ئەوانەی دەیانەوێ حەوزەی عیلمی لە نەجەف شەریف بگوازنەوە بۆ شاری (قم) ی شەریف وەیا ئەوانەی چاوو دەمیان بڕیووەتە بیرە نەوتەکانمان و بازاڕەکانمان وەیا ئەیانەوێ تۆڵەی ئەوەمان لێ بکەنەوە، کە پاڵەوانە کوردەکە سەلاحەدین ئەیوبی نەمر داگیرکەرانی ئەورووپای دەرکرد لە وڵاتی ئیسلام و قودسی شەریفی ڕزگار کرد، ئەمانە هەمووی ئەجنێدای جۆراوجۆرە، کە ئەیانەوێ بەسەر عێراقی دیموکراسی و فیدرالی بسە پێنن و پرۆسەکەمان لەناو ببەن نابێ ئەوەشمان لەبیر بچێت ئەم قەلە ڕەشانەی کە بەناوی نەتەوەی عەرەب بە ناوی سونەی عەرەبی بانگەشەی ژەهراوی جۆراوجۆر ئەکەن هیچ یەکێکیان باوەڕیان بە نەتەوەی عەرەبی و مەزهەبی سوننەوە نییە، دەبوایە لە زووەوە ئێمە ڕوومان کردبایە سەرکردەکانی ڕاستەقینەی نەتەوەی عەرەبی میانڕەو و سوننە دڵسۆزەکانی گەل و نیشتیمان و چەپە دیموکراتخوازەکان کە هیچیان باوەڕیان بەم قەڵەڕەشانە نییە، بەڵام سووچ ... سووچی ئێمەیە، کە ئەم قەڵەڕەشانەمان هێنایە مەیدانی سیاسی لەناو عێراقی دیموکراسی و فیدرالی.

**پارێزەر**

**کەمال محیەدین ئەسعەد**

**هەولێر – ٢٠١٠/٤/٢٨**

# سەرکەوتنەکانی کوردستانی تورکیا پیرۆزبێت لە گەلی کورد

بەڵێ دەستی ماندوو لەسەر زگی تێرە، مێژووش سەلماندوویەتی بە هەموو جیهان، کە ماف دەستێندرێت و نادرێت، سەردەکەوێت و نانەوێت، گەلی کوردیش لەسەرانسەری کوردستان زۆر دەمێکە ئەم ڕاستیانەی لەلا ڕوون و ئاشکرایە، هەر بۆیە هەزارەها ساڵە لە تێکۆشان و خەباتکردندایە لەپێناو پاراستنی کورد و کوردستان و هیچ وەستان و پشوودانی نەبووە و ناشی بێت، بەڵگەش بۆ ئەم ڕاستییە خۆڕاگری و مانەوەی گەلی کوردە لەسەر نیشتمانەکەی، کە کوردستانی گەورەیە، سەرەڕای هەموو ئەو هێرش و داگیرکردن و تالان و وێرانییەی بەسەری هاتووە بە درێژایی مێژووی دوور و نزیك.

خۆ شتێکی شاردراوە نییە کە لەناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بە تایبەتیش پێدەشتەکانی نێوان ڕووباری دیجلە و فورات و دەیەها و چەندین گەل و نەتەوە و ئایین و حوکمداری و دەسەڵات و ئیمپراتۆرییەتی تێدا هەڵکەوتووە و هەر هەمووشیان تەفروتونابوون و وەك بەفری بەهار تواونەتەوە لەژێر زەبروزەنگی داگیرکەرانی ئەملاو ئەولا، مەگەر لە لاپەڕەکانی مێژوو هەندێ دەنگوباس و سۆراغیان بزانین، هەروەك حوکمدارییەتی ئاشورییەکان و بابلییەکان و سۆمەرییەکان و مەغۆلییەکان و قاجارییەکان ... هەروەها ئیمپراتۆرییەتەکانی ڕۆمانی و یۆنانی و فارسی و عوسمانلی و ...، بەڵام لەسایەی ڕەسەتی و خۆڕاگری و بەرخۆدان و باوەڕبەخۆبوون و خۆشەویستی گەل و وڵات، گەلی کورد سەرەڕای هەموو ئەو هەوڵ و تەقەلا زۆرانەی، کە تا ئێستاش بەردەوامە بۆ تواندنەوەی گەل و نەتەوەی کورد و سڕینەوەی نەخشەی کوردستان لەسەر زەوی و جیهان و لەناوبردنی وشەی کورد و کوردستان، گەلی کوردی نەبەز و قارەمان و بەهیمەت و بێ منەتی خۆی لەدوژمنان بەرگری لەخۆی و نیشتمانەکەی کردووە، ڕۆژ بە ڕۆژیش کێشە ڕەوا و ڕوونەکەی بەرەو پێشەوە بردووە، باشترین بەڵگەش بەدەستهێنانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و سەرۆکی هەرێم و پەرلەمانی هەرێم و دانانی دەستوور و یاسا بۆ حوکمڕانی کوردستان بەشێوەی فیدراڵیەت لەچوارچێوەی کۆماری فیدراڵ و دیموکراتی عێراق، کە سەرۆکەکەی جەنابی بەڕێز، پێشمەرگە قارەمانەکەی کوردستانە، کە هەڤاڵ مام جەلالە خوا بیپارێزێت، پێش ئەوەش ئیمارەتە کوردییەکانی بابان و سۆران و ئەردەڵان و

بۆتان و ڕاپەڕینە مەزنەکەی ساڵی ١٩٩١ و... دیسان حکوومەتـەکانی شـێخ مـەحموودی نەمر و کۆماری مەهاباد و دەسەڵاتەکەی کوردستانی عێراق پاش بەیانی (١١)ی ئـازاری ساڵی: (١٩٧٠) هەموو ئەوانە سەروەری و جوامێری گەلی کورد دەسەلمێنن، بـە دۆسـت و دوژمنان، هەر بۆیە سەربڵند و هەمیشە زیندووین. سوپاس و سەروەری و نـەمری بـۆ ئەو قارەمانانەی بە خوێن و فرمێسکی خۆیان و منداڵەکانیان، ئەو ڕۆژانـەیان بـۆ ئێمـە هێنایە کایەوە، کە ئێستا لـە کوردستانێکی پـڕ ئـارام و ئاسـوودە و کامـەرانی دەژیـن لەسایەی حکوومەتی هەرێمی کوردستانی عێراقی فیدراڵ.

دیـارە سـەرکەوتنە زۆر مەزنەکـەی بـاکووری کوردسـتان لـە هەڵبژاردنەکـەی ڕۆژی: (٢٠١١/٦/١٢)، بۆ پێکهێنانی پەرلـەمانی تورکیـا و خەباتـە خوێناوییەکـەی کوردسـتانی داگیرکراو لەلایەن کۆماری ئیسلامی و خۆپیشاندانەکانی کوردسـتانی بـەزۆر بەسـتراو بـە سووریا و لەپێناو مافە ڕەواکانی گەلی کوردی قارەمان، ئەمانەش هەموویان بەڵگەی پاڵ پێوەنەری حاشاهەڵنەگرن بۆ بڕیاردانی گەلی کورد، کە دەمێکە گوتوویەتی یا کوردستان یا نەمان.

ماوەی (٨٨) هەشتا و هەشت ساڵی ڕەبەقە بەپێی ڕێککەوتننامەی لـۆزان لـەنێوان مستەفا کەمال و ئینگلیزەکان بەشی هەرە زۆری گەلی کورد و نیشتمانەکەی کوردسـتان بەزۆر خراونەتە سـەر حکوومەتەکـەی مسـتەفا کـەمال لـە سـاڵی: (١٩٢٣)، لـەم ڕۆژەوە هەموو حکوومەتـە شـۆڤێنییەکانی یـەك لـەدوای یـەکی تورکیـا تـا ئـەمڕۆش گـەلی کـورد دەچەوسـێننەوە و لـە بچـووکترین مـافی هاونیشـتمانی و نەتەوایـەتی و مرۆڤایـەتی بـێ بەشیان کردوون. کە بە هیچ پێوەر و پێوانێکی مرۆڤایەتی قبووڵ نییە، بەڵام بەداخـەوە سـەیر ئەوەیـە زۆربـەی هـەرە زۆری وڵاتـانی دنیـا، بـە تایبـەتی ئەوانـەی خۆیـان بـە دیموکراتخـواز و دۆسـتی گـەلانی ژێردەسـت دەزانـن لـەپێش هەمووشـیانەوە وڵاتـە زلهێزەکان، تەنانەت هەندێجار سیاسەتمەدارەکانی باشووری کوردسـتانیش چـاویان لـەو زوڵم و زۆرە پۆشیوە، کە لەلایـەن حکوومەتـەکانی تورکیـا و ئێـران و سـووریا، لـە گـەلی کورد کراوە و دەکرێت، زۆر جار هەڵوێستی ئەوتۆیان وەرگرتووە هەروەك بە ماست بڵێی ڕەشە و...!!!

نەخێر نەماست ڕەشە و نەبەری خۆریش بە هێڵەگ گیراوە و نەشەو دەبێتە ڕۆژ نـە ڕۆژیش بووە بە شەو، هەر بۆیە هەموو ئەو هێزە ڕەش و دڵڕەقانەی بەزۆر و سـتەمکاری

هەوڵیانداوە  و تا ئێستاش هەوڵدەدەن کورد بتوێننەوە و کوردستانیش لەسەر نەخشەی جیهان ڕەش بکەنـەوە، خـەیاڵیان خـاوە و سـەر لـە دیـوارە پۆڵایینەکـەی گـەلی کـورد دەدەن  و بە سەرشۆڕی پەشیمان دەبنـەوە، تـەنیاش ڕووڕەشـی بـۆ خۆیـان و زەرەر و زیانیش بۆ گەل  و نیشتمانەکەیان دەمێنێتەوە و میللەتیش ڕیسوایان دەکات.

گەلی کورد لە کوردستانی بەزۆر بەستراو بەتورکیا، کە ژمارەیـان لـە (٢٥) بیسـت و پێنج ملیۆن کەمتر نییە و تا ئێستا بەشێوەیەکی ئاشتیانە داوای ناسنامە و قسەکردن بە زمـانی دایـك و دیموکراسـییەت و یەکسـانی دەکـەن، بـەڵام حکوومەتـەکانی تورکیـا و دەوڵەتە زلهێزەکان و وڵاتە ئیسلامییەکانیش بگرە هەندێ جار بەشێك لەسەرکردەکانی کـوردی عێراقـی فیـدراڵیش بەخـەباتی گـەلی کـورد و تورکیـا و سـەرکردە قارەمانەکـەی دەڵێن: تـیرۆر و گێرەشـێوێن، دەك خـوا و مرۆڤایـەتی قـەبووڵی نـەکات، خـۆ ئەگـەر لـە شەیتان و جنۆکەکانیش پرسیاربکەین ئـەم نـاوە نەگریسـانە ناخەنـە پـاڵ گـەلی کـوردی تورکیا و سەرۆکەکەی بەڕێز عەبدوڵڵا ئۆج ئالان، کە بەپیلانی حەوت دەوڵەت ئەسـیرکراو خرایە زیندان و حـوکمی هـەتا هـەتایی بەسـەر سـەپێندرا لـەپێناو کوردایـەتی، کـاروانی خەباتی گەلانی ئازادیخواز بێ وەستان و پشوودان بەرەو قۆناغی ئامانجەکانی پێشڕەوی دەکات، هەڵبژاردنەکەی ڕۆژی: (١٢-٦-٢٠١١)، جیاوازییەکی یەکجار زۆری هەبوو لەگەڵ هەڵبژاردنەکانی پێشوو، لە ڕووی بەشداریکردن  و بانگەشەکردن  و پڕوپاگەندە و دروشم و یەکڕیزی هێزەکانی گەلی کورد  و ئەنجامە دوور و نزیکـەکانی، دیـارە تورکیـای ئێسـتا وڵاتێکـی پـان  و بەرینـە، بەشـە هـەرە زۆرەکـەی کەوتۆتـە ئاسـیا و بەشـەکەی دیکـەی کەوتۆتە ئەورووپا و بەشی هەرە زۆری دانیشتوانی ئیسلامن، بە پێی دوا سەرژمێری ئەم وڵاتە دەرکـەوت ژمارەیـان ٧٤ هـەفتا و چـوار ملیـۆن کەسـن، بـە هـەموو لێکدانەوەیـەك ژمـارەی کوردەکـان دەگاتـە ٢٥ بیسـت و پێـنج ملیـۆن کـەس، کۆمـەڵگای تـورکی پێـك هاتووە لە تورك و کورد و عەرەب  و شەرکەس  و یۆنانی  و بولگـاری و ... شانبەشـانی ئیسلامەکان هەندێ کلدانی  و سریانی  و جوولەکەش وجوودیان هەیە.

لە سەرەتای دەسەڵاتی مستەفا کەمال تا ئەمڕۆش نزیکەی (٣٥) حیزب لـە تورکیـا کاری سیاسـیان کـردووە، بـەڵام ئـەو حیزبانـەی بەشـداری هەڵبـژاردنی ڕۆژی: (١٢-٦-٢٠١١)یان کرد ژمارەیان (١٥) پانزە حیزب بوون، بەڵام تەنیا چوار لەو حیزبانـە توانیـان کورسی بەدەست بێنن بۆ ناو پەرلەمانی تورکیا، ئەوانیش بریتین لە:

١. پـارتـی داد و گەشـەپێدان: بـە سـەرۆکایەتی بـەڕێز ڕەجـەب تـەیب ئـەردۆگان "سـەرۆك وەزیرانـی تورکیـا"، ئـەم پارتـە لـە سـاڵی: (٢٠٠١) دروسـت بـووە، پـارتێکی ئیسلامی بـەناو عیلمـانی و میـانڕەوە دژی چـەپەکان و نەتەوەپەرسـتە توندڕەوەکانـە، ئەوە بۆ جاری سێیەم حوکمڕانی دەگرێتەدەست لـە تورکیـا، بـەلای ئێمـەوە ئـەم پارتـە ئەگـەر ترسـی لـە هێـزی سـەربازی و نەتەوەپەرسـتە توونـدڕەوکان نـەبێت، دەسـەڵاتی حوکمی لێ وەرگرنەوە یا کودەتای لەسەر بکەن، ئەوە ڕەنگە تاڕادەیەك دیموکراتخواز و لایەنگری هەندێ مافی گەلی کورد و نەتەوەکانی دیکـە بێـت، ئـەم پارتـە لـە هەڵبـژاردنی ساڵی: (٢٠٠٧)، "٣٤١" کورسی بەدەستهێنا، بەڵام لـە هەڵبژاردنەکـەی ڕۆژی: (١٢-٦)، تەنیا "٣٢٦" کورسی بەدەستهێنا، واتا بە "١٥" کورسی پاشەکشەی کردووە.

٢. پارتی گەلی کۆماری: ئەم پارتە دوا بـە دوای دروسـتبوونی کۆمـاری تورکیـا، لـە سـاڵی ١٩٢٣ بـە سـەرۆکایەتی مسـتەفا کـەمال دروسـت بـووە، بـوو بـە تاکـە حیزبـی دەسـەڵاتدار لـە تورکیـا، چـەند جـار دەسـەڵاتی حـوکمی تورکیـای وەرگرتـووە، ئێسـتا گەورەترین هێزی ئۆپۆزسیۆنە بەڕووی پارتی داد و گەشەپێدانی دەسەڵاتدار، ئەو حیزبە خۆی بە عیلمانی و چەپ دادەنێت، بەڵام لەراستیدا دوورە لە عیلمانییـەت و چـەپڕەوی، بەڵکوو نەتەوەپەرست و تاکڕەو و نەیاری کوردە و خاوەنی دروشمـی "یـەك نیشـتمان و یەك زوبان و یەك نەتەوە و یەك ئاڵایـە"، لەهەڵبژاردنـەکانی سـاڵی: (٢٠٠٧) تـەنیا (١٠١) کورسـیان هـەبووە لـە پەرلـەمانی تورکیـا، بـەڵام لـە هەڵبـژاردنی ڕۆژی ٢٠١١/٦/١٢ پێشڕەویان کرد و (١٣٥) کورسیان بەدەستهێنا، ئەمەش شکستییە بۆ ئەردۆگان.

٣. پارتی بزووتنەوەی نەتەوەیی تورك: ئەم پارتە لە ساڵی ١٩٦٩ دروسـت بـووە، چەند جار بەشداری حکوومەتی کردووە، ئێستاش دووەمین هێزی ئۆپۆزسیۆنە لە تورکیـا و دوژمنـی سەرسـەختی ئـەردۆگان و پارتەکەیـەتی و لەگـەڵ سـوپای تورکیـا هـاوبیر و هەڵوێستن و دژی هەموو داخوازییەکانی کوردن، ژمارەی کورسـییەکانیان لـە پەرلـەمانی پێشـوو ٧٢ حـەفتاو دوو کورسـی بـوو، بـەڵام لـە هەڵبژاردنەکـەی ڕۆژی: (١٢-٦)، پاشەکشەیان کرد بە (١٩) نـۆزدە کورسـی، چـونکە تـەنیا (٥٣) پـەنجاو سـێ کورسـیان بەدەستهێنا، ئەم شکستەی پارتی بزووتنەوەی نەتەوەیی وەرچـەرخانێکی زۆر گـەورە و باش بـوو، زۆریـش لـە بەرژەوەنـدیی کـورد و ئەردۆگاندایـە، شکسـتێکی گەورەشـە بـۆ سوپای تورکیا.

٤. پـارتی ئاشـتی و دیمـوكراتی: پـارتێكی كـوردی میـانڕەوە  لـە سـاڵی: (٢٠٠٨) دامەزراوە، لەپاش قەدەغەكردنی پـارتی كۆمـەڵگای دیمـوكرات و سـزادانی سـەرۆكەكەی بەڕێز ئەحمەد تورك بە بیانووی ئەوەی، كە پەیوەندییان بـە (P.K.K) و بـەڕێز عەبـدوڵڵا ئۆج ئالانەوە هەیە، ئەم حیزبە لەگەڵ (٢٠) بیست ئەندامی پەرلەمانی توركیا، كە لەگەڵ كێشەی كورد بوون بە لیستێك لەناو پەرلەمانی توركیا، كە لەگـەڵ كێشـەی كـورد بـوون بەلیستێك لەناو پەرلەمانی پێشوو بوون، بەڵام ئـەمجارە لەهەڵبژاردنەكـەی ڕۆژی: (١٢-٦)، كوردەكان بە ڕابەرایەتی و پشتیوانی بەڕێزان (عەبدوڵا ئۆج ئالان و ئەحمەد تـورك و ئاڵتان تان)، كە كاندیدی ئیسلامییە كوردەكانە و بەڕێز شەرەفەدین ئەلچی، كە سەرۆكی پێشووی پارتی بەشـداری دیموكراسـی بـوو لەگـەڵ چـەند كەسـایەتی و لایـەنی سیاسـی دیكەی كورد و مەسیحی  و توركی توانیان بەرەیەكی دیموكراسی فـراوان دروسـت بكـەن بەناوی: (بەرەی ڕەنجی ئازادی  و دیموكراسی) ئـەم بەرەیـە (٦١) كاندیـدی پـاڵاوت لـە كورد و تورك  و مەسـیحی  و.. بـە هـەموو چـین  و توێـژەكانی كوردسـتان بـە چـەپ  و ڕاست  و نەتەوەپەرسـت  و دیموكراتخـواز و ئیسـلامی  و مەسـیحی، هـەر بۆیـە توانیـان زیاتر لە (٥٦٪)ی كاندیدەكانیان بنێرنە ناو پەرلەمان، واتا (٣٦) كوردسیان مسۆگەركرد بەزیادەی (١٦) كورسی بە بەراورد لەگەڵ هەڵبژاردنی  ساڵی: (٢٠٠٧)، كـە (٢٠) بیسـت كورسیان هەبوو، بێگومان ئەم (٦١) كاندیـدە، كـە سەرانسـەری كوردسـتانی گرتبـۆوە، تەنانەت (٦) قارەمانی بەندكراویشیان تێدابوو، كە هەر شەشیان سەركەوتن لەگەڵ (١١) یانزە كاندیدی ژن دەچن بۆ ناو پەرلەمانی توركیا.

گوتمـان لـەم هەڵبژاردنـە پـارتی داد و گەشـەپێدان لەگـەڵ پـارتی بزووتنـەوەی نەتەوەیی پاشەكشەیەكی بەرچاویان كرد و كاندیدە كوردەكانی بەرەی ڕەنجی ئازادی و دیموكراتیش پێشـكەوتنێكی یـەكجار بەرچـاو و باشـیان بەدەسـتهێنا، بۆیـە خەونـەكانی ئـەردۆگان و سوپاسـالارەكان و نەتەوەپەرسـتەكان نەهاتنـەدی، هـەر بۆیـە حیزبەكـەی ئـەردۆگان ناتوانـێ بـە ئـارەزووی خـۆی كـاری سیاسـی بكـا و بـە هاسـانی و لـەناو پەرلەمانیش تاكە سواری مەیدان نییـە بـۆ زۆر بڕیـاری پەرلـەمان، بـە تایبـەتی گۆڕینی دەسـتوور و سیسـتەمی حـوكمڕانی و زیـادكردنی دەسـەڵاتەكانی سـەرۆك كۆمـار، كـە پێویستیان بـە (٣٦٧) دەنـگ هەیـە، كەواتـە پێویسـتی بـەهاوكاری لایەنـەكانی دیكـەی پەرلەمان هەیە، ئەمەش هاسان و بەردەست نییە، بەڕێز ئەردۆگان لەگەڵ هەر لایەك ڕێك

بکەوێت دوو لایەکەی دی قەبووڵ ناکەن، بۆیە ئەگەری هەڵبژاردنی پێشوەخت یا کودەتای سەربازی لە ئێستاوە چەقەڵەی کردووە و نائارامی پەیدادەبێت، چونکە ڕێککەوتنی ئەردۆگان لەگەڵ کورد بێگومان کودەتای سەربازی لەدوایە و ڕێککەوتنیشی لەگەڵ پارتی گەلی کۆماری یا پارتی نەتەوایەتی، ئەوا دەبێ حکوومەتیان لەگەڵ بەش بکات و شەڕیش لە کوردستان گەرمتر دەبێت، بۆیە کاری داهاتووی ئەردۆگان زۆر قورس و مەترسیدارە.

بەلام ئەم سەرکەوتنەی کورد لە هەڵبژاردنەکەی ڕۆژی: (١٢–٦)، زۆر گرنگ و کاریگەرە بۆ پێشەوەچوونی کێشەی کورد لەناو کوردستان و تورکیا و جیهان، باوەڕی کوردەکانی بەهێز کرد و پێویستی یەکێتیی ڕیزەکانیان لە گەلی تورك و حکوومەتی ئەردۆگانی گەیاند، کە گەلی کورد دەنگ دەدات بە خۆی و خاوەنی خۆیەتی و سوورە لەسەر داوا ڕەواکانی و بە هەموو جیهانی ڕاگەیاند، کە گەلی کورد لە تورکیا خاوەن هێز و پێگەی زۆرە لە کوردستانی تورکیا و جوولانەوە ئازادیخوازەکەشی جوولانەوەیەکی ڕەوا و ئاشتیانە و مەدەنیانە و دیموکراسیانەیە لە ڕێگای سندوقەکانی هەڵبژاردن بە هەموو لایەکیشیان سەلماند، کە کێشەی کورد کێشەیەکی توندڕەو و جوداخواز و سەر بەتیرۆر نییە و سەرۆکەکەشی بەڕێز ئۆجەلان نەك تەنیا تیرۆریست نییە، بەڵکوو زۆر زۆر لەو داگیرکەر و ناحەزانەی تورك و کورد، دیموکراتخواز و ئاشتی پەرست و نیشتمانپەروەرترە.

ئێمەی کورد لە هەموو پارچەکانی کوردستان دەبێ دەرس وەربگرین لەو ئەزموونە دیموکراتییەی بەڕێز ئۆجەلان و پارتی ئاشتی و دیموکراتییەی بەڕێز ئۆجەلان و پارتی ئاشتی و دیموکراتی و بەرەی ڕەنج و ئازادی و دیموکراتی، کە ئەو سەرکەوتنە گەورەیان بەدەستهێنا، با ئێمەش یەکبگرین و یەکدەنگ و یەك هەڵوێست بین بەرامبەر دۆست و نەیارەکانمان، بە تایبەت لە کێشە سەرەکی و چارەنووسسازەکانی کورد، با حکوومەتەکەی هەرێمی کوردستان لەکەدار و ناشیرین نەکەین بەرامبەر حکوومەتی بەغدا و بێگانە و دۆست و دوژمنە بیانییەکان، ئەگینا هەموومان و گەلەکەمان و نیشتیمانەکەمان زەرەرمەنددەبین و پەشیمانبوونەوەش سوودی نابێت و تەنیا ڕووڕەشیمان بۆ دەمێنێتەوە.

با ئێمەش کاندیدی باش و لێوەشاوە و دڵسۆز و خاوەن ئەزموون بخەینە مەیدانی

هەڵبژاردنــەكان و بــا گــوێ لــە كۆمــەڵانی خــەڵكی كوردســتان بگــرین بــا كورســی و پلەوپایەكان تەنیا بۆ پارتە دەسەڵاتدارەكان نەبێت، با كەسانی ناشیرین و گەندەڵ و داوێـن پـیس و جـاش و جاسـووس و بەعسـی سـەدامی بەسـەر میللـەت نەسـەپێنین بـە بیانووی جۆراوجۆر و فرت و فێڵ و خزم خزمێنی.

نرخانــدنی هــەموو كــار و كردەوەیــەك بەنــدە بــە ئەنجامــە بــاش و خراپــەكانی بەڕەچاوكردنی كات و شوێن و زروفی تایبەتی خۆیان، بۆیە ئێمەی گەلی كـوردی عێراقـی فیدراڵ گەشبین و دڵخۆش و سـەربڵندین بـە دروسـتبوونی بـەرەی (ڕەنـج و ئـازادی و دیموكراتی) لە كوردستانی باكوور، گرنگی و پێویستی ئەم بەرەیە لەئەنجامـە گـەورە و باشەكەی دەردەكەوێت، كـە لـە هەڵبـژاردنی ڕۆژی: (١٢-٦-٢٠١١)، كـورد تـوانی (٣٦) نوێنەری خۆی وەك چەپكە گوڵە ڕەنگاوڕەنگەكەی، كە هەمیشە مـام جـەلال بانگەشـەی بۆ دەكات بنێرێتە ناو پەرلەمانی توركیـا، ئومێـدەوارین ئـەم بەرەیـە واتـا بـەرەی ڕەنـج هەمیشە پارێزراو و فراوانتر بێت، كە تاكـە ڕێگایـە بـۆ گەیشـتن بـە هـەموو ئامانجـەكانی كوردستانی گەورە، چونكە قەوارەو پێگە و دڵسۆزی و فیداكاری و مێژووی گەلی كـورد و سـەركردایەتییەكەی كوردسـتانی بـاكوور بەڵگـەی حاشـاهەڵنەگرن بـۆ مسـۆگەركردنی مافی چارەنووسی ڕەوا و ڕاستەقینەی گەلی كورد لە سەرانسەری كوردستان بە هاوكاری و هەماهــەنگی دڵســۆزانی پارچــەكانی دیكــەی كوردســتان بــە ڕەچــاوكردنی بــارودۆخی تایبەت بە خۆیان.

پیرۆزبێت سـەركەوتنی نوێنـەرانی بـەرەی ڕەنـج و ئـازادی و دیموكراسـی بـاكووری كوردستان لە بـەڕێز ئـۆج ئـالان، شـێرە بەندكراوەكـەی ئیمـرالی و گـەریلاكانی قەنـدیل و پارتی ئاشتی و دیموكراتی و بەڕێز ئەحمەد تورك و لەیلا زانا و سەڵاحەدین دەمیرتاش و شەرەفەدین ئەلچی و ئالتان تان و كاندیدە بەندكراوەكان و هەموو كەسوكاری شەهیدانی ڕێگای ئازادی كوردستان و تەلەفزیۆنی ڕۆژ تیڤی و كۆمەڵانی بەشەرەفی كوردستان.

**پارێزەر**

**كەمال محیەدین ئەسعەد**

**هەولێر - ٢٠١١/٦/١٥**

## له بەدكاری ئێمەیە میللەت برسی و تووڕەیە

بەبۆچوونی هەموو زانا و زانیارییەكانی كۆمەڵایەتی و ئابووری و كەسایەتی و گیانلەبەرەكان هەروەها بەڵگەكانی "تەورات و ئینجیل و قورئان"ی پیرۆز دەركەوتووە، كە مرۆڤ نەك تەنیا وەك هەموو گیانلەبەرێك خۆپەرست و تەماعكار و دڕندەیە لەكاتی پێویست بۆ دەستكەوتەكانی، بەڵكوو مرۆڤ سەد بەردی بەگیانلەبەرەكان داداوە و زۆر جار لە هەموویان دڕندەتر و زیانبەخشترە لەپێناو مسۆگەركردنی ئاوات و چێژەكانی، كە زۆر جار سنووریان نییە لە چەندایەتی و چۆنایەتی ئەم ڕاستییەی سەرەوە، كە هەموو مرۆڤێك دەگرێتەوە لە كرێكار و جووتیار و خزمەتكارێكی سادە تا دەگاتە وەزیر و پلەوپایە بەرزەكان لەناو دەوڵەت و بە تایبەتی لەو كاتانەی كە سنووری یاسا و دەقەكانی ئایینی و نەریتەكانی كۆمەڵایەتی دەبەزێنن، ئەوسا دەردەكەوێت ئەو پلەوپایە بەرزانە تاچ ڕادەیەك بێباك و خۆپەرست و خۆبەزلزانن، لەپێناو ئەو ڕەوشت و نەریتانەشیان پەنا بۆ هەر كردار و پیلانێكی بێ ئەندازە دژی هەموو نەیارەكانیان دەبەن. كە زۆر جار مرۆڤایەتی بەرامبەر ئەو كردارانە خەجاڵەت دەبێت، بۆ نموونە ئەگەر تەماشای ئەو گورگە برسییە بكەین، كە لە چلەی زستان تووشی بەرخۆڵەیەكی وێڵ و جوان و بێتاوان دەبێت، یەكسەر پەلاماری دەدات و دەست دەكات بەخواردنی تا تێرومڕ دەبێت لە گۆشتە ناسكەكەی دەخوات لەپاشان لاشەكەی بەجێدەهێڵێت و دەڕوات، بەڵام ئەگەر لە جێگای گورگەكە مرۆڤێكی ڕاوچی بوایە بەرخۆڵە وێڵ و داماوەكەی سەردەبڕی و گۆشتەكەی دەخستە ناو "ساردكەرەوە"ی ماڵەوە و ورگ و ڕیخۆڵەكە و سەر و قاچەكانی دەكاتە گیپە و "پاچە" پێستەكەشی لە دەباخانە خۆش دەكات و لەبەری دەكات تا سەرمای نەبێت.

ئەمەیە جیاوازی لەنێوان گورگە برسی و دڕندەكە لەگەڵ ڕاوچییە تێروتەسەلەكە، بەڵێ هەموو گیانلەبەرە دڕندەكان وەك گورگەكە تەنیا بۆ دابینكردنی برسێتییەكەیان دڕندابەتی سنووردار دەكەن، بەڵام هەموو ڕاوچییە تفەنگ بەدەست و تێروتەسەلەكان دڕندایەتییە بێ سنوورەكەیان بۆ دابینكردنی برسێتیەتی نییە، بەڵكوو نیشانەی تەماع و تێر نەخواردن و خۆپەرستییە، ڕەنگە ئەو تێر نەخواردن و تەماع و خۆپەرستییە زیانێكی زۆر گەورە و مەترسیداری نەبێت ئەگەر تێرنەخۆر و خۆپەرستەكە مرۆڤێكی سادە و پایە نزم و دەسەڵاتدار نەبێت لەناو كۆمەڵگا، بەڵام واوەیلا ئەگەر تێرنەخۆرەكە

کاربەدەستێکی حیزبی یا حکومی بێت، بەڵێ لێرەدا بەدکاری ئێمەی مرۆڤ دەبێتـە هـۆی سەرەکی بۆ برسـێتی و تـووڕەیی میللـەت، ئـەو برسـییەتی و تووڕەییـەش ئەگـەر پـەرە بسێنێ بێگومان کارەساتی گەورە لەگەڵ خۆی دەهێنـێ و تـەڕ و وشـك و بـاش و خـراپ بەیەکەوە دەسووتێ.

ئەگەر سەرنج بدەینـە چۆنییەتی گـوزەران و بـەڕێوەبردنی ژیـانی هـەر کۆمـەڵگا و میللەتێك دەبێ لەپێشەوە ئەوە بزانین، کە میللەتان پاش چەرخی بـەردی نـوێی (عصـر الحجری) و شۆڕشی پیشەسازی جیهان (ثـورة الصـناعیة العالمیـة) بناغـەی دەوڵـەتیان دانـا بـە پێـی گرێبەسـتی یاسـایی لـەنێوان میللـەت و کۆمـەڵێك دەسـەڵاتدار، کـە پێیـان گوتراوە حکوومەت بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری وڵات بـۆ بەرژەوەنـدیی هـەموو لایەنـەکان، هـەر کاتێـك ئـەو کۆمەڵـە دەسـەڵاتدارە لـە گرێبەسـتەکە لایانـدابێت، ئـەوا گرێبەسـتەکە هەڵدەوەشێتەوە و کۆمەڵێکی دیکە دادەنرێت بە گوێرەی گرێبەستێکی تازە.

لێرەدا جێگای خۆیەتی بزانین حکوومەتەکانی ئێستا چۆن دروست دەبـن و پێگـە و دەسەڵاتیان چییە و چۆنی وەردەگرن و چۆنیش لێیان دەسێندرێتەوە.

جا بۆ ئەوەی باسی حکوومـەت بکـەین دەبێـت لەپێشـەوە باسـی دەوڵـەت بکـەین، دەوڵەت بریتییە لە گەل "شعب" کە لەسەر زەوییەکی سنووردار دەژین بە پێی ڕێنماییە ڕێکخراوەکـانی دەسـەڵاتدارییەکی دروسـت کـراو لەسـەر بنـەمای گرێبەسـتێکی دیـار و نووسراو بۆ بەرژەوەندیی میللەت، واتا دەوڵەت پێك هاتووە لەسێ جەمسەری گەورە:

یەکەم: نیشتمان.

دووەم: گەل.

سێیەم: حکوومەت.

دەبینین جەمسەری یەکەم و دووەم واتا نیشتمان و گەل چەسپاو و نەگۆڕن، بـەڵام جەمسەری سێیەم واتا حکوومەت هەمیشە لەگۆڕاندایە بە پێی کـار و ڕەوشـت و ڕێبـازی کاربەدەستەکانی، ئەو حکوومەتانەش هەمەجۆرن، هەندێکیان لە ڕێگای هێز و کودەتا و هەندێکیان لە ڕێگای هەڵبژاردن و گرێبەستی کۆمەڵایـەتی دێنـە سـەر کـار و هـەموو ئـەو چەشنە حکوومەتانە هەرچەندە هێز و توونـدڕەو و تەمـەن درێـژ بـن ڕۆژێك دێت گـۆڕان قبووڵ بکەن و لەسەر کورسی دەسەڵات بێنە خوارەوە، چونکە گوتمان دەوڵەت لـە سـێ جەمسـەری گـەورە پێـك هـاتووە، دوو جەمسـەریان واتـا نیشـتمان و گـەل جەمسـەری

چەسپاو و نەگۆڕن، هەر ئەوانیش خاوەنی دوا قسەی خۆیانن، چونکە نیشتمان نایەوێت ژێردەست بێت، گەلیش نایەوێت برسی بێت، بۆیە هەر کاتێ جەمسەری سێیەم واتا حکوومەت ئەگەر ئەو دوو مەرجەی نیشتمان و گەل جێبەجێ نەکات دەبێ پایدۆستی لێ بکات و دەست لە دەسەڵات هەڵگرێ، چونکە تەمەنی دانراو بۆ حکوومەت لە ڕێگای هەڵبژاردن یا لە ڕێگای گرێبەستی کۆمەڵایەتی یا بنەماڵەیە، بڕیارێکی یەزدانی نییە، بۆیە هەموو کاتێك گەل بۆی هەیە ئەم حکوومەتە بگۆڕێت بە هەڵبژاردنێکی پێشوەخت بە سەرپەرشتی حکوومەتێکی کاتی بێلایەن و کارا و دڵسۆز.

بەڵام بەداخەوە زۆر جار هەندێ لەو حکوومەتانە وەك حوسنی موبارەك و عەلی عەبدوڵڵا سالح و موعەمەر قەزافی و ... بە پاساوی تەمەنی هەڵبژاردنیان دەست هەڵناگرن لە دەسەڵاتە ستەمکارەکانیان، هەرچەندە حوسنی موبارەك ناچارکرا دەست هەڵبگرێت، بەڵام پاش ڕیسواکردنی خۆی و خێزانی و یاوەرەکانی.

ئەوەی ڕاست و دروست و نەشاردراوەیە ئەوەیە، کە گەل تەنیا و تەنیا خۆی خاوەنی دەسەڵاتە بۆ هەڵبژاردنی کابینەی حکوومەتێك، کە بتوانێ ئارامی و خۆشگوزەرانی و پێشکەوتن بۆ وڵات دابین بکات، نابێ ئەوەشمان لەبیربچێت هەندێ جار بە هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نوێنەران حکوومەتێك دروست دەکرێت، بەڵام لە ماوەیەکی نزیك لەبەر چەند کۆسپ و گرفتێك یا هەندێ بەرژەوەندیی تایبەتی و دەستی دەرەکی ئەو حکوومەتە ناتوانێ کارەکانی خۆی ئەنجام بدات و داخوازییەکانی کۆمەڵانی خەڵك جێبەجێ ناکات، ناشتوانێ بەربەستی قەیران و ناتەواوییەکان بکات، بۆیە جێگای سەربڵندی و دڵسۆزییە بۆ ئەم چەشنە حکوومەتانە زوو بەزوو دەست لەکار بکشێننەوە بەبێ پێچ و پەنا و نەیکەن بە داخوازی نەیارەکانیان، خۆ ئەگەر حکوومەتەکە خۆشی نەگەیشتە بڕیاری کشانەوە، ئەوا دەبێ سەرۆکی دەوڵەت یا ئەنجوومەنی نوێنەران دەسەڵاتەکانی خۆیان بەکار بهێنن بۆ هەڵبژاردنی پێشوەخت و دروستکردنی کابینەیەکی تازە بۆ حوکمڕانی وڵات.

دڵنیام لەوە کە هەموو لایەکتان واتا بەدەسەڵات و جەماوەرەوە لە سەرانسەری عێراق بە شەهادەتی بەڕێزان سەرۆك کۆمار و سەرۆك وەزیرانی عێراقی فیدراڵ و سەرۆك بارزانی و سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و هەموو ئەندامانی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراقی فیدراڵ و کوردستان ڕۆژانە ناتەواوییەکان تاڕادەیەك تاوانەکانی

هەندێ لە دەسەڵاتدارانی ناو حکوومەتی عێراقی فیدراڵ و حکوومەتی هەرێمی کوردستان دەبینین و هەستی پێدەکەین و کاردانەوەی خراپیشیان بەدوادا هاتووە و دێت، لەگەڵ ئەم ڕاستییە تاڵەش هەموو بێدەنگ و بێ کرداری بە ئەنجامین،

بۆ بەربەستکردنی ئەو کەموکوڕی و ناتەواویانە، بۆیە دەڵێم هەموومان بەشدارین لە دروستبوونی تەقینەوەی شەقامەکانی سەرانسەری عێراقی فیدراڵ بە کوردستانیشەوە، بەڵام ئەوەی جێگای داخ و سەرسوڕمانە ئەوەیە، کە پاش (٨) ساڵ تێپەڕبوون بەسەر پرۆسەی ئازادی و دیموکراتی و فیدراڵی عێراق، سەرەڕای (٤٠-٨٢) ملیار دۆلار ساڵانە، کە بودجەی عێراق بووە لەو ماوەیە لەگەڵ بچووکی قەوارەیی ژمارەی دانیشتوان و نەبوونی هیچ کارەساتێکی سروشتی سامناك لەگەڵ هەموو ئەو ئاو و خاك و کەشوهەوا سازگارانە جێگای بایەخ و سەرسوڕمان و شەرمەزارییە بۆ هەموومان، کە تا ئەمڕۆ زۆربەی دانیشتوانی عێراقی فیدراڵ داوای ئاو و هەوا و نان دەکەن، ئێمە وڵاتی دوو ملیۆن بەرمیل نەوتین ڕۆژانە، بەڵام زۆربەی دانیشتوان بێ کارەبا و نەوت و بەنزینن، زۆر کەس پرسیار لە حکوومەتی بەغدا و هەولێر دەکات. **ئەو قەیران و نەهامەتی و برسێتییە تاکەی؟ دزی و گەندەڵی و چاوپۆشی لە نەیارانی دیموکراتییەت و فیدراڵیەت تاکەی؟ دەستنیشان نەکردنی وەزیرانی بەرگری و ناوخۆو زانیاری تاکەی؟ دەستتێوەردانی دەرەکی لە کاروبارەکانی عێراقی فیدراڵ و کوردستان تاکەی؟ سزا نەدانی هاوردەکانی دەرمان و خۆراکی بێ کەڵك و بەسەرچوو تاکەی؟ نەبوونی یەکسانی و ڕاستگۆیی تاکەی؟ پەیڕەوکردنی یاسای هێز لە شوێنی هێزی یاسا تاکەی؟** تاکەی و تاکەی و تاکەی؟

بەڵام دووبارە دەڵێم لە بەدکاری ئێمەیە میللەت برسی و تووڕەیە.

مانەوەش بێ چاکسازی کارەساتی گەورەیە، هەرچەندە لەپێشەوە گوتمان، کە مرۆڤ لە هەموو گیانلەبەرەکان زیاتر خۆپەرست و دەسەڵاتبازە، هەموو دەستکەوتێکی باشی بۆ خۆی دەوێت، بە هاسانی و هێمنانە دەستبەرداری پلەوپایە و پارەو پوولەکانی نابێت. لەگەڵ ئەوەش ئومێدم زۆرە بە دڵسۆزی و دووربینی و خاوەن ئەزموونی بەڕێزان جەنابی سەرۆك کۆمار و سەرۆك وەزیرانی عێراقی فیدراڵ و بەڕێزان جەنابی سەرۆکی هەرێمی کوردستان و سەرۆك وەزیرانی کوردستان، کە شەقامی عێراقی فیدراڵ و دیموکرات لە زاخۆوە تا بەسرە بێ ئومێدنەکەن و هەنگاوی دیار و هەستپێکراو بنێن بۆ

هێورکردنەوەی تووڕەیی میللەت، ئەوش تەنیا بە پەلەکردنێکی بێ ئەندازە دەکرێت لە جێبەجێکردنی داخوازییەکانی کۆمەڵانی خەڵکی عێراق بە هەرێمی کوردستانیشەوە، لە پێش هەموویانەوە بەهێزکردنی بنەما ڕاستەقینەکانی دیموکراتییەت و فیدراڵیەت لەگەڵ دوورخستنەوەی هەموو ئەو لایەن و کەسایەتییانەی بۆ بەرژەوەندیی بێگانە کار دەکەن لەناو حکوومەتدا لەگەڵ بەشداریکردنی نوێنەرانی شەقامی عێراقی فیدراڵ بە کوردستانیشەوە لە بەڕێوەبردنی ئەم هەنگاوانەی سەرەوە ئەمەیە تاکە ڕێگا بۆ گەڕانەوەی متمانە لەنێوان دەسەڵاتداران و کۆمەڵانی خەڵکی عێراقی فیدراڵ بە کوردستانیشەوە تا ئەمڕۆ شەقامی عێراقی فیدراڵ تەنیا داوای چاکسازی و ژیانێکی ئارام و بەختیار دەکات، لەگەڵ جێبەجێکردنی بڕگەکانی دەستوور، بە تایبەتی پاراستنی ئازادییەکان و ماددەی (١٤٠) و هەڵوەشاندنەوەی هەموو یاسا ناڕەواکانی سەدامی دیکتاتۆر، تا ئەمڕۆش حکوومەتە دیموکرات و فیدراڵەکەی عێراق و حکوومەتەکەی هەرێمی کوردستان جێگای ئومێد و سەربەرزین بۆ هەموو گەلی عێراقی فیدراڵ، هیچ کەسێك دروشمی ڕووخان و تێکدانی ئەم دوو حکوومەتەی هەڵنەگرتووە، هیوادارم بەدکاری هەندێ لە کاربەدەستان نەبێتە هۆی هەڵگرتنی ئەو دروشمە سامناك و زیانبەخشە، دەبا بەدەستی خۆمان بارودۆخەکە لە خۆمان تێکنەدەین و ڕیزی گەورەیی میللەت بسەلمێنین، چونکە پاراستن و پێشخستنی حکوومەتەکەی عێراقی فیدراڵ و هەرێمی کوردستان تەنیا و تەنیا لە ڕێگای ڕەزامەندی و پشتگیری گەلی کورد و عەرەب مسۆگەردەکرێت، بە خۆپیشاندان و داخوازی ڕەوا ئەزموونەکەمان بەهێزدەبێت و بە خۆپەرستی و دزی و گەندەڵی و دەوڵەمەندبوون لەسەر حیسابی میللەت، بێگومان ئەو ئەزموونە لەباردەچێت، دەبا لە گورگە برسی و هارەکە دڕندەتر نەبین، با لەپێناو هەندێ پلەوپایە و دروستکردنی تەلار و باغ و خانووی ڕازاوە دەستکەوتە گەورەکان نەخەینە مەترسییەوە، میللەت چاوی تیژە و گوێی سووکە و هەستی بەرزە، چاکە و خراپە لای ون نابێت.

**پارێزەر**

**کەمال محیەدین ئەسعەد**

# نابێ کورد بێ هەڵوێست بێ...!!

نزیکەی ماوەی (٧) مانگە هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نیشتیمانی عێراق تەواو بووە و هەموو گلەیی و گازاندە و ڕەخنەی لایەنە سیاسییە بەشدارەکانی هەڵبژاردن یەکلاکرایەوە و دادگای فیدراڵی بەرزیش ئەنجامەکانی ئەو هەڵبژاردنەی پەسەند کرد، بەڵام بەداخەوە تا ئێستا نە پەرلەمانمان هەیە و نە سەرۆك کۆمار و نە سەرۆك وەزیران، چونکە پەرلەمان بێ سەرۆکە و سەرۆك کۆمار ماوەکەی تەواو بووە، هەروەها سەرۆك وەزیران واتا ئێمە وڵاتێکی بێ ناسنامە و لە دەرەوەی یاسا و دەستوورین، نازانین کاروباری دەوڵەت چۆن بەڕێوە دەچێت و بودجەی ساڵی: (٢٠١٠) چۆن و بە بڕیاری کام دەسەڵات سەرف دەکرێت.

کەس لە کەس ناپرسێتەوە و هەموو وەزیر و کاربەدەستەکان وەك ئاغا و کێخوای گوندێك ڕەفتاردەکەن، ڕۆژانە کوشتن و ڕفاندن بەردەوامە، ئاو و کارەبا و سووتەمەنی دەست ناکەوێت، بازاڕی وڵات بووە بە زبڵخانەی کۆمپانیاکانی تورکیا و ئێران و چین و سووریا و ئوردن و کەنداوی عەرەبی، برسییەتی و بێکاری و نەخۆشی باڵی ڕەشی کێشاوە بەسەر وڵاتە پڕ لە نەوت و سامانە سروشتییەکان، گیانی نیشتیمانپەروەری ڕۆژانە لە پاشەکشەدایە لەسایەی دەستدرێژی وڵاتانی دراوسێ و سەرمایەدارەکان، لەم قەیرانە تفت و تاڵ و سامناکە لەم شەوە زەنگە پڕ لە نائومێدی بە هیچ دواڕۆژێکی نزیك چاوەڕوان ناکرێت و دوژمنان واتا جاش و سیخوڕ و پیاوەکانی سەدام حوسێنی دیکتاتۆر خۆیان مەلاس داوە بۆ دەسەڵات وەرگرتنەوە و تێکشکاندنی ئەزموونە دیموکراسییەکەمان، خوا بەو ڕۆژە ڕەشە نەگات، کە هەموو دڵسۆزانی وڵاتەکەمان نەخرێنە زیندان و ژێر پەتی سێدارە، بێگومان ئەم ڕۆژە ڕەش و زۆر دژوارەمان لەپێشدایە ئەگەر زوو بەزوویی بەخۆماندا نەچینەوە و ڕەش و سپی لێك جیا نەکەینەوە و دۆست و دوژمن دەستنیشان نەکەین و واز لە هەموو دەستکەوتە حیزبی و کەسایەتییەکان نەهێنین.

ئەم قەیرانە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەی وڵاتەکەمانی گرتۆتەوە، کە ڕەنگە ڕۆژ بە ڕۆژ فراوانتر و مەترسیدارتر بێت، زەبروزەنگی هەرە زۆری دەکەوێتە سەر کوردستان و گەلی کورد، بەڵێ عێراقی عەرەبیش زەبروزەنگی پێدەکەوێت، بەڵام عەرەبی عێراق بە سوننە و شیعە (٢٣) بیست و سێ حکوومەتی عەرەبیان لە پشتە،

ئەمڕۆ بەغدا دەکەوێت پاش ماوەیەك ڕاست دەبێتەوە، بەڵام گوێی شەیتان کەڕبێت ئەگەر هەولێری خۆشەویست و حکوومەتەکەمان بکەوێت، ئەوە هەڵسانەوەیان یەکجار دوور و قورسە، بۆیە سەرکردە قارەمان و دڵسۆزەکانی گەلی کورد، کاربەدەستانی حکوومەتە بەڕێز و تاقانەکەمان، نوێنەرەکانی گەل، ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان: دەبێ ئێمەی کورد لەجیاتی جارێك دوو جار بیربکەینەوە بۆ چارەکردنی ئەم قەیرانە پڕ مەترسییە، جارێکیان وەك عێراقی و جاری دووەم وەك کوردێك، بەڵام سەد مخابن نوێنەرەکانمان، نەوەك عێراقییەکی نیشتیمانپەروەر و نەوەك کوردێکی دڵسۆز و ماران گازی بێکەس و پشت و پەنا بیردەکەینەوە و بۆ بەربەستکردن و لەناوبردنی ئەم قەیرانە دژوارە، هەمووەمان لەپێش چاومانە و ڕۆژانە هەست بە مەترسی گەورەتر دەکەین، بەڵام نوێنەر و لێپرسراوەکانمان نە بایان پێدا هاتووە و نە باران، ڕۆژێ لە ڕۆژان هەڵوێستێکی جوامێرانەمان نەدیت لە نوێنەر و کاربەدەستەکانمان، ڕۆژێك کەسێك دەستی لەکار نەکێشایەوە دژی ئەم بارە ئاڵۆز و نالەبارە، لێپرسراوێکی کورد لە بەغدا ئامادەنەبووە و ئامادەش نییە کورسییە نەرم و چەورەکەی بکاتە قوربانی دەستکەوتەکانی کوردستان، ئێمەی کورد تا ئێستا بێ خەم و بێ هەڵوێست و بێ دەسەڵاتین، چونکە ئەگەر چەند لایەنێکی سیاسی لەژێر فشاری بێگانە و دوژمنانی عێراق بیانەوێ ئەم قەیرانە بەردەوام بێت تا ئەو ڕۆژەی دوژمن زەفەرمان پێ دەبات، ئەوا نابێ دڵسۆزانی عێراق بە تایبەتیش سەرکردە و نوێنەرانی کورد خزمەتکاری و خۆپەرستی ئەم لایەنە سیاسییانە قبووڵ بکەن یان لێیان بێدەنگ بن، لام زۆر سەیر و شورەییە ئەگەر نوێنەرێکی کورد لە بەغدا بڵێت: "کورد هێڵی سووری نییە لەسەر هیچ کەسێك بۆ سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیرانی عێراق"، ئەم چەشنە قسە و هەڵوێستە هی کەسێکە نەك تەنیا نابێ عێراقی بێ بە تایبەتیش نابێ کورد بێت، بەڵکوو نابێ هی کەسێکی دانیشتووی دوورگەی واق واق بێت، ئەم هەڵوێستە ناشیرینە هی کەسێکی بێدەسەڵات و خۆنەناسە، هی کەسێکی بێ خەم و بێ گەل و نیشتیمانە، هی کەسێکی خزمەتکار و هەڵپەرستە لەپێناو هەندێ پلەوپایە و بەرژەوەندیی کەسایەتی تەسك.

چۆن دەبێ گەلی کورد هێڵی سووری نەبێت لەسەر ئەو جانەوەرانەی، کە تا ئێستا کیمیاباران و ئەنفال و ڕاگوێزان و وێرانکردنی کوردستان ڕیسوا ناکەن، ئەوانەی تا ئەمڕۆ کورد بە عەرەب و کوردستان بە عەرەبستان دەزانن، بۆ نموونە ئەگەر نوێنەرانی کورد

هێڵی سووریان لەسەر گرووپەکانی ساڵح موتلەگ و نوجێفی و ئەیاد جەمالەدین و ئیبراهیم جەعفەری و بەعسییەکان نەبێت، واتا نوێنەرانی کورد هێڵی سووریان دەرهێناوە لە پرۆگرامی سیاسی خۆیان، تەنیا لەسەر هێڵی سەوز کار دەکەن و هەر کەسێك دەبێتە سەرۆك وەزیران دەبێ پێی بڵێن: بەرێشت قەسەم.

لە هەموو جیهانی سیاسی لە ڕێباز و تاکتیکی هەموو حیزبە نیشتیمانپەروەر و دیموکراتەکانی جیهان حیزبێك یا میللەتێك نادۆزیتەوە هێڵی سووری نەبێت، هێڵی سوور واتا جیاکردنەوەی چاکەکان لە خراپەکان، جیاکردنەوەی سپی لە ڕەش و شیرین لە تاڵ، واتا کاتێك هێڵی سوور نامێنێ، کە هەموو ڕووداو و دیاردە و هەڵوێستەکان باش بن یا هەموو شتێك سپی بێت یا شیرین بێت یا نەخۆ گورگ و مەڕ پێکەوە ئاو بخۆنەوە.

دەبێ نوێنەرەکانمان لەناو باشەکان هی باشتر هەڵبژێرن و لەناو خراپەکانیش هی خراپتر زیاتر ڕیسوابکەن بە هێڵی سووری قەتمەر، نەبوونی هێڵی سوور لەلایەن کوردەوە نەك دڵسۆزی نییە بۆ نەهێشتنی ئەو قەیرانە، بەڵکوو تەمەنی درێژتر دەکات و سەنگی کوردیش دەهێنێتە خوارەوە لە دەرەوە و ناوەوەی کوردستان و عێراق.

ئایا ئەوانەی تا ئێستا فیدراڵییەتیان پێ قەبووڵ ناکرێت بۆ کوردی خاوەن مافی چارەنووس لە فەرهەنگی سیاسییدا، بە چ کێشان و پێوەرێك شایستەی ئەوەن ببن بە سەرۆك وەزیرانی داهاتوو لە عێراقی فیدراڵ؟؟!! با خۆمان خەشیم و نەفام نەکەین، ئەوەی تا ئێستا دەستمان کەوتووە با لەدەستی نەدەین، خۆشمان بە سواڵکەر و بێهێز نیشان نەدەین، هەر کەسێ هات و گوتی: من دیموکراتم، باوەڕ نەکەین.

با چیتر بە قسەی چەور و نەرم دڵمان خۆش نەکەین، کوا بەڵێنەکانی عەبدولکەریم قاسم و ئەحمەد حەسەن بەکر و عەبدولسەلام عارف و سەدام حوسێن و کۆنگرە و کۆبوونەوەکانی لەندەن و ئەمریکا و پاریس و ئەنقەرە و سووریا؟ وەکوو بەفری پار توانەوە و لافاوەکانیان ماڵ و شار و گوندەکانی کوردیان وێران کرد.

دەبا چیتر بێ هەڵوێست نەبین، ئەو ترسەی لە بێ هەڵوێست وەرگرتن بەرەنگارمان دەبێتەوە، گەلێك گەورەتر و نزیکتر و تەماع درێژترە لەو ترسەی، کە ڕەنگە لە هەڵوێست وەرگرتن تووشمان ببێت، بەلام لە هەموو حاڵەتێك ئەم ترسە بچووکتر و دوورتر و تەمەن کورت دەبێت، چونکە ئەوکاتە هێزی هەموو کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانمان لەگەڵ دەبێت، دووبارە سەرکەوتنمان نزیك دەبێتەوە و دوژمن و

نـەیارەکانمان سەرشـۆڕ دەکـەین و هـەموو دەسـتکەوتەکانمان فـراوانتر و چەسـپاوتر دەبێت.

دەبا جەنابی بەڕێز مام جەلال و فراکسیۆنی کوردستانی و کاربەدەستانی کـورد لـە بەغدا جارێکی دیکە بێنەوە مەیدان و دلێرانـە گـەورەیی و دڵسـۆزی خۆیـان بـۆ عێراقـی دیموکرات و فیدراڵ بۆ کوردستانی بێکەس و دوژمن زۆر دووبارە بکەنەوە و بەیەك دەنگ لە دانیشتنێکی ڕۆژنامەوانی داوابکەن لە لیستە سەرکەوتووەکانی هەڵبژاردن و لە وڵاتانی دراوسـێ و وڵاتـە زلهێزەکـان، کۆتـایی بـەم قەیرانـە بێـنن و چـیتر وڵاتەکـەمان نەکـەن بـەقوربانی بەرژەوەندییـەکانی خۆیـان، بۆئـەوەی بتـوانین حکوومـەتێکی دیمـوکراتی ڕاسـتەقینە و فیـدراڵیزم دروسـت بکـەین بـە سـەرۆکایەتی سیاسـەتمەدارێکی عێراقـی ڕەسەن، کە دەست و دەم و دەروون پـاك بێـت و بـاوەڕی تـەواوی بـە دیموکراتییـەت و فیدراڵییـەتی کوردسـتان هـەبێت، دەبـێ کیمیابـاران و ئـەنفال و کـاولکردن و تـەعریبی کوردستان ڕیسوا بکات، **خۆ ئەگەر لە ماوەی یـەك مـانگ لـە ڕێکـەوتی: (٢٠١٠/١١/١ — ٢٠١٠/١٢/١)، کۆتاییان بەم قەیرانـە نـەهێنا و حکوومـەتی هاوبـەش و فـراوان لەلایـەن نیشتیمانپەروەرەکان دروست نەکرا، ئەوا دەبێ هەڵوێستی کورد لە سەرۆکایەتی کۆمار و ئەندامییەتی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق و وەزارەتـەکان یەکسـەر بکشـێتەوە**، بـا تاوانی ئەو ڕۆژە ڕەشەمان نەکەوێتە سەرشان، کـە ڕۆژ بـە ڕۆژ لێمـان نزیـك دەبێتـەوە و دەسـتکەوتەکانمان پووچـەڵ دەکەنـەوە و ڕژێمێکـی دیکتـاتۆری سـەر بـە بێگانـە لـە وڵاتەکەمان دروست دەکەن، کوردسـتان دەکەوێتـە ژێـر زەبروزەنگـی دوژمنـە دڵـڕەش و دڵڕەقەکان، **بۆیە هەمیشە هەڵوێست وەرگرتن باشتر و سوودبەخشـترە لـە بێـدەنگی و هەڵوێست وەرنـەگرتن**، هـەموو کـوردێکی دڵسـۆز و نیشـتیمانپەروەر بەیـەك دەنـگ داوا دەکەن، کە نوێنەرەکانمان چیتر لە بەغدا بێدەنگ نەبن و خاوەن هەڵوێست بـن، چـونکە هــەمووومان دەزانــین کــە تــا ئێســتا عێــراق لــەژێر بەنــدی "٧"ی بڕیــاری نەتــەوە یـەکگرتووەکان، بـەپێی ئـەم بەنـدە ئێمـە واتـا عێـراق بـە کوردسـتانەوە لـەژێر چـەتر و دەسەڵاتی نەتەوە یەکگرتووەکانـە، ڕاستییەکەشـی ئەوەیـە کـە ئێمـە لـەژێر دەسـەڵاتی خۆمـان نـین، بۆیـە هـیچ بـەدووری نـابینم لـە مـاوەی ئـەو مانگـەی دادێـت نەتـەوە یـەکگرتووەکان حـاکمێکی بێگانـە یـا ئەفسـەرێکی عێراقـی بەسـەرماندا بسـەپێنێ و حکوومەتێکی کـاتی لـە عێـراق دروسـت بکـات بـە ڕاوێـژکردن لەگـەڵ تورکیـا و ئێـران و

سووریا و سعودیە بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانیان، کە هەمیشە لەگەڵ بەرژەوەندیی ئێمە ناگونجێت، بۆیە دەبێ لە ئێستاوە بە ژیرانە و دووربینانە هەڵوێست وەربگرین بۆ هەر ڕووداو و ئەگەرێك، ئەگینا بەڕەکە لەژێر پێمان دەردێنن و پەشیمانبوونەوە و تاوانبارکردنی فلان و فیسار دادمان نادات، تەنیا خۆمان تاوانبارین، بە تایبەتیش کە تا ئێستا خۆمان ئامادەنەکردووە بۆ ڕۆژی ڕەش و لێقەومان، بە تایبەتی لە ڕووی ئابووری و کۆمەلایەتی و پاکڕاگرتنی ڕیزەکانمان لە مەترسی جاش و جاسووس و بەعسی و تیرۆریستەکان، بۆیە دەبێ پێش ڕووداوەکان ئامادە و دەستبەکار و خاوەن هەڵوێست بین، نەك بێدەنگ و دەست لە ئەژنۆ بوەستین، با خوێنی شەهید و ئەنفالکراوەکان و کیمیابارانی کوردستان لەبیر نەکەین، چونکە بێدەنگی هەمیشە لە بەرژەوەندی دوژمنانی گەل و نیشتمانەکەمانە.

**پارێزەر**

**کەمال محیەدین ئەسعەد**

**هەولێر – ٢٠١٠/٩/١٧**

## نە دەوڵەتی عێراق ئیتیحادیە نە حکوومەتەکەشی دیموکراسییە فیدراڵیەتیش تەنیا قسەی خۆمانە

پێش ئەوەی بە بەڵگە و دەستووری هەمیشەیی عێراق باسی ئەوە بکەین، کە عێراق دەوڵەتێکی ئیتیحادیە یا دەوڵەتێکی ناوەندییە دەبێ لەپێشەوە بزانین دەوڵەت چییە و لەچی پێکهاتووە و چەند چەشنە دەوڵەت هەیە.

هەرچەندە زۆر لە زانایانی سیاسی پێناسەی دەوڵەتیان کردووە بەجۆری جیاواز جیاواز، بەڵام هەموو بۆچوون و پێناسەکان جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە، کە دەوڵەت بریتییە لە کۆمەڵێك کەسایەتی جۆراوجۆر لە بوارەکانی ژیان کار و کردەوەکانیان جێبەجێ دەکەن لەسەر هەرێمێکی جوگرافی سنوور دیار و ئاشکرا و باوەڕپێکراو لەژێر سایەی سیستەمێکی ناسراو بۆ بەرژەوەندیی کۆمەڵگا.

واتە دەوڵەت پێك دێت لە:

١. گەل – شەعب.

٢. هەرێم – خاك یا نیشتمان.

٣. سیستەمی یاسایی – واتە حکوومەت.

یەکەم: دەوڵەتی سادە: ئەم دەوڵەتانە یەك گەل یەك نیشتیمان و یەك دەستوور و یاسا و یەك سەر و گیان هەیە، وەك دەوڵەتی میسر و دەوڵەتی سعودیە و کوێت دەسەڵاتیش لەم دەوڵەتانە دەسەڵاتی ناوەندییە، چونکە جیاوازی لە نیشتمان و نەتەوە و ئایین و کولتوور و زوبانی تێدا نییە.

دووەم: دەوڵەتی یەکگرتوو واتە دەوڵەتی: ئەم چەشنە دەوڵەتانە پێك هاتووە لە چەند هەرێمێك یا دەوڵەتێك ئەو دوڵەتانە زیاتر لەیەك خاك و یەك گەل و یەك یاسا و یەك سەرۆك و یەك ئاڵا وجودیان هەیە و هەموو دەسەڵاتەکانیش ناوەندی نابن وەك دەوڵەتی چیکۆسلۆفاکیا و یوگۆسلافیای پێشوو، چونکە یەك گەل و یەك خاك و نیشتمان و یەك ئایین و کولتوور نەبوون.

یەکەم: جا بابێینە و سەر باسی دوڵەتی کۆماری عێراقی یەکگرتوویی خۆمان بە پێی بڕگەی (١) یەك لە دەستووری هەمیشەیی کۆماری عێراقی یەکگرتوو هاتووە و دەڵێت: کۆماری عێراق دەوڵەتێکی یەکگرتووی سەربەخۆیە خاوەنی تەواوی سەروەری خۆیەتی و سیستمی دەسەڵاتی پەرلەمانی دیموکراسییە و ئەو دەستوورەش یەك

پارچەیی عێراق دەپارێزێت.

برگـەی ١١٦ سـەد و شـانزەی ئـەم دەسـتوورە دەڵێـت: سیسـتەمی یـەکگرتوویی کۆمـاری عێـراق پێـك هـاتووە لـە (پایتـەخت و هەرێمـەکان و پارێزگـا ئۆتۆنۆمییـەکان و بەڕێوەبەرایەتی خۆیی (حکمی محلی)، واتە بۆئـەوەی کۆمـاری عێـراق ببێتـە کۆمـارێکی یەکگرتوو (اتحادی) دەبوایە لە ماوەی ئەو (٨) ساڵەی ڕابردوو دوو هەرێم دروست بکرایە بۆئەوەی یەکبگرن و دەوڵەتی یەکگرتوو پێك بهێـنن، چـونکە تـا ئێسـتا لـە عێـراق یـەك هـەرێم هەیـە، ئـەویش هـەرێمی کوردسـتانە لەگـەڵ حکوومـەتی ناوەنـدی، ئـەم شـێوە حکوومەتە لە هیچ وڵاتێك بوونی نییە، چونکە یەك هەرێم لەگەڵ حکوومـەتێکی ناوەنـدی (مرکزی) نە دەوڵەتێکی سادەیە نە دەوڵەتی یەکگرتووە، واتە تا ئیمـڕۆ کۆمـاری عێـراق دەوڵەتێکی یەکگرتوو نییە.

هــەروەها لــە برگــەی (٤٨)ی هــەمان دەســتوور هــاتووە و دەڵێــت: دەســەڵاتی یاسـادانانی کۆمـاری عێـراق یـەکگرتوو پێکـدێت لـە ئەنجوومـەنی نوێنـەرانی عێـراق و ئەنجوومــەنی (اتحــاد) یــەکگرتوو، لەبەرئــەوەی تــا ئێســتا ئەنجوومــەنی یــەکگرتوو پێکنەهاتووە و بوونی نییە وەك دەستوورەکە خۆی پێویستی کردووە، واتـە دەسـەڵاتی یاسـادانان بـوونی یاسـایی و دەسـتووری نییـە بۆیـە دیسـان دەڵـێین: کۆمـاری عێـراق دەوڵەتێکی یەکگرتوو نییە و بەڵکوو دەوڵەتێکی بێ ناوە لە باشـترین حاڵەتـدا دەتـوانین بڵێین دەوڵەتێکی سادەیە.، چـونکە هـەموو دەسـەڵاتەکان لەلایـەن سـەرۆك وەزیرانـەوە قۆرخ کراوە و تاکڕەوی پیادەدەکرێت، لە سەلماندنی یەك پارچەیی خاکی عێراق و گـەلی عێـراق و کولتـووری عێـراق وەك دەبیـنن هـەموو دەسـەڵاتەکانی عێـراق لەلایـەن بـەڕێز مالیکی سەرۆك وەزیران قۆرخ کراوە و دەستی بەسـەردا گـیراوە و زیـاتر لـە سـاڵێکە بـە پێچەوانەی هەموو بڕیارەکانی نێوان هێزە سیاسـییەکانی عێـراق، لـەپێش هەموویانـەوە بڕیارەکەی کۆبوونەوەکـەی هـەولێر وەك دەستپێشـخەری سـەرۆکی هـەرێمی کوردسـتان جەنابی کاك مەسعوود بارزانی، واتە **بەڕێز مالیکی سەرۆك وەزیران، وەزیری بەرگرییـە، وەزیری ناوخۆیە، سوپاسالاری کۆماری عێـراق و لێپرسـراوی موخابەراتیشـە جگـە لـە دەسەڵاتە نهێنییەکانی ئەمەش پێشێلکردنێکی ڕوون و ئاشکرای دەستوورەکەی کۆماری بەناو یەکگرتووی عێراقە.**

دوور لەم برگە دەستووریانە کە پێناسەی دەوڵەتی یەکگرتوو دروست ناکەن، بـەڵام

کاریان پێ نەکراوە، گریمان دەوڵەتەکەی کۆماری عێراق دەوڵەتێکی یەکگرتووە، خۆ دەبێت ئەم دەوڵەتە یەکگرتووە خوردبکەینەوە و بزانین ئەم دەوڵەتە یەکگرتووە کام چەشنەیە؟ دەوڵەتی یەکگرتوو شێوەی جۆراوجۆری هەیە، وەك لە خوارەوە باسی دەکەین:

١. دەوڵەتی یەکگرتووی کەسایەتی.
٢. دەوڵەتی یەکگرتووی کۆنفیدراڵی.
٣. دەوڵەتی یەکگرتووی تەواو هەمیشەیی.
٤. دەوڵەتی یەکگرتووی فیدراڵی.

لەپاشان باسی هەر یەك لەم دەوڵەتانە دەکەین، واتە بۆمان دەرکەوت کە دەوڵەتی کۆماری عێراق دەوڵەتێکی یەکگرتوو نییە، ئەگەر ئیتحادیش بێت دیار نییە کام چەشنە ئیتحادییە.

دووەم: حکومەتی عێراق دیموکراسی نییە، چونکە دەوڵەتی زۆرینەی نوێنەرانی گەلی عێراق نییە لە ئەنجوومەنی نوێنەران، دیارە لە کۆی گشتی ئەندامانی ئەنجوومەن، کە ژمارەیان (٣٢٥) نوێنەرە حکوومەتەکەی بەڕێز مالیکی تەنیا خاوەنی (٩٠) نەوەت دەنگە، لەباشترین حاڵەتدا خۆ ئەگەر پشتیش ببەستێ بە ڕێککەوتنەکانی ناو هێزە سیاسییەکان، ڕوون و ئاشکرایە کە هەموو ڕێکەوتنەکانی پێشێلکردووە لەپێش هەموویانەوە ڕێککەوتننامەکەی هەولێر، کە بەدەستپێشخەری سەرۆکی هەرێمی کوردستان بەڕێز کاك مەسعوود بارزانی بەستراو هەر لەم کۆبونەوەیەدا بڕیاردرا، کە بەڕێز مالیکی ببێتە سەرۆك وەزیرانی عێراق، بەڵام بەداخەوە تەنیا سەرۆکایەتییەکەی خۆی بەجێهێنا و بڕگەکانی دیکەی جێبەجێ نەکرد، ئەوە زیاتر لە ساڵێکە هەموو دەسەڵاتەکانی قۆرخ کردووە بۆ بەرژەوەندیی لایەنێکی سیاسی و ١٩ نۆزدە خاڵەکەی لیستی کوردستانیشی ئێکسپایەر کردووە، بێ ئەوەی حیسابێك بۆ هیچ لایەنێکی سیاسی بەرامبەر خۆی بکات، بە تایبەتی لایەنی کوردی، کە تەنیا ئەوان دەسەڵاتیان بۆ زامنکرد.

ئەمە لەلایەك، لەلایەکی دیکەوە نەبوونی یەکسانی کۆمەڵایەتی و بڵاوبوونەوەی گەندەڵی و دزی و خۆپەرستی و سەپاندنی هەندێ هەڵوێست و بۆچوونی مەزهەبی لەناو قوتابی و لاوان و ئافرەتان و فەرمانگا حکومییەکان جگە لە نەبوونی خزمەتگوزارییە

پەیوەندییدارەکان بە ژیانی کۆمەڵانی خەڵکی عێراق و دەستتێوەردانی دەرەکی لە کاروباری تایبەتی وڵات و دەستەمۆکردنی بەشێکی زۆر لەدامودەزگاکانی دادوەری و گرانی بازاڕ و ڕێگەدان بە هاوردەکردنی خواردن و دەرمانی بێکەڵك و بەسەرچوو.

دەستەبەرنەکردنی مافی کەمایەتییەکانی ئایینی و نەتەوەی عێراقیش لەولاوە وەستاوە، کە هەموو ئەمانە مەرجەکانی پەیڕەوکردنی دیموکراتییەتە نەك تەنها هەڵبژاردن.

**سێیەم ئێمە لە سەرەتای وتارەکەمان گوتمانە فیدراڵیەتیش لە عێراق تەنیا قسەی خۆمانە، واتە لە کورد زیاتر کەسێك ناوی ناهێنێت و ئەم باسە یەکلایەنەیە و لەسەر هیچ لاپەڕەیەکی فەرمی دەوڵەتی عێراق باسی گەلی کورد و فیدراڵیەت نەکراوە.**

ئەو ڕاستیانەمان تەنیا نەك قسەی ڕووت و بێ بەڵگەنین، بەڵکوو ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگرن و ڕاست و دروستن، چونکە فیدراڵیەتی ڕاستەقینە دەسەڵاتی تایبەتی خۆی هەیە، کاتێك دەتوانین بە سیستەمێك بڵێین فیدراڵی، کە چەند هەرێمێك یا دەوڵەتێك یا چەند قەوارەیەکی سیاسی یەکبگرن و دەوڵەتێکی فیدراڵی دروست بکەن، بێ ئەوەی دەسەڵاتەکانی ناوخۆیی خۆیان لەدەست بدەن، بەڵام هەندێ لە دەسەڵاتەکانی خۆیان دەدەن بە دەوڵەتی ئیتحادی (یەکگرتوو) وەك کاروباری سەربازی و پەیوەندییەکانی دەرەوە و ...، ئەمەش سنووردار نییە و بە پێیی پێگە و قەوارەی هەر هەرێمێك ئاڵوگۆڕی تیا دەکرێت، فیدراڵیەتیش یا سیاسی و نەتەوەیی دەبێت یا ئیداری، هی نەتەوەیی و سیاسی بۆ ئەم هەرێمانەیە کە تایبەتمەندی خۆیان هەیە، لە ڕووی نیشتمان و نەتەوایەتی و کولتووری و زمان، وەك ئەو فیدراڵیەتەی، کە کورد داوای کردووە و جێبەجێنەکراوە، بەڵام فیدراڵیەتی ئیداری لە وڵاتێك دروست دەکرێت، کە ئەو تایبەتمەندییانەیان لەناودا نییە، تەنانەت بۆ ئاسانکردنی ڕاپەڕاندنی کاروباری ئیداری لە وڵاتە پان و بەرینەکاندا پەیڕەو دەکرێت، کە یەك گەل و یەك نیشتمانن.

فیدراڵیەتە سیاسی و نەتەوەییەکان سیستەمی بنەڕەتی خۆیان لەدەست نادەن و خاوەنی دەستوور و ئەنجوومەنی نوێنەرانی خۆیان هەیە لەگەڵ سەرۆك هەرێم و بودجەی تایبەتی خۆیان و سنووری چەسپاو.

بۆئەوەی بە سیستەمێك بڵێین فیدراڵی سیاسی و نەتەوەیی، دەبێ بەلانی کەم دوو یا سێ هەرێم یەکبگرن لەژێر سایەی دەستوورێکی ئیتحادی بە ڕەزامەندی هەموو

لایەنـەکان، بـەڵام لـە دەوڵـەتی عێـراق تـەنیا یـەك هـەرێم هەیـە و بـەس، بۆیـە دەبـێ هەرێمێکی دیکە دروست بکرێت، بۆیە تا ئێستا فیدراڵیـەت بـوونی نییـە لـە عێـراق ئەمـە لەلایەك، لەلایەکی دیکـەوە بـەهیچ جۆرێك لەدەسـتوورە هەمیشـەییەکەی عێـراق باسـی فیدراڵیەت نەکراوە، دەبێ ئەوە بزانین کە وشـەی ئیتحـادی ڕووت بـە مانـای فیدراڵیـەت نایەت، چونکە لە یاسا نێودەوڵەتییەکان چوار چەشنە سیسـتەمی ئیتحـادی هەیـە، وەك لە خوارەوە باسی دەکەین:

١. سیستەمی ئیتحادی کەسایەتی: لەم سیستەمە ئیتحادییە هەموو لایەنەکان، واتە هەرێمەکان ڕێك دەکەون بۆ یەکگرتن لەژێر سایەی یەك سـەرۆك بـۆ هـەموو هەرێمـەکان، ئـەم سـەرۆکەش بـە پێـی یاسـا و ڕێککـەوتن لەگـەڵ هەرێمـەکانی نـاو ئـەو ئیتحـادە ڕەفتاردەکات، هەروەك ئیتحـادی ئینگلتـەرا لەگـەڵ هانۆڤـەر لەسـەر قـەبووڵکردنی یـەك سەرۆك ئەویش (جۆرج)ی یەکەم بوو هەروەها هۆڵەندا (لۆکسمبرج).

٢. سیستەمی ئیتحادی کۆنفیـدراڵی: ئـەم چەشـنە ئیتیحـادە بریتییـە لەیـەکگرتنی چەند هەرێمێك یا دەوڵـەتێك بـۆ دروسـتکردنی ئەنجوومـەنێکی ئیتحـادی بـۆ ڕاپەڕانـدنی هەندێ بەرژەوەندیی هاوبەش، بێ ئەوەی ئەو هەرێمانە هیچ ماف و دەسەڵاتێکی خۆیان لەدەسـت بـدەن بڕیارەکـانی ئەنجوومەنەکـەش بـەزۆر نییـە لەسـەر هـیچ لایـەنێك، هـەر یەکەیان دەتوانن لە ئیتحادەکە بێنەدەرەوە.

٣. سیستەمی ئیتحادی تەواو (حقیقی): ئەم ئیتحادە پێکدێت لە چەند هەرێمێك یـا دەوڵەتێك بە شێوەیەکی تێکەڵبوونی تـەواو هەمیشـەیی نـەك کـاتی، هـەموو لایەنـەکانی پێکـەوە کەسـایەتی خۆیـان لەدەسـت دەدەن و دەوڵـەتێکی ئیتحـادی ناوەنـدی بـە بـێ جیاوازی دروست دەکەن.

٤. سیستەمی ئیتحادی فیدراڵی: ئـەم سیسـتەمە فیدراڵیـە پێکـدێت لـەنێوان چـەند هەرێمێك یا دەوڵەتێك یا لە دابەشکردنی دەوڵەتێکی ناوەنـدی بـۆ چـەند هـەرێمێك، هـەر یەك لەو هەرێمانە بەشێك لە ماف و دەسەڵاتەکانی خۆی دەدات بە حکوومەتی ئیتیحادی بۆ ڕاپەڕاندنی کاروباری ئەم دەوڵەتە فیدراڵییە، بـەبێ ئـەوەی دەسـەڵات و سـەربەخۆیی ناو هەرێمەکەی خۆیان لەدەست بدەن، ئەو هەرێمانە خاوەنی خاك و گەل و دەسـتوور و پەرلەمان و سەرۆکی خۆیانن، لەم چەشنە فیدراڵیەتە دەسەڵاتی هەرێمەکان هەڵکشـان و داکشانی تیا ڕوودەدات بە پێی قەوارەی کەسایەتی هەر هەرێمێك.

واتە ئەگەر بمانەوێ فێڵ لەخۆمان و میللەتەکەمان نەکەین، دەبێ هەموومان ئەوە بسەلمێنین کە فیدراڵیەت لە عێراق وجودی نییە، بۆیە دەبێ بە زوویی داوا لە نوێنەرەکانمان بکەین لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق داوای پێداچوونەوە بکەین لە دەستووری عێراق، ئەو فیدراڵیەتە سیاسییەی لە مانگی تەمموزی: (١٩٨٧) هەموو بەرەی کوردستانی قەبووڵیان کرد لە جیاتی مافی چارەنووس بچەسپێندرێ، چونکە ئەنجوومەنی نوێنەرانی کوردستان لە ساڵی: (١٩٩٢)، هەمان فیدراڵیەتی قەبووڵ کرد، ئەو فیدراڵیەتەی تەنیا هەر خۆمان باسی دەکەین و لەدەستوور ناوی نەهاتووە، ئەوە بە پێچەوانەی بڕیارەکانی بەرەی کوردستانی و ئەنجوومەنی نوێنەرانی کوردستانە.

لەگەڵ ئەوەشدا ئەگەر ئەم فیدراڵیەتەی عێراق، کە باسی لێ دەکرێت بخرێتە ناو دەستووریش، ئەمە فیدراڵیەتی ئیدارییە نەك سیاسی، واتە سەربەستی گەلی کورد بەجێ ناهێنێ، چونکە دەستوورەکەی عێراقی ئیتحادی مافی داوە بە هەر پارێزگایەك هەرێم دروست بکات، واتە بەم مانایە هەرێمی کوردستان ماف و دەسەڵاتی وەك هەرێمی بەسرە یا میسان یا بابل دەبێت، واتە ئەوە مافێکی ئیدارییە نەك سیاسی و قەومی، فیدراڵیەتی کوردستان دەبێ سیاسی و نەتەوەیی بێت، چونکە ئێمەی کورد وەك هەموو گەلێك مافی چارەنووسی خۆمان هەیە، لەم ڕۆژگارە فیدراڵیەتی سیاسی و نەتەوەییمان قەبووڵ کردووە، بەڵام فیدراڵیەتی ئیداری بۆ ئەو وڵاتانە و هەرێمانەیە، کە یەك نیشتیمان و یەك نەتەوە و یەك زمان کولتوور و مێژوویان هەیە، بەڵام کورد لەگەل عەرەب لە هەموو ئەو تایبەتمەندیانە جیاوازە، بۆیە دەبێ فیدرالیەتی کورد لە عێراق فیدرالیەتی سیاسی و قەومی بێت نەك فیدریالەتی ئیداری.

سیستەمی ڕاستەقینەی فیدراڵیەت لە کۆماری یەکگرتووی عێراق دەبێت دوو فیدراڵیەت دروست بکرێت:

یەکەم: فیدراڵیەتی کوردستان بۆ گەلی کورد، کە هەموو ناوچە کوردنشینەکان بگرێتەوە بە پێی سەرژمێری ساڵی: (١٩٥٧) و بنەماکانی مێژووی گەلی کورد و کوردستان.

دووەم: فیدراڵیەتی عەرەبستان یا فیدراڵیەتی ڕافیدەین بۆ گەلی عەرەب، کە هەموو ناوچەکانی عەرەبنشین بگرێتەوە، هەرچەندە قسەکردنیش لەسەر ئەم ناوچانە دوورودرێژە، پاش دروستکردنی ئەو دوو فیدراڵیەتە دەتوانین دەوڵەتێکی ئیتحادی

یەکگرتوو لەم دوو فیدرالّیەتە دروست بکرێت، ئەمەش ڕێگا ناگرێت لە دروستکردنی فیدرالّیەتی ئیداری جیا بۆ هەر پارێزگایەك لەگەڵ حوکمی ناوەخۆی بۆ کەمایەتییە قەومی و ئایینییەکان، لەبیر هەموومانە کە جەنابی مام جەلال لە ئازاری ساڵی: (١٩٦٣)، کە سەرۆکی وەفدی گفتوگۆ بوو لەگەڵ بەعسییەکان بە توندی پێداگری لەسەر ئۆتۆنۆمی سیاسی کرد، واتە بۆ دەبێ ئێمە پاش (٤٠) ساڵ لە خەباتی خوێناوی و کیمیاباران و ئەنفال و کاولکردنی کوردستان و ڕاپەڕینەکەی ساڵی: (١٩٩١) و دەستپێشخەرییەکەی سەرۆك تاڵەبانی و بەڕێز مەسعوود بارزانی و پاش ڕووخانی ڕژێمە دیکتاتۆرەکەی سەدام حوسێن، دروستکردنی خودی حکوومەتەکەی مالیکی بو بەرەو دواوە بگەڕێینەوە، ئەم پرسیارە دەکەوێتە سەر شانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و نوێنەرەکانمان لە بەغدا و پەرلەمانی کوردستان و یەکێتیی پەرلەمانتارانی کوردستان و هەموو خوێندەوار و دڵسۆزێکی کورد، بۆیە دەبێ ڕۆژێك زووتر خۆمانی بۆ کۆبکەینەوە بۆ ئەم موبارەزە سیاسییە و چەسپاندنی فیدرالّیەتی سیاسی و نەتەوەیی لە دەستووری هەمیشەیی عێراق و پەیڕەوکردنی بە کردەوەی ڕوون و ئاشکرا، ئەگینا کات درەنگە و ماوە زۆر کەم ماوە و هەموو مافەکانی دەستمانکەوتووە وەك بڵقی سەر ئاو دەپووکێنەوە و پاش چەند ساڵێك لە دەستبەتاڵی میللەتەکەمان لە باشترین بارودۆخدا پێمان دەڵێن نەفام و نەزان بوون، ئەگەرنا دەڵێن خائین و میللەتفرۆش بوون، لەپێناو پارەو پول و کورسی و پلەوپایە وایان کردووە، پرسینەوەی کۆمەڵگاش گەلێك قورس و دژوارە باچیتر بەباڵ و شانی ئەو دەستوورە بێ کەڵك و بێ تامە هەڵنەدەین.، چونکە نە دەوڵەتی عێراق ئیتحیادییە و نە حکوومەتەکەی دیموکراسییە فیدرالّیەتەکەش تەنیا قسەی خۆمانە، کەواتە دەوڵەتی عیراق ئیتیحادی نییە، چونکە حکوومەتەکەی مەرکەزییە، حکوومەتەکەش دیموکراسی نییە، چونکە دیموکراسی تەنیا هەڵبژاردن نییە، بەڵکوو هەڵبژاردنی ئازاد و دادپەروەری و یەکسانی و خۆشگوزەرانییە، کە ئەم مەرجانە بوونیان نییە.

ئەو فیدرالیەتەی کە تەنیا خۆمان باسی دەکەین نە لە دەستووری عێراقی ناوی هاتووە نە حکوومەت و شیعە و سوننە ناوی دێنن.

**پارێزەر**

**کەمال محیەدین ئەسعەد**

# ئایا عەرەبی عێراق هەمووی بەعسین؟!

گەر بە وردی سەرنج بدەینە نەخشەی عێراقی سیاسی و نەتەوایەتی وجوگرافی و دینی و مەزهەبی و تائیفی، دەبینین عێراقی ئێستا وڵاتێکی تێکەڵاو و هەرەمە و زۆر دەنگە لە هەموو ئەو بابەتانەی سەرەوە.

ئەوەی پەیوەندی بە باسەکەی ئێمەوەیە باری نەتەوایەتی و جوگرافی و دینی و مەزهەبییە لە عێراق. گەر باری نەتەوایەتی لە عێراق باس بکەین، بمانەوێ یا نەمانەوێ ئەمڕۆ لە شارەکانی خوارووی عێراق، واتا "بەسرە و سەماوە و دیوانیە و ناسریە و بابل و کەربەلا و نەجەف، لە (٩٥٪)ی دانیشتوانی ئەم شارانە خۆیان بە عەرەب دەزانن.

لە شارەکانی عەمارە و کوت و بەغدا لە (٦٠٪) دانیشتوانی خۆیان بە عەرەب دەزانن، بەڵام لە شارەکانی دیالە و سەڵاحەددین و موسڵ لە باشترین حاڵەتدا بۆ عەرەب ژمارەی دانیشتوانی ئەم سێ شارە لە (٥٠٪) زیاتر خۆیان بە عەرەب نازانن، بێگومان لە شارەکانی کوردستانیش وەك کەرکووك و دهۆك ڕەنگە لە ١٠٪ لە دانیشتوانی ئەم دوو شارەش خۆیان بە عەرەب بزانن، واتا دەتوانین بڵێین ژمارەی نەتەوەی عەرەب لە عێراق بە گشتی لە (٦٥٪) تێپەڕناکات، هەرچەندە بەپێی تازەترین سەرژمێری باوەڕپێکراوی ساڵی: (١٩٥٧) نەتەوەی عەرەب لە سەرانسەری عێراق لە (٦٠٪) زیاتر نەبووە، ئەم ژمارەیەش دابەش کراوە بەسەر ئایین و ئایینزا و تەوائیفی جۆراوجۆر، بەڵام بەهۆی دەسەڵاتدارییەتی هەیمەنەتی بنەماڵەی هاشمییەکانی سعودی بە پاڵپشتی دەوڵەتی باڵا، دەستی ئینگلیزەکان لە یەکەم ڕۆژی دروستبوونی دەوڵەتی عێراق و دانانی خوالێخۆشبوو مەلیك فەیسەڵی یەکەم بە مەلیکی عێراق، لەم ڕۆژەوە ئایینی ئیسلامی و مەزهەبی سوننەسالاری لە عێراق بەرقەرار کراوە و زۆربەی زۆری دەسەڵات و پێگە گەورەکان خراوەتە ژێردەستی سەرۆك خێڵ و هۆزە عەرەبییەکانی سوننە مەزهەب، تەنانەت هەندێك لەو دەسەڵاتدارانە خەلقی نەجد و حیجاز و شام بوون، هەندێکیشیان ئینگلیز بوون، کە شوێنە گرنگەکانیان خستبووە ژێردەستی خۆیان.

حکوومەتی سعودیە و بنەماڵەکەیان هەمیشە بە ئامانج و ئاواتی ئەوەوەن، کە ڕۆژێك لە ڕۆژان بتوانن دەسەڵات بەسەر وڵاتانی ناوچەکە بگرنە دەست، بە تایبەتی هەرێم و وڵاتە عەرەبییەکان، چونکە بنەماڵەی سعودی خۆیان بەخاوەنی شۆڕشی گەورەی عەرەبی دەزانن دژی ئینگلیزەکان پاش شەڕی یەکەمی جیهان بۆ بەدەستهێنان

و دروستکردنی دەوڵەتی عەرەبی و مسۆگەرکردنی مافەکانیان، ئەوە بوو لەئەنجامدا یەکەم دەوڵەتی عەرەبی سوننە لە سعودیە پێك هات و ئینگلیزەکانیش دانیان پێدانا.

دەوڵەتی سعودیە بە ڕابەرایەتی بنەماڵەی"ئەلسعود" تام و چێژە تاڵەکانی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی و حکوومەتەکەی مستەفا کەمال "ئەتاتورك"یان لەبیرناچێتەوە، کە لە ساڵی: (١٩٢٣)، خەلافەتی ئیسلامی ڕووخاند و نەهێشت و بانگەشەی عیلمانییەتی کرد، کەوتنە دژی هەموو بنەماکانی ئیسلام، هەربۆیە دەوڵەتی سعودیا بەردەوام هەوڵدەدات بۆ بەهێزکردن و فراوانکردنی دەسەڵاتەکانی و بەربەستکردنی هێرش و مەترسییەکانی تورك و فارس، کە هەر یەکێك لەم لایەنانە دەیەوێت تاکە دەسەڵات بێت لە ناوچەکە، بە تایبەتی لەو هەل و مەرجە ترسناکەی ئێستای دەوڵەتی سعودیا، کە دەوڵەتێکی ئیسلامی سوننە مەزهەبە و شانازی بە سەرکردایەتی شۆڕشە گەورە سەرکەوتووەکەی عەرەب دژی ئینگلیز دەکات و دامەزراندنی یەکەمین دەوڵەتی ئیسلامی عەرەبی پاش ڕووخانی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی لەسەر پیرۆزترین خاکی عەرەب "مەکەو مەدینە"، کە هەڵبژاردەی خوای گەورەن بۆ هێنانە خوارەوەی ئایینی ئیسلام لەم شارانە، کە شوێنی لەدایکبوونی پێغەمبەری ئیسلامن و تێیدا پەروەردە و سەرکەوتنیان بەدەستهێنا و دەوڵەتی گەورە و بەهێزی ئیسلامی تێدا دروست کرد، بۆیە وڵاتی سعودیا، بە تایبەتی مەکە و مەدینە، کە بە قیبلەگاهی ئیسلام ناسراون و ساڵانە مەلایین موسڵمان بە بۆنەکانی حەج و عومرە و زیارات ڕووی تێ دەکەن، هەر بۆیە خۆیان بە ڕابەری عەرەب و ئیسلام دەزانن.

سەرەڕای ئەم پیرۆزییە ئایینییانە دەوڵەتی سعودیا لە یەکەمین وڵاتە دەوڵەمەندەکانی جیهان دەژمێردرێت، بە تایبەتی لە نەوت و گاز ....، بۆیە دەبێ هەموو لایەنە سیاسییەکانی عێراق و ناوچەکە ئەم ڕاستییانە بزانن و سەنگ و دەنگ و ڕەنگی دەوڵەتی سعودیا بە کەم و بێهێز نەزانن، بەلای ئێمەوە هیچ ڕووداوێکی سیاسی و سەربازی یا نەتەوایەتی بە پەراوێزکردنی سعودیا یەکلا نابێتەوە لەناوچەکەدا، نابێ ئەوەشمان لەبیربچێت کە دەوڵەتی سعودیا لە هاوپەیمانە هەرە گەورەکانی ئەمریکا و ئەورووپایە. هەربۆیە دەبینین دەوڵەتی سعودیا وردە وردە سەنگ و دەنگی خۆی سەپاندووە بەسەر زۆر لە لایەنە سیاسی و سەربازی و ئابوورییەکانی ناوچەکە، لە ڕێگای دەزگا پەیوەندیدارەکانی خۆی، کە هەموویان تێکڕا بە فەرمانی بنەماڵە توند و

تۆکمەکەی کار دەکەن، ئەو بنەماڵەیەی کە هیچ ڕێگا و دەرگای نەهێشتۆتەوە بۆ پەیداکردنی دەرز و ئاڵۆزی لەناو بنەماڵەکەیانەوە.

قەدەری ئێمەش واتا عێراق ئەوەیە، کە لە یەکەمین ڕۆژی دروستبوونی حکوومەتی عێراق کەوتینە ژێر گورزی ئەم دەوڵەتە بەهێزە لە دانانی مەلیك فەیسەڵی یەکەمەوە تا کوشتنی فەیسەڵی دووەمی جوانەمەرگ، کە بە ناهەق و دوور لە مرۆڤایەتی بەبێ تاوان لەناویان برد لە ئەنجامی شۆڕشی ١٤ی تەمموزی: (١٩٥٨).

پاش ١٤ی تەمموزی ١٩٥٨ دەرگای ململانێ و کێبڕکێ لەسەر دەسەڵات کرایەوە و دوو هێزی گەورە هاتنە ناو مەیدانی سیاسی عێراق.

**هێزی یەکەم:** بریتی بوو لە عەبدولکەریم قاسمی ڕەحمەتی و حیزبی شیوعی عێراقی و دیموکرات و نیشتیمانپەروەر و چەپڕەوەکانی کورد و عەرەب، کە یەکێتیی سۆڤێتی ڕووخاو پاڵپشتی دەکردن.

**هێزی دووەم:** بریتی بوو لە عەبدولسەلام عارفی ڕەحمەتی و حیزبی بەعس و هێزە نەتەوە پەرستەکانی عەرەب، کە خوالێخۆشبوو جەمال عەبدولناسر و هەندێ دەوڵەتی عەرەبی و سعودیا پشتگیری دەکردن، سەرەڕای ئەمریکا و ئینگلیزەکانیش، با درێژەی نەدەینێ، لە ئەنجامی ئەو ململانێیە و توندڕەوی شیوعییەکان و نەشارەزایی عەبدولکەریم قاسم لە بەڕێوەبردنی حوکم، ئەوە بوو لە ٨ی شوباتی ١٩٦٣ بە کودەتایەکی سەربازی عەبدولکەریم قاسم کوژرا و بەعسییەکان هاتنە سەر حوکم، بە هاندان و ڕەزامەندی ئەمریکا زۆری پێ نەچوو ناکۆکی کەوتە نێوان حیزبی بەعس و عەبدولسەلام عارف و زابتە گەورەکان، لەئەنجامدا عەبدولسەلام بوو بە سەرۆك کۆمار و هێرشی کردە سەر بەعسییەکان و گورزێکی گەورەی لێدان، بە پیلانێکی چاوەڕوان نەکراو بەعسییەکان توانیان فڕۆکەکەی عەبدولسەلام عارف لە"بەسراوە بۆ بەغدا"بتەقێننەوە و عەبدولسەلام و چەند لێپرسراوێکی گەورەی دەوڵەت کوژران، لەپاش عەبدولسەلام عەبدولڕەحمان عارف بوو بە سەرۆك کۆماری عێراق و حکوومەتێکی میانڕەو دروست کرا، کە زۆربەی هەرە زۆری لێپرسراوەکانی بە سەرۆك کۆماریشەوە عەرەبی سوننە مەزهەب بوون، ڕژێمەکەی عەبدولڕەحمان عارف بێ هێز و پشت و پەنابوو، هەندێ لە ئەفسەرە گەورەکانی سوننە مەزهەرب دەورەیان دابوو، لەم کاتانەدا جموجۆڵێکی سیاسی و سەربازی و نەتەوەپەرستی و مەزهەبی گەورە هاتە ناو

مەیدانەکەوە، بەعسییەکان ڕۆڵی هەمەلایانە و چڕ و فراوانیان هەبوو، لەلایەکی دیکەوە ئەمریکییەکان بە هۆی چەند ئەفسەرێکی گەورەوە توانیان کودەتایەك بەرپا بکەن و عەبدولڕەحمان عارفیان لادا و عەبدولڕەزاق نایف، کە بەڕێوەبەری هەواڵگری عەبدولڕەحمان عارف بوو، دەسەڵاتی گرتە دەست و بوو بە سەرۆك وەزیری عێراق و بەعسییەکانیش بە "٦" وەزیر بەشداری حکوومەتەکەی ١٧ی تەمموزی "١٩٦٨"یان کرد، بەڵام بەعسییەکان بە فرت و فێڵێکی کتوپڕ دەستیان بەسەر حوکمدا گرت و لە ٣٠ی تەمموزی ١٩٦٨ ئەحمەد حەسەن بەکریان کرد بە سەرۆك کۆمار و عەبدولرەزاق نایف و گرووپەکەیان دەر کردن.

هەموو ئەو ڕووداوانە بەبێ ئاگاداری و گڵۆپی سەوزی ئەمریکا و ئینگلیز ڕوویان نەداوە، ئێمەی پارتی دیموکراتی کوردستان باڵی مەکتەبی سیاسی لەوکاتانەدا پەیوەندیی زۆر دۆستانەمان هەبوو لەگەڵ بەعسییەکان،و حەرەکەی ئیشتیراکی عەرەبی و نیشتیمانی دیموکراتی، لەنێوانیشمان هەندێ قسە و ڕێککەوتن هەبوو لەسەر حکوومەتەکەی عەبدولڕەحمان عارف و ئەگەری کودەتای سەربازی لەسەریان، بەپێی بەڵێنەکان دەبوایە بەعسییەکان بەبێ ئێمە داخیلی ئەم گۆڕانکارییە نەبن، هەربۆیە ڕۆژی ١٩ی تەمموزی ١٩٦٨، مەکتەبی سیاسی خۆمان، واتا دوو ڕۆژ، پاش کودەتایەکەی ١٧ی تەمموز داوایان لە خۆم و کاك محەمەد ئەمین فەرەج کرد، کە بچینە لای بەڕێز مونزر عریم، کە ئەندامی مەکتەبی پەیوەندییە سیاسییەکانی حیزبی بەعس بوو، لەهەمان کات نوێنەری بەعسییەکان بوو لەگەڵ ئێمە، بۆئەوەی گلەیی و گازاندەی خۆمانیان ئاراستە بکەین، لەسەر ئەو هەڵوێستەیان، ئەوە بوو چووینە لای کاك مونزر عریم لە نووسینگەکەی خۆی لە شەقامی ڕەشیدی بەغدا، لە ئەنجامدا مونز عریم گوتی: " ئێمە هیچ ئاگادارییەکی پێشەکیمان نەبووە لەم کودەتایە، تەنیا شەوی ١٧/١٦ی تەمموز عەبدولرەزاق نایف داوای لە ئێمە واتا لە حیزبی بەعس کرد، کە "٦" وەزیرمان بدەینێ بەرامبەر بەشداربوونمان لە حکوومەتەکەی ١٧ی تەمموزی ١٩٦٨، ئێمەش هیچ چارە و ڕێگامان لەبەردەم نەبوو، بڕیارماندا بەشدار بین و دوایی هەوڵ بدەین لەگەڵ ئێوە قسە بکەین بۆ چۆنییەتی کارکردن لەگەڵ عەبدولڕەزاق نایف، ئەوەی ڕاستی بێت ئێمە ماوەیەك چاوەڕوانمان کرد، بەڵام زۆری پێ نەچوو وەك باسمان کرد لە ٣٠ی تەمموزی ١٩٦٨ سەدام حوسێن لە ڕێگای بارزان تکریتی، عەبدولڕەزاق نایفی سەرۆك

وەزیری دەستبەسەر کرد و خۆیان هاتنە سەر حوکم، دووبارە ئێمە لەگەڵیان کەوتینەوە گفتوگـۆکردن، لەسـەر بەشـداریکردنمان لـە حکوومەتەکـەیان، بـە تێکـڕای دەنـگ حیزبەکەمان بڕیاری بەشدارکردنی پەسەند کرد.

لـەم کاتـەدا نێـوانی ئێمـە و خوالێخۆشـبوو جـەنابی بـارزانی نـەمر زۆر خـراپ بـوو، بەعسییەکانیش هاموشۆیان لەگەڵ هـەردوو لامـان هـەبوو، ئەوەنـدەی بۆشـیان بکرابایـە بەنزینیان بە ئاگرەکەماندا دەکرد.

لە سەرەتای ساڵی ١٩٧٠بەیانی ١١ی ئازار لەنێوان جەنابی بارزانی و حیزبی بەعس مۆر کرا، ئێمەش پشتگیریمان کرد و ئومێدی سـەرکەوتنمان بـۆ خواسـتن، بـەڵام دیسـان بەعسییەکان شەڕیان هەڵگیرساندەوە و لە ڕێککەوتننامەی ١١ی ئازار پاشـگەزبوونەوە و کەوتنە لێدانی کورد بە ئاگر و ئاسن، **بـەڵام نەبـەزی کـورد و یـەکڕیزی جووڵانەوەکـەی کوردستان بە ڕابەرایەتی بارزانی نەمر، هـەموو هـەوڵ و تەقـەلاکانی سـەدام حوسـێنی دیکتاتۆری پووچەڵکردەوە**، بەڵام ئەم دیکتاتۆرە فاشیستە شۆڤێنییە نەیویست لەگـەڵ کـورد ڕێـك بکـەوێت، بـەڵکوو ڕووی کـردە شـای ئێـران، چـۆکی بـۆ دادا و هــەموو داخوازییەکانی ئێرانی قبووڵکرد بەرامبەر ڕاگرتنی یارمـەتی ئێـران بـۆ کـورد، ئـەوە بـوو بەیانی ڕەشی ٦ی ئازار، کە ناسراوە بە بەیانی"جەزائیر" لەنێوان سەدام و شـای ئێـران مۆر کرا، ئەمەش بوو بەهۆی خامۆشکردنی شۆڕشی ئەیلوولی نەمر.

پـاش هەڵگیرسـانەوەی شۆڕشـی نـوێ، بـە ڕابەرایـەتی یـەکێتیی نیشـتیمانی کوردستان، بە تایبەتی پاش ئەوەی هـەڤاڵانی تێکۆشـەر و نـەمر شـەهیدان کـاك عومـەر دەبابە و کاك عـەلی عەسـکەری و دکتـۆر خالیـد سـەعید خۆیـان گەیانـدەوە ناوچـەکانی گەلاڵە و شەدەلە و خۆشـناوەتی، بڵێسـەی شۆڕشـیان هـەڵکرد و لـە هـەموو کوردسـتان دەنگی دایەوە و بێ ئومێدی خەڵکی کوردستانی ڕەواندەوە، بۆیە هەموو کورد قـەرزاری ئەو هەڤاڵانەن.

خەباتی چەکدار گەیشتە دەشتەکانی هەولێر و کەرکووك و گەرمیان و سەدەها جـار هێزەکانی حکوومەتیان تێکشکاند و دەستکەوت و پێشکەوتنی گـەورەیان بەدەسـتهێنا، شۆڤێنییەتی بەعس و سەدام دیسان ڕووی لە گەلی کورد نەکرد و دانی بە مافەکانی گەلی کورد نەنا، لەجیاتی ئەمە کوێرانە دەستی دایە کیمیابـاران و ئـەنفال و ڕاگوێزان تـا کـار گەیشتە ئەوەی هەموو هێزەکانی دەرەوە و ناوەوەی عێـراق یـەك بگـرن و بـە هاوکـاری

هێـزی هاوپـــەیمانی ڕژێمـی سـەدام حوسـێنی دیکتاتۆریـان ڕووخانـد و حکوومـەتێکی دیموکراتی بەناو فیدراڵی لە عێراق دروست بـوو، لـەم ڕۆژەوە نـەیاران و دوژمنـانی گـەلی عێراق لەدەرەوە و ناوەوەی وڵات دژی ئەم ئەزموون و دەستکەوتە دیموکراسیانەمان لـە کاری بەردەوامدان بە یارمەتی هێزە دەرەکییە جۆراوجۆرەکان.

بـەڵام دەبـێ ئێمـە لێـرەدا هەڵوەسـتەیەك بکـەین و بـزانین چـۆن لەگـەڵ دۆسـت و دوژمنەکانی عێراق ڕەفتار دەکەین.

ئێسـتای عێـراق، عێراقێکـی کۆمـاری دیموکراسـی فیـدراڵی فـرە حیزبـە، بـەڵام حکوومەتەکـەمان حکوومـەتی تـەبایی و زۆرینـەی پەرلەمانییـە، ئەمـەش لەخۆیـەوە کـە زۆرینـەی بـرا شـیعەکان لـەناو حکوومەتەکـەدا ڕەنـگ دەداتـەوە و تـا ڕادەیـەك لایەنـە عەرەبییـە سـوننەکان پـەراوێز کـراون و هەسـت بـە کەمتەرخەمییـەت دەکـەن، هەربۆیـە کەوتوونەتـە داوا و داواکـاری هەمـە چەشـنە، دەمێـك بـە نـاوی تائیفییـەت و جارێـك بـە بیـانووی هێـزی داگیرکـەری ئـەمریکا و جـارێکی دیکـە بـە نـاوی گەنـدەڵی و دزی و خزمەتکاری بێگانە، لەڕاستیدا هەموو لایەنە سیاسییەکانی عێـراق کـەم یـا زۆر گلـەیی و گازاندەیان هەیە، لە زیادەڕەوی برا شیعەکان تەنانەت زۆر لەو لایەنانەش، کە لـە حـوکم بەشـدارن باسـی ئـەم زێدەڕەوییـەی شـیعە دەکـەن و نـاڕازین لـە هەڵسـوکەوتیان لـە بەڕێوەبردنی دەوڵەت و نـەبوونی یەکسـانی و بێـدەنگی لـە دەسـتتێوەردانی هەنـدێ لـە وڵاتـانی دراوسـێ لـە کاروبـاری نـاوەوەی عێـراق و سـەپاندنی مەزهـەبی تایبـەت بـە هەندێکیان لەسەر عێراق، ئەم کەشوهەوا خراپە بوو بەهۆی دروسـتبوونی بەرەیـەکی زۆر فراوان و مەترسیدار لەسەر پرۆسەی دیموکراتی عێراق، ئـەم بەرەیـەش پێـك هـاتووە لـە هەموو ئەوانەی خوارەوە:

١. سـوننەی عـەرەب بـە گشـتی سـۆفی سـەلەفییەوە جگـە لـە حیزبـی ئیسـلامی عێراقی.

٢. نەتەوەپەرستە میانڕەوەکانی عەرەب بە سوننە و شیعەوە.

٣. نەتەوەپەرستە توندڕەوەکانی عەرەب بە سوننە و شیعەوە.

٤. کەسوکار و هەوادارانی سەدام حوسێنی دیکتاتۆر.

٥. هەموو ئەفسەر و مووچە خۆرە گەورەکانی سەدام.

٦. هەموو ئەو دەوڵەمەند و خاوەن زەوی و عەقارات و کۆمپانیایانەی، کـە زیانیـان

پێ گەیشت لە ڕووخانی سەدام حوسێن.

٧. هەموو جاشەکانی کورد و عەرەب بە سەرۆك خێڵ و عەشائیرەکانەوە.

٨. ئەندامی هەموو دەزگا ئەمنییەکانی ڕژێمی سەدام بە ئەمن و موخابەرات و ئەمنی خاس و ڕێکخراوە تایبەتییەکانی سەدام و عودەی و قوسەی کوڕی.

٩. چوار ڕێکخراو کە هەر یەکەیان بە ناوی حیزبی بەعس کار دەکەن دژی کۆماری عێراق و هێزە دەرەکییەکان، لە بانگەشەی کارکردن بەردەوامن.

ئەوانەی سەرەوە و هەندێکی دیکەش کە هەموویان دڵگرانن لە ڕەوشت و کاری حکوومەتە شیعەکەی عێراق کە بەڕێز نوری مالیکی سەرۆك وەزیرانێتی و لەهەمان کاتدا سەرۆکی حیزبی دەعوەی ئیسلامییە.

ئەمانەی سەرەوە نەك هەموویان بەعسی نین، بەڵکوو زۆربەیان دژی حیزبی بەعسن، بەڵام ئەوەی کۆی کردوونەتەوە تەنانەت هەڵوێستە نەگونجاوەکانی ڕەوتی حکوومەتی مالیکییە بەرامبەر سوننەکان و نەتەوەی عەرەب و ئەو چەند ملیۆن کەسەی، کە پێك هاتوونە لە ئەفسەر و سەرباز و پۆلیس و مووچەخۆر، کە ماڵ و منداڵیان بە برسێتی لە شەقامەکان دەسووڕێنەوە و بوونەتە دەستکەلایەك بۆ دوژمنانی عێراق و سوودیان لێ وەردەگرن.

تەنیا بۆ نموونە: هەندێك لەو هێز و ڕێکخراوە عەرەبیانەتان دەخەمە بەرچاو، کە نەتەوەپەرستی توندڕەو و میانڕەون، بەڵام نەك بەعسی نین، بەڵکوو نەیارن لەگەڵ بەعس و دژی پرۆسەی عێراقیشن:

١. حركة التيار القومي العربي – نەیاری ئێمەن.

٢. حركة الاشتراكية العربية – دۆستی ئێمەن.

٣. مجلس الانقاذ الوطني – دۆستی ئێمەن.

٤. الحزب الاشتراكي الناصري – دۆستی پارتین.

٥. الحزب العربي الاشتراكي – دۆستی ئێمەن.

٦. الحزب القومي الناصري – دۆستی ئێمەن.

ئەم ڕێکخراوانەی سەرەوە لەژێر ناوی "الامانة العامة للعمل القومي العربي" لە بەغدا کاری سیاسی دەکەن و دژی پرۆسەی سیاسی عێراقن، بەڵام بەعسی نین.

هەروەها "حركة الائتلاف الوطني"، کە پێك هاتووە لە:

١. حزب الاستقلال الوطني – بەعسی نین.

٢. حركة القوميين الديمقراطيين – بەعسی نین.

٣. حركة الشعبانية – بەعسی نین.

٤. ديمقراطيين المستقلين – دژی بەعسن.

ئەمانە هەموو نەیارن لەگەڵ پرۆسەی سیاسی عێراق، بەڵام زۆربەیان بەعسی نین.

دیسان ڕێکخراوی"المؤتمر التأ سيسي الوطني العراقي"، پێك هاتووە لە:

١. العلامة جواد الخالصي – بەڕێوەبەری گشتی کۆنفرانس.

٢. عبدالكريم هانی – قەومی عەرەبی.

٣. هيئة علماء المسلمين – ئیسلامی سوننە.

٤. الحركة الوطنية الموحدة – ئیسلامی سوننی.

٥. حزب العدالة والاصلاح يعمل باسم البعث – گرووپی سووریا.

٦. حزب العوده والاصلاح يعمل باسم البعث – گرووپی عێراق.

بەڵام ئەوانەی بە ناوی حیزبی بەعس کار دەکەن ئەمانەن:

١. عیزەت دوری دۆستی ئوردن و سعودیا بە ناوی حیزبی بەعس گفتوگۆ دەکات لەگەڵ ئەمریکا و دەوڵەتانی عەرەب، بەڵام کەسی لەگەڵ نییە.

٢. محەمەد ئەحمەد ئەلیونس، دۆستی سووریایە و بە ناوی حیزبی بەعس کار دەکات.

٣. حزب العداله والاصلاح، نایەوێت ناوی بێنین لەگەڵ سووریایە.

٤. حزب العوده والاصلاح، نایەوێت ناوی بێنین لەگەڵ بەعسی عێراقە.

لەگەڵ هەموو ئەو ڕێکخراوانە کۆمەڵێك گرووپ و ڕێکخراوی هەمەجۆر هەنە لەگەڵ ئیرهابییەکان هەوادارن، هەندێکیان لەناو ئەنجوومەنی نیشتیمانی عێراقی ئەندامن، وەك لە میدیاکان باس دەکرێت.

الهيئة العليا للافتاء"السنی"، پێك هاتووە لە:

١. التيار الصوفی.

٢. التيار السلفی.

لێپرسراوەکانیان: د. الشیخ عبدالقادر العانی و عبدالكريم دهان و عبدالناصر الجنابی و الدكتور فخری القيسی، الدكتور محمود المشهدانی، ئەو ڕێکخراوەش دۆستی

ئێمە بوون و بەعسی نەبوون، بەڵام لە هەوادارانی پرۆسەی عێراقدا نەبوون، بەم دواییە نەمان.

کەواتە هەر کەسێك دژی پرۆسەی دیموکراتی عێراق یا دژی ئەمریکا یا دژی دەستوور و کردەوەکانی حکوومەتی مالیکی بانگەشەی کرد، مانای ئەوە نییە، کە بەعسییە، بەلای من حیزبی بەعس تازە لە کەشوهەوای سیاسی عێراق ناژییێت، ئەوانەی بەو ناوە کار دەکەن لەلایەن دەوڵەتە سوننە مەزهەبەکان هاندەدرێن و کۆمەك دەکرێن بە پارە و تەقەمەنی، حکوومەتی عێراقیش بیانوو دەداتە دەستیان بە کردەوە خراپەکانیان دژی سوننە و نەتەوەی عەرەب، لەبیرمە لە ساڵی ٢٠٠٥، کە ئەندامی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق بووم و ئەندامی لیژنەی پەیوەندی سیاسی بووم، بە سەرۆکایەتی بەڕێز کاك عەلی ئەدیب توانیم "٤١" ڕێکخراو و کەسایەتی سوننە لە هەواداران و پارتە نەتەوە پەرستەکانی عەرەب بهێنم بۆ هۆڵی ئەنجوومەن و گفتوگۆمان لەگەڵ کردوون لەسەر پرۆسەی سیاسی عێراق، بەڵام وا بزانم پاش ئێمە ئەو هەوڵانە زیندەبەچاڵ کران.

بۆیە نابێ ئێمە هەموو ئەو ناڕەزاییانە بخەینە پاڵ حیزبی بەعس، چونکە ئەوانە حیزب نین، بەڵکوو چەند کەسایەتی و گرووپی بچووکن لە خزمەتکارەکانی سەدام حوسێن بەپارەی ئەولا ئەولا لێرەو لەوێ کردەوەی خراپ ئەنجام دەدەن، با ئێمە لە قەوارە ناشیرین و بچووکەکەی خۆیان گەورەتریان نەکەین و خەڵکیش نەتۆقێنین و ناچاریان بکەین بچنە ڕیزەکانیان، با ڕووبکەینە هێزە نەتەوە پەرستە میانڕەوەکانی عەرەب، کە زۆریان دژی بەعس و دۆستی پارتە سیاسییەکانی عێراقن بەکورد و عەرەبەوە، پێم باشە لێرە داوابکەم لە بەڕێزان سەرۆك کۆماری عێراق و سەرۆکی هەرێمی کوردستان هەڤاڵان جەنابی مام جەلال و جەنابی کاك مەسعوود بارزانی، کە ڕێگا چارەیەك بدۆزنەوە بۆ **نەهێشتنی ئەو پاشاگەردانییەی، کە هەرکەس لەخۆیەوە بەرامبەرەکەی تۆمەتبار بکات دەبێ برایانی شیعە ئەوە بزانن، کە عێراق هی هەموو عێراقیانە بەکورد و عەرەب، بە موسڵمان و مەسیحی، بە سوننە و شیعە، هیچ لایەنێکی سیاسی یا قەومی یا مەزهەبی ناتوانێ ئەم وڵاتە قوت بدات یانەخۆ بیکات بە دەسکە گوڵێك بۆ دەوڵەتێکی نزیك یانەخۆ دوور هەر بۆیەش ئەمریکا لەم ئەگەرە ترسی هەیە و** دەیەوێ بالەنسیك دروست بکات ئەگەر لەنێوان شیعە و سوننەی عەرەب ململانێ هەبێت

بۆ دەسەڵات، یا لە ڕووی ئایینی و مەزهەبی یا بۆ دروستکردنی پەیوەندی تایبەتی و یا بیرکردنەوە لە تۆڵە سەندنەوە ئەوا ئێمەی کورد هیچ یەکێك لەم کێشانەمان نییە، بۆیە با بەدوای هەڵڵاو هاتوهاوار نەکەوین، بەخەیاڵ دوژمن دروست نەکەین، بۆ چاوی ڕەشی ئەولاو ئەملا.

وادیارە هەندێ لایەنی سیاسی یا دینی لە کاربەدەستانی حکوومەتی عێراق هەوڵدەدەن خەڵك بترسێنن بەهێز و توانای خەیاڵی حیزبی بەعس بۆ پەردەپۆشکردنی ناتەواوییەکانی خۆیان و بێدەنگکردنی کۆمەڵانی خەڵك بە بیانووی مەترسی گەڕانەوەی بەعس، وادیارە ئەم کاربەدەستانە "لەرزمان نیشان دەدەن، بۆئەوەی بە تا ڕازی بین" ئەگینا پیاوێکی ئیفلیجی نەخوێندەواری ترسنۆکی وەك عیزەت دوری، کەی حیزبایەتی زانیوە و کام ڕابردووی سیاسی و حیزبایەتی هەبووە لە خزمەتکاریکردنی سەدام حوسێن زیاتر.

ڕۆژێ لەناو کۆبوونەوەیەکی خۆیان ڕووبەڕوو لەپێش چاوی خەڵك لەسەر تەلەڤزیۆن عیزەت دوری بە سەدامی گوت: "والله سيدي حتى اذا تخطأ أنا أؤيدك" واتا: ئەگەر هەڵەش بکەیت من پشتگیریت دەکەم، واتا ئەم پیاوە نەخۆش و بێکەسە چۆن جێگای سەدام حوسێنی جەبەرووت پڕ دەکاتەوە، ڕۆژێك عیزەت دوری لە حەج گەڕایەوە و چووە لای سەدام، سەدامیش لێی پرسی و وتی: هەڤاڵ عیزەت سمێڵەکەت ڕەش بووەتەوە!، عیزەت دوریش لە وەڵامدانەوە وتی:"سيدي هذا السواد من بوس قنادر الملوك والشيوخ" سەدامیش پێی وت: عافية رِفيق عزت، دیارە لەو ڕۆژەوە عزت دوری قۆندەرەی سعودییەکان ماچ دەکات، واتا ئەم پیاوە جێگای ئەو مەترسییە گەورەیە نییە و جێگاکەی سەدام حوسێنیش پڕ ناکاتەوە.

**پارێزەر**
**کەمال محیەدین ئەسعەد**

# عەبدلواحید صۆفی نەشئەت



لەپایزی ١٩٣٢ لەکۆیە لەدایکبووەو لە ١٩٧٤/١٢/٤ لەچۆمان کۆچی دوایی کردووە کە ئەویش پاش برینداربوونی بوو بەفرۆکەی صەدام حسێن کە لێپرسراوی کۆگای فرۆشگای شۆڕش بوو، چونکە جێگای متمانەی کاك عەلی عەبدوڵلا بوو کە ئەوکات وەزیری دارایی شۆڕش بوو.

کاکە واحید لەسەرەتای ساڵی ١٩٥٣ بووە بەئەندامی پارتی و لەساڵی ١٩٦٣ بووە بەپێشمەرگەو کادرێکی پێشکەوتووی حزب ، لەمانگی ١٩٦٣/٦ لەگەڵ کاك جەمال تاهیرو کەمال محیەدین و خەیرەدین عومەر عەبدە لەکاتی کۆبوونەوەی حزب لەحاجی قەلا بەفرۆکەی دوژمن بریندار بووە.

کاك واحید پەروەردەی خانەوادەیەکی کوردپەروەر بووە لەکەرکوك و سلێمانی و کۆیە ماڵیان کراوە بەشوێنی خەباتی نهێنی کە هەڤاڵانی سەرکردایەتی حزب وەك :- (کاك ئیبراهیم ئەحمەد، نوری شاوێس، عەلی عەبدوڵلا، مام جەلال، کەمال محیەدین) ی تیابوونە، لەبەر دڵسۆزی و ئازایەتی و کوردایەتی چەند جارێك بەندکراوەو دوورخراوەتەوە لەکۆیەو ئازاریانداوە.


کاك واحید پێنج کورو کچێکی هەبوو کە هەموویان تێکۆشەرو کوردپەروەرن لەسایەی دایك و باوك و حزبەکەیان ئێستاش کاك هەڵۆی کوڕی کە پێشمەرگەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانە بەپلەی لیوا لەدەیان داستان مەردایەتی نواندووەو سەربڵندی خۆی نیشانداوە، لەهەمانکاتدا یەکێك لەهەڤاڵە هەرە نزیکەکانی مام جەلالی هەمیشە زیندوو بووە.

لەخوای گەورە داوا ئەکەم جێگای کاك واحید بەهەشت بێت و خانەوادەکەی و کاك هەڵۆ و کوڕەکەی دکتۆر کاك دیاکو هەموویان تەمەن درێژو سەرکەوتووبن.

**کەمال محیەدین ئەسعەد**

**هەولێر**

# مامە ڕووتە



کاک عەبدولڕەحمان ئیسماعیل رەسوڵ لە ١٩١٧ لەکۆیە لەدایکبووە، ئامۆزای کاک عەلی عەبدوڵلا بوو کە بەناوبانگە بە (مامە ڕووتە) یەکێکە لەپیاوە کوردپەروەرو دڵسۆزەکەی سەرانسەری کوردستان لەهەر یەك لەحزبەکانی (هیوا، دارکەر، شۆڕش، پارتی، یەکێتیی نیشتمانی کوردستان) بووە.

لەسەرەتای شۆڕشی مەزنی ئەیلولەوە لەڕیزەکانی پێشەوەی تێکۆشان بووە لەشارو لەشاخ پیاوێکی ئازاو زیرەك و بەتوانا بوو چەند جار کارە قورسەکانیان پێ سپاردووە لەنێوان دەرەوەو ناوەوەی کوردستان، بۆ یەکەمجار پەیوەندی دروستکردووە لەنێوان شۆڕشی ئەیلول و ئێران، کاک عومەر دەبابەو عەلی عەسکەری بەنهێنی بردۆتە لای حکومەتی ئێران و بناغەی هاوکاری دروستکردووە لەنێوانیان.

مامە ڕووتە سەرقافڵەی کاروانی هێنان و دابینکردنی چەك و ئازووقەو پێویستیەکانی شۆڕشی کردووە، ناسراوو خۆشەویستی هەرە نزیکی مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد و مام جەلال و عومەر دەبابەو عەلی عەسکەری و دکتۆر خالد بووە، هەرچەندە لەگەڵ کاک عەلی عەبدوڵلاو کەمال محیەدین ئامۆزاو پورزان، لەهەمان کاتدا پشت و پەنایان بووە لەڕاپەڕاندنی کارەکان لەناو ڕێکخستنە نهێنیەکانی کۆیەو هەولێرو قووتەلاس و بەغدا.

لەساڵی ١٩٦٧ تا ١٩٧١ یاریدەدەری کەمال محیەدین بوو کە لێپرسراوی حزب بوو لەبەغدا، لەساڵی ١٩٧١ پاش ئاشتبوونەوەی جەنابی بارزانی و مەکتەبی سیاسی واتە مەلایی و جەلالی، مامە ڕووتە لەگەڵ کەمال محیەدین بڕیارەکانی کۆنگرەی (٧)ی جەلالیان برد بۆ بارزانی لەم دیتنەیاندا لەگەڵ بارزانی نەمرو سەرکردەکانی حزبەکەی و کاک ئیدریس و کاک مەسعود بارزانی پاش بەخێرهێنانمان بارزانی ووتی: ئیبراهیم و جەلال بۆ نەهاتن، منیش ووتم لەبەر ئەوەی جەژنەیە هاتووچۆمان زۆرە لەگەڵ خەڵکی بەغدا بەبۆنەی جەژن دەبێ لەبەغدا بن، ئینشائەڵا پاش جەژن هەموویان دێن، پاش هەندێ قسەو گلەیی کرد لەمامە ڕووتە، مامە ڕووتەش وتی: جەنابی بارزانی ئەم قسانە

هی دوژمنانی ئێوەیە کە نایانەوێ خەڵکی باشت لەگەڵ بێت ئەو تاوانەی داویانە پاڵ ئێمە هیچی راست نین ئەگەر یەکێك لەو قسانەیان سەلماند دژی من هەر لێرە ٣ گوللە دەمانچەم لێدە خوێنم حەڵاڵی تۆ بێت ئەگەر نەیانتوانی ئەوە داوات لێدەکەم ڕوویان رەش بکەیت.

مامە ڕووتە پیاوێکی کۆمەڵناس بوو لەهەمانکاتدا شاعیریش بوو زۆر ئازا بوو بەدەستی خۆی ژیانێکی مام ناوەندی بۆ خۆی و خێزانەکەی بەرهەم هێنابوو کە بریتی بوون لەخێزانی و کوڕو کچەکانی بەناوەکانی (ناهدە، بەهار، رزگار، ئارام، دڵپاك، سەید ئاراس کوردە، راستی).

لەساڵی ١٩٥٧ لەگەڵ کاکەزیادی کۆیەو عەباس ئاغا مامەند ئاغا هاتنە بەغدا بۆ پیرۆزبایی لەدروستکردنی (الاتحاد الهاشمي) لەنێوان حکومەتی عیراق و ئەردن لەوکاتە ئێمەی قوتابی کورد لەبەغدا نەورۆزمان کرد لەبەغدا مامە ڕووتەو عەباس ئاغا بەشداریان کرد هەرچەندە نەورۆز کردن قەدەغە بوو لەبەغدا، بەداخەوە لەتەمەنی ٧٦ هەفتاو شەش ساڵی کۆچی دوایی کرد پۆلێك کچ و کوڕی پێگەیاند کە هەموویان ئەندامی کارای کاروانی کوردایەتین، خوای گەورە مامە ڕووتە بەبەهەشت شاد بکات و سەبووری ئێمە و کەس و کار و دۆست و کادرەکان بدات.

**پارێزەر**
**کەمال محیەدین ئەسعەد**
**هەولێر – ٢٠٢٥/٧/١**

## مامەند صالّح عەبدوڵلاّ غەفوری



مامەنـد ئاغـای غـەفوری لەبـەهاری سـالّی ١٩٣٣ لەگونـدی خەراپــەیی دەشــتی کۆیــە لــەدایکبووەو لــە ٢٠١٧/٦/١٥ لەهەولێر ماڵئاوایی کردووە.

کـاك مامەنـد پـەروەردەی شـارو شـاخ و لادێ یـە، بۆیە هەموو خراپەکانی ژیان و کۆمەڵایـەتی کوردسـتانی تێپەڕاندو باشەکانی هەڵبژاردو خراپـەکانی بـەلانا، بۆیـە بەدرێژایی ژیانی دۆستی جووتیارەکان بوو لەناو شاریش پیاوێکی شارستانی و لەشاخیش پێشـمەرگەی شۆڕشـی کوردسـتان بـوو کـە هەمیشـە لـەکاروانی کوردایـەتی و شۆڕشدا لەکردارەکانی دیاربوو لەپەنجاکانەوە لەدۆستە نزیکەکانی کـاك عـەلی عەبـدوڵلاّو مام جەلال بوو چەندجار داڵدەی عەلی عەسکەری و دکتۆر خالیدو کـەمال محیـەدین – ی داوە، یەکێك بوو لەئەندامە دڵسۆزەکانی پارتی.

لەسـەرەتای هـاوینی ١٩٦٣ بـوو بەپێشـمەرگەی هێـزی کۆیـە لەگونـدی سـویرەرەو لەگەڵ لیژنەی ناوچـەی کۆیـە، پاشـان بـوو بەلێپرسـراوی چـەك و ئازووقـەی پێشـمەرگە لەئەشکەوتەکەی سویرەرە دەژیان لەگەڵ پێشمەرگەکان.

کـاك مامەنـد پیـاوێکی دەسـت و دەم و دەروون پـاك بـوو ئاشـنایەتی زۆری هـەبوو لەگەڵ خوێندەوارانی کۆیە یەکێك بوو لەئەندامانی خانەوادەی حەمەئاغای کۆیە.

خێزانی کاك مامەند نایلەخان کچی حاجی بایزی تاهیر ئاغا بـوو کـە لەسـالّی ١٩٣٥ هاتبووە دنیاو لە ٢٠٢٠/٦/٥ ماڵئاوایی کردووە لەگەڵ کاك مامەند دوو کچ و پێنج کوڕیان هەیە بـەناوەکانی (بـەیاد، دیمـەن، سـالار، سـەردار، دیـدار، هێـدی، هێـرش) هـەموویان کوردپەروەرو دڵسۆزن ، کاك هێرش و هێدی بەپلەی لیوا ، دیدار بەپلەی عەقیدو سەردار لەناو هێزی پێشمەرگە دەستبەکارن ، داواکارم لەیەزدان کاك مامەنـد جێگـای بەهەشـت بێت و خانەوادەکەشی سەرکەوتووبن.

**پارێزەر / کەمال محیەدین ئەسعەد**

**هەولێر ٢٠٢٥/٦/١٥**

## نازەنین و کەریم ئاغای غەفووری



نازەنین گوندێکی بناری شاخی سەفین و نزیکی ١٠٠ خێزانی تیا ئەژین، لەڕووی ئیداری سەر بەکۆیەیە زۆر بەناوبانگە بەهەموو جۆرە میوەکانی هاوین بەتایبەتی هەنار، هەموو دانیشتوانەکەیان خۆشناون خەریکی کشتوکاڵ و مەڕداری بوونە، پاش شۆڕشی ئەیلول تا ئێستا بەشی هەرە زۆری خێزانەکان خاوەنی پێشمەرگەو شەهیدن و دەیان جار لەلایەن حکومەتەکانی عیراقەوە بەتۆپ و تەیارە وێران کراوە، بەڵام گوندەکەیان چۆڵ نەکردووە.

پاش ئەوەی غەفوریەکان نەیانتوانی زۆرداری عوسمانیەکان قەبوڵ بکەن، بەشێکی زۆریان کوردستانی باکوریان بەجێهێشت و روویانکردە کوردستانی باشوور لەبناری چیا سەرکەشەکەی کارۆخ لەگوندی وەرتێ پاشان ساڵ بەساڵ گەیشتنە بناری سەفین و کۆیە هەندێ لەگوندەکانی ناوچەکە گوندی نازەنینیش خانەوادەکەی باپیرە گەورەیان کەریم ئاغا بوون رەحمەتی خوایان لێبێت.

لەوکاتەوە لەناوچەی خۆشناوەتی بڵاوبوونەتەوە پلەو پایەی خۆیان پەیدا کردووەو ناوبانگی زۆریان بڵاوبووەتەوە بەئازایەتی و کوردایەتی، پاش ماوەیەك باوکی عەبدولڕەحمان ئاغا واتە باوکی کەریم ئاغا وەزعی ئابووری باش ئەبێت دێتە کۆیە باڵەخانەیەکی گەورەو جوان دروست دەکات لەکۆیە لەگەڕەکی قەڵات لەبەرامبەر ماڵی ئێمە دائەنیشێ.

کەریم ئاغا دوو ژنی هێناوەو ٩ کوڕی هەیە بەناوەکانی (کۆسرەت، کارەوان، پشتیوان، مەریوان، عەبدولڕەحمان، کاروان، هێمن، هێدی، پشتیوان) هەموویان کوردپەروەرو دڵسۆزن هەمووشیان پێشمەرگەن.

کەریم ئاغا پیاوێکی زیرەك و بەخەبەر لەڕووداوەکانی کۆیەو دەوروبەری بەرامبەر هیچ کەس و دەسەڵاتێك بێ وەڵام نەبووە زۆرجار تۆڵەی لەنەیارەکانی کردۆتەوە بەهێرشکردنە سەر بەرژەوەندیەکانیان لەهەمان کاتدا کوردپەروەرێکی بەئاگاو ناسراو بوو هاوڕێی کاك (عەلی عەبدوڵڵاو عومەر دەبابە) بووە بەدرێژایی شۆڕشی ئەیلول

ماڵەکەیان لەنازەنین بارەگاو مەکۆی پێشمەرگە بووە بەتایبەت لەو کاتانەی دکتۆر خالیدی ئامۆزای و کاك رەشید سندی ئامر هێزی پێشمەرگە بوون لەناوچەکە چەند جاریش ئەندامانی سەرکردایەتی پارتی لەلای ئەو لەنازەنین بەنهێنی کاری حزبیان کردووە، سەرەڕای ئەو هەموو پیاوەتی و خزمەتکردنی کوردایەتیە هەوڵێکی زۆری داوە لەپێناو پاراستن و پێشخستنی گوندی نازەنین کە ئێستا لەهاوینە هەوارە جوانەکانی کوردستان دەژمێردرێ.

ووتمان هەموو کوڕەکانی پێشمەرگەی کوردستانن بەپلەو پایەی بەرزو جۆراوجۆر شاهیدیش بۆ ئەمە ئەوەتا یەکێك لەکوڕەکانی کاك مەریوان گەیشتۆتە پلەی (لیوا) ئامری یەك لەهێزەکانی پێشمەرگەی کوردستانەو لەساڵی رابردووش لەشەڕی دژە تیرۆر گوللەی پێکەوتووەو چاوێکی لەدەستداوەو سینگیشی بەسەختی بریندار بووەو بەپەلە ناردوویانە بۆ ئەڵمانیا بۆ چارەسەری، ئێستاش لێپرسراوی یەکێك لەو دەزگایانەیە لەناو شۆڕشی کوردستان و حکومەتی هەرێمی کوردستان.

دواجار ئەڵیم کەریم ئاغا کەمی نەکردو کەمیشی بەجێ نەهێشت بۆ کوردستان، داواکارم لەیەزدان بەبەهەشتی شادبکات و منداڵ و نەوەکانیان لە لوتفی خۆی بێبەش نەکات.

**پارێزەر**

**کەمال محیەدین ئەسعەد**

# کاک حاجی بایز

**کەمال محیەدین**



دەمێـك بـوو هەوڵمـدەدا سـەرەداوێکی راسـت و دروست دەربارەی ئەو پیاوە بەدەست بێنم نـەك تـەنها بـۆ ئـەوە کـە نـاوو ئازایەتیـەکانی وون نـەبێت، بـەڵکو ناوهێنـان و باسـکردنی زنجیرەیـە لەبیرەوەریـەکانی رۆژانی هەرزەکاری لاویەتیم بەبیردێنێتەوە کـە لەهـەموو قۆناغەکانی ژیـانم خۆشـتر بـوون قـەت و قـەت لـەبیریان ناکەم.

حاجی بایز تـاهیر عەبدوڵڵا لەساڵی ١٩٠٤ لەکۆیـە لەدایکبووەو لە ١٩٨٦/٣/١١ کۆچی دوایی کردووەو خۆشی تاقانەی دایك و باوکی بووە، بەڵام خـۆی پێـنج کـوڕو کچێکی هـەبووە لـەدوو خێـزان بـەناوەکانی (نیعمـەت ئەسعەد محیەدین و حەسیبە سەدرەدین بەهائەدین) بەداخەوە پێنج منداڵی مردوونە.

لەخێزانی یەکەم یەك کچی هەبوو بەناوی نایلەخان کە بوو بەخێزانی مامەنـد صـاڵح ئاغـا پێـنج کـوڕو دوو کچـی هـەبوو کـە هـەموویان پێشـمەرگەی پلـە بـەرزو نـاودارن ، لەخێزانی دووەمی حەسیبە خان دوو کوڕو چوار کچی هەیـە بـەناوەکانی دلێـرو جەوهـەر کـە هـەردووکیان کوردپـەروەرن لـەڕیزی پێشـمەرگەی کوردسـتان دەسـتبەکارن ، کچەکانیش بەناوەکانی (روخسار، خـەرمان، عەیشـێ و نـەشمیل)ن، کـە لەسـەر رێبـازی دایك و باوك و براکانیان بەردەوامن.

کـە باسـی حـاجی بـایز دەکـەین ئازایـەتی و ڕاسـتگۆیی و پشـت بەخۆبەسـتن و کوردایەتی کۆییەکانمان دەخاتەوە بیر.

حاجی بایز هەرچەندە لەخانەوادەی غەفوریەکان بوو، بەڵام ئاغاو موڵکداری نـەبوو تەنها گونـدێکی بچـووکی هـەبوو لەدامـەنی شـاخە خۆشەویستەکەی کۆیـە واتـە شـاخی (باواجی) کە مەڵبەندی کوردایەتی و پێشمەرگەی کوردستان بوو.

هەموو رۆژێك پاش نوێژی بەیانی حاجی بـایز بـەپێ ئەچـووە گوندەکـەی کـە نـاوی گوندی (گیلە خوارە) جوتیارەکان بەکشتوکاڵ و مەڕداری خـەریك بـوون ئێسـتاش گیلـە خوار ماوەو حاجی بایز بەشان و پیلی خۆی خزمەتی زەویەکانی دەکردو دیواری بەبـەرد بۆ دروستکردبوون تا مەڕو ماڵات بەرهەمەکانی لەباغ و بیستان و گەنم و جۆ نـەخۆن تـا

ڕۆژئاوا دەبوو وەك كرێكار كاری دەكردو زۆریش دەست ڕەنگین بوو خۆشی پیاوێكی بەهێزو پتەو بوو لەكاركردن ماندو نەدەبوو.

لەهەمان كات كاك حاجی بایز یەكێك بوو لەكاروانچیانی كۆیە لەگەڵ بەڕێزان حاجی ڕەزاو ڕەشید مام یەحیاو قوولە كە هەریەكەیان ٣-٥ وڵاخیان هەبوو واتە (هێستر) كەلوپەلیان دەگواستەوە لەكۆیەوە بۆ شارەكانی كوردستانی گەورەو عیراقیش بەتایبەتی بۆ ئێران و سوریاو سامەڕاو تكریت ... و بەتایبەتیش بۆ كۆماری مەهابادو بنكەكانی شۆڕشی ئەیلولی مەزن ، ئەم كارە جوان و نیشتمانیەكانی جێگای ڕەزامەندی و سوپاسگوزاری خەڵكی كۆیەو لێپرسراوانی شۆڕشی ئەیلول و پارتی بوون لەهەمانكات لاپەڕەیەكی یەكجار جوانیان پێشكەشی مێژووی ڕاستەقینەی گەلی كورد كرد.

ئێمە كۆمەڵێك برادەر بووین وەك (عومەر ئیسماعیل درێژ ، عەلی مام ڕەزا، ڕەفیق حەمە عەلی شەل ، حەمیدی كاك ئاغا خالیدی مام واحد) لەساحەكەی بەرماڵی خۆمان ڕۆژانە پاش مەكتەب ئێوارەكان یاریمان دەكرد تا كاك حاجی بایز لەگیلەخوار دەهاتەوە ئەوكات دەمانزانی كاتی چوونەوەی ئێمەشە چونكە كەسمان كاتژمێرمان نەبوو.

كاك حاجی بایز ئامۆژگاری دەكردین بۆ خوێندن و خزمەتی دایك و باوكمان زۆرجاریش شیرو ماستی بۆ ئێمە دەهێناو هەموو شەوانی هەینی لەگەڵ باوكم و مامەكانم ئەچوونە لای باپیرە ئەسعەد و كاك زیادو ئاغای مەلا ئەحمەد ئاغا خۆشم بۆ ڕووناكی چرا (لوكسم) بۆ هەڵدەگرتن بەهۆی ئەم نووسینە لەسایەی كاك حاجی بایز چەند ڕۆژێك گەڕاومەتەوە تەمەنی هەرزەكاری و خۆشی ژیان و خۆشەویستی برادەرەكانم وێنەی هەموانم هاتەوە بەرچاو خۆزگە دەخوازم بۆ ئەم ڕۆژانەی قەت و قەت لەبیرناچن.

لەخوای گەورە دەپاڕێمەوە جێگای كاك حاجی بایز بەهەشتی بەرین بێت خوا یارمەتی كاك جەوهەرو دلێر بدات و سیحەت باش و تەمەن درێژبن.

**صەد ساڵ تەمەن تۆزێكە**
**لە منالی تا ئیمڕۆكە**
**ماڵئاواییش لەپڕێكە**
**ئەوەی بۆمان ئەمێنێ**
**كاری باش و كوفنێكە**

**پارێزەر / كەمال محیەدین**
**هەولێر ٢٠٢٥/٦/١٢**

# ئەم کورد پەروەرە بناسن
## کورتەیەك دەربارەی ژیانی ( کاك ئاغا )



سلێمان ئەحمەد غەفووری، ناسراو بە (کاك ئاغای مەلا ئەحمەد ئاغای غەفووری)، لە ڕێکەوتی: "١٩١٢/٧/١" لە بنەماڵەیەکی کوردپەروەر و شۆڕشگێڕی کۆیە لەدایك بووە، کوڕی گەورەی مەلا ئەحمەد ئاغا و بنەماڵەکەیان بووە، ساڵی ١٩٣٠ ژیانی هاوسەرگیری لەگەڵ خاتوو (خەدیجە مام عەلی غەفووری) پێکهێناوە، خاوەنی (٥) کوڕ و (٢) کچ بووە، بە ناوەکانی: (کاك نافیع، کاك حەمید، کاك موحسین، کاك جەمیل، کاك قوباد، نەجیبە خان و پەیمان خان)، ساڵی ١٩٣٨ لەدوای کۆچی باوکی دەبێتە برا گەورەی خانەوادەکەی و ئەرکی سەرپەرشتیکردنی دیوەخانی دەکەوێتە ئەستۆ.

(کاك ئاغا) پیاوێکی کوردپەروەر و شۆڕشگێڕ بوو هەروەها پیاوێکی کۆمەڵایەتی و نەرم و لەسەرخۆ و شیك پۆش و پاك و خاوێن و خۆشەویست و دەست و دڵ باش بوو، دۆستایەتی و هاموشۆی لەگەڵ زۆربەی سەرۆك هۆز و سەرۆك عەشیرەت و میر و شێخ و سەرکردە سیاسییەکانی ئەوسای کوردستان هەبووە.

کاك ئاغا پێنج کوڕ و دوو کچی هەبوو، هەموویان لەسەر ڕێبازی باوکیان کوردپەروەر و خۆشەویستی خەڵکی کۆیە مانەوە، دوای کۆچی دوایی کاك ئاغا، کوڕە گەورەکەی کاك نافیع ئاغا، قورسایی ئەرکی خێزان و دیوەخان و ئەرکەکانی باوکی کەوتە سەرشان و مەردانە کارەکانی ڕاپەڕاندووە، هەرچەندە لەبەر ئەو ئەرك و کارە قورسانە نەیتوانی خوێندن تەواو بکات، بەڵام پیاوێکی خوێندەوار و کوردپەروەر بوو، تا کۆچی دوایی کرد ئەندامی ئەنجوومەنی شارەوانی کۆیە بوو.

کاك نافیع ئاغا خاوەنی (٥) کوڕ و (٢) کچە بە ناوەکانی:

١. فەرهاد نافیع ئاغا: پێشمەرگەی دێرین و ئەندامی مەڵبەندی کۆیەی یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان بوو، خاوەنی (١) کوڕ و (٣) کچە بە ناوەکانی (شکار، شیاو، شەبەنگ، شابین).

٢. بێستون نافیع ئاغا: بەڕێوەبەری فرۆشیاری کارەبای عەنکاوەیە، خاوەنی (٢) کوڕ و (١) کچە بە ناوەکانی (چیا، کانیاو، سەفین).

٣. شەهید سەفین: لە شەوی ٩ لەسەر ١٠ی/١٩٨٨/٦ لە قۆپکی حەمەد ئاغای چیای بەنی هەریر شەهید بووە.

٤. شێرکۆ نافیع ئاغا: پێشمەرگەی دێرین و یاریدەدەری دادوەری لە وەزارەتی داد، خاوەنی (٢) کوڕ و (١) کچە بە ناوەکانی (لاوین، لیۆژە، لاوەند).

٥. دەسکۆ: لە ١٩٨٦/٥/٣ بەکارەساتی ئۆتۆمبێل گیانی سپاردووە.

٦. شیرین نافیع ئاغا: بەڕێوەبەری خۆیەتی لە فەرمانگەی باج و دەرامەتی کۆیە.

٧. شیلان نافیع ئاغا: مامۆستا لە خوێندنگای زانستی کۆیە، خاوەنی (٣) کوڕە بە ناوەکانی (ئەرین، ئەرواز، ئارژین).

هەموویان لە ڕیزەکانی پێشەوەی کوردایەتی خەبات دەکەن.

کاك ئاغا برایەکی هەبوو ناوی (کاکە حەمە) بوو، ئەندامی پارتی دیموکراتی کوردستان بوو، لە ساڵی (١٩٦٣) بوو بە پێشمەرگە لە بارەگای پارتی لە گوندی (سوێرەرە) لە دەشتی کۆیە ڕۆژێك لێم پرسی و پێم گوت دەمانەوێ هەندێ خواردن بۆ پێشمەرگەکانی ناوچەی کۆیە پەیدا بکەین، مەردانە گوتی کاك کەمال دەچم بۆ لای کاك (حەمە ڕەئووف)ی گوندی شەوگێڕ، سێ بۆ چوار گوێدرێژم بۆ پەیدا بکات، خۆم و سەلیم ئاغا و لەتیف ئاغا لەگەڵ حەمە ڕەئووف لە گوندەکانی دەشتی کۆیە دەگەڕێین و هەموو خواردنێك پەیدا دەکەین، پێشنیارەکەی لەلایەن لیژنەی ناوچەی کۆیە پەسەند کرا، هەر چواریان دەستبەکار بوون و لە ماوەی سێ هەفتە ژمارەیەکی زۆر لە خواردن و پێویستییان، لە: (گەنم و جۆ و نان و شەکر و چا و گیسك و کاوڕ و پێڵاو و دەرمان ...) کۆ کردەوە، بە ڕاستی کارێکی گەورە و دڵسۆزانەیان کرد و سەری ئێمەیان بەرز کردەوە، سەلماندییان، کە غەفوورییەکان هەمیشە لە خزمەتکردنی کوردایەتی پێشەنگ بوونە و بەردەوامیشن بە کوێرایی چاوی هەندێك لە شیوعییەکان، کە دەیان گوت پارتی حیزبی ئاغا و دەرەبەگەکانە.

هەموو دۆست و پیاوانی هەژار و ئەو غەریبانەی دەهاتنە کۆیە و جێگای نووستن و خواردنیان نەبوو لە ماڵی کاك ئاغا میوان دەبوون، چونکە لە کۆیە هۆتێل و چێشتخانەی گشتی نەبوو.

ماڵی کاک ئاغا هاوسێی ئێمە بوون، خانووەکەیان نزیکی (٢٠٠٠) مەتر بوو، کردبوویان بە (٣) سێ بەش:

بەشی یەکەم: بۆ ژیانی ماڵ و منداڵەکەی بوو.

بەشی دووەم: بۆ دیوەخانەکەی کە باڵەخانەیەکی گەورە بوو، لە دوو نهۆم پێك هاتبوو، نهۆمی یەکەم بۆ وڵاغی میوانەکانی دەرەوەی کۆیە بوو، نهۆمی دووەم بۆ نووستن و خواردنیان و میوانداری برادەر و خزمەکانی، کە ڕۆژانە ئەو دیوەخانە جمەی دەهات، پیاوێکی دڵسۆزیان دانابوو، کە خزمەتی دیوەخانەکەی دەکرد، ناوی قادرە شەل بوو، پێیان دەگوت (قالە ئیمام).

بەشی سێیەم: بریتی بوو لە باخچەیەکی چوارگۆشە حەوزێکی ئاوی لە ناوەندا هەبوو، نافورەی ئاوی تێدابوو، هەر چوار لای بە کۆسپ ڕازابۆوە بۆ دانیشتن، شوێنێکی جوان و خۆش بوو، پێیان دەگوت (قەسرێ)، هەموو شەوانی هاوین دۆست و برادەرەکانی تیا دادەنیشتن، کاك نافیع ئاغا و کاکە حەمەی برای خزمەت و بەخێرهاتنی میوانەکانیان دەکرد.

ئەم دیوەخانە دیسان جێگای بۆنە کۆمەڵایەتییەکانی خزم و کەسەکانی بوو، وەك ئاهەنگگێڕانی ژنهێنان و پرسەی مردنی خزمەکانی. لەبیرمە لە سەرەتای پەنجاکان، جەنابی (کەریم ئاغای ئەوڕەحمان ئاغا)ی ئامۆزای، کە ژنی هێنا حەوت شەو و حەوت ڕۆژ، بە گۆرانی و دەهۆڵ و زوڕنا و هەڵپەڕکێ لەم دیوەخانە، ئاهەنگ بەردەوام بوو، ئێمە دەچووین سەیرمان دەکرد.

لە ساڵی ١٩٥٣، کە باوکم وەفاتی کرد، پرسەی پیاوان لەم دیوەخانە داندرا. دیسان لەبیرمە لە ساڵی ١٩٥٢، پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق، جەنابی کاك مەسعوود محەمەدی پاڵاوت بۆ نوێنەری شاری کۆیە، پارتی پێویستی بە شوێنی گەورە و کراوە هەبوو لە ناوەندی کۆیە تا بکرێت بە نووسینگەی کاك مەسعوود بۆ ڕاپەڕاندنی کارەکانی هەڵبژاردن و کۆبوونەوە لەگەڵ چین و توێژەکانی کۆیە.

باوکم داوای لە کاك ئاغا کرد دیوەخانەکەی بکەن بە نووسینگە و بارەگای هەڵبژاردن، کاك ئاغاش زۆر بە سوپاسەوە قبووڵی کرد و ڕۆژانە کاك مەسعوود محەمەد و کاك عەلی عەبدوڵڵای خاڵم، کە ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتی بوو سەرپەرشتی

هەڵبژاردنەکەی دەکرد، کاک نافیع و کاکە حەمە و کاک غەفووری برام وەکوو هەنگ کارەکانیان ڕادەپەڕاند، ئەم هەڵوێستەی کاک ئاغا، کە بریتی بوو لە پشتگیری پارتی و کوردایەتی، دژی داخوازییەکانی حکوومەتی عێراق، کە هەمیشە بە ئاگر و ئاسن بەربەرەکانی کوردپەروەرانی دەکرد، بەڵام کاک ئاغا لە حکوومەت نەدەترسا، کە کۆماری مەهاباد ڕوخێندرا لەلایەن شای ئێران و چاوپۆشی ڕووسەکان، پێشمەرگەکانیان بڵاوەیان لێکرد و هەندێکیان بارزانی بوون هاتنە کۆیە، کاکە زیاد داوای لە کاک ئاغا کرد، کە خانووەکەی ئێستای کتێبخانەی گشتییە، خاوێنی بکەنەوە، پێشمەرگەکان لەوێ جێگیر بکەن و خواردن و پێویستییان بۆ دابین بکەن، کلیلی خانووەکە لای باوکم بوو، چونکە ئەو خانووە هی ئێمە و کاک ئاغا بوو، دەستبەجێ کاکە حەمە و کاک نافیع ئاغا و غەفووری برام چوون هەموو پێشمەرگەکانیان بردە خانووەکە، ئەوەی پێویست بوو دابینیان کرد، هەرچەندە حکوومەت ئەم یارمەتیدانەی پێشمەرگەکانیان پێ خۆش نەبوو، بەڵام ئەمەش هەڵوێستێکی کوردانەی کاک ئاغا بوو.

کاک ئاغا گوندێکیان لە نزیك کۆیە هەبوو، بە ناوی (دار بەڕوو)، بۆ هاوینان سەری لە گوندەکە دەدا لەگەڵ باوکم و مەلا حەوێز ئاغا و چەند خزمێکی لەگەڵ جووتیارەکان زۆر تەبا بوو، لە دەستکەوتی گەنم و جۆ زۆر یارمەتی دەدان، بەم دواییە حکوومەت گوندەکەی کردە جێگا بۆ کۆمپانیای نەوت لە ڕێگای دادگاوە.

کاک ئاغا دۆستایەتییەکی زۆر بەهێزی لەگەڵ جەنابی کاک (ئەحمەد حەمەدەمین دزەیی و کاک موحسین دزەیی و هەموو خانەوادەکە) هەبوو، زۆر جار کاک ئەحمەد ئاغا و براکانی دەهاتنە کۆیە، چەند ڕۆژ لە ماڵی کاک ئاغا دەمانەوە، جارێك کاک ئەحمەد ئاغا ئەسپێکی سپی خاڵ خاڵی بە دیاری بۆ کاک ئاغا هێنابوو، ئەو ئەسپە لە جوانی و لە ڕەسەنی ناوی دەرکردبوو، تا ئێستاش وێنەکەی لەم دیوەخانە ماوە و شانازی پێوە دەکەن.

مامۆستا (ڕەفیق حیلمی) کە پیاوێکی خوێندەوار و ناسراو و زۆر کوردپەروەر بوو، سەرۆکی حیزبی هیوا بوو، لە ساڵی ١٩١٩ لە ڕەواندز مامۆستا بوو، لەژێرەوە یارمەتی (شێخ مەحموودی نەمر)ی دەدا، کە دژی ئینگلیزەکان بوو بۆ بەرژەوەندیی کورد، ئینگلیزەکان پێیان زانی و مامۆستایان لە ڕەواندز حەپس کرد، پاشان هەندێ لە جاسووسەکان ئاگاداری ئینگلیزەکانیان کرد، کە ڕەفیق حیلمی پەیوەندی پەیدا کردووە

لەگەڵ سەرۆك هۆزەكانی ناوچەكە، ڕەنگە لەگەڵیان بۆ لای شێخ مەحموودی نەمر لە ڕواندوز ڕا بكات، ئینگلیزەكان لە ترسان "ڕەفیق حیلمی"یان گواستەوە بۆ شاری كۆیە، لە ژوورێكی سەرای كۆیە بەندیان كرد، بەبێ ئەوەی هیچ پێویستییەكی وەك خواردن و پێخەف بدەنێ، پاش دوو ڕۆژ مامۆستا ڕەفیق حیلمی نامەیەك بۆ یەكێك لە ناودارەكانی كۆیە، بۆ جەنابی (مەلا ئەحمەد ئاغا) دەنووسێت، كە دەكاتە باوكی كاكە ئاغا، ئەویش هەر ئەو شەوە هەموو پێویستییەكانی بۆ دەنێرێت و ڕۆژانەش لە ڕێگای قوتابییەكانی خزمی خۆی، خواردنی بۆ دەنێرێت، بەبێ ئەوەی گوێ بداتە بڕیارەكانی حكوومەت دژی ڕەفیق حیلمی، ئەو كاتە مەلا ئەحمەد ئاغا بەڕێوەبەری شارەوانی كۆیە بووە.

بەڵێ دیارە گەورەیی و كوردپەروەریی كاك ئاغا بەشێكی دەگەڕێتەوە بۆ گەورەیی و كوردپەروەریی باوكی هەروەها دڵسۆزی و كوردایەتی و ڕەوشت باشی خانەوادەكەی كاك ئاغا و نەوەكانیشی دیسان دەگەڕێتەوە بۆ باوك و باپیرانیان، ئومێد دەكەم هەموو خانەوادەیەكی كورد، سوود لە ئەزموونی ئەم خانەوادە بەڕێز و كوردپەروەرە وەربگرێت.

* خوێنەری بەڕێز هەرچەندە ئەم نووسینەم بە ئەرك زانی، بەڵام نەم دەزانی بەهۆی نووسینی ئەم چەند لاپەڕەیە دەگەڕێمەوە ڕۆژانی منداڵیم و كاتی خۆشی و شادی لە گەڕەكە شیرینەكەی (قەڵات) لە كۆیە لەگەڵ منداڵەكانی خانەوادەكەی خۆمان و مامەكانم و كاك ئاغا، ڕەحمەتی خوایان لێ بێت و نموونەیان زۆر بێت.

سەد ساڵ تەمەن تۆزێكە
لە مناڵی تا ئیمڕۆكە
ماڵ ئاواییش لە پڕێكە
ئەوەی بۆمان دەمێنێ كاری باش و كفنێكە

**پارێزەر كەمال محیەدین ئەسعەد**
**هەولێر ٢٠٢٥/٤/٤**

# خاڵە نامیق ئاغا



کاك نامیق لە ساڵی ١٩٢١ لەدایك بووە کوڕی عولا ئاغای کوری حاجی تاهیر ئاغای حوێزیەیە دایکی ناوی (عائیشە مەلا حکیم) بووە خەڵکی گوندی شێخ وەتمان بووە لەناوچەی رواندز. کاك نامیق چوار کوڕ و دوو کچی هەیە ناوەکانی: (سەربەست، سەرکەوت، سەرچڵ) و ئازاد بەڕێوەبەری گشتییە لە شارەوانی بەغدا، سەرگوڵ و سۆزان دایکیان بەهیەخانی عەبدوڵڵا ئاغای حەوێزیە. خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی لە کۆیە تەواو کردووە قوتابیەکی بزێو بووە لەگەڵ چەند قوتابیەکی پۆلی پێنجی سەرەتایی سوێندیان خواردووە نەچنەوە قوتابخانە تا بەڕێوەبەرو چەند مامۆستایەك لەو قوتابخانە نەگوازنەوە چونکە خراپ بوون. لەسەر ئەو هەڵوێستەی بۆ ماوەی (١٠) دە رۆژ لە قوتابخانە دەرکراوە. پاش مردنی باوکی و کەوتنی لەپۆلی (٦) شەش دەستی لەخوێندن هەڵگرتووەو دوکانێکی داناوە (دوکانی عەتاری) کاتێ دەچێتە بەغدا بۆ ئەوەی پێویستیەکانی دوکانەکەی بکرێت چاوی بە (محەمەد تەیب) دەکەوێت کە ئەکاتە مامی کاك نامیق ئەویش زۆر ڕێزی کاك نامیق ئەگرێت زۆری لێدەکات کە بچێتەوە قوتابخانە جلوبەرگی بۆ ئەکرێت لەگەڵ کتێبەکانی پۆلی یەکەمی ناوەندی و کاك نامیق بەناچاری ئەگەڕێتەوە قوتابخانە دەست دەکاتەوە بەخوێندن لەکۆیە.

کاك نامیق لەگەڵ هەندێ لەهاوڕێیەکانی وەك بەکر ئیسماعیل و کەریم تۆفیق و عەلی عبداللە ئەچێتە نەخۆشخانە بۆ وەرگرتنی دەرمان، کاتێ کاك عەلی عبداللە دەچێتە ژوورەوە لای جێگری دکتۆرەکە (سەعید ئەفەند)ی بۆ خەڵکی کەرکوك لێیان ئەبێ بەشەڕ ئەوانیش چوینە ژوورەوە زۆریان لەسەعید ئەفەندی داوە، لێرەدا دەرئەکەوێت کە کاك نامیق دۆستی نزیکی بەکر ئیسماعیل و کەریم تۆفیق و عەلی عبداللە بووە کە ئەمانە لەساڵی ١٩٣٥ وە نیشتیمان پەروەر بوونە بەپلەی بەرزی کوردایەتی هەر بۆیە کەسایەتی و کوردایەتی کاك نامیق گەشەی کردووە پاش ئەوە لەپۆلی سێی ناوەندی دەرچوو چوە بۆ سانەوی عەسکری بوو بەئەفسەر لەساڵی ١٩٣٨ لەگەڵ کاك زەید ئەحمد عوسمان بووە بەئەندامی حزبی هیوا کە مامۆستا رەفیق حلمی، سەرۆکی ئەم

حزبە بووە کاك نامیق ئەڵێت زۆر کەس ڕەخنەیان هەبوو لەسەرکردایەتی حزبی هیوا بۆیە لەگەڵ کاك زەید دڵزار کۆمەڵەیەکی نهێنیان دروست کردووە بەڵام لەناو حزبی هیوا دەرنەچوون ئەم کۆمەڵە کوردپەروەر بوون بەڵام توند بوون دروشمەکەیان بریتی بوو لەخەنجەرێك دڵۆپە خوێنی لێدەهاتە خوارێ کە سەرکردایەتی هیوا بەو کۆمەڵە نهێنیەی زانی لەماڵی جەلال جاف سەرکردایەتی و کادرەکانی هیوا کۆبوونەوەیان کرد، بڕیار درا بەهەڵوەشانەوەی حزبی هیوا و هەر کەسەو بچێتەوە ماڵی خۆی بەڵام کاك نامیق لەکۆبوونەوەکەدا بڕیاریدا لەحزبی دوور بکەوێتەوە لەبەر ئەوەی لەم ڕۆژەوە بۆم دەردەکەوێت ئەو خەڵکە بۆ بەرژەوەندی خۆی کار دەکات بۆیە وازم لەحزبایەتی هێنا.

پاش ئەوەی خوێندنی سەربازی تەواو کردووە ناردوویانە بۆ بەشی (مەدفەعیە) پاشان بووە بەئەفسەر لەسووپای عیراق کاك نامیق بەدرێژایی ژیانی سەربازی خۆیدا ئەفسەرێکی ئازاو ئەسپ سوارێکی چاك و چاو نەترس بووە لەبەشی هەرە زۆری کێبرکێکانی سەربازی لەریزی پێشەوە بووە خۆشەویست بوو لەلایەن هاوڕێ لێپرسراوەکانی، پیاوێکی وەرزشی جوان بووە.

کاك نامیق ئەڵێت کە ئیجازەم وەرگرت بچمە کۆیە لەگەراجی کەرکوك چاوم بەوەکیلی ئامرەکەم کەوت وتی نامیق لاواز بووی ڕەنگت زەردە بچۆ پسوولەی نەخۆشخانە وەرگرە بۆ لای دکتۆر، کاك نامیق پێی وت گەورەم نەخۆش نیم چەند جار دووبارەی کردووە بچم بۆ نەخۆشخانە من قەبولم نەکرد دوایی ئامرم لێم نزیك بۆوە وتی نەقل بوویت ئەچیتە فەڵەستین بڕۆ ئیجازە وەرگرەو ئاگات لەخۆت بیت.

منیش وتم سەیدی چۆن ئەبێ بچمە لای دکتۆر ئەم واجبە گەورەم لەکیس بچێ، کاك نامیق زوو بەپەلە خۆی ئامادە کردوو بەپەلە لەگەڵ هێزەکەی خۆیان چوونە ئەردن دوایی چوونە فەڵەستین دژی ئیسرائیل.

پاش گەڕانەوەی بۆ عێراق لەساڵی ١٩٥٧ ناردیان بۆ دەورە هەر لەم ساڵە بەهۆی هاورێکەی زابت حەسەن مستەفا داخلی ڕێکخراوی زوبات کرا، پاش شۆرشی ١٤ تەمموز زۆر دڵسۆزانە بەفەرمانی خۆی هەڵساوە بەڵام لەبەر ئەوەی لەلای ئەفسەرەکان زۆر خۆشەویست بووە بەتایبەتی لەگەڵ ئەفسەرە کوردەکانی بەغدا ڕۆژێك زابت ئیستخباراتی عیراق دەچێتە لای لەماڵەوە پێی ئەڵێت زانیاریمان بۆ هاتووە ئەوانەی هاتووچۆت دەکەن بۆ تۆ باش نیە ئەویش ئەڵێت ناتوانم ئەگەر پێت باشە ئیعلانێك

لەدەرگای خۆمان دەدەم دەنوسم بەبڕیاری زابت ئیستخبارات زیارەت مەمنوعە زابت ئیستخبارات ئەلێت تۆم خۆش ئەوێت هەر ئەوەندم پێدەکرێت پشتگیریت بکەم.

پاش هەفتەیەك نەقلی دەکەن بۆ تەجنیدی عەممارە ئەویش ئیستقالە دەکات هەر چەندە ویستیان ئاشتی بکەنەوە بیگەڕێننەوە جێگای خۆی قەبول ناکات ئیستقالەکەی قبول کراو **دەگەڕێتەوە کۆیە (لەو کاتەدا شۆڕش دەستیپێکرد) کاك نامیق ئەلێت زۆر شەرم و بێ ڕێزییە بۆ من وەك کورد لەماڵەوە بەئیسراحەت دانیشم و میللەتەکەم لەژێر تۆپ و تەیارەی دوژمن بێت بۆیە دەچێتە قەڵادزە نووسراوێك دەنوسێ بۆ مەکتەبی سیاسی پارتی لەزستانی ١٩٦٣ ئەلێت (ئامادەم کارێکم پێ بسپێرن لەناو شۆڕش)** ئەوکاتە ٣ ئەندامی مەکتەب سیاسی بوونە ئەوانیش عومەر دەبابەو عەلی عبداللە و مام جلال یەکسەر داوای دەکەن، پاش ڕێزلێنانی دەیکەنە یاریدەدەری کاك عومەر دەبابە کە ئامر هێزی کاوە بوو لەناوچەی قەڵادزەو کۆیەو خۆشناوەتی لەشارەکانی ئەو ناوچانە دەوری باڵای بینیوە.

کە مام جلال دەگەڕێتەوە قەڵادزە بەپەلە داوای دەکات پاش ڕێزلێنانەکی زۆر بە بڕیاری مەکتەبی سیاسی ئەبێتە لێپسراوی عسکەری هێزی ڕزگاری کە مام جلال لێپسراوی هێزەکە بوو لە سوپا و حزبایەتی لە سەرەتای ساڵی ١٩٦٣ بارەگای هێزەکەیان هاتە چەم ی ریزان لەوماوە حکوومەتی بەعس (٥) لیوا لە سوپای عیراق لەگەل ٤–٥ هەزار جاش هێرشیان کردە سەر چەمی ڕێزان لە هەر چوار لاوە بە ١٥ کیلو متر پاش چەند شەرێکی قورس پێشمەرگە بە ناچاری پاشە کشە دەکات ئەو کانە کاك نامق لەگەڵ کاك حلمی شریف و فواد جلال و وریا احمد و سعید مەتەر و حمدامین فرج و مەلا ناسیح سەرپەرشتی شەرەکانیان دەکرد .

مام جەلال نووسراوێك دەنوسێ بۆ کاك نامیق و ئەلێت (خاڵە نامیق چی بکەین) بڕیاریاندا لەگەڵ سەر لقەکان کۆببنەوەو هەڵوێستیان بزانن، زۆربەی سەر لقەکان کە پێکهاتبوون لەهەریەك لەبەرێزان (ڕەشید سندی و عەلی مەولودو حاجی شێخ قادرو تاریق ئەحمەدو شێخ عوسمان و کێخوا شەریف) لەئەنجامدا بەبۆچوونی زۆربەیان بڕیاریاندا بکشێنەوە، شەدلە هەر لەو ماوەیە لە ١٨ی تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٦٣ پاش ئەوەی عبدالسلام عارف کودەتایەکی کرد بۆ سەر بەعسیەکان و هەمووی دەرکردن و داوای موفاوەزاتی کرد لەگەڵ ڕەحمەتی مەلا مستەفا بارزانی.

عبدالسلام بەسەرۆك كۆمار ماوەو تاهیر یەحیا بووە سەرۆك وەزیران لەو كاتـە كـاك ناميق لەگەڵ مام جەلال چوونە رانیە بۆ دوكانی وەستا محەمەدی كەبابچی كـە پیـاوێكی بەرێزو كوردپەروەر بوو لەوێ كەبابێكی باشمان خـوارد هـەر چـەند پارەشـی وەرنـەگرت كاتی رەمەزان بوو گوێمان لەفرۆكەی هەلیكۆپتەر بوو هاتە رانیە ئێمـەش چـووینە مـاڵی حەسەن كانەبی كە ئەندامی حزب و دۆسـتی هـەردووكیان بـوو، بـۆ ئـەوەی بـزانین ئـەم تەیارەیە بۆ هاتووەو پاشان زانیمان كە پارێزگـاری سـلێمانی (حـاجی عبـدالرزاق لەگـەڵ جەنابی شێخ ئەحمەد) برا گـەورەی (مـەلا مسـتەفا) هـاتووە بـۆ مفـاوەزات لەگـەڵ مـەلا مستەفا.

زۆری پێنەچـوو مـەلا مسـتەفاو عـەباس ئاغـاو كاكـەزیادو شـێخ حوسـێن لەگـەڵ نوێنەری حكومەت حاجی عبدالرزاق لەگەڵ شێخ ئەحمەد چاویان بەمەلا مستەفا كەوت و شـێخ ئەحمـەدی ڕەحمـەتی بـە (مـەلا مسـتەفا)ی گـوت: لەگـەڵ حكومـەت رێكبكـەوە عبدالسلام پیاوێكی باشەو موسوڵمانە، مەلا مستەفا لەولاَمـدا ووتـی: بـەڵی باشـە، پـاش دوو رۆژ دیسان حاجی عبـدالرزاق هاتـەوە رانیـە بەمـەلا مسـتەفای ووت: سـەرۆك كۆمـار جەنابتی دەعوەت كردووە لۆ نان خواردنی ئێوارە لەبەغدا لەتەلاری كۆماری بـەلاَم مـەلا مستەفا نەچوو بۆ ئەم دەعوەتە ووتـی: ئەمانـە پـیلان گێـرن ئـەم شـەو هێـرش دەكەنـە سەرمان زۆر كەس باوەری نەكرد بەقسەكەی بەلاَم قسەكەی راست دەرچـوو بـەیانی زوو حكومەت هێرشی كردە سەر شاخی هەڵگوردو گرتی.

حاجی عبدالرزاق لۆریەك پرتەقال و سـێوو خـواردنی هێنـابوو بـەدیاری بـۆ بـارزانی كاكە زیاد لـەكاتی قسـەكردندا بـە حـاجی عبـدالرزاق ووت: ئێـوە دۆسـتی كـورد نـین تـا رادەیـەك (گـەنمی كـوردی هـەبوو ناوەكـەتان گـۆڕی بەگـەنمی موسـڵی) بـارزانی لەگـەڵ عبدالسلام رێككەوت شەڕ وەستا بەیانی رێككەوتن بلاَبوەوە بـەبێ هـیچ مافێـك بـۆ گـەلی كوردو كوردستان بەلاَم عبدالسـلام هـیچ لەوەعـدەكانی جێبـەجێ نـەكردو شـەڕ دەسـتی پێكردەوە.

كاك نامیق ئەلێت لەئەنجامـدا بـارزانی و عبدالسـلام رێككـەوتن **لەبـەر ئـەوەی ئـەو ریككەوتنە هیچ لەمافەكانی كـوردی تیـا نـەبوو مـەلا مسـتەفا لـەوێ ووتـی: هەركـەس بچێتەوە ماڵی خۆی بۆیە مەكتـەبی سیاسـی ڕازی نـەبوو،** بـەلاَم لـەدوای رێككەوتنەكـە ناخۆشی دروستبوو پاشان بارزانی هێرشی كردە سەر شارۆچكەی ماوەت واتە بارەگای

مەکتەبی سیاسی ئەوانیش نەیانویست شەڕ بکەن چوونە ئێران.

بارزانی کۆنگرەیەکی حزبی بەست لەقەڵادزە ئەندامانی مەکتەبی سیاسی و لێژنـەی مەرکەزی دەرکردن لەحزب بەتاوانی خیانەت، لێپرسراوو ئامر هێزەکانی گۆڕی لەمانەش ئامر هێزی ڕزگاری کە جەلال تاڵەبانی بوو لەگەڵ عومەر دەبابە کە ئامر هێزی کاوە بـوو پاشان بارزانی ناردی بەشوێن کاك نامیق و پـاش چـەند جارێـك نەچـوو بـەڵام بـۆ دواتـر عەزیز عەقراوی چووە لای کـاك نـامیق و چـوونە لای بـارزانی، بـارزانی پێشـوازی لێکـرد پاش چاکوچۆنی بەکاك نـامیق ی ووت: (جـەلال)م دەرکـردووە تـۆم کـردە ئـامر هێـزی ڕزگاری لەجێگای جەلال کاك نامیق پێی دەڵێت: جەنابی بارزانی ئێمە لەگەڵ مام جـەلال خەڵکی کۆیە ین دۆست و برادەرین زۆر زەحمەتـە بـۆ مـن بچـمە جێگـای مـام جـەلال و شەڕی لەگەڵ بکەم بۆیـە نـاتوانم ئـەم مەسـئولیەتە هـەڵبگرم، بـارزانیش ووتـی: چـەند هێزت دەوێ ببیە لەگەڵ خۆت و جەلالە شێتم بۆ بێنە، منیش وتم: مام جەلال بەپیاوێکی باش و پاك و وریا دەزانم نابێ هەموویان بەیەك چاو تەماشا بکەین، **بارزانی ووتی جەلال لە تۆ باشتر دەناسم و زۆرم خۆشـدەوێ لەحـەیاتم کـەس بەقـەد مـن ڕێـزی نـەگرتووە لەجەلال** و صادقی برام زیاتر، ئێستاکە بەجارێك لەگەڵ برایم ئەحمەد کەوتووەو زۆریـش جنێوی بەمەکتەب سیاسیدا، کاك نامیق لە وەڵامدا بەبارزانی ئەڵێت (لەگـەڵ مـام جـەلال خەڵکی شارێکین و لەیەك گـەڕەگین لەپێشـمەرگایەتیش نزیکـەی سـاڵێك ئـەو مەسـئوولی سیاسی و خۆم مەسئوولی عەسکەری بووم و زۆر شەڕمان بەیەکـەوە دژی مـیری کـردووە **بۆیە ئێستاکە ئەدەبییەن مەعقول نیە شەڕ لەگەڵ مام جەلال بکەم**، ئەویش واتە بارزانی بەتووڕەییەوە گوتی لەسیاسەت ڕەفاقەت نیە لەم قسانە بووین عەباس مامەند ئاغا هاتە ژوورەوەو قسەکانی بڕی منیش بەهـەلم زانـی ووتم مـەلا مسـتەفا دەتـوانم بـڕۆم ئـەویش ووتی فەرموون لـەدوایی بـەدوات دەنێـرم کـە چـوویـنەوە لای عـەزیز عـەقراوی ١٠ هـەزار دیناری دامێ و ووتی ئەمـە یارمـەتی بارزانیـە بـۆ مـاڵ و مناڵەکـەت، منـیش ووتم پـارەم هەیەو بیدەن بەهەژاران و پارەکەم وەرنەگرت، عبدالرحمن قازی بەقسەکەی کـاك نـامیق ئەم هەڵوێستەی لەمن کردە شەرم کە خۆم فەخری پێوە دەکەم.

کاك نامیق ئـەلێت لـە زینـوێ لـەماڵی خـاڵم بـووین بەنووسـراو بـارزانی داوا لـەخاڵم دەکات لەگەڵ من کە چووینە لای لەقەسرێ بـۆ مەکتـەبی سیاسـی و مەکتـەبی تـەنفیزی شێخ لەتیف و زەید ئەحمەد عوسمان لەلای بوون بارزانی وتی ئەوە کاك زەیـد لەلایـەنی

عبدالرحمن بەزازەوە هاتووە کە سەرۆك وەزیران بۆ گفتوگۆ لەهەمان کات شێخ لەتیف ووتی ئیبراهیم فەیسەڵ قائد فرقەی ٢ داوای گفتوگۆ دەکات بارزانی ووتی قائد فرقە هیچ نیە من مفاوەزاتی لەگەڵ ناکەم بەڵام کاك زەید هاتووە ئەڵێت عبدالرحمن دەیەوێ گفتوگۆتان لەگەڵ بکات جا ئێوە چی ئەڵێن هەریەکەو قسەیەکی کرد بۆ گفتوگۆ یەکێك ووتی با نووسراو بنێرین یەك ووتی وەفد بنێرن و یەك وتی داخوازیەکان بنێرن.

پاش هەموویان بارزانی ووتی وابزانم کاك زەید ناگاتەوە هەولێر میری بەشەو هێرش دەکاتە سەرمان بۆ سەر چیای هەندرێن ووتی ئەمانە فێڵبازن جێی باوەڕ نین دانیشتووکان وەك ترۆپکی سارد کەس قسەیەکی دیکەی نەکرد.

کاك نامیق ئەڵێت لەگەڵ خالّم گەڕاینەوە لەڕێگا خالّم ووتی تۆ چی ئەلێیت کە ئەفسەری کاك نامیق ووتی شەرت دەکەم موستەحیلە سوپای عیراق بەشەو هێرش بکات چونکە بەڕۆژ ناتوانێ هێرش بۆ سەر هەندرێن بکات بەشەو چۆن دەتوانێ ووتی ئەم قسەیەی بارزانی ڕاست بێ ئەمن لەعەسکەری نازانم بەڵام کاك نامیق ئەڵێت قسەکەی من ڕاست دەرچوو بەیانی زوو میری هێرشی کردە سەر هەندرێن و گرتی ماوەیەکی پێچوو دیسان کاك زەید هاتەووە لای مەلا مستەفا وەفدێکی میری لەگەڵ بوو کە پێکهاتبوون لەوانە (ئەحمەد کەمال و ڕەئووفە ڕەش و مەجید عەلی و ئەکرەم جاف) ئەوکاتە حەبیب محەمەد کەریم سکرتێری حزب بوو لەگەڵ مەکتەبی سیاسی لەوێ بووە، خالّیشم لەلای بارزانی دانیشتبوو و خۆشم لەوێ بووم، زەید ووتی جەنابی بارزانی عبدالرحمن بەزاز ڕەئیس وەزیران هەندێ خالّی نووسیوە کە میری ئامادەیە مافی کورد بدات بۆتان دەخوێنمەوە کە ناوی ناوە (لا مەرکەزی) پاش ئەوە هەڵسام بەو شەوە سەعاتێك ڕێگام بڕی بەپێ تا چوومەوە ناو ڕەشماڵەکەمان.

مفاوەزاتی بارزانی سەری گرت و بڕیارمدا گەڕامەوە بەغدا لەگەڵ ماڵ و منداڵ پاش ماوەیەك کە ئەفسەرە کوردەکان گەڕانەوە سەر کارەکانیان منیش گەڕامەوە بوومە (ئامری مقاوەماتی تائرات) لەمەکتەبی مەدفەعیەو ڕەشاش و پلەکەم بەرز بوویەوە لە موقەدەم بووم بەعەقید.

پاشان بەعسیەکان هاتنەوە سەر حوکم و ئەحمەد حەسەن بەکر بوو بەسەرۆك کۆمار هەر لەو ماوەیە عەریفێکی حزبیان نەقل کردە لام کە پیاوێکی زۆر نەزان و لووت بەرز بوو نەمتوانی قەبوڵ بکەم داوای نەقل کردنم کرد بۆ ئەویش چونکە بەعسی بوو

شکاتی لێکردم لای وەزیر دیفاع کە حەردان تکریتی بوو، داوای لێکردم سکرتێرەکەی (عبدالرحمن سری بوو) ووتی وەزیر نەیتوانی بتبینێ من داوات لێدەکەم ئەم عەریفە قەبوڵ بکە چونکە حزبیەکی گەورەیە منیش قەبوڵم نەکرد پاش هەفتەیەك بەبروسکە نەقل کرام بۆ قیادەی شەرقی لەسویدا لەسوریا لەبەر ئەوەی ئەو ئەفسەرانەی بۆ ئەو شوێنە نەقل کرابوون هیچ کاریان نەبوو منیش بووم بە (عمید) پاش هەفتەیەك خانەنشین کرام و لەگەڵ خێزان و ماڵ و منداڵەکانم بەیەك شادبووینەوەو هەموو ماندووبوون و کارەساتەکانم لەبیر نەما لەبەغدا لە خانوویەکی خۆمان دامەزراند، ئێستاش ڕۆژانە خۆم خەریك دەکەم بەخوێندنەوەو شیعر دانانەوەو خزمەتی باخچەکەم و ماڵ و منداڵەکانم دەکەم، هەندێ ئەچمە لای برادەرەکانم کە ژمارەیان زۆر بوو هەندێ جاریش ئەوان دەهاتنە لام بەم جۆرە ژیان بەسەر ئەبەم و پەشیمان نیم لەڕابوردووم، خواتان لەگەڵ.

کاك نامیق لەگەڵ ئەوەی کە پیاوێکی سیاسی و کوردپەروەر بوو لەهەمان کاتدا ژیرو ئازاو خاوەن قسەی خۆی بوو هیچ کاتێك چاوی لە خراپەکان نەپۆشیوەو بەرگری لێنەکردوونە، لەهەمان کاتیشدا شاعیرێکی قەڵەم پێشڕەوی پاك بووە لەدەرخستنی کارە خراپەکان بۆ بەرگری لەچاکەکان زۆر بەوەفاو خزم دۆست بوو، پیاوێکی ڕاستگۆو چاونەترس بوو.

لەکتێبەکەی کە ٣٤٣ لاپەڕەیە، ٢١٦ لاپەڕەی بریتین لەو شیعرانەی کە نووسیویەتی لەقۆناغەکانی ژیانیدا.

کە بۆتە پێشمەرگە ئەڵێت:

**بەپێی خۆم ئەوا هاتم سۆبەی جەژنی قوربانە**

**لەدڵ زیاتر نیە بۆ تۆ کە بۆت بێنم بەجەژنانە**

لە دژی کۆنەپەرستی ئەڵێت:

**لەحوجرەی خانەقا کەوتووم وەکو مۆم خۆم دەسوتێنم**

**لەمەولا خانەقا ناچم بەمەولا تۆبە دەشکێنم**

بۆ یەکڕیزی ناو میللەت ئەڵێت:

**هەر کەس ئامانجی یەك نەگرتنە**

**دوژمنی کوردە سزای کوشـــتنە**

لەدژی نەبوونی دادپەروەریدا ئەڵێت:

**یەکێك خواردنی هەر نان و چایە**

**یەك بەقالدرقۆ هەر نارەزایە**

**یەك پا پەتیە بەبێ پێڵاوە**

**یەك کادیلاکی باشت پێداوە**

لەڕووداوی گەورە زیرەکی و دووربینی بـارزانی نیشـان ئـەدات بەرامبـەر فێڵبـازی و درۆکـانی کـار بەدەسـتانی عـێراق لـەو کاتانـەی کـە داوای شـەڕ ڕاگـرتن و گفتوگۆیـان کردووە.

مام جەلال بەنووسراوێکی پـڕ لـەوەفاو ڕێزگـرتن و سـەر بڵنـدی باسـی خاڵـە نـامیق ئـەکات لـە ٢٠٠/٧/٢٦ بەبۆنـەی ماڵئاوایشـی بروسـکەی ماتـەمینی بـۆ خانـەوادەو کـوڕە گەورەکـەی (دکتـۆر سەربەسـت) ئـەنێرێت لـە ٢٠٠١/٨/٣ و ئـەویش لـەرۆژی ٢٠٠٢/٨/٩ وەڵامی مام ئەداتەوە و ئومێدەوارم لەخوا ئەپاڕێمەوە جێگای خاڵە نامیق و مـام جـەلال بەهەشتی پان و بەرین بێت خوا سەبووری خانەوادەو هاوڕێو میللـەت و مـرۆڤ دۆسـتانی بدات.

**سەد ساڵ تەمەن تۆزێکە**

**لەمناڵی تا ئیمڕۆکە**

**ئەوەی بۆمان ئەمێنێ**

**کاری باش و کفنێکە**

**کەمال محیەدین ئەسعەد**

**هەولێر**

**٢٠٠٤/٩/٣**

# زبێدە خان



زبێــدە خــان کچــی ئەســعەد حــاجی محیــەدین غەفووریە دایکی ناوی سیم العزار بوو لەساڵی ١٩٢٤ لەکۆیە لەدایك بووەو لە ٢٠٠٠ لەکۆیە ماڵئاوایی کردووەو لەوێ نێژراوە، لە ........ بووە بەخێزانی کاك ئەسوەد ئەحمەد عەتارو کوڕو کچی هەبووە بەناوەکانی شەهید جەعفەر، شەهید تالب، کاك نەهرۆ پێشمەرگە بەپلەی لیوا، لەگەڵ درەخشان پێشمەرگەی شار و شاخ و ئەندامی یەکێتی.

لەسەرەتای ژیانیەوە لەخێزانێکی کوردپەروەر پەروەردە بووەو بەکابان و دەست رەنگینی و کۆمەڵناسی ناوی دەرکردبوو یەکێك بوو لەژنە ناسراوەکانی شاری کۆیە کە هەمیشە لەبۆنە خۆشی و ناخۆشیەکانی کۆیە لەڕیزی پێشەوە بەشداری کردووە لەگەڵ کچە خۆشەویستەکەی کە درەخشان خان بوو.

پوورە زبێد هەرچەندە خوێندنی تەواو نەکردبوو، بەلاّم بێ ئاگا نەبوو لەکێشەی سیاسی و بێ دەرامەتی میللەتەکەی لەسەرانسەری کوردستان ، چونکە هەر چوار براکانی و دوو خوشکی لەگەڵ منداڵەکانیان خەریکی کوردایەتی و سیاسەت بوون ، هەر بۆیە پێنج لەکوڕەکانی بەناوەکانی (محەمەد ، عەبدولڕەحمان ، تالب ، شەهید جەعفەرو نەهرۆ) کە ئێستا پێشمەرگەی کوردستانە بەپلەی لیواو ئامر هێزە لەناو پێشمەرگە.

شەهید جەعفەریش لەکاتی هێرش بۆ سەر دوژمن بەدیل گیراو لەموصڵ لەسێدارەدرا هەر بۆیە پوورە زبێدو کچەکەی درەخشان وەك ئەندامێکی حزب و پێشمەرگەیەکی ناوشار کەوتنە چالاکی و راپەڕاندنی کارەکانی هێزی پێشمەرگە وەك ناردنی کەلوپەل و دەرمان بۆ پ.م و داڵدەدانیان بەتایبەتی لەو ساڵانەی لەگوندی کانی ئۆمەر ئاغا بوو لەبناری چیای باواجی ، ئەمەش بوو بەهۆی راونان و دەستگیرکردنی خۆی و کچ و کوڕەکانی و باوکیان کە دواجار بەبەندکراوی رەوانەی عمارە کران.

هەموو ئەو قوربانی و کوردایەتی و کەسایەتیەی پورە زبێد ئەگەرێتەوە بۆ کەسایەتی و بیرمەندی و زیرەکی خۆی و پەروەردەیی خێزانی بەتایبەتی لەلایەن باوکی و دایکی و براکانی (محیەدین ، سەعدی ، ئەسعەد رەفیق) و هاوسەرە بەڕێزو

ناسـراوەکەی کۆیـە کـاك ئەسـوەد کـە بـەناوبانگ و بەدەسـت و دەم و دەروون پـاکی و کوردایەتی و مەردایەتی بەدرێژایی ژیانم لەو ماوەیەی کاك ئەسوەدم ناسیوە سەر بـەرزم بەخزمایەتی کە باوکی پورزاکانم بوو هەمیشە دڵسۆزو یاریدەدەری گەل و نیشـتمانەکەی بـوو رێـزی لەهـەژاران گرتـووە ، ئـەبێ ئـەوەش بڵـێم کـە کـەم کەسـم دیـوە وەك کـاك ئەسـوەدی رەحمـەتی موسـڵمانی راسـتەقینە بێـت بـەکردار هـەموو خـەڵکی کۆیـە ئـەم شاهیدیەم بۆ ئەدەن ئەمەش گەورەترین سەرمایەو هێزو گەورەییە بـۆی ، کـاك ئەسـوەد لەخێزانی یەکەم شەش کوڕو یـەك کچـی هەیـە بـەناوەکانی کـاك (ئەحمـەد ، مـەحمود ، حەمیـد ، مەجیـد ، عەبـدولڕەحمان ، فوئـاد ، خـاتوو فاتمـە) کـە هـەموویان ناسـراوو دڵسۆزی گەل و نیشتمانەکەیانن بۆ وێنە کاك دکتۆر نەوزادی کوڕی کـاك ئەحمـەدی کـاك ئەسوەد یەکێکە لەلێپرسراوە گرنگەکانی بنکەی گەلاوێژ لەسلێمانی کە جـێ پـەنجـەکانی دیارە هەروەها کاك وشیار لەڕۆژنامەی خەبات ......... خوا سەرکەوتووی بکات.

پاش مردنی خێزانی یەکەمی کاك ئەسـوەد هاوسـەرگیری کـرد لەگـەڵ پـورە زبێـدو خوای گـەورە سـێ کـوڕو کچـێکی پێـدان بـەناوەکانی کـاك (جەعفـەر ، تالـب ، نـەهرۆ ، درەخشان) کە هەر چواریان پێشمەرگە بوون شەهید جەعفەر لەشـۆڕش لـەکاتی هێـرش کردنــە ســەر دوژمــن بــەدیل گــیراو لەموصــڵ لەســێدارەدرا شــەهید تالــب لــەکاتی پێشمەرگایەتی نەخۆش کەوت و ماڵئاوایی کرد ، کـاك نـەهرۆی پێشـمەرگە ناسـراوەکەی کوردستان لـەژیان مـاوەو ئێسـتاش پلـەی (لیـوای سـەربازی هەیـەو لێپرسـراوی یـەکێك لەهێزەکانی پێشمەرگەیە ، درەخشان خانیش وەك پێشمەرگەی شـارو ئەنـدامی یـەکێتی نیشتمانی کوردستان خزمەتی کوردو کوردستان ئەکات ، پیرۆزی و دەستخۆشـی لـەکاك ئەســـوەدو خێزانـــەکانی کـــە ئـــەو گیـــان لەسەردەســـتانەیان پێشـــکەش بەگـــەل و نیشتمانەکەیان کردو بەدەست بەتاڵی ماڵئاواییان نەکرد لەمیللەتی کورد.

لەبیرمە لەهاوینی ساڵی ١٩٧٦ کە دوورخرابوومەوە بۆ شاری (القرنـە) رۆژی جـەژن لەگـەڵ ماڵـەوە چـووینە شـاری عمـارە بـۆ سـەردان و هـەواڵی پـوورە زبێـدو مـامم و منداڵەکانیان کە لەعمارە بەنـدکرابوون زۆر هـەوڵ و تەقەلامانـدا ، بـەلاَم سـوودی نـەبوو نەیانهێشت لەدوورەوەش چاومان پێیان بکەوێت.

رۆژی ١٩٧٨/٦/١٦ بــەئیجازە چــوومە کۆیــە ئــەو رۆژەی کــە تــەرمی شــەهید جەعفـەریان هێنـاوە کۆیـە پـاش لەسـێدارەدانی لەموصـڵ هـەموو کۆیـە بـەجلی رەش و

وێنەی شەهید جەعفەر پێشوازیان لەتەرمەکەیان دەکردو پوورە زبێدو درەخشان خان بەگریان و قژ ڕنینەوە لەخۆیان ئەداو تەرمەکەیان ماچ دەکرد ئێستاش کە ئەو ووشانە ئەنووسم دڵۆپ دڵۆپ فرمێسکم ئەڕژێنە سەر ئەم نووسینەم ، چونکە لەهیچ فیلم و چیرۆك و ڕووداوی جەرگ تەزێنیش ئەم ڕووداوانەم نەبینی و ناشی بینم ، بەڵێ تەنها پوورە زبێد خۆی و مێردی و کوڕو کچەکانی پێشکەش بەکوردستان کردو خۆشی لەپێناویان ماڵئاوایی لەکوردستان و میللەتی کورد کرد بەسەربەرزیەوە ، خوا بە بەهەشتی بەرینیان شاد بکات کاك نەهرۆ و دکتۆر نەوزادو هوشیارو نەوەکانی دیکەی تەمەن درێژو سەرکەوتوو بکات.

**پارێزەر / کەمال محیەدین**

**هەولێر**

**٢٠٢٥/٦/١٦**

## بەرنامەکانی خوێندن لەبەڵگەنامەکانی عوسمانییدا[٢]

*** لێدوان و کردنە کوردی: عەبدولڕەحمان فەرهادی**

ئەوەی خـوارەوە چەنـد لاپەڕەیەکـی پڕۆگرامەکـانی خوێنـدنی وانەی جوگرافیایە لە ئیمپراتۆریەتی عوسمانی لە ساڵی ١٣٣٠ی کۆچی، کە دەکاتە سـالانی ١٩١١ ١٩١٢، واتە سـەردەمی حـوکمی عوسـانییەکانە. ئەو کـاتە خوێنـدن لەقوتابخانەکـان سـەر بەمەعـارف بـوو کە دەکـاتە پەروردە. ئەم پڕۆگرامە چەند ڕاستیەکی تێدایە کە دوای سەدو ئەوەندە ساڵ تورکەکان نکۆڵی لـێ دەکەن و دان بەزمـان و خـاکی کوردسـتاندا نـانێن. پەروەردەی قوتـابیی ئەوسـا بەشـێوەیەک بـووە کە وەلای بـۆ وڵاتـانی ژێر دەسـەلاتی عوسـانی و عوسـانیەکان بێـت، ئەوەتـا لەوانەی لاپەڕە ١٢دا، پرسـیار لەمنـداڵێک کـراوە کە بەمنـداڵی عوسـانیی هـاتووە کە نیشـتمانەکەی خـۆی چۆن دەبینێت؟ وەلامەکەی ئەوەیە کە فێری منداڵی پۆلی دووەم وسـێیەمی سـەرەتایی دەکرێ و وا پەروەردە دەکرێ کە بچـوکترین و نالەبـارترین و ناشـیرینترین شـوێن یـان گونـدی نیشـتمانەکەی خۆشـترە لەگەورەتـرین شـوێنی دنیـا، پاشـان کە بـاس لەئاسـیای عوسـانیی دەکـرێ و پرسـیار لەچۆنیەتی دابەشـبوونی دەکرێت، سـێیەم بەشـی پـارچەی ئەم شـوێنە کە بەکوردسـتان هـاتووە. هەروەهـا لەلاپەڕە ٣٥ دا، بـاس لەدۆخـی عیـراق و دوورگەی عیراقی عەرەبی دەکرێ، لەوێش باس لەسنووری عیراق دەکرێ لەبـاکوورەوە بەکوردسـتانەوەیە. هەروەهـا بـاس لەبـوونی کـوردو تـورک دەکرێ ئەمە جگە لەکوردستان واتا لەدورگەی عەرەبیی عیراقیش کوردو تـورک هەبـوون. هەروەهـا وەک لەخشـتەی لاپەڕە ٣٧،٣٨ دا هـاتووە، دەردەکەوێ ئەوکـاتە هەریەکە لەخۆراسـان و سـامەڕاو بەدرەو جەزیـرەو عانەو کوت قەزا بوونە سەر بەشاری بەغدا بوونە.

---

[٢] لە ئەرشیفی کەمال محیەدین.

دیســـــانەوە هەریەکە لەنەجەف و رەزازەو هینـــدییە قەزای ســـــەر بەکەربەلا بـوون و حلـلەو سـەماوەو شـامییەش سـەر بەدیـوانییە بـوون. ئەوەی وەک لەزمـانی عەرەبـیش سـەرنجی منـی ڕاکێشـا ئەوەبـوو کە یەکەمجارە بزانم بەعەرەبی ئەوکاتە بەکاغەز گوتراوە کاغر واتە قاقەز یان کاغەز، بەعەرەبیش هەر پێیان گوتووە کاغر کە ئێستا بەوەرەقە ناسراوە.

**ژمارە ٦٠ – ٢ی نیسانی ٢٠٢٤**

*تێبینی:

١. ئەم دۆکیۆمێنتە بەڵگەنامەیەکی مێژوویی گرنگە، پشگیری تەواوی لەوە دەکا کە کوردستان قەوارەیەکی سەربەخۆی جیاواز بووە لەڕووی ئیداری، لەعیراق و تورکیاو ئێران، وەکو ویلایەتێکی دیارو سنوور جیاواز لەناو ولایەتەکانی سیستەمی کارگێڕی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی هەروەکو ئەوانەی لەخوارەوە ئاماژە پێکراوە:

١. بیلادی ئەنازۆڵ
٢. ئەرمینیا
٣. کوردستان
٤. سوریا
٥. ئەلجەزیرە
٦. عیراقی عەرەبی
٧. بیلادی عەرەبی

ئەم راستیانەی سەرەوە هیچ گومانێک ناهێڵێت کە کوردستان بەهیچ شێوەیەک بەشێک نەبووە لەخاکی تورک و عەرەب و عەجەم.

٢. لەدیاریکردنی سنووری جەزیرەو عیراقی عەرەبی هاتووە کە دەڵێت لەباکوور کوردستان هەیە لەرۆژهەڵات ئێران هەیە، لەباشووریش بیابانی خەلیجی فارسە لەرۆژئاواوە شام هەیە دیسان ئەوە دەسەلمێنێت کە

کوردستان بەشێک نەبووە لەجەزیرەو عیراقی عەرەبی، بەڵام بەداخەوە دوای رووخانی ئیمراتۆریەتی عوسانی لەدوای جەنگی جیهانی یەکەم بەپێی پەیمانی سایکسبیکۆ وولاتی عوسمانیان دابەشکرد بەسەر چەند دەوڵەتێک لەناوچەکە، کوردستانیشیان لکاند بەسەر حکومەتەکانی عیراق و ئێران و تورکیاو سوریا لەساڵی ١٩٢١ بەبێ رەزامەندی میللەتی کورد.

**ژمارە ٦١ – ٢ی نیسانی ٢٠٢٤**

وانەکانی جوگرافیا تایبەت بەپۆلەکانی دووەم وسێیەمی سەرەتایی

بەپێی پرۆگرامی پەروەردەیی لەلایەن مامۆستای یەکەمی ئەلئەعزەمی بەغدا لەچاپخانەی دنکۆر لە چاپ دراوە ساڵی ١٣٣٠

**لاپەڕە ١٢**

پ/ نیشتیمانەکەت چۆن دەبینیت؟ وەک منداڵێکی عوسمانی چۆنت دێتە بەرچاو؟

و/ من بچوکترین گوندو نەفرەت لێکراوترین شوێنی نیشتیمانەکەم بەخۆشترین و باشترین شوێنی دنیای دادەنێم.

**لاپەڕە ١٣**

پ/ دابەشکارییەکانی نیشتیمانەکەت لەرووی کارگێڕی و بەڕێوەبردنەوە چۆنە؟

و/ نیشتیمانە ئازیزەکەم بەسەر سێ پارچەی گەورەدا دابەشکراوە، هەر پارچەیەکیان ناوی ویلایەت-ی لێنراوە کە هەریەکەیان والیەک بەڕێوەی دەبات، ویلایەتیش چەند لیوایەک دەگرێتە خۆی کە هەریەکەیان موتەسەڕیفێک بەرێوەی دەبات، هەر لیوایەکیش چەند قەزایەکە کە قایمقامێک هەڵیدەسووڕێنێ کە سەر بەموتەسەریفە، پاشان قەزاکان چەند

ناحیەیەک دەگرنە خۆی کە بەرێوەبەریان هەیە، ناحیەش چەند گوندێک و گەڕەکێک دەگرنە خۆ کە موختار بەرێوەیان دەبات.

**ژمارە ٦٢ – ٢ی نیسانی ٢٠٢٤**

**لاپەڕە ٣٠**

پ/ ئاسیای عوسمانی چۆن دابەش کراوە؟

و/ ئاسیای عوسانی دابەشکردنێکی سروشتییە کەوا ئاسیای بەسەر دوو نیمچە دوورگە دابەشکردووە:

یەکەمیان: نیمچە دوورگەی عەرەبی و نیمچە دوورگەی ئەنەدۆڵە.

دووەمیان: بەسەر حەوت هەرێمدا دابەش کراون:

١. وڵاتی ئەنەدۆڵ – ئاسیای ناوەڕاست.

٢. ئەرمیتیای عوسمانی.

٣. کوردستان.

٤. سوریا.

٥ و ٦. دوورگەی عەرەبی.

٧. وڵاتانی عەرەب.

**لاپەڕەی ٣٤**

ئەوەی لەئاسیا هەیە کە پێیدەڵێن ئاسیای عوسانیی رووبەرەکەی زیاتر لەچوار ملیۆن کیلۆمەتری چوارگۆشە زیاترەو دانیشتوانەکەشی دوو ملیۆن و نیو کەسن، هەروەها پێکهاتووە لە ٣٣ ویلایەتی سەربەخۆ کە ناودارترین شارەکانیان بریتین لە حیجاز، یەمەن، سوریا، بەغدا، بروسە، ئەزمیر.

**ژمارە ٦٣ – ٢ی نیسانی ٢٠٢٤**

**لاپەڕە ٣٥**

دۆخی عیراقی یان جەزیرەو عیراقی عەرەبی.

شوێن و سنوورو رووبەرو ژمارەی دانیشتووان و باری ئابووری و دابەشکاری کارگێڕی و شوێنی.

پلانی عیراقی کەوتووەتە ئەوپەڕی خۆرهەڵاتی ئاسیای عوسمانی لەسەر سنووری ئێران.

+ سنوورەکەی: سنورداره بەپارچەیەکی کوردستان لەباکوورو حکومەتی ئێران لەخۆرهەڵات و کەنداوی فارس لەباشوورو بیابانی شام لەخۆرئاوا.

+ رووبەرەکەی: رووبەری بریتیه لەزیاتر لەچارەکە ملیۆنێک لەکیلۆمەتری چوارگۆشە.

+ ژمارەی دانیشتووانی: زیاترە لەملیۆن و نیوێک کە زۆربەیان عەرەبن لەگەڵ کەمێک لەکوردو تورک.

**لاپەڕەی ٣٧ و ٣٨**

دابەشکارییە کارگێڕییەکانی ئەم پارچەیە بەسەر دوو ویلایەتی گەورەدا دابەش دەکرێت کە بریتین لەبەغدا کە بنکەی دوورگەکەیە، لەگەڵ بەسرا کە بنکەی عیراقی عەرەبییە.

بەغدا: ویلایەتێکی گەورەیە سنوورەکەی ویلایەتی مووسڵەو خۆرهەڵاتیشی وڵاتی ئێرانە، هەروەها لەباشووریشی ویلایەتی بەسڕایەو خۆرئاواشی بیابانی شامە لەگەڵ لیوای دێری سەربەخۆ کە بەسەر نۆزدە قەزادا دابەشکراوە وەک لەم خشتەیەدا هاتووە: لیوا، قەزاکەی.

راگەیاندن ئەوەی یەکلابۆتەوە دوای وابەستەییان بەخواوە، توانیان سەرجەم کتێبە عەرەبی و تورکیەکان کە لەقوتابخانەی ئەعزەمییە دەخوێندرێن چاپ بکەین. ئەمەش لەئەنجامی ڕەزامەندی پڕۆگرامەکانی پەروەردەوە بوو، دواتر بڵاوکرانەوە، بەهای ئەمانە بەرانبەر خزمەتکردنی

نیشتمانی پیرۆز بەهەند وەرناگرین. بۆیەش باشترین کاغەزو باشترین چاپخانەمان هەڵبژارد.

چاپخانەی دنکۆر، جۆرەها پیت لەخۆ دەگرێ، بۆیە هەموو کاغەزەکان تێیدا بەکاردێ.

تکایەکی تایبەت:

تکامان لەمامۆستا بەرێزەکانە کە لەدەرەوەن یان لەناوەوەن سەردانمان بکەن:

ناونیشان: بەغدا شەقامی سەرای - ژ ٣٦

ئەحمەد ئەلکوبەیسی ئەلئەعرەجی

دانەی بە ٤٠ ڕووپیەیە هەر دانەیەک پسوولەی نرخی لەگەڵدا نەبێ، بەدزراو دادەنرێت.

* ئەم بابەتە لە ئەرشیف مامۆستا کەمال محیەدینە، مامۆستا عەبدولڕەحمان فەرهادی کردویەتی بە کوردی لە ژمارە (٢)ی گۆڤاری دۆکیومێنت بڵاوکراوەتەوە.

**ژماره (٥٤) ٢ی نیسانی ٢٠٢٤ ڕۆژنامەی بابل**

**بنکەی سیخوڕی بەعسییەکان**

**نووسینی: عەبدوڵلا کەریم مەحمود**

دیارە لەعیراقی سەردەمی بەعس بەناوی ئازادی رادەربرین گەلێک شیعاری جۆراوجۆر بۆ فریوو دانی شەقامی عەرەبی عیراقی بۆ لارێبردنی شەقامە راست و رەوانەکە بەتایبەتی لەبواری رۆژنامەگەری و رۆشنبیری، کڕینی کۆمەلێک رۆژنامەنووس و نووسەر هەروەها بەعس توانی بووی لەشکرێک دروست بکا لەم بوارەدا جگە لەهەردوو رۆژنامەی (الجمهوریە و السورە) دەیان گۆڤارو رۆژنامەی تری دەردەکرد بۆ پاڵپشتی کردنی ئەجیندای بەعس و پیاوەکانی بۆ کاری هەواڵگری و جاسووسی لەسەر خەلکی عیراق بۆ ئەم راستی یە گۆڤاری دۆکیۆمێنت دەیان بەڵگەی لەبەر دەستە کە دەیان چیرۆکی هەڵبەسراو بۆ ئازاردانی نەیارانی بەعس و ئەوانەی لەگەل ئەم رژێمە نەبووینە بە جۆرێک لە جۆرەکان سیناریۆیی بۆ دروست کردوون لەرێگای ئەو رۆژنامە روو زەردانەی کەلە جەبەڕووتی لەشکری بەعس کاریان کردووە. یەکێک لەو رۆژنامانەی کەلەوسەردەم دەردەچوو، ڕۆژنامەی بابل بو کەراستەوخۆ کوڕی سەرۆکی عیراق سەدام حوسێن (عودەی) سەرپەرشتی دەکرد، لەو سەردەم بەوە ناسراوبوو، ئەو رۆژنامەیە لەسەر هەرکەسێک بنووسێ، بێ دوودڵی وبێ سێ و دوو ئیعلانی مەرگ بۆئەو کەسە دەردەکا.

نووسەرو رۆژنامەنووس عەبدولا کەریم بەدواداچوون بۆ هەردوو وتاری رۆژنامەی بابل ی عودەی دەکات و وەریان دەگێڕێتە سەرزمانی کوردی:

ژمارە (٥٥) ٢ی نیسانی ٢٠٢٤ لە سەرەتای مانگی کانوونی دووەمی ساڵی ١٩٩٣بوو هاولاتیەک بەناوی (ع.ع) بەنوسراوێکەوە هاتە ژوورەکەم. واتە ژووری کەمال محیەدین و ئەوکاتە بەرێوەبەری گشتی یاسایی شارەوانی بەغدا بووم کە بەزۆرەملێ کردمیانە موچەخۆر و نەفی کرابووم

بۆ شاری القرنه له خوار شاری بەسره، دوایی گواسترامەوە بۆ بەغدا بۆ ئەمانەی عامەی بەغدا واتە شارەوانی بەغدا. دیسان بەزۆرەملێ، ئەو کەسە داوای مۆلەتی، لە ئەمانەی عامەی بەغدا کردبوو، بۆ ئەوەی ڕێگای پێ بدەن باڵەخانەکەی کە سێ نهۆم بوو بڕوخێنێ لە شەقامی مەنسوور، لە شوێنەکەی باڵەخانەیەکی شەش نەهۆمی لێ دروست بکات. پاش ئەوەی ڕەزامەندی تێکدانیم پێدا بەرێز (ع.ع) هەموو کرێچیەکانی ئاگادارکردبۆوە. لەماوەیەک، کە بۆیانی دیاری کردبوو، دوکانەکان چۆڵ بکەن. یەکێک لە کرێچیەکان ژنێکی عەرەبی بەعسی بوو، پێڵاوی ئیتاڵی ژنانەی لە دوکانێکی نهۆمی خوارەوەی باڵەخانەکە دەفرۆشت، زۆربەی کڕیارەکانی ژنە بەعسی و دەوڵەومەندەکانی پایتەخت، پێڵاویان لای ئەو دەکڕی. ئەو ژنە بەبڕیارەکەی ئەمانەی عامە، رازی نەبوو، توڕەی کردبوو، گووتی ئەو بڕیارە من پێی رازی نیم، هەرگیز نابێ دوکانەکەی من بگرێتەوە، بۆ هیچ کەسی چۆڵ ناکەم. ئەوەبوو بە خێرای خۆی دەگەێنێتە (دیوانی سەرۆکایەتی کۆماری عێراق). بڕیاری روخانی باڵەخانەو دوکانەکانی پێ ڕاگەیاندن. دیوانی سەرۆکایەتی کۆماریش یەکسەر پشگیری ژنە بەعسیەکەی کرد، لە دژی بڕیارەکەی ئەمانەی عامە وەستانەوە، **لێرەدا دوو بڕیاری جیاواز، لەنێوان بڕیاری یاسایی ئەمانەی عامەی بەغداد و بڕیاری نایاسایی دیوانی سەرۆکایەتی کۆماری عێراق سەریهەڵدا.** ئەمانەی عامەی بەغدا بەڕاچاوکردنی یاسایی بڕیلری دا : باڵەخانەکە بڕوخێنن. دیوانی سەرۆکایەتی کۆماری عیراق بە رەهای دەسەڵاتی باڵای عیراق، بێ رەچاوکردنی یاسا بڕیاری دا : نابێ باڵەخانەکە بڕوخێنن. ئەو کێشەیە ئاڵۆزتر بوو، بووبە هۆی ئەوەی، کرێچی دوکانەکانی باڵەخانەکە، لەبەر دەرگای ئەمانەی بەغدا، خۆپیشاندان دژ بە بڕیاری ژمارە (٥٦) ٢ی نیسانی ٢٠٢٤ بڕیارەکەی ئەمانەی عامە بکەن. ژنە بەعسیەکە و کرێچییەکان، پارەێزەرێکی بەعسیان گرت، ئەو پارێزەرە، دوو وتاری لەسەر دوو بڕیارە جیاوازەکەی نێوان، ئەمانەی عامەی بەغداو دیوانی

سەرۆکایەتی کۆماری عیراق (لە رۆژنامەی بابل)ی عودەی سەدام حوسێن بڵاوکردەوە.

وتاری یەکەمی رۆژنامەی بابل : ١٩٩٣، فە ژمارە ٧٧٥ ی رۆژنامەی بابل لەمەلەفی ژمارە ٢٠٨١ بە ناونیشانی لماذا تصر امانە بغداد علی دعم الموقف الخاطئ (بڵاوکردەوە بەواتای) بۆ ئەمانەی عامە بەغداد، سوورە لەسەر پشتگیری هەڵویستی هەڵە (وتاری دووەمی رۆژنامەی بابل :١٩٩٣ لەژمارە (٧٨٢) رۆژنامەیبابل لە مەلەفی ژمارە (٢١٣٩) بەناونیشانی **(دیوان الرئاسە یأمر ..... وامانە بغداد لاتنفز) بڵاوکردەوە. بەواتای : (دیوانی سەرۆکایەتی بڕیاری داوە، بەڵام بەرێوەبەری ئەمانەی بەغداد، بڕیارەکە جێ بەجێی ناکات )** هەردوو وتارەکەی رۆژنامەی بابل لە بەغدا هەژانێکی گەورەی دروستکرد، بوو بەمشت و مڕیدانیشتوانی بەغداد رۆژنامەی بابل بە رەقی و توندوتیژی هێرشیان کردبووە سەر مامۆستا (کەماڵ محێدین) هانی دیوانی سەرۆکایەتی کۆمارو ئەمانەی عامەیان دەدا : کەماڵ محێدین ووتوویێتی: من سوورم لەسەر ئەو بڕیارە (یاساییەکەی عامە)ی بەغدا باڵەخانەکە تێک بدرێت.دیوانی سەرۆکایەتی کۆماری عێراق، پێنج بڕیاری دژبە بڕیارەکەی ئەمانەی عامە ١٩٩٣ بەژمارەی ( ٣٠٢٧٦) دەلێن بڕیارەکەی ئەمانەی /١١ / دەرکرد، لە دوا بڕیاری دا، ووتیان بڕیارەکەی کەمال محیەدین جێ بەجێ ناکەین. لەناوەڕاستی وتاری دوەمی رۆژنامەی بابل ژمارە ٥٧ی ٢ نیسانی ٢٠٢٤ **پارێزەری ژنە بەعسیەکە دەلێت : سووربوونی بەرێوەبەری یاسایی لەسەر ئەوەی کە مۆڵەتی خاوەن باڵەخانەکە یاساییە ئەوەدەخاتە روو) دەستی بەرێوەبەری یاسایی ئەمانەی عامە چەورکراوە (واتە) رەشوەتی وەرگرتووە،** جگە لە هەڵبەستنی دەیان درۆو بوخنانی ناڕەواو دژی کەماڵ محێدین لەلایەکی تریشەوە، ژنە بەعسییەکە دەیووت: جەنابی ئەمینی عامە بەغدا ئاگات لەخۆت بێت پارێزەری نهێنیەکانت و چاوی یاسایت درۆت لەگەل دەکات. دواجار (مونزر العوریم)ی ئەندامی مەکتەبی سیاسی حیزبی بەعس

هەردوو وتارەکەی خوێندەوە لەگەل ئەمینی بەغدا داوایان کرد لێژنەیەکی لێکۆلینەوەی نەهێنی پێک بهێترێت بۆ لێکۆلینەوەی ورد، لە هەردوو وتارەکەی رۆژنامەی بابل بۆ گەیشن بە ئەنجامی یاسایی.

ئەمینی بەغدا پشتگیری لێژنەی لێکۆلینەوەکەی کرد لەدوو وتارەکەی بابل /١٢/ لە ١٢ ی عودەی (و لە دوو بڕیارەکەی) ئەمانەی عامەی بەغدا (و دیوانی سەرۆکایەتی کۆماری عیراق (دوای بەدواچوون و لێکۆلینەوەی یاسایی، لێژنەکە گەیشتنە ئەنجامی کۆتایی: (کەمال محێدین بەرێوەبەری ئەمانەی عامەی بەغدا، پەیڕەوی مادەو بڕگەی یاسایی عێراقی رێساکانی کردوەو جێبەجیکردووە.) گەر لێژنەی لێکۆلینەوە پەیڕەوی بڕیارە یاساییەکەی ئەمانەی عامەی بەغدادی نەکردایە. ژیانی کەمال محێدین، لەسەر بڕیاری عودەی سەدام و رۆژنامەی بابل، رووبەرووی (زیندانی هەتا هەتایی و مەرگ) دەبووەوە.

- رۆژنامەی بابل (رۆژنامەیەکی سیاسی عیراقی بوو) عودەی سەدام حوسێن (خاوەنی رۆژنامەکەبوو بابەتەکانی بەهەردوو زمانی عەرەبی و ئینگلیزی بڵاودەکردەوە، کەمال محێدین لە ساڵی ١٩٣٦ لەدایک بووەو خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و دواناوەندی لە کۆیە تەواو کردووە، لەساڵی ١٩٥٣ لەرێگای محەمەد سادقەوە بووە بە پارتی لەساڵی ١٩٦٣ بڕوانامەی لینسانسی لە حقوق لە زانکۆی بەغدا وەرگرتووە، بووە بە پارێزەر لە بەغدا سێجار زیندانی کراوە، لەساڵی ١٩٦٧ لێپرسراوی لقی ٥ی پارتی بووە لە بەغدا، لە ساڵی ١٩٦٧ ئەندامی مەکتەبیسیاسی پارتی بووە لەساڵی ١٩٧٥ نەفیکراوە بۆ خواروی، عیراق لەشارۆچکەی (قورنە)، دواتر گۆزراوەتەوە بۆ ئەمانەی عامەی بەغدا تا ساڵی ١٩٩٧ لەساڵی ١٩٩٩ لێپرسراوی رێکخستنەکانی نهێنی یەکێتی بووە لە بەغدا لەگەل مستەفا زەڵمی، عمید روکن سەردارعەلی، عەقید محەمەدئەمین (تاروخانی دەسەڵاتی سەدام، دواتر بووە بە لێپرسراوی مەڵبەندی یەکیەتی نیشتمانی کوردستان لە بەغدا و مەکتەبی پەیوەندییەکان و ئەندامی پەرلەمانی عیراق

بووه.

- منزر العوريم، کەسایەتیەکی دیارو ناسراوبوو لە رومادی سەرۆک عەشیرەتی العریم بوو ئەندامی مەکتەبی سیاسی حزبی بەعس بووه.

**ژمارە ٥٨ی ٢ نیسانی ٢٠٢٤**

* ئەم بابەتە بەڵگەنامەکەی و رووداوەکە بەسەر خودی مامۆستا کەمال دا هاتووه هەر لە ئەرشیفی ئەودا پارێزراوە و ڕۆژنامەنووس عەبدوڵڵا عەبدولکەریم کردوویە بە کوردی و لەگۆڤاری دۆکیومێنت بڵاوکراوەتەوە.

(ئەمانەی عامەی بەغدا) کە لەو نووسراوە چەندجار ناوی هاتووە لە جێگای شارەوانی بەغدا، واتە (أمانة العاصمة) کەمال محێدین سەرۆکی دائیرەی قانوونی ئەمانەی عاسیمە بووە.

کەمال محێدین لە سێ قۆناغ تووشی کێشەی گەورە بووە لەگەڵ حکومەتی بەعس و سەدام و سەرۆکایەتی کۆمارەکەی، هەرکەسێ دەیەوێ بیانزانی ئامادەم بۆی باس بکەم.

## بۆ نوێنەری کوردسانی هاوبەش نییە
## لە رێکخراوە دیموکراتییەکانی عێراق

## دیکۆمێنتێکی ٥٤ ساڵەی رابردوو

پارێزەر کەمال محیەدین
٢٠٢٤/٦/٢٩

نەبوونی نوێنەری رەسەنی کورد لەرێکخراوو سەندیکاکانی عیراق کارێکی دژوارو قبولڵ نەکراوە ، شتێکی روون و ئاشکرایە کە ئەندام و هەوادارانی رێکخراوو سەندیکاکان وەك (ئافرەتان ، کرێکاران ، جوتیاران ، خوێندکاران ، مامۆستایان ، نوسەران، قوتابیان، مافی مرۆڤ ...) بەشی هەرە زۆری هێزو توانای گەلی عیراق پێکدێنن و خۆشی و ناخۆشی ، بەهێزی و بێهێزی ، تاکرەوی و دادوەری و دیموکراتی و دیکتاتۆری ... لێك جیائەکەنەوەو باشەکان هەڵدەبژێرن و کاری بۆ دەکەن و خراپەکانیش زیندەبەچاڵ دەکەن ، بۆیە پێویستە هەموو تاکێکی عیراقی پەیوەست بەو رێکخراوو سەندیکایانە دەنگ و رەنگ و هەڵوێستیان هەبێت ، بەلاّم بەداخەوە ماوەی دە بۆ پانزە ساڵە ئەم رێکخراوو سەندیکایانە لەلایەن کاربەدەستانی عیراق قۆرخکراون بەتایبەتیش لەلایەن چەند حزبێکی سیاسی و ئایینی کە ئەمەش بووتە هۆی پەراگەندەو دابەشبوونی ئەم هێزو توانا پیرۆزو گرنگانە.

بەلاّم ئەوەی جێگای مەترسی و سەرنج راکێشانە ئەوەیە کە لەناو ئەو رێکخراوانە لێپرسراوانی هەموو ئەو رێکخراوو سەندیکایانە نوێنەرێکی کرێکاران یا جوتیاران یا پارێزەرانی کورد نابینین باس و لێکۆڵینەوە بکات لەکێشەو داخوازی کورد لەناو ئەنجومەنی ئەم رێکخراوو سەندیکایانە بۆ ئەوەی داخوازیەکانیان بەکاربەدەستان لەبەغداو لەجیهانیش بگەیەنن ، بۆیە پێویستە پێش دروستکردنی ئەم رێکخراوو سەندیکایانە وەك ساڵانی پێش ٢٠٠٣ پەیوەندی بکرێت بەلایەنی پەیوەندیدار لەهەرێمی کوردستان بۆ ئەوەی هاوکارو هاودەنگ بن لەگەڵ یەك بۆ دانانی پەیرەوو پرۆگرامی ئەو رێکخراوو سەندیکایانەو لەگەڵ دانانی نوێنەری کوردی هاوپیشە لەناویاندا ، بەم جۆرە هێزو تواناکان گەورەترو کاریگەرتر دەبن.

خوێنەری بەرێز پاش شۆڕشی چواردەی تەمموزی ساڵی ١٩٥٨ سەندیکای

ڕۆژنامەنووسانی عیراق دروستکرا، شاعیری گەورەی عەرەب جەواهیری بووە سەرۆك و مام جەلالیش بووە جێگری، لەساڵی ١٩٦٩ دیسان لەهەمان سەندیکا جەنابی کاك حلمی عەلی شەریف بووە نائیبی سەرۆکی سەندیکا، لەسەندیکای ئەندازیارانیش جەنابی سەرتیپ جاف بووە جێگری سەرۆکی سەندیکا ، هەروەها لەیەکێتی گشتی قوتابیانی عیراقیش کاك فوئاد جەلال بووە ئەندامی لیژنەی تەنفیزی و کەمال محیەدین بوو بەئەندامی سکرتاریەتی قوتابیان کە جەنابی ماجد عەبدولڕەزاق بووە سکرتێر کە کورد بوو، مەهدی حافز سەرۆکی قوتابیان بوو هەروەها لەکرێکاران کاك مەجید جەبار و سامی جاف لەجوتیاران و عەبدوڵلا ئیسماعیل و محەمەد بابان ١٠ ١٥ ساڵ لەسەندیکای پارێزەران کاربەدەست بوونە.

بەڕێزان نوێنەرانی کورد لەبەغدا بەپاڵپشتی پارتی دیموکراتی کوردستان هەمیشە بالآدەست و خۆشەویست بوون ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ پابەندبوونیان بەبەرژەوەندیەکانی گەلی عیراق بەکوردو عەرەب بۆ کەمایەتیەکان کە هەمیشە لایەنگری نیشتمانپەروەرو دیموکرات خوازیەکان بوونە دەست و دەم و دەروونیان پاك و دژی تاکڕەوی و کۆنەپەرستی بوون ، باشترین بەڵگەش بۆ ئەم ڕاستیانە ئەو دیکۆمێنتەیە کە لە ١٩٧٠/٧/١٣ هەڵبژاردنی سەندیکای پارێزەرانی عیراقی تێدا نوسراوە کە دوو لیست بەشداری ئەم هەڵبژاردنە بوون:

١- لیستی دیموکراتی بەسەرۆکایەتی بەڕێز عەبدولوەهاب مەحمود

٢- لیستی نیشتمانی بەسەرۆکایەتی بەڕێز حەسەن عەلی ئەلتکریتی

لەئەنجامی هەڵبژاردنەکە لیستی دیموکراتی سەرکەوت کە پێکهاتبوو لەنوێنەرانی حزبی شیوعی عامر عەبدوڵلا

کە ئەندامی مەکتەبی سیاسی حزب بوو ، نوێنەری حزبی بەعس کە بەڕێز ئیبراهیم غەسوان بوو ، نوێنەری پارتی جەماعەتی بەڕێز بارزانی بوو کە ناوی موزەفەر نەقشبەندی بوو لەگەڵ نوێنەری پارتی جەماعەتی کاك ئیبراهیم ئەحمەد کە ناوی کەمال محیەدین بوو ، نوێنەری حزبی وەتەنی دیموکراتیش کە ناوی فەهران دلێمی بوو ، لەگەڵ بەڕێز جیهاد وەنداوی دۆستی شیوعیان بوو کوردیش بوو لەگەڵ چەند کەسێکی بێلایەن.

ئەوەی جێگەی سەرنجراکێشانە نوێنەری پارتی جەماعەتی کاك ئیبراهیم ئەحمەد کە کەمال محیەدین بوو دەنگەکانی لەهەڵبژاردن لەدەنگی نوێنەری حزبی شیوعی و

نوێنەری حزبی بەعس و نوێنەرەکەی جەماعەتی بارزانی زیاتر بوو کە ئەو ئەنجامەش ئەوە دەگەیەنێت کورد ئەوکات لەعێراق بالأدەست و خۆشەویست بوو ، چونکە دیموکراتخوازو نیشتمان پەروەر بوون و لایەنگری کۆنەپەرست و تایەفەگەری و تاکڕەوان نەبوون وەکو ئێستا کە بەڕیشی پانیشیان ئەڵێن قەسەم و هیچ حسابێکمان بۆ ناکەن تەنانەت مووچەو بودجەشمان نادەنێ ، بەلای ئێمەی کورد بەشدارینەکردنی نوێنەری کورد لەو هەموو ڕێکخراوو سەندیکایانە (جا هۆیەکەی بێخەمی هەرێمی کوردستان بێت یا تاکڕەوی و تایەفەگەری و بێباوەڕی کاربەدەستانی بەغدا بێت) هیچ نیشانەیەك ناهێڵێتەوە بۆ عێراقی ئیتیحادی و عێراقی دیموکراتی، پەتی درۆکردنیش کورتەو مێژووش بێڕەحمە.

گۆڤاری القضاء / دیکۆمێنتی پێش ٥٤ ساڵ، ژمارە (١) کانونی دووەم، شباط، ئازار، ساڵی ١٩٧٠ ، ٢٥ ساڵ تەمەنیەتی کە سەندیکای پارێزەرانی عێراق لەبەغدا هەر ٣ مانگ جارێك دەریدەکات.

باس :- ئەنجومەنی سەندیکای تازەی پارێزەران .

هەڵبژاردنی ئەنجومەنی سەندیکای تازە بوو پارێزەرانی عێراق لەڕۆژی هەینی کانونی دووەم لە ١٩٧٠/١/١٣ بەسەرپەرشتی دادوەر دەستییپێکرد ، لەئەنجامدا دەرکەوت هەریەك لەپاڵێوراوەکان بۆ پلەی سەرۆکی ئەنجوومەنی سەندیکا ئەو دەنگانەیان وەرگرت:

| | |
|---|---|
| ١-عەبدولوەهاب مەحمود | ٦٩٧ دەنگ بوو بەسەرۆکی سەندیکا |
| ٢- سەید حەسەن عەلی ئەلتکریتی | ٣٥٠ دەنگ نەبوو بەسەرۆکی سەندیکا |

هەڵبژاردنی ئەندامانی ئەنجومەنی سەندیکای پارێزەران بەمجۆرە بوو :-

| | | |
|---|---|---|
| ١- سەید ناجی یوسف | ٦٨٩ دەنگ | چەپڕەو |
| ٢- سەید فهران ئەلدلێمی | ٦٨٤ دەنگ | دیموکرات |
| ٣- سەید تەوفیق ئالوسی | ٦٧٨ دەنگ | دیموکرات |
| ٤- سەید عەبدولڕەزاق ئەلحەدیسی | ٦٦٤ دەنگ | قەومی |
| ٥- سەید مەهدی ئەلحەسەنی | ٦٦٤ دەنگ | دیموکرات |
| ٦- سەید جیهاد ئەلوەنداوی | ٦٥٧ دەنگ | کورد |

| | |
|---|---|
| ٧- سەید سەلیم ئەلزوبەیدی | ٦٥١ دەنگ قەومی |
| ٨- سەید کەمال محیەدین | ٦٤٣ دەنگ پارتی مەکتەبی سیاسی |
| ٩- سەید عامر عەبدوڵلا | ٦١٧ دەنگ ئەندامی مەکتەبی سیاسی حزبی شیوعی عیراق |
| ١٠- سەید ئیبراهیم غەزوان | ٦١٢ دەنگ نوێنەری حزبی بەعس |
| ١١- سەید نورەدین ئەلواعیز | ٣٥٩ دەنگ کوردی بێ لایەن |
| ١٢- سەید قاسم مەهدی قاسم | ٣٥٤ دەنگ کوردی بێ لایەن |
| ١٣- سەید موزەفەر ئەلنەقشبەندی | ٣٥٤ دەنگ خەڵکی هەولێر، نوێنەری بارزانی نەمر |
| ١٤- سەید عەبدولکەریم نەجم | ٣٤١ دەنگ سەربەخۆ |
| ١٥- سەید عەبدوڵلا جابر | ٣٣٣ دەنگ سەربەخۆ |

ئەم بەڕێزانەش بوون بەیەدەگ (احتیاط):

| | |
|---|---|
| ١- سالم مەندەلاوی | ٩٣٢ دەنگ شیوعی |
| ٢- شەوقی عەبادە | ٦٢٤ دەنگ دیموکرات |
| ٣- روشدی عەزیز | ٦٢٠ دەنگ خەڵکی سلێمانی، نوێنەری پارتی/ مەکتەبی سیاسی |
| ٤- عەلی قەیس | ٦١٠ دەنگ شیوعی |
| ٥- یەکتا حەوێزی | ٣٢٣ دەنگ خەڵکی کۆیە، نوێنەری بارزانی نەمر |
| ٦- عیسا عومران | ٣٢٢ دەنگ فەیلی، نوێنەری پارتی/ مەکتەبی سیاسی |
| ٧- تالب ئەلڕاوی | ٣١٧ دەنگ بێ لایەن |

هەڵبژاردن تەواو بوو

**ئیمزا**

**دادوەر / وەحید حافز شەوقی**

**١٩٧٠/١/١٣**

لەئەنجامی هەڵبژاردن دەرکەوت پارێزەر کەمال محیەدین ئەسعەد دەنگەکانی زیاتر بوو لەدەنگی عامر عەبدوڵلا ئەندامی مەکتەبی سیاسی حزبی شیوعی و هەروەها زیاتر بوو لەدەنگی ئیبراهیم غەپوان کە نوێنەری پارێزەرانی بەعس و زیاتریش بوو لەدەنگی موزەفەر نەقشبەندی نوێنەری بارزانی.

بۆ زانین لەم کاتەدا حزبی شیوعی و حزبی بەعس جەبهەیان هەبوو، بەڵام نوێنەری کورد دەنگی زیاتری هێنا، لە کاربەدەستانی کوردستان دەپرسین ئەو بێبەشکردنە بێخەمی ئێوەیە یان گورجی زۆرینەی شیعەیە.


* ئەم بابەتە لە گۆڤاری دۆکیومێنت بڵاوکراوەتەوە.

## داگیرکەرانی کوردستان میللەتی کورد ناتوێتەوە

داگیرکـــەران بـــاش بـــزانن میللـــەتی کـــورد ناتوێتـــەوە
بەئـــەنفال و کیمیابـــاران نەتـــەوەی کـــورد نابڕێتـــەوە
نەخشـــەو پێگـــەی کوردســـتانیش لـــەو جیهانـــە ناســـڕێتەوە
لـــەتاوان و بەدکاریـــەکان چـــیتر نـــەماییمان بکـــەن ببڕێتـــەوە
پێیـان ئـەڵێم ئـیتر بەسـە جێگـای ئێـوە لەکوردسـتان نابێتـەوە
تـــا داگیرکـــەر لەکوردســـتان دەســـەڵات و بنکـــەی مابـــێ
ڕۆژهـەڵاتی ناوەڕاسـت و میللـەتی کـورد بـەبێ کێشـەو لێکدان نابـێ
بـێ یـەکریزی و فرمێسـك و خـوێن قـەت کوردسـتان رزگـار نابـێ
دۆسـتایەتی و بـاوەڕکردن بەداگیرکـەر عـەیب و عـارە نابـێ وابـێ
دەرمانەکەی دەردی کوردان لای خۆمانەو لای داگیرکـەر پەیـدا نابـێ
دەوڵەتداری بـۆ گـەلی کـورد وەك شـیری داك بـۆ کۆرپەکـەی رەوایـە
بـــۆ کوردســـتانیش ســـەروەری نـــان و ئـــاوو هەوایـــە
بێ پشتگیری نێودەوڵـەتی و زلهێزەکـان سـەربەخۆیی بەدەسـت نایـە
دۆسـتایەتی دوژمنـانی زلهێزەکـان کارەسـاتە پەشـیمانی لەدوایـە
هەڵگرتنی بـەردی گـەورە لـەتوانای خـۆت زیـاتر بـێ پشتت دەشکێ
لەبـەرەی خـۆت گـەر زیـاتر پـێ راکێشـی ملـت دەشـکێ

پارێزەر/ کەمال محیەدین
هەولێر
٢٠٢٥/٧/١

# ئەلبوومی وێنەکان



**باوكی كەمال محیەدین ئەسعد غەفوری**

**لەساڵی ١٩٠٧ لە كۆیە لەدایك بووە، لە ١٩٥٣ لە كەركووك وەفاتی كردووە و لە كۆیە نێژراوە.**

**محیەدیـن ئەسـعەد غەفـووری خـاوەنی (٩) كـوڕو (٣) كـچ بـوو، یـەك خێـزانی هەبـوو بەنـاوی ڕەحمـە عەبدوڵڵا ئەمیـن كـە دەكاتـە خوشـكی كاك عـەلی عەبدوڵـڵا، ئـەم پیـاوە بەدرێژایـی ژیـانی لەكۆیـە بـووە، كاسـبكارێكی پێشـكەوتوو بـوو، وەزعـی دارایـی زۆر باشـبوو، خۆیـی و خانەوادەكـەی كوردپـەروەر بـوون، لەیارمـەتی كۆمـاری مەهابـادو شـێخ مەحمـود و هەڵبـژاردنی كاك مەسـعود محەمـەد بەنائبـی عێـراق دابینكـردنی بـارەگای پـارتی لەسـاڵی ١٩٥٢ لەگونـدی قورتـەلاس و یەكـەم بنكـەی شـۆڕشی ئەیلـول لەبێتواتـەو یارمـەتی پێشـمەرگەكانی كۆیـە لەڕێـگای كـوڕەكانی بەتایبەتیـش غەفـورو كەمـال و حاجـی و خەیرەددیـن بەچـەك و پـارە.**



**دایکی کەمال محیەدین (ڕەحمە عەبدوڵڵا ئەمین) لەکاتی نوێژکردن.**

**خوشکی عەلی عەبدوڵڵاو پارێزەری هەموو نهێنیەکانی حزب و شاردنەوەی کادیرەکانی حزب بووە، لەساڵی ١٩٦٣ ماڵ و حاڵی جێهێشت و لەگەڵ منداڵەکانی چووە ڕیزی پێشمەرگایەتی لەگوندی حاجی قەڵاو دوایي بۆ قەڵادزێ و گوندی هێرۆ بۆ ماوەی ساڵێك، دوو جاریش ماڵیان تاڵان کراوە لەلایەن جاشەکان و بەعسیەکان.**

**لە ١٩٩٠/٤/٢٤ لە هەولێر وەفاتی کردووە و لە کۆیە نێژراوە.**




خەیریە خان خوشکی گەورەی کەمال محیەدین




غەفوور محیەدین برای گەورەی کەمال



کەمال محیەدین  بە جل و بەرگی ئەفسەری ـ ساڵی ١٩٦٢



کەمال محیەدین بەجلی پێشمەرگایەتی ١٩٦٣ - حاجی قەڵا



کەمال محیەدین ـ ڤیینا ـ ساڵی ١٩٦٩ بەکاری حزب



کەمال محیەدین ـ شوێنی خەباتی نهێنی ـ ساڵی ٢٠٠١ / بەغدا



هەولێر ماڵی کەمال محیەددین ٢٠٢٥/١٢/١٢
لە ڕاستەوە کەمال محیەدین ـ عومەر شێخ مووس - خالد کەمال محیەددین



عەلی عەسکەری ـ کەمال محیەدین ـ مەلا عەبدوڵڵا ماتۆڕ / بەغدا ـ ژووری خەباتی نهێنی



کەمال محیەدین و مام جەلال سەرۆك کۆماری عێراق و جەمال تاهیر مام خدر ـ بەغدا ـ ٢٠٠٨/٢/١٣



کەمال محیەدین و ئاوەنگ عومەر عەبدوڵڵا عەسکەری خێزانی ـ بەغدا ١٩٧٥



ئەندامانی لێژنەی ئازادکردنی کۆیە لە١٩٦٣
کاك عومەر دەبابە ئەندام مەکتەب سیاسی ،کەمال محی الدین ئەسعەد لێپرسراوی ناوچەی کۆیە ،لە نووسینگەی کەمال محی الدین کارەکانی کۆیە بەڕێوەدەبەن.



نەورۆزی بەغدا ـ کەمال محیەدین وتاری حزب پێشکەش دەکات
بۆ خوێندکارانی زانکۆی بەسانویەکان و هەوادارانی کوردایەتی



کەمال ـ ڕۆستەمی برای بێستون ـ محەمەد عەلی جەلی زادە ـ هەولێر / ماڵی خۆیان




خەیرەددین ـ کەمال ـ کاک عەلی عەبدوڵلای خاڵیان ـ کاک حاجی برایان



بەغدا ـ معەسکەر ڕەشید ١٩٦١ / کەمال دانیشتووە لەگەڵ سەربازەکانی هاوڕێی



کەمال محیەدین لەگەڵ مامۆستا شوان گۆمەشینی



کۆیە ـ چنارۆك، ٢٠١٤/٣/٢٥ ـ کەمال و ئاوەنگ خانی خێزانی



کەمال محیەدین و خالید ـ ی کوڕی، هەولێر ـ ماڵی خۆیان / ٢٠٢٣



کاك حاجی محیەدین ئەسعەد ـ برای کەمال، هەولێر ٢٠٢٢



قەدری خانی خوشکی  کەمال محیەدین ـ چنارۆك ساڵی ٢٠١٤



ئاوەنگ خان خێزانی کەمال لەگەڵ قەدری خانی خوشکی ـ چنارۆك ٢٠١٤



پەخشان خان خوشکی کەمال محیەدین ـ ٢٠١١



حاجی محیەدین ـ چوستی ـ خەیرەددین ـ پەخشان ـ فریاد ـ ڕۆستەم
ماڵی خۆیان لەکۆیە گەڕەکی قەڵات ـ هاوینی ١٩٥٤



قەدری خان خوشکی کەمال ـ هەولێر ٢٠٠٩


ڕەحمە عەبدوڵڵا دایکی کەمال لەگەڵ کاك بێستوونی کچەزای


مەحبوبە خان - خەسووی کەمال محیەدین



دەوار کەمال محیەددین ،لەگەڵ منداڵەکانی ،شاهەنگ ،شاباز ،شاناز



مێرگە خانی کچە گەورەی کەمال محیەدین ـ ساڵی ١٩٧٩ / شاری القرنە




ئاوەنگ خان خێزانی کەمال لەگەڵ کچەکانیان ئاهەنگ خان و باوە خان



ئاوەنگ خان خێزانی کەمال لەگەڵ کاك حەمەعەلی شێخ نوری و کەمال محیەدین ـ چنارۆك


چوستی محیەدین و پەخشان خان خوشکی و برای کەمال ـ کۆیە ١٩٥٤



شنۆ خان و پەخشان خان و ئاوەنگ خان ـ خوشکەزاو خوشك و خێزانی کەمال / چنارۆك ـ کۆیە



کەمال ـ ئاوەنگ خانی خێزانی ـ ڕۆستەمی برای کەمال



هەردوو برای کەمال  محیەدین کاك ڕۆستەم و چوستی محیەدین



**کەمال و کاک ڕۆستەمی برای**



**خەیریە خان و پەخشان و ئاوەنگ لەگەڵ شنۆو شایی و شادان کچەکانی خەیریە خان**



ئاوەنگ خان، کاك حەمەعەلی، کەمال، حاجی، بێستوون



جەنابی کاك (صاڵح شەمس، کەمال، غەفوور، مەلا فەتاح مەلا موسا - حاجی) ـ شەقڵاوە / ١٩٥٥



کردنەوەی یەکەم قوتابخانەی سەرەتایی لەکۆیە بەتەبەرع
لە ماڵی ئەسعەد ئاغای حاجی محیەدین ئاغای غەفووری، ساڵی ١٩٣٣ ـ شاری کۆیە.



د. خالید سەعید، مەلا فەتاح، غەفور، لەتیف ئاغا، فەخری بەگ، کەمال محیەدین،
حەمەنەزیفی مەلا فەتاح ـ کۆیە / ١٩٥٥



مێرگە خان ـ کچی گەورەی کەمال محیەدین / مۆسکۆ



کەمال محیەدین و ئاوەنگ خانی خێزانی و مناڵەکانی (دەوار)ی کچیان بەناوەکانی (شاباز و شاهەنگ).




کاك فریاد محیەدین برای کەمال ـ ئەڵمانیا



مۆسکۆ ـ مێرگ خان کچی کەمال لەگەڵ خێزانی کاك شۆڕشی د. خالید سەفیری عێراق لەمۆسکۆ ـ ساڵی ٢٠٠٧



کەمال محیەدین لەگەڵ کچەکانی و خێزانی ـ بەناوەکانی (ئاهەنگ، هەتاو، باوان، ئاوەنگ).



ئاهەنگی سەرکەوتووانی پۆلی چواری خوێندنی ماف (الحقوق) لەبەغدا ـ ١٩٦٠/٦/١٥،
محسن العزاری، کەمال محیەدین.




مۆسکۆ ـ کۆنگرەی بیرەوەری حزبی شیوعی و دەوڵەتی ئیتیحادی سۆڤیەتی / ١٩٧٣
کەمال محیەدین، زەکیە ئیسماعیل حەقی لەوەفدی پارتی.



ئاهەنگی نەورۆزی بەغدا ـ ١٩٥٩، کەمال محیەدین وتاری یەکێتی قوتابیانی کوردستان پێشکەش دەکات.



کوڕەکانی کاك غەفور محیەدین و نەوەکانیان، هەڵگورد، هێمن (محەمەد و لاسن)، هەولێر ـ ٢٠٢٥/٨/١٥.



بەغدا ـ قوتابیانی کوردستان لەگەڵ مامۆستا ڕەفیق حیلمی سەرۆکی حزبی هیوا، کەمال لەلای ڕاستیەتی.



مۆسکۆ ـ کاك شۆڕش سەفیری عێراق لەڕوسیا لەگەڵ خێزانەکەی و مێرگ کەمال محیەدین.




سەردانی نوێنەرانی مەکتەبی سیاسی پارتی، مامۆستا زەبیحی و کەمال محیەدین بۆ سەفارەتی چین لەبەغدا / ١٩٦٩.



خوێندکارانی کۆیە چوونە شاری بەسڕا بۆ بینینی یاریەکانی ڕوسیا ـ ١٩٥٥.



چوستی محیەدین لەگەڵ هاوسەرو کوڕو کچەکەی.



کەمال محیەدین لەگەڵ مومینی کوڕی کچەکەی.



کۆدۆ عەسکەری لەگەڵ باوان خێزانی کۆدۆ لەگەڵ کوڕەکەیان.



خەیرەددین برای کەمال محیەدین.



ئاهەنگ کەمال محیەدین.



فوئاد عارف جەمالی حاجی عەلی مەلا جەمیل، کەمال محیەدین، خالیدی کوڕی.



حەماغای کۆیە پیاوە ناودارەکەی کوردستان ناسراو بەدۆستی هەژاران، کوردپەروەرو دەست و دەم و دەروون پاك، ئازاو چاونەترس و خزم دۆست بوو، کە قائیمقام بوو لەکۆیە لەبەر ئەوەی کاری خراپی قەبوڵ نەدەکرد (١٥) ساڵیان حوکمداو ناردیانە بەغدا بەبەندکراوی.



جەنابی مەلا حەوێز ،یەكێك بوو لە پیاوە گەورەو ناودارەكانی كۆیە لە هۆزی غەفوری، لە ساڵی ١٩٤٠نائبی كۆیە بووە لە پەرلەمانی عێراق ،ئەو پیاوە ناوداره كەسایەتی سەروەری كۆیەی پاراست لە هێرشی تەماع كارانی ئەولاو ئەولا ،زۆر هەژار پەروەر بوو ،هەروەها بۆ خزمەت بە كورد زۆر كورد پەروەر بوو ،دووجار هاوسەر گیری كردووە لە خێزانی یەكەمی حەلیمە خان منداڵی نەبوو ،پاش وەفاتی خێزانی یەكەمی ،ژیانی هاوسەرگیری لەگەڵ سعادە عەبدوڵڵا عوزێری پێكدەهێنێت و خوای گەورە سێ كوڕو پێنج كچی پێدەبەخشێت ،بە ناوەكانی سەردار ،سالار ،سەركار.



کاکەزیادی کۆیە ـ تاکە کوڕی حەمە ئاغا

کورد پەروەرو گەورەو خۆشەویستەکەی کوردستان یەکەم پەرلەمانتاری عێراق بەنوێنەرایەتی شاری کۆیە لەساڵی ١٩٤٨ دژی ڕژێمی مەلەکی، یەکەم کەس بوو یارمەتی کاك هەمزە عەبدوڵڵا ـ یدا بۆ دروستکردنی پارتی دیموکراتی کوردی ـ عێراق، نائبی مەلا مستەفا بارزانی سەرۆکی پارتی بوو. پاڵپشتی کاك مەسعود محەمەدی کۆیە بوو کە بووە نوێنەری کۆیە بۆ پەرلەمانی عێراق، ئەندامێکی چالاکی پارتی و پێشمەرگەی کوردستان بوو. لەگەڵ زۆربەی سیاسەتمەدارو دیموکراتخوازانی عێراق دۆست و پەیوەندیدار بوو، پشت و پەنای بێکەس و هەژاران بوو، ڕێزیشی لەشیوعیەکان دەگرت هەر چەندە پارتیش بوو. کاکە زیاد دوو هاوسەرو نۆ کوڕو چوار کچی هەبوو، خێزانەکانی هەریەك لە خەیریەخان و دلارام بوون ، کوڕەکانی کاك محمود ، قادر، حەمید، هوشیار، هاوار، ئاراس، دلاوەر، شێروان، بارزان، کچەکانی پەرژین، پیرۆز، نەسرین ،بەهار.



**مەحمود ئاغا کوڕی گەورەی کاکەزیاد بوو**

**ئەندامی پارتی و هێزی پێشمەرگەی کوردستان بوو، لەسەرەتای شۆڕشی ئەیلول خەریکی کۆکردنەوەی چەکدار بوون بۆ شۆڕشی ئەیلول لەدەشتی کۆیە لەگەڵ کاکەسووری تاڵەبانی و مامەند ئاغاو غەفور محیەدین و د. خالید سەعید. لەمانگی ٢ی ساڵی ١٩٧٥ بوو بەلێپرسراوی هێزی کاوە لەناوچەی کۆیەو خۆشناوەتی، خاوەنی ٣ کوڕو ٨ کچ بوو، دواجار دەربەدەر بوون و کەوتنە وڵاتی سوید هەر لەوێ وەفاتی کردو خێزانە بەڕێزەکەی گوڵزار خان لەگەڵ مناڵەکانیان لەسوید مانەوە، سەد هەزار ڕەحمەت لەخۆیي و سەبرو ئارامیش بۆ ئێمەو کەسوکارەکەی کاکە مەحمود ئاغا.**



سەرۆك كۆماری عێراق مام جەلال و خالید كەمال محیەدین



د. لەتیف ڕەشید لەگەڵ خالید و کەمال محیەدین



هەتاو کەمال محیەددین لەگەڵ موئمینی کوڕی لە ماڵی خۆیان٢٠٢٥



د. لەتیف ڕەشید ،خالید کەمال محیەدین لەماڵی کەمال محیەدین لەهەولێر



د. لەتیف ڕەشید و خالید کەمال محیەدین لەماڵی خۆیان / هەولێر




خالید کەمال محیەدین لەسەر قەبری مام جەلال



قوباد تاڵەبانی و کەمال محیەدین لەماڵی خۆیان لەهەولێر



خالید کەمال محیەدین لەنووسینگەی خۆی لەهەولێر



کەمال محیەدین و عەدنان نەقشبەندی لەکاتی کۆنگرەی پێنجی پارتی ـ بەغدا / ١٩٦٠



نەورۆزی پارتی لەبەغدا بەئامادەبوونی عەباس ئاغاو براکەی لەگەڵ زۆربەی قوتابیانی زانکۆی بەغداو
گشت لایەنە سیاسی و نەتەوەکان - ١٩٥٧



ئاغای مەلا ئەحمەد ئاغای کۆیە



عەبدولڕەحمان ئیسماعیل کە ناسراو بوو بە مامە ڕووتە


مامەند صاڵح ئاغا



جەعفەر ئەسووەد شەهیدی هەمیشە زیندوو برای نەهرۆ درەخشان،
ئەندامی حزب بوو، پێشمەرگە بوو، لەموسڵ ئیعدام کرا.




نەهرۆ ئەسوەد ئەحمەد پێشمەرگە بەپلەی زەعیم و ئەندامی (ی.ن.ك)، پیاوێکی ناودارو خۆشەویستی کۆیی یە، برای پێشمەرگە شەهید جەعفەر ـ ە، لەموسڵ ئیعدام کرا پاش ئەوەی بەبریندارى ئەسیریان کردبوو.



جەنابی کاك ئەسوەدو زوبێدە خانی خێزانی و کوڕو کچەکانی ـ کۆیە



جەنابی کاک هەڵۆ ـ ی عەبدولواحید، ئەندام و پێشمەرگەی یەکێتی بەپلەی لیوا، لەهاوڕێ نزیکەکانی مام جەلال بوو.



درەخشان خان خوشکی کاک نەهرۆ، ئەندامی یەکێتی و پێشمەرگەی شارو شاخ




**لەدانانی پرسەی مردنی بەڕێز مەسعود محەمەدی کۆیە لە بەغدا لەلایەن کەمال محیەدین و جەلال عەبدولقادر، کاک جیهادو ئیبراهیم میرانی.**



**کاک سەیفەددین ،ئیقلیم خانی هاوسەری ،کوڕو کچەکانی،تابگا ،ئەڤین ،دلۆڤان ،دلڤین ، لاڤان ،محەمەد.**



خێزان و کوڕو کچەکانی د. خالید سەعید، بەناوەکانی (لوتیفە خان، شۆڕش، ڕزگار، خەبات، کارۆخ، بنار).



نەجمەددین عەسکەری لەگەڵ هاوسەرو کچەکانی



لیوا هەڵۆ لەگەڵ دکتۆر دیاکۆ ـ ی کوڕی



شاڵاوی عەلی عەسکەری و مەلۆ خانی خێزانی و کوڕەکانی (پۆڵۆ، کۆدۆ، کۆماس) لەگەڵ کانی کچی.





لەبەردەم بارەگای پارتی دیموکراتی کوردستان لەکەرکوک، کاک عەباس و عەلی عەسکەری و ئەندامانی لق.



کاکە محەمەدی حاجی تاهیر

لە ساڵی ١٩٤٥ ئەندامی لقی سلێمانی بوو لە حیزبی) ژ.ك( حزبەکەی قازی محەمەد بە لێپرساوی مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد ، لە ساڵی ١٩٤٧ پوو بە ئەندامی پارتی و لقی سلێمانی، لە ساڵی ١٩٦٢ بوو بە ئەندامی لێژنەی مەرکەزی پارتی و لێپرساوی هەولێر، لە ساڵی ١٩٦٣ بوو بە لێپرساوی پارتی لقی یەك، سەرۆکی لێژنەی ئەمنی سلێمانی بوو لە کاتی شەڕی ناوخۆ، کە مام جەلال و عومەر دەبابە دۆڵە ڕەقە جێدێڵن، ماوەیەك لە ماڵی کاك محەمەد خۆیان حەشار دەدەن،

هاوسەرو کچ و کوڕەکانی هەموویان ئەندامی پارتی بوون، تاکو ئێستا لە ڕێگای کوردایەتی خەبات دەکەن ، بە تایبەتی کوڕەکانی ، کاك ئامانج و کرمانج.




برام بەڕێزو مامۆستای ئازاو دڵسۆزم کاك محەمەد صادق پارێزەر، ئەندامی یەکەم لیژنەی ناوچەی پارتی بوو لەکۆیە لەساڵی ١٩٥١، یەکەم سەرلقی پێشمەرگە بوو لەشاری هەولێر لەساڵی ١٩٦٢، هاوڕێی باوەڕپێکراوی عەلی عەبدوڵلاو مام جەلال بوو.




**جەنابی عەزیز ئاغای ساڵح ئاغایی غەفوری**

**لەساڵی ١٩١٩ لە گوندی خەراپەی دەشتی کۆیە لەدایك بووە، یەکێکە لە پیاوە گەورەو ناسراوەکانی وڵاتی کۆیە، براگەورە و پارێزەری گوندەکانی ئەو ناوچەیە بووە، لەسەرەتای شۆرشی ئەیلوولی مەزن تا ماڵئاوایی کرد، لەساڵی ١٩٨٨ بەهەموو توانای خۆی یارمەتی پێشمەرگەو پارتی داوە بەچەك و خواردن و حەوانەوەیان، بەتایبەتی هی بنکەو بارەگاکانی شۆرش لە چەمی رەزان و حاجی قەڵا، کاك عەزیز لە دۆست و هاوڕێکانی مام جەلال و عومەر عەبدوڵا و عەلی عەبدوڵا و عومەر دەبابە کەمال محیدین بووە. کاك عەزیز شەش کوڕو هەشت کچی هەبووە، ناوەکانیان: عەبدوڵا، لوقمان، ئەرستۆ، ئاسۆس، نەهرۆ، سەروەر، ئیقلیم، بەدیعە، زەکیە، سەعادە، نەسرین، پەروین، بەهار، سوهیر. هەموویان لەسەر ڕێچکەی باب و باپیرانیان بوونە بۆ خزمەتی گەل و نیشتمانەکەیان.**



**حاجی ئاسۆس عەزیز ساڵح ئاغای غەفوری**


**لە ١٩٥٦/٧/١ لە کۆیە لەدایك بووە، یەکێکە لە نیشتیمان پەروەرانی کوردایەتی، هەمیشە پشتوپەنای پێشمەرگە و کوردپەروەران بووە، خوشکەزای کاك زیادی کۆیێیە، ئێستاش لە هەولێر دائەنیشێ و خانەنشینی فەرمییە لە کشتوکاڵی هەولێر و لە هەوادارانی کشتوکاڵیە تا ئێستا.**



ماමۆستا جەمال تاهیر مام خدر ئەندامی خانەوادەیەکی گەورەی کۆیە ـ یە، لەساڵی ١٩٤٨ بووە بەئەندامی پارتی، لەساڵی ١٩٥٢ ئەندامی ناوچەی کۆیە بووە تا ئاشبەتاڵ لەساڵی ١٩٧٥، پاشان بووە بەیاریدەدەری کەمال محیەدین لەڕێکسختنە نهێنییەکانی بەغدا لەساڵی ١٩٩٩ تا ٢٠٠٣.
کاك جەمال کۆڵەگەی حزبایەتی و کوردایەتی بوو، ئەندازیاری دەست بەسەرداگرتنی (٣٣٠٠٠) سی و سێ هەزار دینارەکەی کۆیە بوو کە شۆڕشی ئەیلولی ژیاندەوە.



کاك عەلی حەوێز لەڕیزی پێشەوەی ئەندام و کادیرانی پارتی بوو، لەساڵانی پەنجاکان هەموو قۆناغ و پلەکانی تێپەڕاندبوو تا بوو بەئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتی، ئەوەندە ئازاو دڵسۆزی کوردایەتی بوو ناومان نا بوو میرابوی کوردستان لەخۆشەویستەکانی مام جەلال و کەمال و هاوڕێکانی بوو.



جەنابی کاك سەید مەجید حەسەن مرسل، لەسەرەتای دامەزراندنی (پ.د.ك) بووە بەئەندام تا نەخۆشکەوتنی، لەخەباتی نهێنی و ئاشکرا لەشارو دەشت و شاخ بەردەوام بوو، جێگای بڕواو متمانەی مەکتەبی سیاسی بوو، لەهەر شوێنێك سەید مەجید هەبوایە واتە نوێنەری کوردایەتی و (ی.ن.ك) ئامادەیە، هەموو خانەوادەکەی هەمیشەو تا ئێستاش بەشێکن لەخانەوادەی کوردایەتی گەورەو ڕاستەقینە. بەڵگەشمان کوڕەکانییەتی کە بەردەوامن لە سەر ڕێبازی کوردایەتی باوکیان ،بە تایبەتی کاك شۆڕش.




کاك عومەر ئەسعەد مەولود لەگەڵ کوڕەکانی بەڕێزان:
پێشڕەو، بەختیار ،چالاك ،پێشەوا



محەمەد حەسەن پیرداود
ناسراو بە (مەلا محەمەد بەحرکەیی)  لە ٤/٤/ ١٩٣٩لە دایك بووە ،لە١٥ / ٦/  ٢٠٢٠كۆچی دوایی كردووە.
كوڕ و كچەكانی ( سیروان، سەردار، حسێن، سالار، ساكار، بەهیە، روخسار)




کاك حەمید باتاسی ناوی نهێنی لەحزب (مێروله) بوو لەپەنجاکانەوە بوو بەئەندامی پارتی، لەکادیرە هەرە دڵسۆزو ئازاکانی حزب بووە، ئەندامی لیژنەی ناوچەو لق بووە لەخەباتی نهێنی لەگەڵ کەمال محیەدین، لەهەموو کوردستان ناسراوە بەڕەوشت باش و دەست پاکی، لەساڵی ١٩٧٤ لەناوچەی حاجی ئۆمەران شەهید بووە.




پێشمەرگەی کوردستان بەپلەی لیوا، کاك مەریوان کەریم ئاغای غەفوری، چەند جار لەبەرەکانی خەباتی چەکداری برینداربووە، دواجار چاوێکی لەدەستداو ئێستاش بەردەوامەو لێپرسراوی یەکێك لەدەزگاکانی لەشکری کوردستانە لەهەولێر.



کوڕی گەورەی کاك مەریوان کەریم ئاغای غەفوری بەناوی کاك ئەحمەد خان (پاشا)، تەمەن درێژو سەرکەوتوو بێت بۆ گەلی کوردو کوردستان.



سەیفەددین سەعدی ئەسعەد لەشاری کۆیە لەدایکبووە، لەمامۆستا ناودارەکانی کۆیەو هەولێر بووە، هەموو خانەوادەکەی بەیارمەتی کاری ئاشکراو نهێنی یارمەتی پێشمەرگەو شۆڕشی کوردستانیان داوە.



کاك عومەر ئەسعەد مەولود، نازناوی (ئاکۆ) لە ١٩٢٩/٧/١ لەکۆیە لەدایکبووە، ئەندامی یەکەم لیژنەی ناوچەی پارتی بووە لەکۆیە، فەرمانبەرێکی چاك و دڵسۆز بووە لەزۆربەی شارەکانی کوردستان کاری کردووە، هەموو منداڵەکانی (پەروەردە کردووە بەهەستی کوردایەتی و ڕەوشت باشی و زانست دۆستی). پێشڕەوو بەختیار ئەندازیارن، چالاك و پێشەوا میکانیکن، شلێر مامۆستاو شەهلا خانمی ماڵ، خوا تەمەنیان درێژ بکات بەسیحەتی باش.



ئەندامانی پارتی / بەکر سەعدی، صەڵاح سەعید، کەمال محیەدین، مامۆستا مەجید حەداد
لەدۆڵی ئەسحابانی کۆیە لەساڵی ١٩٥٤



ماڵی کەمال محیەدین لەگەڵ کاك توفیق و برادەرانی لقی هەولێری کۆمەڵایەتی.



**مامۆستا مەجید حەداد، واحید سەعید، کەماڵ محیەدین، واحید سەرسوور.**
**لەکتێبەکە باسی مامۆستای کوردپەروەرو ئەندامی پارتی لەساڵی ١٩٥٢ ەوەو پێشمەرگەی کوردستان بخوێنەوە.**



شەهید دکتۆر خالید سەعید ،مەحموود ئاغای کاکە زیادی کۆیە ساڵی١٩٦١



لەلای ڕاستەوە: عوسمان پیرداود (دیزاینەر)، کەمال محیەددین ، ستار محمدامین (ڕۆژنامەنووس)

**هەندێ لەشێرە ژنانی کوردپەروەر لەشارو شاخ و ئاوەرەییدا**

لەوانە گەلاوێژ خانی هاوسەری مامۆستا برایم ئەحمەد، کافیە سلێمان، مامۆستا بەهیە مەعروف، ئەنجوم زوهدی، ثریا محەمەد جەلیزادە، درەخشان شێخ جەلال، ڕوناك زوهدی، مونیرە قەفتان، هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد، شاناز ئیبراهیم ئەحمەد، وەسفیە بەنی وەیس، کافیە سادق کۆیي، حەلاوە خانی هاوسەری عەلی حەوێز، نەعیمە خان خێزانی هەمزە عەبدوڵلا، سەلیمە خان خوشکی هەمزە عەبدوڵلا، حەلیمە خان هاوسەری تەڵعەت گلی، گولیزار خانی مەحمود ئاغا، زەینەب خان شێخ کاکە. مەلەك محمد عبداللە ، خەجەی خێزانی مەلا ماتۆر، حەفسەد جەلال خێزانی سەید مەجید، زولەیخا مەحمود، حاجی مامز خورشید ئەبابەکر، صالحە خێزانی خیراللە عبدالکریم، خانێ فەتاح بەگ، سامیە عبداللە حمد، رابعە حمد، فەهیمە سابیر، بەهیجە، حەسیبە، نەجیبە، نیشتیمان کچی سەید محەمەد، ڕەحمە عەبدوڵلا، ئاوەنگ عومەر عەسکەری ،دایك و خێزانی کەمال محیەددین.

بەداخەوە لەدوای تەواو بوونی کتێبەکە بیرۆکەی ئەم شێرە ژنانەم بۆ هات، لەبەر ئەوەی وێنەکانیانم لەبەردەست نەبوو، پێم باشبوو ناویان بێنم، لەبەر ئەوەی قەرزباریانین.

**پارێزەر**
**کەمال محیەدین**
**٢٠٢٥/٩/١٤**

## هەندێ لەشێرە ژنانی کوردپەروەر لەشارو شاخ و ئاوەرەییدا



هەردوو خێزانی کاك عەلی عەسکەری حاجی (سەبیحە خان) و بەهار خان و
لە ناوەڕاستیان کچەکەی



لوتفیە خانی مام سەعدی و خێزانی د. خالید سەعید




بەڕێز ڕوناك صادق لە ١٩٥٨/٨/٨ لەشاری كۆیە لەدایكبووە، شویكردووە بەكاك شێردڵ بەكر مستەفا (٣) كوڕو كچێكیان هەیە بەناوەكانی (هەڤاڵ، هەوار، ڕەنج، بەنار)، خاتوو ڕووناك لەسەرەتای ژیانەوە هەر ئەندام بووە تا گەیشتۆتە ئەندامی مەڵبەندی یەكێتی، لەهەمان كاتدا ئەندامی فەوجی دوو (٢)ی ئافرەتانە لەفەرماندەی هێزی پێشمەرگە، ئافرەتێكی ژیرو ئازاو دڵسۆزە، هەروەها كاك شێردڵ مێردی ڕووناك لەپێشمەرگە ئازاو ناسراوەكانی كۆیە بوو، چەند پۆست و مەسئوولیەتی ئەمنی وەرگرتووە بەسەركەوتوویی بینراوە لەكارەكانی.



مەحبوبە ڕەشید صاڵح دایكی ئاوەنگ خان و شەهید دلشادو خەسووی كەمال محیەدین، دوو ساڵ لەنوگرە سەلمان بەندكراوە، ئەندامی حزب بووەو لێپرساوی ئافرەتان بووە لەناوچەی تەكیەو چەمچەماڵ و قەڵاسێوكە.



پورە زوبێدە ئەسعەد لەگەڵ کاک نەهرۆی کوڕی



خەیریە محیەدین ئەسعەد خوشکە گەورەکەی کەمال محیەدین



قەدریە خان خوشکی کەمال محیەدین



**لەیلا عومەر عەسکەری**

**لەیلا عومەر عەسکەری کچی مەحبوبەخان لێپرسراوی ژنانی ناوچەی چەمچەماڵ، زیاتر لە ١٨ مانگ لە نوگرەی سەلمان لە خوارووی عێراق بەندکراوە، خوشکی شەهید دڵشادی ئەنفال کراوە، ئێستاش بەردەوامە لە خەباتی کوردایەتی لەگەڵ منداڵەکانی.**



پەخشان محیەدین خوشکی کەمال محیەدین، ئەندامی حزب و یاریدەدەری کەمال ـ ی برای لەبەغدا لەڕێکخستنە نهێنیەکان لەڕۆژانی سەردەمی سەددام حوسێن.



درەخشان ئەسوەد ئەحمەد، ئەندامی حزب و پێشمەرگەی شارو شاخ، بەندکراوە لەشاری قادسیە، خوشکی کاك شەهید جەعفەرو کاك نەهرۆ.



جەنابی پەلیکان سەرۆکی یەکێتی قوتابیانی جیهان لەگەڵ کەمال محیەدین نوێنەری یەکێتی قوتابیانی کوردستان
بەغدا ـ ١٩٥٩ لەکۆنگرەی قوتابیانی عێراق.



نەورۆزی ١٩٦٩ لەبەغدا
مام جەلال، کاك ئەحمەد حەمەدئەمین دزەیي، هەمزە عەبدوڵڵا، کەمال محیەدین.



کەمال محیەدین لەنەورۆزی ١٩٥٨ ـ خانەقین



نەورۆزی کۆیە ١٩٤٨

حەننا مەربین، کەمال حاجی مەجید، عەلی عەبدوڵلا، عومەر عەبدوڵلا، ئەحمەدی حەمەمەلا............



بارەگای حزب لەبەغدا ـ ١٩٧٢
مامۆستا صاڵح یوسفی لێپرسراوی لقی بەغدا لەگەڵ کەمال محیەدین ئەندامی لقی بەغدا
لەکۆبوونەوەدان لەگەڵ وەفدی بولگاری.



پێشانگای کتێب لەچۆمان ١٩٧٤
دارا تۆفیق، کەمال محیەدین، عەلی هەژار، عەبدولڕەحمان گۆمەشینی، فەلەکەددین کاکەیي.




لەسەر کوردستانییەتی کەرکوك مام جەلال
لە مرافعە گەورەکەی (مجلس الحکم) - گۆڤاری فیدڕاڵ ساڵی ٢٠٠٤



ساڵی ١٩٦٤ / کادیرانی پارتی بۆ کۆنفرانسی ماوەت
ئەحمەد بێکەس، ئازاد ،عەلی عەبدوڵڵا، مەلا عەبدوڵڵا، صاڵح شێرە، ئەحمەد عەبدوڵڵا،
خالید دلێر، کەمال محیەدین.



ئاهەنگی نەورۆزی ١٩٥٨ لەبەغدا - یەکەم کەس کەمال محیەدین، دوا کەس کەمال خورشید کۆيي،
شەمسەددین موفتی، ئەنوەر عەزیزو خورشید دزەيي لەگەڵ فوئاد زەکی کۆيي.



کەمال محێەدین نوێنەری مەکتەبی سیاسی پارتی سەردانی لقی ئەوروپای حزب و کۆمەڵەی خوێندکارانی ئەوروپا
دەکات د. کەمال فوئاد، سەعدی دزەیی، ئەرجومەند سدیق. بەرلین ١٩٦٩



بەغدا ـ ١٩٥٩ / نەقابەی موهەندسیین
کەمال محیەدین و کەمال قەرەداغی و محەمەد صائیب لەگەڵ هەندێ لەبرادەرەکانیان
کە خەڵکی شاری بەسڕان.



کەمال محیەدین و پارێزەران لەگەڵ سەرۆکی پارێزەرانی عەرەب،
زیارەتی قەبری جەمال عەبدولناصر سەرۆکی مصڕ دەکەن - ساڵی ١٩٧٢.



ئەندامانی ئەنجوومەنی باڵای یەکێتی پارێزەرانی عەرەبی لەقاهیرە
یەکەم کەس لەلای ڕاستەوە کەمال محیەدین



پارێزەرانی عێراق داکۆکی دەکەن لەپێشمەرگە فەڵەستینیەکان
کەمال محیەدین، عەبدولڕەزاق صافی، عەبدولڕەزاق الحدیثي - لە قاهیرە - ١٩٨٣




کۆبوونەوەی پارێزەرانی وڵاتانی عەرەبی
ئەندامانی وەفدەکە ـ حوسێن جەمیل، فەیسەڵ حەبیب خەیزەران، سامی مەحبوب،
کەمال محیەدین، لوئەی سەعیدی.



کەمال محیەدین لەگەڵ ئەندامانی سەندیکای پارێزەرانی عێراق ـ بەغدا / ١٩٧٠



ئەندامانی ئەنجوومەنی سەندیکای پارێزەرانی عێراق
کەمال محیەدین، ئیبراهیم، شیوعی، حاجی خەلیل الراضي دیموکراتي



پاریس ـ ئەندامانی سەندیکای پارێزەران
کەمال محیەدین، سامی مەحبوب




**مام جەلال لەگەڵ سەرکردە گەورەکانی ئەحزابی شیعە بۆ چەند پرسێکی گرنگ**
**پارێزەر کەمال شاهیدو ئامادەیە لەم کۆبوونەوەیە.**



نەورۆزی ١٩٦٩ لەبەغدا / سەرکردەکانی حزبی بەعس
عەبدوڵڵا سلوم وەزیری ڕۆشنبیری، صاڵح مەهدی عەمماش وەزیری بەرگری، وەزیری دەرەوە،
ئیبراهیم ئەحمەد، کەمال محیەدین.




نەورۆزی ١٩٦٩ لەبەغدا / سەرکردەکانی حزبی بەعس عەبدوڵڵا سلوم وەزیری ڕۆشنبیری، صاڵح مەهدی عەمماش وەزیری بەرگری، وەزیری دەرەوە، ئیبراهیم ئەحمەد، کەمال محیەدین.



کەمال محیەدین ،سەتار محەمەدئەمین.



وێنەی کەمال محیەدین لەکاتی ناساندنی چاپی یەکەمی ئەم کتێبە لە ساڵی٢٠٢٢.
لەڕاستەوە :کاك تۆفیق مەرزانی لێپرسراوی ناوەندی کۆمەڵایەتی -هەولێر ،ڕەوانشاد حەمید ڕەشاش ،کمال
محیەددین ،کاك سەتار حەمەدئەمین ،کاك کانەبی باپیر.


جامعة بغداد

بناء على ما عرضه مجلس كلية الحقوق وأقره مجلس جامعة بغداد منح


كمال محي الدين أسعد

إجازة الدراسة العالية بكالوريوس في الحقوق بدرجة [illegible]

بتاريخ ١٣ حزيران ١٩٦٠ وبهذا أصبح له حق التمتع بكل ما تخوله إياه هذه الإجازة من

حقوق وامتيازات

بڕوانامەی کۆلیژی حقوق لەبەغدا - کەمال محیەدین ساڵی١٩٦٠




نەخشەی کوردستانی گەورە ئەرشیفی پارێزەر کەمال محیەدین ئەسعەد.

# پێرست

سەرە قەڵەمێك بۆ چاپی دووەم ........................................ ٥
بۆ بڕیارماندا کتێبەکە چاپ بکەینەوە ........................................ ٧
بۆ بەڕێز پارێزەر کەمال محێدین غەفووری ........................................ ٩
درەختی بنەماڵەی غەفوریان ........................................ ١٠
کاروانی هۆزی غەفوورییان لە کۆمەڵ کوشتنیان ........................................ ١٣
بۆ ڕابەرایەتی خەباتی کوردایەتی ........................................ ١٣
نووسینەوەی ژیاننامە و بیرەوەرییەکان ........................................ ١٧
کەمال محیەدین لەچەند قۆناغێکی ژیانی ........................................ ٢١
پێشەکی چاپی یەکەم ........................................ ٢٥
کەمال محیەدین و ستار محەمەدئەمین لە کاتی چاوپێکەوتنەکە ........................................ ٢٧
نووسینەکانی کەمال محێدین ........................................ ٩٧
مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد لە چەند قۆناغێکی کوردایەتیدا ........................................ ٩٩
کتێبی کورد و عەرەب لەلایەن جەنابی مام جەلالەوە ناونراوە دۆکیومێنتی مێژوویی گرنگ.. ١٣٢
ناسنامەی هەرێمی کوردستان لە نێوان فیدرالی و لامەرکەزی ........................................ ١٣٨
بۆ ئەوەی ڕاستییەکان ون نەبن (هەندێ لە پارت و ڕێکخراوە کوردییەکان) ........................................ ١٤٢
کۆنگرەکانی پارتی دیموکراتی کورد – عێراق ........................................ ١٤٦
کۆنگرەی یەکەمی پارتی دیموکراتی کورد – عێراق ........................................ ١٤٦
کۆنگرەی دووەمی پارتی دیموکراتی کورد – عێراق لە ساڵی ١٩٥١ ........................................ ١٤٧
کۆنگرەی سێی پارتی دیموکراتی کورد – عێراق ........................................ ١٤٨
کۆنگرەی چواری پارتی دیموکراتی کوردستان  عێراق ........................................ ١٤٩
کۆنگرەی پێنجی (٥)ی پارتی دیموکراتی کوردستان ........................................ ١٥١
حیزبی کاژیك ........................................ ١٥٤
یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان ........................................ ١٥٥
وەکالەتەکەی مام جەلال بۆ کەمال محیەدین ........................................ ١٦٧
مامۆستای نەمر کاك عەلی عەبدوڵڵا ........................................ ١٧١

کاك د. خالید سەعید لە چەند دێڕێکدا.............................................................. ١٨٩
جەنابی مام جەلال تاڵەبانی سەرۆك کۆمار و جەنابی مەسعوود بارزانیی سەرۆکی هەرێمی کوردستان.............................................................................................. ١٩٤
کاربەدەستانی کوردستان دەبێ بزانن بۆچی زلهێزەکان حکوومەتی کوردی بە ڕەوا نازانن بۆ گەلی کورد................................................................................................ ١٩٥
ڕۆژنامەی النور– پرۆگرامی نور.............................................................................. ٢٠٠
ئاسایشی نەتەوایەتی کورد لە ئەستۆی " ئەنجوومەنی نوێنەران و سەرۆکی هەرێمی کوردستان"ە با بیپارێزین......................................................................... ٢٠٥
هیچ پارت و کەسایەتییێکی کورد لە ماف و بەرژەوەندییەکانی کورد گەورەتر نییە............ ٢١٣
گەلی کورد بەبێ فیدراڵییەتی سیاسی و نەتەوەیی ناتوانێ لەگەڵ عێراق بمێنێتەوە........... ٢٢٠
مام جەلال لە پۆستی سەرۆك کۆمار زۆر گەورەترە ................................................. ٢٢٩
دەستوور لە ڕووی گۆڕانکاری و هەموارکردنەوەیی دوو جۆرە :.................................... ٢٤٣
بێدەنگی دیکتاتۆر دروست دەکات، یا دیکتاتۆر بێدەنگی دروست دەکات؟...................... ٢٤٩
خۆناشیرین کردن بە داکۆکی لە ناشیرینەکان کارێکی دژوار و ناشیرینە ........................ ٢٥٦
دۆستی ڕاستەقینەی کورد تەنیا دیموکراتخواز و نیشتمانپەروەرەکانن........................... ٢٦١
ڕێکەوتنی کورد لەگەڵ ئەو لایەنانەی کیمیاباران و ئەنفالی کورد ڕیسوا ناکەن تاوانێکی مێژووییە ........................................................................................................ ٢٦٨
سەرکەوتنەکانی کوردستانی تورکیا پیرۆزبێت لە گەلی کورد........................................... ٢٧٢
لە بەدکاری ئێمەیە میللەت برسی و تووڕەیە .............................................................. ٢٧٩
نابێ کورد بێ هەڵوێست بێ...!! .......................................................................... ٢٨٤
نە دەوڵەتی عێراق ئیتیحادیە نە حکوومەتەکەشی دیموکراسییە فیدراڵیەتیش تەنیا قسەی خۆمانە ............................................................................................................. ٢٨٩
ئایا عەرەبی عێراق هەمووی بەعسین؟!......................................................................... ٢٩٦
عەبدلواحید صۆفی نەشئەت .................................................................................. ٣٠٦
مامە ڕووتە ........................................................................................................... ٣٠٧
مامەند صالح عەبدوڵلا غەفوری.................................................................................. ٣٠٩

نازەنین و کەریم ئاغای غەفووری................................................................ ٣١٠
کاک حاجی بایز.......................................................................................... ٣١٢
ئەم کوردپەروەرە بناسن کورتەیەك دەربارەی ژیانی (کاك ئاغا)........................... ٣١٤
خاڵە نامیق ئاغا .......................................................................................... ٣١٩
زبێدە خان .................................................................................................. ٣٢٧
بەرنامەکانی خوێندن لەبەڵگەنامەکانی عوسمانییدا.......................................... ٣٣٠
ژمارە (٥٤)  ٢ی نیسانی ٢٠٢٤ ڕۆژنامەی بابل ................................................ ٣٣٦
دیکۆمێنتێکی ٥٤ ساڵەی رابردوو.................................................................. ٣٤١
داگیرکەرانی کوردستان میللەتی کورد ناتوێتەوە................................................ ٣٤٦
ئەلبوومی وێنەکان....................................................................................... ٣٤٧